# پێکهاتەو راڤەی دەق

## کتێبی دووهەم


بابەك ئەحمەدی

و: مەسعودی بابایی



چاپی یەکەم

هەولێر ٢٠٠٥



لەبلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما

زنجیرەی(٤٢)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(٢١) کتێب

ئیسماعیل کوردە_ رێبین رەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب: پێکهاتەو راڤەی دەق

نوسنی: بابەك ئەحمەدی

وه رگێرانی: مەسعود بابایی

بابەت : لیکۆڵینەوە

پیت چنین: عیماد رەسوڵ

دیزانین: نما

تیراژ: ١٠٠٠

چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٥



مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە


PDF4Kurd

# بەرایی وەرگێڕ

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە پێشتر کەوتۆتە بەر دیدی خوێنەرانی خۆی، هەڵبەت ئاشکرایە لەگەڵ هەمو کەم و کوریەکانی تا ڕادەیەك جێی پەسند بوە، کە ئەمە هانی وەرگێڕ دەدا لەمەولا لە بەرگەکانی داهاتودا کارێکی جوانتر پێشکەش بە خوێنەری کورد بکات. دیارە کتێبێکی هەستەمی وەك ئەم کتێبە ماوەیەکی زۆری خایاند تا بێتە وەرگێڕان و هەموو کەند و کۆسپەکانی وەرگێڕانی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەنجامێکی باشی ڕێژەیی. ڕەنگە بتوانم ئەوە بڵێم کە توانیومە دەستمایەیەکی زاراوەیی لەم کتێبەدا- بە ڕەچاوکردنی هەموو کەم و کوریەکان — پێشکەش بە خوێنەر بکەم. ئەو زاراوانەی کە لە دەقەکەدا هەن هەوڵم داوە ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزی و فەرەنسیـیەکەی وەریان بگرم کە لەم پێناوەدا سپاسی دوکتور عەزیز گەردی دەکەم کە لە وەرگێڕانی زاراوەکان دا یارمەتی دام. زاراوەکان لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتوون و بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و کوردی ریزبەندم کردوون.

هێندێ وشە و زاراوە هەن کە لە فارسی یا عەرەبیـیەوە وەرگێڕدراون بۆیە من لە وەرگێڕانیان دا دوو شێوازم بەکار هێناوە:

١ — لە دیالێکت و شێوەزارەکاندا پەیدام کردوون.

٢ — هەندێکیشیان لە ڕەگی چاوگەکانیانەوە بە پێی ڕێزمانی کوردی دام رشتوون.

شێوازی وەرگرتنەکە لەنێو زارەکاندا:

لە بەرامبەر وشەی غیاب "پیوار"م لە زاری هەورامیـیەوە و لە شێعری مەولەوی‌دا وەرگرتوە نموونەی شێعرەکە:

فەریاد جەشۆرەی ئەرز چارەی من          هەر سەوزەی مراد من نادیارەن
داد جە هەوای شوم بەدستارەی من          هەر نەوگوڵاڵەی من نەپیوارەن

شایانی گوتنە "مەلا عەبدولکەریمی مودەرێس" بە هەڵە پێی وابووە پیوار واتای "خاك"دەدا بە دەستەوە. کەوابوو وشەکانی:

حاچر = ئامادە \ حچور = ئارایی \ غایب = نا ئامادە \ غیاب = پیوار

چەندین وشەی دیکەی لەم جۆرە لە کتێبەکەدا بەدی دەکرێن وەك:

**حاشیە = زێوار، واقعیت (واقع) = کەتوار**

ئاخێو = **discourse** = سخن، گفتمان. ف



شێوەی داڕشتن: لە چاوگی ئاخاوتنەوە

ئاخاوتن: قسەکردن = سخن گفتن = **Speech**

ئاخاوتە = کلام

ئاخێوەر = قسەکەر = گوینده

ئاخێو = سخن، گفتمان...

ئەرکی ئەم وشانەشم بەم چەشنە پۆلین کردووە و پێم وایە بۆ زمانی فەلسەفیمان بەسوود بێ:

١ — هێما = اشارە، علامت

٢ — زناك = علامت

٣ — ئاماژە = "**image**" ایماژ، تصویر، دلالت

٤ — ئاماژە پێکەر = دال

٥ — ئاماژەپێکراو = مدلول

هێندێك وشە و زاراوەش هەن کە لە زاری بەساڵاچوانەوە وەرم گرتوون:

وارسکە = غریزە (ز.هەورامی)

پاتۆر = پارچەی ئاسن یان دار ... لە شێوەزاری جاف — جوانرۆ، بەرامبەر بە وشەی قطعە ئەگەر بێتو مەبەستمان پارچەی ئاسن، دار، بەرد، ... بێ ، بەڵام ئەگەر مەبەست (قطعە ی موسیقی یا شعر ) لە فارسی بێ، "کۆپلە"م بەکار هێناوە.

ژێدەری زاراوەکان :

١- دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی، جزیری، خوسرەوو شیرینی خانای قوبادی.

٢ — فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی

٣ — فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، هەژار موکریانی

٤ — فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەختیار سەجادی — محەمەد مەحموودی

٥ — فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، بەختیار سەجادی — محەمەد مەحموودی

سەرچاوە فارسی یەکان:

١ — فرهنگ شش جلدی، د. محمد معین

٢ — فرهنگ علوم انسانی، داریوش آشوری

٣ — برابر نامە ی واژگان، "ساختار و تأویل متن"، بابك احمدی



PDF4Kurd

# تاووتوێی پێکهاتەیی دەق

لە هەموو نهێنییەکان جگە لە ئەلفێ هیچ شتێ ئاشکرا نەبوو، و ئیدی هەرچییان گوت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئەلفە گوتیانو هەڵبەت ئەو ئەلفە لە تێگەیشتن نەهات.

وتارەکانی "شمس تبریزی" دەفتەری یەکەم، ل٢٤١.

## سەرەتا

لەم کتێبەدا ﴿هیچ﴾ پارێك لەمەڕ سەرچاوەکان، ڕەگو ریشەو مێژووی پێکهاتەگەرایی نەنووسراوە، هۆیەکەشی ئەوە نیە کە ئەم باسەم بە گرنگ نەزانیوە؛ بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەمە باسێکی زۆر گرنگە، بەڵام خاڵگەلێکی تیۆریی ئاڵۆزو زۆرو زەوەند دەخولقێنێ کە تاووتوێ کردنیان دەبێ ببێتە بابەتی کتێبێکی سەربەخۆ. بۆ نموونە ئەگەر پێکهاتەگەرایی بە مێتۆدی زانستی تاووتوێ کردنی پێوەندییە ناوەکییەکانی توخمە پێکهێنەرەکانی فۆرمێك ئەژمار بکەین، ئەو کات ئەم مێتۆدە تەمەنێکی درێژ وەدەست دێنێو پێشینەکەی پانتاییە جۆراوجۆرەکانی زانستە سروشتیو زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگرێتەوە. ڕوونکردنەوەی مێژوویی پێکهاتەگەرایی لەم دۆخە دەبێت بە جۆرە "خوێندنەوەیەکی مێژووی زانست". بەڵام ئەگەر ئەم ڕێبازە نەك بە مێتۆدێکی زانستی بەڵکوو بە تیۆرێك لەمەڕ فۆڕم یا پێکهاتە لە قەڵەم بدەین، ئەوکات بەسەرهاتی ژیانی کورت دەبێتەوە؛ بەمەبەستی دۆزینەوەی بنەمادانەرانی بۆ نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێینەوە. ئەم جیاکارییە تەنیا یەکێك لەم خاڵە ئاڵۆزانەیە کە لە دەسپێکی باسی مێژووی لەمەڕ پێکهاتەگەراییەوە سەر هەڵدەدا. لە ناسینی مێژوویی "پێکهاتەگەرایی ئەدەبی"ش دا لەتەك ئەم چەشنە گرفتەدا بەرەوڕوو دەبین. ئەگەر بە ڕوونی تاووتوێی بکەینو بە



جیاکردنەوەو شیکردنەوەی دەقە هونەرییەکان لە قەڵەمی بدەین، دەبێتە کۆنترین (و لە دیدێکی ﴿ ترەوە﴾ گرنگترین) بەڵگەی کتێبی "تیۆری ئەدەبی" ئەرەستۆو ئەگەر بە تیۆرێکی تایبەتیی بزانین ئەو کات دەبێ لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بۆ دەستپێکی ژیانی بگەڕێین. بەپێی هۆی دووەم لە ڕوانگەی مێژووییەوە دەستکەوتەکانی پێکهاتەگەرایی لە بواری هونەری دا دەکەینە دوو بەش: ١ ـ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە دا هاتنە ئەنجامو چەقەکەشیان بەرهەمەکانی فۆرمالیستە ڕووسییەکانو گرنگترین خاڵی لێکۆڵینەوەشیان فۆرمی بەرهەمی هونەری بوو. ٢ـ توێژینەوە گەلێکن کە لە دەیەی ١٩٥٠ لە فەڕانسەدا بە چەشنێکی ڕێکوپێكو ورد هاتە گۆڕێو مێتۆدێکی نوێی لە تاووتوێی دەقەکانی لێ کەوتەوە کە ڕۆلان بارت بە "تاووتوێی پێکهاتەیی دەق" ناودێری کردوە. ئەم مێتۆدە دابەشکارییە مێژووییە بێسوود نیەو دەرەنجامی بەسوودی هەیە. بە تایبەتی ڕۆڵی پێشڕەوەکانی پێکهاتەگەرایی، (بە تایبەتی فۆرمالیستە ڕووسییەکان، مۆکارۆفسکی، پرۆپ، یۆلس، باختینو ئێسپیتزێر) لە وەدەستهێنانی مێتۆدی جیاکردنەوەو شیکاری پێکهاتەیی دا پشت گوێ ناخاو لە لایەکی دیکەوە جەخت لەسەر گرینگی فۆرم لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان دا دەکا؛ بە تایبەتی کە هێشتا پێناسەیەکی ورد وەدەست نەهاتوە کە لە نێوان فۆرمو پێکهاتە دا جیاکردنەوەیەکی کۆتاییو حاشاهەڵنەگر دیاری بکات. مێتۆدی تاووتوێی پێکهاتەیی دەقەکانو ئاخێوی هونەری لەسەر بنەمای قوتابخانەیەکی هزرمەندانە کە بە ناوونیشانی گشتگیری "پێکهاتەگەرایی" ناوبانگی پەیدا کردوە. ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای جۆرە هاوکاتییەکی لێکۆڵینەوەکان پێك هات کە بە چەشنێکی سەرسووڕهێنەر لە "دابەشکردنی سروشتی کار" دەچێ: تاقمێك لە شارەزایانی سیستمی فێرکاریی زانکۆی فەرانسە ـ لە لقە هەمەجۆرە زانستییەکان دا ـ لە گرنگی فۆرم چەشنی "کۆمەڵەیەك لە پێوەندییە ناوەکییەکانی توخمەکانی پێکهاتە" تێگەیشتنو لە نووسینەکانو وانەکانیان دا بەردەوام بە وردی ڕوونیان دەکردەوە. کلۆد لیۆشتراوس لە مرۆڤناسیو خەڵکناسی دا، میشێل فۆکۆ لە ئاخێوی فەلسەفیو فەلسەفەی زانست،



PDF4Kurd

ژاك لاكان لە دەروون شیکاریو رۆلان بارت لە ئاخێوی ئەدەبی دا، بنەماکانی پێکهاتەگەرایی مۆدێرنیان دانا. هەر بۆیە ئەم چوار کەسە وەکوو "پێشرەوانی پێکهاتەگەرایی فەرانسی" ناوبانگیان بەدەست هێناوە. بەڵام دەبێ بزانین لە هەریەك لەم لقانەدا ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندانو شارەزایان کاریان کردووەو بە بێ چالاکی فکریی ئەوان، "قوتابخانەی پێکهاتەگەرایی" رێزو پلەبەرزیی ئێستای خۆی وەدەست نەدەهێنا. لەم کتێبەدا هێما بۆ چەند کەسایەتییەکی سەرەکی لە تاووتوێی پێکهاتەیی دەقەکان کراوە، ناوەکانی بارت، تۆدۆرۆف، ژێنێت، کریستواو ئێکۆ تاکەناون کە لە نێو ئەم رێبازەدا زیاتر ناسراون. تاووتوێی مێژوویی و هەمەلایەنەتر پێدەچێ بەرهەمی کاری کەسانێك وەکوو: مایکێل ریفاتێر، کریستیان مێتز، ژوول گرێتی، ژان ریکاردۆ، ژان کیبۆدۆ، ژان لوویی ئۆدبۆنو زۆر کەسی دیکەش بگرێتەوە. وەکوو پێشەکییەك بۆ بابەتی تاووتوێی پێکهاتەیی دەق دەتوانین باس لە رای میشێل ئۆریوە بکەین کە لە ساڵی ١٩٦٩ لە وتارێکی سەرنج راکێش دا، رەهەندی سەرەکی تیۆریکی، "رەخنەی ستراکتۆری" بە شێوەیەکی وردو کورت دیاری کرد. ئۆریوە ئەم یاسایەی هێنایە پێشەوە: ١ـ دەقی ئەدەبی شتێك نیە جگە لە بابەتێکی زمانناسانە ٢ـ دەقی ئەدەبی دەقێکە داخراوەو لە چوارچێوەی کاتو شوێنی خۆی دایە کە "لەنێو مەودای پیتی گەورەی یەکەمین وشەی خۆیو دوایین پیتی کۆتایی وشەکەی خۆی لە ئارا دایە"* و هیچ پێوەندییەکی لەتەك لایەنە دەرەکییەکانی خۆی نیە ٣ـ دەقی ئەدەبی تەنیا بە دنیای خۆی، واتە دنیای زمانیی خۆی، ئاماژە دەکاو ئاماژە بە شتی دیکە ناکا ٤ـ بەسترانەوەی دەقی ئەدەبی بە پێکهاتە زمانییەکان دوو رووی هەیە، لە لایەکەوە کەڵك لە زمانی سروشتی وەردەگرێو لە لایەکی دیکەوە بە یارمەتیی ئەو «زمانە سروشتییە» زمانێکی نوێ دەخوڵقێنێ. بەم پێیە "ئەدەبیات زمانی هێمایە، هێما بۆ زمانە نەك بۆ جیهان".(١) لەم کتێبەدا دەبینین کە پێشرەوانی رەخنەی پێکهاتەگەرایی لە ساڵانی پاش بڵاوبوونەوەی وتاری ئۆریوە، لەم رێسایانە تێیان پەڕاند. بەڵام باوەڕ پێکراوی ئەم رێسایانە لانی کەم لە روونکردنەوەی شوێنی سەرهەڵدانو شوێن دەستپێکی مێتۆدی پێکهاتەیی



خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان، هەروەکوو خۆی ماوەتەوە. بە تایبەتی رێسای سەرەتایی ئۆریوە کە دەقی ئەدەبی بە بابەتێکی زمانناسانە دەزانێ، تا دوا نووسینەکانی پێکهاتەگەراکان (و پاش ئەوان لە بەرهەمەکانی پەیڕەوانی هێرمێنۆتیکی مۆدێرن) بە بڕوا پێکراو زانراوە. هەڵبەت هەرچەند دوابەرهەمەکانی بارتو گرووپی "تێل کێل" لە شیکردنەوە فۆنۆلۆژیکییەکانی قوتابخانەی پراگ دوور کەوتوونەتەوە، بەڵام بنەما بونیادییەکانی ئەو قوتابخانەیەیان رەت نەکردۆتەوەو "کاری ئەوان بێگومان بەردەوام وەسفیو شیکاری مایەوە."(٢) پێکهاتە گەراکان هەر بەو شێوەیە کە رۆمەن یاکۆبسێن پێشبینی دەکرد، بەرەبەرە لە تەوەری هاونشینیی زمانەوە دەرکیان بە تەوەری جێنشینی (زمان) کرد. شیکردنەوەی ئاوازی فۆنیمەکانو وشەکان گەیشتە رۆڵی خوازەیی نیشانەکانو تاووتوێی پێکهاتەیی ئاخێوی ئەدەبی سروشتێکی تازەی بەخۆیەوە گرت.(٣)

«*» واتە دەق لە یەکەم پیتدا کە هێمای زمانییە (دەنگی ـ واتایی) دەست پێدەکاو (واتا) دەکەوێتە نێوان هێمایەكو هێمایەکی دیکەی زمانیو لە نێوان ئەو مەودایەدا واتای ئەدەبی خۆی حەشار دەدا کە هەمان ئەدەبیاتە.

پەراوێزەکانی پێشەکی بۆ کتێبی دووهەم:

١- M. Arrive, ``Postulats``, Langages, 1969.

٢- S. Santerres – Sarkany, Théore de la littérature, Paris, 1990, P.14.

٣- J.M. Adam and J.P. Goldenstein, Linguistigue et discourse littéraire, Paris, 1976.



PDF4Kurd

# پاژی حەوتەم

## پێکهاتەو واتا: لیۆشتراوس، فۆکۆ

**ئایا مرۆڤناس شتێ جگە لە دان پیانانەکانی خۆی دەنووسێ؟**

**لیۆشتراوس**

١

کلۆد لیۆشتراوس (لە دایکبووی ١٩٠٨) یەکێك لە گەورەترین مرۆڤناسانی سەدەی بیستەمە. ئەو لەنێو هەموو پێشڕەوانی پێکهاتەگەرایی مۆدێرن دا تاکە کەسێکە کە بە ڕاشکاوی ناوی پێکهاتە گەرای لەخۆ ناو دووبەرگ لە هەڵبژاردەی گرنگترین وتارەکانی خۆی بە "مرۆڤناسی پێکهاتە گەرا" ناودێر کردوە.[1] لیۆشتراوس زانیارییەکی بەرفراوانی لە بواری توێژینەوەکانی تیۆری ئەدەبی هەیە. لە پاری سێیەم دا هێمام بۆ وتارێکی بەناوبانگی ئەو کە لەگەڵ رۆمەن یاکۆبسێن لەبارەی شێعری "پشیلەکان"ی بۆدلێرەوە نووسی، کرد. ئەم وتارە ئێستاشی لەگەڵ دابێ، یەکێك لە گرنگترین نووسینەکان لە بواری تاووتوێی پێکهاتەیی دەقەکانە. لە زۆربەی بەرهەمەکانی لیۆشتراوس دا دەتوانین شوێن پێی ئەم زانستە ئەدەبیو هونەرییە هەڵگرین، هەرچەند کە ناتوانین هیچ کام لە کتێبەکان لە ریزی "کتێبە ئەدەبییەکان"ی کتێبخانەکان دابنێین، بەلاَم تەواوی بەرهەمەکانی لە روانگەی مێتۆدی دەربڕین، پەخشانو لایەنی ئەدەبییەوە بایەخدارن. لەم نێوە دا کتێبی "گەرمێنیانی خەمبار" پێگەیەکی تایبەتی هەیە؛ ئەم کتێبە بەردەوام وەکوو یەکێك لە بەرهەمە دەگمەنە



زانستییەکانی سەردەمی ئێمە رێزی لێ گیراوە کە سەنگە ئەدەبییەکەی هاوسەنگ لە تەك ئاراستەو نێوەرۆکە زانستییەکەی بەرچاوە.[2] کتێبی دیکەی لیۆشتراوس "ئاوازی دەمامکەکان"ە کە لەمەڕ دەمامکەکی سوورپێستەکانی کیشوەری ئەمریکاو باکووری زەریای هێمن نووسراوە، کە بە بێ ئەم زانیارییە ئەدەبییە نەدەنووسرا. کتێبێك کە بە ڕاستی بابەتی سەرەکی "مێتۆدی دەربڕینو رێباز"ە. گرنگترین کاری لیۆشتراوس لە ناسینی ئاخێوی هونەری کە خۆی بە "هەڵسەنگاندنی کولتوور"ی زانیوە، کتێبێکی چواربەرگییە کە لەمەڕ ٨٠٠ ئوستوورەی سوورپێستەکانی ئەمریکای باکوورو ئەمریکای باشوور نووسیویەتی. ناونیشانی سەرەکیی ئەم بەرهەمە بریتییە لە "لۆژیکی ئوستوورەکان، پێشەکییەك بۆ زانستی ئوستوورەکان"و چوار بەرگەکەش بریتین لە: خاوو پێگەیشتوو، لە هەنگوینەوە تا خۆڵەمێش، سەرچاوەی نەریتەکانی خۆراك خواردن، مرۆڤی رووتەڵە.[3] لە روانگەی مێتۆدۆلۆژییەوە "لۆژیکی ئوستوورەکان"ی لیۆشتراوسی، وردترینو تەواوترین تاووتوێی پێکهاتەیی (لەهەر چەشنە پانتاییەکی چالاکی فکریی پێکهاتە گەراکان) دەژمێردرێ. ئامانجی ئەم کتێبە تەنیا دۆزینەوەی رێسا یا سیستمێك بۆ ناسینی ئوستوورەکان نیە (هەرچەند ئەمە خۆی بە ئامانجی گەورە ئەژمار دەکرێ)، بەڵکوو ئامانجێکی بەرزەفڕانەترە: ناسینی پێکهاتەو ئەرکی زەینی مرۆڤ. بەڕای لیۆشتراوس مرۆڤ خاوەنی کارو کەرەستەی پێکهاتەییە کە بە هەر ماددەیەك کە لەبەر دەمی دابێ "فۆرم دەبەخشێ". لەحاڵێکدا کە ژیارو کولتووری رۆژئاوایی، بابەتگەلی ئەبستراکتو سەیمبولی ماتماتیکی بۆ ئاسانکاری کردەوەی زەین دروست کردوە، کولتوورەکانی دی، فۆرمگەلێکی لۆژیکیتریان خولْقاندوە کە ئەرکەکەیان لە کاری بابەتە ئەبستراکتیو ماتماتیکییەکان دەچێ. بەپێی تیۆریی بەناوبانگی لیۆشتراوس ئەرکی زەینی "پێشکەوتوو" (زەینی مرۆڤی هاوچەرخ) لە تەك



PDF4Kurd

ئەركی زەینی "سەرەتایی" (زەینی ئەو تیرانەی كە بە "كێویلە" یان "سەرەتایی" ناودێر دەكرێن) یەكسانە، تەنیا ئەو دیاردانەی كە دێنە بەرچاویان یەكسان نین. ئەم گریمانەیە كە "تیرە سەرەتاییەكان" خاوەن ژیار نین، یان كولتووریان بە فۆرمی ناتەواوی كولتووری تیرە "پێشكەوتوو"ەكان دەژمێردرێ، ئەنترۆپۆلۆژیستەكانی تووشی مێتۆدو دەرەنجامە هەڵەكان كردوە. یەكێك لە گرنگترین هۆیەكانو رەگو ریشەكانی ئەم گریمانە دەبێ لە چەمكەكانو كردە ئابووری - سیاسییەكانی دوو سەدەی رابردوو بە تایبەتی لە ئەركی داگیركاری (یا كۆلۆنیالیزم)دا بۆی بگەرێین. [٤] لیۆشتراوس لە كتێبی "هزری یاخی" سەلماندی كە زانایانی مرۆڤناس و خەڵكناس نەیانتوانیوە "كۆمەڵگا سەرەتاییەكان" بناسن، چونكە ئامرازی پێویستیان بۆ ئەم ناسینە بەكار نەهێناوە. ئەوان دیاردەكانیان چەشنی (یەكە) تاكو جێگیرە لێك جیاكان لەبەرچاو گرتوەو لەسیستەم یان دوا پێكهاتەوە كە دیاردەكان وەكوو توخمگەلێك كە لەوان دا لەتەك یەكدی دا پێوەندی پەیدا دەكەن، دەستیان پێنەكردوە. ئەگەر هۆز یان تیرەیەك خاوەنی تەوتمێكی تایبەتییە، رێبازە نەریتییەكانی مرۆڤناسی لە ئەركی ئەو تەوتمەوە دەست پێدەكەن. (بۆ نموونە لە باوەڕی "خۆولاتییەكان"دا [*] رۆحی خۆر زادەی ئەم تەوتمەیە). بەڵام مێتۆدی راستو دروست هێنانەگۆڕی پێگەی تەوتم لە سیستمی نیشانەناسی دایە، كە دیاریكەری پێگەی توخمەكانی دیكەیە لە ژیانی هۆزیش دا. دەبێ هەر توخمێك لە پێوەندیی ناوەكی كە لە تەك توخمەكانی ترو كۆی پێكهاتەدا هەیەتی، بناسین: "زانست لە پرۆسەی توێژینەوە دا یا كەمكەرەوە گەرایە یا پێكهاتەگەرا. لە شوێنێك كەمكەرەوەگەرایە گەر بتوانێ دیاردەیەكی ئاڵۆز (بۆ ئاستی) دیاردەیەكی سادەتر كە لە پێگەیەكی دی دایە، دابەزێنێ... بەڵام لە بەرەوڕوو بوونەوە لە تەك دیاردەیەكی ئەوەند ئاڵۆز كە ئەگەری كەمبوونەوەی بۆ رێژەیەكی كەمتر نیە، تەنیا دەتوانین لە



رێگەی ناسینی پێوەندی گەلێك كە لە گەڵ دیاردەكانی دیكە دا دای دەمەزرێنێ، بیناسینەوە. ئێمە لەم دۆخەدا هەوڵ دەدەین تاكوو تێبگەین ئەم دیاردەیە بۆ كامە سیستمی رەسەنو سەرەتایی دەگەڕێتەوە." [٥]

باوەڕی شتراوس بە هەبوونی دوایین سیستم كە دیاردە كولتوورییەكان "پەیوەستن بەوەوە" واتە پێكهاتەیەك كە نەگۆڕە (شایانی بەراورد لەتەك پێكهاتەی زەینی مرۆڤ) و تەواوی توخمەكانو فۆرمە كولتووریو پێوەندیی نێوانیان لە چەقیدا جێگیرن، یەكێك لە گرنگترین لەپێشدانان "Prmise"ەكانی پێكهاتە گەرایی یە. لیۆشتراوس گوتوویەتی: "رەنگە مێتۆدی پێكهاتە گەرایی شتێك نەبێ جگە لەمە كە هەوڵ دان بێ بۆ دۆزینەوەی توخمی نەگۆڕ. بە دەربڕینی تر، ناسینی توخمی نەگۆڕ، لە نێوان جیاوازییە رواڵەتییەكان دا" [٦].
لیۆشتراوس باس لە "پێكهاتەی نەستیی شتەكان" یان "ئەنجام ناسی نائاگایانەی زەین" دەكا كە لەپشت دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانی دروست كراوی مرۆڤ خۆیان شاردۆتەوە. نەست (ناخودئاگاه) "بریتییە لە" بنەما پێكهاتەیی یە بنیاتییەكان كە بەسەر زمان دا زاڵن. زمان بە وتەی لیۆشتراوس "ئاوەزی مرۆڤانەیە، خاوەنی هزرمەندیی خۆیەتیو ئێمە شتێكی ئەوتۆی لێ نازانین". [٧] توێژینەوە لەم پێكهاتە ناخودئاگا "بەرجەستە"یە كە ئەركە سەرەكییەكانی پێكهاتەی زەین دەنوێنێتەوە، روونكەرەوەی كارو كەرەستەی ئاماژەی واتایی یە لە كردەی مرۆڤ دا؛ ئامانجی لیۆشتراوس لە شیكردنەوەی مرۆڤی "سەرەتایی" دەست پێڕاگەیشتن بوو بە لۆژیكی ئاماژە ئاسای ئەو كارو كەرەستەیە "ئەو، باوەڕ هێنان بە نائاگایی ﴿مرۆڤە سەرەتایی یەكان﴾ كە بە وتەی پۆل ریكۆر نایەتە نێو چوارچێوەی وشیارییەوە، بە شتێك دەزانێ كە "كانت گەرایی یەكە كە خاوەنی بابەتی باڵایی (ترانسێندالْ) نیە."!! ریكۆر رەگو ریشاڵی ئەم كارو كەرەستەیە لە كارە زمانناسانەكانی سۆسۆر دا دەدۆزێتەوە، چونكە سۆسۆر دواجار نەیتوانی



PDF4Kurd

بسەلمێنێ کە هەر ئامـاژە پـێکەرێك (دال)، هـەر ئایـدیاو چـەمکێك خاوەنـی توانایەکی گەڕانەوەیی (ارجاعی) واتـە گەڕانـەوە بـۆ سەرچاوەیەکی تایبەتی لە جیهان دایە.[٨] هەڤپەیڤینی لیۆشتراوس لەگەڵ ژۆرژ شاربۆنیە کە لە کۆتایی ١٩٥٩ دا ئـەنجام دراو لـە سالّی ١٩٦١ دا بڵاو کرایەوە یەکێك لە بەڵگەنامە گرنگەکانە کە تیۆرەکانـی لیۆشـتراوس لەمـەڕ هـونەرەوە ڕوون دەکاتـەوە.[٩] شـاربۆنیە لـە لیۆشتراوسی پرسی: ئایا لـە کولـتوورە "سـەرەتایی"یەکان دا کە نووسینیان نیە، دەتـوانین هونەر هەر بەو چەشنە بە جۆرە زمانێك لە قەڵەم بدەین؟ لیۆشتراوس وڵامـی دایـەوە کـە بـە هەرحاڵ هەرچۆنێك بێ هونەر جۆرە زمانێکە "بەڵام نەك هەمـوو زمانـێك."[١٠] ئەگـەر هـونەر لاسایی کردنەوەیەکـی تـەواوی "بابـەت" بـووایەو هـونەرمەند چاودێرییەکی تـەواوی بەسـەر پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـی هـونەری‌و ماددیـی کـاری خـۆی هەبایـە، ئـەو کـات نەدەکـرا لەنـێوان بەرهەمـی هونەری‌و بابـەت جیاوازیـیەك بدۆزیـنەوە. لـەم دۆخـەدا کاری هونەرمەند دەبوو بـە نـۆژەن کـردنەوەی سروشـت نـەك داهێنانـی هونەری. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەگـەر هـیچ چەشـنە پێوەندییەك لە نێوان بەرهەمی هونەری‌و بابەت لە گۆڕێدا نەبایـە، ئـەوکات ئـیدی لەتـەك بەرهەمـی هـونەری بـەرەوڕوو نەدەبووین، بەڵکوو دیاردەیەکمان لەپێشدا بوو کە خاوەنی چیەتی زمانیی دەبوو. سروشتی سەرەکیی زمـان (بـە پێداگـرتنی سۆسـۆر) سیسـتمێکە لـە نیشـانەکان کـە هـیچ جـۆرە پێوەندییەکی ماددیی لەگەڵ ئەو شتەی کە دەمانەوێ بەیانی بکەین نیەو بەهیچ جۆرێك لاسایی کردنەوەیەکی بابـەت نـیە. ئەگـەر هونەر لاسایی کردنەوەیەکی تـەواوی بابـەت بـووایە، ئـەو کـات سروشـتی نیشانەیی لەنـێو دەچـوو و ئەگەر بە تەواوی لە بابەتیش جیا بووایە، دەگۆڕا بۆ زمان: "هونەر بەردەوام لە نیوەڕێگای زمـان‌و بابـەت دایـە".[١١] لیۆشـتراوس لـە درێـژە دا وتـی کـە ڕەخنەگرە ئەدەبـی‌و هونەرییەکان زیاتـر زاراوەی "زمانـی هـونەر"و یـان "زمانی بەرهەمی هونەری"



بـە شـێوەیەکی هەڵـە بـەکار دێـنن‌و مەبەسـتیان لـە زمـان هـەمان "پەیامـی بەرهـەم"ە. [١٢] لەمـەڕ هـونەری "تـیرە سـەرەتایی"یەکانـەوە لیۆشـتراوس وتـی کە ڕەنگـە بەهـۆی "خۆڕاگریـی ژیانـی مـاددی" لـە بەرامـبەر نیگارکـێش، ئـەو بـە ئانقەسـت نەیدەویست کە "بەرهەمی هونەری بۆ کۆپیکەری راستەوخۆی بابەت" بگـۆڕێت، واتە نەیدەویست یا نەیدەتوانی سیمبۆلەکەی دووبارە بەرهەم بێنێ یان موشـەمەری [**] بکـات. هەربـۆیە جـەختی لەسـەر "بـەهای نیشـانەیی"ی ﴿ئـەو سـیمبۆلە﴾ دەکـردو بـەم پێـیە هـونەرەکە لـە جیاتـی ئـەوە کـە بەیانکەریـی یـان کۆپیکەریـی بێ، سیستمێك لە نیشانەکان دەبوو.[١٣] بەڵام لە سەردەمی مۆدێرن دا هـونەر بـەرەو شوناسـی تاکەکەسـی کۆپـی هەڵگـرتن هـەنگاوی هەڵێـناوە: "ئێسـتا هـونەر هەرچـی زیاتـر بـۆتە فۆرمخـوازو بەیانکـەر".[١٤] بـە بۆچـوونی لیۆشـتراوس "نووسـین یەکـێك لـە ئامرازەکانـی زاڵبوونـی مرۆڤ بەسەر مرۆڤ بووە".[١٥] لێرەدا لیۆشـتراوس هـێمای بـۆ هەنـدێ لـە "تـیرە بێتواناکان ﴿لەبواری﴾ نووسین" کردو تاکـە جیاوازیـی ئەوانـی لەگـەڵ مرۆڤـی ئێسـتا لـەم کولـتوورە نەنووسـراوەیان دا زانـی.[١٦] بـە بۆچـوونی ئـەو هـونەر لـە کـۆمەڵگە "سـەرەتایی"یـەکان دا ئامـرازی پـێوەندی بـووە. بـەڵام لـە کۆمەڵگەکانـی دواتـردا زمانـی نووسـین‌و هـەردوو ڕۆڵی "پێوەندی"و "دەسەڵات"ی گرتە ئەستۆی خۆی‌و هونەری خستە پەراوێزەوە.

لیۆشـتراوس مەبەسـتی خـۆی لـە "کەوتـنە پەراوێـزی هـونەر" بـەم جـۆرە روون دەکاتـەوە: هـونەر بـوو بـە ئامرازی رابواردنی کەمایەتییەکی زاڵ‌و فەرمانڕەوا.[١٧] ئـەم بـڕیارەی لیۆشـتراوس بەقـەد بڕیارێکـی "زێدەڕۆیانـە" هەڵەیـە. دابەزاندنـی هـونەر بـۆ لایەنـی "بەکارهـێنی‌و ئامـرازی"ی هونەر ئەگەری تاووتوێی گرنگترین لایەنەکانـی "بەرهەمهێنانـی هـونەری" بـەلاوە دەنـێ. خاڵـی گرنگـی دیکـە کـە لە وتـووێژی نـێوان لیۆشـتراوس‌و شـاربۆنیە هاتـە ئـاراوە، تیۆرەکانـی لیۆشـتراوس لـەبارەی شـێعرەوە بـوو. ئـەو لەباسی دیاریکردنی پێگەی هونەر کە لەنیوەڕێگەی



PDF4Kurd

بابەتو زمان دا دەیبینیەوە، بۆ شێعر پلەو پایەیەکی جیای دادەنا: "شێعر لەنیوە رێگای هونەرو زمان دایە، پێوەندی لەتەك زمان دا هەمان پێوەندیی نیگارکێشە لەتەك بابەت دا". زمان کەرەستەی سەرەکیی کاری شاعیرەو بە یارمەتیی ئەم کەرەستە خاوە تێدەکۆشێ تا باوەڕەکانو چەمکەکان هەرچەندیش چەندان ورد نەبن، دەربڕێ.[١٨] لیۆشتراوس دریژەی دایەو وتی: شاعیر رەهەندێکی تازە بە (تعبیر)ە تازە زمانییەکان دەبەخشێ "وا دێتە بەرچاو کە شێعر لە نێوان دوو رێسای پێکناکۆك (پارادۆکس) دایە: "کردەی ئاوێتە کردنە زمانییەکانو کردەی لێك دابڕانی واتایییە".[١٩] ئەمە گرنگترین وانەیە کە لیۆشتراوس لە فۆرمالیستە رووسییەکانەوە فێری بووە: "شاعیر لە دەرەوەی پانتایی دەربڕینو ئاماژەگەری خەریکی دەربڕینو ئاماژە دەبێت، واتە لە دەرەوەی سنووری فەرمانڕەوایی زماندایە. بە بۆچوونی شاعیر وشە ئامرازێکە کە بواری پێدەدا تا لە زمان بۆ تێکشکاندنی هەمەلایەنەی زمان کەڵك وەرگرێ، یان بە دەربڕینی باشتر ئاماژە لەنێو بەرێت".[٢٠] هەربۆیە لیۆشتراوس وەکوو یاکوبسێن دەڵێ "شاعیر بەڕاستی دروستکەری بانزمانە".[٢١] لە پێشگوتاری "خاوو پێگەیشتوو"دا لیۆشتراوس گرینگیی ورد بوونەوە لە پێکهاتەی مووسیقای لە تاووتوێی دوا پێکهاتەی ئوستوورەکان دا شیتاڵ کردەوە. ناسینی هەر ئوستوورەیەك بە یارمەتیی سیستم یا دوا پێکهاتەی ئوستوورەکان مەیسەر دەبێو هەر ئەم خاڵە لە تێگەیشتنی مووسیقایی یەوە نزیکە:
﴿ئۆپێراکانی﴾ (***) واگنێر سەرچاوەی شیکردنەوەی پێکهاتە گەراییە لەبۆ ئوستوورەو ئۆپێرای "پسپۆڕانی گۆرانیبێژی نۆرێنبێرگ"ی ئەو سەرچاوەی شیکردنەوەیە بۆ حیکایەتە فۆلکلۆریکییەکان. ئەم خاڵە کە شیکردنەوەی پێکهاتەیی یەکەم ار لە موسیقا دا دروست بووە، بەڕاستی روونکەرەوەی خاڵگەلێکی گرینگە. هەربۆیە کاتێك من پێم داگرت کە شیکردنەوەی



ئوستوورەکان لەتەك شیکردنەوەی مووسیقایی بەراورد بکەیت، تاکە دەرەنجامی لۆژیکی دۆزینەوەی واگنێرم هێنایە ئارا کە ئەویش دەیگوت دەبێ پێکهاتە لە رێگەی پێکهاتەی مووسیقاوە بناسیتەوە.[٢٢]
لیۆشتراوس لە بەرهەمە هەمە جۆرەکانی دا جەختی کرد کە ئوستوورەو مووسیقا لە یەك سەرچاوە، واتە لە زمانەوە جیا بوونەتەوە. لە ئەنجامگیری مرۆڤی رووتەڵە دا کە وەکوو پوختەی چوار بەرگی کتێبی "لۆژیکی ئوستوورەکان"ە، نووسی: "ئێستا زانیمان کە دەتوانین ئوستوورە وەکوو لاپەڕەی نۆتی مووسیقا بخوێنینەوە." [٢٣] ئوستوورە "دەربڕینی ئەزموونی ژیان"ەو وەرگرتنی لۆژیکی فۆرم پێدەری ئەو (ئوستوورەیە) بە واتای کارو کەرەستەی کردەی زەینییە کە ئاراستەکانی دیکەی لەو "ئەزموونی ژیان"ەدا خولقاندوە: "ئەگەر بتوانین (ئەرکی) [☺] زەینی مرۆڤ لە دروست کردنی ئوستوورەدا دیاری بکەین، ئەو کات دەتوانین ئەرکەکەی لە ئاراستەکانی دیکەش دا دیاری بکەین".[٢٤]
لە راستی دا هەر ئوستوورەیەك وەکوو گوتارێکە کەلەنێو سیستمێکی سیمبۆلیك دا (وەکوو زمان) دێتە گۆڕێ، توخمەکانی دیکەو رێساکانی پێوەندی ناوەکی ئەم سیستمە نەناسراوە، بەڵام "ئەزموون نیشانی داوە کە زمانناسێك دەتوانێ رێزمانی زمانێك لە رێگەی توێژینەوەی کۆمەڵەیەکی زۆر بچووکی رستەکانەوە بناسێت."[٢٥] ئەمە نهێنیی دژواری توێژینەوەی ئوستوورەکانە کە وادەکا ئێمە بەرەوڕوو بوونەوەی توخمەکان لە کولتووری خۆماندا دەناسین. بەڵام لە "جیهانی ئوستوورە"دا لەگەڵ لۆژیکی بەرەوڕوو بوونەوەکاندا ئاشنا نین. دەزانین لەئەدەبیاتی دینیو سۆفیانەدا لەنێوان فریشتەکانو ئەهریمەنەکاندا ململانێو شەڕێکی قورس هەیە، تەنانەت شاعیرانێك وەکوو میلتۆنو ریلکە کە ئەم رەمزانەیان پەسند نەکردوە، دابڕان لە رێسا لەسەر بنەمای ئەم پێش گریمانەیەوە بە ئەنجام دەگەیەنن کە بریتییە لەوەی کە ئێمە لەگەڵ رێسادا



PDF4Kurd

ئاشنا نین!! بەڵام لە ئوستوورەکاندا لەتەك بەرەوڕوو بوونەوەکان بە تایبەتی لەگەڵ بەرەوڕوو بوونەوە دووفاقییەکان ئاشنا نین. بە گوتەی لیۆشتراوس لەویٚدا دەبیٚ لە یەك چرکە سات دا هەم پێکهاتەو هەم نیشانەکان هەروەها ئاماژەو واتاش بناسین. هەر بۆیە توێژینەوەی ئێمە ڕۆنانێك دەبیٚ لە زمانناسیو واتاناسی. لیۆشتراوس باسی لە ڕێسایەك کردوە کە بە پێی ئەو ڕێسایە هەر ئوستوورەیەك واتای توخمەکانی ئوستوورەیەکی دی، ئاشکرا دەکا (یا کلیلی ناسینی دەخاتە بەردەستمان). ئەو واتا نوێیەی کە بۆمان دەرکەوتووە تەنیا لە ڕێگەی بەراورد لەگەڵ ئوستوورەیەکی دیکەدا دەسەلمێنریٚ یان بەرتەك دەدرێتەوە. لە کۆتایی دا سیستمێکی گونجاو بەدەست دێنین کە لەو دا هەر ئوستوورەیەك تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ئوستوورەکان دیکەدا دەناسرێتەوە. "بواری ناسینی هەر ئوستوورەیەك هەر دەمەو زیاتر لە ڕێگەی وردبوونەوە لە ئوستوورەکانی دی، دەڕەخسێت"[٢٦] بنەمای کاری لیۆشتراوس دەتوانین بە دۆزینەوەی لۆژیکی ئەودیوی هەر شتێك کە لە ڕواڵەت بیٚلۆژیك خۆ دەنوێنیٚو دۆزینەوەی واتا کە لەپشت هەر گوزارەیەك خۆی حەشار داوە، بزانین. یاساکانی پێکەوەنانی ژینی هاوبەش لە هەموو کولتوورەکان دا هەیە. دۆزینەوەی "واتای" ئەم یاسایانەی یەکێك لە ئامانجەکانی مرۆڤناسەکانە. هەر بەم شێوەیە ئوستوورەکان لە ڕوانینی یەکەم دا دڵخوازانە بیٚواتاو پووچ دێنە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا لە هەموو کولتوورەکان دا هەن. دۆزینەوەی واتای ئەوانە ئەرکی مرۆڤناسێکی پێکهاتەگەرایە. ئوستوورە بە ڕای لیۆشتراوس لەتەك حیکایەتو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەو (لە بنەڕەتەوە لەگەڵ گێڕانەوە) جیاوازیی گەوهەریی نیە، بەڵام ناتوانین دێڕ بەدێر بیخوێنینەوە، یان لە ڕەوتی پێشڤەچوونی گێڕانەوەدا بیناسینەوە؛ بەڵکوو دەبیٚ چەشنی گشتێك لەبەرچاو بگیرێت. واتای بنیاتی ئوستوورە لە زنجیرە ڕووداوەکان دا نەشاردراوەتەوە،



بەڵکوو لە زنجیرەیەك لە ڕووداوەکان دەشیٚ بناسرێتەوە. زنجیرەیەك کە "گشت" ئاشکرا دەکاتو ئەمە نهێنیی وێکچوونی ئوستوورەیە لە تەك مووسیقا دا. لەم هاوشێوەیی یەدا، ئوستوورە لە گێڕانەوەی چیرۆك ئامێز دوور دەکەوێتەوە، چونکە ناتوانین بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بیناسینەوە. دەبیٚ بزانین کە ئەو شتەی لە دێڕی یەکەم دا هاتوە، تەنیا کاتێك لێی تیٚدەگەین کە چەشنی پاژێك لە گشتێك بزانرێتو واتاکەی تەنیا لەم گشتەدا دەشیٚ بناسرێت. واتە دەبیٚ لاپەڕەیەکی نۆتی مووسیقا نەك تەنیا ئاسۆیی ـ لە چەپەوە بۆ ڕاست لەسەر هێڵە هەڵگرەکان (هەڵگری نۆتە) ـ بەڵکوو ستوونی ـ لەسەرەوە بۆ خوارەوە ـ بیخوێنینەوە.[٢٧] بە بۆچوونی لیۆشتراوس پاش ڕێنسانس بە تایبەتی لە سەدەی هەڤدەهەمدا چیرۆك گەلێك کە لەسەر بنەمای ئوستوورە بوون، شوێنی خۆیان بۆ ڕۆمان چۆل کرد، هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا مێتۆدێکی دەربڕینی تازە لە مۆسیقای ڕۆژئاواییدا سەری هەڵدا.

دیسانەوە لە ڕوانینی یەکەم دا وادێتە بەرچاو کە مۆسیقا درێژەی بە ئەرکەکانی ئوستوورە داوەو لە بەرامبەر ڕۆمان دا قوت بۆتەوە. لە زمان دا یەکەی سەرەکی فۆنیمەکانن کە لێکدانیان وشە دروست دەکەنو لە لێکدانی وشەکان ڕستە پێکدیٚ. لە موسیقا دا نۆتەکان یەکەی سەرەکین کە لێکدانیان ڕستەکانی مۆسیقا دروست دەکەن، واتە لە مۆسیقادا توخمی نێونجی (یان بژیوان) یان وشەمان کەمە. لە ئوستوورە دا وشەکان ڕستەکان پێك دێننو توخمی واکە (فۆنیم)مان کەمە. مۆسیقاو ئوستوورە هەر یەکەیان یەکێك لە توخمە زمانییەکانیان نیە. ئەوانە لە زمان جیا بوونەتەوەو هەر یەکەیان ڕێچکەی خۆی گرتۆتە بەر. مۆسیقا ئاراستەی فۆنەتیکی زمانو ئوستوورەدرێژەی بە ئاراستەی واتایی (زمانی) داوە.[٢٨] ئوستوورەو مۆسیقا هەردووك "ئامرازی چڕکردنەوەی زمان"ن. پێکهاتەی هەردووکیان بەیانکەری ئەرکی زەینە، ئەرکێك کە لەپێش هزر یان



PDF4Kurd

"کردەی وشەیی"یە. هەر دوو بەیانکەری "زمانی نەست"ن، هەردووك لەو شوێنەی کە "دەگێڕدرێنەوە" لە رێگەی دوو هاوڕێکی جیاواز واتە پێوەندیی ئاسۆیی ـ ستوونی دەور دەبینن.

بنەما تیۆریکییە سەرەتاییەکانی تاووتوێی هەرە گەورەی لیۆشتراوس لە بارەی "دنیای نوێ" یەکەم جار لە چەند وتارێکدا دارێژرا: بەناوی "شیکردنەوەی پێکهاتەیی ئوستوورە" (١٩٥٥)، "چیرۆکی ئاسێدیووال" (١٩٦٠) (٢٩). پاشان شیکردنەوەی ئوستوورەیی لە تیرەی "بۆرۆرۆ"وە دەستی پێکردو تاووتوێ کردنی ئەم ئوستوورەیە هێدی هێدی ئوستوورەکانی تریشی گرتەوەو لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکەو دواجار لۆژیکی ئوستوورەکانی "ئامرائیندێن"ی سوورپێستەکانی کیشوەری ئەمریکا بەهۆیانەوە ئاشکرا بوو. لیۆشتراوس لە چوار بەرگی لۆژیکی ئوستوورەکاندا ٨٠٠ ئوستوورەی سوورپێستەکانی تاووتوێ کردو هەوڵی دا تا دوایین پێکهاتەیان پەیدا بکات. شیکردنەوەی ئەو لەبۆ ئەم ئوستوورانە پێوەندی بە شیکردنەوەی پێکهاتەی گێڕانەوەیی چیرۆکەکانەوە نیە. لە ئوستوورە دا، پارەکان (فصل) و رووداوەکان بە دوای یەکدی دا دێن، بەڵام بەرەنجامی یەکتری نین. پێوەندیی هۆو هۆکارییان لەگۆڕێ دانیە، یان گرینگ نیە. سیستمی هەمە لایەنەی پێوەندییە دووسەرەکان لە هەموو ئوستوورەیەکدا هەیە، کە لەسیستمی گێڕانەوەییو زەمەنمەندی تێدەپەڕێ. لێکۆڵینەوەی لیۆشتراوس پێوەندیی بە "پێکهاتەی دەرەکی"ی ئوستوورەوە هەیە. بەر لەو ئوستوورەناسان، چەندین جار لەمەڕ لێکچوونەکانی ئوستوورەکان لەگەڵ یەکدی دا باسیان کردوەو چەندین بەڵگەشیان لەسەر ئەو لێکچوونانە هێناوەتەوەو ئەو لێکچوونانەیان داوەتە پاڵ رەگو ریشە هاوبەشەکانو، قۆناغە هاوشێوەکان لە کامڵ بوونی کولتووری دا، یان ئەرکە یەکسانەکانی زەینی مرۆڤ لە قۆناغە هەمەچەشنەکاندا. بەڵام لیۆشتراوس دەری خست کە هاوشێوەیی تاکە پێوەندیی



ئوستوورەکان نیە، بەڵکوو بەرەوڕوو بوونەوەو (دژیەك)یش فۆرمگەلێکی دیکەنو ئوستوورەکان پێکەوە لە سیستمێکی یەکگرتوو دا جێ دەگرنو پێوەندیی پاژەکان لەم سیستمە دا هەڵبەت تەنیا لەسەر بنەمای هاوشێوەیی دانەمەزراوە، بەڵکو و بەرەوڕوو بوونەوەو دژیەك بە چەند فۆرمێکی دیکەی ئەم پێوەندییانە ئەژمار دەکرێن. ئەنجامێك کە لەم باسە دا دەردەکەوێ ئەوەیە کە هەر ئوستوورەیەك "فۆرمی گۆڕدراوی" ئوستوورەیەکی دیکەیەو هەربۆیە دەتوانین بە لێکدانی توخمەکانی پەی بە "رۆنانی واتایی" ئەو ئوستوورەیەو بە گشتی رۆنانی واتایی سیستمی ئوستوورەکان یا لۆژیکی ئوستوورەکان ببەین. لەم پێناوە دا چەمکی "یەکەی ئوستوورەیی" یان ***Mythem*** یارمەتیمان دەدا. هەر ئوستوورەیەك لێکدانێکە لەم یەکانە کە لەنێو خۆیان دا بێواتان، بەڵام لەپێوەندی لەگەڵ یەکدی دا واتا پەیدا دەکەن. خاڵی سەرەکیو گرنگ لە تاووتوێی لیۆشتراوس دا ئەمەیە کە دوا پێکهاتەی ئوستوورە دەربڕینی دوا پێکهاتەی زەینی مرۆڤە. ئەو "گۆڕانکاری"یەی کە هەر ئوستوورەیەك بە شێوەیەکی دیکە دەینوێنێ، لە راستی دا سەلماندنی شێوەی گۆڕانکارییە لە ئەرکی زەینی ئێمە دا " لە لایەکەوە ئوستوورە وا دێتە بەرچاو کە بە تەواوی بێلۆژیکە کە لەو دا هەموو شتێك دەشێ رووبدا. بەڵام لە لایەکی دیکەوە لێکچوونێکی حاشا هەڵنەگر لەنێوان ئەو ئوستوورانەی کە لە وڵاتە جیاجیاکان دا کۆکراونەتەوە دەبینرێت." [٣٠]

بە ڕای لیۆشتراوس ئەم دژیەکە لە دژیەکێك دەچێ کە لە گەنگەشەکانی فەلسەفەی کۆن دا لەمەڕ زمان دروست بوو. لە لایەکەوە سروشتی زمانیان دڵخوازانە دەدیو لە لایەکی دیکەوە نەیان دەتوانی لێکچوونی زمانەکان لەگەڵ یەکدی دا بەرتەك بدەنەوە: "ئوستوورە زمانە، بۆ تێگەیشتن دەبێ بەیان بکرێت، بەشێکە لە زمانی مرۆیی".[٣١]



PDF4Kurd

پاش بە دەستهێنانی "ڕێزمان"ی ئوستوورەكانی "ئاموایندن" دەتوانین سەرنج بدەینە پەیامێك كە لەوان دایە. ئەم ئوستوورانە هەوڵێكن لە لایەن سوورپێستەكانەوە بۆ دەربڕینو تەنانەت گۆڕینی پارادۆكسەكانی بنەمایی ژیانو ئەزموونە ڕۆژانەكانی ئەوان. نموونەش ئەو پارادۆكسەیە كە لەنێوان ژنان وەكوو نیشانەكانو ژنان چەشنی نیشانە سازان دەیان دۆزیەوە، یان پارادۆكسی نێوان مرۆڤ وەكوو بوونەوەرێكی سروشتیو بوونەوەرێكی كولتووری. لیۆشتراوس لە تاووتوێ كردنی دەمامكی سوورپێستەكانی باكووری خۆرهەڵاتی كیشوەری ئەمریكا دا، دوو دەستە دەمامكی لێك جیا كردەوەو بۆ یەكەم جار جیاكاریی پێكهاتەیی ئەم "دەمامكە ئایینی"یانەی لەبنەمای دیدی ئوستوورەیی ئەم خۆ وڵاتیانەو پاشان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوان دا دۆزیەوە.[٣٢] تەنیا لە ڕێگەی زانینی پێكهاتەی سەرەكیی ئوستوورەوە دەتوانین تێبگەین كە ئوستوورەكانی سوورپێستەكان چ كاراییەكیان هەیە. بە چ جۆرێك مەودای نێوان بوونی فیزیكی ﴿جەستەیی﴾ و هەبوونی كولتووری ئەوان ڕوون دەكەنەوە.[٣٣] بە چ جۆرێك بە وشیارییەوە هاوسەنگیی نێوان كولتوورو سروشت دەپارێزن.[٣٤] لەهەمووشی گرینگتر چۆن دەسەلمێنن كە هەڵبژاردنی خۆوڵاتییەكان "ژیان لە دەرەوەی مێژوو"ە.[٣٥] دیسانەوە بە یارمەتیی ئەم زانیارییە لەمەڕ دواپێكهاتەیە كە جیاكاریی دابەكانی ژیانی خۆوڵاتییەكان لەتەك دابەكانی ژیانی مۆدێرن دەزانرێت. لیۆشتراوس دەری خستوە كە دابەكانی خۆراك خواردنی خۆوڵاتییەكان لەسەر ئەم ڕێسایە بنیات نراوە كە جیهان لە دەست درێژیی ئێمە بپارێزێتو دابەكانی خۆراك خواردنی مرۆڤی مۆدێرن لەسەر ئەم ڕێسایە دانراوە كە ئێمە لە لایەن جیهانەوە دەست درێژیمان نەكرێتە سەر.[٣٦] هەروەها لە ڕوویەكی ترەوە، دەتوانین سەرنج بدەینە پێوەندیی ئوستوورە لەگەڵ ڕۆمان چەشنی یەكێك لە فۆرمەكانی ڕاپۆرت. پارێك لە كتێبی سەرچاوەی دابەكانی خۆراك



خواردن"لەژێر ناوی "لە ئوستوورەوە تا ڕۆمان" لە ڕۆڵی تایبەتی ڕۆمان لەكۆمەڵگەی نوێی كۆڵیوەتەوەو لەتەك ئەركی ئوستوورە لە كۆمەڵگە "سەرەتایی"یەكاندا بە هاوچەشنی زانیوە. لیۆشتراوس پێی داگرتوە كە "پێكهاتەی پشتبەستوو، لەسەر بنەمای بەرەوڕوو بوونەوەكان" كە لە بەشێك لە ئوستوورەكاندا، دەگۆڕێت بۆ "پێكهاتەی پشت بەستوو بە بەدوایەك دا هاتنو دووپات بوونەوە"، كەلەمەڕ ڕۆمانیشەوە دەگونجێ. جیا لە فۆرمی پێشكەش كردن (بۆ نموونە ئەو ڕۆمانانەی كە بە شێوەیەكی زنجیرەییو بە شێوەی پەراوێزی لە بڵاوكراوەكان دا چاپ دەكرێن) كە وەبیرهێنەری "بەدوایەك دا هاتنە"، ئەم دوو پێكهاتەیە دەتوانین لە بنەمای گێڕانەوەیی ڕۆمانەكانیشدا ببینین.[٣٧] لە لۆژیكی ئوستوورەكاندا لیۆشتراوس ئوستوورەی وەكوو "زمانێكی تایبەتی" لەبەرچاو گرتو مێتۆدی شیكردنەوەی پێكهاتەیی زماننناسیی لەبارەیانەوە بەكار هێنا.ڕونانی (یەكە) ئوستوورەییەكانی لەسەر بنەمای ڕێسای "بڕگەبەندی" دۆزیەوە. دەتوانین بۆ تێگەیشتن لەمێتۆدی لیۆشتراوس هەر یەكە لەو ئوستوورانەی كە لە چوار بەرگی "لۆژیكی ئوستوورەكان" دا هاتوون، بكەین بە شوێن دەستپێكی توێژینەوە. چونكە ئەو شتەی كە گرنگە پێوەندیی نێوان ئوستوورەیی *Inter mythologic* یەو نەك ئوستوورەیەكی دیاریكراو. دوا پێكهاتەی ئوستوورە بە پێچەوانەی چیرۆك سیمبۆلێك نییە كە هەر ئوستوورەیەك لەگەڵی دا بگونجێ، بەڵكوو دوا ئاوازە لە مووسیقا دا كە هەر ئوستوورە بەشێك لەو (ئاوازە) دروست دەكاو كۆی ئوستوورەكان ئەم دوا ئاوازەیە پێك دێنن. هەر ئوستوورەیەك ڕستەیەكی مووسیقاییە لەنێو دواپێكهاتە دا كە پێدەچێ لەهێندێك خاڵ دا لەتەك ڕستەیەكی دی دا هاوبەشی بكات. كۆی ئەم ڕستە مووسیقایانە دروستكەری دوا بنەمانو لیۆشتراوس مێتۆدی ڕیز كردنی ئەم بڕگانەی بە "بڕگەبەندی" ناودێر كردوە.[٣٨]



PDF4Kurd

چەمکی "بڕگەبەندی"ی لیۆشتراوس لە ئەدەبیاتی مۆدێرن دا ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە، تەنیا بۆ نموونە دوو ڕۆمانی کلۆد سیمۆن بە نموونە دێنمەوە، یەکێکیان ناوی "بەسەرهات" (١٩٦٧)ەو دووەمیان "شەڕی فارسال" (١٩٦٩)ە. لە یەکەمیاندا پیاوێك ناوی خۆی لەنێو کارتی یادگارییە کۆنەکان دا دەدۆزێتەوە. ڕۆمانەکە گێڕانەوەی ڕۆژێکە لەژیانی ئەو. بەڵام، گێڕانەوەیەکی پچڕپچڕ، بەبێ ڕەچاو کردنی کاتو شوێنە. چەقی ڕۆمانەکە لەو شوێنەدایە کە ئەو کارتەکانی یادگاری لە ئەنباری خانووەکەی خۆیدا دەبینێتەوە: ئەو کارتانەی کە ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆیان ناردوە، ئەوانەی کە باوکی بەر لە ژیانی هاوسەرایەتی لەگەڵ دایکی لە سووچو قوژبنەکانی ئەو دنیایە دا بۆ دایکی ناردوونیو ... ڕابردووی پیاوەکە دووبارە زیندوو دەبێتەوەو بە بێهیواییو خەمۆکی ئەمڕۆی خۆی، گری دەدرێت. ئەم "بڕگە بەندی" ژیانە تەواوەتێك دەخولقێنێ کە لە ژیانی تاکەکەسێك تێدەپەڕێو، دەچێتە مێژووی هاوچەرخەوە. لە ڕۆمانەکەی دی دا شەڕی فارسال لەگەڵ دوو "بڕگەبەندی" بەرەوڕووین. یەکێکیان وێنەیەکە لە شاری نیۆیۆرك کە کلۆد سیمۆن لەسەر تاوەرێکەوە، سەیری دەکا: چەند بەشێك لە مانهاتان، بڕۆکلین، ئاسۆی کارگەکان، ڕەنگە پاییزییەکانی پارکەکان، ڕێگە دەریاییەکان، پردەکان، هەموویان چەشنی بڕگە گەلێك تێك چڕژاونو ئەم شارە بە تەواوی جیا لەمێژوو و تێپەڕینی کات، لەم چرکە ساتە دا نیشان دەدەن ﴿چرکە ساتێك لە کاتی تێڕامان دا﴾. دووەمیان کردەی زمانیی نووسینە. ئەم کردەیە لە هێماکردنێك بۆ شەڕی مێژوویی "فارسال" لە وشەی *Pharsale*ەوە دەگۆڕێت بۆ وشەی *Laphrase* یان ڕستە.[٣٩] "بڕگەبەندی"ی ڕستەکان لەم چیرۆکەدا کە لەڕوانینی یەکەمدا خاوەنی هیچ چەشنە لۆژیکێکی گێڕانەوەیی نەبوو، لە کۆتایی دا ڕێ بۆ تێگەیشتن لە گێڕانەوە خۆش دەکات.



لیۆشتراوس لە پێش گوتاری "خاوو پێگەیشتوو" دا کاری خۆی بە ڕاڤەی ئوستوورە لە قەڵەم دا: "ئەم کتێبە لەبارەی ئوستوورەوە نووسراوە، (لەنێو جەستەی)☺☺ خودی ئوستوورە دایە. ئەگەر خاوەنی یەکگرتووییەك بێت، دەتوانی ئەم یەکگرتووییە لەپشت یان لە سەرووی دەقو لە چاکترین دۆخ دا، لە زەینی خوێنەر دا بدۆزیەوە".[٤٠]

پاشان گوتەی مرۆڤناسی ئەمریکایی ویلیام لیپکیند دووپات دەکاتەوە. لیپ کیند نووسیویەتی کە لە ڕەوتی توێژینەوەکانی دا لەبارەی ئەمریکای باشوور، تێگەیشت کە هەریەکە لە ئوستوورەکانی سوورپێستەکان هەرجارەو کە دەگێڕدرێتەوە، ئوستوورەیەکی نوێیەو چاوساغە سوورپێستەکەشی (هاوڕێی لیپکیند) لە کاتی گێڕانەوەی هەمان ئوستوورەدا شتێکی تازە بەسەر ئوستوورەکە دا زیاد دەکاو لەگەڵ ئەوەش دا سوورپێستەکانی دی، بە ئەرخەیانییەوە ئەم گێڕانەوەیەی ئوستوورەکە پەسند دەکەن. لیۆشتراوس دەنووسێ: کاتێك کە ڕووداوێکی مێژوویی دیاریکراو تایبەت بە وڵاتێکی دیاریکراو لە سەردەمێکی دیاریکراو وەکوو شۆڕشی فەرانسە، ڕوو دەدا، لەهەر گێڕانەوەیەك دا بەجۆرێك خۆی دەنوێنی کەبە تەواوی جیاوازە لە گێڕانەوەکانی دیو ئەم خاڵە لەمەڕ کەتوار (واقع) ێکی نەك ئەوەندەش دوور ڕوو دەدا، کەوابوو بۆ دەبێ سەیر بێت کە گێڕانەوەکانی ئوستوورەیەك، لەگەڵ یەکدی دا جیاواز بن؟[٤١] بەئاشکرا ئەم ئەنجام گیرییەی لیۆشتراوس کە بنەمای گێڕانەوە گۆڕانی واتاییەو جەختێك کە ئەو لەسەر گرنگیی ڕاڤە ئەیکات، وەبیرهێنەری بابەتگەلی هێرمێنۆتیکی مۆدێرنە. کاری لیۆشتراوس لە ڕاڤەی ئوستوورەکان دا هاوشێوەی ڕاڤەکردنی خولیاکانە لە لایەن فرۆیدەوە. هەر خولیایەك لەسەر بنەمای گێڕانەوەیەکی ناتەواو دامەزراوە، چونکە پەیوەستە بە کردەی وەبیرهێنانەوە لە بێداری داو جیا لەمە لە خۆیەوە (کامڵ) نیە. هەرجارەو کە ڕاڤە دەکرێ، هەندێك لە لایەنە



PDF4Kurd

واتایی یەکانی خۆی لەکیس دەدا یان چەند لایەنێکی تازە وەدەست دێنێ، ئێمە تەنیا ژمارەیەك لە وێنەکانو دیالۆگەکان وەبیردێنینەوەو نەك هەموویان، پێداچوونەوە لەسەر گرنگترین خاڵەکان دەکەین نەك وردە کارییەکان.[٤٢] هەر ئوستوورەیەك بەڕای لیۆشتراوس گێڕانەوەیەکی ناتەواوە. خولیا، لە نەستی تاکەکەسی دا، تەواوەتی خۆی لەدەست دەداو ئوستوورە لە کۆنەستیدا.

٢

## فیردەوسی ڕاستەقینە، فیردەوسی ونبووە.

مارسێل پروست

لەبارەی میشێل فۆکۆ (١٩٨٤ ـ ١٩٢٦)وە بە تەنز گوتوویانە کە ئەو هێندە بوێر بوو کە مرۆڤو زانستی لە پانتایی زانستە مرۆڤایەتییەکان بردە دەرەوە. کاتێك لە ساڵی ١٩٨٠ ڕۆژنامەی لۆمۆند لەگەڵ فەیلەسووفانی بەناوبانگی سەردەم ئاخفیو گۆی وتەکانی ئەوانی لە کتێبێك دا چاپ کرد،(٤٣) فۆکۆ لەم نێوە دا، وەکوو تاکە "فەیلەسووفێکی نەناسراو" مایەوە، هەرچەند کە ئاستەم نەبوو کە لە دەقی گفتوگۆکەدا بتوانی هزرەکەی بناسیتەوە. فۆکۆ پێشتر چەندین جار لەبارەی سیاسەت، ئەدەبیاتو زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەتەك بلاڤۆکە هەمەجۆرەکان دا دوابوو، بەڵام هەرگیز لەبارەی فەلسەفەوە رازی نەبوو کە بدوێت. بە ڕای ئەو فەیلەسووف دەبێ هەمیشە روخساری لەپشت دەمامکێکەوە بشارێتەوە. پانتایی کاری فۆکۆ بێسنوور بوو. لە تاووتوێی پەیدابوونی چەمکی "زانستی مرۆیی"یەوە دەستی پێکرد، کارەکەی خۆی بە "دێرینەناسی زانست" ناودێر



کردو ئەمە بوو بە ناوونیشانی گرنگترین کتێبەکانی کە لە ساڵی ١٩٦٩ دا بڵاوی کردەوە.[٤٤] هەر بە زوویی لەنێوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠ دا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە "مرۆڤ" دیاردە یان چەمکێکی تازەیە لە زانستە مرۆڤایەتییەکانو مێژوو لە سەردەمی رێنسانس دا، کە هەر لە سەرەتاوە بەهێماکردن بۆ مرۆڤ دەستی پێکردوە بەڵام لە "سەدەی گەورە"دا واتە سەدەی حەڤدەهەم بۆتە "ئایدیای زاڵ". فۆکۆ ئەم خاڵەی چەند ساڵێك دواتر لە بەرهەمی "وشەکانو شتەکان"دا (١٩٦٦) روون کردەوە.[٤٥] کتێبێکی لەبارەی "دێرینەناسی زانستە مرۆڤایەتییەکان" کە باس لەم خاڵە دەکا، نووسیوە کە تیایدا دەڵێ: بە لەدایکبوونی مرۆڤ لە مەیدانی زانست دا جۆرێکی تازەو (چەمکی تازە) لە باڵادەستی سەری هەڵداوە. کەوابوو هەوڵی دا تا ڕەچەڵەکی دامەزراوە باڵادەستەکان دووبارە بناسێتەوە. پرسی: باڵادەستییەك کە بەسەر شێتەکانەوەی هەمانە، لەکوێوە هاتوە؟ (بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە) "مێژووی شێتی نووسی" (١٩٦١، چاپی دووەم ١٩٧٢).[٤٦] ئەم بەرهەمە روونکردنەوەی پەیدا بوونی چەمکگەلێکی تازە کە لە "شێتی"و"شێتخانە"وە سەریان هەڵداوەورەگو ڕەچەڵەکیان بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، دەگرێتە خۆ. دیسانەوە پرسی: "باڵادەستییەك کەبەسەر نەخۆشەکانەوە هەمانە لە کوێوە هاتوە؟" بۆ ئەم مەبەستە لە دایکبوونی دەرمانخانە (١٩٦٣)ی نووسی[٤٧]، کە نێوەرۆکەکەی دێرینەناسیی پێوەندیی نێوان چەمکە زاڵە ئەمرۆیی یەکانە کە بەهۆی نەخۆشەوە دروست بوون، پزیشکی، تەندروستی، نەخۆشخانە، نموونەی ئەم چەمکانەن. واتە دۆزینەوەی ڕەگەزو گۆڕانەکانی چەمکی "دیدی پزیشکی". پاشان پرسی: "باڵادەستییەك کە بەسەر زیندانییەکانەوە هەمانە لە کوێوە هاتوە؟" بۆ ئەم مەبەستە "چاودێریو سزادان"ی نووسی (١٩٧٥)[٤٨]، کە نێوەرۆکەکەی دێرینەناسیی پێوەندیی زیندان، زیندانبانو زیندانی، واتە



PDF4Kurd

تێگەیشتن لە چەمکی ئەورۆیی زیندان لە لایەن ئێمەوە دەگرێتە خۆی. دواجار پرسی پێوەندیی باڵادەستیو کێشە سێکسییەکان کامەیە؟ "مێژووی سێکسوالیتە"ی نووسی کە هەر سێبەرگەکەی چاپ کراوە.[٤٩] لە هەموو ئەم بەرهەمانە دا فۆکۆ خۆی بە چاوێك + میکرۆسکۆپ زانیوە کە "لە باڵادەستی رادەمێنێ". لە یەکەم بەرگی "مێژووی سێکسوالیتە"دا فۆکۆ جەختی کردوە کە گرینگی توێژینەوە لەمەڕ پرۆبلێماتیکەکانی ژیانی سێکسی لەم راستییەوە سەرچاوەی گرتوە کە ناسکار ***Subject***ی فەلسەفی / زانستیی هزری رۆژئاوایی لەم "مێژوو"ەدا خۆی وەکوو بەرناس ***Object***ی توێژینەوە پەسند کردوە. هەربۆیە تێگەشتن لە دروست بوونی پێوەندییە باڵادەست ئاسانو رێسابەندی کۆی پرسیاری باڵادەستی، بە لایەوە ئاسانتربۆتەوە. فۆکۆ کاری خۆی (بە بەراورد لەگەڵ کاری نیچەدا) بە "ڕەچەڵەك ناسی رەوشت" ناوزەد کردو جارێکیان وتی کە حەز دەکا کە کۆی بەرهەمەکانی بەم ناوو نیشانە بناسن. کاری ئەو بە کورتی دەتوانین بەم چەشنە کورت بکەینەوە: دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان زانستو باڵادەستی، نێوان هزرو هێز. روانینی ئەو بۆ رابروو تامەزرۆیی ناسینی رەگو ریشەکانی ئەم پێوەندییەی هەیە هیچ ئامانجێکی دیکەی جگە لەمەی بۆخۆی هەڵنەبژارد کەوابوو مێژوو نووس نەبوو، خۆی ناوی "فەیلەسووفی بێناو"ی لەخۆ نا واتە کەسێك کە "دەیەوێ بەرەو سیستمێکی فەلسەفی هەنگاو بنێ، بەڵام ناتوانێ" و لەم رێڕەوە دا فۆکۆ لە سۆفیستەکان دەچێ، واتە کەسانێك کە بە پێچەوانەی ئاراستەی فەلسەفیی سەردەمی خۆیان دەچوونە پێشەوە. هەرچەند ناویان زڕا، بەڵام لەهەمبەر راستی دا وەفادار مانەوە، هەربۆیە بە گوتی ژیل دلۆز تەنانەت تۆزقاڵێکیش زێدەڕۆیانە نیە گەر بڵێین فۆکۆ یەکێك لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی ئەم سەدەیە بوو.[٥٠] یەکێك لە گرنگترین چەمکەکان کە فۆکۆ بەکاری هێنا، چەمکی "ئاخێو" بوو. سۆسۆر ئاخێوی بە "ئەرکی بەیانکاریی



زمان" دەزانی، لەپاش ئەو زمانناسان بە ڕاشکاوی ئاخێویان بە "رستە"دەزانی. بەڵام لە نیشان ناسیی مۆدێرن دا ئاخێو "گۆڕدرانی رستەکان بۆ "رستەکانی" دیکە" بوو یان بە دەربڕینی تر "رۆحی زمان کە دێتە نێو دەربڕینەوە" بوو. پێوەندیی نێوان نێوەرۆکی واتایی، "کۆ"ی پێکهاتەی رستەو گوتارو نڤیسیار دەگرێتەوەو بەم پێیە باس لە "ئاخێوی رامیاری" یان "ئاخێوی گێڕانەوەیی" دەکەن. شوێن دەستپێکی لێکۆڵینەوەی فۆکۆ لەمەڕ ئاخێوەوە دوایین خاڵە. ئاخێو نووسەر یان ئاخێوەر ناچار دەکا شێوازێك لە دەربڕین یان مێتۆدێك لە نووسین هەڵبژێرێت، چونکە ئاراستەیەك لەو ئاخێوە پەیوەستە بە "باڵادەستیی زمان"ەوە. جۆرە پراکسیسێکی کولتوورییە کە زۆر بەهێز خۆ دەنوێنێ. بەم پێیە فۆکۆ هەر فۆرمێکی بەیانکاریی بە بابەتەکانی ژینی کولتووری "ئاخێو" ناودێر کردو کتومت لەبەر ئەم هۆیە ئاراستەیەکی "باڵادەست ئاسا"ی ئەو ئاخێوەی بەرجەستە کرد. لە لایەکی دیکەوە، هەر ئاخێوێك دەربڕینی فۆرمێك لەچێژەو لە خواستو تامەزرۆیی یەوە هەڵقوڵاوە. ئاراستەیەکە کە چەشنی دیوی باڵادەست گەرای ئاخێو، شاراوەیە.[٥١] هەربۆیە فۆکۆ گەڕایەوە بۆ ڕەچەڵەکناسی وشەی ***Discours*** یا (ئاخێو): ***Dis*** رەچەڵەکێکی هیندو ئورووپی هەیە کە واتایەکی نێگەتیف دروست دەکا، ***Kers*** بە واتای ئاراستەو رێگا دێت. فۆکۆ دەڵێ لە هەر ئاخێوێك دا، ئاوێتەیەك لە رێگاو لاڕێ، پەسندکردنو بەرتەك دانەوە، دەتوانی بدۆزیتەوە. هەر لەبەر ئەم واتایەیە کە فۆکۆ لە رەگەزناسی زانستدا کاری خۆی بە "ئاخێوێك لەمەڕ ئاخێو" ناوزەد کرد. ئاخێوی ئەدەبی بریتییە لە دیالکتیکی پەسندکردنو بەرتەك دانەوە. رێبازو مێتۆدی دەربڕینی هەر نووسەرێك رەنگدانەوەی هەڵکەوتی ئەوە لەنێوان دوو ئاراستەی ئاخێو دا. ئاماژەی واتایی هەر گوزاریەك لە نووسراوی هەر کەسێك دابێت، شوێنگەی ناهاوسەنگی نووسین لەنێو ئاخێو دا دەردەخات. نووسەرێك کە ئاگاداری ئەم



PDF4Kurd

هەڵکەوتە بێت، ئەم خاڵەش دەزانێ کە کەوشەنی ئاماژەی واتایی (لەلایەن) هەمان دیالیکتکی باڵادەستی/چێژەوە دیاری دەکرێ. فۆکۆ دەپرسێ: "چۆن خۆمان بخەینە نێو ئاسۆیەکی مێژوویی دیکەوە؟"، "بە چ جۆرێك زانستی ئێستا بە لاوە بنێینو زانستی رۆژانی رابردوو بکەینە پێوەری ناسینەوەی رووداوەکانی رابردوو؟"، "ئایا ئەم کارە لە بنەڕەت دا دەکرێ پراکتیك بکرێ؟"و ئەگەر ناکرێ بۆچی ناکرێ؟ ئەم پرسیارە فۆکۆی لەنێو بەڵگەنامەکانو دەقەکانی رابردوو نوقم کردو لەم نێوە دا دەقە ئەدەبییەکان بە لایەوە گرینگییان پەیدا کرد. هەر بەو جۆرەی کە ئێمە لەگەڵ ئاخێوێکی یاسایی بەرەوڕوو دەبین، فۆکۆش بەو چەشنە بەرەوڕووی ئاخێوی ئەدەبی بوویەوە. تێکەڵییەك لە دۆش دامانو تامەزرۆیی، ترسو چێژ، (بریتی بوون) لەو هەستەی کە فۆکۆ لەو کاتە دا تووشی ببوو. هەر بەندێکی یاسای سزادان، مافێکمان پێدەبەخشێو مافێکمان لێ دەستێنێو بە وردبوونەوە لە یاساکانی سزادانی رابردوو، دەپرسین: چ مافێکیان هەبوو کە لەمافی من زیاتر یان کەمتر بوو؟ ئەوان لە چ شتێك دەترسانو لە هەمان کات دا لە چ شتێك چێژیان وەردەگرت؟ مەبەستم ئیمابواری، ئاناکارنین، ژولین سۆرێلو "هیسکلیف"ە. لە بەرهەمەکانی فۆکۆ دا کەسیەتیە "خەیاڵی"یەکان بەردەوام یارمەتیی ئەو دەدەن: دۆن کیشۆتو برازای رامۆو ریمۆن رۆسێل نموونەی ئەم کەسایەتییانەن. سێیەم کەسیان نموونەی مرۆڤێکی راستەقینەیە (نەك خەیاڵی) بەڵام لە پاش دۆزینەوە "کایەی زمانی" بوو بە خەیاڵیو فۆکۆ لەبارەیەوە کتێبێکی نووسی. کەسێتییەکی سەرسووڕهێنەر کە دیدرۆ کتێبێکی لەبارەیەوە نووسی (هەرکات شتێك لەمەڕ کەسێکەوە دەنووسین دەیکەینە خەیاڵی) واتە برازی رامۆ، پێگەیەکی سانترالی لە "مێژووی شێتی"دا هەیە: "ئەو دوایین کەسە کە شێتیو بێئاوەزی لەدەروونی خۆی دا پێکەوە گرێ دابوو و جیاوازیی ئەم دووانەش بەهۆی ئەوەوە دەناسرێتەوە." [52] لە حاڵێکدا



کە برازای رامۆ لە "دیاردەناسیی رۆح"ی هیگلدا لەبۆ ناسینی "نامۆ بوون لەخۆ" بەکارهاتبوو،[53] لە کتێبی فۆکۆ دا هێمایەکە بۆ لەدایکبوونی "بێعەقڵیی نوێ". کاراکتەری دیکەی "بێعەقڵی نوێ" جەنگاوەری مانشە. فۆکۆ چەند جار دۆن کیشۆتی بە "یەکەمین بەرهەمی مۆدێرن" ناوزەد کرد، چونکە "وەك یەکیو جیاوازی پێکەوە لە هەموو چرکەساتەکانی بەرهەمدا بەدی دەکرێن"و هاویەکبوونی "شیعرو شێتی" دەردەخەن.[54] شێتیەتی برازای رامۆ، چەشنی شێتیی دۆن کیشۆت رووی ناوەکیی کەتوار نیشان دەدا. ئەوان "ئاخێوی شێتی"یان بنیات ناوە کە دواتر لە بەرهەمەکانی ساد، هۆلدێرلین، نێروال، نیچە، تراکێلو ئارێتۆ درێژەی پێدرا. لەباسەکەی فۆکۆ دا لەمەڕ "زانستی مرۆیی"، "رەچەڵەك ناسیی رەوشت"و "دێرینەناسیی زانست" پێبەپێی تێگەیشتن لە ئاراستە مێژووییەکانی کار، زمانو وارسکە، شتێکی دیکەش وەبەرچاو دەکەوێ: جۆرە پشێوییەكو ئاژاوەیەك.[55] بە شێوەیەکی تەنزئاسا، فۆکۆ ناوونیشانی وەرگێڕدراوی ئینگلیزیی کتێبی "وشەکانو شتەکان"ی بە "هاوڕێکی شتەکان" ناودێر کرد.[56] لە راستی دا بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەم هاوڕێکییە بوو چەمکی مرۆڤیان لە سەدەی هەژدەهەم دا دروست کرد.[!!] هەر بەهۆی دۆزینەوەی ئەم هاوڕێکییە بوو کە فۆکۆ خۆی بە "پێکهاتەگەرا" نەدەزانی؛ چونکە بڕوای بە هەبوونی "دواپێکهاتە" نەبوو؛ ئەوشتەی بە باوەڕ هێنان بە جیهانێکی داخراو لە قەڵەم دەدا، چونکە لەگەڵ مێتۆدی دێرینە ناسیی ئەودا نەدەگونجا.[57] هەر ئەم بڕوا کردن بەم پشێوییە لە بەرهەمی کەسانێك کە پێشتر ناوم هێنان، واتە پێکهێنەرانی "ئاخێوی شێتی" دا هەیە. ساد، هۆلدێرلینو ئەوانیتر هەر یەکەو بەجیا شتێکیان دۆزیەوە، کە نیچە بە کامڵترین شێوە دەری بڕیوە: ئەم شتە سەرسووڕهێنەرترین کەتواری سەدەی نۆزدەهەمە: نەك ئاوەز بەڵکوو جۆرێك "زانستی نەزانراو"ە (چەشنی "ئاگایی" خەوگەردێك) کە ئەو دیوی دیکەی



PDF4Kurd

"مـن" ئـازاد دەكـا. فۆكـۆ پیشانی داوە كە ئەم شێتانە شتێكیان زانیوە، كە زانستە مـرۆڤایەتییەكان تەنـیا ئاسـەوارێك لـەو (شـتەیان) لە بەرزترین ئاستەكانی كامڵ بوونـیان دا چەشـنی ئامانجـێك وەبەرچـاو گـرتوە. هـەر لەبـەر ئەمە بوو كە فۆكۆ بەرهەمـی ئەوانـی بـە "رەگـەزی مەعـنەوی دەربـڕینی پشـێوی ئاگایـی" زانیو لە وتارێـك دا لەژێـر نـاوی "پێشـەكییەك بـۆ قەدەغـە شكێنی" [٥٨] كە لەبارەی ژۆرژ باتـای نووسـراوە، نووسـی: زمانـی سـاد، هۆلدێرلین، فلۆبێرو نیچە ئیدی بەو مانا سـادەو ئاشـنایە دەربـڕینی بیرۆكەیـەك نـیەو بـە لەدەسـت چـوونی بـنەمای واتاناسـانەی زمـان، هـەر گـوزارەیەك دەبـێت بـە ئاشـكراكەری مـەرگـو شـێتی (بە شـێوەیەكی هاوكـات). ئـیدی ئـەو ئەرخەیانـیـیە دیكارتیـیە لـەكار كەوتـووەو "مەتـەڵ"و "پارادۆكسـەكانی هـزر" جێـیان گـرتۆتەوە. زمانی بەیانكەرو زانستی سـەدەی نـۆزدەهەم لەژێـر تیشـكی رۆحـی ئاخێوی گومانكارانەی ساد، هۆلدێرلین، فلۆبێرو نیچە كەمڕەنگو دواجار بێڕەنگ بوو و ئاخێوی تازە لە رێگەی دابڕانی تەواو لەو نەریتو زمانەوە دەستی پێكرد.

فۆكـۆ لـە "وشـەكانو شـتەكان"دا مـێژووی بـەرەوڕوو بـوونەوەی مـرۆڤو زمانـی بەسـەر سێپلەی لـێك جیا دابـەش كـرد: بەرلـە عـەقڵ گەرایـی پێـیان وابـوو كە وشـەكان شـتەكانن، واتە بڕوایان بەجادوی وشەكان هەبوو، ئاماژە پێكراویان نەك بـە ئامـادە بوونـی شـتێك، بەڵكـوو بـە خـودی ئـەو شـتە دەزانـیو تەنانـەت هێمایەكیشـیان بـە "خاڵی راڤەیـی" نەدەكرد. لەسەردەمی رۆشنگەریدا، ویستیان تـا هاوڕێكی شـتەكان لـە رێگـەی هاوڕێكیـی وشـەكانەوە تێبگـەن، ئەم دوانە یەك شـت نەبـوون، بـەڵام لەجـۆرە "دوا پـێكهاتەیەك"دا پێكەوە هاوبەشیان پەیداكرد. لـە رۆژگـاری ئـێمەدا "شـتەكان ئـیدی یەكسـەر لـە دەرەوەی بازنـەی ناسـاندنو بەیانكەریـیو ئامـاژە دا جـێگیر بـوو ون." [٥٩] مـرۆڤ ملكەچـی جۆرە "كایەیەكـی زمانـی" بـووە كە لە یاساكانی تێناگاو لەمە بەدواوە هیچ چەشنە پێوەندییەك لە



نـێوان شـتەكانو وشـەكان (لەنـێوان دەنـگو واتا)ش ناتوانی بدۆزیەوە. بە گوتەی فۆكـۆ ئەدەبـیاتو زمـان ئـیدی بایەخـی (مەعریفـی) یان ناسینیان نیە. بە زمانی ئاشـنای ئـێمە، هەرچەشـنە ئەركێكـی پـەیام لەگـەڵ ئەركـە "گەڕانەوەیـی"یەكەی لەنـێو چووەو تەنیا ئەركە ئەدەبییەكەی ماوەتەوە، بەم پێیە دەتوانین بڵێین كە سروشـتی ئاماژەگەریی زمان، جێی خۆی بە "ئاماژەیەكی ناوەكی" سپاردوە. فۆكۆ لـە وتـاری "زمـان تـا ناكۆتایـی" دا[٦٠] بـاس لـە هۆمێـرۆس دەكـا كـە گوتـبووی "خــواوەندەكان مــرۆڤەكان تووشــی بــەڵاو كارەســات دەكــەن تاكــوو بــتوانن لەبارەیانـەوە بـدوێن،" وەكـوو ئـەوە وایـە زمـان ئامـانج بێو تەنـگو چەڵەمەكانو مـردن ئامـراز بن. هۆلدێرلین وەبیری ئەو گریمانگەرایانەی كە دەیانویست یۆنانی كـۆن زیـندوو بكەنـەوە هێـنایەوە كە خواوەندەكانی یۆنان مردوون، كەوابوو زمان بـە كەڵكـی هـیچ كـەس نایـەت جگـە لـە "خۆم". هەر بەو جۆرە كە زمانی ماركی دۆسـات ـ دیلـی زیندانـی باسـتیل ـ بـە كەڵكی كەسـێك جگە لە خۆی نەدەهات.[٦١] فۆكـۆ لـە گۆشـە نیگایەكـی دیكەشـەوە باسـەكە دێنێـتە گـۆڕێ، گۆشە نیگایەك كە دەتـوانین بـە "بێدەنگـی" ناودێـری بكـەین. ئـەو نموونەیەكـی لـە "كتێـبخانەی بابل"ی بۆرخێس هێنایەوە كە لەودا تەواوی وشەكان، رستەكانو تەنانەت رۆنانە "بێواتــا"كانــی فۆنــیمەكان، واتــە هــەر سووچــێكی لــواوی زمــان، یەكســەر ناسـراوەتەوەو ئیدی شتێك بۆ گوتن یان دۆزینەوە یان ئاماژە نەماوەتەوە.[٦٢] بەر لـە فۆكـۆ، مـۆریس بلانشـۆ باسـی لـە "لەنێوچـوونی ئەدەبـیات" كـردبوو. ئـەو نمـوونەی لـە رۆژگارانـی دوورو ئەو وڵاتانە هێنایەوە كە خاوەنی نووسەرو شاعیر نەبـوونو پێشـگۆیی كـرد كـە "بێدەنگی لە ئێمەوە نزیكە. كولتووری نڤیسیاریو كتێب لەنێو دەچن، پاشان ..."[٦٣].

خاڵـی سـەرەكی لـەبارەی زمانـی شـێعرەوە ئەمەیـە كـە "چـۆن زمـان دەتـوانێ ئاخێوێكی یەكگرتوو و یەكسان بە شێعرو شێتی ببەخشێ؟ كام ئەركی سینتاكسی



PDF4Kurd

هاوکات هەم لە ئاستی واتایی  دا دەناسرێتەوەو هەم ئاماژەیەکی راڤەئاساشە؟"[٦٤] ئەم پرسیارە لە وتارێك دا کە لەمەڕ هۆلدێرلین هاتۆتە کایەوە، لە پانتایی شێعری هۆلدێرلین تێپەڕیوە. بەڵام فۆکۆ خۆی وڵامێکی بۆ ئەم پرسیارە پێنیە. لە دواندەرییەکەی لە "کلژۆدۆفرانس" دا کە لەژێر ناوی "سیستمی ئاخێو" بڵاو کراوەتەوە [٦٥]، لەبوونێکی نهێنی دەروونی ئێمە دەدوێ کە هێندێك جار وەقسە دێو ئێمەش کۆیلەی ئەوینو ئەگەر وابێت پرسیاری ئەو (فۆکۆ) لەبارەی "ئەو ئەرکە سینتاکسی"یەش بێوڵامە، بەڵام رێ لەبەر دەم مان دا ئاوەڵا دەکات تاوەکوو وێنەیەکی تازە، لە شوێنگەی هونەرمەندو شاعیر بەدەست بێنین. ئورووپای مەسیحی لە رێنسانس بەم لاوە لە پێناسەکردنی ژینی هونەرمەند دا، لەو پاڵەوانێکی دروست دەکرد، نموونەش ژیاننامەگەلێکە کە واساری لەمەڕ هونەرمەندانی رێنسانس نووسیونی [٦٦] کە ئەوان بەم جۆرە دەنوێنێ: بلیمەتی هەر لە منداڵییەوە لەوان دا هەبووە، ئەوەش نەك لە فۆرمی سەرهەڵدانی دەروونناسانەدا، بەڵکوو چەشنی گەوهەرێك کە هەر لە سەرەتاوە لەواندا بەئەمانەت چێنراوە. وێناکردنی رێنسانس لەبۆ هونەرمەند/ی قارەمان رەگو ریشەی بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. لە سەدەی نۆزدەهەم دا ئەم وێناکردنە گۆڕا، سەرەتا گریمانی رۆمانتیکەکان شێتیی لەجێی بلیمەتی بەرجەستە کرد. ئەم گریمانە سنوورێکی باریکی لەنێوان بلیمەتیو شێتی دەدۆزیەوە. پاشان سیمبۆلیستەکان شیعرو شێتییان بە یەك شت زانی، بەڵام ئەمڕۆکە، ئەم خاڵە لە بنەڕەتەوە گۆڕانی بەسەر داهاتوو ئیدی نەبوونی ئاماژەو هاوواتا بە "سروشتی" بەرهەمی هونەری دادەنرێت. فۆکۆ لە "وشەکانو شتەکان" دا نووسی:

*وشەی ئەدەبیات وشەیەکی نوێیە، هەر بەو جۆرە کە لە کولتووری ئێمەدا گۆشەگیری زمانیی تایبەتی کە بوونەکەی "ئەدەبی"بێ، مۆدێرنە؛ هەر بۆیە لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم دا زمان کە پێشتر بواری دەدا هزر لێی سوودمەند*



*بێ، بنەمای خۆی لە شوێنێکی دی دا، هەسەم دەکرد، بە شێوەیەکی سەربەخۆ چەشنی گەڕانەوە بۆ کردەی پەتی نووسین ... لێرەدا ئەدەبیات بە شێوەیەکی پەرەسەندوو لە سنووری فەرمانڕەوایی "ئاخێو"ی ئایدیالی جیا بوەوەو خۆی لە دەروەستێکی حاشاهەڵنەگر شاردەوە. لە هەرچەشنە بەهایەك کە دوو سەدە پێشتر بواری گشتگیر بوونی ئەوی دەرەخساند (زەوق، چێژ، خاڵی سروشتی، هەقیقەت) دابڕاو لە کەشو هەوای ناوەکیی خۆی دا هەموو ئەو شتانەی خولقاند کە بەرتەکدەری حاشاهەڵنەگری ئەو شتانە بوون، واتە (شتە ورووژێنەرەکان، نا شیرینو نەلواوەکان)* [٦٧].

واتە ئەدەبیات بوو بە جۆرە ئاوەژوویییەكو کاریگەرییەکەی لە ئاستی یاخی بوونی ژمارەیەك نووسەرو شاعیر تێپەڕی، چونکە چەمکی "دووبارە دۆزینەوە، یا دووبارە دۆزینەوەی زمان"ی لێ کەوتەوە. خاڵی گرنگ کە لە باسکردنی "دووبارە دۆزینەوەی زمان" دێتە گۆڕێ، پێوەندییە ناوەکییەکانی دەقی ئەدەبیی تایبەتە لەگەڵ دەقەکانی دی دا. فۆکۆ لەمەڕ "پێوەندییەکانی نێوان دەقی" بە کەمی نووسیویەتی. هەڵبەت بەرهەمەکانی ئەو هێنانە ئارای تیۆریکیی "پێوەندییە ناوەکییەکانی ژانرەکانی ئاخێو" دەگرنە خۆیان، کە بەکەڵکی تاووتوێی ئەو شتەی کە مەبەستمانە دێن، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی دیارترو روونتر لە پێوەندییە "نێوان دەقی"یەکان لەهزری فۆکۆ دا ئاگادار بین، تەنیا وتارێکی کە بەکەڵکمان دێ، وتارێکە لەژێر ناوی "کتێبخانەی خەیاڵی" کە لەمەڕ چیرۆکی "راڕایی سێنت ئانتوان"ی فلۆبێر کە لەساڵی ١٩٦٧ دا نووسراوە.[٦٨] فۆکۆ سەرەتا روونکردنەوەیەکی وردی لەبارەی رەوتی سێجار نووسینەوەی راڕایی لەساڵانی ١٨٤٩، ١٨٥٦، ١٨٧٢ ئەنجام داو هەوڵی دا تا روون بکاتەوە کە بۆچی نووسینی ئەم دەقە بۆ فلۆبێر دژوار بوو. پاشان روونکردنەوەیەکی لەسەر رەچەڵەكو چاوگەکانی چیرۆك هێنایە ئاراوەو نووسی کە دۆزینەوەی رەگەزی



PDF4Kurd

"دۆن کیشۆت" له ئەفسانە پاڵەوانەتیو یان ڕەگەزی "ژۆستین"ی مارکی دۆساند لە ڕۆمانە "قەدەغە"کانی سەدەی هەژدەهەم دا، کارێکی ئاسانە، بەڵام "ڕاڕایی سێنت ئانتوان" بە کام "ژانر"ەوە گرێ دراوە؟ فۆکۆ بۆ وڵام دانەوەی ئەم خاڵە کتێبخانەیەکی خەیاڵیی دروست کرد: مالارمە، جۆیس، ڕۆسێل، کافکا، پاند، بۆرخێس لە نووسەرانی کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیەن. چیرۆکی فلۆبێر نە لەیەك ژانر دا بەڵکوو لەیەك کتێبخانە دا جێی دەبێتەوە. هەرچەند کە تەنیا "کتێبی پیرۆز" (ئینجیل) لەگەڵ ئەو دا شایەنی بەراورد کردنە".[٦٩] وتاری فۆکۆ چەشنی چیرۆکی فلۆبێر خاڵی (نێوان دەقی) بە گرنگ دەزانێ. بەڵام وڵامێکی بۆ پەیدا ناکات. ئەو دەقەی کە وەکوو کۆمەڵەیەکە لە بڕگە بچووکەکان بەڵام نەناسراوە (بڕگەگەلێك کە بەدەر لە کۆتی پێوەندییە لۆژیکییەکان پێکەوە بەستراونەتەوە) هەمان پێوەندیی لەتەك دەقەکانی دیکەدا پەیدا دەکات، واتە چەشنی کتێبێك لە کتێبخانەدا لەگەڵ کتێبێکی دی پێوەندی پەیدا دەکات. فۆکۆ دەنووسێ کە "ڕاڕای سێنت ئانتوان" تەنیا کتێبێك نیە کە فلۆبێر ماوەیەکی زۆر خەیاڵی نووسینی کەوتبوە مێشکی، بەڵکوو خولیای کتێبەکانی دیکەیە، خولیایەك کە لەو دا کتێبەکان دەبینن[!!] بە شێوەیەکی کاملتر تەنانەت دەتوانین بڵێین کە "بەرهەمەکانی فلۆبێر خولیای کتێبەکانی دیکەیە." [٧٠]

گرینگترین کاری فۆکۆ لەبواری "تیۆریی ئەدەبی" کتێبێکە لەمەڕ ڕیمۆن ڕۆسێلەوە (١٨٧٠ - ١٩٣٣)[٧١]. مێتۆدی نووسینی ڕۆسێل سەمەرە بوو. ئەو دوو ڕستەی کە لە ڕوانگەی فۆنەتیکییەوە لێك دەچنو لە ڕوانگەی واتاناسانەوە جیاوازن لە جێی یەکتری بەکار دەهێنان. مێتۆدێك کە لە لایەکەوە پشتی بە واتاهەمەجۆرەکانی وشەو لە لایەکی دیکەشەوە بە ئەگەری دابەشبوونی وشەیەك بۆ پاژگەلێك بەستوە کە هەر یەکەو چەند واتایەکی جیاواز بە دەستەوە دەدەن. لە هەنگاوی دوایدا ئەم پاژانە لەتەك توخمە وشەییەکانی دیکە لەرستەدا لێك



دەدرێنو ئەمە هەمووی تێکشکاندنو وێران کردنی واتای لێ دەکەوێتەوە. ڕۆسێل خۆی ئەم مێتۆدەی بە "خوازە" ناودێر دەکردو دەینووسی کە شێوازی نووسینی ئەو بە تەواوی "شاعیرانە"یە. چیرۆکەکانی ئەو خاوەنی توخمگەلی گێڕانەوەیی نەبوون، یان بە دەربڕینی باشتر بە شێوەیەکی نائاسایی دەگێڕدرانەوە. هەربۆیە سەرەتا سۆرریێئالیستەکان - پاشان نووسەرانی "ڕۆمانی نوێ" (بە تایبەتی میشێل بۆتۆر) پەسنی ئەویان کردوە. جەختی فۆکۆ لە کتێبەکەیدا لەسەر "کایەزمانییەکان"و"ئاراستە لەخوێندنە نەهاتووەکان"ی بەرهەمەکانی ڕۆسێل بوو بۆنموونە ڕۆسێل لە ڕۆمانی"لۆکۆس سۆلۆس"(١٩١٤)دا باس لە ئامێرێك دەکا کە بە مەبەستی خوڵقاندنی جیهانێك دروست کراوە، کە یەکسەر زادەی سروشتی ئامێریانەی زمانەو بنەمای ئەم چیرۆکە "کایەی زمانی"یە. لە یەکەم پاراگرافەوە بەهۆی واتا جیاجیاکانی ڕستەکە چیرۆکێك دادەهێنرێ کە لە ڕواڵەت دا زادەی ئامێرە: شازادەیەك عاشقی کچێك دەبێت "کە بە ددان گرتوویەتی". فۆکۆ ڕوونی کردەوە کە لەلایەکەوە دەق لە درێژەی ڕستە بێواتاکانی خۆی دا "فۆرمێکی گۆڕاوو جیانەکراوە"ی داهێناوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەری وەدەستهێنانی لێکدانە جیاوازەکانی تا سنووری بێکۆتایی هێناوەتە گۆڕێ. ئەو لێکدانانەی کە "لەپاڵ یەکڕیز بوونی فۆنەتیکیو نەك پێوەندیی واتایی وشەکان" وەدەست دێن لە ئەنجام دا، بواری سەرسووڕهێنەری زمان کە"ئاراستە بەتواناکەی بەڕاستی بەرەنجامی هەژاریەتی"ڕوون دەبێتەوە.[٧٢] فۆکۆ پیشانی دا کە لە ڕێگەی "مێتۆدی" ڕۆسێلەوە وڵامی خەیاڵ کردنەوە بە زمان (لەو شوێنەی کە زمان بە ئازادی "چەشنی سیستمێك لە جیاکارییەکان کایە دەکا") بواری پەیدا بوونی واتا ناکۆتاکان دەڕەخسێنێو واتاکان دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵە نیشانەیەك: "داهێنانی زمانێك کە تەنیا خۆی دەدوێ، بەزمانی ئەدەبی بوار یان کەشو هەوایەکی سەرسوڕهێنەر دەبەخشێ کە ڕەنگە بتوانین بە



PDF4Kurd

زماناسـانه باسـی بکـەین، ئەگـەر هاتـوو وێنەیەکـی ئـاوەژوو (بەکارهێنانـی خولیائاسا سەرخۆشانەو ئوستوورەیی لە کەش‌و هەوای زماناسانەدا)ی نەبێت."[73] فۆکۆ باسی لەپێشینەی بەکارهێنانی خوازە لە سەدەی هەژدەهەم (بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی رێزمان نووسی ـ کەم تا زۆر نەناسراو ـ بە ناوی دۆمارشێ) کردو گرینگیی کاری رۆسێلی لە "مێتۆدی ئاوەژووکەر"ی ئەو زانی: "گەڕانەوەی وشەکان بۆ ئەو شوێنەی کە لەوێوە جوولەی خۆیان دەست پێکردبوو، ئەمەیە واتای مێتۆدی رۆسێل". دیسانەوە (ئامانجی رۆسێل)☺☺☺ دووبارە دروست کردنەوەی کەتواری جیهانی دەرەکی لەرێگەی بەکارهێنانی هەڵقوڵاوی زمان، شاردنەوەی کەش‌و هەوای پێشبینی نەکراو، ئاشکراکردنی هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا نەگوتراون، بوو."[74]

فۆکۆ جەختی کرد کە رۆسێل نەیدەویست جیهانێکی تازە (دنیاکانی تر کە بەزۆری لەنێو ئەفسانە زانستییەکان دا سەرهەڵدەدەن) دروست بکا. ئەو دەیویست دنیای تازەی زمان بدۆزێتەوە: کەش‌و هەوایەك کە لە "وتە هێشتا دەرنەبڕدراوەکان" دروست دەبێ. بەم جۆرە فۆکۆ واتایەکی تازەی "لە ئەدەبیاتی فەنتازیك" وەدەست هێنا. ئەو لەوتاری "کتێبخانەی خەیاڵی" دا نووسی: "خەیاڵ نابێ بە پێچەوانەی کەتوار بڕوات، تاکوو بتوانێ لێی تێپەڕێت. ئەوەند بەسە کە بچێتە نێو نیشانەکانەوە واتە لە کتێبێکەوە بچێتە نێو کتێبێکی ترەوە".[75] واتە بچێتە نێو دوو دەقەوە، لەمەودای دەق‌و راڤە دا. هەربۆیە کە لە کتێبخانەی فۆکۆ دا مەودای نێوان کتێبەکان گرنگە نەك خودی کتێبەکان. ئەم کتێبخانەیە تەنیا کەش‌و هەوای ئەدەبی نانوێنێ، بەڵکوو بریتییە لە کەش‌و هەوایەکی خەیاڵی.[76] رۆسێل بە گوتەی خۆی "هەموو دنیای دیبوو"، لە چین‌و هیندەوە بگرە تا دەگاتە دورگەکانی باکوور لە ئوستڕالیاوە تا ئەفریقا "و بست بە بستی ئوروپا"و نووسیبووی: "لەڕاستیدا هەموو سەفەرەکانم لە نووسینی



کتێبەکانم دا تۆزقاڵێك یارمەتییان نەداوم ... بە لای منەوە خەیاڵپەروەری هەموو شتێکە".[77] فۆکۆ لە کتێبی "ریمۆن رۆسێل"دا زیاتر سەرنجی دەدایە "کایەی زمانی" رۆسێل. بەڵام کاری رۆسێل لەمەڕ زمانەوە جیا لە هزرەکەی لەبارەی شوێنگەی ناسکار، فەلسەفی نیە. رۆسێل لەو باوەڕە دا نەبوو کە "من" ناسکارێکە کە "سەرنج" دەداتە ئەویتر. بەپێچەوانەوە "من" تەنیا دەتوانێ بەرناسێك بێ بۆخۆی. بێتوانایی یان هەرەس هێنانی "من" لە بەیانکەرییش دا لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ. لەبەر ئەمە رۆسێل واتای راڤە نەکرد، بەڵکوو نیشانەکانی راڤە کرد. "چۆن دەنووسم؟" بە پێی راڤەی فۆکۆ دەگۆڕێت بۆ پرسیاری "چون دەنووسن؟" ئەمە یەکێك لە هەوێنە سەرەکیەکانی کتێبی "وشەکان‌و شتەکان"ە، کە بڕیارێکە لەپێناو سەلماندنی "مەرگی ناسکاری فەلسەفی".

بە بۆچوونی فۆکۆ ئەگەر نووسین ئەمڕۆکە لە رۆشنگەری دەرباز بووبێ‌و ئەگەر تەنیا وەکوو گەڕانەوەیەك بۆخۆی بزانرێت، کەوابوو ویستی دانەر بەلاوە دەنرێ‌و دەق بە بنەمای کارەکە دەزانرێت. فۆکۆ لە وتاری "دانەر چیە؟"[78] (نەك کێیە؟)لە زاری سامۆئێل بێکتەوە دەنووسێ: "یەکێك دەدوێ، گرینگ نیە چ کەسێك دەدوێ".[79] کاراکتەرە لاوەکانی تراژیدیاکانی یونان پێشوازییان لە مەرگ دەکرد، چونکە بڕوایان بە نەمری هەبوو. لە "هەزارو یەك شەو"دا شەهرزادی چیرۆکبێژ بەسەر مەرگ دا زاڵ دەبێ. بەڵام نووسەری نوێ نە بڕوای بە نەمری هەیەو نە بە درێژەدان بە چیرۆکبێژی دەتوانێ لە دەست مەرگ رابکا: "ئێستا نووسین بە کوشتن‌و بەر لە هەموو شت بە کوشتنی دانەر گەیشتوە. فلۆبێر، پروست‌و کافکا، نموونە دیارەکانی ئەم گۆڕانکارییەن (لە نووسیندا) "و "ئەری رەخنە ئیدی دروستکردنی پێوەندییەك لەنێوان دانەرو بەرهەم نیە. هەروەها روونکردنەوەی هزرەکان‌و ئەزموونەکانی دانەر کە لە بەرهەم دا



PDF4Kurd

رەنگیان داوەتەوە نیە. هەنووکە رەخنە دەبێ تەنیا لە پێکهاتەی بەرهەمی هونەری بکۆڵێتەوە، واتە لە فۆرمی بیناکاری خۆی دا (لێی بکۆڵدرێتەوە) کە لە پێوەندی نێوەوەی پاژەکان دا، دەشێ بزانرێت."[٨٠] پێشتر لە باس کردنی فۆرمالیستە رووسی‌یەکان دیتمان کە بە بۆچوونی ئەوان لە تاووتوێی بەرهەمە هونەری‌یەکان دا، هەلومەرجە مێژووی‌و کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژیەکانی پەیدابوونی بەرهەمە هونەری‌یەکان، ناتوانێ شوێن دەستپێکی ناسین بێت‌و لەتوێژینەوەو شی‌کردنەوەی ئەم بەرهەمانەدا، بەر لە هەموو شتێك دەبێ لەپێوەندی‌یە ناوەکی‌یەکانی توخمەکانی فۆرمەکەیان ورد بینەوە. ئەم رێسایە لە رێبازی ناسراو بە "رەخنەی نوی" کە چەندین دەیە رێبازی زاڵی رەخنەی ئەدەبی لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنیش بوو، پەسند کراوە. پێش ئەوان تی.ئێس.ئیلیوت لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە وتاری "نەریت‌و زەوقی تاکەکەسی"دا نووسیبووی: "ئەو کاریگەری‌و ئەزموونانەی کە بە لای مرۆڤەوە گرنگ ئەژمار دەکرێن رۆڵی لە شێعری ئەو دا نیەو، ئەوانەی کە لە شێعری خۆی دا گرینگی وەدەست دێنن، لەوانەیە بەڕای ئەو گرنگ نەبن."[٨١]

لەبەرهەمەکانی فۆکۆ دا هۆیە سەرەکی‌یە تیۆریکی‌یەکان بۆ سەلماندنی ئەم رێسایە ئامادە بوون. ئەو لە کۆتایی "وشەکان‌و شتەکان" دا نووسی: مرۆڤ خۆی داهێنراوێکەو دێرینەناسی زانست نیشان دەدا کە داهێنانێکی تازەیە کە بە زوویش لەنێو دەچێ".[٨٢] چەمکی دانەر (چەشنی ناسکاری فەلسەفی) کە لە سەدەکانی پێشوو دا لە رۆژئاوا گرنگ بووە، ئەویش لەنێو دەچێ. فۆکۆ باس لە زمان دەکات کە تێدەفکرێ ﴿!!﴾ لیۆشتراوسیش باسی ئەم خاڵەی کردوە کە "گرنگ نیە خەڵکان بە چ جۆرێك بیر لە ئوستوورەکان دەکەنەوە، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئوستوورەکان چۆن لە خەڵکان تێدەفکرن، بەبێ ئەوەی کەسەکان ئاگادار ببنەوە کە چی روودەدات."[٨٣] ویستی دانەر گرنگ نیە، ئەم ویستە وەکوو



زۆربەی رووداوە بەرجەستەکانی ژیان، یان ئەو تیۆری‌یە ئیستاتیکیانەی کە بە گومانی دانەر بنەمای کارەکەی بووە، بێبایەخن. خاڵی باوەڕپێکراو خودی بەرهەمەو پێوەندی‌یە ناوەکی‌یەکانی نێوان توخمە روخسار بەخشەکانە کە دانەر رۆڵێکی ئەوتۆی لە درووست بوونیان دا ناگێڕێت. رۆلان بارت لە وتاری بەناوبانگی خۆی بە ناوی "مەرگی دانەر"جەختی کرد کە جیهان کلیلی ناسینی رۆمانی گەڕان بەدووی کاتی لەدەستچووی مارسێل پروست نیە، بەڵکوو رۆمانەکە کلیلی ناسینی جیهانە. لەجێی ئەوە کە بارۆن مۆنتسکیۆ بەسەر چاوەی شارلۆس لە رۆمانەکەدا بزانی، دەبێ شارلۆس بەسەر چاوەی بارۆن دابنێین. مالارمە راستی دەگوت کە "زمان دەدوێ بەڵام دانەر ... نووسین گەیشتنە بە شوێنێك کە زمان ببێت بە کردەوە، نەك من".[٨٤] پاش مالارمە پۆلوالێری جەختی لەسەر ئاراستەی زمانناسانەی کاری دانەر کرد. پروستیش جیا لە هەموو شیکردنەوە سایکۆلۆژیکیەکان کە دەتوانین لەسەر کارەکەی ئەنجامی بدەین، چیرۆك گێڕەوە نە بەو کەسە دزانێ کە دەیبنی‌و هەست پێدەکاو تەنانەت دەنووسێ، بەڵکوو بەو کەسەی زانیوە کە دەیەوێ بنووسێ؛ پیاوێك کە بە ڕاستی نازانین کێیەو تەمەنی چەندە، تەنیا دەتوانێ بنووسی‌و ناتوانێ چیرۆکێك بگێڕێتەوە. رۆمان لە شوێنێك کۆتایی پێدێ کە ئەم پیاوە توانای نووسینی پەیدا کردوە. "پروست بۆ نووسینی خۆی دلێری‌یەکەی خوڵقاندوە" [!!] واتە "لەجێی ئەوە کارێکی ئاسایی ئەنجام بداو ژیانی خۆی لە رۆمانی خۆی دا بەیان بکا، لە ژینی خۆی بەرهەمێکی خوڵقاند کە سێمبۆلی سەرەکیی رۆمانەکەیەتی". بارت پێی داگرت کە ئەگەر لەم هەوڵدانە دا بۆ دۆزینەوەی "پێش مێژووی مۆدێرنیزم" بچینە پێشەوە، سۆرریئالیستەکانیش دەدۆزینەوە کە لە مێتۆدی "نووسینی میکانیکی" دانەریشیان ئەگەر بەلاوە نەنابێ تا ئاستی زمانی کە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ دەدوێ، دایان بەزاندوە. ئەوان دانەریان بە "دەستێك کە کۆمەڵە شتێك



PDF4Kurd

دەنووسێ کە مێشك ئاگای لەو شتانە نیە" چوواندوەو، لە ئەنجام دا بە پەسندکردنی ئەم ڕێسایە کە دەبێ ئەزموونی چەند کەسێك هاوکاتو بە یارمەتیی هەموویان بنووسرێتەوە، دانەریان کوشت. دانەر بەر لە بەرهەم تێدەفکرێ، لە پێناوی دا ڕەنج دەکێشێ، بە خاتری دەژی، بەڵام بەرهەم لەپاش دانەر دەخولقێو تیۆریی ئەدەبی نوێ یەکڕاست لە بەرهەمەوە دەست پێدەکا. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی واتایەکی تاقانەیی نیە کە لەو دا پەیامی دانەر - خواوەند - بە خوێنەر بدات، بەڵکوو کەتوارێکی چەند ڕەهەندیيە کە خاوەنی چەندین واتایەو هیچ کام لەو واتایانە بە مانای واتای پەتیو کۆتایی بەرهەم نیە. کۆمەڵەیەك لە "نووسراوەکان" بەرهەم دەئافرێننو "نووسینی ڕەسەن" دەتوانین لەم نێوە دا بدۆزینەوە، یان بناسینەوە. گریمان دەق لە ڕێگەی دانەرەوە بناسین. ئەمە بە واتای دروست کردنی چوارچێوەیە بۆ دەق. ئەم جۆرە کارە هەڵبەت باسەکە سانا دەکا، تەنیا دەبێ دانەر بدۆزینەوەو لەبارەیەوە کۆمەڵە زانیاریەك پەیدابکەین ئەم کارە وێنەیەکی (زۆر جاران ئاڵۆز) لەبۆ دانەر دەکێشێتەوە، بەڵام هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ناسینی بەرهەم نیە. بارت دەڵێ: "لەدایکبوونی خوێنەر لە گرەوی مردنی دانەر دایە."[٨٥] ژان پۆل سارتێر لەمەڕ شێعرەوە جیایی زمانی لە واتا پەسند کردو لە کتێبی "ئەدەبیات چیە؟"دا شاعیری بە کەسێك پێناس کرد، کە لە زمان کەڵك وەردەگرێو "وشەکان بە خودی شتەکان دەزانێ نەك بە نیشانەی ئەوان".[٨٦] تۆدۆرۆف دەنووسێ: "جیاوازیی واتاو ئاماژە کە سارتر لەبارەی زمانی شاعیرانەوە هێناویەتە گۆڕێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیيەی کە ڕۆمانتیك خوازە ئاڵمانیەکان، وەکوو: مۆریتێس، نوواليسو ئۆگۆست ویلهێلۆم شیگێل، لەنێوان ئەلیگۆری *Allegory* = تمسیلو سیمبۆلدا دۆزیبوويانەوە.[٨٧] بەهەرحاڵ سارتێر لەتەك تیۆریی شێعری پێکهاتەگەراکان ناتەبا نەبوو، بەڵام ئەو ڕێسایانەی کە لەمەڕ شێعرەوە بە



دروستی دەزانی، لەبارەی پەخشانەوە بەهەڵەی لەقەڵەم دەدان. ئەو نووسەری (پەخشان نووس)ی بە بەرپرسیاری هەڵبژاردنی وشەکان چەشنی نیشانەکانو بەرپرسی دروستکردنی "واتا" دەزانیو هەر ئەم خاڵە بنەمای "تیۆریی ئەدەبیاتی دەروەست"ی ئەوی پێك دەهێنا: "نووسەری پابەند ئاگادارە کە ئاخاوتن هەمان کردەیەو ئاشکرا کردن بریتیيە لە گۆڕین".[٨٨] بە بۆچوونی سارتێر هونەرو ئەدەبیات پابەندە بە ئەدەبیاتێك کە ئاگاداری ناسنامەی خۆیەتیو بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە دەیڵێن مەرج نیە بە واتای دەروەستیو پابەند بوون بێت بە ئامانجێکی سیاسی (یان پرۆگرامی سیاسیی پارتێکی تایبەتی).[٨٩] لە ڕەخنە ئەدەبیيەکانی سارتێریش دا، دانەر چەندین جار گرینگتر لە بەرهەمەکانی خۆی زانراوە. لە چوار بەرهەمی ئەو کە لەمەڕ چوار ئەدیبەوە نووسراون، وردبینەوە: بودلێر (١٩٤٧)، ژێنەی پیرۆز، ئەکتەر یان شەهید (١٩٥٦)، وشەکان (کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٤ تەواو بووەو لە ساڵی ١٩٦٣ دا بڵاو بۆتەوە)و "گەمژەی بنەماڵە" (لە سێبەرگ دا ١٩٧٢ - ١٩٧١). نێوەرۆکی ئەم چوار کتێبە کەسایەتییە ئەدەبیيەکانن نەك بەرهەمە ئەدەبیيەکانیان. ئەم چوار کەسە بریتین لە: شارل بۆدلێر، ژان ژێنە، سارتێر خۆیو گۆستاو فلۆبێر. دوایین رستەی کتێبی "بۆدلێر"ی سارتێر نیشان دەدا کە کەسێتیی کەسێك واتە شارل بۆدلێر، بەڕای نووسەر، ڕێخۆشکەرو ئامرازی ناسینی مرۆڤی هەمە لایەنەیە: "دۆخە ئەبستراکتەکانی ئەزموون ئەم ڕاستیيەیان بەو (بۆدلێر) " پیشان داوە کە هەڵبژاردنی ئازادانەی مرۆڤ لە دروست کردنی خۆی، بە شێوەیەکی ڕەها هەر ئەو شتەیە کە ئێمە چارەنووسی پێدەڵێین."[٩٠] گەڵاڵەی "ژێنەی پیرۆز" لەمەڕ کۆی زانیارییەکانی ئێمە لەبارەی کەسێتییەکەوە لە هەمە لایەنەبوونی هەبوونی ئەو" بوو.[٩١] لە ڕێگەی بۆدلێرەوە مرۆڤی هەمە لایەنە دەناسینو لە ڕێگەی ژێنەوە مرۆڤی تایبەتیو ئەدەبیات - واتە بەرهەمەکانی ئەوان - بۆ



PDF4Kurd

ناسینی مرۆڤ بەکار دێت. سارتێر کتێبی "ژێنەی پیرۆز"ی ( خۆی گوتەنی) بە مەبەستی "نواندنی سنووردارییی شیکاریە دەروون شیکاریو مارکسیستییەکان" نووسی تا "هەڵبژاردنی نووسەرێك لە پێکهاتەی خۆی دا" بۆمان روون بێتەوەو "بتوانین تا ئاستی رێپێدانی مێژوو (فۆرمێك لە ■ ■ ■ ) ئازادی لە وردەکارییەکانی خۆی دا روون بکەینەوە."[٩٢]

لەراستی دا لەم بەرهەمانەدا هەمان پرسیاری بنەمایی "فەلسەفەی سارتێر" سەر هەڵدەدا: پێوەندیی ئازادیو (جەبر) لەچی دایە؟و ئەم خاڵە بەتایبەتی لە کتێبی "وشەکان"دا بە تەوژمێکی زیاترەوە وەبەرچاو دەکەوێ. لەم کتێبە دا یەکەم ساڵەکانی ژینی سارتێر دەناسین تاکوو کلیلێك بێ بۆ تێگەیشتنی هزری فەلسەفیی ئەو. بەڵام پرسیاری سەرەکی هەروا بێ وڵام دەمێنێتەوە: بۆچی بۆ ناسینی بەرهەمەکانی نووسەرێك دەبێ ژیاننامەی ئەو بنووسینەوە؟ ئەگەر ناسینی بەرهەمەکان لێرەدا بە ئامانج بزانین ـ چونکە بە ئاشکرا ئامانجی سارتێر لە رێگەی هێنانەگۆڕی ژیاننامەی دانەرەکان ـ وەڵامدەری پرسیارە فەلسەفییەکانە. هەرچۆنێك بێ لەسەنتەری سەرنجی سارتێر دا ژیانی دانەر جێی گرتبوو نەك بەرهەمەکانی. لە یەکەمین رستەکانی "گەمژەی بنەماڵە"دا دەخوێنینەوە: "بابەتی کتێبەکە ئەمەیە، ئەمرۆکە چ شتێك دەتوانین لەبارەی مرۆڤێکەوە بزانین؟ پێم وایە تەنیا بە توێژینەوەیەکی دیاریکراو دەتوانین وڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە: چ شتێك بۆ نموونە لەبارەی گۆستاو فلۆبێرەوە دەزانین؟"[٩٣] فلۆبێر وەکوو کەسێك ـ کە بەڵگەی زۆر لەبارەی "ژیانیەوە" بەجێ نەماوە، تاکوو بتوانین توێژینەوەکە بەرەو پێشەوە ببەین ـ گرنگە نەك وەك نووسەر. من گرنگیی ئەم چوار کتێبە رەت ناکەمەوەو دەزانم کارە بەنرخەکانی سارتێر لەپێناو دۆزینەوەی کۆمەڵە وڵامێك بۆ ئەو پرسیارە فەلسەفییە تا چ ئاستێك کاران، بەڵام بۆ ئەو کەسەی کە خەیاڵی ناسینی دەقە



ئەدەبییەکانی لە مێشك دایە، پێشنیاری پەیڕەوی کردن لە مێتۆدی سارتێر ناکەمو لەو باوەڕە دا نیم کە توێژینەوەی ژیاننامەی دانەران، بنەما یان شوێن دەستپێکێکی راستو دروست بێ.

هەزار ساڵ لەمەوپێش عەینولقوزات هەمەدانی نووسی:

*جوامێر! ئەم شێعرانە وەکوو ئاوێنە بزانە! دوایی دەزانی ئاوێنە لەخۆیەوە روخسارێکی نیە، بەڵام هەرکەس لەو بڕوانێ، روخساری خۆی دەتوانێ ببینێ، هەروەها بزانە کە شێعر لەخۆیەوە هیچ واتایەکی نیە، بەڵام هەرکەسێك بتوانێ لەودا شتێك ببینێ کە باوی رۆژگاری خۆیەتی، (ئەمە لوتکەی کاری ئەوە. ئەگەر بڵێی کە واتای شێعر ئەوەیە کە خوازیارەکەی دەیەوێ خەڵکانی دیکە، لەخۆیانەوە واتای دی بۆ پەیدا دەکەن، ئەمەش وەکوو ئەوەیە کەسێك بڵێ روخساری ئاوێنە روخساری دەمو چاوی سافو بێگەردە کە یەکەم جار ئەو (ئاوێنەیە) نواندوویەتی.*[٩٤]

تێبینیی وەرگێڕ:

⋆ خۆولاتی (بوومی): ئەو خەڵکانەی کە لەخاکێك دا دەژین کە سەرەتای سەرهەڵدانیانو ژیارەکەیان لەو خاکەداو لەو وڵاتە دا بووەو خەڵکی رەسەنی وڵاتێکن.

⋆⋆ موشەمەر: ( فراوان، فراوان کردنەوە، فرەیی) بەرامبەر بە وشەکانی (تکسیر، کسرت ـ ف) لە زاری هەورامیەوە وەرگێراوە.

⋆⋆⋆ تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

😐 تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

😐😐 تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

😐😐😐 تێبینی لە نووسە رەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

■ تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

■ ■ تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

■ ■ ■ تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.



PDF4Kurd

## پەراوێزەکانی پاری حەوتەم

1- C. Lévi-strauss, Anthropologie structurale, Vol. I; Paris, 1958, Vol. 2. Paris, 1973.

٢ـ سۆزان سۆنتاگ لەبارەی ئەم کتێبەوە نووسیویەتی: "گەرمیانیە خەمبارەکان" یەکێك لە گرنگترین کتێبەکانی ئەم چاخەیە، شێوەیەکی نووسینی زۆر جوانی هەیەو چەشنی هەموو کتێبە گەورەکان، مۆرکی دەربڕینی تەواو تاکەکەسی لێدراوەو بە دەنگێکی مرۆڤانە دەدوێ".

Sontag S, Against Interpretation, Newyork, 1966, P.79.

3- C. Lévi-strauss, Mytholgiques:

Vol. Lecru et le cuit, Paris, 1964.

Vol.2, Du miel aux cendres, Paris, 1966.

Vol.3, L' Origin des Maniéres de table, Paris, 1968.

Vol.4, L' homme nu, Paris, 1970.

٤ـ بڕواننە:

C.Lévi-strauss, race et historie, Paris, 1974.

ك. لئوشتراوس، نژاد و تاريخ. ترجمه ا.نجفى، تهران، ١٣٥٨.

توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە لە تێڕوانینی لیۆشتراوس لەمەڕ "تیرەکانی دیکە"و رەخنەی ئەو لە تێگەیشتنە ئورووپی‌یەکان لەمەڕ "ژیارەکانی دیکە" لە کتێبی تۆدۆرۆف دا دەشێ بدۆزرێتەوە:

T. Todorov, Nous et les autres, Paris, 1988, PP. 81-109.

5- C. Lévi-strauss, Myth and Meaning, Toronto U.P., 1978, PP.9.10.

6- Ibid, P.8.

7- C. Lévi-strauss, La Pensée sauvage, Paris, 1962, P.252.

هەروەها سەرنج بدەنە لێکۆڵینەوە لیۆشتراوس لە:

C. Lévi-strauss, L'homme nu, P.561.F.

8- P. Ricoeur, Interpretation, Theory, Discourse, and the Surplus of Meaning, Texas chrestian, U.P., 1976, P.6.F



9- G. Charbonier, Entertiens auec chaude Lévi-strauss, Paris, 1961.

لەم کتێبەدا کەڵکم لە وەرگێڕانی ئینگلیزیی ئەم وتووێژە وەرگرتوە:

G. Bharbonier, conversation with Claude lévi-strauss, Trans. J.and D. Weightman, London, 1969.

چەندساڵ دواتر لیۆشتراوس لە کتێبێك دا کە بەرەنجامی هەڤپەیڤینیەتی، لەتەك دیدیە ئەریبۆن دا بنەمای باوەڕەکانی خۆی، لەبارەی هونەری ئەدەبی‌یەوە، بە شێوەیەکی کورت بەیان کرد. باسە ئەدەبی‌یەکان لە لاپەڕەکانی ٢٢٨ تا ٢٣٥ی ئەم کتێبەدا هاتوون: C. Lévi-strauss and D. Éribon, De Prés et de loin, Paris. 1988.

10- Ibid., P.107.

11- Ibid., P.108.

12- Ibid., P.109.

13- Ibid., P.60.

14- Ibid., P.59.

15- Ibid., P.61.

١٦ـ لیۆشتراوس ئەم خاڵەی لە "گەرمیانیە خەمبارەکان"و "هزری یاخی"دا هێناوەتە گۆڕێ. ژاك دریدا ئەم ڕایەی لیۆشتراوسی رەت کردۆتەوە. من ئەم خاڵە لە پاری دوازدەهەم دا باس دەکەم. لێرەدا تەنیا بە هێمایەك قەناعەت دەکەم (ئەویش ئەوەیە) کە بە ڕای ژاك دریدا، پێناسەی لیۆشتراوس لەمەڕ نڤیسیارەوە، ناتەواوەو ورد نیەو تەنیا لە (دێڕ) دا قەتیس دەمێنێتەوە.

17- G. Charbonier, Op.cit, P.62.

18- Ibide., PP. 110 – 111.

19- Ibid., P. 111.

20- Ibid., P.113.

21- Ibid., P.128.

22- C. Lévi-Strauss, Lé cru et le cuit, P.15.

23- C. Lévi-Strauss, L’homme nu, P.380.

تیۆریی موسیقا هەمیشە پانتایی پێوەندیکاریی موسیقایی بە سیستمێکی پێکهاتەیی زانیوە، بەڵام تاکوو دەیەی ١٩٦٠، موسیقی ناسی مۆدێرن کەمتر کەوتۆتە ژێر توێژینەوە پێکهاتە گەراکانەوە. لە دەیەی ١٩٦٠ بە دواوە، "نیشانە ناسیی موسیقی" دەستی پێ‌کردوە. بۆ



PDF4Kurd

ناسینی کاری پێشڕەوەکان لەم بوارەدا بڕواننە کتێبنامەیەك کە J.J.Nattie لەم گۆڤارەی خوارەوە دا هێناویەتی:

Musique enjeu, 5, 1971.

و یان بڕواننە کتێبی:

Ruwét, N,Langage, musique, Poésie, Paris, 1972.

24- C.Léve-strauss, Le Cru et le cuit. P.18.

25- Ibid, P.15.

26- C.Lévi-strauss, Du miél aux cendres, P.305.

لەم بارەوە سەرنج بدەنە تەوەری رۆشنگەری کە لەم کتێبەی خوارەوە دا هاتوە:

J. Culler, structuralist Poetics, London, 1975. PP. 44 -53.

27- C.Léve-strauss, myth and meaning, P.45.

28- Ibid. P. 53.

٢٩ـ ئەم دوو وتارە، بەڕیز لە دوو بەرگی کتێبی "مرۆڤناسیی پێکهاتە گەرا"دا هاتوون. لیۆشتراوس خۆی، کامڵ بوونی کارەکەی لەبارەی ئوستوورەناسیو دروستبوونی "لۆژیکی ئوستوورەکان"ی روون کردۆتەوە:

C.Clément and A.Casanova “Entreine avec Claude Lévi -strauss”, La nouvelle critigue, 61, fevrier 1973.

٣٠ـ لەوتاری "شیکردنەوەی پێکهاتەیی ئوستوورە" لە:

C.Lévi-strauss, Anthropologie – structurale, Vol., P.208.

31- Ibid., P.209.

لەمەڕ گرینگیی مێتۆدە زمانناسانەکان، لە تاوتوێی مرۆڤناسی دا بڕواننە وتاری "زمانناسیو مرۆڤناسی".

32- C.Lévi-strauss, La voive des masques, Paris, 1988.

33- C.Lévi-strauss, Anthropologie structurale, Vol., 2. PP.298-300.

34- C.Lévi-strauss, L’homme nu , p.244.

35- Ibid., PP.542-546.

36- C.Lévi-strauss, L’origine des maniéres de table, P.22.

37- Ibid., PP.96-106.

38- C.Lévi-strauss, Le pensée sasuvage, PP.43-44.



39- J.Ricardou, Pour un théorie du nourvau roman, Paris, 1971, PP.118-158.

40- C.Lévi-strauss, Le Cru et le cuit, P.6.

41- Ibid., PP.12.13

42- S.Freud, the Interpretation of Dreams, trans. J.Strachey, London, 1977, pp. 106 – 107.

43- Éntretin avec “Le monde”. I,Philosophie, Paris, 1984.

یەکەم هەڤپەیڤین لە تەك "فەیلەسووفی پشت دەمامك"ە، (لاپەڕەکانی ٢١ ـ ٣٠). وتوێژەکانی دی لەمەر پۆل ریکۆر، هانس گئۆرگ گادامێر، یۆرگێن هابرماس، ژان فرانسوا لیوتار، ئیمانۆئێل لویناس، ویلادیمر یانکلەویچ، ژاك دریداو ئەوانیترە.

44- M.Foucault, L’archéologie du savoir, Paris, 1969.

45- M.Foucault, Les Mots et les chosese, Paris, 1966.

46- M.Foucault, Historie de la folie a l’age classique, Paris 1961.

47- M.Foucault, naiss ance de la clinique, Paris, 1963.

48- M.Foucault, Surveiller et puniri, Paris, 1975.

49- M.Foucault, Ili Store de la sexualité: Vol.1, La Volalonté de Savoir, Paris, 1976.

Vol.2, L’usage des Plaisirs, Paris, 1984.

Vol.3, Le Souci de Soi, Paris, 1984.

50- G.Deleuze, Foucoult, Paris, 1986.

٥١ـ سەرنج بدەنە دواندەریی فۆکۆ لە کلژۆ دۆفرانس (٢ی دیسامبری ١٩٧٠) کە لەژێرناوی "سیستمی ئاخێو" (و ـ بە بۆچوونی من باشتر وایە بە "فرمانی ئاخێو" وەری گێڕین) بلاّو بۆتەوە:

M.Foucault, L’ordre du discourse, 1971.

52- M.Foucault, L’histoire de la Polie, Paris, 1972, P.417.

"سەد گاڵتەجاڕی چەشنی من! جەنابی فیلسووف، لەم گاڵتەجاڕانە چەندانیش زۆر نین. بەڵێ، گاڵتەجاڕی بێسەروبەرە زۆرن... وەلێ من دەگمەنم، من بۆ ئەوان شێتخانەیەکی بێوێنەبووم".

D.Diderot, Le neveu de romeau, Paris, 1967. P.122.



PDF4Kurd

و هەروەها: "من لەخۆڕا خۆم ماندوو دەکەم، تاکوو بە لوتکەی دانیشتوانی شێتخانەکان بگەم، ئەم کارە قازانجی نیە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩٦).
٥٣ـ لە بەشی دووهەمی پاری شەشەم "رۆح" بەمانای "رۆحی لەخۆ نامۆ" هاتوە. "فەرهەنگ" لە کتێبی هیگل دا، بڕواننە:
G.W.F.Hegel, la Phénoménologie de lesprit, trans. J.Hyppolite, Paris, 1975, Vol.2. PP.80-81.
54- M.Foucault, Les Mots et les shoses, PP.62-63.
لەبارەی توێژینەوەی فۆکۆ لەمەڕ "برازای رامۆو دۆن کیشۆت" بڕواننە:
J.M.Auzias, Michel Foucault Paris, 1946, PP.95-102.
55- M.Foucault, Les mots et les choses, PP.62-63.
٥٦ـ لە زمانی ئینگلیزی دا، بەر لە کتێبی فۆکۆ، کتێبێك لەژێرناوی وشەکانو شتەکان، بڵاوکرابوویەوە. ئێرنێست گێلنێر، ئەم کتێبەی نووسی، بەرهەمێك کە رەخنەی لە گرینگیدانی فەیلەسوفە ئینگلیزییەکان بە فەلسەفەی زمان، گرتبوو. فۆکۆ هەر لەبەر ئەم هۆیە بەباشی زانی کە ناوونیشانی وەرگێڕدراوی ئینگلیزیی کتێبەکەی خۆی بگۆڕێت.
57- A.K.Marietti, Michel Foucault, Paris, 1985, P.102.
58- Critique, 195-196, 1963.
من لە وەرگێڕدراوی ئینگلیزی کەڵکم وەرگرتوە لە:
M.Foucault, Language, Countermemory, practice, cornell U.P.,1986, PP.29-52.
59- M.Foucault, Les Mots et les choses, P.22, P.253.
60- Telquel, 15, 1963. M.Foucault, Language, counter memory, practice PP.53-69.
61. Ibid, P.61.
62- Ibid. P.66.
63- M.Blandchot, le live á venir, Paris, 1971. PP.265-267.
٦٤ـ ئەم پرسیارە لە وتارێك دا، لەژێر ناوی "نەی باوك" بڵاو کراوەتەوە:
Critique, 178, 1962.
باسی فۆکۆ لەبارەی کتێبی لاپلانش، لەمەڕ (هۆلدێرلین)ە:
J.Laplanche Iiőlderlin et la question du pére, Paris, 1961.



من چاپی سێیەمی کتێبی لاپلانش (١٩٨٤)م بەکار هێناوە، هەروەها کەڵکم لە وەرگێڕانی ئینگلیزیی وتاری فۆکۆ وەرگرتوە لە:
Foucault. M. language counter memory, Practice, PP.68 -86.
65- M.Foucault, L’ordre du discours, Paris, 1971.
66- G.Vacari, Lives of Artists, tans. G.Bull, London, 1974.
واساری (١٥٧٤- ١٥١٧) خۆی نیگارکێش بوو، لەساڵی ١٥٦٨ "ژینەکان"ی لەچاپ دا کە گرینگترین دەقە لە روونکردنەوەی کارەساتەکانی ژیانی هونەرمەندانی رێنسانسدا.
67- M.Foucault, les Mots et les choses, P.313.
٦٨ـ وتارەکەی فۆکۆ یەکەمجار لەم بڵاڤۆکەی خوارەوە بڵاو کرایەوە:
Cahiers Renaud-Bakrault, 59, Mars, 1967.
دەتوانی وتارەکە لەم کتێبە دا بدۆزیتەوە:
M.Foucault, et al, Irarvail Flaubert, Paris, 1963, PP.103 – 122.
69- Ibid., P.118.
70- J.Roudaur, “Bibliotéque imaginair”, Magazin litéraire, Mai, 1984, PP.46-48.
71- M.Foucault, Raymond Rossel, Paris, 1968.
رۆسێل تا لە ژیان دا مابوو، هەر بە نەناسراوی مایەوە. کتێبەکەی فۆکۆ لە دووبارە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو دا کاریگەر بوو. چەند کتێبێك کە رۆسێل لەسەردەمی ژیانی دا بڵاوی کردبوونەوە تۆزقاڵێك سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بەرهەمێك کە ئەوی بەناوبانگ کرد، لەپاش مەرگی لەچاپ درا "ناوی": "چۆن هێندێك لە کتێبەکانی خۆمم نووسی؟" (١٩٣٥) بوو.
72- Ibid., P.23.
73- Ibid., PP. 209-210.
74- Ibid., PP. 211-211.
75- M.Foucault, et al, Travail de flaubert, p.166.
76- J.Roudour, op,cit., P.47.
77-R. Roussel, comment J ai écrit certains de mes lives, Paris, 1963, P.27.
78- M.Foucault, language, Couter memory, practice, PP.113-138.
79- Ibid., P.115.



PDF4Kurd

روانگەی فۆكۆ لـە بەرتـەك دانـەوەی ناسكار (یان بكەر یا بیركەرەوەی فەلسەفی) لە هەمان كات دا كە رەنگدانەوەی بنەمایی هزری پێكهاتەگەرایە، ئەوەند رادیكاڵە كە زۆرترین پلاری رەخنەگرانـی بـەرەوڕووی ئـەو كـردۆتەوە. لەم دوو كتێبەی خوارەوە یەكەمیان رەخنەیەكی نـەرمو لەسـەرخۆیە لەسـەر تیۆرەكانـی پـێكهاتەگەراكانو فۆكۆ، بەڵام دووەمیان بە زمانێكی توندو مشتومڕ ئاسا، پتر لەهەر كەسێكی دی، هێرشی كردۆتە سەر فۆكۆ:

L.Ferry and A.Renaut, Le pensée 68, Paris, 1988.

T.Pavel, les mirage linguistique Paris, 1988.

80- M.Foucault, Lnaguage, Counter memory, practice, P.117, P.118.

81- T.S.Eliot. the sacred wood, London,1960. P.56.

82- M.Foucault, les mots et les choses, P.398.

83- C.Léve-ctrauss, le sru et le cuit, P.20.

84- R.Barthes, Le bruissement de La langue, Paris, 1984, PP.61 - 67.

85- Ibid., P.67.

86- J.P.Sarter, Situations, Paris, 1948, Vol.2, PP.63 -64.

87- T.Todorov, critique de la critique, Paris, 1984, P.56.

88- J.P.Sarter, Op.cit., P.73.

89- T.Todorov, OP.Cit., P.57.

ئەمـە خاڵێكی گـرنگە كـە زۆرتر فەرامۆش دەكرێ. تێگەیشتنێكی بێسەروبەرە ڕای سارتێر لەمەڕ پابەند بوون، نووسەر تا ئاستی ئایدیۆلۆژیەكی دیاریكراو دادەبەزێنێ.

90- J.P.Sarter, Baudelaire, Paris, 1979, P.245.

91- J.P.Sarter, Saint, Genet, Comédien et martyre, Paris, 1952, P.536.

92- Ibid., PP.535-536.

93- J.P.Sarter, L’idiot de la famille, Paris, 1971, Vol.1. P.7.

٩٤ـ ابوالمعالی عبدالله بن میانجی همدانی، نامەهای عین القضات همدانی، تصحیح م.منزوی ـ ع.عسیران، تهران، ١٣٦٢، جلد ١، صفحه ٢١٦، نامەی ٢٥.




## پاری هەشتەم

# چێژی دەق: بارت

ژیانی بێنرخی من هێندە ساكارو ئارامە كە تیایدا رستەكان، رووداوەكانن.

فلۆبێر

١

رۆلان بـارت (١٩٨٠ ـ ١٩١٥) لـە سـاڵی ١٩٧٥ دا، كتێبێكـی نووسـی بـە نـاوی "رۆلان بـارت" كـە كـۆمەڵەیەك لـە بـڕگە كورتەكانە، لە بارەی بەرهەمەكانو تیۆرەكانو ژیانی خۆیەتی.[(١)] لە بڕگەیەك دا بە ناوی "قۆناغەكان" خشتەیەكی كێشایەوە كە دەرخـەری كامڵبوونی فیكریی ئەو لەسەر بنەمای مێژووی نوسینی بەرهەمەكانی تـا سـاڵی ١٩٧٤ بـوو. ئـەو نووسـی كـە لە بەرهەمەكانیدا جۆرە پێوەندیەكی نێوان دەقـی هەیـە لەگـەڵ بەرهەمـەكان ئاندرێژیـد كـە "تامەزرۆیـی بـۆ نووسـین"یـان ورووژانـدو لەگـەڵ بەرهەمەكانـی ژان پـۆل سـارتێر، كـارڵ مـاركسو بـرتۆلێت بـرێختدا "پێوەندیـی نـێوان دەقـی هەیـە" كـە "ئـەم بەرهەمانـە" ئـەویان فێـری ئوستوورەناسـیی كۆمەڵایەتـی كـرد (لـە "پلـەی سـفری نڤیسـیار"، ئوستوورەناسـیەكانو وتارگەلـێك لەمـەڕ شـانۆ)و هـەروەها پێوەندیـی نـێوان دەقییان لەگـەڵ بەرهەمەكانـی سۆسـۆر هەیـە كە ئەویان فێری نیشانەناسی كرد (لـە توخمەكانـی نیشانەناسـیو سیسـتمی دابـی پۆشـاك)و لەتـەك بەرهەمەكانـی فیلـیپ سۆلێر، ژولیا كریسوا، ژاك دریداو ژاك لاكان كە لە بواری دەقو دەق ناسی دا یارمەتیـی ئـەویان دا (چـێژی دەق، رۆلان بارت)و دواجار لەتەك بەرهەمەكانی نیچـە دا، پێوەندیـی نـێوان دەقییان هەیـە كـە لە بواری رەوشتەوە كاریگەرییان لەسەر چێژی دەقی بارت دانا.[(٢)]



PDF4Kurd

بەرهەم گەلێك كە بارت لەوەودوا نووسی، زیاتر دەچنە ریزی دوو گرووپی دواتر (لەمەڕ دەقو رەوشتەوە)و بە گشتی رۆنانێکن لەم دووانە.[3] کتێبی رۆلان بارت چەشنی سیمیۆلۆژیی ژیانێکە. ژیانی تایبەتیو کۆمەڵایەتیی نووسەرێك کە بەردەوام هەوڵی دا تا کارایی نیشانەناسی لە تاووتوێی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەبیر بێنێتەوە. هەربۆیە ناتوانین بە ئاسانی ئەم کتێبە بە ژیاننامەیەك دابنێین کە خۆی نووسیویەتی. هەرچەند ئاراستەگەلێکی "ئۆتۆبیۆگرافیك" لەو دا ئاشکراو دیارن.[4] چەند ساڵێك پاش مردنی بارت هێندێك لە نووسینە "ئۆتۆبیۆگرافیك"ییەکانی ئەو لە نامیلکەیەك دا لەژێرناوی رووداوەکان بڵاوکرانەوە.[5] لەم نووسینانەدا (بە تایبەتی لەو نووسراوە رۆژانەیییانەی کە لە کۆتایی هاوینی ١٩٧٩ دا لەژێر ناوی خولیائامێزی "ئێوارانی پاریس" دا چاپ کراون) خودی بارت بە گرینگتر لە "رێبازی بارت" دەزانین. بەڵام جوانترین نووسینی "ئۆتۆبیۆگرافیك"ی بارت لە دوایین بەشی ژووری رووناکدا دەدۆزرێتەوە، واتە دوایین کتێبێك کە لە سەردەمی ژیانی دا، بڵاوی کردەوەو لەبارەی وێنەگرییەوە نووسراوە. لێرەدا بارت بە سەیر کردنی وێنەکانی دایکی هەوڵی دا تا مارسێل پروست گوتەنی: "ئەو مردوە ئازیزە"و تەمەن لە دەست چووە زیندوو بکاتەوە. بارت چەندین جار گوتبووی: "من خۆم بە رەخنەگر نازانم، من زیاتر رۆمان نووسم".[6] جارێکیشیان وتی: کە رۆمان نانووسێ، بەڵکوو "رۆمانێسك" دەنووسێ، واتە شێوازێك لە ئاخێو کە پێکهاتەکەی لەسەر بنەمای چیرۆك دانەنراوە، بەڵکوو پشتی بە "هێمادانان" بەستوە. لە رۆمانێسکدا هەر شتێکی سەرنج راکێشی ژینی رۆژانە، هێمای بۆ دادەنرێ: "هەر ژیاننامەیەکی نووسراو، جۆرە رۆمانێسکێکە".[7] نووسەری رۆلان بارتیش لەو باوەڕە دابوو کە ئەم کتێبە "لە رۆمانێك دەچێ، "رۆمانێك بەبێ کاراکتەرو ناوە تایبەتییەکان".[8] بارت لەدوا رۆژەکانی ژیانی دا دەیەویست "رۆمانێکی ریئالیستی لەگەڵ ناوە تایبەتییەکان" بنووسێ. بەڵام دواوتارێك کە لەسەردەمی ژیانی دا چاپی کرد، سەردێڕەکەی بریتیبوو لە: "هەمیشە لە گوتن دا ناتوانین هەموو ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێن، دەربڕین." ئەمە سەردێڕێکە



کە وەبیرهێنەری نووسینەکانی نوالیسە، بەڵام لەبارەی ستاندال (بە تایبەتی سەفەرنامەکەی بۆ ئیتالیا)وە نووسراوە.[9] بەڵام بارت بە واتایەك کە ئەو لەبۆ "نووسەر" هێناویەتە گۆڕێ، بە ئاسانی دەتوانین بە نووسەر لەقەڵەمی بدەین: "نووسەر کەسێکە کە کێشەکەی زمان بێت، واتە لەو باوەڕەدابێ کە زمان کەخولقێنەری قووڵاییە، نەك ئامراز یان جوانی".[10] بە گاڵتە یان بەڕاستی دەیگوت کە نەخۆشە، چونکە دەتوانێ زمان ببینێ.[11] کارەکەی دیتن بوو، نەك وەسف کردن. لە وتارێك دا کە سەردێڕەکەی یەکەم رستەی رۆمانی گەڕان بەدووی کاتی لەدەست چوویە، "واتە" "جاران چ زوو دەخەوتم" نووسیویەتی: "خۆم لە دۆخی کەسێك دا دەبینمەوە کە کارێك ئەنجام دەدا، نە کەسێك کە لەبارەی شتێکەوە دەدوێ. من بەرهەمێکی بەرهەم هاتوو تاووتوێ ناکەم، خۆم شتێك دەخولقێنم. ئاخێوێك لەمەڕ ئاخێوەوە بەرهەم دێنم. جیهان لەبەر چاوی منەوە وەکوو بابەتێك لە گۆڕێ دانیە. بەڵکوو چەشنی نڤیسیارێك ئامادەیە. واتە چەشنی پراکتیکێك...".[12] بارت لە کتێبی رۆلان بارتدا نووسیبووی: هەموو ئەم قسانە دەبێ بەجۆرێك بەبەرچاو بگیرێن کە گوایە قسەکانی کەسێتیەك یان چەند کەسێتیەکن لە رۆمانێك دا".[13] ئەم رستەیە بە دەستخەتی خودی بارت لەنێو دوو توێی کتێبەکەش دا هاتووە. لە راستییش دا ئەم کتێبە ژیاننامەیەك نیە کە خۆنووس بێت. جۆرە فەرهەنگێکی وشەی تاکەکەسییە، کۆمەڵە بڕگەیەکی کورتە کە وێنەگەلێکی لێڵو تەمو مژاوی لە "سیمیۆلۆژیی ژیانێك" دەدەن بە دەستەوەو هەر ئەم بەرەنجامە کارەکە لە چیرۆك نزیك دەکاتەوە. کەسێتییەك کە لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێ تەنیا بە یارمەتی ( لەپەنای) وشەکانەوە دەکرێ بناسرێتەوە، هەربۆیە دەبێ بوترێ پاڵەوانی رۆمانێکە، نەك رۆلان بارتی راستەقینە. بەڵام رۆلان بارتی راستەقینە کێبوو؟ پیشەی ئەویان بەم چەشنە دیاری دەکرد: رەخنەگری ئەدەبی، رەخنەگری کۆمەڵایەتی، نیشانەناس، وتارنووس... لانی کەم لەژێر هەریەك لەم ناوونیشانانەدا دەتوانین ناوی دووکتێبی ئەو، تۆمار بکەین، بەڵام لە ڕاستی دا، نووسەرێکی "داهێنەر" بوو.[14] "بەرهەمێکی بەرهەم هاتووی تاووتوێ نەدەکرد، خۆی شتێکی بەرهەم



PDF4Kurd

دەهێنا"، هەر لەبەر ئەم هۆیە حەزی نەدەکرد بڵێن "لەبارەی" دەقێك یا کەسێکەوە شتێکی نووسیوەو لەناوونیشانی کتێبێکی خۆی بەناوی "لەبارەی راسین"ەوە دڕدۆنگ بوو. بارت لە رێگەی نووسینەوە خولیای دیتنی زمانی هەبوو، چەشنی پروست. خەونی دەدیو پەخشانێکی خەیاڵاویو خولیائامێزی دەنووسی: (کە) یەکێك لە جوانترین نموونەکانی پەخشانی مۆدێرنی فەڕانسی بوو.

مێتۆدی بارت لە نووسین دا تایبەت بوو بەخۆیو نەدەتوانرا لاسایی بکرێتەوە. بە شێوەیەکی هێمایی کورت دەینووسیو کورتبڕیی کە لە بنەڕەت دا مێتۆدێکی شێعرییە، بەکار دەهێنا. ڕستەکانی ئەو کورتنو زۆر جار بواری راڤەجیاوازەکان دەڕەخسێنن. لەسەر مێتۆدی نیچە "بڕگەگەلی کورت"ی دەنووسیو هەمیشە شەیدای بڕگەنووسی، کورت نووسیو ئافۆریزم **Aphorism** بوو. دەیوت: "زمانی سروشتیی بیرەوەری، بریتییە لەم کورت نووسییە... چارەنووسی بنەماییو مۆزیکالی کورت نووسی، هایکۆیە."[١٥] هایکۆ واتا بەیان ناکات، بەڵام پشت گوێشی ناخات. خاڵی نەمری هزر هاوکات بوونی واتاو بێواتاییە. بارت بڕگەیەك لە کتێبی رۆلان بارتی بە ناوی "بازنەی بڕگەکان" بۆ ئەم خاڵە تەرخان کردو نووسی کە بڕگەنووسی دروستکەری بازنەیە، "تەواوی جیهانی بچووکم لەو دا جێی دەبێتەوە".[١٦] بارت باسی لە یەکەمین دەق کە لە ساڵی ١٩٤٢ دا دایهێنابوو کردو نووسی کە کۆمەڵەیەك بوو لە بڕگە کورتەکانو پێی داگرت کە هەمیشە "لە هەموو کاتێکدا" بڕگەنووس بووە: "ئوستوورەناسیەکان"و هەروەها تێزو پێشگوتارگەلێك کە لە "وتارە رەخنەگرانەکان"دا کۆ کراونەتەوە، لە بڕگە کورتەکان پێك هاتوون. "ئەمانە" کۆمەڵە کۆپلەیەکی زۆر کورتو چڕی کتێبی S/Z دروست دەکەن، تێزی دووەم لەمەڕ کتێبی مارکی دۆسادە لە ساد، فۆریە، لۆڤیۆلا، چێژی دەق (باسی لێوە کراوە)و لەپاش ئەمە "بڕگە گەلێك لە ئاخێوێکی عاشقانە (تاکە بەرهەمی بارت کە لە سەردێڕەکەی دا وشەی بڕگە هاتوە)ش کۆمەڵەیەکن لە بڕگە کورتەکان. لە وتووێژێك دا لە "ئەنجومەنی سریسی" (١٩٧٧) بارت رایگەیاند کە هیچ کتێبێکی تایبەتیی نیچە کاریگەریی



چارەنووسسازی لەسەر هزرو بەرهەمەکانی دانەناوە، بەڵام "ئەوەی من بۆ لای نیچە رادەکێشێ، فلانە کتێبی ئەو نیە، بەڵکوو بڕگەنووسیی ئەوە، واتە مێتۆدی تایبەتیی ئەو لە نووسین دا".[١٧] بارت لەو باوەڕە دابوو کە هەر بڕگەیەك نیشانەیەکی هوشیارانەیە، کە چەندین جار، لە "گشت" یان سیستم کاراترە. بڕگەکان خۆیان ژینێکی تاکانەیان هەیە، لێکدانی ئەو بڕگانە ئاخێو دەخولقێننو ئاخێو لە ژیانی ناوەکیی بڕگەکانەوە دەست پێدەکا: "پێڕستی دەق، ئیدی ئامرازی سەرچاوە نیە، بەڵکوو خودی خۆی دەقێکە، واتە دەقی دووەمە کە بە نیشانەی هەرە دیاری دەقی یەکەم دەژمێردریت". بارت باسی لە ئەزموونی تایبەتیی خۆی لە کۆپی کردنی نیگارێکی ئێرانی سەدەی حەڤدەهەم بە ناوی "کۆڕی راو" کردوە. ئەو لەجێی کێشانەوەی وێنەی "گشت" تەنیا هێندێك دیمەنی نیگارە ڕەسەنەکەی کۆپی کرد. هەڵبەت ئەنجامەکەی لەتەك "ئاوێتەکردنی رەنگەکان = **Combination**"ی تابلۆ رەسەنەکە گونجاو نەبوو، بەڵام بە بۆچوونی بارت "کاری سەرەکی نەدەکرا جگە لەمە بێ"، چونکە سەروکاری ئێمە لەتەك ئەم وردەکارییانەیە نەك لەگەڵ تەواوەت دا. بارت چێژی بڕگەنووسی بەم چەشنە وەسف دەکا: "ئەم هەموو بڕگەیە، ئەم هەموو دەستپێکە"و لەسەری دەڕواتو دەڵێ کە بێزارە لە دوماهی، چونکە دەترسێ کە نەتوانێ لە بەرامبەر دوائاخاوتەدا خۆڕاگر بێت. بڕگەی بە "خەیاڵپەروەریی ئاخێو" پێناس دەکرد. هەر بڕگەیەك چەشنی دەقەکانی ئایینی زێن (⋆)و شێعرە هایکۆییەکان بریتیە لە چێژ. "کرۆکی بڕگە لە هەموو شوێنێك دا لەگەڵتایە، لە کافتریا، لە شەمەندەفەر، لە پیاسەیەکی هاوڕێیانە لەگەڵ دۆستێك دا، پاشان دەفتەری تێبینییەکانت هەڵدەگری تاکوو نەك "هزرێك" بەڵکوو ریتمێك بنووسی".[١٨] بارت شەیدای موزیکی رۆمانتیك بە تایبەتی بەرهەمەکان شومان بوو، هەربۆیە کاتێك نووسی کە بڕگەی بەرهەمەکانی خۆی لە بڕگەکانی کۆمەڵەیەك لە گۆرانییەکان دەچن، بیری لە شومان دەکردەوە: "هەر بڕگەیەك خۆی بەسە، بەڵام شتێك نیە جگە لە مەودایەکی نێوان دوو بڕگەی تەنیشتی خۆی... کەسێك کە بە شێوەیەکی زۆر باش بەر لە ئانتۆنو برێن لە جوانناسی



PDF4Kurd

بڕگەکان تێگەیشتو بەکاری هێنا، شومان بوو". "بڕگە نووسییش ئایدیالی خۆی هەیە:"کە بریتییە لە" موسیقا".[19]

بارت هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پلەی سفری نڤیسیار شەڕی دژی "رەخنەی فەرهەنگستانی" واتە رەخنەیەك کە واز لە دەق دێنێو لە رووداوەکانی ژیانی نووسەرو شیتاڵ کردنەوەی توخمە "بان دەقی"یەکان دەدوێ، راگەیاند. پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی لەبارەی راسینەوە پیکارد کە یەکێك لە "رەخنەگرە فەرهەنگستانی"یەکان بوو، و بە شێوەیەکی تایبەتی بەوە ناسرابوو کە شارەزای بەرهەمەکانی "راسین"ە هێرشی کردە سەر بارتو "رەخنەی نوێ". مشتو مڕی نێوان بارتو پیکارد بە تایبەتی لەکتێبی رەخنەو حەقیقەتی بارت مێتۆدە تازەکانو رەخنەی مۆدێرنی جێگیر کرد. ئەم مێتۆدە تازەیە (کە بە لاسایی کردنەوە لە "رۆمانی نوێ" بە "رەخنەی نوێ" ناودێریان کرد) نەك تەنیا گۆڕانی بەسەر تیۆریی ئەدەبی دا هێنا، بەڵکوو لە بنەڕەتەوە شوێنگەی داهێنانی ئەدەبیی گۆڕی، بارت لە وتارە رەخنەگرانەکاندا نووسی:

"بەبۆچوونی رەخنەگرە کۆنەکان هەبوونی ئەدەبیات شتێکی نەمرانە (یا رەنگە چاکتر بێ بڵێم شتێکی سروشتی)یە. ئەوان ئەدەبیات بە گەوهەرێك لەنێوخۆی دا دادەنێن. بەڵام ئایا بە ڕاستی ئەدەبیات بەم چەشنەیە؟ بۆچی دەنووسین؟ ئایا هۆیەك کە راسین بۆ نووسین دایدەنا، هەر هەمان هۆی پروست بوو؟ رەخنەی کۆن بە پەسند کردنی نەریتی روانگەی تێگەیشتنی هەمووان (کە مەرج نیە واتایەکی مێژوویش بێ)، بەبێ هێنانەگۆڕی پرسیارەکان وەڵامی دەدانەوە. پێی وابوو کە نووسەر دەنووسێ تا شتێ دەربڕێو ئەدەبی بوون بە واتای وەرگێڕانی هەستەکانو هەڵچوونەکانە، بەڵام بە هێنانە ئارای بابەتی مەبەستی مرۆیی، ناکارایی سایکۆلۆژی پۆزەتیڤیستی ئاشکرا دەبێ. نەك لەبەر ئەوە کە شتێکی سەرەتاییە، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە بە فەلسەفەیەکی (جەبر)گەراوە گرێ دراوە، فەلسەفەیەك کە بە تەواوی کۆن بووە. پارادۆکس لێرەدایە کە رەخنەی مێژوویی کاتێك کە دەگاتە ئەم شوێنە، یەکسەر مێژوو بەرتەك دەداتەوە.[20]



بارت نیشانی دا کە "مێژووی ئەدەبیات"، بەڕای "رەخنەگرە کۆنەکان"، بە واتای تێکهەڵکردنی مێتۆدی مێژوویی لەگەڵ مێتۆدی دەروونناسانەیە. لە ئەنجام دا ئەوان هەرگیز مێژووی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان نەنووسیوە،[21] بەڵکوو مێژوو یان ژینی دانەرانی ئەم بەرهەمانەیان نووسیوەتەوە. بەناوبانگترین نموونە لە رەخنەی کۆندا مێژووی ئەدەبیاتی فەڕانسەیە؛ کە گوستاو لانسۆن نووسیویەتی بنەمای نەریتیی رەخنەی فەرهەنگستانی لەودا دیارە: ئەمە مێژووی روونکردنەوەو تۆمارکردنی گرژییە سایکۆلۆژیکییەکانی نووسەرانە. لێرەدا بەرهەمە ئەدەبییەکان شتێك نین جگە لە کۆمەڵە بەڵگەنامەیەك کە بە کەڵکی سەلماندنی راستیو دروستیی رێساکانی رەخنەگر لەبارەی سروشتی سایکۆیی دانەران یان وەسفی مێژووییو سۆسیۆلۆژیکی ژینگەی ئەدەبی دێن. بە گوتەی بارت لەم دۆخە دا مێژووی ئەدەبی "تا ئاستی" مێژوو دادەبەزێو ئەدەبیات بزر دەبێ. لە بەرانبەر کێوێك لە نووسینەکان کە لەمەڕ ژیانی نووسەران نووسیویانە، لەو وەسفەی کە بارت لەبارەی ئاندرێ ژیدەوە دەیکات، ورد بینەوە: "ئەو پرۆتستان بوو، ئەو پیانۆی دەژەنی، ئەو باسی تامەزرۆیی دەکرد، ئەو دەینووسی". "ئەمانە" چوار رستەی کورتو پوختن. مارتین هایدگریش لەبارەی فەیلەسووفەکانەوە بەم چەشنە دەینووسی. بۆنموونە لەمەڕ ژیانی ئەرەستۆوە نووسیویەتی: "هاتە دونیاوە، ئیشی کردو مرد". بە بۆچوونی هایدگر، بەسەرهاتی هزر پێوەندیی لەگەڵ تێڕوانینی تاکەکەسیی دانەرەوە نیە. هەبوون نایەتە نێو بابەتەوە، بابەت نایەتە نێو منی تاقانەوە، هزر نایەتە نێو دەروونناسی یان جیهان بینییەوە. هایدگر باسی لە "نەخۆشیی رۆژگاری ئێمە" کە بریتییە لە لێوردبوونەوە لە سایکۆلۆژیی دانەر [22] دەکرد. بارت پێی داگرت کە ئێمە دەبێ ژینی دانەر لەشوینی شیاوی خۆی دابنێین، واتە ئەو ژیانە بە بنەمای ئاماژە واتاییەکانی بەرهەم لە قەڵەم نەدەین، ئەمە مانای ئەوە نیە کە یەکسەر بەرتەکی بدەینەوە. پیکارد بارتی بەوە تاوانبار کرد کە لە کتێبی لەبارەی راسینەوە هەم لە مێتۆدی ژیاننامە نووسی کەڵکی وەرگرتووەو هەم هێرشیشی کردۆتە سەر ئەو مێتۆدە. بارت وەڵامی دایەوە کە کەڵك وەرگرتن



PDF4Kurd

لەمێتۆی ژیاننامەنووسی بە واتای رەخساندنی پێوەندی‌یە سیستماتیکەکانی نێوان بەرهەم‌و دانەرە، نەك هەر هێمایەك کە بۆ ژیانی دانەر بکرێت".[٢٣]
رەخنەی بارت لەسەر رەخنەی فەرهەنگستانی پێنج لایەنی هەیە. ١) رەخنەی بەهاکان‌و رێسا رەوشتی‌یەکان کە لە تان‌و پۆ **Plot** یان لە بەرهەمێکی ئەدەبی دا دەیدۆزینەوە، کە بە بۆچوونی رەخنەی فەرهەنگستانی نەمرن‌و پێوەندی‌یان لەتەك کۆمەڵگایەك کە بەرهەمی ئەدەبی لەودا نووسراوە، نیە. ٢) لە روانگەی سایکۆلۆژیکی‌یەوە رەخنەی فەرهەنگستانی سادەگەراو (جەبر)گەرایە. سیمبۆلی مرۆڤ لەم رەخنەیەدا پێشدەروون شیکارانەیە.[**] ٣) رەخنەی فەرهەنگستانی لە ژیانی دانەرەوە دەست پێ‌دەکا، لە ژیانی "گریمانەیی" دانەرەوە دەست پێ‌دەکا، چونکە ژیان لە تەواوەتی خۆی‌دا، ناناسرێت؛ بەڵام تەنانەت ئەگەر ژیان‌و دەروونی دانەرانیش بناسرایە، دیسانەوە کاری سەرەکی لە "ژیانی دەق"ەوە دەبوو نەك ژیانی دانەر.[٢٤]
٤) رەخنەی فەرهەنگستانی تەنها یەك واتا لە دەق دا دەدۆزێتەوە، ئەو واتایەش "واتایەکی لەقاڵب دراو"ەو هێندە بڕوای بەو واتایە هەیە کە دان بە خاڵێکی دیکە دانانێت. ٥) رەخنەگری فەرهەنگستانی هەرگیز بە ڕاشکاوی ڕاناگەیەنێت کە "ئایدیۆلۆژی"ی ئەو چیە. مامۆستای ئەو شێوازانەیە کە دەتوانین پێ‌یان بڵێین "لێدان لە ناڵ‌و هەم لە بزماریش". ئەم پێنج لایەنەی رەخنەی فەرهەنگستانی لە باوەڕەکان یان کۆمەڵە بیرێکی دوگمدا خۆ دەردەخەن. بارت لە رەخنەو حەقیقەتدا ژمارەیەك لەو باوەڕانەی روونکردەوەو هەڵی‌سەنگاندن. نموونەی سەرەکیی ئەو نووسینەکانی پیکارد بوو، بەڵام کەم‌و کوڕییەکانی مێتۆدی ئەو نووسەرەی دایە پاڵ "دوگم"ەکانی رەخنەی فەرهەنگستانی‌و لەم سێ‌باوەڕەی خوارەوە دا کورتی کردنەوە: ١ـ بڕوا هێنان بە بوونی حەقیقەتێکی بەرجەستە کە دواجار خۆی چەشنی تاکە واتای لواو (ممکن)و هەبوو (موجود) (بۆ نموونە واتایەکی تاکانە لە شانۆیەکی راسیندا) دەنوێنێ.
٢ـ بڕوا هێنان بە هەبوونی بابەتگەلێکی بێ‌بایەخ یان "قەدەغەکراو" کە ئەگەر رەخنەگر باسیان لێوە بکات، لەبەهاو نرخی کارەکەی کەم دەبێتەوە. (بۆنموونە



باسکردن لە پێوەندی‌یەکان‌و رەفتاری سێکسی لە بەرهەمەکانی راسین داو ...هتد) ٣ـ بڕواهێنانە بە واتای تاکانەی وشەکان، واتایەکی "سروشتی"و لەگۆڕان نەهاتوو کە لە کۆتایی دا هەبوونی هەر چەشنە ئاخێوێکی رەخنەگرانە ناپێویست دەکات.[٢٥]
"رەخنەی نوێ" هیچ کام لەم "دوگم"انە پەسند ناکات. بارت بە شێوەیەکی مەرجدار بڕوای بە بنەمای "زانستی ئەدەبی" هەبوو و، ئەم خاڵە ئەوی لە فۆرمالیستە رووسی‌یەکان جیا دەکردەوە، چونکە ئەوان لەژێر کاریگەریی پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدەهەم (و تا رادەیەك پێدا هەڵگوتنی "ئاخێوی زانستی" لە لایەن مارکسیزمەوە) بوون. بارت لە پێشگوتارێکی کورت دا کە بۆ وتاری "شەڕ لە تەك فریشتە" دا نووسی، پێی داگرت کە ئامانجی ئەو وتارە بە هیچ شێوەیەك هێنانەئارای بنەماکانی رەخنەی پێکهاتەگەرا نیەو تەنانەت ناتوانێ بەستێنی تاووتوێی پێکهاتەیی گێڕانەوە دیاری بکات. ئەم چەشنە تاووتوێ کردنە نابێ لەگەڵ ئەرکی زانستێك بە یەك شت بزانرێ، چونکە خاوەنی رێبازو بنەمای تایبەتی نیە، بەشێوەیەکی زۆر ساکار بەشێك لە نیشانەناسییە. رێسای راستیی هەر شیکردنەوەیەکی تازە لەمەڕ بابەت (دەقێکی) نوێ، بەکارهێنانی رێسا زمانناسانەکانە. بەڵام هەر ئەم خاڵە بۆمان روون دەکاتەوە کە تاووتوێی هەر دەقێك جیاوازە لە شیکردنەوەی دەقەکانی دیکە. دەق لێرەدا "دەقێکی کراوە" دەبێت کە لەتەك چیەتی (ماهیت) ناکۆتای زمان دەگونجێ.[٢٦] لە وتووێژێك دا لەبارەی کتێبی سیستمی نەریتی پۆشاکەوە بارت وتی کە بەپێچەوانەی زۆر لە پێکهاتەگەراکان بڕوای بە "زانستی ئەدەبیات" نیە؛ هەرچەند خۆی مێتۆدێکی زانستی پەیڕەو دەکات، بەڵام بڕوای بە یاساکان‌و دەرەنجامە حاشاهەڵنەگرەکان لە ئەدەبیات دا نیە. بارت درێژەی پێ‌داو گوتی کە بەڕای ئەو خاڵی سەنتراڵ نەك تیۆریی زانستی ئەدەبی بەڵکوو "زمانی زانستی ئەدەبی"یە. بارت لە نووسین دا لەگەڵ زانست "جۆرە کایەیەکی شاراوە" دەکات‌و ئەم کایەیە لەسەر بنەمای بێ‌باوەڕی لە هەمبەر "ئاراستەی بەرجەستەی ئەدەبیات"ە، چونکە "بەرجەستەگەراییش شتێکە دێتە خەیاڵەوەو گریمان



PDF4Kurd

ئاسایە وەك شتەكانی دیكە."[٢٧] بارت لە رەخنەو حەقیقەتدا بەدەستهێنانی "جۆرێك" لە زانستی ئەدەبی بەدوور نەزانیوە، بەڵام پەیدابوونی ئەو زانستەی بەستبوویەوە بە ناسینی "بابەتی" ئەدەبیاتو جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەكرد كە كاری ئەو زانستە نەك ئاگادار بوون لە نێوەرۆكی ئەدەبیات، بەڵكوو لەمەولا ناسینی فۆرمە ئەدەبیەكانو مێتۆدەكانی دەربڕین دەبێت.[٢٨] خاڵێك كە لێرەدا بەهێماكردنێك لێی تێدەپەڕم (و دەبێ لە تاووتوێ كردنێكی جیاواز دا باسی لێوە بكرێت) ئەوەیە كە لەنێوان ئەم باوەڕەی پێشووی بارت لە هەمبەر "جۆرێك" زانستی ئەدەبی، تیۆرگەلێك كە لە دوادەیەكانی ژیانی دا هێنایە گۆڕێ، جیاوازیی هەیە. وادێتە بەرچاو ئەو هەرچی بەرەوپێشەوە چوو، بڕوای بە "زانستی ئەدەبی" لەقتر بوو. رەنگە بتوانین خاڵی وەرچەرخان (ئەم خاڵە بە هیچ شێوەیەك بە دڵنیاییەوە دەرنابڕم) لە وتاری "لە كوێوە دەست پێدەكات؟" (١٩٧٠) بدۆزینەوە، كە لەو دا بارت جەختی كرد كە رەخنەی پێكهاتەیی مێتۆدێكی بنەمایی، كۆتاییو حاشاهەڵنەگری نیە تا بتوانرێ بە هۆیەوە هەرچەشنە دەقێك بناسرێتەوە: "رێساگشتیەكان لە بەرهەمەكانی پێكهاتەگەراكان دا بە مەبەستی پێشكەش كردنی ئەو چەشنە مێتۆدە رێك نەخراون."[٢٩]

بابەتی بەرهەمەكانی بارت هەمەجۆرە: ئەدەبیات، موسیقا، وێنەگری، سینەما، نیگاركێشان، پۆشاك، گرافیك، كێشەكانی ژیانی رۆژانە، سیاسەتو ...هتد، "ئایدیۆلۆژی" ئەویش لە باوەڕە فرەچەشنەكانەوە هەڵقوڵابوو: كاریگەریی سارتێر، ماركس، باشلار، برێشت، فرۆید، سۆسۆر، فۆرمالیستە روسیەكان، رۆمانتیك خوازە ئاڵمانیەكان، هۆسریل، لیبرالیزمو ... لە نووسینە هەمەڕەنگەكانی دا ئاشكرایە. ئەو خۆی گوتوویەتی - پێدەچێ نیوەیەك بە تەنزو نیوەیەك بە راستەقینە - هەركات كە بیهەوێ "دەتوانێ لە یەك سات دا" لە ئیگزیستانسیالیزم، ماركسیزم، فرۆیدیزمو پێكهاتەگەرایی كەڵك وەرگرێ، ئەم تێڕوانینە ئاوێتەییە كە بە ڕاستی لە هەموو بەرهەمەكانی دا وەبەرچاو دەكەوێ، بەبێ ئەو روحە ئازادەی ئەو رووی نەدەدا. بەڵام یەك خاڵ هەمیشە لە



بەرهەمەكانی دا بە خاڵی سەنتڕاڵ ئەژمار دەكرا: ئامانجی ئەو نەك دۆزینەوەی حەقیقەتی شاراوەی بەرهەمەكان، بەڵكوو ناسینی زمانیان بوو. "ناسینێك تا ئەو شوێنەی كە دەلوێ دەبوو كاملتر بووایە". ئەو نەیدەویست واتاكان بدۆزێتەوە، بەڵكوو دەیەویست رێسا واتاییەكان بدۆزێتەوە، واتە ئەو كەرەستانەی كە زمان بۆ گەیاندنی واتا ئامادەیان دەكات. بەرهەمی ئەدەبی لە رێگەی زمانەوە دروست دەبێ، رەخنەی ئەدەبییش بەهۆی زمانەوە دێتە بەرهەم، بەڵام بابەتەكەی "دۆزینەوەی زمان"ە؛ خاڵی سەرەكی نەك پەیام بەڵكوو رەمزەكانە. "هەربەو چەشنەی كە زماناس كاری بەسەر واتای رستەوە نیە، بەڵكوو دەیەوێ پێكهاتەی وێنەیی ئەو رستەیە بناسێت، پێكهاتەیەكە كە ئەگەری هاتنە ئارای ئەو واتایە دەڕەخسێنێ".[٣٠] رەخنەگری ئەدەبیش دەبێ پێكهاتەی وێنەیی ئاخێوی ئەدەبی بناسێت، كەوابوو هەر رەخنەیەك بەم پێیە كە ئاخێوێكە لەمەڕ زمانەوە خۆی بان زمانە (سیستمێكی ئاماژەیی دیاریكراو، واتە ئەدەبیات تاووتوێ دەكات)، بەڵام لە لایەكی دیكەوە هەروەكوو زمان (رەخنەی ئەدەبی خۆی ئاخێوێكی ئەدەبیە) سیستمێكی سیمیۆلۆژیك دەخوڵقێنێ كە خوازیاری تاووتوێیەكی تازەیە (بان رەخنە یان رەخنەیەك لەسەر رەخنەگرێك) كە دەركەوتێك لەو (سیستمە) لەتێگەیشتنەكانی خوێنەری دەقی رەخنەی ئەدەبی دا هەیەو لەدوا شیكردنەوە دا شتێك نیە جگە لە نیشانەناسی لە فراوانترینو گشتیترین فۆرمی خۆی دا. كەوابوو رەخنەی ئەدەبی لە یەك سات دا هەم بەرناسەو هەم ناسكار؛ هەم واتایەو هەم واتاناس. هەر ئەم خاڵە ئێمە بەرەو بناغەی باسەكەی بارت واتە "ئاماژەی واتایی لە زمان دا" رێنوێنی دەكات، كاتێك كە بارت دەڵێ "ئازادیی مرۆڤ لەوە دایە كە بۆ شتەكان نیشانە دەخوڵقێنێ"[٣١] یان بە دەربڕینی تر بۆ شتەكان ئاماژە دادەهێنێ. بارت لە "مرۆڤی نیشانەساز" دەدوێ ئامانجی سەرەكیی ئەو "ناسینی رەوتێكە كە تایبەت بەمرۆڤەكانە، تێگەیشتنە لەم خاڵە كە بە چ جۆرێك مرۆڤەكان واتا بە شتەكان دەبەخشن."[٣٢] ئەمە هەوێنی هاوبەشی كتێبەكانی بارتە. تەنانەت "رووداو"ی گەرمو گوڕی مانگی مایسی ١٩٦٨ بەلای بارتەوە لە دەقێك دەچێ كە دەتوانین واتاكانی لە رێگەی "زمانێك كە



PDF4Kurd

بەکار دێنێ"وە بدۆزینەوە. لە گوتاری "نڤیسیاری رووداو" کە لە هەمان ساڵی ١٩٦٨ دا بڵاوی کردەوە، نووسیویەتی: "تەواوی رووداوەکانی مانگی مایسی ١٩٦٨ بە سێشێوە نووسراون"؛ لە رێگەی گوتار، سیمبولو توندو تیژییەوە، پاشان وتی کە ورد بوونەوە لە گوتار ئاسانترین رێگەی ناسینی ئەو رووداوانەیەو گوتاری بەسەر چوار دەستە دا دابەش کرد: ١) دەربڕینی رادیۆیی (راپۆرتی رووداوەکان، لەگەڵ لەمپەرەکانو ئەو مەوداوایانەی کە لەنێوان کردەو ئاخێو داهەنو هەڵبەت کۆمەڵە لەمپەرێکی ئایدیۆلۆژیکن ٢)پێوەندیی هێزەکان لەنێوان گوتاری پارتەکانو تاقمە جۆراوجۆرەکان ٣)گوتاری خوێندکارانی زانکۆ ٤) گوتاری راشکاوانەو توندوتیژ (چەشنی دروشمەکان). تاووتوێی وردی ئەم چوارجۆرە (بە ئاخێوبوونی کردەکان) رێخۆشکەری تێگەیشتن لە واتای کردەکانە.[٣٣] هەوێنی "دۆزینەوەی ئاماژەی واتایی زمان"و "زانینی شێوەی واتابەخشی بە نیشانەکان" نێوەرۆکی کتێبی پلەی سفری نڤیسیار دەگرێتە خۆ، کتێبێك کە بە گوتەی بارت بە "مێژووی نڤیسیار" لەقەڵەم دەدرێت.[٣٤] بارت نووسیویەتی: "پلەی سفری نڤیسیار بە مانای مێژووی زمانی ئەدەبیە، نە مێژووی زمانەو نە مێژووی مێتۆدی دەربڕین (Style) بەڵکوو زۆر بە ئاسانی مێژووی نیشانە ئەدەبیەکانە، واتە ئەو نیشانانەی کە ئەدەبیات بەوانەوە دەبێتە ئەدەبیات".[٣٥] بەرهەمی ئەدەبی پێوەندیەکی نێوان نووسەرو دەق، یان پێوەندییەك لەنێوان نووسەرو خوێنەر نیە، بەڵکوو پێوەندییەکە لەنێوان کردەی ئاماژەو جیهان. ئەگەر ئەدەبیات بە دامەزراوێك بزانین، مێتۆدە مێژووییەکان، چ سۆسیۆلۆژیك یان سایکۆلۆژیك، بۆ ئاشنابوون لەگەڵی دا، بەکار دێن، بەڵام ئەگەر وەکوو جۆرە کردەیەکی داهێنەر سەیری بکەین، کە بە ڕاستی بەم شێوەیەیە، ئەم مێتۆدانە ئامرازێك نین کە بەپێی پێویست بنو تەنیا وەکوو زانیارییەك لەمەڕ ئاماژەوە بەکەڵکمان بێن.

بارت دەڵێ: "بابەتی بەرهەمەکانی من، بە تەواوی هەمەچەشنن ... بەڵام هەمیشە لە هەیکەلێکی سەرەکی دا جێیان دەبێتەوە: واتە لە ئاماژەی بابەتە فەرهەنگییەکان دا"[٣٦] و جەخت دەکاتەوە کە بابەتی ئەدەبیات لەم نێوە دا



گرینگترە چونکە سەروکاری لەگەڵ زمان دا هەیە. لە شوێنێکی دیکە دا نووسیویەتی: "کاری من بەدەستهێنانی زنجیرەیەك لە شیکردنەوە پێکهاتەییەکانە کە ئامانجی هەموویان جۆرە زمانێکی نازماناسانەیە".[٣٧] دۆزینەوەی ئەم بان زمانە یان "زمانی نازماناسانە"یە دڵەخورپەی هەمیشەیی بارت بوو. ئەو زۆر زوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە رێگەیەك نیە جگە لە کەڵك وەرگرتن لە زمان. یاکوبسێن پەی بەوە بردبوو کە ئەزموونی منداڵ لەمەڕ کات، لە بنەڕەت دا پەیوەستە بە ئەزموونی زمانیی ئەو. منداڵان بەردەوام کۆمەڵە پرسیارێك لەبارەی چیەتیی زمانەوە دەهێننە ئاراوەو هێما بۆ قۆناغەکانی پێشووی فێربوونی زمان دەکەن. ئەوان شەیدای زمانو ئەرکی بان ـ زمانناسانە ئامرازێکی گرنگە لە کامڵبوونی زمانی وان دا. منداڵ رابردوو بەم جۆرە وەبیر دێنێتەوە: "کاتێ چکۆلانە بووم بەم شێوەیە قسەم دەکرد". هێندێك جار هەوڵ دەدا تا "وەکوو منداڵێکی چکۆلە" بدوێ. ئەو پێی وایە ئەم یارییە زۆر سەرنج راکێشە.[٣٨] لەپاری یەکەم دا دیتمان کە سۆسۆر، زمانناسیی بە یەکێك لە توخمەکانی دوازانستی نیشانەکان یان نیشانەناسی دەزانیو لەو باوەڕەدابوو کە بە دۆزینەوە بنەمای نیشانەناسی دەتوانین مێتۆدی راستو دروستتر بۆ زمانناسی بدۆزینەوە. بارت لە تێزی بەناوبانگی خۆی لەژێرناوی پێشەکیەك بۆ نیشانەناسیدا رایەکی یەکسەر پێچەوانەی رایەکەی سۆسێری هێنایە گۆڕێ. ئەو دەسەلمێنێ کە نیشانەناسی ئەگەر بیەوێ بمێنێتەوە رێگەیەکی جگە لە بەکارهێنانی مێتۆدی زمانناسانە لەبەردەم دا نیە. بارت لە سیستمی نەریتی پۆشاکدا وتوویەتی: "زمانی مرۆیی هەر بە تەنیا سیمبۆلی واتا نیە، بەڵکوو بنەمای واتایە".[٣٩] بە لەبەردەست دابوونی بەرهەمی کاری بارت دەتوانیت بڕیار بدەی کە تەنیا بە یارمەتیی مێتۆدە زمانناسانەکان لە "پێکهاتە سەرەکیو پێوەندییە ناوەکییەکانی دیاردە فەرهەنگییەکان تێبگەیت"، ئەم خاڵە لەسەر دوو رێسای سەرەکی دامەزراوە: ١) دیاردە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان، کۆمەڵە بابەت یان خاڵگەلێکی "واتادارن" و هەربۆیە بە نیشانە لەقەڵەم دەدرێ. ٢) ئەوانە لەنێو خۆیان دا هەڵگری گەوهەرێك نین،



PDF4Kurd

بەڵکوو تەنیا لە بواری ئەو پێوەندی‌یانەی کە لە تەك یەکدی دا پەیدای دەکەن، دەشێ بناسرێنەوە؛ هەر لەبەر ئەمەش سیمبۆلەکەیان نیشانە زمانی‌یەکانن. پێکهاتەگەرایی لەسەر ئەو خاڵە دامەزراوە کە ئەگەر کردەکان‌و دەستکەوتەکانی کارو هزری مرۆڤ خاوەن واتا بن، کەوابوو دەبێ سیستمێك لە جیاکاری‌و پێوەندی‌یەکانی نێوان (یەکە)کانی کردەو بەرهەمهێنانی کردە هەبێت، تاکوو بواری هاتنە ئارای واتا بڕەخسێنێ. بەڕای بینەرێك کە ئاگای لە دابونەریتەکانی پێکەوەنانی ژینی هاوسەرێتی لە کولتوورێکی دیاریکراو دا، (یان بینەری یاری‌یەکی تۆپی پێ، کە شتێك لەبارەی تۆپی پێ نازانێ) نەبێت، کردەکانی تاکەکان بە تەواوی بە لایەوە بێ‌واتان. تەنیا کاتێك ئەم کردانە بە لای ئەوەوە واتا پەیدا دەکەن کە چەشنی نیشانەگەلێك دابنرێن‌و ئەو سیستمانەی کە بەسەر گۆڕانکاری‌و پێوەندی‌یە ناوەکیەکانیاندا زاڵن، بناسرێن، یان شایەنی ناسین بن. لیۆشتراوس لە پێش گوتارێك کە لەسەر گرینگترین بەرهەمەکانی مارسێل مۆس دا نووسیویەتی گوتوویە کە "کردە تەریك کەوتووەکانی تاکەکان هەرگیز لەخۆیانەوە سیمبۆلیك نین". هەروەها واتای فەرهەنگی هەر کردەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی ناسینی ڕێسا زاڵەکانەوە دەناسرێت‌و روون دەکرێتەوە.[٤٠] ڕێساکانی زمانی فارسی بوارمان دەدەنێ تا ڕۆنانێك لە فۆنیمەکان، مانای وشەیەك، یان ڕۆنانێك لە وشەکانی رستەیەك، یان ڕۆنانێك لە رستەکان چەشنی ئاخێو یان واتا بدەن بە دەستەوەو ڕێساگەلێکی فەرهەنگی دیاریکراو، بوارمان بۆ دەڕەخسێنن کە کردەگەلێکی تایبەتی واتای "گۆڵ کردن"، "شێعر هۆنینەوە"، "بەئەدەب بوون" ... بگەیەنن. فەرهەنگ بەم پێ‌یە لە زنجیرەیەك لە سیستمە سیمبۆلیکیەکان پێك هاتوە. کاتێك کە ئێمە بابەتی توێژینەوەی خۆمان نەك بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، بەڵکوو بۆ دەسکەوتە فەرهەنگیەکان، یان "پێوەندی‌یە واتادارەکان" تەرخان بکەین، چۆنیەتیەکانی "پێناسەکەر"انی ئەو پێوەندی‌یانە دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵە تایبەتمەندی‌یەك کە دیاریکاری‌و جیاکاری دەخولقێنن‌و بوار بە هەموو شتێك دەدەن تاکوو لە سیستمێکی سیمبولی دیاریکراودا واتا پەیدا بکەن.[٤١] کارایی نیشانەناسی لەوە دایە کە "ئێمە" هەر بابەتێکی توێژینەوە، یان



بە نیشانەیەك لە قەڵەمی دەدەین یان بە کۆمەڵەیەك لە نیشانەکان‌و پێوەندیە ناوەکیەکان دەیزانین. لە زماننناسی دا دەتوانین بە ئاسانی واتای ڕێککەوتەیی نیشانەکان بناسینەوە، بەڵام لە سیستمە نازمانیەکان دا مەترسی ئەوە کە نیشانەکان بە خاوەنی "واتای سروشتی" بزانین هەیە. بە هێنانەگۆڕی ڕێساکانی زماننناسی چەشنی سیمبۆل دەتوانین لەم جۆرە هەڵەیە دوور کەوینەوە. سۆسۆریش پێی داگرتوە کە زماننناسی بەهۆی هێنانە ئارای سیستمێك کە زاڵ ببێت بەسەر ڕێساکانی نێوان یەکە زمانی‌یەکان دا، دەتوانێت کارایی‌یەکی زۆری هەبێت.(٤٢) زماننناسی مێتۆدێکی شیکاری دەخاتە بەردەست کە لە هەموو شوێنێك دا دەکرێ بەکار بێت. هەڵبەت بارت بڕوای بەم خاڵە هەبوو، بەڵام ئەوەی ئەوی لەپێکهاتەگەراکانی دی جیا دەکردەوە، بەکار هێنانی ئەم مێتۆدە یان چاکتر بڵێم ئامانجی تاووتوێکردن بوو. بارت بە ئاشکرا بە دووی دۆزینەوەی حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرو ئەرخەیانی‌یەکی پتەوو توکمەو زانستی نەکەوتبوو. سوزان سونتاگ وەبیری‌هێناوەتەوە کە بارت پابەندی نەریتێکی کۆن لە "هزری فەرەنسی" مابوویەوە: بەدوای جوانی کەوتبوو، زیاتر سەروکاری لەتەك "جوانخوازی" دا هەبوو نەك زانست.[٤٣]

٢

بارت جۆرە سیستمێکی "ڕەمزدانەری"ی لەنێو هەموو ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵگای مۆدێرن دا دۆزیوەتەوە، هەر لە پۆشینی جلوبەرگ‌و خواردنی خۆراکەوە بگرە تا دەگاتە ڕووەکانی ژیانی کولتووری، ئابووری‌و ...هتد. بۆ نموونە ڕێساکانی خواردنی خۆراك وەبەرچاو بگرین. خۆارکەکان لە ڕوانگەی تەوەری جێنشینی‌یەوە لەسەر بنەمای لێکچوونەکانی خۆیان‌و لە ڕوانگەی تەوەری هاونشینی‌یەوە لەسەر بنەمای هاوڕێکیی بەردەوام لەکردەی خواردن دا هاوڕێك دەبن. ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی ستوونی بڕوانینە "لیستەی خۆراکی" ڕێستۆرانێك، لەگەڵ هاوڕێکی هاونشینی بەرەوڕوو دەبین. سەرەتا سووپ، پاشان بەڕیز بەرخۆراك، خۆراکی سەرەکی‌و زەڵاتەو دێسێر[***] لەلیستەکەدا دێن. شلەمەنی بە زۆری هاوکات لەگەڵ "بەرخۆراك" یان پاش ئەو ئامادە دەکرێت.



PDF4Kurd

لەپاش دێسێریش دا دەتوانی داوای قاوەیەکیش بکەی. ئەمە "زمانی" ڕێستۆرانێکی فەڕانسەوی یان "هاوڕێکیو شێوەی خۆراك خواردنی فەڕانسەوییەکان"ە. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، زەڵاتە، لەنێوان بەرخۆراكو خۆراکی سەرەکی دەخورێ. ئەم "زمان"ە لەروانگەی فەڕانسەوییەکانەوە، "نارێزمانی"یە. ئێستا ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڕوانینە "لیستەی خۆراکی" ڕێستۆران، لەپاش ناوی سووپەوە، جۆرەکانی هاتوون: دەتوانین لەنێوان سووپی جۆ، تەماتەو ... یەکێکیان هەڵبژێرین. هەروەها لەنێوان جۆرەکانی "بەرخۆراك" داو پاشان لەنێوان جۆرەکانی خۆراك دا، سۆسی زەڵاتە، پیپسی، دێسێرو تەنانەت لەبارەی ڕێژەی کوڵانی گۆشت لەنێو خۆراکی سەرەکی دا، بواری هەڵبژاردنمان هەیە. لێرەدا لەگەڵ تەوەری جێنشینی دا بەرەوڕووین. لە ڕەهەندێکی دیکەوە دەتوانین بڵێین لە دۆخی یەکەم دا لەگەڵ "زمان"و لە دۆخی دووەم دا لەگەڵ "گوتار"دا بەرەوڕووین.(٤٤) ئەم مێتۆدە زماناسانەیە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئێمە دا بەکار دێ. بارت لەبارەی سیستمی پۆشاك، فەزای شارو بیناکاری، ﴿هونەری﴾ بیناکاری، دیوی ناوەوەی خانووەکانو بەکورتی زۆر لە لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئەم مێتۆدەی بە ئەکتیڤ دەزانیو سەلماندی کە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە بە شێوەیەکی زماناسانە ڕێك خراوە. بارت ئەم تێگەیشتنە لە "ڕەمزدانەری"ی لەبارەی ئەدەبیاتیشەوە بەکار هێناوە. ئەو ئەم خاڵانەی بەسەر گەڵاڵەی یاکۆبسێن لەمەڕ پێوەندییەوە زیاد کرد: بواری پەتی لە گۆڕێ دانیە، هەر بوارێکی سیستمی پێوەندیکارانە بەهۆی ڕەخنەوە "ڕەمزدانەری" Codificationی بۆ کراوەو لەسەر بنەمای ڕێسا زماناسانەکان پێك هاتوە. هەڵەی "ڕیئالیستەکان" بەردەوام بریتییە لەوە کە پێیان وایە سەروکاریان لەگەڵ بوارێکی کۆتاییو حاشاهەڵنەگر هەیە؛ لەحاڵێك دا کە لەگەڵ ڕێسای تایبەتی "ڕەمزدانەری" بەرەوڕوون. بارت پیشانی دا کە "کەتوار" بەو شێوەیەی کە بالزاك دەیدیو دەیهێنایە گۆڕێ، کاریگەریی لەسیستمێکی "ڕەمزدانەری"ی پێشوو وەرگرتبوو. خاڵێکی گرینگی دیکە کە پێی لەسەر داگرت ئەوە بوو کە ئەو "کەتوار"ەی کە مەبەستی بالزاکە لەگەڵ ئەو



"کەتوار"ەی کە ئێستاندال مەبەستیەتی جیاوازە. تا بەر لە مێتۆدی تاووتوێی پێکهاتەیی دەق خوێندنەوە بریتیبوو لە دابەزاندنی دەق بۆ واتاگەلێکی دیاریکراو کە لە بەستێنێکی تەواو جیاواز لە دەق بەدەست هاتوون. بەڵام بارت بڕوای بە بوونی واتایی کە لە دەرەوەی دەق بێت نیە. زماناسی لەبەر ئەوەی واتا بەلاوە گرنگ نیەو گرنگی بە فۆرم دەدات، مێتۆدی ڕاستو دروستی خوێندنەوەشمان فێر دەکات.[٤٥] بارت لە تێزی سەرەتایەك بۆ نیشانەناسی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زماناسی خۆی بەسەر هەموو لقەکانی نیشانەناسیو زمانیش خۆی بەسەر هەموو "سیستمەکانی دەربڕین یا ئاماژە" دەسەپێنێ. هەوڵی بارت لە ناسینی زمانی نەریتی پۆشاك (مۆدێلی جلوبەرگ) زیاتر سەلماندنی ئەم خاڵەیە کە تەنانەت لە سیستمەکانی تایبەت بە پۆشاك (لەنموونەی ئەو دا پۆشاکی فەڕانسەوییەکانی کۆتایی دەکانی ١٩٥٠ مەبەستە) ڕێساو بنەماکانی زماناسی زاڵە. ئەو ئەم کارەی لە ڕێگەی تاووتوێی چەند "گۆڤارێکی تایبەت بە مۆدێل"ی ـ ژمارەکانی هەر یەکە لەو گۆڤارانە بە ڕیز لە ماوەی ساڵێك دا ـ ئەنجام دا.[٤٦] کتێبی سیستمی نەریتی پۆشاك لە بارەی شێوەی پۆشاکی خەڵکان، یان ڕێساکانی پۆشاك بەپێی یاسای گۆڤارەکانی تایبەت بە مۆدیل" نیە. ئامانجی سەرەکی ناسینی "سیستمی ئاماژەگەری"ی ئەم بلاڤۆکانەیە، واتە تێگەیشتنی واتاکانە بەیارمەتیی نیشانەناسی. جلوبەرگەکان ـ چەشنی دەقە ئەدەبییەکان ـ جیهانێکن لەنیشانەکان، هەر بەو جۆرە کە ناسینی واتا ئەگەرییەکانی دەق، کاری نیشانەناسی زمانی ئەدەبییە، لەمەڕ تێگەیشتنی سیستمی واتایی نەریتی پۆشاکیش سیمیۆلۆژییەکی ئەکتیڤە. بارت لەبۆ نووسینی کتێبی "سیستمی نەریتی پۆشاك" شەش ساڵ کاری کرودوە. ئەم کتێبە لەلایەن پێکهاتە گەراکانەوە وەکوو "نموونەی باڵای مێتۆدۆلۆژیك"ستایش کرا.[٤٧] پێشتر بارت باسی لە لێکچوونی نێوان سیستمی پۆشاكو ئەدەبیات کردبوو: "ئەرکی هەردووك سیستم پێکهێنانی پێوەندییەك کە واتایەکی بەرجەستەو دەرەکی هەبێو بەر لەو سیستمە هەبووبێ، نیە. بەڵکوو خوڵقاندنی جۆرە هاوسەنگییەکی ئەرکیانەیە." [٤٨] لەسەرەتایەك بۆ نیشانەناسیشدا ئەم ڕێسایە



PDF4Kurd

دووپات بۆتەوە. سیستمی نەریتی پۆشاك ـ بەو چەشنە كە لە گۆڤارەكانی مۆدێل دا پێناسە دەكرێت ـ خۆی زمانێكە، بەدەر لە شێوەی لەبەركردنی جلوبەرگ لە لایەن تاكەكەسەوە زنجیرەیەكی سیستماتیكە كە لە نیشانەكان‌و ڕێساكان پێك هاتوە. بەڵام لە "زمانی نەریتی پۆشاك" دا بەپێچەوانەی زمان، هەمووان چوارچێوەی سیستم دیاری ناكەن، بەڵكوو تاقمێكی دیاریكراو (مۆدێل سازان) ڕەمزی بۆ دادەنێن‌و دەستنیشانی دەكەن. لەم كاتەدا ئاراستەی ئەبستراكتی زمان لێرەدا دەربڕینێكی ماتریالی بەدەست دێنێ‌و لەم ڕووەوە لە زمانی نڤیسیاری نزیك دەبێتەوە، بەڵام لە نیگارو وێنەی "گۆڤارەكانی تایبەت بە مۆدێل" دا زمانی نەریتی پۆشاك، ئەو فۆرمە تەواو ئەبستراكتە لەكیس دەدا، چونكە جلوبەرگەكان لە دۆخێك دا دەبینن كە مرۆڤەكان لەبەریان كردون. ئەم خەڵكانە ـ زۆر جاران ژنە لاو و ڕەندەكان ـ بەجۆرێك نمایش دەكرێن‌و دەناسێندرێن، كە ئێمە پێمان وایە پۆشاكی ئەوان، پیشاندەری ڕێساكان‌و "زمان"ەو نەك نیشانەی دەست ڕەنگینیی تایبەتیی ئەوان لە لێكدان‌و هەڵبژاردنی كەرتە هەمەچەشنەكانی جلوبەرگەكان. [49] بە ئاشكرا لە دەیەی ١٩٨٠ دا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا "گوتار" لەسیستمی نەریتی پۆشاك" دا فۆرمی هەمەجۆری وەرگرتوەو یاساكان‌و ڕەمزەكانی "زمانی‌و نەریتی پۆشاك" گۆڕاوە. پێشتر لەسەر بناغەی ئەم زمانە فۆرمگەلێكی سنووورداری وتار پێك دەهات. بەڵام ئەمڕۆكە ئەم "گوتار" **Speech**انە تەواو فرەچەشن بوون‌و كار گەیشتۆتە ئەوە كە "زمانی سەرەكی‌و دوایین ڕێساكان" زۆر بە دژواری دەتوانی بدۆزیتەوە. سیستمی پۆشاك دواجار لەسەر بنەمای ڕێككەوتن دامەزراوە. ئەم سیستمە لە ڕێگەی گرینگی‌دان بە (واتادار كردن)ی بەشێك لە پاژەكان، هەمەچەشنی دەخولقێنێ‌و لە ئەنجام دا بواری جێنشینی دەڕەخسێنێ. كاری نیشانەناس تێگەیشتن لە پرۆسێسی بەرهەمهێنانی ئەم واتایەیە. بارت لە وتووێژێك دا جەختی لەسەر گرینگیی "سیستمی نەریتی پۆشاك" كردو وەبیری هێنایەوە كە نووسەرانێك وەكوو بالزاك، میشلەو پروست، لە "زمانی پۆشاك" شارەزا بوون. بەڵام كاری ئەو بارت دەبووایە لە ڕێسا مێتافۆریكی‌یەكانەوە گەیشتبایە شیكردنەوەیەكی دیاریكراو و



تەكنیكی پۆشاك یەكێك لە ئامرازە پەیوەندی‌كاری‌یەكانە كە هەم خاوەنی ئارایی‌یەكی مەتریالی‌یە كە ڕۆژانە وەبەرچاو دەكەوێ‌و ئارایی‌یەكی "فكری"یشی هەیە. [50] بارت ڕوون دەكاتەوە كە لە كتێبەكەی خۆی دا وێنەو نیگار بەكار نەهاتوون. چونكە كتێبەكە لە بنەڕەت دا لەسەر بناغەی وەسفی نڤیسیاری (ڕوونكردنەوەی وێنەكان لە گۆڤارەكانی تایبەت بە مۆدێل) دانراوەو وەسف كردن هەر تەنیا پێوەندیی بە دیتنەوە نیە، چونكە هەر چەشنە وەسفێكی ئاخاوتەیی خۆی سیستمێكی هزرمەندانەی پەتی‌یە: "نووسین ڕەنگدانەوەی ساكار، یان وەرگێڕانی سادەی نیگارەكان‌و ئاخاوتن نیە، بەڵكوو سیستمێكە لەنێو خۆی‌دا (كامڵ)ە". [51] هەڵبەت كتێبی سیستمی نەریتی پۆشاك چەند سیستمێكی ئاماژەی واتایی لێك جیاواز دەهێنێتە گۆڕێ: جلوبەرگەكان، وێنەكان‌و زمانی نڤیسیاری. بەڵام شیكردنەوە لە هەمبەر ئەم فرەچەشنی‌یە تەنیا دوابەدوای شیكردنەوە لە هەمبەر زمانەوە دەشێ ئەنجام بدرێت. [52] ئەو جلوبەرگانەی كە لە "گۆڤارەكانی تایبەت بە مۆدێل" دا دەیان بینین، لەگەڵ ئەو جلوبەرگانەی كە خەڵكی لە شەقامەكان دا دەیان پۆشن، جیاوازی‌یان هەیە. ڕەنگە باشتر بێ بڵێین كە "ناڕاستەقینە"ن، بەڵام زۆر جاران زیاتر لە جلوبەرگە ڕاستەقینەكان دەبنە ئامرازی خەیاڵپەروەریی گشتی "خەڵك". ئەم جلوبەرگانە نیشاندەری جۆرە مەودایەكی كەتوار لە تەك ئۆتۆپیان، چەشنی فیلمەكان‌و چیرۆكە وێنەیی‌یەكان‌و ڕۆمانە پڕفرۆشەكان كە هەمووان پەسندیان دەكەن. [53]

بارت وتوویەتی كە بە نووسینی مێتۆلۆژی زانی كە زماناسی مێتۆدێكی سەرەكی دەخاتە بەردەست توێژەر. سیستمی نەریتی پۆشاك لە ڕاهێنانێك دەچوو بۆ ئەوە ڕاستیی ئەم خاڵە بسەلمێنرێ. ئەو سەرەتا دەیویست لە تاووتوێی جلوبەرگی ژنان لە شەقامەكان ڕا دەست پێبكا، بەڵام هەرزوو بۆی دەركەوت كە زمانی نڤیسیاری دەربڕین **Diction**ی ئەم جلوبەرگانە لە بڵاڤۆكەكان دا مێتۆدی ڕاست‌و دروستی كارەكەی دەخاتە بەردەست. بارت گوتی كە "ئیدی دڵنیا بوو وم كە ناتوانی لە دەرەوەی زمان بیر لە هیچ بابەتێكی فەرهەنگی بكەینەوە". [54] سیستمی پۆشاك لەسەر بنەمای ڕێككەوتن دامەزراوە. ئەگەر پۆشاك خاوەنی ئاماژەیەكی واتایی ـ



PDF4Kurd

کۆمەڵایەتی نەبووایە، ئەو کات تەنیا کۆمەڵە جلوبەرگێك دەکڕدرا کە درەنگ بدڕێن‌و هەرکەسێکیش تەنیا کاتێك جلوبەرگی تازەی دەکڕی کە کراسەکانی پێشووی کۆن بوونایە؛ بەڵام بەهۆی واتای دیاریکراو و ڕێککەوتەیی پاژەکانی کراس، ڕۆنانی هەمەچەشن‌و فرەڕەنگ پێك دێن کە بنچینەی "نەریتی پۆشاك" واتە مۆدێلی جلوبەرگن. بۆ دۆزینەوەی ئەرکی ئەم سیستمە بارت نیگارەکان‌و نڤیسیارەکانی گۆڤارەکانی تایبەت بە مۆدێلی تاووتوێ کردو خاڵی دووەمی بە "نەریتی پۆشاکی نووسراو" ناودێر کرد.[٥٥] بارت لەپاری یەکەمی کتێبەکە دا (کە سەردێڕەکەی "مێتۆد"ە) مێتۆدی زمانناسانەی خۆی هێنایە گۆڕێ. ئەو پۆشینی جلوبەرگ (Vetement)ی بە زمان دایە قەڵەم‌و خوو و نەریتی پۆشاك (Habillement)ی بە مانای گوتار بەکار هێنا. نەریتی پۆشاك جۆرە هەڵبژاردنێکی تاکەکەسیی نیشانەکانەو فۆرمە هەمەجۆرەکانی بریتین لە چەشنەکانی سەرهەڵدانی "زمانی پۆشاك". ڕوونکردنەوەو وەسفکردنە نڤیسیاری‌یەکان کە لە گۆڤارەکانی تایبەت بە مۆدێل دا دێن، بە واتای زمانناسانە "گوتار"ە (لە فۆرمی تۆمارکراوی خۆی لە سیستمی هێما نڤیسیاری‌یەکان) بەڵام لە پانتایی سیستمی پۆشاك دا "زمان". ئەم دوو فاقی‌یەتە ڕێسای سەرەکیی تاووتوێی پێکهاتەییە لەمەڕ "نەریتی پۆشاکی نڤیسیاری".[٥٦] هەربۆیە "مێتۆدی پۆشاك" بابەتێکی تاکەکەسی‌یەو بە گوتار ناودێری دەکەین، "زمانی پۆشاك" خاڵێکی گشتی‌یەو بە زمان ناوزەدی دەکەین. تەواوی کۆمەڵگا زمانی پۆشاك لە ڕێگەی ئەرکی گرووپێك لە داڕێژەران‌و مۆدێل سازان واتە دەزگا سەرەکی‌یەکانی بەرهەمهێنانی پۆشاك، دەناسن. ئەم بژیوانە دروستکەری "ئاخێوی پۆشاك"ە کە بڵاڤۆکەکانی جلوبەرگ‌و ڕێکلامەکان (و هەندێ جار ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان) ئەم ئاخێوە دەهێننە گۆڕێ.[٥٧] بەڵام چ پێویستی‌یەك بەبوونی نڤیسیار لە گۆڤارەکانی تایبەت بە مۆدێل دا هەیە؟ بارت لە وتاری "تیۆریی دەربڕینی نیگارەکان" دا باسی لە ڕێکلامێك کردوە: وێنەی کووپێك قاوە کە هەڵمی لێ هەڵدەستێ، ئەم وێنەیە بە تەنیایی دەدوێ (گەیەنەری واتایە) بەڵام لە پاڵیشیدا ڕوونکردنەوەیەکیش نووسراوە: "تازە، سروشتی، بەتام"، ئەم نووسینە (کە



دووپاتکەرەوەی واتایە) بۆچ پێویستە؟ بارت دەڵێ: "زمان واتە دەسەڵات" [٥٨]. هەرچەندیش کە نووسینی گۆڤارەکانی تایبەت بە مۆدێل گەمژەیی‌یانە یان سادەگەرایانە بێنە بەرچاوو بابەتگەلی ئاشکرا ڕوون بکەنەوە، دیسان "واتا سەقامگیر دەکەن". ئەم زمانە نڤیسیاری‌یە ئەگەری "مانۆڕ"ی هەیە. لە شوێنگەی ژن لە کۆمەڵگەی بورژوازی دەچێ‌و پێشاندەری ئەم شوێنگەیەیە: "نەزان، منداڵ‌و لە هەمان کات دا گرنگە"■ [٥٩]. بەڵام لە ڕووی ئەرکی‌یەوە یا چاکتر بڵێین پروپاگەندەیی‌یەوە لانی‌کەم خاوەنی سێ‌جۆر واتای لاوەکی‌یە:
١- زمانی پروپاگەندەیی بۆ دەوڵەمەندان، ڕوون دەکاتەوە کە جلوبەرگەکە لە چ جۆر قوماشێك‌و چ جۆرە کەرەستەیەك دروست کراوە، ٢- زمانی پروپاگەندەیی بۆ کرێکاران، ڕوون دەکاتەوە نرخەکەی کەمەو درەنگ کۆن دەبێ‌و دەدڕێ، ٣- زمانی پروپاگەندەیی بۆ چینی نێوەڕاست: ئەرکێکی تایبەتی هەیە، بەرهەمهێنەری خولیایە، بۆ نموونە لەپاڵ وێنەکە دا ژنێکی گەنج کراسەکەی لەبەر کردوە "کەسێك کە "مانە" تامەزرۆ بوو بیکێشێتەوە". ئامانجی بارت لە سیستمی نەریتی پۆشاکدا کۆکردنەوەو ڕێکخستنی دەستوورێکی هەمەلایەنە بوو بۆ زمانی پۆشاك. بارت خۆی جارێکیان دانی پیانا کە بەراورد لەگەڵ کتێبێکی ڕێزمانی لە نووسینی ئەم کتێبە دا لەبەرچاو گرتوە.[٦٠] ئەو شەست ناوی لێك جیاوازی دۆزیەوە کە دەتوانی هەموو بەشەکانی جلوبەرگەکان لەوان دا جێ بکەیتەوەو ﴿هەروەها﴾ سێ‌مێتۆدی جیاوازی لێك دان ﴿ی دۆزیەوە﴾ کە پێوەندیی ئەم بەشانە پێشان دەدا. وردبوونەوە لە مێتۆدە زمانناسانەکان بارتی بەرەو هێنانە ئارای بابەتگەلی سەرنج ڕاکێش، ڕاکێشاوە. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەك کە ئەو لەمەڕ "ناوە تایبەتی‌یەکان"ەوە ئەنجامی داوە ورد بینەوە: "ناوەتایبەتی‌یەکان بە گرینگ دەزانم، تاکە دەقێك کە لەبارەی پروستەوە نووسیومە لەبارەی ناوە تایبەتی‌یەکانە لە بەرهەمەکانی ئەو دا. پروست خۆی فەلسەفەیەکی لەمەڕ ناوە تایبەتی‌یەکانەوە هەبوو، پێوەندیی مەتەڵ ئاسای ئێمە لە تەك ناوەکان لە ڕاستی دا پێوەندی‌یەکی ئاماژەدارە، چێژی هەیەو تەنانەت دەتوانین بڵێین سەرخۆشانەیە".[٦١] بارت لە کتێبی "ڕۆلان



PDF4Kurd

بارتدا باسی لە بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆیو ناوە تایبەتییەکانو شاری بایۆن کردوە. جارێکیان گوتی: "هەستیارم بە ناوە تایبەتییەکان... چەندین جار بیرم لەوە کردۆتەوە کە سەرکەوتنی نووسەرێك لە ڕۆمان دا پەیوەستە بە دۆزینەوەی ناوی گونجاو بۆ کەسێتییەکان".[٦٢] بارت لە وتاری "تاووتوێی پێکهاتەیی چیرۆکێکی ئیدگار پوو" (١٩٧٣) دا ناوی تایبەتی بە "میری ئاماژە پێکەرەکان" ناوزەد کردوە کە "خاوەنی واتای ناڕاستەوخۆی زۆرە، هەم لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیو هەم لە ڕوانگەی سیمبۆلیکییەوە." [٦٣] لە کتێبی "ڕۆلان بارت" دا چوار ناوی جیاوازی بۆخۆی داناوە کە بریتین لە: من، ئەو، ر.ب، و هێندێ جار ئێوە. خۆی گوتوویەتی: "ناوونیشانی من لە ڕاستی دا ناوی منی خەیاڵپەروەرە، هەرکاتێك دەڵێم من، بێگومان نغرۆی خەیاڵم" ناوی "ئەو" پیشاندەری مەودایە، ئەو لە پیوار دایە، لەگەڵ "من" دا مەودای هەیە. "﴿مەبەست لە﴾ مەودا ئەو واتایەیە کە برێشت مەبەستی بووە". کاتێك کە دەڵێین ئەو، باس لە وردیو جیاکاریی زمانی دەکەین: "ڕەنگیشە بتوانین بڵێین بە پێی واتای وردی وشەکە، ئەو، مردوە".[٦٤] بە لەبەرچاو گرتنی خاڵی ناوبراو ئایا دەتوانین بڵێین کە پێداگریی شێخ ئەبو سەعید ئەبولخەیر لەجێی خۆی "ئەمان" بەکار بێنێ، بە واتای مەرگی خۆیەتی؟ ئایا مەبەست ئەوە نیە کە شێخ دەیەویست "من"ی خۆی بکوژێ؟[٦٥]، بەڵام ئەم "من"ە بەردەوام لە مەودایەکی دوورتر دا چەشنی "ئەمان" دیسان دەردەکەوتەوە؟ یان کاتێك لیۆن ترۆتێسکی لە مێژووی شۆڕشی ڕووسیەدا باس لە خۆی دەکا "ئەو" بە کار دێنێ، ئایا بەبێ ئەوە کە خۆی بزانێ، باس لە سەردەمێکی بەسەرچوو، ئایدیالی لە دەستچوو، قارەمانێکی مردوو ناکات؟ دەبا بگەڕێینەوە لای باسەکەی بارت؛ ئەو "ئێوە" لە شوێنێ بەکار دێنێ کە خەریکی ئیدانەکردنی خۆیەتی: "جۆرە کردەیەكو دەربڕینی پارانوویێك **Paranoiac**و دواجار "ر.ب"ی لە هێندێك شوێن دا هێناوەتەوە کە وای کردوەکە ڕەفتارو کردارەکانی ئەو، نەناسراوو ئاوێتەی لێڵیو نادیاری بن.[٦٦] تا ئێرە ڕوون بۆتەوە کە مێتۆدی کار کردنی بارت پانتاییەکی فراوانتر لە ڕەخنەو تیۆریی ئەدەبی دەگرێتەوە لە هەموو لایەنەکانی ژینی کۆمەڵایەتی -



کولتووریەوە ئەکتیڤە. بارت کاری خۆی بە "مێتۆلۆژیك" ناوزەد کردو هەڵبەت چەمکێکی فراوانتر لەو شتەی کە تا ئێستا - بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی لیۆشتراوس دا - لەبارەی ئوستوورەوە هاتە کایەوە، لەبەرچاو گرتبوو. لە وتارەکانی کتێبی بارت "ئوستوورەناسییەکان" دا، دەتوانین ڕەهەندێك چەشنێك ڕەهەندی پێوەندیکارانەی یاکۆبسێن بەدەست بێنین. بە پێی ئەم تانو پۆ = گەڵاڵە = **Plot**یە گەیەنەر دەق لەبۆ وەرگر دەنێرێت، هەڵبەت لە زۆربەی نموونەکانی بارت دا، گەیەنەر نووسەرەو وەرگر خوێنەرە. دەق پێکهاتەیەکە لە نیشانەکان کە کۆمەڵە بەهایەکی گریمانکراوو دیاریکراوی هەیە، خودی ئەم بەهایانە دیاریکارییەکانی خۆیان لە ڕەهەندی ئاماژە ئاسای خۆیانەوە بەدەست دێنن... دیاریکاریو ئاماژە بەهادارەکان کە نووسەر دەیانهێنێتە ئاراوە، مەرج نیە لەگەڵ ئەو شتانەی کە خوێنەر هەڵیان دەهێنجێنێ، بگونجێن. لەهەندێك خاڵ دا (چەشنی شوێنێك کە خوێنەر لەگەڵ دەق دا بەرەوڕوویە کە بە زمانێکی بێگانە نووسراوەو ئەو شارەزای ئەو زمانە نیە) ئەم پێوەندییە بە هیچ شێوەیەك دروست نابێت. پێوەندیی گەیەنەرو وەرگر بە بەهاکانو ئاماژەکانیشەوە لەژێر کاریگەریی ڕاڤەکردنیان دایە. لێرەدا ڕاڤە لە گشتیترین واتای خۆی دا هاتوە کە ئەزموونە تاکەکەسییەکانو ئەرکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. لایەنی پروپاگەندەو پێش گریمانەیی سیاسی، ڕەوشتیو دینییەکانو ... هتد لە هەمبەر تێگەیشتنی خوێنەر لە مەڕ بەهاکانو ئاماژەوە گرینگییەکی چارەنووسسازیان هەیە. بارت لە وتاری "ئوستوورە، ئەمڕۆ"[٦٧]دا (کە لە سێپتامبری ١٩٥٦ دا، کاتێك کە شەڕی ئەلجەزایر پەرەی دەسەند بڵاو بوویەوە) لەبارەی وێنەیەکەوە کە لەسەر بەرگی گۆڤاری پڕفرۆشی "پاری ماچ" چاپ کرابوو، دووا. لەم وێنە ڕەنگییە دا سەربازێکی ڕەش پێست، خۆوڵاتییەکی یەکێك لە کۆلۆنیالەکانی فەڕانسە دەبینرێ کە بە جلوبەرگی سەربازیی سوپای فەڕانسەوە سڵاو لە ئاڵای فەڕانسە دەکات. بارت ڕوونی کردەوە کە واتای ئەم وێنەیە دەتوانین لە پێوەندییەکانی نێوان نیشانەکان دا بناسین. ئەو پێوەندییانەی کە وەرگر (لێرە دا بڵاوکەرەوە، سەرنووسەرو وێنەگری گۆڤار)



PDF4Kurd

دەستنیشانی کردوون: "فەڕانسە ئیمپراتووری‌یەکی مەزنە... هەموو کوڕانی نیشتمانی دایك، جیا لە ڕەنگی پێستیان وەفادارانە، لەژێر سایەی ئاڵاکەی دا، خزمەتی نیشتمان دەکەن... وڵامێکی باشتر لەم هەڵچوون‌و تامەزرۆیی‌یەی ڕەش پێستێك کە خزمەت بە ستەمکارەکانی دەکات ناتوانی بدۆزیتەوە، تاکوو لە دژی لۆمەکارانی سیستمی کۆلۆنیالیستی بیدەیتەوە."[٦٨] لە ڕاستی دا لێرە وێنەگر / بڵاوکەرەوەی "پاری ماچ" وێنەیەکیان بۆ خوێنەری گۆڤارەکە داناوە کە لەودا دیاریکاری بەهادارانە بریتی‌یە لە پەیوەست بوونی سەربازیی ڕەش پێستەکە بە سوپای فەڕانسە. تاکوو لەم ڕێگایەوە ئاماژە بەم واتایە بکات کە ئاپارتاید لە سوپاو کۆمەڵگەی فەڕانسە دا نیە. ئەمە ڕاڤەی بڵاوکەرەوەو وێنەگرە کە هەوڵ دەدەن تا لە ڕێگەی هێنانە گۆڕی بەهایەکی دیاریکراو ئەو دیاریکاری‌یەی کە مەبەستیانە بەسەر خوێنەردا بیسەپێنن. فالکێز دەنووسێ کە دەتوانن ئەو گەڵاڵەیەی کە بارت باسی لێوە دەکا فراوان بکەیەوەو خودی ڕۆلان بارتیش لەو گەڵاڵەیەدا جێ بکەیتەوە.

بارت چی کردوە؟ ئەو خوێنەری لەگەڵ ئاماژەی دووەم ئاشنا کردوە. وێنەگرو / بڵاوکەرەوەی "پاری ماچ" لە ڕێگەی ئەم دیاریکاری‌یە بەهادانەرانەوە کە سەربازێکی ڕەش پێست سڵاو لە ئاڵای فەڕانسە دەکا، ئاماژەی یەکەمیان هێنابوویە گۆڕێ: ئاپارتاید لە سوپاو کۆمەڵگای فەڕانساییدا نیە. لەم کاتەدا بارت ئاماژەی دووەم دێنێتە پێشەوە: هێزێك دەیەوێ دان بەوە دابنێین کە ئاپارتاید لە سوپاو کۆمەڵگەی فەڕانسە دا نیە.[٦٩] ئەمە ڕاڤەی ڕۆلان بارتە. بارت بە بڵاوکردنەوەی پلەی سفری نڤیسیار لە ساڵی ١٩٥٥دا یەکەم هەنگاوی لەپێناو هێنانەگۆڕی تیۆریکی ئایدیۆلۆژی لەجەرگەی ئاخێوی سیمیۆلۆژیك هەڵێنابوو.[٧٠] لەنێوان ئەم کتێبەی بارت‌و ئەدەبیات چیە؟ی ژان پۆل سارتەردا لێکچوونی زۆر دەتوانی بدۆزیتەوە. هەر دووك تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان لەمەڕ کامڵ بوونی ئەدەبیاتی فەڕانسە لە ماوەی ٣٠٠ ساڵی ڕابردوو دا بەیان کردو لەبۆ تێگەیشتنی شوێنگەی ئێستای نووسینی ئەدەبی لە فەڕانسە دا کەڵکیان لێ وەردەگرت. هەردووکیان شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژیك / مێژوویی‌یان بەکار هێناو هەر یەکەو



بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەدەبیاتیان بە "دەروەست" زانیوە. بارت لەو باوەڕە دابوو کە تا ساڵی ١٦٥٠، زمانی فەڕانسە هێندە توکمە نەببوو تاکوو نووسەران بتوانن پەی بە شێوەی نووسینی تاکەکەسی‌و شێوەی دەربڕین ببەن. بەڵام هەر لەگەڵ کامڵ بوونی سیستمی سینتاکسی‌و وشە پێویستەکان، "بەرهەمە خەیاڵی‌یەکان" بەزمانێك نووسراون کە بە خێرایی لەژێرناوی "زمانی ئەدەبی" ناوبانگی بەدەست هێنا. ئەم زمانە شێوەی تێڕوانین‌و جیهانبینی چینی نێوەڕاستی دەسەڵاتداری پێشان دەدا. هەموو نووسەران لەسەر ئەم بۆچوونە کۆك بوون کە ئامانجی ئەدەبیات دروستکردنی پێوەندی‌یە. کاری ئەدەبی بە واتای گەیشتن بە ڕایەکی دیاریکراو بوو کە بەهۆی کامڵ بوونی ڕێژەیی لە زەین دا، وشەکان هەڵدەبژێردرێن‌و ڕا بۆ خوێنەرو گوێگر دەگوازنەوە. هەڵبەت بارت لە تەك ئەم تێڕوانینە ناکۆك بوو و چەشنی تریستان تزارا پێی وابوو کە "هزر لەنێوان لێوەکان دا دروست دەکرێ"؛[٧١] و ڕێگەیەکیشی بۆ جیاکردنەوەی ئایدیا لەو زمانەی کە دەری دەبڕێت، شك نەدەبرد. بە ڕای بارت تەنانەت ڕۆمانتێك خوازەکانیش جیا لەو شۆڕشەی کە لە دژی کلاسیك خوازەکان بەرپایان کردبوو، ئەم ڕوانگە سەرەکی‌یەی کلاسیك خوازەکانیان کە پێی وایە "زمان ئامرازە"[٧٢] پەسند کردبوو. بارت ڕوونی کردەوە کە دابڕانی ڕاستەقینە لەنزیك ساڵی ١٨٤٨و چەشنی بەرەنجامی شۆڕشی ١٨٤٨ رووی دا، پاش ١٦٥٠ دووەمین مێژووی گرینگ لە مێژووی ئەدەبیی فەڕانسە ساڵی ١٨٤٨ە. لە پاش شۆڕشی مەزن ١٧٨٩ کۆمەڵگەی فەڕانسە بەسەر سێ‌بەشی لێك جیاواز دا لێك دابەش کرابوو: کرێکارانی پیشەسازی، ئەریستۆکراتی خاوەن زەوی، چینی نێوەڕاستی دەسەڵاتدار. هەر لەگەڵ کامڵبوونی ململانێی چینەکان، چینی دەسەڵاتدار ئەم ڕوانگەیە کە "زمان بەردەوام بە شێوەیەکی بونیادی قەناعەت پێکەرەو لەسەر بنەمای دیالۆگ دامەزراوە، بە واتا زمان فۆرم بە جیهانێك دەبەخشێ کە لەو دا مرۆڤ تەنیا نیەو وشەکان هەڵگری ئەو دۆخە ترسناکە نین‌و ئاخاوتن هەمیشە بە واتای دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەیە".[٧٣] بارت دەنووسێ ئەو شتەی کە فلۆبێری لە بالزاك جیا دەکردەوە چەمکێکی جیاوازە کە ئەو خۆی لەبارەی



PDF4Kurd

زمانەوە دایناوە. ئەمە بەرەنجامی ساڵی خوێناویی ١٨٤٨ە. فلۆبێر لە "شێوازی دەربڕین (Style)ی تاکەکەسی" لە باڵزاك جیاببوویەوە، چونکە زمانێکی جیاوازی دەناسی. بالزاك لە بیروڕاو تێگەیشتنی کلاسیکخوازەکانەوە نزیك بوو و زمانی بە ئامرازێکی سروشتیو تەنیا بۆ پێوەندیو هێنانەگۆڕی ڕا لەبارەی ئەزموونی مرۆڤەوە دەدایە قەڵەم، لە حاڵێك دا فلۆبێر تێڕوانینێکی گومانکارانە، لەگەڵ جەخت کردن لەسەر ئاراستەی ناخودئاگای زمان، لەسەر ئەم "ئامرازی بەیانی دەروون"ەی هەبوو. لە فلۆبێر بەم لاوە ئیدی ئەدەبیات بە ڕەفتارێکی سروشتی ئەژمار ناکرێ کە بەرهەمی حاشاهەڵنەگری توانای مرۆڤ لە گوتنو نووسین دابێ؛ واتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی پێوەندی نیە، بەڵکوو بە ئەگەرێکی تایبەتی، یان ڕێکەوتەیی، یان هەڵبژاردەیی دەژمێردرێ. بە ئاشکرا بنەمای کتێبی پلەی سفری نڤیسیار تا ڕادەیەك پەیوەستە بە مێتۆدی مێژوویی ـ سۆسیۆلۆژیك. لێرەدا پەیوەندیـیە بەرهەم هێنەکانو ئاراستەی سیاسیی ململانێی چینەکان، بەدیاریکەری کامڵبوونی ئەدەبیاتو مێتۆدە ئەدەبیـیەکان ناسراوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە جەختی لەسەر زمان کردوەو ئەمە نیشان دەدا کە لەم کتێبی یەکەمەوە پلەی سفری نڤیسیار ئەو هێندەش پابەندی ڕێسا مێژوویی ـ سۆسیۆلۆژیکیـیەکان نیە. کاتێك کە بارت پەسنی "ئەم کردە وشیارانە"یە دەکات، کە "زمان بۆ کاری خۆمان هەڵبژێرین"و بە "فلۆبێری کردنی نووسین" ناودێری دەکرد، نەك تەنیا لە ئاخێوی مارکسیستی، بەڵکوو لە سارتێریش دوور دەکەوێتەوە. بارت لە پلەی سفری نڤیسیاردا ئەم ڕێسایەی تەنانەت لە مەڕ شێعریشەوە بەکار هێناو ڕەخنەی لەبنەمای بۆچوونی کلاسیك کە شێعری بە "فۆرمی شێعریانەی دەربڕینی باوەڕەکان" ناوزەد دەکرد، گرت. ئەو دەریخست کە لەپاش رامبۆ، چیەتیی شێعر گۆڕاو "شێعر بوو بە کردەیەك کە ئیدی مرۆڤ بەرەو ڕووی مرۆڤێکی دی ناکاتەوە، بەڵکوو ئەو مرۆڤە لە بەرانبەر نامرۆییترین وێنەکانی سروشت دادەنێ: فیردەوس، دۆزەخ، پانتایی پیرۆزی، شێتیو هەر شتێکی ڕەسەنو ... هتد."[٧٤]



لێرەدا جیاکاریی راستەقینەو قووڵ لەنێوان شێعرو پەخشان دێتە گۆڕێ . لەکاتێك دا کە پەخشان هێشتا تارادەیەكو بەشێوەیەکی ڕێژەیی سروشتی پێوەندیکارانەی خۆی پاراستوە (هەڵبەت رامانی نووسەر لەزمانی تاکەکەسیـیە، بەڵام سروشتی سەرەکیی ئاخێو و دەق بەردەوام گواستنەوەی ئایدیاو پەیامە ). شێعر وشەکان نەك بەمەبەستی ڕۆشنگەری یا گواستنەوەی واتاکان، بەڵکوو بۆ لێڵ کردنی ئەو "وشانە" بەکار دێنێ.

لەشێعردا وشەکان خاڵگەلێکی ئۆتوماتیکن. شاعیر دەزانێ کە واتاکان لەژمارە نایەنو بەدەستیش نایەن، ئەو تەنیا دەتوانێ "ئایدیاکان ئاڵۆز بکات" (ئەمە زاراوەیەکە کە مالارمە بەکاری هێناوە ). لەشێعردا هەر وشەیەك هەموو پێداویستیـیەکانی لەنێو خۆی دا کۆکردۆتەوە. هەربۆیە لەنوسەرییشدا لەهەرشوێنێ کە مەبەست دروستکردنی لێڵیو ئاڵۆزی بێ، پەخشان لەشێعر نزیك دەبێتەوە. ئەم خاڵە بەمانای ئەوە نیە پەخشان ناچارە کە ڕێسای حاشاهەڵنەگرو لە گۆڕان نەهاتووی زمان بەکار بێنێ. هەر دەقێکی ئەدەبی، بەهەر حاڵ خۆبواردنە لەو ڕێسایانە کە "پتەو و پۆڵایین" خۆ دەنوێننو هەموو کەسێك ناچار دەکەن ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە خۆیان لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنیدا بەشدار نەبوون، پەسند بکەن. بەڵام لە زمانی ڕۆژانەدا بۆ دروست کردنی پێوەندی بەکاریان دێنن. بەڵام لە پێوەندیی ئەدەبی دا، ئەم ڕێسایانە دەشکێن، زمانی ئەدەبی وشیارانە یا ناوشیارانە دەچێتە سەرووی هەموو ڕێسایەکەوە. بارت لەدواندەریی خۆی لە کلژۆ دوفرانسدا (٧ی ژانویەی ١٩٧٧) ئەدەبیاتی بەواتای "هەڵاتن لە باڵادەستیی زمان"و "شۆڕشی بەردەوامی زمان" بەکار هێناو لە درێژە دا گوتی "مەبەستم لە ئەدەبیات نەك بەرهەمێك یا نەك کۆمەڵەیەك لە بەرهەمەکان، تەنانەت بازرگانی یا فێرکاری، بەڵکوو تۆمار کردنی ئاڵۆزیی هێماکان، جۆرە پراکتیکێکە "واتە" پراکتیکی نووسین".[٧٥] ئەوەی بارت بە "شێوەی نووسینی سپی یان بێلایەن" ناودێری کردوەو لە شوێنێك دا بە "پلەی سفری نڤیسیار"ی زانیوە، نزیکبوونەوەیە لە شێوە نووسینی ڕۆژنامەکان، واتە شێوە دەربڕینی راپۆرت ئاساو ساردو بێسۆز. ئەو دەنووسێ هەتا نیوەی سەدەی



PDF4Kurd

نـۆزدەهەم ئـەم شـێوازە بـە لای نووسـەرانەوە پەسـند نەبـوو، رێئالیسـتە فەرانسەوییەکان ئەم شێوازەیان بە پێچەوانەی ئارەزووی بەشداری نووسەر لە کردە Actionدا دەزانـی. ئـەوان ئامادەیـی خـۆیان لەبەشـداری لـە گێـڕانەوە دا دەدیو هەمـوو شـتێکیان لـە پاڵـێوی کولـتووری، رەوشـت، سیاسـەتو هـێما هـزرگەراکان تێدەپەڕانـدو بـەوە رازی دەبوون کە دواجار بە دەربڕینی لە قاڵب دراوو هێـنانە گـۆڕی رواڵەتـە دووبارەکـان بگـەن. لـە سـەدەی حەڤدەهەمـەوە تـا سـەدەی نـۆزدەهەم "شـێوازی نووسینی کلاسیك" ئەدەبیاتی فەڕانسەی پێك هێنا کە بـەر لە هەمـوو شـتێك "جوانناسیی بەیانکەرو ئاماژەکار"ە. [٧٦] خوێندنەوە لـەم ئەدەبـیاتە دا بـە واتـای دۆزیـنەوەی "واتـادار"ە. مـادام دۆلافایـت لـە روونکـردنەوەی پەرچـەکرداری "کـۆنت دۆتـوندە"دا کـە پـەی بـە خەیانەتـی هاوسـەرەکەی بـردوە، دەنووسێ: "ئـەو بـیر لەو شتانە دەکاتەوە پیاوان لەم جۆرە دۆخـەدا بـە شـێوەیەکی ئاسایی بیریـان لـێ دەکەنـەوە" و بالزاك لە وەسفی بارۆن ئۆلـود لـە چـیرۆکی "سـارازاین"دا دەنووسـێ: "ئـەو یەکـێك لـەو پـیاوانە بـوو کـە چاوەکانیان بـە دیتنـی خاتوونێکی جوان، دەدرەوشـێتەوە". لەم دوو نموونەیەدا تێگەیشـتن لـە زمانـی دەق بـە واتـای تێگەیشـتنە لـە جیهانـێك کـە دەق ئامـاژەی پێدەکا، یـا بـە دەربـڕینیتر تێگەیشـتن واتـە ئاشـنا بـوون لەگـەڵ رەمزەکانو ئەو رێککەوتـنانەی پێشـتر دیـاری کـراون، بـەڵام لـە بـێگانەی ئالبێـر کامـۆ دا "زمـان روونـە"و باوەڕەکـان لەسـەر بنەمای خۆیان دامەزراون نەك لەسەر بنەمای ئاماژە کـردن بـە شـتەکانی دیکـەو "هزر بەرپرسیاریی خۆی دەگرێتە ئەستۆ". هەڵبەت بـێگانە بـە شـێوەیەکی هەمـە لایەنـە بـەدەر نـیە لـە سـەپاندنی رێسـاکان، رێککەوتـنەکانو رەمزەکانـی نووسـەری (هـیچ چـیرۆکێك لـەم هەمـوو شـتە بەدەر نـیە) و خاوەنـی میـتافۆرەکان، وێـنەکانو رەمـزگەلێکە کـە کەتـوار دووپـات دەکەنـەوە. بـەڵام کامـۆ هەنگاوێکـی بـەرەو "بێلایەنیـی پەتـی" هەڵێـناوە. بەسـترانەوەی بـە شـیکردنەوە مێژوویـیو سۆسـیۆلۆژیکییەکان لـە زۆربـەی ئـەو کارانەی کە لە ئوستوورەناسیەکاندا کۆکراونەتەوە ئاشکراو دیارە.

تەنـیا لـە دوا وتـاردا واتـە "ئوسـتووره ئەمـڕۆ" "دابـڕان لـەو شـیکردنەوانە" بـە بەرەنجامێکی شـێلگیرانە دەگا. هەڵـبەت هەمـوو وتارەکـان لـە سـنووری تاووتوێـی سـیمیۆلۆژیکیش دا جێـیان دەبێـتەوەو بـنەمای لێکۆڵینەوە لەوانیش دا ئاماژەیە، بـەڵام سروشـتی ناتـەواوو (رەنگـە بـتوانین بڵـێین ئاوێتەیـی)یـان دەبـێ ڕەچـاو بکـرێت. بەهۆی هەبوونی هەمان بنەمای سیمیۆلۆژیك هەموو وتارەکان (تەنانەت ئەوانـەی پێوەندییان بـە سیاسەتی رۆژ یان رووداوێکی کۆمەڵایەتیو تایبەتی لە فەڕانسـەی دەیـەی ١٩٥٠ دا هەیـە) ئەمـڕۆکە سـەرنج راکێشـن. بـارت خـۆی لـە پێشـگوتارێکی کـورت کـە لـە ١٩٧٠دا بـۆ کتێبـی ئوسـتووره ناسـییەکاندا نووسـی، جەختـی کـرد کـە نووسـینە کورتەکانـی ئـەم کتێـبە لـە لایەکـەوە "رەخـنەی ئایدیۆلـۆژیك" لەسـەر زمانـی فەرهەنگیی جێی پەسندی هەمووان"نو لە لایەکی دیکـەوە "بـە یەکـەم رێکخسـتنی سیمیۆلۆژیکی ئەم زمانە ئەژمار دەکرێن". [٧٧] لە کتێـبەکە دا هێـندێك جـار زمـان پاڵەوانی سەرەکییە. چەشنی وتاری "ئادامۆڤو زمـان" کـە لـەو دا "دۆخی سەرەکیی شانۆنامەی پینگ ـ پۆنگ" لە بنەڕەت دا بە شـوێنگەیەکی زمانناسـانەو کەتوارێکـی نمایشی "نمایشکردنی شوێنگەی زمان" لە قەڵـەم دراوە. [٧٨] ئامانجـی سـەرەکیی بـارت کـە لـە "پێشـگوتاری ١٩٧٠"دا جەختی لەسـەر کـراوە، واتـە دەرخستنی "سیستمی نیشانەکانی کولتووری وردە بورژوا کە خـۆی چەشـنی چـیەتیی سیسـتمی کولـتووری کـۆمەڵگا دەنوێـنێ" ئامـانجو خاڵـی سـەرەکیی شانۆی ئادامۆڤیش بوو: بە چ جۆرێك زمان خۆی وەکوو هۆکاری زاڵ لە ژیانـی کولـتووری دا سـەقامگیر دەکـات؟ بـە چ جـۆرێك ژیـان وەکـوو پاشـکۆ یـان تەنانـەت زادەی ئـەم زمانـە دەردەکەوێ؟ لە زۆربەی وتارەکانی کتێبی "ئوستووره ناسـییەکان"دا زمـان چەشـنی پاڵەوانێکـی نەناسـراو ئامادەیـە. وتارەکـان هەمەجۆرن. لـە ئوتۆمبـێلە نـوێیەکانەوە بگـرە تـا کەلـوپەلی یاریـی منداڵان، لـە دادنامـەی دوو مێنیچـی ـ پیرەپـیاوی گوندنشـین کـە بـە کوشـتنی گەشـتیاران تاوانـبار کـرابوو ـ تا دەگاتە ئوستوورەی گرتاگار. لە هەموو ئەوانە پاری هاوبەش، زمـانو نیشـانەیە. بـە ڕای بـارت شـێوەی رازاندنـەوەی قـژی ئەکتەرەکانـی فیلمـی ژۆلـیۆس سـزاری جۆزێـف مێنکـێویچ "نیشانەیەکە بۆ ئەوە کە ئەوان رۆمین" بۆ



PDF4Kurd

ئەوەی ئێمە خۆمان نەك لە ژوورێكی فیلمسازی هۆلیوود بەڵكوو لە رۆمی كۆن دا ببینینەوە. بەڵام روخساری "ئەنگلۆساكسۆن"ی هەموو ئەكتەرەكان شتێكی كەمە، تەنیا "دەمو چاوی مارلۆن براندۆ نەبێ كە خاوەنی خەتەكانی روخساری لاتین"ە.[٧٩] لە وتارەكانیتر دا لە شیكردنەوەی شوێنگە جیاوازەكانی ئایدیال و مارگرێت لە مادام كامیلیا[٨٠] تا گرینگیی "بیۆفتەك" بۆ فەڕانسەوییەكان[٨١]، بەردەوام گەڕانەوەیەك بۆ لای رێسا زمانناسییەكان ئەدۆزیتەوە. كتێبەكەی بارت لاسایی كردنەوەیەكی ژیان نییە. بەڵكوو ژیانێكی هزرمەندانە بەو لاسایی‌كردنەوەیە دەبەخشێ، هەر بەو جۆرەی كە خۆی چەندین ساڵ دواتر لەمەڕ بەرهەمەكانی ماركی دۆساد دا وتی:

لەبەر ئەوە كە ساد نووسەر بوو و دانەرێكی ریئالیست نەبوو، هەمیشە ئاخێوی لە بابەت و ئاماژە پێكراو ﴿زیاتر﴾ پەسند دەكرد. ئەو لە سۆنگەی سیمیۆلۆژیكەوە دەینووسی و نەك لە چاوگەی لاسایی كردنەوەوە. هەرچی ئەو دەری دەبڕێ بە شێوەیەكی بەردەوام بەهۆی واتاكانەوە لە فۆرم دەكەوێت و بەرهەمەكانی دەبێ لە پانتایی واتا دا بخوێنیتەوە، نەك لە پانتایی واتادار.[٨٢]

وتاری گرنگ و لە روانگەی مێتۆدۆلۆژیك سەرەكی، كتێبی "ئوستوورە، ئەمڕۆ"یە. بارت دەڵێ ئوستوورە فۆرمێك یان شێوەیەكە لە گوتار. "جۆرە سیستمێكی پێوەندی‌كاری یان پەیام"ە كە نەك بەهۆی نێوەرۆك یان بابەتەكەی، بەڵكوو بەهۆی مێتۆدێك كە "گەیەنەری واتایە" گرنگە. توێژینەوەی ئوستوورەكان بەم شێوەیە، توێژینەوە جۆرێكە لە گوتار و بەشێك لە زانستی گشتی كە سۆسۆر مەبەستی بووە، واتە نیشانەناسییە.[٨٣] ئوستوورە سیستمێكی "سیمیۆلۆژیك"ە كە ناكرێ بەبێ مێتۆدە زمانناسانەكان تاووتوێ بكرێت. لە ئوستوورەدا سێ‌ڕەهەندی ئاماژە پێكەر، ئاماژە پێكراو و نیشانە وەبەرچاو دەكەوێ: "بەڵام ئوستوورە سیستمێكی دیاریكراوە، واتە لە زنجیرەی سیمیۆلۆژیكی دروست كراوە كە لەپێش خۆی هەبووە. بە دەربڕینی‌تر سیستمی نیشانەناسانەی پلە دوویە".[٨٤] ئەوەی كە لە سیستمی یەكەم دا نیشانەیە (هاوشێوەیی تەواوی چەمك و وێنە) لە سیستمی دووەم دا تەنیا بە ئاماژە پێكەرێك دەژمێردرێت. كەرەستەی گوتاری ئوستوورەیی زمان و وێنەكانە. هەر ئوستوورەیەك لە دوو سیستمی سیمیۆلۆژیك پێك هاتوە: سیستمی زمانی و سیستمی بان زمانی. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەمان نموونەی سڵاوی سەربازیی سەربازە رەش پێستەكە لەبەرامبەر ئاڵای فەڕانسە دا (لەبیرمان نەچێ كە مەبەستمان واتای ئوستوورەیی مۆدێرنە كە بارت لێرەدا ڕەچاوی كردوە) دەزگای نیشانەی یەكەم، واتای یەكەم بەدەستەوە دەدا (دیاریكاریی بەهادارانە) و دەزگای نیشانەی دووەم (ئاماژە) (پیشان دەدا) كە (بریتییە لە) "دۆزینەوە"ی یەكەم و دەزگای نیشانەی سێهەم واتای سێهەم دەنوێنێ كە لەسەر بنەمای راڤەی بارت (بەمانای) "بەرتەك دانەوەی دۆزینەوە یان ئاماژە و بەرتەك دانەوەی واتای دووەمە. بەم جۆرە هەر واتایەك بەهۆی واتای پێشوو بەرتەك دەدرێتەوە و لەنێو دەچێ". بارت دەڵێ: "پێوەندییەك كە چەمك و ئوستوورە لە تەك واتاكەی دا وێك دەخات لە بنەمادا لەسەر بناغەی فۆرم شكێنی دامەزراوە."[٨٥] بارت ئەم دەستێوەردانەی سیستمە نیشانەیییەكانی لەگەڵ مێتۆدی دەروون شیكارانە بەراورد كرد: "هەر بەو جۆرەی كە بەلای فرۆیدەوە، واتای رەفتار بەهۆی واتای پاش خۆی لە فۆرم دەكەوێ لە ئوستووەرەش دا، واتا بەهۆی واتای پێش خۆی لە فۆرم دەكەوێ".[٨٦] هۆی ئەم پرۆسەی لە فۆرم كەوتنە پشت بەستنی ئوستوورەیە بە زمان. بەڵام لە سیستمی زماندا، ئاماژە پێكراو ناتوانێ شتێك بشێوێنی. چونكە ئاماژە پێكەر تەنیا وەكوو رێككەوتنێك هەڵبژێردراوە و پشتی بە سیستمی ئاماژە نەبەستوە. بارت تاكە خاڵێكی كە "زمان دەكاتە دووپلەیی" بەم چەشنە وەسف كردوە: "من دەنووسم، ئەمە یەكەم پلەی زمانە، پاشان دەنووسم كە من دەنووسم، ئەمە دووەم پلەیە" پاسكال گوتبووی "هزرە پەشۆكاوو هەڵاتووەكان، دەمەوێ بیان نووسمەوە، بەڵام تەنیا دەنووسم كە لە هەڵاتن دان".[٨٧]



PDF4Kurd

واتــای نڤیســیار لــە پلــەی ســفری نڤیســیاردا مێــتۆدی دەربــڕینە؛ بــەڵام لــە بەرهەمەكانـی دواتـری بـارت دا، ئـەم وشەیە چەند واتایەكی دیكەشی هەیە، هەر بـەو چەشـنەی كـە بـۆ وشـەكانی نووسـەرو تەنانـەت دەقـیش واتاگەری نوێ هاتە كایـەوە. هەر لە سەرەتاوە بارت، لەنێوان نووسەرو بنووس جیاوازیی دانا. بنووس زمـان بـە ئامـرازێك دەزانـێ بـۆ ئـەوە بـە كـۆمەڵە ئامانجێك بگات كە لەسەرووی ﴿زمـان﴾ دان. ئـەو ئامانجێكـی ناسـراوی لەبـەردەم دایـەو ڕێگەیەكـی راسـتەوانە دەگـرێتەبەر. ئـەو هـەوڵ دەدا هـەر شـتێك كە دەینووسێ تەنیا یەك واتای هەبێ، واتایـەك كە دەبێ خوێنەر لێی تێبگاو دەربڕینێتر بەسەر خوێنەردا بسەپێنرێ. ئاخـێوی بنووس چەشنی ئاخێوی زانستی‌یە كە ئایدیالەكەی بریتی‌یە لە گەیشتن بـە واتایەكـی كۆتایـی. بـەڵام نووسـەر بـەر لـە هەمـوو شـتێك شـەیدای چـیەتیی ئامـرازێك كـە بەكاری دێنێ واتە زمانە. زمان بە لای ئەوەوە ئامانجی سەرەكی‌یە. سـەرقاڵی وشـەكانە نـەك جـیهان، بـەدووی دروستكردنی واتایەكی حاشاهەڵنەگرو كۆتایـی لـە دەق دانـیە. بـاش دەزانـێ كـە دەیـەوێ دنـیایەك لـە واتاكـان دابهێـنێ. لەبەرهەمەكانـی دواتـری بـارت دا، ئـەم جیاكاری‌یە دەمێنێـتەوە، بـەڵام ئـەو ئـەم خاڵەشـی هێنایە گۆڕێ كە نووسەر زۆر جاران تێكەڵی‌یەكە لە نووسەری ئایدیالی‌و بـنووس. هەنـدێ جـار بـەرەو واتاو هەندێ جار بەرەو زمان رادەكێشرێ. هەڵبەت سـیمبۆلی ئایـدیالی بـریتی‌یە لـە نووسـەرێك كـە دەزانـێ دنـیاكەی "زمان ئاسا"یە. هەتاكـوو مەیلـی نووسـەرێك بـۆ دۆزیـنەوەی زمـان زیاتـر بـێت، بەرهەمەكـەی نەمرتـر دەبـێ. نووسـەر (بەپێچەوانەی بنووس) لە واتاوە دەست پێ ناكا، بەڵكوو بـەرەو واتـا مـل دەنـێ. بەرپرسـی تـۆمارگە بنووسە كە لە دەفتەرێكدا دەنووسێ: "ئـێمابواری مـردوە، خـۆی كوشـتوە" بەڵام فلۆبێر نووسەرە، چونكە ئێمابواری لە زمـان داو بەهـۆی زمانـەوە، دەكوژێ. نووسەر، ئەدەبیات چەشنی ئامانج دەناسێ‌و جیهانـی ئـەو ﴿ئەدەبـیاتە﴾ چەشـنی ئامـراز بـۆ ئـەو ﴿نووسەرە﴾ دەنوێنێتەوە. خوێـنەر بەرهەمـی ئەدەبـی بـە "ئامراز" دەزانێ‌و بەردەوام بەجۆرێك لەگەڵی دا بـەرەوڕوو دەبـێ كـە گـوایە لەگەڵ نووسینی بنووسێك بەرەوڕوویە. خوێنەر پێی وایـە كـە پرۆسـەی ئامـاژە لـە ئامـاژە پـێكەرەوە بـۆ ئامـاژە پێكراو دەڕوا، نووسەر

تەنـیا بـیر لـە نیشانە دەكاتەوە كە خۆی پێوەندی‌یەكە لە نێوان هەردوو ﴿ئاماژە پـێكەرو ئامـاژە پێكـراو﴾. خوێـنەر پێـی وایـە نووسـەر بەرلـەوەی خامـە بخاتـە سـەركاغەز، بـە باشی زانیویەتی كە دەیەوێ چ بڵێ‌و دواتر لەگەڵ ئەم پرسیارە دا بەرەوڕوو بووە كە بە چ جۆرێك بیڵێت. ئەم تێگەیشتنەی خوێنەر لەم كەتوارەوە هەڵدەقوڵێ كـە ئـەو تەنـیا لـە تـەك "دوابەرهـەم"ی كاری نووسەر بەرەوڕوویە. بـەڵام نووسـەر كـە قەڵـەم لـە كاغـەز نـزیك دەكاتـەوە تەنـیا لەگـەڵ ئەم پرسیارە بەرەوڕوویـە: كـە بـە هـۆی زمانـەوە چ بكـەم؟ لەشـەڕ لەتـەك زمـان دا شـتێك دەگوتـرێ، شـتێك كە لەسەرووی ویستی نووسەرەوەیە. لەنێو پێشینیانی بارت دا، سـۆر ڕێئالیسـتەكان بەهـۆی "نووسـینە هەڵقـوڵاوەكان"ەوە بـزاوتێكیان بـەرەو تێگەیشـتنی رۆڵـی نووسـەرو دەروەسـتیی ئـەو لەهەمـبەر زمـان هەبـوو. بـەڵام وشــیارانەترین نمــوونە دەتــوانین لــە دوا رۆمانــی جــیمس جــۆیس **Finneganswake** بدۆزیـنەوە [٨٨] كـە واتایەكـی كۆتایـی نـیەو دوژمنـی هـەر شـتێكە كـە خاوەنـی كۆتایـی بـێت". ئەمـە بەرهەمـێكە بـە باشـترین شـێوە دەروەسـتیی نووسـەر بـۆ زمـان ئاشـكرا دەكاو لـەپاش چـەند سـەدە رۆماننووسـی دواجـار بـێ ئـەملاو ئـەولا رادەگەیـەنێ كـە زمـان نـەك ئامـراز، بەڵكـوو بابەتـی سـەرەكی‌و ئامانجی سەرەكیی رۆمانە. یەكێك لە گرنگترین بەرهەمەكانی بارت لە بـواری ناسـینی دەق دا تێزێك دوورو درێژە لەژێرناوی "دەروازەیەك بۆ تاووتوێی پێكهاتەیـی چیرۆكەكان". [٨٩] بارت لە لەپێش دانان **Premise**ەوە دەستی پێكرد كە زماننـاسی سنووری خۆی دەزانێ، واتە لە سنووری رستەدا دەوەستێ‌و ئیشی بە ئاخـێوەوە نـیە. شیكردنەوەی پێكهاتەیی چیرۆكیش ناچارە چوارچێوەی كارەكەی دیـاری بكـات. بـۆماوەی چـەندین سـەدە ئاخـێویان بـە "تیۆریی دەربڕین" ناودێر دەكـردو تاووتوێـی ئەدەبـی لـە چوارچـێوەیەك كـە تیۆریی دەربڕین دەستنیشانی دەكـرد ئـەنجام دەدرا. بـەڵام لەبـەر چـەند هۆیەكـی مێژوویی تیۆریی دەربڕین لە پانتایــی لێكۆڵیــنەوە ئەدەبی‌ـیەكان دا، جــیابوویەوە. [٩٠] ئەمــڕۆكە تەنــیا بــە یارمەتیـی زماننـاسـی دەتـوانین ئەم چوارچێوەیە ڕاژە بكەین. دەبێ بڵێین چیرۆك رسـتەیەكی درێـژەو هـەر رسـتەیەك كورتە چیرۆكێكە. بـارت لـە زاری مالارمەوە



PDF4Kurd

نووسی کە: "زمان ئامرازی چیرۆکەو چیرۆك شوێن پێی مێتۆدی زمان هەڵدەگرێ."[٩١] پاشان بارت لە چەمکی "رۆڵی تایبەتی"ی کۆڵیەوەو وەبیری هێنایەوە کە بەلای تۆماشێفسکیو فۆرمالیستەکانی دیکەو هەروەها پرۆپ، رۆڵی تایبەتی "زۆر ساکار، بە واتای کردەی کەسێتی"بوو، بەڵام تۆدرۆف واتایەکی وردتری هێنایە گۆڕێ: "واتا یان رۆڵی تایبەتیی یەك توخم لە بەرهەمدا، بەواتای ئەگەری دروست کردنی پێوەندیی ئەم توخمە لەگەڵ توخمەکانی دیو لەگەڵ کۆی بەرهەمە."[٩٢] لێرەدا بارت نموونەیەکی بەناوبانگی هێناوەتەوە: تووتی فلیستیە لە کورتە چیرۆکی دڵێکی سادەی فلۆبێر. بە ڕای بارت هۆی ئەوە کە تووتی دەبێتە خاوەنی رۆڵی تایبەتی گێڕانەوەیی لە چیرۆکی فلۆبێردا، ئەوەیە کە ئامادە بوونی لەژینی فلیستیە دا گرنگە، واتە پێوەندییەکی گرنگی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی چیرۆكو لەگەڵ کۆی چیرۆك دا هەیە.[٩٣] بارت دوو چەشنە پێوەندیی توخمی لەگەڵ کۆ "ی چیرۆك" لێك جیا کردەوە. جۆری یەکەمی چەشنی تۆدۆرف بە "رۆڵی تایبەتی" ناودێر کرد (بۆ نموونە رۆڵی تۆتی لە چیرۆکی فلۆبێر دا). بەڵام جۆری دووەم ئاڵۆزترەو بە هێما ناوزەدی کرد. نابێ هێماو نیشانە بە یەك شت بزانیت. هێما پێوەندییەکی راستەو خۆو ئاشکرای لەگەڵ واتایەکی دیاریکراو دا نیە، بەڵام ئامادەبوونی زۆر پێویستە؛ بۆنموونە بۆ ناسینی سروشتی سایکۆیی کەسێتی یان تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی تاکەکان، یان وەسفی شوێن کارایە. رۆڵی تایبەتی پێوەندیی بە (کردە)وە هەیەو هێما پێوەندی بە هەبوونەوە هەیە. بارت یەکەمیانی بە خوازەی رەهاو دووهەمیانی بە خواستن ﴿مێتافۆر﴾ بەستەوە.[٩٤] لە حیکایەتە فۆلکلۆریکییەکان دا، بەکارهێنانی رۆڵی تایبەتی زاڵەو لە چیرۆکە سایکۆلۆژیکییەکان دا بەکار هێنانی هێما زاڵە. هەڵبەت لە نێوان رۆڵی تایبەتیو هێما، چەند پلەیەکی مام ناوەندیش هەن، کە لەسەر بنەمای مێژوو، کۆمەڵگەو ژانری چیرۆك، دامەزراون. رۆڵە تایبەتییەکان دوو گرووپن: یان گرینگییەکی چارەنووسسازو کلیلییان هەیە، یان نیە. بۆنموونە رستەی "تەلەفۆن زەنگ لێ دەدا" لە چیرۆکێك دا گرنگەو بەرسڤدانەوە یان نەدانەوەی تەلەفون لە لایەن کەسێتییەوە رەوتی چیرۆك



دیاری دەکات، بەڵام لە چیرۆکێکی دیکە دا گرنگ نیە.[٩٥] هێماکانیش دوو گرووپن: هێندێکیان پێوەندییان بە "دۆخی چیرۆك"ەوە هەیەو هێندێکی تریشیان تەنیا رۆشنکەرەوەی کەشو هەواو شوێنن. بۆنموونە تەمەنی وردی کەسێتی هەندێ جار گرینگی پەیدا دەکا (چەشنی تەمەنی لۆلیتا لە چیرۆکی ڤلادیمیر ناباکۆف دا) و هەندێ جار زانیارییەکی پلەی دوویە. پێداگرتن لەسەر شەوێکی زریانی لە یەکێك لە چیرۆکەکانی جیمز باند دا، گرنگەو لە چیرۆکێکی دیکە دا گرنگ نیە. بارت جەخت دەکا کە زۆرجاران دێتە پێش کە هێمایەکی دیاریکراو دوو رۆڵی هەبێ[٩٦] و تەنانەت شوێنگەیەکی دیاریکراو دەتوانێ هەم رۆڵی تایبەتیو هەم هێما بێت.[٩٧] شێوەی بەکارهێنانی ئەم رۆڵە تایبەتیو هێمایانە چیە؟ لەسەر بنچینەی کامە "رێزمان" دەتوانین ئەم (یەکە)یانە لە گێڕانەوە دا بەکار بهێنین؟ لە راستی دا رۆڵی تایبەتیی چارەنووسساز، سەرەکی یان کلیلی، پێوەندیی بە پێکهاتەی سەرەکیی گێڕانەوەوە هەیە. دەتوانین رۆڵە تایبەتییە لاوەکییەکانو ئەو دووجۆرە هێمایەی کە ناومان هێنان لە سەرتاسەری چیرۆك دا بەکار بهێنین، بەڵام لەمەڕ رۆڵی تایبەتی یان کلیدی ناتوانین کارێکی لەم چەشنە بکەین. لێرەدا چەمکێکی تیۆریو گرنگ دێتە کایەوە: بەرو دوایی **Sequence**. بارت ئەم چەمکە تیۆرییەی لە بەرهەمەکانی گێرماسو برێمۆن وەرگرتوە. بەرو دوایی بەردەوامیی لۆژیکییانەی رۆڵە تایبەتییەکانە کە پێکەوە پێوەندییەکی ناوەکیو پتەویان هەیە.[٩٨] بارت وەبیری هێنایەوە کە لە پاش "تیۆریی ئەدەبی"ی ئەرەستۆ زانراوە کە لۆژیك گرنگە، نەك هاورێکیی رۆژژمێری رووداوەکان. ئەم لۆژیکە دروستکەری پاژەکانی چیرۆك یان بەرودواییەکانە. هەر بەرودواییەك لە شوێنێکەوە دەست پێدەکات کە پێوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان رۆڵی تایبەتیی پێشوو نەتوانین بدۆزینەوەو لەوێوە کۆتایی پێدێت کە کردە پێوەندیی لەگەڵ رۆڵی تایبەتیی پاش خۆی نەمێنێت. بۆنموونە کڕینی جگەرە لەنێوان رووداوە هەمەجۆرەکانی چیرۆك دا بەرودوایەکەو دەتوانێ ببێتە هۆی هاتنە گۆڕی رۆڵە تایبەتییە یەك لەدوای یەکەکان. ئاشکرایە بە ڕاژەی چەمکی بەرودوایی دەتوانین رۆڵی تایبەتی

PDF4Kurd

یـان کلیلیش بدۆزیـنەوە. بـارت نموونەیەکی هێـناوەتەوە. دەسـتێك درێـژ دەبێ‌و دەسـتێکی دیکـە دەگوشێ‌و لێـی جیا ئەبێـتەوە؛ هـەر یەکە لەم سێ‌ساتە، ڕۆڵێکی تایبەتـی ـ لاوەکی یان پەراوێزیـیە. بەڵام کۆی ئەوانە خۆی ڕۆڵێکی تایبەتی‌یە کە پێوەندیی لەگەڵ کۆی چیرۆکەوە هەیە.[٩٩] ئەگەر ﴿ئەم پرۆسەیە﴾ بەم شێوەیە ڕوونـەدات‌و تەنـیا مەبەسـتی ڕۆشنگەری‌یەکی دیاریکراو بێت، پێی دەوترێ هێما. ڕۆڵـی تایبەتـی ـ کلیلـی چیرۆك بـە ئاسـانی دەشـێ بناسـرێتەوە. پشـکی دواتـری تێزەکەی بارت لەمەڕ "کەسێتی"یە.

بـە لای ئەرەسـتۆوە کـردە گـرنگ بـوو و دانانـی کەسـێتیەکان بێ‌بایـەخ بـوو. لـە تیۆریـی ئەدەبیـی کلاسـیکیش دا کەسـێتیەکان شـتێك نەبـوون جگـە لـە ئـەنجام دەرانـی کـردە.[١٠٠] بـەڵام لـە ڕۆمـان دا، کەسێتی‌یەکان جیا لـە کـردە، ئامادەیی‌یان هەیـە. زۆر لـە ڕەفـتارە سـایکۆیی‌یەکانی کەسـێتی‌یەکانی ڕۆمـان نـە بەهـۆی کـردارەکانیان دەناسـرێن‌و نـە بـە کەڵکی ناسینی کردارەکانیان دێن. بۆ نموونە لە "شـەڕو ئاشـتی"ی تۆلسـتۆی دا، نـیکۆلای ڕۆسـتۆف هـەر لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی پیاوێکی چاك، لاوێکی وەفادار، چاونەترس‌و هەستیارە. شازادە ئاندرێ، پیاوێکی نەجـیب، ڕەوشـتی، دڵمـردوو و نائومـێدە. ڕووداوەکـان نایـان گـۆڕێت‌و ئەوانـیش ڕووداوەکـان دروسـت ناکـەن، تەنـیا لـە لایـەن ڕووداوەکانـەوە دەناسـرێن‌و وێنەیان دەکێشـرێتەوە. دەتـوانین بڵـێین سـەربەخۆیی کەسێتی‌یەکان لـە کـردە، بـە مانای دۆزیـنەوەی گەوهـەری سایکۆلۆژیکیی چیرۆکە. بارت پێی داگرت کە تۆدۆرۆف بە ڕاسـتی لەنـێوان مێـتۆدی تۆماشێفسـکی‌و پـرۆپ جیاوازیـی دانـا؛ یەکەمـیان کەسـێتی‌یەکان لـە ڕێگـەی وردبـوونەوە لـە سروشـتی دەروونـیان شـی‌دەکاتەوەو دووەمـیان تەنیا سەرنج دەداتە کردارەکانیان. لەژێر کاریگەریی مێتۆدی پرۆپ لە تاووتوێـی پێکهاتەیـی دا، کەسـێتی‌یەکان بـەردەوام لـە ڕوانگـەی کـردەکانیانەوە هاتـوونەتە ئـاراوە. تەنانـەت لـە ڕۆمانـێك وەکـوو درامـی فیلـیپ سـۆلێر دا، کەسێتی‌یەکان بـە لاوە نەنراون، بەڵکوو چەشنی بابەت لە گۆڕێ دانین‌و ڕۆڵیان ـ واتـە بەشـداری لـە کـردەکان ـ خـراوەتە ئەستۆی بکەرە زمانی‌یەکان".[١٠١] خاڵەکە لێـرەدایە کـە شـیکردنەوەی پێکهاتەیـی هـەوڵ دەدا کەسـێتی‌یەکان بـەدەر لـە



دیاریکاری‌و سروشتە دەروونی‌یەکانیان بهێنێتە گۆڕێ، واتە ئەو ﴿کەسێتی﴾یانە نـەك وەکـوو "خەڵکانی ئامادە" بەڵکوو چەشنی "بەشداریکەران" دەناسێنێ. هەر کەسـێتی‌یەك (تەنانـەت پلـە دوو) پاڵەوانـی بەرودوایی تایبەتیی خۆیەتی. لەهەر بەرودوایی‌یەك دا زۆر جـاران ـ بـەڵام نـەك هەمیشـە ـ دوو کەسـێتیی سـەرەکی بەشـدارن‌و دۆخـی بکـەری‌و بـەرکاری وەردەگـرن. بـارت نموونەگەلێکـی لـە کەسێتی‌یەکان لە شیکردنەوەی پێکهاتەیی دا هێناوەتەوە: شیکردنەوەی تۆدۆرۆف لـە ڕۆمانـی "هۆگـریە ترسـناکەکان"و باسـی "گێـرماس" لەمـەڕ "سـیمبۆلەکانی کـردە". تـۆدۆرۆف ڕۆمانێکی کلاسیکی (کـە ناوبانگەکەی زیاتـر بەهۆی "لایەنی بەهێـزی شـیکردنەوەی سـایکۆلۆژیك"یەتـی) خسـتۆتە بەرتیشـکی تاووتوێـی پێکهاتەیی‌یەوە. ئـەو کـردەی کەسێتی‌یەکانی لە سێ‌پێوەندیی سەرەکی: (ئەوین، پـێوەندی، هاویاری) دا تاووتوێ کردوە؛[١٠٢] و گێرماس کەسێتی‌یەکانی نەك لەسەر بـنەمای هەرچی‌یەك کـە "هەن" بەڵکوو لەسەر بنەمای "ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەن" پۆلـێن بەنـدی کـردوەو بـە "سـیمبۆلی کـردە" ناودێـری کـردوون‌و لـە ئارادابوونیانـی لـە سـێ ڕەهەنـدی واتاناسـانەی هـەر ڕسـتەیەك (بکـەر، کـردار، بـەرکار) دا تاووتـوێ کـردوە.[١٠٣] بـارت دان بـەوە دادەنێ کە زۆر لە کۆسپەکان لەم ڕێگایـە دا چارەسـەر نەکـراون. یەکێك لەوانـە گرفتی بابەت یان ناسکارە. هەندێ جـار کەسـێتیی سـەرەکی لـە ڕەوتـی پێشڤەچوونی چیرۆك دا سروشتگەلی جیاواز بەخـۆیەوە دەگـرێ‌و هەنـدێ جـار لـە هێـندێك خاڵـیش دا کەسێکی دیکە دەبێتە کەسـێتیی سەرەکی. لەم خاڵانەدا دۆزینەوەی بابەت یان بکەری سەرەکیی چیرۆك دژوار یـان نەلـواوە. بـە تایبەتـی هێـندێك جار بابـەت لـە ڕەوتی ناسینی خۆی دا چەشـنی "ئـۆبژە" یـان بەرناسە. چەشنی چیرۆکی گوێدرێژی زێڕین"ی ئاپوولە،[١٠٤] و هەنـدێ‌جار بابـەت، شـوێن پێـی بابەتگـەلی فرەچەشـن هەڵدەگـرێ، وەکوو ئێما لە مـادام بـواریدا. خاڵێکی گرنگی دیکـە کـە بـارت لـە تێزەکەی دا باسی لێوە کردوە "گێـڕانەوە"یـە. گێـڕانەوە ئامـرازی پێوەندی‌یە، گەیەنەرێکی هەیـەو وەرگرێکی هەیـە. نـە چیرۆك گێـڕەوەی تـێدایەو نـە بیسـەر. گێـڕانەوەیەك لـە گـۆڕێ دانیە ﴿!!﴾. بـارت دابەشکاری‌یەکی سیانی هێـنایە کایەوە: ١) چیرۆك گێڕەوە ڕوانگەی

PDF4Kurd

کەسێتی سەرەکیی چیرۆکی هەیە، بە جێناوی "من" دەنووسێ، هەندێ جار پاڵەوانەو هەندێ جار شایەتی رووداوەکانی چیرۆکە. ٢) چیرۆك گێڕەوە کەسێتییەکی دیاری نیە. زانای گشتە، لە پێگەیەکی بەرزترەوە بە گوتەی فلۆبێر "لە پێگەیەکی خواییەوە"چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. لە یەك کات دا هەم لە نێو کەسێتییەکان دایەو هەم لە کردە دەرەکییەکانیان ئاگادارە. بەهەر حاڵ باڵادەستییەکی هەیە لە سەرووی کەسێتییەکانو لەتەك هیچ کامیان دا وەك یەکی پەیدا ناکات. ٣) لەنوێترین جۆری گێڕانەوە دا کە نموونەی تەواو هەمە لایەنەی لە بەرهەمەکانی هێنری جیمز دا وەبەرچاو دەکەوێ، چیرۆك گێڕەوە گێڕانەوەکەی دەبەستێتەوە بە دیدی کەسێتییەکانەوە. هەموو شتێك بە جۆرێك "پێشڤە دەچوو کە گوایە هەر یەکە لە کەسێتییەکان چیرۆك گێڕەوەن". [١٠٥] دواجار گێڕانەوە، چەشنی زمان، دووسیستمە: ـ تایبەتیو ناتایبەتی. کۆمەڵە گێڕانەوەیەك هەن کە هەرچەند لەزاری کەسی سێیەمی تاکەوە دەنووسرێن، بەڵام لە راستی دا چیرۆك گێڕەوە کەسی یەکەمی تاکەو هەر هێندە بەسە کە لە سەرتاسەری گێڕانەوە دا "ئەو" بکەین بە "من". گێڕانەوەگەلێك هەن کە یەکسەر بەبێ چیرۆك گێڕەوە دەچنە پێشەوە. فۆرمی لۆژیکی گوزارەکان دیاریکەری یەکێك لەم دوو شێوازەن. بارت دەڵێ: کە لە دەستپێکی "گلێد فینگێر" دەخوێنینەوە: "باند پیاوێکی دی کە هێشتا گەنج دەهاتە بەرچاو" ئەمە گێڕانەوەیەکی تایبەتییە یان فلیمینگ دەیتوانی بنووسێ: "منی جیمز باند پیاوێکی دیکەم کە هێشتا گەنج دەهاتمە بەرچاو"، بەڵام لە شوێنێکی دیکەی رۆمان دا دەخوێنینەوە "وەك بڵێی کە دەنگی شکانی سەهۆڵەکان خورپەیەکی لەناکاو بوو". هەر لەبەر ئەم وشەی "وەك بڵێی"یە ئەمە دەبێتە گێڕانەوەیەکی ناتایبەتی. مێتۆدی ناتایبەتی گێڕانەوە، مێتۆدی کلاسیکە. لە ﴿هونەری﴾ چیرۆکنووسیی ئەمڕۆش دا، زیاتر بەرەورووی رۆنانێك لەم دوو مێتۆدە دەبینەوە.[١٠٦] روونکردنەوەیەك کە لەمەڕ تێزی "سەرەتایەك بۆ تاووتوێی پێکهاتەیی چیرۆکەکان" ئەنجام درا، بەکارهێنانی مێتۆدە زماناسانەکان لە تیۆریی ئەدەبیی رۆلان بارت دا ئاشکرا دەکات. بارت لە دواندەرییەکەی خۆی لەژێر ناوی "نووسین: کرداری تێنەپەڕ؟" لایەنی تیۆریکیی ئەم خاڵەی دیسان روون کردەوە.[١٠٧] ئەو لەم خاڵەوە دەستی پێکرد کە کولتووری رۆژئاوا لە سۆفیستەکانەوە بگرە تا دەگاتە رێنسانس ئەدەبیاتی نەك لە رێگەی توێژینەوەی بەرهەمەکان، یان ناسینی دانەران یان رێبازەکان، بەڵکوو لە رێگەی تیۆریی دەربڕین کە لە راستی دا جۆرێکی دیاریکراو لە تیۆریی زمانە، دەهێنایە گۆڕێ. بەڵام لە سەدەی شانزدەهەم بەم لاوە پێ بە پێی گەشەی عەقڵ گەرایی فەلسەفی، تیۆریی ئەدەبی کە بەرەبەرە بێبایەخ ببوو، لەسەر دەستی مالارمە دووبارە بەستێنی هاوبەشو پێکەوە گرێدانی ئەدەبیاتو زمان دەستی پێکردەوە. نووسەرانێك وەکوو جۆیسو پروست لە گرنگیی زمان تێگەیشتنو زمانناسانێك وەکوو یاکۆبسێن، لە بواری تیۆریی دەربڕین توێژینەوەیان ئەنجام دا. ئێستا دەبێ نیشان بدەین کە بە چ جۆرێك کردەی نووسین بە یارمەتیی خاڵە زمانناسانەکان دەناسرێت. بارت مێتۆی نمایش کردنی ئەم خاڵەی "بەهۆی پەیدانەکردنی ناوێکی چاکتر" بە رەخنەی نیشانەیی ناودێر کرد؛ ئەم ناونیشانە جەختێکە لەسەر ئەم راستییە کە نووسین سیستمێکە کە لە رێگەی نیشانەکانەوە لە دایك دەبێ. کەوابوو "زمان بنەماو رەگەزی نووسەرییە"، زمانە کە بواری پێناسەی مرۆڤی رەخساندوە نەك پێچەوانەکەی؛ لەوەش گرینگتر زمانناسی دەری خستوە کە بەرجەستەگەرایی Obectivismی زانستە فیزیکییەکان لەمەڕ تەوەرو بابەتە کولتوورییەکان بێمانایە، چونکە "راستییە کولتوورییەکان دوو ئاراستەیین".[١٠٨] ئایا پێوەندیی زمان لەگەڵ کەتوار دا دەستنیشانکەری پێوەندیی ئاخێوی ئەدەبیو کەتواریشە یان نا؟ بە رای بارت بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ پێشتر ئەم خاڵە گرنگە ـ کە بە زۆری لەبیر دەچێتەوە ـ رەچاو بکەین کە ژیان بێ فۆرمەو ئەدەبیات فۆرمدارە، هەربۆیە ئاخێوی ئەدەبی ناتوانێ لە ژیان نزیك بێتەوە، هەر بەو چەشنە کە پاڵەوانی رۆمانی "هێلنج"ی سارتێر بۆی دەرکەوت کە هیچکەس ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بڵێ: "ئەمە چرکەساتی چارەنووسسازی ژینی منە" و تەنیا دەتوانێ دواتر تێبگات کە بەم چەشنە بووە. بارت لە "رۆلان بارت" پێی داگرتوە کە لە رۆمان

PDF4Kurd

دا ئـێمە دەتـوانین مێـتۆدی دەربـڕین ببیـنین، بـەڵام لـە ئاخـێوی زانستی دا بـەم شێوەیە نیە. لە چیرۆك دا چەشنی هەر هونەرێکی دی، ئێمە لەگەڵ چەند چرکە ساتێك لـە هەقـیقەت بـەرەوڕوو نـین، بەڵکـوو لەتـەك خاڵێکـی دیاریکـراو واتـە "هاتـنە گۆڕی کاریگەری‌یەکان" بـەرەوڕووین؛[١٠٩] و ئـەم کاریگەری‌یانە بـە واتای "ئارایـی زمانـی"ی شـتەکانە، زاراوەیـەك کـە والتێـر بنـیامین بـەکاری هێـناو هەرچـەند لـە بەرهەمەکانـی بـارت دا دووپـات نەکـراوەتەوە، بەڵام چەمکێك دەدا بـە دەستەوە کـە هـەوێنی سـەرەکیی ئـەم بەرهەمانەیـە. بـە ڕەچـاو کردنـی ئـەم گەوهـەرە زمانی‌یەی ئاخـێوی ئەدەبی دەتوانین لە باسی بارت لەمەڕ نزیکایەتیی چیرۆكو "کەتـوار" کـە لـە وتـاری "کاریگەریـی کەتوار"دا هاتوە، ورد بینەوە.[١١٠]

بـارت لـەم وتارەدا باس لەوە دەکا، وەسفی گەرمی پێو لە ژووری پێشوازیی خاتوو ئوبن لە چیرۆکی دڵێکی سادەی فلۆبێر، یان وەسف لە زیندانی ژووری تاکەکەسیی شارلۆت کـۆردی لـە "مـێژووی شـۆڕش"ی میشـلە دا، ناگەڕێـنەوە بـۆ کەتـوار. بـە ڕاسـتی ئـەم کەرەسـتانە لـە گێـڕانەوەی چـیرۆکی راپۆرتـی مێژوویـی ئـەم دوو نووسـەرەدا چ ڕۆڵێکیان هەیـە؟ ڕۆڵـی تایبەتی‌یان کامەیە؟ فلۆبێر بەر لە وەسفی گەرمی‌پـێو باسـی لـە "کـۆنە پـیانۆ"ی ژووری پێشـوازیی خاتـوو ئـوبن کردوە، کە جەختـێکە لـە شـوێنگەی چینایەتیی خاتـوون، بـەم پێیە پیانۆ خۆی "هێما"یە. لـەپاش وەسـفی گەرمی‌پـێویش باسـی لـە پاکەتـە کاغەزی‌یەکان کـردوە کـە لـە سووچـێك دا هەرەم ئاسا کەڵەکە بوون، ئەمە نیشانەیەکە لە پشێوی‌و لەم ڕێڕەوە دا هـێمایەکە نیشـاندەری ورەی خاتـوو ئوبـنە. بـەڵام ڕۆڵـی تایبەتیـی گەرمی‌پـێو لەونـێوە دا چـیە؟ ئایـا دەتـوانین بڵـێین کـە نیشـانەیەك نـیە، چـونکە خاوەنـی ئاماژەپێکـراو نـیە؟ بـەڵام دەبێ ئاماژەپێکـراوەکەی تەنـیا لـە چیرۆك دا، واتـە لە ئاخـێوی ئەدەبـی دا بدۆزیـنەوە. لـە راسـتی دا ئـەم گەرمی‌پـێوە لـە دەرەوەی "تیۆریـی ئامـاژە"و لـە ئـەنجام دا "لـە دەرەوەی جیهانی راستەقینە" دایە. چەند سـاڵ دواتـر بـارت لـە کتێبـی S/Z دا نووسـی: "بابەتـی ئامـاژە ﴿شـتێکی﴾ راسـتەقینە نـیە... ئـەو شـتەی ئـێمە پێـی دەڵـێین کەتـوار (لـە تیۆریـی دەقـی ریئالیست دا) شـتێك نـیە جگـە لـە ڕەمزێکـی ئامـاژە ئاسـا (گەڕانـەوە بـۆ ئامـاژە



PDF4Kurd

پێکـراو)".[١١١] لەمـەڕ دەقـی مێژوویی میشلەش بارت نووسیویەتی کە لەم بەشەی کتێـبە مێژوویـی کەدەچـینە نـێو "جیهانی چیرۆك"ەوە. هێمای میشلە بۆ ژووری تاکـە کەسـیی شـارلۆت کـۆردی هێمایەکـی چـیرۆك ئاسـایە. دەرگایـەك کـە لـە دوا کاتژمێرەکانـی ژیـنی شـارلۆت کـۆردی، کاتـێك کـە نـیگارەکەی دەکێشـایەوەو پاسـەوانی زیـندانەکە هـەر دەم لـە ﴿دەرگاکـەی﴾ دەدا، بـۆ ئـەوەی نیگارکـێش لە کارەکـەی خـۆی پەلـە بکـات، هەڵـبەت راستی‌یەکی مێژوویی لەپشتەوە نیە. ئەمە تەنـیا لـە دەقـی چـیرۆکیی راپۆرتـی میشـلە دا واتـا پەیـدا دەکـات. پێوەندیـی راسـتەقینە لەنـێوان شـتەکانو زمانـی چـیرۆك ئاسـا (یان ئاخێوی ئەدەبی) هەیە، نـەك لـە نـێوان شتە ئەدەبیەکانو جیهان. فلۆبێر نووسیبووی: "خاڵی راستەقینە لـە گـۆڕێ دانـیە، تەنـیا شێوەی دیتن هەیە".[١١٢] پێوەندیی گێڕانەوەی چیرۆکی لە تـەك کەتـوار، تەنانـەت لـەوەش ئاڵۆزتـرە. فیلـیپ سـۆلێر نووسـیویەتی: "ڕۆمـان شـێوازێکە کـە کـۆمەڵگای ئێمە لەگەڵی دا دەدوێ". ڕۆمان زیاتر لە هەر فۆرمێکی ئەدەبیـی دیکـەو تەنانـەت پـتر لـە هـەر فۆرمێکـی دیکـەی نووسین، ئامرازێکە کە کـۆمەڵگەی بـۆرژوازی بەهـۆیەوە خـۆی بـەیان دەکا. جـۆرە ئاخـێوێکە کـە جیهان بەهـۆیەوە خـۆی دروسـت دەکـا. بـە مانـای خـولقاندنو ئۆرگانیـزە کردنـی نیشـانەکانە، خولـیای دروسـتکردنی واتـای نـیە، بەڵکـوو ئامانجـی خولقاندنـی جیهانێکـی مـرۆیی‌یە کـە خاوەنـی واتـا بـێت. سـۆلێر لـە درێـژە دا دەڵێ کە ئێمە چەشـنی کەسـێتی‌یەکانی ڕۆمـان دەژیـن: "هـۆکاری ناسـینی ئـێمە پەیوەسـتە بەڕۆمانـەوە".[١١٣] ئەگـەر لـەم گۆشـە نـیگایەوە لـە ڕۆمـان بـڕوانین واتـە ڕۆمان بە ئامـرازی دەربڕینـی کـۆمەڵگە لـە قەڵـەم بـدەین، ئـەو کـات ناچارین بەرامبەری‌یە کۆمەڵایەتی‌یـەکان لـە فۆرمـی ڕۆمـان دا بدۆزیـنەوە؛ لـە کاتـێك دا کـە ڕۆمانـی ڕێئالیسـتی ڕەنگدانـەوەی ئـەم بەرامبەری‌ـیانەی لـە تانوپـۆی چـیرۆکی دا دەدۆزیـەوە، ﴿بەپێچـەوانەوە﴾ تیۆریـی ئەدەبـی لـە فۆرمـی ئەدەبـی دا پەیـدایان دەکـات. ژوولـیا کریسـتوا گوتوویەتـی: "ڕۆمـان هـەر لـە سەرەتاوە گۆپکەکانی دژە ڕۆمانـی لـە هـەناوی خـۆی دا هەڵگـرتبوو و هـەر لەگـەڵ خولقاندنـی ڕێسایەك دا دژەکەشـی دەخـولقاند".[١١٤] بـەم پێـیە دەتـوانین "مێژووی ڕۆمان"یش بنووسین.

مـێژوویەك کە لەو دا فلۆبێر ڕۆپ گریە بە شێوەیەکی یەکسان داهێنەری ڕۆمانو دژە ڕۆمـان بـوو ون. ئیمـیل بنوسـێت دەیگوت واتـای هـەر یەکەیەکی زماناسانە چەشـنی تواناکەی بۆ تێکەڵکردنی (یەکە)یەك لە پلەیەکی بەرزتر، دەشێ پێناسە بکـرێت. هەربـۆیە بـارت دەنووسـێ: "لـە خوێـندنەوەی گێڕانەوەیەکـی چیرۆکیدا تەنـیا لـە وشـەیەکەوە بـۆ وشـەیەکی پـاش خـۆی هـەنگاو هەڵناهێـنین، بەڵکوو لە ئاسـتێکەوە بـۆ ئاستێکی دیکە دەڕۆین".(١١٥) لە پاری دووەم دا "بوو وار ووێپکۆشە" ـ دوایـین بەرهەمـی فلۆبێـر ـ ڕوونکـردنەوەیەك لـە یەکـەمین ڕۆژی نیشـتەجێ بوونــی دوو کەسـێتیی سـەرەکی کـە لەخانوویەکـی تـازەی گوندەکەدانیشـتەجێ بوون،هاتـووە. ئـەو شـتەی کـە ئـەوان لـە پەنجـەرەوە دەیبینن "خودی شتەکانن"، ﴿ئەمـە﴾ وەسـفێکی وردە کـە بـارت بــە "بەکارهێنانــی زمانیــی ناڕاسـتەوخۆ" ناودێـری کـردوە: "بۆ ناڕاستەوخۆ بوونی زمان چاکترین مێتۆد ئەوەیە کە ئاماژە بـە خـودی شتەکان ـ تا ئەو شوێنەی کە دەلوێ ـ بکەین نەك بە چەمکی شتەکان. چـونکە بـەردەوام واتـای شـتەکە گـرنگە نـەك چـەمکەکەی".(١١٦) بـە دەربـڕینێکی‌تر فلۆبێـر بـەرەو جـۆرە بەرجەسـتەگەرایی‌یەکی پەتـی هـەنگاوی دەنـا. خوێنەریش لەتـەك جیهانـێك دا بـەرەوڕوو دەبوو کە فلۆبێر بە "راستەقینە"ی دەزانی، بەڵام نەیدەویسـت چـەمکەکانی ئـەو جـیهانە بهێنێـتە گـۆڕێ. "بـوو وارۆ ووێپکۆشـە" بـەردەوام چاوگەی بیرۆکـە تازەکانـی بـارت بـوو.(١١٧) ئـەو لە وتووێژێك دا لە ساڵی ١٩٧٦ باسـی لـەم "ئـەوین"ەی خـۆی کـرد. دەزانـین کە فلۆبێر دەیویست لە کۆتایی ڕۆمانەکـە دا "فەرهەنگۆکێکـی باوەڕیانـە" دابـنێ کـە بـە شـێوەیەکی تەنزئاسـا بریتـی بێ لـە تێڕوانینـی ئـەو و دووپاڵەوانەی " سادە دڵە"ەکەی ئەو بۆ جیهان. فلۆبێـر ئـەم "فەرهەنگـۆك"ەی نووسـیو بـە شـێوەیەکی ئاسایی لـە "کۆتایـی" ڕۆمانەکــەی دا چــاپی کــرد. بــەڕای بــارت ئــەم "فەرهەنگــۆك"ەی فلۆبێــر بەپێچـەوانەی سـیمبۆلە سـەرەکی‌یەکەی خـۆی، واتــە فەرهەنگەکانــی سـەدەی هەژدەهـەم، بـە هـیچ شـێوەیەك فەرهەنگـی زانستەکانو باوەڕەکـان نـیە. خاڵـی گـرنگ لەم فەرهەنگۆکە دا بە ڕای فلۆبێر، هەر ئەو شتەیە کە لە دەقی ڕۆمانیش دا گرنگی‌یەکی بنیاتی هەیە: ﴿کە بریتی‌یە لە﴾ زمان. بارت دەنووسێ "زمان نە



لـە بـەرەی ڕاسـتی دایـەو نـە لـە بـەرەی هەڵـە. لـە یـەك سـات دا لەنـێو سـنووری هـەردووك دایـە، هەربـۆیە هەرگیـز نـازانین ڕاسـتە یـان نا"و "بە لای فلۆبێرەوە، هـەروەك نتیچـە، زمـان خاوەنـی هیچ چەشنە گەرەنتییەك نیە، ئەمە دەستپێکی قەیرانـی مۆدێرنیـزمە".(١١٨) بـە دەربـڕینێ‌تر لـە زمـانو بەهـۆی زمانەوە ناتوانین بگەیـنە شـتەکان. هـەر بـەو شـێوەیەی کـە لـە ڕۆمانـی فلۆبێر دا وشەکان خاوەنی واتـادار Referent نـینو دوورن لـە شـتەکان. بارت لە درێژە دا دەڵێ: "واتایەك لە گـۆڕێ دانـیە، بـەڵام خولـیای گەیشتن بە واتا هەیە، ئەمڕۆ، نووسەر بەهۆی فلانـە هـۆ نانووسـێ، بەڵکـوو تەنـیا بەهـۆی نـیاز بـە واتا دەنووسێ. شتێك کە هەنووکە، ئامـاژەی واتایـی پێ‌دەڵێین".(١١٩) کتێبی فلۆبێر "بە ڕاستی گوێگر یان خوێنەرێکی نـیە". سـارتێر دەیگوت "فلۆبێر بۆخۆی دەینووسی" بەڵام ئەم "خۆیە" دەبووایە کەسێك با، خوێنەرێکی خەیاڵی کە لە کاتی نووسین دا سەرو سیمای دەردەکەوێ؛ بـارت بـە پێداگـریەوە دەڵێ کە بۆ فلۆبێر هیچ گوێگرێك نەبوو. جیهانی "بووارۆ ووێپکۆشـە" جیهانێکـی بێ‌دەنگدانـەوەو بێ‌ڕەنگـە، واتـە جیهانـی زمـان. هـونەری فلۆبێـر خوڵقاندنـی جیهانێکـی لـەم چەشـنەیە. کارێکـی پێشـڕەوە نـەك تەنـیا بۆ ڕۆژگـاری خۆی، بەڵکوو بۆ سەردەمی ئێمەش. وەك ئەوەیە بڵێی زمان هەیە بەڵام مرۆڤ نیە.

ژیـان کامەیـە؟ ژیـان لـە زمان دا بەردەوامەو بەس. فلۆبێر خۆی دەیگوت: "ژیانی بێ‌نرخـی مـن هێـندە ساکارو ئارامـە کە تیایدا ڕستەکان ڕووداوەکانن"و بارت لە سـەری دەڕواتو دەڵـێ: "ئـەم ڕسـتەیەی فلۆبێـر چارەنووسی ژینی ئەو و مێژووی ئەدەبیاتـی ئـێمەیە".(١٢٠) فلۆبێـر لـە لایەکـەوە کـاری سـەرەکی بـە "دروسـتکردنی ڕسـتەیەك" دەزانـیو لـە لایەکی‌تریشـەوە ئەم کارەی بە ناکۆتا ناودێر دەکرد. ئەو دوایـین نووسـەری کلاسیك بوو، چونکە بنەمای کارەکەی لەسەر تیۆریی دەربڕین دامەزرابـوو، هـەروەها یەکـەمین نووسەری مۆدێرنیش بوو، چونکە ئەم کارەی بە ناکـۆتا دەزانـی: "کارەکـەی شـێتی بـوو، نەك شێتی بەیانکەریو لاسایی کردنەوەو ڕیئالیزم، بەڵکوو شێتی نووسین، شێتی زمان."(١٢١) بارت لە تێزی کورتی سۆلێری نووسـەردا دەنووسـێ: "ژیـن دەق ئاسـایە" یـان بـە وەرگێڕانێکـی وردتـر "ژیـن

PDF4Kurd

دەقـە".[١٢٢] ئـەو بـەم ڕێسـایەوە سـەرەتا لـە خاڵـی لاوەکـی "بـەڕای سـۆلێر ژیـان دەقـە"دەگـات، هەمـدیس بـە شـێوەیەکی دیکـە لـەم خاڵـە لاوەکیـیەوە دەسـت پێدەکات تـا گشت (کل)ێکی بـەیان کـردبێ: "سـۆلێر بە ئاشکرا ژیانی دەکرد بە کـردە" و لـە درێـژە دا بـارت پێـی وایـە هـەر لەبـەر ئـەم هـۆیە دەتوانین رووبەکی سۆفیانە لـەکاری سۆلێر دا بدۆزینەوە کە ئەو لە حەللاج نزیك دەکاتەوە. چونکە حەللاجیش نقیسیاری ژیانی کرد بە کردە.[١٢٣]

٤

بـۆ ناسـینی مێـتۆدی بـارت لـە تاووتوێـی پێکهاتەیـی دەق دا، کتێبـی S/Z نموونەیەکی تەواو و هەمە لایەنەیە. ئەم کتێبە کە ٢٣٠ لاپەڕەیە لەمەڕ چیرۆکی سی لاپەڕەیی باڵـزاك واتـە "سارازاین"ەوە نووسراوە. لەم کتێبە دا ٥٨هەزار وشە بـۆ شـیکردنەوەی ١٠هـەزار وشـەی باڵـزاك بـەکار هاتـوە. ئەمـە یەکـێك لـە کـارە دەگمەنـە چڕوپڕەکانی بارتـە کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە دەقێکی کۆڵیوەتەوەو هاوکـات لەگـەڵ دوو شـیکردنەوە کـە بـارت لـەبارەی دوو بـڕگەی کورتـی "چاخی دێرین" هێناویەتە ئارا، بە گرنگترین نموونەو سیمبۆلەکانی تاووتوێی پێکهاتەیی چیرۆك ئـەژمار دەکرێ. بارت خۆی گوتوویەتی کە کتێبەکە بەرهەمی یەك ساڵی وانـە وتـنەوەی چـیرۆك باڵـزاکە: "ئـەو سـاڵەی کـە S/Z م گـوتەوەو نووسـیم، شـادیهێنەرترو باشترین ساڵ بوو لە کاری فیکریی من دا... ئەزموونی S/Z بۆمن بـەر لەهەمـوو شـتێك چێژو خۆشـی نووسـین بـوو.[١٢٤] ئـەو روونـی کردۆتەوە کە سـەرەتا چیرۆکی مارکیـز ـ کـورتە چـیرۆکێکی (هێنـریش فـۆن کلایسـت) ـ ی هەڵبژاردبوو بـەڵام دواتـر بـۆی دەرکەوتـبوو پێویسـتیی بـە دەقـێك هەیـە کـە بە زمانـی فەڕانسـەوی نووسـرابێ. بـۆیە "دڵێکـی سـادە"ی فلۆبێـری هەڵبژارد، بەڵام ئـەم حـیکایەتە ـ کـە لەمەڕ سێ لاپەڕەی سەرەتایی "ئەو حیکایەتە" توێژینەوەی ئـەنجام دابـوو ـ بـە ڕای بـارت هەڵگری ئـەو دنـیا سـیمبۆلیکییە پێویسـتە نەبوو، کەوابـوو چـیرۆکەکەی باڵزاکـی هەڵـبژارد؛ چـیرۆکێك کـە (ژۆرژ باتـای)ش هۆگری بـوو و لەبارەیـەوە قەڵەمـی خسـتبووە گـەڕ. کتێـبەکەی بـارت روونکـردنەوە یـان وەسـفی دەقـی باڵـزاك نـیە، چونکە هـەر روونکـردنەوەو وەسفێك لەسەر بنەمای

ئـەم پـێش داوەرییـیە دانـراوە کـە دەق واتـای سـانترالو کۆتایـی هەیـەو ئەرکـی روونکـار دۆزیـنەوەو هێـنانەگۆڕی ئـەم واتایەیـە. بـە ئاشـکرا، بەرەنجامـی دیـارو (لۆژیکـی)ی ئـەم چەشـنە بەڵگـە هێـنانەوەیە شـتێك نـیە جگـە لەوەکـە دانـەر ویستوویەتی شتێك بڵێ، بەڵام نەیتوانیوە بیدرکێنێ، ئێستا ئەرکی رەخنەگر یان روونکـار ئەوەیـە کـە بـە وردبوونەوەیەکـی تایبەتـی یـان سـەرنج دان بـە ویستی دانـەر ـ ویسـتێك کـە راسـتەقینەیە، بـەڵام بـەیان نەکـراو گـریمان دەکـرێ ـ ئـەو قسـەیە بکات. هەڵبەت بـارت دژی ئـەم ڕایەیـەو دەڵـێ واتایەکی کۆتایی لە گۆڕێ دانـیە. ناتـوانین هـیچ دوا ئامـاژە پێکـراوێك کـە پەیوەست بێ بـە ئاماژە پێکەرە هەمە جۆرەکان، بدۆزینەوە. ئەو دەستەیە لە دەقەکان کە بوار بە خوێنەر دەدەن تاکـوو لەوانـەوە واتـا دیاریکـراوو تاکەکەسـییەکان بخولقێـنێ، چەشـنی جـۆرە "نووسـینەوە"یەکـی دەقگەلـە "مۆدێـرن"ەکـانن لـە بەرامـبەر دەقـە "کلاسـیك"ییـەکان دا قـوت دەبـنەوە "کـە ئـەو دەقـە کلاسـیکیانە" وزەی خەیاڵپـەروەریو داهێنەریـی خوێنـەر سنووردار دەکەنو "رۆنانێکی هێلنج هێنەر لـە باوەڕەکانـی هەمـووانو توێژێکـی خنکێـنەر لـە بـاوەڕە بـەناو گـرنگەکان بـە دەسـتەوە دەدەن".[١٢٥] بـەڵام "دەقـە تازەکـان" خوێنـەر هان دەدەن تاکوو نۆژەنیان بکەنـەوە. گرنگیـی چیرۆکی سارازاینی بەلزاك لەوە دایە کە هەردوو سروشتەکەی پـێکەوە تـێکەڵ کـردوەو دواجـار بـواری بـۆ خوێنەر رەخساندوە تا بەسەر لایەنی "کلاسـیك" سـەرکەوێ. لـە حالـێك دا مێـتۆدی نووسـینی بەلـزاك لێواولـێوە لـە "کلێشـەکانو ڕێسـا قالبیـیەکان لـە دەربـڕین"داو هـەوڵ دەدا تاکـوو بەسـەر خوێـنەردا "باوەڕگـەل"ێـك بسـەپێنێ، هەوێنـی سـەرەکیی چـیرۆك ئـەو ڕێسـاو باوەڕانـە تـێك دەشـکێنێ. لێـرەدا جـیاکاری "دەقـی نووسـینەیی"و"دەقـی خوێندنەوەیی" دێتە کایەوە [١٢٦]، دەقی خوێندنەوەیی زۆرجاران زەینی بەرامبەر "گوێگـر ـ خوێـنەر" بـە بـنەمای کار نازانێ؛ بەڵام بەرامبەر دەقی نووسینەیی لە کاتـی خوێـندنەوەدا دەخولقێـنێو دووبـارە دەینووسـێتەوە. دەق گەلـێك وەکـوو شـێعرەکانی لۆتره ئامون یان نووسینەکانی ژۆرژ باتای "دەق گەلی نووسینەیی"ن، واتـە واتاکانـیان یەکسـەرو وشـیارانە پەیوەسـتە بـەو واتایانەی کە خوێنەرەکەیان

PDF4Kurd

دەیان خولقێنێ.[١٢٧] "سارازین" لە سنووری ئەم دووجۆر دەقەدایە، بەڵام لەبەر هۆیەك (كە سەلماندنەكەی لە دوو توێی كتێبی S/Z دایە) دەبێتە دەقێكی نووسینەیی. تانوپۆی بنچینەیی چیرۆكەكە سروشتێكی سیمیۆلۆژیكی هەیە. سارازاینی پەیكەرتاش، باوەڕە زاڵەكان كە لە كۆمەڵگای ئێمەدا لە ڕێگەی ڕەمزە فەرهەنگییەكانەوە جێگیر بوون، لە تەك واقعدا بە چەشنێكی هەڵە، بە یەك شت دەزانێ و ئەمە تراژیدیی ئەوە. ئەو شەیدای زامبی نلا دەبێت، چونكە پێی وایە خاوەنی هەموو ئەو سیفەتانەیە كە ژنێكی ئایدیال كۆمەڵگای ئێمە دا، هەیەتی: جوان و ناسك، بەناوبانگ و هونەرمەند. بەڵام سارازاین نەیزانیوە لە سەردەمی خۆی دا، لە نواندنە شانۆیییەكان دا ڕۆڵی ژنان بەهۆی كوڕانی لاو (ناسراو بە كاستراتۆ) پێشكەش دەكرێ؛ بەم شێوەیە سارازاین نازانێ ئەو ژنە ئەكتەرەی كە ئەو ئاشقی بووە ژن نیە، بەڵكوو كوڕە لاوێكە. ئەو تێدەكۆشێ تا پەیكەرێك لە "ژنێكی جوان" دروست بكا. بەڵام بە دەست خزمەتكارانی كاردینال چیكۆنا دەكوژرێ، چونكە كاردینال شەیدای "كوڕە لاوەكە"یە. سارازاین بە هۆی گەمژەیی خۆیەوە، بێئاگایی لە شێوەی خەڵكانی دی لە نیشانە دانان، ڕەمزدانان و دۆخی ڕەگەزیی ژنان و "كاستراتووەكان"لە كۆمەڵگادا، دەكوژرێت.[١٢٨] سارازاین لە "ژنێكی گەنج" پەیكەرێكی دروست كردبوو، ئەو بە خەیاڵی خۆی لاسایی كەتوارو سروشت دەكاتەوە، بەڵام كەتوار بەو شێوەیەی كە خۆی بۆ ئەو دەنوێنێ، ڕاست نیە. ئەوەی ئەو دیتوویەتی ڕاستەقینە نیە. لەپاش كوشتنی سارازاین كاردینال لە كارگەكە دا پەیكەرەكەی ئەو دەڕفێنێ، چەندین ساڵ دواتر پەیكەرەكە دەبێتە بنەمای كاری شێوەكارێك و ئەو دیمەنی "كاستراتۆ" دەكێشێتەوە، بە جۆرێك كە لە بەستێنی فەرهەنگیی كۆمەڵگا دا واتای هەیە "واتە" واتای نیشانەیی نەك چەمكی ڕاستەقینە كە بە لاسایی كردنەوەی سروشت ـ یان لە ڕاستی دا لاسایی كردنەوە لەو شتەی كە سروشت بە ڕواڵەت دەینوێنێ ـ دەژمێردرێ. بابەتی تابلۆی نیگاركێشەكە كوڕە لاوێكە كە لە ژن دەچێ. سارازاین نهێنیی سێكسوالیتەی زامبی نلا لە ڕێگەی كۆپی كردن و لاسایی كردنەوەی جوانیی ئەو لە بەرهەمی هونەری دا نازانێ، چونكە هەموو

نهێنییەكە بریتییە لەوە كە زامبی نلا لە ڕاستی خاوەنی جوانییەكی ژنانە نیە. چیرۆكی باڵزاك بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ هەڵەی گشتی و هاوبەشی نێوان نووسەرانی ڕێئالیست ئاشكرا دەكا: بڕوا هێنان بەوە كە "نێوەرۆكی ڕاستەقینە" هەیە كە گرنتی جوانی و ڕەسەنایەتیی بەرهەمی هونەرییە. چەشنی ئاڵتوونێك كە گرنتی بەهای دراو دەكات. بەڵام بارت، پسپۆڕی نیشانەناس، دەسەلمێنێ كە ئەم چەشنە گرنتییە هەر لە بنەڕەتەوە لە گۆڕێ دانیە. ئێما بوواری و سالامبۆ بەرهەمهێنەرانی كاغەز، قەڵەم و مەركەبن، نەك خاوەنی پێست و گۆشت و خوێن. بایەخی كەسێتییەكانی چیرۆك پەیوەستە بە "وزەی خەیاڵپەروەری"ی ئێمەی خوێنەر نەك سیمبۆلە سەرەكییەكان كە هونەرمەند "كۆپی"ی لێ هەڵگرتوونەتەوە. بە دەربڕینێكی تر ئیدی ئەو شتەی كە هونەرمەندی ریئالیست بە دنیای ڕاستەقینە و بەرجەستە دەیناسی، خۆی بابەتی ڕێككەوتنە سیمیۆلۆژیكییەكانە و لەسەر بنەمای ئەو ڕێككەوتنانە دەردەكەوێ و بە گۆڕینی ئەوان گۆڕانی بەسەر دادێ، واتە زۆر بە ئاسانی نە ڕاستەقینەیە و نە بەرجەستە. بارت دەقی "سارازاین"ی بە ٥٦١ "یەكەی واتایی" دابەش كرد. ئەم یەكانە ڕستە یان ڕستەیەكی ناتەواوو لە هێندێك خاڵدا وشەیین. بارت سەرەتا هەر یەكەیەكی باسكرد، پاشان واتاكان یان تایبەتمەندییەكانی "هەر یەكەیەكی" ڕوون كردەوە. هێندێك جار ڕوونكردنەوەیەكی چڕو پڕی لەبۆ ئەو خاڵانەی كە ئەم یەكە واتاییانە دەیان خولقێنن هێنایە بەرباس. ٩٣ ڕوونكردنەوەی چڕوپڕ (+دە ڕوونكردنەوە كە لە پێشەدەق دا چەشنی دەسپێكێك هاتوون) لە كتێبەكەدا وەبەرچاو دەكەون. پاشان بارت پێنج دەستەی ڕەمزە سەرەكییەكانی لێك جیاكردنەوە.[١٢٩] هەرچەشنە تایبەتمەندیەكی واتایی و زمانیی چیرۆكەكەی باڵزاك لەم پێنج دەستەیە دا جێی دەبێتەوە. ڕەمزە سەرەكییەكان هەردووك ئاراستەی واتاناسانە و هاونشینی دەگرنەوە. لەشێوازێكیاندا یەكە واتایییەكان پێكەوە گرێ دەدرێن "واتاناسانە" و لەشێوازێكی دیكەدا ئەم یەكانە پەیوەستن بە دنیای دەرەكییەوە"هاونشینی". بارت لە ڕێگەی ئەم ڕەمزانەوە توانی لە پێكهاتەی چیرۆكییەوە بەو پێكهاتە فكرییانەی كە لەگەڵیان دان، بگات: ١)

PDF4Kurd

ڕەمزەکانی کردە گێڕانەوەیی‌یەکان؛[١٣٠] "بریتین لە" لەهەر شوێنێك یەکەیەك لە چیرۆك پیشانمان بدات کە چیرۆكو بە دوای یەك دا هاتنی کردەکان بە چ جۆرێك بەرەو پێشەوە دەچن. هەر جۆرە کردەیەکی چیرۆك لە کرانەوەی دەرگایەك تا کوشتنی کەسێك بەهۆی ئەم ڕەمزانەوە دیاری کراوە. لە دەقە کلاسیکی‌یەکان دا کردەکان لەخۆیانەوە کاملن. بەلام لە چیرۆکی بالزاك دا کردەکان تەنیا پێکەوە گرێ دراون. هەر چۆنێك بێ ئەم ڕەمزانە هەم پێوەندی‌یان بە کردەو هەم لەگەڵ ئەو شتەی کە یۆنانیەکان هزری بەر لە کردەیان پێ‌دەوت، هەیە. ئەم ڕەمزانە بەهۆی هێمای ACT لە کتێبەکە دا ئەدۆزینەوە. ٢) ڕەمزە واتاناسانەکان؛[١٣١] کە پێوەندی‌یان بە ئاماژە کەم تا زۆر تایبەتمەندنوێنەکان، سایکۆلۆژیكو ژینگەوە هەیە. جیهانی ناسینەکان (بە واتا ناسراوەکەی وشەی ناسین)ە. بۆ نموونە بەهۆی ئەم ڕەمزانەوە تێ‌دەگەین کە "کەسێتی تووڕەیە" بەبێ ئەوەی وشەی تووڕە لە دەق دا هاتبێ. ئەم ڕەمزانە بە هێمای SEM لە کتێبەکە دا هاتوون. ) ڕەمزە فەرهەنگی یان گەڕانەوەییەکان[١٣٢] کۆی ئاماژە فەرهەنگی‌یەکان دەگرێتەوە کە پێوەندیی بە ناسینێکی گشتی لە بارەی ئەو سەردەمەوە هەیە. ناسینێك کە ئاخێو لەسەر بنەمای ئەو "ناسینە" دامەزراوە: زانستی سایکۆلۆژی، پزیشکی، کۆمەڵناسیو هتد. ئەم ڕەمزانە بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی بالزاك دا زۆر گرینگن. "ڕاستیگەل"ی مێژوویی، هەموو سیستمی زانیاریی تاك کە لەسەر بنچینەی تێگەیشتوویی هەمووانو ... دەگرێتەوە. ئەم ڕەمزانە بە هێمای REF لە کتێبەکە دا هاتوون. ٤) ڕەمزە هێرمێنۆتیکی‌یەکان؛[١٣٣] ئەم ڕەمزانە پێوەندی‌یان بە مەتەڵەکانو هەڵهێنانیانەوە هەیە. لە ڕاستی دا ڕەمزەکانو دۆزینەوەی ڕەمزەکانی چیرۆك یان بە گوتەی خودی بارت "سیمبۆلی پۆلیسی" چیرۆکە. پرسیارەکان (کێ دەپرسێ، واتای پرسیاری ئەو) لەم ڕەمزانە دا جێ‌یان دەبێتەوە. ئەم ڕەمزانە بە هێمای HER لە چیرۆکەکەدا هاتوون ٥) ڕەمزە سیمبۆلیکی‌یەکان؛[١٣٤] لۆژیکی ئەم ڕەمزانە لە لۆژیکی ڕۆژانە، ناسراو، بەڵگە هێنانەوەییو ئەزموونکاری جیایە. لە لۆژیکی خولیا دەچێ[!!]. کات بە دوایەك دا هاتن یان جێ‌نشینیی ڕووداوە نائاسایی‌یەکانە. ئەم ڕەمزانە بە هێمای SYM لە کتێبەکە دا هاتوون. بارت چەند ساڵێك پاش بڵاوبوونەوەی S/Z لە "ئەنجومەنی سریسی" دا گوتی کە دەتوانرێ دەستەی شەشەمی ڕەمزەکانیش بۆ تاووتوێی بەرهەمێك وەکوو "سارازاین" بەکار بهێنرێن: ڕەمزە پلە دارەکان Accreditement[١٣٥] کە بوار بە نووسەر دەدەن تا چیرۆکەکەی چەشنی کەتوار بنوێنێت. بۆ نموونە کەسێتی‌یەك کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لە ناکاو لە چیرۆکەکە دا دەردەکەوێ، یان لەناکاو دەبێت بە خودی دانەر[١٣٦]. لە وتووێژێك دا ریمۆن بلۆر لەمەڕ پێنج دەستەی ڕەمزەکانی کتێبی S/Z لە بارتی پرسی ئایا ئەم ڕەمزانە لەنێو هیرارکییش دا هەن یان نا؟ بارت وڵامی دایەوە کە لە ڕاستی دا هیرارکی‌یەك هەیە. ڕەمزە هێرمێنۆتیکیو کردە گێڕانەوەیی‌یەکان بەسەر سێ‌دەستەکەی دیکە دا زاڵن. چونکە هێڵو ڕەمزی چیرۆك یان بە شێوەیەکی دیکە لۆژیکی چیرۆك بەرەو پێشەوە دەبەن. سێ‌ڕەمزەکەی‌تر هەر یەکەو لە شوێن خۆیەوە بەکار دێنو "لانی کەم دەتوانین بڵێین مێتۆدی خوێندنەوەی ئەمڕۆیی ڕەمزە سیمبۆلیکی‌یەکان گرینگی‌یەکی زۆری پەیدا کردوە".[١٣٧] لەمەڕ ڕەمزە سیمبۆلیکی‌یەکانەوە بارت پۆلێنبەندی‌یەکی سیانیی هەیە: ١) بابەتگەلی پێوەندی‌دار لەگەڵ "تیۆریی دەربڕین"و تیۆریی ئەدەبی، ٢) بابەتگەلی پێوەندیدار بە ژینی ئابووری، (بۆ نموونە ڕۆڵی زێڕ لە چیرۆك دا)، ٣) بابەتگەلی پێوەندیدار بە سایکۆلۆژی (بۆنموونە هێماکانی پێوەندیدار بە لەشی مرۆڤ لە چیرۆك دا). بەلام ئەمانە هەرسێکیان بەسەر یەك دا زاڵ نین، هەرچەند بابەتگەلی پێوەندیدار بە دەستەی سێهەم ئاشکراترو ڕوونتر دێنە بەرچاو.[١٣٨] ڕەمزەکانی کردەی گێڕانەوەیی، لە تاووتوێی بارت دا، بە شێوەیەکی تایبەتی گرینگیی پەیدا کردوە، چونکە چیرۆکی بالزاك سروشتێکی گێڕانەوەیی تەواو ئاڵۆزی هەیە. جۆرە چیرۆکێکە لەنێو چیرۆك دا. پیاوێکی تەمەن ٩٠ساڵ، کە لە ڕاستی دا کاستراتۆی پیرە، چیرۆکی سارازاین بۆ مارکیز دۆرۆشفیڵد (لەبەرامبەر ئەوین)دا دەگێڕێتەوەو چیرۆك گێڕەوە (بالزاك؟) چیرۆکی کاستراتۆ بۆ ئێمە باس دەکا. ئەم گێڕانەوە ئاڵۆزانە چەشنی هەر کتێبێکی دی لە وشەکان دروست کراون



PDF4Kurd

نـەك كەتـوارەكان. ناسـینی چیرۆكی سارازاین دۆزینـەوەی كەتوارەكان نیە، بەڵكوو زۆر بـە ئاسـانی دۆزیـنـەوەی رەمـزەكانە، تێگەیشـتنە لـەوەی كە وشەكان چۆن كار دەكـەن. هـەر یەكەیەكـی واتایـی نـە بەهـۆی گەڕانـەوە بۆ دواپین واتاو سەلماندنی چیرۆكو نە بەهۆی گەڕانەوە بۆ كەتوارێكی دیاریكراوی دەرەوەی دەق، بەڵكوو لە رێگـەی دیالۆگـی نـێوان پـێكهاتەی سینتاكسـیو پـێكهاتەی واتایـی (زانیـنـە زەینییەكانـی خوێـنەر) كـار دەكا. واتـە هـەر چیرۆكێك بەم چەشنە كار دەكا. لە "سـارازاین"دا باڵـزاك لـە سـنووره فكـریو رەوشـتییەكان كـە لەنـێویانەوە هەڵقوڵابـوو، تێپـەڕی. بـارت گوتـبووی كـە "منـیش دەمەویست كـۆمەڵەیەك لـە فـۆرمە جیاجیاكانـی خوێـندنەوەی ئـەم دەقـە كـۆبكەمەوە. كـاری مـن چەشـنی كەمكـردنەوەی خێرایـی فیلمـێك بـوو." [١٣٩] چیرۆك گێڕەوە دەڵێ: "لەوانەشە من ئـەم چـیرۆكەم داهێـنابێ". هـەر ئـەم "لەوانـە"یـە بارتـی بـەرەو تاووتوێـی "سارازاین" راپـێچ كـرد. لـە چیرۆكی باڵزاك دا، گێڕانەوەی كاستراتۆ لە بەرامبەر "ئەوینـی شـەوێك" ئاڵوویـر دەكـرێت، وەكوو هـەزارو یـەك شـەو كـە لـەو دا هەر گێـڕانەوەیەك "لەتـەك یـەك رۆژی ژیـان"دا ئاڵوویـر دەبـێت.[١٤٠] بـەڕای بارت دوو شـێوەی خوێـندنەوە لـێك جـیان: خوێـندنەوەی بـە مەبەسـتی چـێژوەرگرتن، تێگەیشـتن لـە چیرۆكو كۆتاییەكەی؛ و خوێندنەوەی سیمبۆلێك بۆ دۆزینەوەی واتـا ناوەكیو شاراوەكانی چیرۆك. ئـەم دوو جۆر خوێندنەوەیە هاوكات پێكەوە روو دەدەن. جۆری دووەم بـە بێ ئـەوەی هەستی پێبكەی پێشڤە دەچێ، لۆژیكی ژیانـی رۆژانـە دەرناخـات بەڵكـوو تاووتوێـی دەقـەو تێگەیشـتنە لـە پـێكهاتە واتاییەكەی: "مـرۆڤ سـیمبۆل دروسـت ناكـا، سـیمبۆل مرۆڤ دروست دەكا، مرۆڤ لـەو سـاتەوە كـە دێـتە دنـیاوە، خـۆی لـە نێوان سیمبۆل گەلێك كە پێشتر هەبوون دەدۆزیتەوەو، ئەگەر نەیەتە نێو ئەو سیمبۆلانەوە، نابێت بە مرۆڤ".[١٤١] دەبینین كـە لەروانگـەی یـۆنگ لەهەمـبەر سـایكۆلۆژیی قـووڵ نـزیك دەبیـنەوە. مـرۆڤ لـە جـیهان دا بـەردەوام لەسـەر بـنەمای سـیمبۆل گەلـێك كـە پێشـتر دروسـت كـراون دەژیـت. ژاك لاكانـیش لـەو بـاوەڕە دابـوو كـە مـنداڵ لە شەش مانگی دا لە رێگەی بینینـی وێـنەی خـۆی لـە ئاوێنە دا دێتە نێو جیهانی سیمبۆلەكانەوە، پلەیەك كە لاكـان بـە "قۆناغـی ئاوێنە" ناودێری كردوە. خۆدیتن، "بریتیە لە دیتنی" لەشی خـۆمان كـە لـە یـەك سـات دا هـەم وێـنەی كەسـی دیو هـەم وێنەیەكیشـە لە خۆ. كەوابـوو دەتـوانین لـە نـێوان دوو یـا چـەند هـزرێك دا نزیكایەتیـی وەك یەكـی دابنێین؛ هەروەها لەنێوان زۆر لە وشەكانو چەمكەكانیش دا. تەنانەت سەردێڕی كتێبـی S/Z فـرەواتاییەو بـارت گوتوویەتی بە ئەنقەست بەدوی ئەم واتا چەند فاقیانە كەوتـوە. S و Z بـە زۆری لـە جیاتـی یەكدی لە وشەكان دا، گۆ دەكرێنو وەكوو ناوی سارازاین كە دەتوانین بە ساراسینو، زاراسینو زارازاین بیخوێنینەوە. S سـارازاینەو Z زامـبی نـلا یـە. لـە نـاوی بالـزاك دا Z هەیـەو لـەناوی بارتـدا (لەنووسـین بـە شـێوەی فەرانسـەوییەكان) پیتـی S هەیـە. بـارت دەنووسـێ كـە سـەردێڕی كتێـبەكەی پرسـیار هەڵدەگـرێ. سـارازاین چـیە؟ نـاوی گشـتی؟ نـاوی تایبەتـی؟ یـەك شـت؟ یـەك پـیاو؟ یـەك ژن؟ تەنـیا بـە گێـڕانەوەو بەسـەرهاتی پەیكـەرتاش، تـێدەگەین كـە ئەمـە نـاوی خۆیەتـی. واتـە نـاو خـۆی جـۆرە رەمزگەلێكـی هێـرمێنۆتیكییە.[١٤٢] نیچـە لـە لەدایكبوونـی تـراژیدیدا رەخـنەی ئاراسـتەی "هـونەری پشتبەسـتوو بـە بەیانكـەری" كردووە. باسی ئەو تا ڕادەیەك رۆشـنكەری مێـتۆدی بـارت لـە باسـكردنی "لاسـاییكردنەوە"یـە. مێـتۆدێك كـە یەكسـەر لـە بەرامـبەر باسـی كلاسـیكیی یونانـییەكان (و بـە تایبەتـی باسـی ئەرەسـتۆ) دەسـت پێدەكـا، بـەڵام بـە چەشـنێكی سـەیرو سـەمەرە لەگـەڵ بەرەنجامەكانـی دەگـونجێ. [١٤٣] رۆلان بـارت لـە S/Z دا لەتـەك ئـەم بەرەنجامـەدا سـەروكاری هەیـە. ئـەو لاسـاییكردنەوە بەرتـەك دەداتـەوە، نـەك لەبـەر ئەمە كە لاسـاییكردنەوە سیستمێك پێكەوە تێكەڵ دەكا كە لەو دا هەموو شتێك لە شوێنی خـۆی دایـە؛ بەپێچـەوانەوە لەبـەر ئـەوە كـە لاسـایكردنەوە ئـەو سیسـتمە "سـەقامگیر" دەكـا. بـارت پێـی وایـە كـە لاسـایكردنەوە كۆنسـێرڤاتە، چـونكە سیسـتمی دروسـتبووی نیشـانەكانو واتـا سـەقامگیر دەكـاتو ئـەوەی كـە هەیـە پەسـندی دەكـا.[١٤٤] بـارت لاسـاییكردنەوە بـە "نوسـخە هەڵگرتنەوە لەنوسخەیەك دەزانـێ. نوسـخەیەك كـە وا دێتە بەرچاو "نوسخەی" راستەقینەیە. ئاخێوێك كە لەسـەر بـنەمای لاسـایكردنەویە هـەر لـە بـنەڕەتەوە تـوانای بەدەسـتهێنانی



PDF4Kurd

هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی دژی "ئەو شتەی خۆی وەکوو هەقیقە پیشان دەدات" نیە. بارت ئەم جۆرە ئاخێوەی بە Doxa ناودێر کردوە (کە لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بە واتای "دژی هەقیقەت" هاتوە.)[١٤٥] کریستۆفێر پرێندر گاێست کتێبی هاورێکی لاسایی کردنەوەی کە لەمەڕ لاسایی کردنەوەو چەشنێکی تایبەتی لەبارەی کۆمەڵە بەرهەمێکی باڵزاك، ستاندال، نێروال‌و فلۆبێرە، بە درێژەی S/Z زانی‌و کتێبەکەی بارتی بە "دەروازەیەك بۆ ئاستەنگەکانی بەیانکەری یان دووبارە خولْقاندنەوە" پێناس کرد.[١٤٦] دەقە کلاسیکیەکان هەر لە بنەڕەتەوە توانای تێپەڕین لە چوارچێوەی سیستمی لاساییکردنەوەیان نیەو تەنیا هێندێکیان دەتوانن ئەو چوارچێوەیە نمایش بکەن. بەڵام "سارازاین" لەو چوارچێوەیە تێدەپەڕێ‌و ڕێسا ئامادەکانی لاسایی کردنەوە پەسند ناکا. چەشنی دەقە نوێیەکان توانای پەسند کردنی سیستمی ئاخێوی نیەو وزەیەك کە بەرەو رابردوو پەلکێشی دەکات دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگەکانی دەربڕین لەودا. دەقگەلێك وەکوو گومانە لەدەست چوووەکانی بالزاك‌و سوورو ڕەشی ستاندالیش پیشاندەری ئەو چوارچێوەیەن‌و بەرهەمەکانی فلۆبێر تێپەڕین لەم کەوشەنە نیشان دەدەن. ئێمە نەك تەنیا لە تەك "سنوورەکانی دووبارە ئەفراندن" بەڵکوو لەگەڵ "دووبارە ئەفراندن چەشنی دروستکەری سنوور" بەرەوڕووین. لێرەدایە کە بەرهەمەکانی ژۆرژ باتای کە دەبێ چاوگەی S/Z لەوان دا بەدی بکەی، یارمەتیمان دەدەن. باتای ئەدەبیاتی بە "ریسك" ناودێر دەکرد، جۆرێك "دۆخی نەلواو" کە دەبێ درزی نێوان وشیاری‌و ئەزموون پڕ بکاتەوە، بەڵام بەردەوام بڕوا بە شکستی خۆی دێنێ. هەرچەند لانیکەم پیشان دەدا کە ئەم درزە چەندە قووڵە. مۆریس بلانشۆ ـ مامۆستایەکی دیکەی بارت ـ نیشانی دا کە "چوارچێوەی زمان" باسکردن لە چوونەسەرووی هەر کەتوارێك پووچەڵ دەکاتەوە. مێتۆدی بارت لە S/Zدا تا ڕادەیەکی کاریگەریی لە هەمان چیرۆکی "سارازاین" وەرگرتوە. بێگومان ئەگەر ئەو دڵێکی سادەی فلۆبێری هەڵبژاردبا، مێتۆدی کارەکەی یەکسەر جیاواز دەبوو. بارت چەندین جار جەختی کردبوویەوە کە دروستکەری سیستمێکی دیاریکراو نیە، بەڵکوو تەنیا راڤەکەری



دەقە ئەدەبی‌یەکانەو بە پێچەوانەی پێکهاتەگەراکانی دی، جۆرە مێتۆدێکی بەدەست بێنێ کە "لەمەڕ هەر دەقێك"ەوە کارا بێت، ئەو دەری خست کە مێتۆدێکی لەو چەشنە لە گۆڕێ دانیە.[١٤٧] لە رۆلان بارتدا دانی بەوە دانا کە سالانێك لە سیستم تێفکریوەو لە مارکس، سارتێرو برێشت وەکوو نموونەی بەیانکەرانی ئەو سیستمە فکری‌یەو لە نیشانە ناسی چەشنی رێبازی خۆی ناو دێنێ؛ بەڵام ئەمڕۆ پێی وایە کە ئاسوودەتر دەنووسێ، بێدڵەراوکێ‌و بێ کۆت‌و بەند، و بیرۆکەی سیستمێکی دیکە گرفتی بۆ دروست ناکا.[١٤٨] خاڵی سەرنج راکێش ئەوەیە کە لەنێوان ستراکتۆریستەکان دا ئەوانەی کە سەروکاریان لە تەك ئاخێوی ئەدەبی دا هەبوو، زووتر لە خەڵکانی دی، لە دەردو بەڵای سیستم رزگار بوون.

## ٥

دوو کتێب کە بارت لەمەڕ بەرهەمەکانی میشلەو راسین نووسیونی‌و هەروەها کتێبێك کە لەبارەی زمانی ساد، فۆریەو لوڤیولا بڵاوی کردۆتەوە، بە نموونەگەلێك لە بەکارهێنانی مێتۆدی پێکهاتەیی تاووتوێی دەق‌و ئاخێوی ئەدەبی دەژمێردرێن. کتێبی میشلە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٤ لە نامیلکەیەکی کە نێوەندی بڵاوکردنەوەی "سوی" لەژێر ناوی "نووسەران بە خامەی خۆیان" دا بڵاوی دەکردەوە، چاپکرا. رێسای سەرەکیی ئەم کۆمەڵەیە لەم ساڵانەدا، بەم چەشنە بوو کە هەوڵ بدرێ تا ژیان‌و تیۆرەکانی هەر نووسەرێك لەسەر بنەمای دەقگەلێك کە ئاراستەکانی "ئۆتۆبیۆگرافیك"یان هەیە، بناسرێت.[١٤٩]

بارت دواتر نووسی کە سەرەنج راکێش بوونی بەرهەمەکانی میشلە بە لای ئەوەوە پەیوەستە بەم راستی‌یەوە کە میشلە بناغەدانەری ئەنترۆپۆلۆژی بوو لە فەرانسەدا. هەرچەند مێژوونووس بوو، بەڵام باسی لە سروشتی‌ترین لایەنەکانی ژیان دەکرد، واتە لە خۆراك، پۆشاك‌و ئەڤین دەدوا. بارت نووسیویەتی باڵزاك‌و پروستیشی هەر لەبەر ئەم هۆیە خۆش دەوێ، چونکە لە هەموو ئاراستەکانی

PDF4Kurd

ژیانی تاقمە بچووکەکان ورد بوونەتەوە: "بەڕاستی کە کتێبەکانی تایبەت بە ئەنترۆپۆلۆژی چەندە ئازیزن، چەشنی ئەنسکلۆپیدیایەکن کە هەموو کەتوار، تەنانەت بێکەڵکترین خاڵەکانیش تۆمارو پۆلێنبەندی دەکەن".[١٥٠] ناوی بڕگەیەك لە کتێبی ڕۆلان بارت کە ئەم حوکمە لەو دا هاتوە "ئاخێوی زمانناسانە"یە، پێشاندەری پێوەندیی ئاخێوی ئەدەبی لەگەڵ کەتوارە. لە سەرەتای میشلەدا بارت ڕستەیەکی کارل مارکسی گێڕاوەتەوە: "نوێنەرانی وردە بورژوازی ناتوانن لە زەینی خۆیان دا لە چوارچێوەیەك خۆ دەرباز کەن کە وردە بورژوازی لە ژینی خۆی دا ناتوانێ لێی دەرباز بێت. لەپاش ڕوانگەی تیۆریك هەمان کێشەو چارەسەر دەدۆزنەوە کە وردە بورژوا بە پێی بەرژەوەندییە ماددیو دۆخی کۆمەڵایەتیی خۆی پێیان دەگات... ئەمە لە ڕوانگەیەکی گشتەوە نزیکایەتییەکە کە لەنێوان نوێنەرە سیاسیو ئەدەبییەکانی چینێك لەتەك چینێکی دیکەدا کە ئەوان نوێنەرایەتییان دەکەن، هەیە.[١٥١] بە گێڕانەوەی ئەم ڕستەیە بارت زۆر لە خاڵە باندەقییەکانی بەرهەمەکانی میشلەی مێژوونووسی روون کردۆتەوە، هەر بەو شێوەیەی کە لە زاری فەرهەنگۆکی لاروسەوە ژیاننامەی میشلەی لە پاراگرافێك دا هێناوەتەوە. کتێبی میشلە بەر لە هەموو شتێك سەرەنج دەداتە زمانو رووی ئەدەبیی بەرهەمەکانی نووسەرو لەم لایەنەوە کاری مێژوونووسی بەناوبانگ (میشلە) نەمرە. ساڵانێك پاش نووسینی کتێبەکە بارت لە وتاری "ئاراستەی مۆدێرنی "بەرهەمەکانی" میشلە" (١٩٧٤)دا جەختی کرد کە مۆدێرنیزمی میشلە دەتوانین لە زمانێك دا کە بەکاری هێناوە، بیدۆزینەوە. ئەم زمانە لایەنە مۆدێرنەکانی میشلە، (لە ئارادابوونی توخمە ئەنترۆپۆلۆژیکییەکان)و ئەپستمۆلۆژی Epistmologyی میشلە (چوونە پێش بەرەو زانستێکی تەواو و تازە)ی شێوەدار کردوە. زمانێکە کە هەڵچوونو سۆزەکانی نووسەر ناشارێتەوە.[١٥٢] لە کتێبی میشلەدا بارت بە وردی شێوە نووسینی میشلەو تێڕوانینەکانی ئەو بۆ شتەکان تاووتوێ دەکاتو ستایشان دەکاو "ئەم شێوە نووسینەی" بە "واتاکانی ئەنتۆلۆژیك"ی کاری مێژوونووسی ناودێر دەکرد. ئەو بە ورد بوونەوە لە بەرهەمە هەمەجۆرو قەبارە گەورەکانی

میشلە، هەوێنە "شاراوەکار"ەکان دەردێنێ: گەرمی، نەرمی، نزیکی، هێزو ... . لە بەرامبەر دا بابەتگەلێکیشی دەهێنایە ئاراوە کە دەبوونە مایەی بێزاریی میشلە: خانەدانەکانی بۆربۆن، ئێمپراتووریی بناپارتو ئەم دووە بە وەسفەکانی ئەو لەمەڕ سەرمای "هۆڵە ئاغەواتییەکان"، بۆنی چەوریی وشکەدارەکان، بۆنی بەرامەو وێنەو تابلۆکان دەبەستێتەوە. بڕگەگەلێکی پێوەندیدار بە چرکەساتی لە گیوتین دانی ڕۆبسپیری "سارد"و "داوێن پاك" لەبەر چاوی خەڵکانێکی زۆری "گەرمو گڕاوی" لە مێژووی شۆڕشی میشلەدا دەگێڕێتەوە. ڕامانی بارت لەبەرهەمەکانی نووسەرێك لە ڕێگەی زاڵبوونی "هەستە فیزیکی"یەکانەوە وەبیرهێنەری بەرهەمەکانی گاستۆن باشلارە.[١٥٣] لە لایەکی دیکەوە سارتێریش لە کتێبی "بۆدلێر"دا تا ڕادەیەك لە تەك "هەستی بۆن کردنی شاعیر" ئاشنا ببوو. لە میشلەدا بارت باسی لە "ڕێسا ڕەوشتیەکان (بە تایبەتی ڕەوشتی سێکسی) میشلە" کرد؛ و دیدی سێکسیی ئەو لە مێژوو نووسیو گێڕانەوە گەریی ئەودا دۆزیەوە؛ ئەمە ڕەنگدانەوەی سەرکوتی وارسکە سێکسییەکانی نووسەرییە لە "وەسفی زمانیی تایبەتیی ئەودا".

بۆ نموونە وەسفی میشلەی بۆ "هۆڵە تاریکبووەکان بەهۆی دووکەڵی تووتن" "بەڕای بارت" پێوەندیی هەیە لەگەڵ باوەڕی میشلە کە دووکەڵی تووتن کاریگەریی نیگەتیڤی هەیە لەسەر توانای سێکسیو بەدووی دەسمایەی سەرەکیی خوێن لە بەرهەمەکانی میشلە دا کەوت. ئەو سەلماندی کە میشلە لە خوێنی تازە دەترساو[١٥٤] وەسفی جۆرەکانی خوێنی لە بەرهەمەکانی خۆیدا،کەڵەکە کردو[١٥٥] ڕای میشلەی روون کردەوە کە "بریتیبوو لەوەی" ژنان بەهۆی سووڕی مانگانەی خۆیانەوە چەشنی سروشت دووبارە ژیانەوەی خۆیان ئەزموون دەکەنو هەر لەبەر ئەوەش دەتوانین بڵێین کە "سروشت" خووی ژنانەی هەیە.[١٥٦] بارت دەنووسێ کە ئەم ڕایە واتە باوەڕی میشلە بە "ژنانە بوونی هەمە لایەنە لە سەردەمی سووڕی مانگانە"دا لەگەڵ سستیی سێکسی میشلە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە. میشلە پێی باشتر بوو کە ژنان لێی نزیك نەبنو لە خەوتن لەگەڵیان دا دوور دەکەوتەوەو تەنانەت دەترسا.[١٥٧] کاتێك کە بارت ئەم ڕێسایەی

PDF4Kurd

دەهێنایە گۆڕێ، هێشتا بەڵگەنامەیەك کە روونکەرەوەی لاوازیی سێکسیی میشلە بێت، بڵاو نەکرابوویەوە. "پێشبینیی" بارت لە ١٩٥٩و ١٩٦٢ (واتە ٥٨ ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی میشلە) هەر لە تەك بڵاوبوونەوەی هێندێك لە نامەکانو یادنووسە بڵاونەبووەکانی میشلە سەلمێنرا. دبی دور رەخنەگری کتێبەکەی بارت کە رێساکانی ئەوی لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی میشلە بە "زێدەڕۆییو هەوڵدان بۆ ناساندنی میشلە وەکوو پیاوێکی بێتوانا "کەخاوەنی" وارسکە سەرکوت کراوە سێکسیەکانە" لە قەڵەم دابوو، لە وتارێکی دیکەدا، هەر لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەو بەڵگەنامانە، مێتۆدی بارتی ستایش کرد[١٥٨].

لە زمانناسی دا ئەم چەشنە پێشگۆییانە رێزپەڕ نین."لەمبارەوە" نموونەی بەناوبانگ پێشبینیی سۆسۆر لەمەڕ هەبوونی فۆنی دەنگیی Schame لە زمانە هیندو ئەورووپیەکانە. تەنانەت لە پانتایی رەخنەی ئەدەبییشدا دەتوانین نموونەگەلێکی دیکە لەم یارمەتیەی تیۆریی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبیەکان، بۆ دۆزینەوەی لایەنەکانی بیۆگرافیك پەیدا بکەین. بۆ نموونە شارل مۆرۆن لە کتێبی مالارمەی نەناسراودا[١٥٩] باسی لە ئەگەری لە دەستچوونی "ئەوین"ێك لە ساڵانی منداڵیی مالارمە کردو ساڵی دواتر توێژەری بەرهەمەکانی مالارمە، بە ناوی مۆندور لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی ژینی مالارمە چیرۆکی ئەوینی مالارمە بۆ خوشکەکەی ماریا، کە دوو ساڵ لەو بچووکتر بوو و لە سێزدەساڵی دا کۆچی دوایی کردبوو، لەسەر بنەمای نامەیەکی مالارمە کە تا ئەو کات بڵاو نەکرابوویەوە، گێڕایەوە. مالارمە لەم نامەیە دا کە لە رێکەوتی سەرەتای مانگی ئووتی ١٨٦٢ کە بۆ هاوسەرەکەی نووسیبووی، دەڵێ: "ئەم نەمامە نەوڕەسە بێچارەیە، خوشکەکەم بوو،تاقانە کەسێك کەبەر لە دیتنی ئێوە دەم پەرست"[١٦٠] لە ساڵانی دواتر دا بەڵگەگەلی تر لەمبارەوە لەچاپ درا. لە میشلەدا بارت ریسکی کرد. لە لایەکەوە لە شیکردنەوەی دەرون شیکارانە نزیك بوویەوە (ئەو لەم شیکردنەوەیە دا کەڵکی لە کتێبی "راسین"یش وەرگرت، و بەشێك لە بنەماکانی بەڵگە هێنانەوەکەی بە تیۆرەکانی فرۆید پشت ئەستوور کرد؛ و لە لایەکی دیکەوە، لە شێوەی زاڵی رەخنەی ئەدەبی لە فەرانسەی ئەو سەردەمانە، واتە "شیکردنەوەی پشت بەستوو بە هەوێنەکان" نزیك بوویەوە. "ئەمە" شێوەیەك بوو کە گرنگی بەکارهێنانی مێتۆدە زمانناسانەکانی لە رەخنەی ئەدەبی دا بەرتەك دەدایەوەو دژی تاووتوێی پێکهاتەیی دەقەکان بوو. بەڵام دەبێ بە دڵنیاییەوە بڵێین کە مێتۆدی نیشانەناسانەی بارت بەردەوام مەودای لەگەڵ دەرون شیکاریی فرۆید پاراستوەو لە لایەکی دیکەشەوە "رێکخستنی بەستێنەکانی ڕاڕایی میشلە"[١٦١]، واتە هێنانە گۆڕی هەوێن گەلی بەرهەمەکانی ئەو، جیاوازە لە مێتۆدی "تاووتوێی واتای بەرهەمەکان"، هەرچەند بارت خۆی لە وتاری "ئەمڕۆ، میشلە"دا (١٩٧٢) پێی داگرتوە کە ئیدی تاووتوێی واتاکان لە کتێبی میشلەدا پەسند ناکا، چونکە ئەمڕۆ یەکسەر لە زمان تێدەفکرێم" [١٦٢].

بەڵام دەبێ بە جەختەوە بڵێین کە بارت لە میشلەدا لە زمانەوە دەستی پێکردوە، لە کاتێك دا کە نوێنەرانی رێبازی "تاووتوێی واتاکانی بەرهەم" لە "ئەزموونی هونەرمەند لە جیهانو پێوەندیەك کە ئەو لە تەك جیهان دا هەیەتی" دەستیان پێدەکرد.[١٦٣] لە هەمان ساڵی بڵاوبوونەوەی میشلەدا کتێبی ریشار بەناوی "ئەدەبیاتو هەست" بڵاوکرایەوە،[١٦٤] ئەویش هەوڵی دابوو تاکوو بە یارمەتیی "هەست" کاری چەند نووسەرێکی سەدەی نۆزدەهەم (فلۆبێر، ستاندالو هتد) بناسێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کە کارەکەی خۆی لە تاووتوێی ئەدەبی دەست پێکردبوو و سەرنجی نەدابوویە نزیکایەتیی زمانو ئەدەبیات بە ئەنجامێکی شیاو نەگەیشت. بارت بەردەوام ستایشکەری برێشتو یەکێك لە یەکەم لایەنگرانی لە فەرانسە دابوو: "برێشت، مارکسیستێکە کە بیری لە بایەخی نیشانەکان کردۆتەوەو، ئەمە خاڵێکی زۆر دەگمەنە".[١٦٥]شیکردنەوەی بارت لە بەرهەمەکانی برێشت، هەر لەسەر ئەم "ئەرکی نیشانەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخ" دامەزراوە. بارت چەندین جار نووسی کە ئەویش وەك برێشت لە "شانۆی سایکۆلۆژیك" بێزارە، چونکە تەنیا بۆچوونەکانی چینی نێوەڕاست لەمەڕ "هونەر چەشنی پێویستیی دەربڕینی نهێنیەکانی ناخ" بەگوڕ دەکا[١٦٦]. ئەو شانۆ کلاسیکیەکانی یونانی ستایش دەکرد:

PDF4Kurd

لەوان دا هەستەکانی پاڵەوانان (لووت بەرزی، ئیرەیی، رق، تووڕەیی‌و تەنانەت ئەڤین) هیچ کات لە روانگەو میتۆدی سایکۆلۆژیك دا بەیان ناکرێت‌و ئەو هەڵچوونە تاکەکەسی‌یانە لەبەرچاو ناگیرێن، ئەگەر لە تەریك بوونەوەی ناخیی رۆمانتیك دا لەدایك بووبن، ئیرەیی لێرەدا گوناهێکی تاکەکەسی نیە، کردەیەکە دژی دەوڵەت ـ شار واتە کردەیەکی رامیاری‌یە. رق هیچ شتێك نیە جگە لە مافێکی پێشێلکراو و تووڕەیی داواکردنی مافێکی نوێ‌یە، نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی پێی ناوەتە سەکۆی داوەرییەوەو یاساکۆنەکان ریسوا دەکات.[١٦٧]

دەتوانین لێکچوونێك لەنێوان دوژمنایەتیی بارت لە تەك "شانۆی کەسێتی‌یەکان یان نواندنی سایکۆلۆژیك" لە لایەکەوەو لە لایەکی‌ترەوە پلۆت Plotی سارتێر لەبارەی "شانۆی دۆخەکان" بدۆزینەوە. بەڵام سارتێر بە تەواوی لە کۆتی کەسێتی‌یەکان‌و سایکۆلۆژی ئازاد نەبووە، لە حاڵێك دا برێشت بەدەر لەم کۆت‌و یاسایانە رێگەیەکی تازەی لە دەربڕینی شانۆیی دا دۆزیوەتەوە. وتاری بارت لەبارەی نەنە دلاوەر پیشان دەدا کە نەنە دلاوەر بێ گوێدانە کارەساتە قورسەکانی سەردەمەکەی، لە کاتێك دا کە لە روانگەی سۆزداری‌یەوە بە هیچ شتێکەوە پەیوەست نەبوو، لەگەڵ ئەوەش دا چاوی بینەرێك پڕ ئەسرین دەکا کە بە پێچەوانەی نەنە دلاوەر لە ترسێك کە زادەی ئەم رۆژگارەیە ورد بۆتەوەو لە نێوان ئاڵمانی "سەردەمی" شەڕە سی‌ساڵەکان‌و سەردەمی مۆدێرن دا وێکچوونی زۆر دەبینێتەوە.[١٦٨] لە نووسینەکانی بارت لەمەڕ بێرتۆلێت برێشت خاڵگەلی زماننا‌سانە لە پیوار دا نین، بەڵام لە سەنتەری باسەکەش دا جێگیر نین. کتێبی "لە بارەی ڕاسینەوە" لەم سۆنگەیەوە لە تەك ئەو نووسینانەدا جیاوازیی زۆری هەیە. زۆر لە رەخنەگران ئەم کتێبەیان بە شێوەیەکی هەڵە لە "پەراوێزی دەروون شیکاری" دا ریزبەندی کردوە؛ بەڵام لە پشت رەنگ‌و بۆی مشت‌ومڕاوی‌و جەخت گەلێك کە لەسەر کێشە دەروونیەکان ئەیکات، زمانی راسین لەسەنتەری سەرنجی بارت دابووە. ئەم کتێبە سێ‌وتاری لێك جیا دەگرێتە خۆی‌و هەر لە سەرەتاوە وەکوو توێژینەوەیەکی یەکڕەنگ‌و یەك چەشن نەنووسراوە. یەکەمین‌و درێژترین وتاری بارت "مرۆڤی راسینی" (١٩٦٠)ە کە سەرەتا وەکوو پێشگوتارێك بۆ شانۆنامەکانی راسین نووسرابوو. وتاری دووەم رەنگدانەوەی ئەم پرسیارەی بارتە کە لەخۆی پرسیویەتی: "بۆچی چێژ لە پێشکەشکردنی شانۆکانی راسین وەرناگرم؟" ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٥٨ نووسراو ئاسەواری بەرهەم گەلێکیان پێوە دیارە کە بارت لەبارەی برێشیتەوە نووسیونی. وتاری سێیەم لەژێر ناوی "مێژوو یا ئەدەبیات" بیانوویەکە بۆ ئەوەی ئەزموونێك لە زمانی خۆمانەوە لەمەڕ راسینەوە بهێنینە گۆڕێ. بارت هەڵبەت مەبەستی ئەوە نەبوو گەلاڵەی هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر لەمەڕ راسینەوە بێنێتە ئاراوە. سەرقاڵیی ئەو هەمان هۆکاری هەمیشەیی‌یە: کە بریتی‌یە لە زمان.[١٦٩] بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بارت، کۆمەڵە پەرچە کردارێکی توندی بە دواوە بوو. ریمۆن پیکارد "پسپۆڕ"ی بەرهەمەکانی راسین کە یەکێك لە کەسایەتی‌یەکانی رەخنەی فەرهەنگستانی‌یە، هێرشی کردە سەر کتێبەکەو دژی "رەخنەی نوێ" هەڵوێستی گرت. پیکارد پێی وایە بەرهەمەکانی راسین بەوردی تۆمار کراون:"نموونەگەلێك لەسەرکەوتنی خولقاندنی پشت بەستوو بە ویست، خواست‌و هوشیاری"، پیکارد، وەبیری هێنایەوە کە راسین لە پێش گوتارێك دا کە بۆ هێندێك لە بەرهەمەکانی خۆی نووسیویەتی: "بەردەوام دەیگوت کە دەیەوێ چ بکات‌و ... تراژیدیەکانی راسین پەیوەستن بەو ژانرە ئەدەبیەوە کە رێساگەلێکی روون‌و ئاشکراو پتەو بەسەری‌دا زاڵن." [١٧٠] بە پێچەوانەوە بارت لە وتاری "مرۆڤی راسینی" دا دەری خستوە کە راسین بە دروستی نەیدەزانی کە دەیەوێ چ بکات‌و دەرەنجامی کارەکەی هەمیشە لە سەرووی "گەلاڵەی وشیارانەو ویستی ئەو" دەچێتە پێشەوە.[١٧١] بارت لەو باوەڕە دایە کە پێکهاتەی شانۆکانی راسین خاوەنی "تان‌و پۆیەکی ساکاری چیرۆکی"ن: لە سەرەتاوە مرۆڤان لە هۆزێك دا دەژیان. تەنیا سەرۆك هۆز "مافی کەڵك وەرگرتن" لە ژنانی هەبوو. ئەندامە گەنجەکانی هۆز، دواجار رۆژێك لە دژی سەرۆك هۆز راپەڕین. یاسای هۆز ڕاپەڕینی قبووڵ نەدەکرد: کەوابوو یاسا هەڵوەشایەوە. بەڵام لەنێوان لاوەکان دا شەڕو کێشە دەستی پێ‌کرد. هەر یەکە دەیویست تا باڵادەستی‌و ژنان وەچنگ بێنێ. هەوێنەکانی هێز، ئیرەیی، دەست بەسەرداگرتن، ململانێ، سزادان، یاسا، راپەڕین،

PDF4Kurd

بەردەوام بوونی تاوان لە هەموو بەرهەمەکانی راسین دا دووپات بوونەتەوە.[١٧٢] کەسانێك کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، خاوەنی سیفەتی "پیاوانە"ن (تەنانەت ئەگەر چەشنی ئاگری پین لە بریتانیکۆس یا روخسانا لە ئاتالی لە روانگەی بیۆلۆژیکییەوە ژن بن). لە بەرانبەر ئەم پیاوانە، بێدەسەڵاتەکان هەن کە توانای خۆیان لە ڕاپەڕین دژی یاسایەك تاقی دەکەنەوە کە پاساوە بۆ باڵادەستی. ئەمانە دژی باڵادەستیی هۆز دەجەنگن، تا شوێنگەو مانەوەی خۆیان وەکوو "تاکە مرۆیییەکان" بسەلمێنن "بۆنموونە"( پیرۆس لە ئاندرۆماك، نرۆن لە بریتانیکۆس، فارانس‌و فیفارێز ـ هەر چەند لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە ـ لە میتری دات). دیارە ئەم پێکهاتەیە بە شێوەیەکی رەها لە هەموو شانۆنامەیەك دا دووپات دەبێتەوە. بەردەوام ئەو "شوێنگەی تایبەتەی بەرهەمەکانی راسین" سەر هەڵدەدا کە لەوان دا کەسێك بەسەر ئەوی دی دا زاڵە (پیرۆس بەسەر ئاندرۆماك دا، میتریدات بەسەر مۆنیمە دا، رۆخسانا بەسەر بایازێتدا) بەڵام باڵادەستییەکەی ناتوانێ ئەوینی دوو سەرە دروست بکا. بەڵێ، پێکهاتەی سەرەکی لە هەموو شانۆکان دا یەك شتە، گۆڕانەکان لە فۆرمەکانی سەرهەڵدانی پێوەندیی دەسەڵاتدارو دەسەڵات پەسند دا، لە هەموو شانۆیەکی تایبەتی دا ئاشکرا دەبێت. یاخی بوون لە شانۆنامەکانی راسین دا بەردەوام هاوکاتە لەگەڵ هەست کردن بە گوناه. بناغەی ئەو هەست کردن بە گوناهە بریتییە لە شۆڕشی کوڕ دژی باوك. لێرەدایە کە ئاسەواری دەرونشیکاریی مۆدێرن‌و باوەڕەکانی فرۆید لە تاووتوێی ئەم شانۆیانەدا بەدی دەکەین. شیکردنەوەی بارت تا رادەیەك لە تەك کتێبێك بە ناوی نەست لە بەرهەمەکان‌و ژیانی راسیندا کە شارێن مۆرۆن نوسیویەتی، دەگونجێ.[١٧٣] لە شانۆنامەی فدێردا پاڵەوان واتە فدێر بەهۆی ئەوینی ڕێپێنەدراوی خۆی لەهەمبەر هیپۆلیت هەست بە گوناه دەکات. هەڵبەت فدێر ژنێکە کە رەفتاری پیاوانەی هەیە، زمان سوێرو پێداگرە، خەبات دەکاو مەرگ لە ئامێز دەگرێ. لەو ژنانەیە کە بارت پێی دەوتن "پیاوئاسا" (ئەم خاڵە بەو واتایە نیە کە سیفەتە پۆزەتیڤەکان "پیاوانەن" بەڵکوو راستەوڕاست بەو واتایەیە کە لە رەوشتی هۆزایەتی دا کە بواری دواچیرۆکی شانۆنامەکانی راسینە، ئەو سیفەتانە پیاوانەن). فدێر نموونەیەکە لە پاڵەوانانی تراژیدیەکانی راسین کە پێك هەڵپڕژانیان زیاتر ناوەکییە. "هەموو بەرهەمەکانی راسین دەگەنە ئەم ساتە پارادۆکساڵە کە لەو دا وەچە بۆی دەردەکەوێ کە باوکی ئەهریمەنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئاواتە خوازە هەر بە وەچەی ئەو بمێنێتەوە"[١٧٤]. تەنیا شتێك لێرەدا دەمێنێتەوە شەڕو شۆڕە. راپەڕین دژی باوك، هەستانەوەیە دژی باوکی مەسیح. بارت دەپرسێ ئایا تراژیدییەکانی راسین راپەڕین دژی ژان سینیزم نیە؟ هەڵبەت راسین خۆی لە شیکردنەوەی بارت دا لە پیوار دایە. بە پێچەوانەی کتێبی مۆرۆن کە جەختی لەسەر ژیان، کەسایەتی‌و بە تایبەتی ساڵانی منداڵیی راسین کردوەو "پیاوێکی لەو دروست کردبوو کە لە کەنشتی ژان سینیستەکانیش دا هەر بە هەتیوی مایەوە" بەڵام بارت لە کتێبەکەی دا جگە لە دوو هێمای بێبایەخ هێمای بۆ راسین نەکردوە.

بارت مێتۆدی کار کردنی خۆی لە کتێبی "لەبارەی راسین"ەوە بەم چەشنە روون کردەوە: "کاری من لەم کتێبە دا هێنانە گۆڕی جۆرە مرۆڤناسییەکی راسینی بوو کە هەم پێکهاتەگەرا بێ‌و هەم شیکاری: لە گەوهەری خۆی دا پێکهاتەیی بێ، چونکە تراژیدی چەشنی سیستمێکە کە لە یەکەکان (لە "روخسارەکان")و لە ئەرکەکان پێکهاتوەو، لە دەربڕین دا دەبێ شیکاری بێ، چونکە من پێم وایە تەنیا زمانی شیکاری توانای ترسان لە جیهان دەهێنێتە گۆڕێ‌و لەم رووەوە دەتوانێ شوێنگەی مرۆڤی یەخسیر بێنێتە ئاراوە".[١٧٥] لە وتاری "مرۆڤی راسینی"دا چەمکە زمانناسانەکان بەکار هاتوون‌و سیمبۆلی زمانناسی چەشنی میتافۆرێك بە بنەمای ئیشەکە دراوەتە قەڵەم. دەتوانین نیوەی یەکەم "چەمکە زمانناسانەکان" پشت بەستوو بە پێوەندییەکانی "جێنشینی" بزانین (تاووتوێی رۆڵە هەمەجۆرو ئەرکە لێك جیاکان‌و یەکسانەکان لە "تراژیدیی راسینی")؛ و نیوەی دووەم "سیمبۆلی زمانناسی" دەتوانین پشت بەستوو بە پێوەندییەکانی هاونشینی بزانین (تاووتوێی ئەم خاڵە کە توخمەکان بە چ جۆرێك کار دەکەن‌و سەرەنج دان بە نزیکایەتی‌و بەرامبەرییەکانەو نەك "سەرنج دان" بە شیکردنەوەی تاکە توخمەکان). بارت لە راڤەی بەرهەمەکانی

PDF4Kurd

راسین دا هێرش دەکاتە سەر سیستمی کۆنی تیۆریی ئەدەبی لەبارەی کەسێتیەکان، (کە لە دیدی سادەگەرایانەی مێژوویی و تەوەرە سایکۆلۆژیکیەکانی پێش فرۆیدی پێك هاتوە) و لە بەرامبەر ئەم سیستمانە دا کۆمەڵەی ئەرکەکان دێنێتە پێشەوە کە لە سەرووی رێسا سیانیەکانی تراژیدی، ئاسۆیەکی واتایی نوێ لە بەرهەمەکانی راسین دا دەئافرێنن. پرسیاری بارت لە پاری "مرۆڤی راسینی" دا لەگەڵ بابەتەکانی هێرمێنۆتیکی ئەدەبی ـ بە تایبەتی لەتەك ئەو بابەتانەی کە لە جوانناسیی تێگەیشتندا هاتوونەتە گۆڕێ ـ دەگونجێ: "ئەدەبیات بە لای راسین و هاوسەردەمەکانیەوە چ واتایەکی هەبوو؟"[١٧٦] بەڕای بارت ئەرکی سەرشانی رەخنەی ئەدەبی، تێگەیشتن لە ئەرکەکانی ئەدەبیات (بەرهەم هێنان، پێوەندی، بەکارهێنان)ەو ئەمە تێڕوانینێکی مێژوویی‌یە. بە ڕای بارت "مێژووی ئەدەبی وەکوو مێژووی سۆسیۆلۆژیك دەشێ هەبێت، واتە بابەتەکەی کردەی دامەزراوەکانەو نەك تاکەکان".[١٧٧] وتاری دووەمی کتێبی "لەبارەی راسین"ەوە سەرنجی داوەتە پێشکەشکردنی شانۆکانی راسین. بارت نووسیویەتی کە هەڵەی زۆربەی ئەکتەرەکان لە نواندنی رۆڵ لە شانۆکانی راسین دا پێداگریانە لەسەر ئەوە کە بە بینەران بسەلمێنن کە لە هەر نیوەدێڕێکی وتاری شێعریانەی شانۆنامەکە تێدەگەن و هەستی پێدەکەن و لە بینەران دەخوازن کە لەم تێگەیشتنە دا لە گەڵیان دا هاوبەشی بکەن. بنەمای بەڵگە هێنانەوەی بارت هەمان تێگەیشتنی کۆنی ئەو لە مەڕ "پێوەندی"یە. دەبێ بینەران ئازاد بن تاکوو خۆیان واتا بخولقێنن، واتە ئاماژەیەك لە دیاریکاریی بەهادارانە بۆخۆیان دابهێنن و ئەمە بە مانای گەڕانەوەیە بۆ وانەی لوویی ژوە "کە" بە ئەکتەرەکانی دەگوت: "لێی گەڕێن تا دەق خۆی بدوێ" ئەم کارە بە واتای بە لاوەنانی هەڵچوونە دەستکردو ئەنقەستەکانە لە جووڵەو دەنگەکان دا. دەق دەبێ چەشنی گشتێکی یەکگرتوو بخوێنیتەوە، بەبێ دەستێوەردانی راڤەی سەپێنراوی ئەکتەر[١٧٨] بە ڕای بارت بناغەی ئەکتەرەکانی شانۆکانی راسین لەم باوەڕە هەڵەیەی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ کە "پێیانوایە" هەر وشەیەك واتایەکی شاراوە، بەڵام حاشاهەڵنەگرو تاقانەی هەیەو ئەرکیشی ئاشکرا کردنی ئەم واتایەیە.[١٧٩] لێکدانەوەیەکی هەڵە کە لە زێدەڕۆییەکان و گۆکردن و هەڵچوونەکان دا بەدی دەکرێ نموونەیەکی دیارە. بەڵام ئەم هەڵەیە چاوگەیەکیشی لەنێو کاری راسین دا هەیە: ئاراستەیەکی "دەستکرد" لە شانۆکان دا بەدی دەکرێ، نێوانی شانۆی کلاسیك و دەستپێکی شانۆی سایکۆلۆژیك تەم و مژاوی‌یە. بارت تا ئەو جێگەیە دەچێتە پێشەوە کە بڕیار دەدا سێ لە چواری شانۆکانی راسین لە هەموو جۆرە نواندنێکی شانۆیی دا "بە مردوویی لە دایك دەبن".[١٨٠] بارت هێمای بۆ نموونەیەکی پۆزەتیڤ لە "ئەکتەریی" لە نواندنی ئالێن کنی لە شانۆی فدێر کرد. ئەو ئەم رۆڵەی چەشنی کەسێك کە تازە لەگەڵ خواوەند پێوەندی گرتوە، نواندوە، پیاوێك کە لە کەسێتیی ناسووتیی خۆی دا، هەر لەبەر ئەم هۆیە جیا بۆتەوەو چەشنی خەوگەڕێکە لە جیهانێك دا کە یەکسەر لەگەڵ ئەو دا نامۆ دێتە بەرچاو.

نزیکایەتیی "دەربڕینی ئەدەبی" و زمان لە کتێبی "ساد، فۆریە، لوڤیولا" کە لە دێسامبری ١٩٧١ دا بڵاو بۆتەوە، بەردەوام تەوەری سەرەکیی بابەتەکەیە.[١٨١] کتێبەکە لەمەڕ سێ‌پیاوە کە سێ‌جیهانی لێك جیاوازیان لە رێگەی زمانەوە خولقاند. مارکی دۆساد ٢٧ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی رێژیمی کۆنی فەڕانسە، رێژیمی شۆڕشگێڕو رێژیمی بۆناپارت بردە سەر. لەم ساڵانەدا کتێبگەلێکی زۆری لە زیندان دا نووسی کە تەوەری هەموویان کردەو رەوشتی سێکسی بوو. کارەکەی جۆرە ژماردنێکی تواناکانی ئەوین بوو و لەم رێگەیەشەوە تێگەیشتن بوو لە دوو خاڵی سەرەکی کە بریتی بوون لە: کەوشەن و پانتایی خەیاڵپەروەریی سێکسیی مرۆڤو نزیکایەتیی سێکسوالیتە لەتەك رێسا رەوشتیەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا دا. دوابەدوای نووسینەکانی سۆر رێئالیستەکان لەمەڕ سادەوەو لەژێر سایەی توێژینەوەکانی ژۆرژ باتای، ساد لە جیهانی ئەدەبیی فەڕانسەی سەدەی بیستەم دا، بە کەسایەتیەکی سەنتراڵ لەقەڵەم درا، کە دامەزرێنەری ئاخێوی ئەدەبی‌یەو ناچاری لە بەرهەمەکانی ورد ببیەوە، بارت تاکە نووسەرێکی پێکهاتەگەرا نەبوو کە سەرنج بداتە ساد. بەر لەو، ژاك لاکان لەبارەی سادەوە خامەی خستبوویە گەڕو وانەی وتبوویەوە.

PDF4Kurd

بارت لە وتوویێژێك دا وەبیردێنێتەوە کە ئەمڕۆ ساد بە ئوستوورەیەك دەورە دراوە، چەشنی ئەو ئوستوورەیەی کە ئەتیامبێل لە دەوروبەری رمبۆ دا دروستی کردبوو. ساد ئیدی لەو بەرزەخەی سەدەی نۆزدەهەم کە پێی وابوو ئەو "ساد" "ئەهریمەن"ە، هاتۆتە دەرێ. بەڕای بارت خاڵی سەرنج راکێش لە بەرهەمەکانی ساد دا "گرنگیی نووسینە لەوان دا". ساد بە یارمەتیی نووسین پێکهاتەی رۆمانی لەتەك ژیانی ئێرۆتیك دا گونجاند: خوازەکانو ئەلیگۆریی بەرهەمەکانی ئەو هەم ئیرۆتیکنو هەم لە جەستەی "تیۆریی دەربڕین" دان. سروشتی سەرەکیی مێتۆدی ساد، ناشێلگیریی رستەکانە؛ تەنانەت لە وەسفی ئیرۆتیزم دا بەرەوڕووی جۆرە دابڕانێکن لەگەڵ سیمبۆلەکان دا.[١٨٢] لە شوێنێکی تر دا بارت دەڵێ: "من بەردەوام لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ساد، چێژێکی لە رادەبەدەرم وەرگرتوە ... لە ئەدەبیاتی فەرانسە دا تەنیا پروست شك ئەبەم کە بەرهەمەکانی تا ئەم ئاستە لە هەر دووبارە خوێندنەوەیەکی دووبارە دا، خولقێنەری چێژ بێت."[١٨٣] ساد بە دووی دۆزینەوەی "رێزمانی ئیرۆتیزم" کەوتبوو. هەربۆیە لە "هەموو کتێبەکانی مێژووی ئەدەبیاتی فەڕانسە" دوور خرایەوە. بێزرانی ئەو بەهۆی "تۆمار کردنی بێشەرمی" نەبوو، هۆیەکەی هەوڵدانی ئەو بوو لە پێناو دۆزینەوەی "رێزمانی دەربڕینی سێکسی."[١٨٤]

شارل فۆریە سۆسیالیستی فەڕانسەوی کۆمەڵگەیەکی ئایدیالی پێشنیار کرد کە پێکهاتبوو لە یەکە سەربەخۆکان کە لە ژێرناوی "فالانژ" ناوبانگیان بەدەست هێناوە. لە هەریەکە لەم یەکانەدا، ژمارەیەك لە ژنو پیاو، لە پانتاییەکی دیاریکراوی زەوی دا ژینی هاوبەشی خۆیان لەسەر بنەمای نیازەکانی خۆیانو وارسکەکانی خۆیان درێژە پێدەدەن. بنەمای ژیانی مرۆڤ بە لای فۆریەوە چێژو شادی بوو. ئەو کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئیدانە دەکرد چونکە سەرکوتکەری ئەم بنەمای ژیانەبوو. فۆریە کاری خۆی بە جۆرە مۆنتاژێکی رێساکانی کەرەستەکانی "ژینی تەندروست" دەدایە قەڵەم، ئەیژماردو دەیگوت کە مرۆڤ ١٦٢٠ جۆرە هەڵچوونی نەگۆڕی هەیە؛ و دەیویست "ژمارەی وردی جۆرەکانی ژیانی تەندروست" بدۆزێتەوە. فۆریە دەیگوت لە ساتێکەوە کە هەر کەسێك لە هاوئاهەنگی لەگەڵ وارسکە ناوەکیەکانی خۆی دا بژیت، کار دەگۆڕێت بۆ چێژ. هاوئاهەنگی بە بنەمای ژینی هەرەوەزی دەزانی: "هەمان هاوئاهەنگی کە لە خودی جیهانی شاراوەو لە بزووتنی ئەستێرەو تەنە ئاسمانیەکان دا بەدی دەکرێ". سۆسیالیزمی فۆریە بێزاریی ئەو لە کۆمەڵگای درز بردوو بە هۆی چینەکانەوە، هاواری ئازادیی وارسکەو یەکسانیی راستەقینەی ژنو پیاو، کاریگەری لەسەر بنەماگەلی باوەڕەکانی کارل مارکسو ئەو شتەی کە ئەو بە "سۆسیالیزمی زانستی" ناودێری دەکرد، دانا. بارت هەمان "نووسینو شەیدایی لە هەمبەر زمان"ی لە بەرهەمەکانی فۆریە دا بەدی دەکرد کە نموونەکانی دیکەی ئەوی لە نووسینەکانی ساد دا دۆزیبوویەوە. ئەو نووسی "فۆریە تەنانەت لە فلۆبێریش گرنگترە. ئەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تامەزرۆیی مێژووی بەیان کردو هەر لەم پلەیە دا هەم مێژوونووسەو هەم مرۆڤێکی ئەوڕۆیی: واتە مێژوونووسی تامەزرۆیی".[١٨٥]

لە شوێنێکی دیکە دا وتی کە بە سەختی دەتوانێ بەرهەمەکانی فۆریە بخوێنێتەوە: "چونکە لەسەر بناغەی بەڵگە هێنانەوەو ئاراستەی چیرۆکی دانەمەزراون... چێژی خوێندنەوەی "بەرهەمەکانی فۆریە"☺ هێندە پەیوەندی بە سینتاکسەوە نیەو زیاتر سیمانتیکیەو بە دەربڕینی کۆنتڕ لەسەر بنەمای "تیۆریی دەربڕین" دامەزراوە".[١٨٦] لەنێوان هزرەکانی سادو لوڤیولا دەتوانین چەند لێکچوونێك بدۆزینەوە، هەر یەکەیان بەجۆرێك بەرهەم هاتووی هزری رۆشنگەری بوونو دژی کۆمەڵگایەك بوون کە وارسکەکانی سەرکوتو ئەوینی قەدەغە دەکردو شەیدای هەڵچوونەکانو سەرمەستی شۆڕشو چاوەڕێی ئەو هاوئاهەنگیە بوون کە "دەبێ لە دواڕۆژدا دروست بکرێت". لەنێوان ئەم دوو پیاوەو پیاوی سێیەم لە ڕوانینی یەکەم دا، هیچ لێکچوونێك ناتوانی بەدی بکەیت. چ پێوەندیەك لە نێوان ئەم دوو کافرەی پشتیوانی ئازادیی وارسکەکان، لەتەك ئینیا تسیو سێنت لوڤیولا، کە دامەزرێنەری ئایینزای ژزو ویتیەکانو نووسەری "ئەزموونە مەعنەویەکان" کە یەکێك لەگرنگترین بەرهەمە سۆفیگەرییەکانی مێژووی مەسیحیەتە، هەیە؟ لوڤیولا هەر ئەو خواپەرەستەیە

PDF4Kurd

كه داوای له پێڕەوكەرانی خۆی كرد بۆ ئەوەی له گوناه دوور كەونەوە كتومت وەكوو تەرمێك رۆژگار بەرنە سەر. تەنیا له تێڕوانینێكی پێكهاتەیی بۆ ئەدەبیات دەتوانی تێبگەیت كه بۆچی ناوی ئەم دنیاپەرێزە لەگەڵ ناوی دوو گوناهبار لەسەر بەرگی كتێبێك تۆمار دەكرێ. لێرەدا لێكچوونەكانی ئەوان یان لانی كەم كردەی هاوبەشیان له بەرەو رووبوونەوە لەتەك زماندا دەتوانی بدۆزیتەوە. لوڤیولای دنیاپەرێز، چەشنی روونكاری ئاواتە سێكسییەكان‌و فەیلەسووفی خەیاڵپەروەر شەیدای ژماردن‌و كۆكردنەوەو رێكخستن بوو. ئەو بە وردییەكی ماتماتیكی جۆرەكانی گوناهی ژماردو باسی له جۆرەكانی نزا كرد، فۆرمە هەمەجۆرەكانی خەڵوەتبردنەوە، پلەكانی ئامادەیی مەعنەوی بۆ لەئامێز گرتنی گوتەی خوا، قۆناغەكانی سلووك‌و تەنانەت راژەی چاكترین كاتژمێرەكانی رۆژو شەو بۆ نزاكردن‌و دڵسپاردن بە دەركەوتی خوای پۆلێن كرد.[١٨٧] فۆریە میوەكان‌و جلوبەرگەكانی بە مەبەستی چێژو شادی پۆلێن دەكردو لوڤیولا بە مەبەستی گەیشتن بە ئاسوودەیی مەعنەوی پۆلینی دەكردن. پاڵنەری یەكەمیان وارسكەو ئارەزووپەرستی بوو، پاڵنەری پیاوی دووەم "تێگەیشتن له چۆنیەتیی ژیانی مەسیح" بوو. بەڵام نێوەرۆكی فێركاریيان بە پێی بنەمای پێكهاتەگەرایی بێبایەخەو لێكچوونی وێنەیی كارەكەیان خاڵێكی گرنگە. هەڵبەت لوڤیولا چێژی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵام توخم گەلێك له چێژ له نۆژەن كردنەوەی زمانیی بڕوای تایبەتیی خۆی له كتێبە سەمەرەكەیدا بەدی دەكرێ.[١٨٨] بەڵی هەر سێ پیاوەكە جیهانیان له رێگەی زمان "نووسین"ەوە دەئافراند. لەم رووەوە بارت بە "وتە خوڵقێنەران" یان "ئاخێوسازان" ناودێری كردن.[١٨٩] سنت لوڤیولا بە داهێنانی زمانێك كه بڕوادار بتوانێ لەگەڵ خوادا نزاو نیاز بكا (یان بە پێی دەقی "ئەزموونە مەعنەوییەكان" بئاخفێ، واتە بڵێت‌و ببیسێ) [١٩٠] شۆڕشێكی له رێبازی كاتۆلیكەكاندا بەرپاكرد، زمانێك كه دوو قەڵەندەری بەدناوی له دەستپێكی سەدەی نۆزدەهەم دا شەیدای خۆی كردبوو. ئەوانیش هەریەكە زمانێكی بێوێنەیان داهێناو لەبەر ئەوە كه هیچ زمانێك بەبێ نیشانەی جیاواز له گۆڕێ دانیە، رێگەی سنت لوڤیولایان درێژە پێداو بە ناچار پۆلێن بەندیان

دەست پێكرد. لەبەرانبەر ١٦٢٠ جۆرە هەڵچوون دا كه فۆریە دۆزیبوویەوە، لوڤیولا باسی له چوار جۆر ئەسرین رشتن له كاتی نزاكردن له خەڵوەتگەی خۆیداكردوە كه له تەك چوار جۆر ئەسرین رشتن له نوێژخانەی مەزندا، جیاوازە. جۆرەكانی ئۆخژنی "فەیلەسووف له ژووری نوستندا"ش بەناوبانگە، هیوایەتی هەر سێپیاوەكە دۆزینەوەی جیاكارییەكان‌و له هەنگاوی دووەمیشدا رۆنانی توخمەكان بوو، واتە رێسایەكی دەستپێكی بوو له زمانناسی دا. هیوایەتی هیچ زمان خوڵقێنێك جگە لەمە شتێكی تر نیە. كتێبی بارت له چواربەش پێك هاتوە: یەكەمین‌و دوایین بەش بۆ ماركی دۆساد تەرخان كراوەو دوو بەشی نێوەڕاست هەر یەكەو بە نۆبەی خۆی له مەڕ لوڤیولاو مالارمە نووسراوە. یەكەم بەش له تێزێكی كورت دەچێ، بەڵام سێبەشەكەی دی له بڕگە گەلی زۆر پێك هاتوون. هەر بڕگەیەك رۆشنكەری لایەنێك له كاری سێ "وتەخوڵقێن"ن له پانتایی زماندا. له پێش گوتاری كورتی كتێبەكە دا بارت ڕایەكی بە شێوەیەكی كورتكراوە هێنایە گۆڕێ كه بوو بە بابەتی سەرەكیی بەرهەمێكی تری خۆی، بەناوی چێژ وەرگرتن له دەق. لەو دا دەخوێنینەوە:

شتێك لەم لەپێش دانانە Premise ماندووكەرتر نیە كه دەق بە بابەتێك بۆ قووڵبوونەوە، خەیاڵكردنەوە، بەراورد، رەنگدانەوە ... بناسین. دەق بابەتێكی چێژ وەرگرتنە، خۆشیی دەق بە زۆری مێتۆدی دەربڕینیەتی: چێژە بەیانكەرەكان هەن‌و له بەرهەمەكانی سادو فۆریەدا ئەم جۆرە چێژانە وەبەرچاو دەكەون. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا چێژی دەق بە شێوەیەكی قووڵتر بەدەست دێ. واتە له شوێنێكدا كه دەتوانین بە ڕاستی بڵێین: ئەمە دەقێكە، كاتێك كه دەقی ئەدەبی (كتێب) بێتە نێو ژیانمانەوە، كاتێك كه نووسینێكی دیكە (نووسینی كەسێكی دی) بتوانێ پاتۆرگەلێ له ژیانی رۆژانەمان بنووسێتەوە. بە كورتی كاتێك كەپێكەوە ژیان رووبدا. شوێن پێی دیاریكەری چێژی دەق لەو شوێنە دایە كه بتوانین لەگەڵ فۆریەو ساد ژیان بەرینە سەر. ژیان لەتەك نووسەرێك كتومت بە واتای گرتنەبەری بەرنامەیەك كه نووسەر له كتێبەكانیدا هێناویەتە گۆڕێ، له ژیانی خودی ئێمە دا، نیە (هەرچەند ئەم خاڵە گەلێك

PDF4Kurd

سەرنج راکێشە، چونکە بنەمای بەڵگە هێنانەوەی "دۆن کیشۆت" پێك دێنێ. لەبیرمان نەچێ کە دۆن کیشۆتیش کەسایەتییەکە لەنێو کتێبێك دا)[١٩١]
بارت لە درێژە دا گوتی: ژیان لەگەڵ سێ "وتە خولقێن" دا بە واتای دەست پێڕاگەیشتن بەو چێژانەی کە ساد پێشنیاریان دەکا یان ژیان لە فالانژی فۆریەدا نیە (لە راستیدا ئەم دووانە هەر بە قەد ژینی دەروێشانە بە شێوەی سنت لوڤیولا دژوارن) بەڵکوو ئامادەیی پاتۆری کتێبەکانیانە لە ژیانی رۆژانەمان دا: "ژیان لەتەك ساد دا، بە مانای ساد ئاسا ١٢٨ ئاخاوتنە". بارت بە بنەمای مێتۆدی خۆی وەفادارە، واتە جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە: "زمان دروستکەری جیهانی منە" بەڵام دەبێ زۆر ورە بەرز بین تا بتوانین چەشنی ساد بدوێین.

## ٦

هەر بەو چەشنەی کە ئێمە لە یەکەم پاری گێنیس دا دەخوێنینەوە...
جۆیس، یۆلیسێس

بارت لە چێژی دەق دا تا سەر ئێسقان ئەپیکۆر گەرایە. ئەو ناپرسێ "بۆچی چێژ لە دەقێك وەردەگرین؟" زۆر بە سانایی دەڵێ "لە خوێندنەوەی دەقێك چێژ وەردەگرین، چونکە بە چێژەوە نووسراوە".[١٩٢] بارت تەنیا دەیەوێ بزانێ بە چ جۆرێك لە خوێندنەوەی دەقێك چێژ وەردەگرین. ئەو بە دەستێك گەوهەری راستەقینەی گوتەو بە دەستێکیتر واتاکانی چێژ لەوان دا پیشان دەدا. بارت خۆی لە گفتوگۆیەك دا روونی کردۆتەوە کە لە رێگەی بەکارهێنانی وشەی "چێژ"ەوە (چێژ وەرگرتن لە دەقە هزرمەندانەکان) هەوڵی داوە تا "وشەی سانسۆرکراو لە پانتایی رەخنەکاری" دا لە چەقی سنووری دەسەڵاتی وشەیی کاری خۆی دا دابنێ.[١٩٣] ئەو وشەیەکی دیکە بە نموونە دێنێتەوە: "رابواردن". دەقەکان چێژبەخشن، چونکە لەدەرەوەی ئێمەدانو ئێمە لە پێوەندیگرتن لەگەڵ وان دا چێژ وەردەگرین؛ بەڵام نامانگۆڕن. دەقگەلێکی دەگمەنیش هەن کە شتێك بانتر لە چێژ دەئافرێنن: "کە بریتییە لە" خۆشی. ئەم دەقانە بە واتای راستەقینەی وشە پێشڕەون. لە دەرەوەی پانتایی لێکچوون یان راستنوێنی Verisimilitude دان. بۆ نموونە بەرهەمەکانی مارکی دۆساد چاوگەی خۆشین. بارت بە هێنانەئارای جیاوازیی خۆشیو چێژ ئێمەی لە "جیهانی ئیرۆتیك"نزیك کردۆتەوە.[١٩٤] خۆشی خوێنەر گێژو وێژ دەکا: "چەشنی قەیرانێك لە پێوەندیی وی لە تەك زمان دا دەردەکەوێ". بەڵام چێژ پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان خوێنەرو زمان دەخولقێنێ. بارت چێژی دەق بە "دەقاودەق ناوەکی" دەزانێ. هەروەها جیاکاریی نێوان دەقێك کە چێژ دەخولقێنێو دەقێك کە دروستکەری خۆشیە، جیاکارییەکی ناوەکیە. نووسەری دەقێك کە بەرهەمهێنەری خۆشیە، سەرچاوەی ئەم خۆشییە لە "نەلواو بوون"ی گەیشتن بە هەموو چێژەکە دەزانێ "نووسەری خۆشی، دەقێکی لە بەرگرینەهاتوو، دەقێکی نەلواو دەست پێدەکات".[١٩٥] دواتر بارت لە S/Zدا دەقەکانی بەرهەمهێنی خۆشی بەدەقە "نووسینەیی"یەکان ناودێر کرد. خاڵی گرنگ لێرەدایە کە چێژی دەقو خۆشیی دەق هێندێك جار جیانو هێندێك جار هاوڕێن، بەڵام لە زمانی فەڕانسەوی دا وشەیەك نیە کە چێژی جیاییو پێکەوە بوون بەیان بکات.[١٩٦] "چێژی دەق" کاملترین (ئەگەر لەواتای سووکایەتی ئاساو نێگەتیڤی وشەکە نەترسابام دەبوایە نووسیبام زێدەڕۆیانەترین) بەیانکردنی شەیدایییەکانی بارتە لە هەمبەر زمان. ئەو چەشنی فلۆبێر کە دەیگوت "تەنیا زمانە کە دەمێنێ" هەموو دەقێك لە هەموو ئاراستە بەهادارانەکانی بەتاڵ دەکاتەوەو پەی بەوە دەبا کە "ریزکردنی وشەکان لە پاڵ یەکدی دا، دواجار جۆرە چێژێکی تاکەکەسی لێ دەکەوێتەوە". ئەو نووسەرەی کە "پیتەکانو وشەکان" دەگرێتە ئامێز، دروستکەری "دەقی هەڵچنراو (و زایەنەر) بە "چێژ"ەو ئەو نووسەرەی کە دەسەڵاتی پیتەکانو وشەکان بەرتەك دەداتەوە هەنگاوی یەکەم لە پێناو دەقی زایەنەری خۆشی هەڵدێنێتەوە. دەقی هەڵچنراو (و زایەنەر) بە چێژ دەتوانین بیخەینە بۆتەی رەخنەوە".[١٩٧] بەڵام ناتوانین دەقی زایەنەری خۆشی"بخەینە ژێر تیشکی رەخنەوە" چونکە هەر لە سەرەتاوە لەبازنەی ئەگەر چۆتە دەرێو پێی ناوەتە پانتایی نەلواوەکانو خاڵە سەرکۆنەکراوو قەدەغەکراوەکانەوە. کەوابوو ناتوانین

باس لە "دەقی خۆشی" بکەین، مەگەر ئەوە کە خۆمان دەقێکی پشتبەستوو بە خۆشی بنووسین (ئەو کارەی کە بارت لەگەڵ دەقی ساد دا کردوویەتی). دەقی پشت بەستوو بە چێژ دواجار دەتوانین بە گەڕاندنەوەی بۆ "فەلسەفەی هەست" (یاخود دەروونناسی) بناسینەوە، بەڵام دەقی پشت بەستوو بە خۆشی تەنیا بەهۆی خۆشییەوە دەناسرێتەوەو بەس. دەبینین کە بارت نووسینی چەشنی "ماددەی بێهۆشکەر" یان جۆرە چێژێکی ئیرۆتیك پێناس کردوە. ئیشی ئەو بە وتەی سوزان سونتاگ "دوماهی پێهێنانی کارێکە کە مۆنتێنی دەستی پێکردبوو".(۱۹۸) لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی نووسەری "بەرهەمی" "بنەمای چێژ" واتە زیگمۆند فرۆید، بە سەر کتێبەکەی بارتەوە دیارە، لە شوێنێکدا بارت نووسین بە "کاری ئۆدیب" ناودێر دەکا، جۆرە ئەوینێك لەهەمبەر زمانی زگماکیو ئەگەر بمانەوێ پێ لەسەر ڕەچەڵەکی "چێژی دەق" داگرین، نیچەش بەدی دەکەین کە وتوویەتی "ناتوانین لەدەست یەزدان ڕابکەین، چونکە هێشتا پێویستیمان بە ڕێزمان هەیە". لە"چێژی دەق"دا بارت چەمکی "نێو - دەق"ی داهێنا. ئەو یەکەم جار ڕوونی کردەوە کە جارێکیان بەهۆی خوێندنەوەی دەقێك کە ئێستاندال گێڕاویەتەوەو (خۆی نەینووسیوە) ئاسەوارێکی پروستی بەدی کرد. لە شوێنێکی تری دەقێکی فلۆبێر دا دیسانەوە شوێن پێو هێمایەکی پروستی پەیدا کرد:

لەو کاتەدا زانیم کە بەرهەمی پروست، لانی کەم بۆمن، کتێبێکی سەرچاوەیە هەروەکو ڕێسای گشتی، ماندالای هەمووی ئەنسکلۆپیدیای ئەدەبی، هەر بەو چەشنەی کە مادام سوینی بۆ داپیرەی حیکایەتخوان، حیکایەتەکانی قارەمانەتی بۆ دۆن کیشۆت بەم چەشنە بوون. نموونەگەلی دیکەش دەتوانین بدۆزینەوە. ئەم خاڵە بەو واتایە نیە کە من پروست ناسم؛ پروست خۆی دێتە لام، من ناچمە لای ئەو. دەقی ئەو جۆرە باڵادەستییەك نیە بەڵکوو زۆر بە ئاسانی بیرەوەرییەکی ئامادەیە. هەمان ئەو شتەیە کە بە نێو - دەق ناوی دێنم: نەلواو بوونی ژیان لەنێو دەقێکی بێسنوورو ناکۆتا - جا ئەم دەقە هی پروست بێ یان ڕۆژنامەیەك،یابەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کتێب واتا دەخولقێنێ، واتاش ژیان.[۱۹۹]

بارت چەمکی نێو - دەقی لە ساڵی ۱۹۵۵ لە وتارێك لەمەڕ بەرهەمی "هەرزە"ی ئاین ڕۆب گرییە ڕوون کردبوویەوە. سەردێڕی ئەو وتارە "ئەدەبیاتی ئەدەبی" بوو. لەو دا بارت باسی لە شێوەی تازەی خوێندنەوە کردبوو کە ڕۆمانی نوێ بەسەرمان دا دەیسەپێنێ: دەقی ڕۆمانی نوێ بەهۆی گەڕانەوە بۆ بیرەوەریی ئێمە دەبێتە دەقگەلی "ڕێنماییکەر".[۲۰۰] لە "چێژی دەق"دا ئەم چەمکە "نێو - دەق" یە فراوان بۆتەوە. ئێما بو واری جیهانی لە ڕێگەی ئەو شتەی کە خوێندبوویەوە دەناسێ، هەر وەها ڕەنگە دۆن کیشۆتیش، لەوانەشە زۆر لە پاڵەوانەکانی دیکەی ڕۆمانەکان، کە ئێمە لەتەك ئەم ئاراستەیەی ژیانی دەروونیی ئەوان لەنێو "تانو پۆ" "کە"دا ئاشنا نەبوو وین، وابن. خودی ئێمەش دنیا بە هۆی ئەو شتانەی کە خوێندوومانەتەوە دەناسینو ئیدی توانای تێگەیشتن لەو شتە فیزیکییانەمان بەو جۆرەی کە هەن، نیە. وەکوو ئەوە وایە باسکردنی ڕووداوێك لە زاری کەسێکەوە ببیسینو لە دوو توێی قسەکانی دا "هەست بە ڕووداوەکە بکەین"، هەمووان پێیان وایە کە لە ڕێگەی دەقەوە، کەتواریان ناسیوە. بارت ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگری بە ئاشکرا کردنی ئەم "لادان"ە زانیوە. دەق دنیایەکە لە نیشانەکان، واتە دنیایەکە لە ڕێکەوتنەکانو ئاماژە دڵخواز یان ڕێکەوتنیەکان (ئەمە گرنگترین وانەیەکە کە دەتوانین لە سۆسۆرەوە فێری ببین). ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگر "وێران کردنی ڕوانگەیەکە کە نیشانەکان "بە شتی" ئاساییو سروشتی گریمان دەکا".[۲۰۱] یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی نووسینی کتێبی "ئیمپراتۆریی نیشانەکان" ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە بوو کە ئاماژەی دەق نەك بۆ کەتوار بەڵکوو بۆ دەقەکانی دیکەیە. بارت بەهۆی وەسفی سیستمی نیشانەکانی شێوەیەکی دیکە لە ژیان، واتە ڕوونکردنەوەی نیشانەکانی ژیانی مۆدێرن لە ژاپۆن دا، هەوڵی دا تاکوو بسەلمێنێ لەوێش دا سیستمێك لە توخمە ڕێکەوتنییەکانو پشت بەستوو بە بژاردن هەیەو پێوەندییەك لە نێوان ئەم توخمانەو دنیای کەتوار لە ڕوانگەی لێکچوونو یەکگرتوویی ناوەکییەوە ناتوانین بەدی بکەین. نامۆیی نیشانەکانی ژیانی ژاپۆنی، تێگەیشتن لەم خاڵە بۆ ئێمە ساناتر دەکا. ئێمە زۆر لە نیشانەکان

PDF4Kurd

لە ژیانی رۆژانەمان دا بە "سروشتی" لە قەڵەم دەدەین، چونکە خوومان پێوە گرتوون. هەرچەند خودی بارت لە یادنووسێك دا کە لەگەڵ کتێبەکەی دا هاتووە، باسی لە ئاشنایەتیی دڵی خۆی لەتەك نیشانە ژاپۆنییەکان کردوە(!!): "لەنێوان هەموو ئەو وڵاتانەی کە دانەر دیونیو ناسیونی، ژاپۆن تاقانەیە، کاری نیشانەکان لەوێ دا زۆر زۆر نزیکە لە باوەڕو خولیاکانی ئەو". بارت جەخت دەکا ژاپۆن بەڕای ئەو "هەرێمی نڤیسیار"ە؛ نڤیسیارێك کە بە بڕوای ئایینی دێرینی زێن دەتوانین بڵێین جۆرە "ساتووری"یەکە. ساتووری بە واتای جۆرە بڕواهێنانێکە بە پڕوپووچ بوونی گوتارە.[٢٠٢] دابڕان لە لێکچوون، ڕەگو ریشەکەی بۆ دابڕان لە دنیای ئاماژەی واتایی دەگەڕێتەوە. باوەڕی بارت بەوە کە دەق خاوەنی دواواتا نییەو هەوڵدانی رەخنەگرو تیۆرەوانی ئەدەبی نابێ گەڕان بە دووی واتا بێ، بەڵکوو ئەوان تەنیا ئافراندنێکی تازە دەست پێدەکەن، بە مانای جیابوونەوەی ئەوە بارت لە فۆرمالیستە رووسیەکان. سوزان سونتاگ لە پێشگوتارێکدا کە لەسەر "هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی بارت"بە زمانی ئینگلیزی نووسی ئەم بڕیارەی دەرکرد: "ئەو بەردەوام زمانی دەبینیو چاوەدێری واتا بوو"، بەڵام نزیکایەتیی بارت لەتەك واتادا، زیاتر لە مەودا دابوو. ئەو ـ بە تایبەتی لە دوایین بەرهەمەکانی دا ـ بڕوای بە واتای کۆتاییو تاقانە نەبوو. لەوەو پێشیش ئەرکی سەرشانی رەخنەگری بە "کوشتنی واتا" دەزانی. دەیگوت حەز لە فیلمی "فریشتەی مەرگ"ی لویس بۆنوئێل دەکا "چونکە واتا دەکوژێ". رەخنەشی لە فیلمەکانی ئالێن رۆب گری یە (بە پێچەوانەی رۆمانەکانی) دەگرت: "رۆب گرییە لە فیلمەکانی دا واتا ناکوژێ. پێی وایە ئەگەر هاتوو واتای لەگەڵ شتێکی دیکە تێکەڵ کرد، واتا دەمرێ، بەڵام بۆ کوشتنی واتا هەوڵو کارێکی لەمە زیاتر پێویستە".[٢٠٣] مەبەست ئەوەیە کە بەرتەکدانەوەی واتایەك بە مانای بڕواهێنان بە هەبوونی واتاگەلی لە ئەژمارنەهاتووی دەق بێو دانانن بەوە کە ناتوانین واتایەکی رەسەن، حاشاهەڵنەگرو کۆتایی، بدۆزینەوە،ئەمەش بیروباوەڕەکانی بارت لە هێرمێنۆتیکی ئەدەبی نزیك دەکاتەوە: هەر واتایەکی لواوی جیهان کە هونەرمەند ئەیدۆزێتەوە، بە تاکانەیی جگە لە درۆیەك شتێکی

تر نیە. بەڵام کۆی ئەوان هەقیقەتی نووسەرە".[٢٠٤] بە لای هەموو کەسێکەوە بەرهەمی ئەدەبی کۆمەڵەیەك لە واتاکانە: "ئەگەر بەرهەمێك لە یەك ساتدا چەندین چەمکی هەیە، هۆیەکەی بێتواناییو نەزانیی خوێنەر نیە، بەڵکوو پێکهاتەی خودی دەقەکەیە[٢٠٥] هەربۆیە "راڤەی دەق بە واتای دۆزینەوەی چەمکێکی کەم تا زۆر راستو رەوان بۆ ئەو دەقە نیە. بەڵکوو زانینی گرنگیی چۆنایەتی موشەمەری چەمکەکانیەتی".[٢٠٦] کاتێك کە بارت بە ئەرخەیانیەوە دەینووسی "ئەدەبیات شتێك نیە جگە لە شێواز"و "شێوازی ئەدەبیاتیش بریتیيە لە ئامانجی ئەدەبیات" [٢٠٧] لەسەر نەبوونی دواواتا جەختی دەکردەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم ڕایە کە بەرهەم لە ویستی دانەر جیایە، لە ئەنجامدا دەبووایە پەسند کردنی سروشتی فرەواتایی بەرهەمی لێ کەوتبایەوە. لانی کەم دوو چەمك لەبۆ بەرهەم هەن: یەکەمیان چەمکێکە کە لەتەك ویستی دانەر دەگونجێو ئەوی تریان چەمکێکە کە خوێنەر پێی دەگات. هەر ئەم خاڵە کە بەرهەم دەتوانێ فۆرم گەلێکی تەواوو جیاواز لەگەڵ ئەو فۆرمەی کە نووسەر دروستی کردوە بەخۆیەوە بگرێ (ئەمە رێسایەکی پۆل ڤالێرییە) [٢٠٨] هێندە بەسە کە لەباوەڕ پێکراو بوونو راڤە یان ویستی دانەر بە گومان بینو چەمك یان چەمك گەلێکی تازە لە جێی دابنێین. بارت چەندین جار پشتگیریی لە "سایکۆلۆژیی باڵا" کردو بێئاگایی رەخنەی فەرهەنگستانی لەو "سایکۆلۆژیە باڵا"یەی بە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵەی ئەو شێوە لێکۆڵینەوەیە لە قەڵەم دا. هەر ئەم بڕواهێنان بە سایکۆلۆژیی باڵا بنەمای هەڵێنجانێکی تایبەتیيە لەهەمبەر هێرمێنۆتیك.[٢٠٩] بارت لەو باوەڕە دابوو کە گرنگی سایکۆلۆژیی باڵا لەو خاڵە دا شاردراوەتەوە بواری ئەوەمان دەداتێ تاکوو لە رێگەی "سیمبۆل سازییەکی دیاریکراوەوە رێساگەلێك وەدەست بێنین کە بە کەڵکی ناسینی رەگو ریشە هاوبەشەکانو یەکگرتوویيەکی کۆتاییو قووڵی سیمبۆلە فرەچەشنەکان دێن"[٢١٠] و ئەمە بە مانای بەرگری کردن لە تێگەیشتنێکی تایبەتە لەمەڕ هێرمێنۆتیك. ئەم خاڵە کە لە رێگەی واتا هەمەجۆرەکانەوە بە ڕەگو ریشە هاوبەشەکان دەگەین، لە تەوەرەکانی هێرمێنۆتیکی مۆدێرن دا راژە کراوە. بارت

PDF4Kurd

لەم خاڵە بنەمایی‌یەوە ڕێساگەلی تایبەت بە خۆی دۆزیەوە. بۆ نموونە وتی کە کاتێك لەمەڕ بەرهەمەکانی نووسەرێکەوە دەنووسین، بابەتی سەرەکیمان نەك نووسەر بەڵکوو شێوازێکە کە نووسەر لەو دا ئێمە بە درکاندنی هێندێك شت لەبارەی خۆمانەوە ناچار دەکات: "من بەهۆی کەرەستە گەلێکەوە کە ئەو دەیخاتە بەردەستم کاریگەری دەخەمە سەر خۆم. ئەوەی کە من لەبارەی ئەوەوە دەیڵێم، من ناچار دەکا تا لەمەڕ خۆمەوە تێفکرێم، (یان خود زۆر جاران بیر لە خۆم نەکەمەوە)".[٢١١] دوابەرهەمێك کە بارت لە بارەی ئاخێوی ئەدەبی‌یەوە لەماوەی ژیانی دا بلاوی کردەوە ناوی "بڕگە گەلێك لە ئاخێوی ئەویندارانە" بوو. کۆمەڵەیەك لە بڕگەکان لەبارەی ئاخێوی ئەویندارانەوە نووسراون‌و، "ڕەنجەکانی وۆر تێری لاو"ی گۆتە، لەوان دا ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە.[٢١٢] کتێبەکە بەری ڕەنجی دوو ساڵ توێژینەوەی بارتە. ئەو لە سمینارێك لە "ئکۆل پراتیك" دا لە ساڵانی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ لەمەڕ ئاخێوی ئەویندارانەوە توێژینەوەی ئەنجام داو بە تایبەتی وانەی چیرۆکی ناوبراوی گۆتەی وتەوە: "لە ڕەوتی کار کردنمدا خوازەکانی هەڵقولاوی ژیانی خۆم لەتەك ئەو خوازانەی کە لە ڤۆرتێردا هاتوون تێکەڵ کرد".[٢١٣] کتێبەکە لەمەڕ ئاخێوی ئەویندارانەوە نیە، بەڵکوو ئاخێوێکە هۆکارەکەی ئەوینە. ئاخێوێکە لەبارەی "بابەتی ئەویندارانەوە". لە کتێبەکە دا بارت، هاوڕێیەکانی نامە تایبەتی‌یەکان، دەقی وۆرتێر، وتارێك لە ئەدەبیاتی سۆفیانە، ڕۆمانتیك‌و دەقە نوێیەکان، پێکەوە "مۆنتاژ" کراون؛ بارت خۆی گوتوویەتی: "دەقاودەق بە واتا سینەمایی‌یەکەی مۆنتاژ کراون".[٢١٤] کەسێك کە لە کتێبەکە دا دەڵێ "من" "ئەو منە" منی نڤیسیارە، ئەمە تەنانەت ڕۆلان بارتیش دەگرێتەوە. هەر لەبەر ئەم پێوەندی‌یەی دانەر لەتەك کاراکتەردا ئەم بەرهەمەش دەتوانین وەکوو ڕۆمانێك بخوێنینەوە. لێرەدا مێتۆدی بڕگە نووسین لە گەڵ تێڕوانینی بارت بۆ ئاخێوی ئەویندارانە دەگونجێ. ئەم ئاخێوەش بڕگە بڕگە، بە دوای‌یەك دانەهاتوو، دابڕاو، بەبێ هیچ هاوڕێکی‌یەکی ناوەکی‌یە ، کەوابوو وڕێنەئامێز، خەماوی‌و تاڵە، بەڵام هیچ کات ئازاردەر نیە، بڕگە گەلێکن لە زمان کە بە خێرایی بە زەین دا تێدەپەڕن. ئاسەوارێك بەجێ



دێڵن کە پێوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ وان دا نیە: "من ئەو سروشتە بە دوای یەك دا نەهاتوویەی کە لە زەینی ئاشق دا هەیە بەرتەسکم کردۆتەوەو نەمکردوە بە شێعر".[٢١٥] لەخۆڕا نیە ئاشقیان بە دێوانە لە قەڵەم داوە. زمانی ئاشق خاوەنی ئەو بنەماگشتی‌و لۆژیکی‌یەی کە بتوانێ ڕیوایەتێك بگێڕێتەوە نیە: "کتێبەکەم ناڕەزایەتی‌یە لەهەمبەر مێژووی ئەوین" بارت دەڵێ دو جۆر بابەتی ئەویندارانە دەناسین: یەکێکیان لە ئەدەبیاتی فەڕانسە دا ڕابردوویەکی هەیەو مەودای نێوان ڕاسین‌و پروست دەگرێتە خۆی‌و لەسەر بنەمای ئیرەیی دامەزراوە. ئەوین لێرەدا جۆرە پارانۆیا **Paranoia**و تەنانەت خۆ ئازار دانیشە. ئەوی دیکەیان لە ڕۆمانتیزمی ئاڵمانی دایەو بۆ ئەدەبیاتی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم‌و موسیقای شوومان دەگەڕێتەوە. لێرەدا هەرچەند ئیرەیی بە تەواوی بە لاوە نەنراوە، بەڵام ئەوینێکی پڕسۆزو نیازدارانە هەوێنی سەرەکی‌یە. چەشنی منداڵێکە کە پێویستی بە دایك هەیە. بارت لە کتێبەکە خۆی هەوڵیدا تا ڕۆنانی ئەم دوو بابەتە ئەویندارانەیە بناسێت. لە کتێبی "دەروون شیکاری"دا وەبەرچاو دەکەوێ، بەڵام هێندە گرنگ نیە: "لە بابەتە دەروون شیکاری‌یەکان وەکوو توخمە چیرۆکی‌یەکان کەڵکم وەرگرتوە". بارت لە گفتوگۆیەك دا ڕای گەیاند ماوەیەکی زۆر دەیویست ئەم کتێبە بە "هەستی ئەویندارانە" ناوزەد بکا چونکە وەبیرهێنەری دەروونناسیی سەدەی پێشوو بوو.[٢١٧] ڕۆمانە هاوچەرخەکان لە "سۆز"ی ئەوین نادوێن. ئەوین لە نەریتی ڕۆژانە دوور کەوتۆتەوە. بە تایبەتی لە بیاڤی هزرمەندانە دا. "بڕگە گەلێك لە ئاخێوی ئەویندارانە" ڕوحێکی "نۆستالیژیك"ی هەیە، چونکە باس لە هەستێکی فەرامۆش کراو دەکا. ئەمڕۆکە بە وتەی بارت "ئەوین شتێکە کە لە ڕاڕایی سێکسوالیتە دا بەرتەك دراوەتەوە". لەم ڕووەوە کتێبەکەی بارت بە واتای تەواوی وشە "ڕۆمانتیك"ە، گەڕانەوەیە بۆ سۆزو هەست، کتێبێکە تایبەت بە نووسەر (تایبەتی‌ترین بەرهەمی نووسەرێکە کە لە هەموو بەرهەمەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە). لەو شوێنەدا "ڕەنگی داوەتەوە" کە باسی لە ساڵانی منداڵیی خۆی کردوەو لە پیواری دایکیدا ـ کە هەموو بەیانی‌یەك ماڵی بەجێ دەهێشت ـ

PDF4Kurd

کوڕە منداڵەکە "بە تەنیاو بەرەڵڵا کراو لە ماڵەوە دەمایەوە"و هەموو کات لە خۆر نشین لە وێستگەی پاس دا چاوەڕانی دایکی دەکردو پاسەکان یەکە یەکە تێدەپەڕینو دایکی ئەو لە نێو هیچ کامیان دانەبوو". [218]

دووبارە دەگەینەوە لای پروستو "نێو ـ دەق" هەمدیس دەناسینەوە. ئەو کوڕە منداڵەی کە جاران چەند زوو دەخەوتو بەر لە خەوتن چاوەڕێی دایك بوو تا بێتو ماچی ماڵئاوایی پێشکەش بکاو ئەگەر دایك نەهاتبا کوڕەکە بە بێ دایك دەمایەوە. سەرنج ڕاکێش بوونی دەقە ئەویندارانەکان لەوە دایە کە پێوەندییە نێوان دەقییەکان لەوان دا بەرینن. ئۆدنی شاعیر دەڵێ: "نەك ئەوینێکی گشتی، بەڵکوو تاقانە دڵبەر بوون"، بارتیش دەڵێ ئەوینیش بریتییە لە پێویست بوونی دڵبەر، دەمانەوێ کەسێك دەنگمان ببیسێ، کەسێك سەیرمان بکا، بەڵام تەنیا لە من تێبگا. [219] لە ڕمبۆ بە دواوە پێیان وابوو کە ئەوین "لەخۆ دەرچوونە". بەڵام بارت پیشانی دا کە ئەوین کتو مت پێچەوانەی ئەمەیە: واتە نەلواو بوونی هەڵاتن لە خۆ. لە ڕۆژگاری ئەوین دا مەحکوومم بەوەی هەر ئەو شتەبم کە هەم. دڵبەر دەڵێ: "من لە ئامێز بگرنو بەو شێوەیەی کە هەم منتان خۆش بوێ". [220] کتێبەکە جۆرە "وێنەیەکی نێگەتیڤی" ڕۆمانێکە کە بارت دەیتوانی بینووسێ: ـ جۆرە دان پیانانێك ـ بارت سەردەمانێك وتبووی ناخوێنێتەوە، بەڵکوو "هەندێ جار لە ڕەمزەکانی ئالبێرتین، هێندێك جار لە ڕەمزەکانی شارلۆسو هەرجارەو لە ڕەمزەکانی کەسیکی تازە دا" درێژەی پێدەدا.+ "بڕگەگەلێك لە ئاخێوی ئەویندارانە" دەبێ بەم جۆرە بخوێنینەوە: جارێکیان بڕگەکانی "ڤۆلتێر"، جارێکی دی هێماکردنەکان بە ئەفلاتوونو ... . بارت دەڵێ هیچ کام لە "ئاخێوە پەسند کراوەکان"ی (مەسیحیەت، مارکسیسزمو فرۆیدیزم) وڵامێکیان بۆ ئەوین پێنیە: یەکەمیان ئاشق ناچار دەکەن تا زمانو هەست "بۆ ئامانجێکی دیکە" بگوازێتەوە، دووەمیان هەر لە بنەڕەتەوە لەم بارەوە بێدەنگە، سێیەمیان ئاشق ناچار دەکا تا جیهانی گومان ئاسای خۆی بەلاوە بنێ. [223] بەڵام کتێبەکەی بارت ئەوینی بە پرۆسەیەکی ژان هێنەر پێناس کردوە، کتێبێکی پڕ خولیایە کە چەشنی نووسینەکانی نووالیس ئەوین بە چێژ وەرگرتن لە ڕەنجو ئازار دەزانێ. بەڵام خاڵێکی هاوبەش لەنێوان ئەوینو ڕەنج دا هەیە: هیچ کامیان ناگەنە هیچ؛ هەردووك واتا "پاش ڕووداوی ڕووداوەکان" دەئافرێنن. ئاشق هەر بە تەنیا نووسەر نیە، بەڵکوو خوێنەریشە؛ دەبێ لە هەر نیشانەیەکی پڕبەها کە دڵبەر "دروستی دەکاو یان دەیهێنێتە گۆڕێ" تێ بگات. ئاشقیش ناچارە کە دەق تەنیا بە یارمەتیی دەق بخوێنێتەوەو لە لای خۆی دووبارە بیخوڵقێنێتەوەو لە ڕێگەی ئەم بەراوردەوە دەگەینە چەمکی "چێژی دەق"؛ پێشتر دیتمان کە نزیکایەتییەك لەنێوان دەقی پشت بەستوو بە خۆشیو "قەیرانی زمان" دا هەیە. ئاشکرایە کە "بڕگە گەلێك لە ئاخێوێکی ئەویندارانە" ڕاستەو ڕاست لەبارەی زمانەوە نووسراوە. پێکهاتەی کتێبەکەش سروشتێکی "زمان ئاسا"ی هەیە: ڕێککەوتنێکە، بڕوای بە هاوشێوەیی ناوەکی یان یاسای بەراورد نیە. چەند پاتۆرێك لە بڕگە گەلێك دا هاتوون کە هەر یەکەیان بە پێی واتای ئاشنای وشەیەکەوە دیاری کراون. سەردێری پارەکان بریتین لە: کۆنتاکت، ئێرەیی، خۆشم دەوێی، خولیا، بیرەوەری، خۆکوژی، هەقیقەت، نووسین، نامەو ... . بارت چەندین جار لە کتێبەکەی دا گرنگیی "وەقسە هاتنی دڵبەر"ی وەبیر هێنایەوە: ئەوە کە دەتوانێ لە زمان دا "ئەوەی دەمەوێ بیبیستم، بیڵێتەوە". [223] بەم جۆرە "بڕگە گەلێك لە ئاخێوێکی ئەویندارانە" کۆمەڵەیەك لە پێوەندیە نێوان دەقیەکانە، بارت دەڵێ: "مێژوو بە گوتەی بیکۆ بە شێوەیەکی پێچاوپێچ بەرەو پێشەوە دەچێ. هەموو شتێکی کۆن هەمدیس پەیدا دەبێتەوە، بەڵام نەك لە شوێنە کۆنەکەی خۆی، بەڵکوو لە شوێنێکی تازەدا. زەوقەکان، بەهاکان، ئاراستەو "نقیسیارە کۆنەکان" دێنەوەو لە جێیەکی تەواو تازەدا جێگیر دەبن [224] و دەڵێ بابەتی ئەوین بە ڕای ئەو لە شوێنێك دایە کە لاکان بە "پانتایی خەیاڵپەروەری" ناوزەدی کردوە. بارت دەڵێ کە لە تەك ئەدەبیاتی ڕابردوو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆو بەردەوامو گەشەکردووی هەیە، چونکە ئەم ئەدەبیاتە پێوەندیی خۆی لەگەڵ خەیاڵپەروەری ڕێك دەخا، یان بە دەربڕینی تر زیندووی دەکاتەوە. بارت لە پێشگوتارێکدا کە بۆ بەرهەمی "حەشارگەو سەرچاوە"ی ژان دانیل (کە باس لە ساڵانی منداڵیی ئەو نووسەرە دەکا) نووسیویەتی، دەڵێ: "کەتوارێك کە

PDF4Kurd

مرۆڤ دروست دەکا، ئەوەیە کە سەردەمانێك ئەو منداڵ بووە... منداڵی واتە سەردەمێك کە لە لای دایکم بووم‌و ژینم لە بەردەم دا بوو، یا بە شێوەیەکی تر ئەمە بڵێم، نەمر بوو". ئەم چەشنە جیهانە تەنیا لە ڕێگەی نۆژەن کردنەوەی گوتەیی‌و بە یارمەتیی وشەکان دەتوانین دووبارە بدۆزینەوە:
ناتوانی بنووسیت، ئەگەر بێتوو ویستی ئەوەت نەبێ لەهەمبەر جیهان بەخشندە بیت، بێگومان لە کاری نووسین دا، ڕەوشتێکی تایبەتی هەیە "کە بریتی‌یە لە" (لەو شتەی کە من لەنێو زنجیرەی بەها چاکەکان دا دەیناسم‌و دەمانکات بە بوونەوەرێکی زیندوو چالاك‌و ئاوەزی ژیانمان پێدەبەخشێ). بە دەربڕینێکی باشتر، نووسین هەر لە سەرەتاوە کردەیەکی ڕەوشتی‌یە، هەر چرکەساتێکی نووسین هێمایەکە بۆ "قەیرانی چاکەکار بوونی ئێمە لەهەمبەر جیهان" بەڵام ئەم چاکەیە شتێك نیە کە "ڕەوتی"☺☺ نووسین ئاشکرای بکات، تەنیا ئەو کاتەی کە کۆتایی بە دەقە دێنین، بەڵێ تەنیا ئەوکات، تێگەیشتنێکی تەواو لەو شتەی کە خوێندوومانەتەوە وەدەست دێنین. دروست لەو شوێنە دا هەست بە چاکە دەکەین.[٢٢٥]

چاکەکار بوون‌و منداڵی. گەڕانەوەیەك بۆ وێناکردنی ڕۆمانتیك لە ساڵانی بێگوناهی دا. ساڵانێك لە دەرەوەی کات‌و لە دەرەوەی نقیسیار دەژیاین. ساڵانێك کە زەمانمان دەدۆزیەوەو ژیانمان بە ڕاستی "زەمان ئاسا" بوو. ڕۆلان بارت چەشنی منداڵێك ژیاو بە ڕاستی کەمتر لە هەموو کەس هەستی بە "قەیرانی چاکەکار بوونی ئێمە لەهەمبەر جیهان" کرد. وەکوو منداڵێك لەپاش مردنی دایکی دنیاکەی کۆتایی پێهات؛ نووسی کە "ئیدی تامەزرۆیی‌یەکی لەبۆ ژیان نیە"و لە ماوەیەکی کورت دا کۆچی دوایی کرد. مەرگی ئەو لە مەرگی منداڵێك دەچوو. ٢٥ ی فێوریەی ١٩٨٠ لە کاتی پەڕینەوە دا لۆری‌یەك ڕۆلان بارتی کردە ژێرەوە....

تێبینی‌یەکانی وەرگێڕ:
☟ ئایینی زێن: ئایینێکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، پێوەندی‌یەکی روحیی لەگەڵ هێزە گەردوونی‌یەکان لە ڕێگەی لەهۆش خۆچوون یان نەشئەی سۆفیانە (خلسە)یە.



☟☟ ئەو ڕەخنەیەی کە بەر لە سەرهەڵدانی قوتابخانەی دەروون شیکاریی فرۆید هەبوون، وەکوو ڕەخنەی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی، ئەم ڕەخنەیە گرنگی بە شیکردنەوەی باری دەروونیی نووسەر دەدا لە ساتەوەختی نووسین داو لە دوو توێی وشەکانی نووسەر ئەم بارە دەروونی‌یەو پاڵنەرەکانی نووسینی بەرهەم دەستنیشان دەکات.
☟☟☟ دسێر: ئەو شلەمەنی یا ساردەمەنی یا هەر شتێکی‌تر بەر لە خۆراك‌و پاش خۆراك دەدرێتە میوان.
☺ شوێنگەی ژن لە کۆمەڵگەی بورژوازی لە ڕووی ئابووری‌یەوە مارکس وتەنی "کاری هەرزانە" لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئازادیی ژن دروشمێکی باشە بۆ پەیامی ڕەوشتی‌و سیاسیی سیستمی بورژوازی.
☺☺ تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

پەراوێزەکانی پاری هەشتەم


1. R. Barthes, Roland Barthes. Paris, 1975.
2. Ibid., p.148.
٣ـ بارت لە دواندەری‌یەکەی لە "کلـژۆدۆ فرانس" (٧ی کانوونی دووەمی ١٩٧٧) بابەتی تەوەرەکانی سیمیۆلۆژی بە لێڵ‌و ئاڵۆز دایە قەڵەم‌و بەرهەمەکانی خۆی بە "تێزگەلێ" ناودێر کرد کە "ژانرەکانیان ناڕوونە":
R.Barthes, Lecon, Paris, 1989, P.7.
٤ـ ساڵی رابردوو ژیاننامەی ڕۆلان بارت (نووسەرێك کە هەرگیز حەزی لە ژیاننامەکان نەدەکرد)وەکو ڕۆشنگەری هێندێك لایەنە تایبەتیەکانی ژیانی بڵاوکرایەوە:
L.J. Calvet, Roland Barthes, Paris, 1990
5. R.Barthes, Incidents, Paris, 1987.
6. R.Barthes, "Reponses", Tel quel, 47, 1971. P. 102.
7. R.Barthes, Le grain de la voix, Paris, 1981, PP. 210 – 211.
8. R.Barthes, Roland Barthes, P.124.
٩ـ وتارەکە چەند مانگێك بەر لە مردنی بارت لە گۆڤاری Tel quel بڵاوکرایەوە:
R.Barthes, Le bruissement de la langue, Paris, 1984, PP. 333 -342.


PDF4Kurd

10. R.Barthes, Critique et vérité, Paris, 1966, P.46.

11. R.Barthes, Roland Barthes, P.164.

12. R.Barthes, Le bruissement de la langue, P.325.

13. R.Barthes, Roland Barthes, P.123.

١٤ـ بریتانییەکان پێیان وایە نووسەری داهێنەر (Creative Writer) کەسێکە کە ڕۆمان، کورتە چیرۆك، شانۆو فیلمنامە بنووسێ، یان شیعر بهۆنێتەوە، واتە کەسێکە کە "ئاخێوی ئەدەبی" دەخولقێنێ، بەڵام ڕەخنەگر نووسەرێکی داهێنەر نیە. تی. ئێس.ئیلیۆت کە چامەی "چوار کۆرتێت"ی هۆنیەوە، داهێنەر بوو، بەڵام ئەو وتارانەی کە لەمەڕ ڕەخنەی ئەدەبیەوە دەینووسین، داهێنەرانە نەبوون... نەبوون؟

15. R.Barthes, Le grain de la voix, PP.198 – 199.

16. R.Barthes, Roland Barthes, PP. 96-98.

17. Prétexte, Roland Barthes, Colloque de cerisy, Paris, 1978, P.238.

18. R.Barthes, Roland, Barthes, P.98.

19. Ibid., PP. 96 – 98.

20. R.Barthes, Essais critiques, Paris, 1964, P.247.

21. R.Barthes, Sur Racine, Paris, 1963, P.156.

جفری هارتمەن رایەکی لەم چەشنەی دووپات کردۆتەوە: "بەم چەشنە سروشتی وێنەیی هونەر لە مێژووی ئەدەبی دا دەبێتە کێشەیەکی سانتڕال. بە چ جۆرێك هونەر بخەینە نێو مێژوو، بێئەوەی حاشا لە سەربەخۆییەکەی بکەین؟ ئەم پرسیارە سەرەکیە: خۆڕاگریی ئەرەستۆکرات ئاسای هونەر لە بەرامبەر تاقیکردنەوەی سەردەم چیە؟"

J.Hartman, Beyond Formalism, Yale u. P., 1976, P.358.

22. M.Heidegger, Nietzsche, Trans P.Klossowski, Paris, 1971, vol.1, P.19.

23. R.Barthes, Le grain de la voix, P.42.

بڕواننە پاری یەکەمی کتێبی:

V. Jouve, La Littérature Selon Barthes, paris, 1986.

٢٤ـ بە مەبەستی وردبوونەوە لە باسێکی فراوانتر لە ئاستی تیۆریی ئەدەبی، بڕواننە وتاری پییێر بۆردیار بە ناوی "گومانی ژیاننامە":

P.Bourdieu, "L'illusion biographique", Actes de la recherche en science social, 62 – 63, 1986, PP.61-72.

25. R.Barthes, Critique et vérité, PP. 9 – 42.

26. R.Barthes, L' aventure sémiologique, Paris, 1985, PP. 315 – 316.

27. R.Barthes, Le grain de la voix, PP. 52 – 53.

28. R.Barthes critique etverite,pp.56-57

R.Barthes, Le degrézéro de l'écriture, Nouveaux essais critique, Paris, 1972, PP.144-145.

وتاری "لە کوێوە دەست پێدەکات؟" وەکوو بەرەنجامی وتارێکی دیکەیە کە بارت لەژێر ناوی "لە زانستەوە تا ئەدەبیات" لە ساڵی ١٩٦٧ نووسیبووی‌و لەو دا زمانی بە گرینگترین هۆکاری جیاکەرەوەی نێوان زانست‌و ئەدەبیات لە قەڵەم دابوو:

R.Barthes, Le bruissement de la langue, PP.13 – 20.

29. R.Barthes, Essais critiques p.254.

30. Ibid., P.257.

31. Ibid., p.260.

32. Ibid., p.218.

33. R.Barthes, Le bruissement de la langue, PP. 175 – 181.

34. R.Barthes, Roland Barthes, P.175.

35. R.Barthes, Le degré zéro de l'éctiture, P.8.

لەبارەی نزیکایەتیی نێوان نیشانەناسی‌و تیۆریی ئەدەبی لە هزری بارت دا بڕواننە:

G.Genette, Figures, Paris, 1976. Vol. 1. P.188.

36. R.Barthes, Le grain de la voix, P.64.

37. R.Barthes, Essais critiques, P.80.

"من بەردەوام رقم لە فۆرمە بەراوردییەکان ﴿لەنێو﴾ هزر، هونەرو زمان دەبوویەوە... لە نیشانە زماننا‌سانەکان دا هیچ فۆرمێکی بەراوردی بەدی ناکرێ. پێوەندیی لێکچوون‌و بەراورد لەنێوان ئاماژە پێکەرو ئاماژە پێکراو ناتوانی بدۆزیەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە من هۆگری ئەم نیشانانەم ﴿لە چوارچێوەی﴾ هەر گۆڕانێك دا کە بە سەریان دادێ، جا چ لە رستە، نووسینە، یان دەق دابێت":

R.Barthes, Le grain de la voix, PP.196 – 197.

PDF4Kurd

38. R.Jakobson and K. Pomorska, dialogues, cambridge, 1983, P.76.

39. R.Barthes, System de la mode, Paris, 1983, P.20.

بارت لە وتاری "لە زانستەوە تا ئەدەبیات نووسیویەتی کە "پێکهاتەگەرایی" لە فۆرمی پسپۆریانەی خۆی دا، جۆرە شیکردنەوەی فەرهەنگییە لە بەرهەمە هونەریو فکرییەکان داو ڕەگو ریشەی بۆ زمانناسی دەگەڕێتەوە":

R.Barthes, Le Bruissement de la langue. PP.13 – 20.

40. C. Lévi strauss. "Introduction", M.Mauss, Sociologie et anthropologie, Paris, 1985, P.XIV.



٤١ـ ئاماژە فەرهەنگییە واتادارەکان ﴿مەرج نیە هەموو جارێ﴾ لەتەك ئەرکی فەرهەنگی هاویەك نابن. لەم نموونەیەی بارت ورد بینەوە: "پێم وایە ئۆتۆمبێلەکانی ئەمڕۆ دروست چەشنی نوێژخانە مەزنەکانی سەردەمی گۆتیکن، بەرزترین دروستکراوەکانی سەردەمن، دەسکەوتی هەستی هونەرمەندانی نەناسراون کە لە گومانەکان نەك لە بەکارهێنان دا، بەشێکی هەرە گەورە لە حەشیمەتی ﴿ئەو هونەرمەندانە﴾ چەشنی کەرەستەگەلی جادوویی نایابن":

R.Barthes, Mythologies, Paris, 1970, P.150.

42. F. de Saussure, Cours de linguistique generale Paris, 1979, PP. 33-35.

43. S. Sontag, L'écriture meme, a propos de Barthes, Paris, 1982, P.47.

44. R.Barthes, L'aventure sémiologique, P.32.

٤٥ـ لەم بارەوە بڕواننە:

S.Nordhal Lund, L'aventure du significant, une lécture de Barthes, Paris, 1981.

46. R.Barthes, System de la mode, Paris, 1967.

ئەو چاپەی کە من تاووتوێی دەکەم، چاپی ١٩٨٣ی ئەم کتێبەیە. گۆڤارگەلێك کە بارت وەکوو بابەتی کارەکەی ئیشی لەسەر کردن Elle و La gardin des modes بوون کە لە مەودای مانگی ژوئەنی ١٩٥٨ تا ژوئەنی ١٩٥٩ بڵاوکراونەتەوە.

٤٧ـ ژۆلیا کریسوا وتوویەتی: "ئاستەمە بتوانین وێنەیەکی چاکتر لەم کتێبەی بارت لەمەڕ نیشانەناسییەوە بخەینە روو"؛ و تۆدۆرۆڤ ﴿ئەم کتێبەی﴾ بە "نموونەی مێتۆدۆلۆژیك" ناودێر کرد:

J.Kristeva, Sémiotike, Paris, 1978, PP.60 – 89.

هەروەها وتاری تزوتان تۆدۆرۆڤ "لە نیشانەناسی تا تیۆریی دەربڕین" لە:

Annals 22, 1967, P.1323.

48. R.Barthes, Essais critiques, P.156.

49. R.Barthes, L'aventure Sémiologique, PP.30-31.

50. R.Barthes, Le grain de la voix, P.45.

لە هونەرە شانۆییو بەرجەستەکارییەکان دا، ئەم ئاراستە "فکری"یەی پۆشاك رۆڵێکی گرنگی هەیە: لە رێگەی "شێوەی لەبەرکردنی جلوبەرگ"ەوە پەی بە کەسایەتی یان لانی کەم چەند روویەکی کەسایەتیی کەسەکان دەبەین.

51. Ibid., P.48.

52. Ibid., P.58.

53. Ibid., P.59.

54. Ibid., PP.65 – 66.

55. R.Barthes, System de la mode, P.26.

56. Ibid., P.29.

57. R.Barthes, Le grain de la voix, P.66.

58. R.Barthes, L'obvie et l'obtus, essais critiques III, Paris, 1982, PP.25 – 42.

59. R.Barthes, System de la mode, P.246.

٦٠ـ وتووێژی بارت لەگەڵ بلاڤۆکی:

Sept jours, 8 Juillet 1967.

61. R.Barthes, Le grain de la voix, PP.202 – 203.

هێمای بارت بۆ وتارێکە کە لەژێرناوی "پروستو ناوەکان" نووسیویەتی:

R.Barthes, Nouveaux essais critiques, PP.121 – 134.

ئەم وتارە تاکە وتارێك نیە کە بارت لە بارەی پروستەوە نووسیویەتی. ئەو لەو بارەوە وتارێکی دیکەی نووسیوە لەژێر سەردێری "بیرۆکەیەك بۆ پشکنین" (١٩٧١) کە لەم نامیلکەیە دا بڵاوکراوەتەوە:

PDF4Kurd

Recherche de Proust, Paris, 1980, PP.34 -39

و هەروەها دواندەرىيەك لە "كلژۆ دوفرانس" لەژێرناوى "جاران چەند زوو دەخەوتم":

R.Barthes, Le bruissement de la langue, PP.313 -325.

62. R.Barthes, le grain de la voix, P.203.

63. R.Barthes, L'aventure sémiologique, Paris, 1985, P.335.

64. R.Barthes, le grain de la voix, P.203.

٦٥ـ بزانە كە شێخى ئێمە ـ قدّس اللهُ روح العزيز ـ هەرگيز ﴿لە ئاخاوتن دا﴾ "من"و "ئێمە"ى بەكار نەهێناوە. لە هەر شوێنێك باسى خۆى كردبێ، وتوويەتى: "ئەوان وەهايان وتوەو وەهايان كردوە"و ... ":

محمد بن منور ميهنى، اسرار التوحيد. تصحيح م.شفيعى كدكنى، تهران، ١٣٦٦، ج ١، ص ١٥.

66. R.Barthes, Le grain de la voix, P.204.

بارت وتوويەتى كە ئيمبێل بنۆنيست بە گرنگترين زماناناس دەزانێ، چونكە بە لاى ئەوەوە زمانەكان گرنگ بوونو زمان وەكوو پێكهاتەيەك ئەبستراكت ﴿بە لايەوە گرنگ نەبوو﴾: "خاڵگەلێكى روونو ئاشكرا، ناوەكانو وشەكان، گرنگ بوونو هەر ئەم خاڵە دروستكەرى لايەنى چيرۆك وێژيانەى بەرهەمەكانى ئەوە" (لاپەڕەكانى ٢٠١ ـ ٢٠٢).

67. R.Barthes, Mythologies, PP.191 – 247.

68. Ibid., P.202.

69. A.P. Foulkes, Literature and Propaganda, London, PP.29 – 36.

٧٠ـ نووسينەكانى بارت بەر لە "پلەى سفرى نڤيسيار" هەر بە نەناسراوى ماونەتەوە. فيليپ رۆژە لێكۆڵينەوەيەكى لەبارەيانەوە نووسيوە كە زياتر پێوەندىيان بە دوو نووسينى ئەو لە ساڵانى ١٩٤٢ ـ ٤٣ هەيە ﴿كە نێوەرۆكى ئەو لێكۆڵينەوەيە﴾ لەبارەى "بێگانە"ى ئالبێر كامۆ و "يادنووسەكانى رۆژانە"ى ئاندرێ ژيد بوو. بارت وتارێكيشى لەمەڕ فيلمى "فريشتەكانى گوناه"ى رۆبێر بێرسۆن نووسيوە كە لە گۆڤارى Existences ژمارە ٣٠ ( ١٩٤٣) دا بڵاو كراوەتەوە. ئەم "بەرهەمە سەرەتايىيانە"ى بارت چاپەكەيان تازە نەكراوەتەوە:

P.Roger, Roland Barthes, Roman, Paris, 1986, P.334.

٧١ـ هەروەها مۆريس مێرلۆ پۆنتێ ئەم ڕايەى بەيان كردوە. تەنيا پاش كۆتايى هاتنى رستە "وشەكان واتادار دەبنو هزر بەيان دەكرێتو يان بەرەو بەيان كردن هەنگاو دەنێت، كە بە ماناى تێگەيشتنو تۆكمە بوونى رستەيە":

M.Merleau – Ponty, Phénomenologie de la perception, Paris, 1976, P.206, PP.445 – 446.

72. R.Barthes, Le degré zéro de l'écriture, P.44.

73. Ibid., P.38.

74. Ibid., P.39.

75. R.Barthes, Leson, Paris, 1989, P.16.

76. R.Barthes, Le degré zéro, de l'écriture, P.42.

77. R.Barthes, Mythologies, P.7.

بارت زاراوەى سينەمايى "مۆنتاژ"ى بەكار هێناوە.

78. Ibid., P.88.

79. Ibid., P.27.

80. Ibid., P.180.

81. Ibid., PP.77 – 79.

82. R.Barthes, Sade, Fourier, Loyola. Paris, 1980. P.41.

83. R.Barthes, Mytholigies, PP.193 – 195.

84. Ibid., P.199.

85. Ibid., P.207.

86. Ibid., P.208.

87. R.Barthes, Roland Barthes, P.70.

٨٨ـ ناوى ئەم رۆمانەى جۆيسم چ لە كتێبەكەو چ لە نووسينەكانى ديكەم دا، وەرنەگێڕاوە، تەنيا لەبەر ئەوە كە وەرناگێڕدرێت. بڕواننە پارى يازدەهەمى ئەم كتێبەو لێكۆڵينەوەى ئۆمبێرتۆ ئێكۆ لەمەڕ رۆمانى جۆيس.

٨٩ـ ئەم وتارە بۆ يەكەم جار لەم سەرچاوەيەى خوارەوە بڵاو كراوەتەوە:

Communications, 8, 1966. PP.1 – 27.

ئەم ژمارەيەى گۆڤارەكە دواتر لە دووتۆى كتێبێك دا چاپ كرايەوە:

L'analuse structura la du recit, Paris, 1981.

جگە لە وتارەكەى بارت، وتارگەلێكى گرنگى ئێكۆ، تۆدۆرۆف، گێرماس، برێمۆن، ژێنێت، مێتز، گريتىو مۆرۆن لەو كتێبەدا بڵاو كراونەتەوە. دەقى وتارەكەى بارت لەم كتێبەى خوارەوە دەتوانى بخوێنيتەوە:

R.Barthes, L'aventure sémiologique, PP.167 – 206.

PDF4Kurd

چەند هەمدیس وێژەییەك كە لە وتارەكەی بارتەوە وەرم گرتوون، دواسەرچاوەكانن.
90. R.Barthes, op.cit., P.170.
91. Ibid., P.172.
هەمدیس وێژەییەكە لە مالارمە، لەمەڕ گەلاڵەی ناتەواوی "ئەدەبیات" (١٨٦٩):
S.Malarme, Oeuvres completes, Paris, 1974, P.851.
92. R.Barthes, op.cit., P.175.
گێڕانەوەیە لە زاری تۆدۆرۆف لە وتاری "بابەتگەلی چیرۆكی ئەدەبی" كە هاوكات لەگەڵ وتارەكەی بارت لە هەمان بلاڤۆكی Communicatios لە چاپ درابوو.
93. Ibid., P.176.
پێشنیار دەكەم رۆمانی سەرنج راكێشی "تووتییەكەی فلۆبێر" بخوێننەوە:
J.Barnes, Flaubert's Parrot, London, 1983.
94. Ibid., P.172.
95. Ibid., P.182.
بۆنموونە لە روانگەی گێڕانەوەییەوە، بەرسف دانەوەی تەلەفون لە لایەن ژنێكی گەنجەوە لە فیلمی "م. بە نیشانەی مەرگ بزانە" كە بەرهەمی ئالفرێد هیچكاكە (﴿لە فیلمی﴾ لە تارانی پلە پێنجەم) دا گرنگییەكی چارەنووسسازی هەیە.
96. Ibid., P.183.
٩٧ـ بۆنموونە نۆشینی پێكێك ویسكی لە فرۆكەخانە، هەم دەتوانێ مانای چاوەڕوانی كەسێتی بدا بە دەستەوە (كەوابوو ویسكی پێوەندی لەگەڵ گێڕانەوەیی چیرۆكیو رۆڵی تایبەتییەوە هەیە)و هەم دەتوانێ بە كەڵكی كەشسازی چیرۆك بێ، بۆنموونە مۆدێڕن بوونی فەزاكە نیشان بدات (كە لێرەدا بە هێما ئەژمار دەكرێ).
98. R.Barthes, op.cit., P.186.
99. Ibid., PP.187 – 188.
100. Ibid., P.189.
101. Ibid., P.190. n.
102. T.todorov, Littérature et signification, Paris, 1966.
103. A. – J. Greimas, Sémantique structurale, Paris, 1966.
١٠٤ـ Apulle چیرۆكنووسێكی رۆمییە كە لە سەدەی دووەمی زایینی دا، بە زمانی لاتین چیرۆكی "گوێدرێژی ئاڵتوونی"ی نووسی، كە چیرۆكێكی درێژە لە توێی دوانزە بەرگ دا، جۆرە پێشبینییەكی ژانرە پیكارسكییەكانە، پاڵەوانی چیرۆكەكە واتە لۆسیۆس، دەبێتە



گوێدرێژێكو لەپاش رووداوگەلێكی لە ئەژمار نەكراو، پەی بە چیەتیی راستەقینەی خۆی دەبا.
105. R.Barthes, op.cit., P.195.
بنەمای تیۆریی گێڕانەوە جیاكارییەكە لەنێوان ئەو شتەی كە بە "چیرۆك" ناودێر دەكرێ، (زنجیرەیەك لەكردەكانو رووداوەكانن كە بە جیا لە فۆرمی سەرهەڵدانی خۆیان، لە ئاخێو دا، لە گۆڕێ دان)و ئەو شتەی كە بە "تانو پۆ" ناوزەد دەكرێ (كە پەیوەستە بە زمانو ئاخێو) لەم بارەوە، بڕواننە باسی فۆرمالیستەكان لە پاری دووەمی ئەم كتێبەدا.
106. Ibid., P.196.
107. R.Barthes, Le bruissement de la langue, PP.21 – 31.
108. Ibid., PP.22 – 23.
109. R.Barthes, Roland Barthes, P.96.
١١٠ـ ئەم وتارەی بارت یەكەم جار لەم بلاڤۆكە دا چاپ كرابوو:
Communications, 11, 1964.
ئێستا ﴿هەمان وتار﴾ دەتوانین لەم كۆمەڵەیە دا بدۆزیتەوە:
R.Barthes, et al, Littérature et eréalité, Paris, 1982, PP.81 – 90.
111. Ibid., P.82.
112. G.Flaubert, Correspondences, ed. C.Conrad, Paris, 1926 – 1933, Vol.8, P.370.
ژاك دریدا ئەم خاڵەی بە "سروشتی دەرەكی هەر چەشنە گەڕاندنەوەیەك بۆ زمان" ناودێر كردوە:
J.Drrida, Positions, Paris, 1972, P.126.
113. P.Sollers, Logiques, Paris, 1968, P.228.
114. J.Kristeva, Le text du Roman, The Hague, 1970.
115. R.Barthes, L'aventure Sémiologique, PP.173 -174.
116. R.Barthes, Essais Critiques, P.232.
١١٧ـ لە كتێبی "رۆلان بارت"دا، بارت پێڕستێكی كورتی لەو شتانەی "حەزیان لێ دەكا"و "لەو شتانەی حەزیان لێ ناكا" خستۆتە بەردەست. تاكە رۆمانێك لە دەستەی یەكەم دایە "بوو وارۆ وۆپكۆشە"یە:
R.Barthes, Roland Barthes, P.120.
118. R.Barthes, Le grain de la voix, P.233.

PDF4Kurd

119. Ibid., P.238.
120. Ibid., PP.236 – 237.
121. Ibid., P.237.
122. R.Barthes, Sollers écrivain, Paris, 1979. P.78.
123. Ibid., P.86.
زۆر پێدەچێت سەرچاوەی زانیاریی بارت لەهەمبەر هزری حوسێن کوڕی مەنسووری حەللاج کتێبەکەی ماسینیۆن بێت. لەبارەی ئەم خاڵەوە، بڕواننە ڕوونکردنەوەی ماسینیۆن لەهەمبەر حەللاج لەمەڕ "تویخی ناو" لە:
L.Massignon, La passion de Hallaj, Paris, 1975, Vol.3, PP.183 – 188.
124. R.Barthes, Le grain de la voix, PP.70 – 71.
125. R.Barthes, S/Z, Paris, 1976, PP.22 –23.
126. Ibid., PP.9 -10.
127. R.Barthes, Le grain de la voix, P.107.
128. R.Barthes, S/Z, P.196.
١٢٩ـ لەمەڕ مێتۆدی بارت لەم کتێبە دا بڕواننە ئەم وتارەی خوارەوە، کە بە تایبەتی لە ڕوونکردنەوەی پێنج دەستە لە ڕەمزە سەرەکییەکان کارایی هەیە:
F.Lahault, "Sur S/Z et l'analyse des récits", Poetique, 47, 1981, PP.303 – 314.
130. Le Code des action nerrative.
131. Le Code proprement sémantique.
132. Le Code culturel ou référentiel.
133. Le Code herménuique.
134. Le Code Symbolique.
135. Le Code d'accreditement.
136. Prétexte: Roland Barthes, Colleque de Cerisy, Paris, 1978, P.84.
137. R.Barthes, Le grain de le voix, P.76.
138. Ibid., P.77.
139. Ibid., P.87.
140. Ibid., P.88.
141. Ibid., P.104.
142. R.Barthes, S/Z, P.23.
١٤٣ـ بڕواننە پەیوەستی سێیەم لە کۆتایی ئەم کتێبە.
144. Ibid., P.89.
١٤٥ـ بارت لە "ڕۆلان بارت"دا doxaی بە "باوەڕی هەمووان" ناودێر کردوە:
R.Barthes, Roland Barthes, P.75.
146. C.Prendergast, The order of Mimesis, Lambradge u. p., 1986, P.14.
١٤٧ـ بڕواننە:
A.Laveres, Roland Barthes, structuralism and after, Harvard u.p., 1982.
148. R.Barthes, Roland Barthes, P.106.
149. R.Barthes, Mishelet, Paris, 1974.
بارت بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم ڕێسایەی ڕەچاو کرد؛ کتێبەکەی ئەو زیاتر وەکوو ناسینی میشلەیە لە ڕێگەی دەق گەلێك کە ئەو ﴿بە شێوەیەکی﴾ "نەستیانە" لەبارەی خۆیەوە نووسیونی. کتێبەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە چاپەکانی دواتریان دا، ناوەکەیان گۆڕا بۆ "نووسەرانی نەمر"و ڕێسای یەکەمیش لەوان دا ڕەچاو نەکرا. وەبیر دەخەمەوە کە کتێبی "ڕۆلان بارت"یش هەر لەم کۆمەڵەیە دا بڵاو کراوەتەوە.
150. R.Barthes, Roland Barthes, P.87.
١٥١ـ ڕستەکەی مارکس لە کتێبی "هەژدەی برۆمێری لوویی بۆناپارت"دا هاتوە:
K.Marx and F.Engles, Selected Works, Moscow, 1977, Vol.1, P.424.
152. R.Barthes, Le bruissement de la langue, PP.239 – 242.
١٥٣ـ بەڵام بارت کاریگەریی باشلاری بەسەر کتێبی "میشلە"وە ڕەت کردەوە. لە وتارێك دا لەم بارەوە لە Tel Quel, 47, 1971, P.94 نووسی کە لە کاتی نووسینی کتێبی "میشلە"دا هێشتا بەرهەمەکانی باشلاری نەخوێندبوویەوە. بەڵام خاڵی گرنگ هیچ کات، کاریگەریی وشیارانە نیە؛ خاڵەکە دۆزینەوەی پێوەندییە "نێوان دەقی"یەکانی "میشلە"یە لەتەك بەرهەمەکانی باشلار دا.
154. R.Barthes, Michelet, P.106.

PDF4Kurd

155. Ibid., PP.105 – 113.
156. Ibid., P.130.
157. Ibid., PP.131 – 132.
158. Bulletin des léttres, 15 Octobre 1962, PP.333 - 337.
159. C.Mauron, Mallarme l'obscure, Paris, 1940.
160. H.Mondor, La vie de Mallarme, Paris, 1941, P.55.
161. R.Barthes, Michelet, P.5.
162. R.Barthes, Le bruissement de la langue, PP.225 – 237.
163. J.P.Richard, Poésie et profondeur, Paris, 1955, P.9.
164. J.P.Richard, Littérature et sensation, Paris, 1954.
165. Tel Quel. 47, 1971, P.95.

١٦٦ـ وتارەکانی بارت لەمەڕ شانۆی برێشت لە گۆڤاری Theatre Populaire لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ تا ٥٦ بڵاو کرانەوە؛ زۆربەشیان لە کتێبی "وتارە رەخنەییەکان"دا دووبارە لەچاپ دران.

167. R.Barthes, Essais critiques, P.75.
168. Ibid., PP.45 – 64.
169. R.Barthes, Sur Racine, Paris, 1969.

لە وتاری یەکەم دا لە شوێنێك دا زمانی بە "دڵی بێفۆرمی" شانۆنامەکان ناودێر کردوە. زمانو دیالۆگ کەسێتییەکان بەرەو پێشەوە دەبەن:

Ibid., PP. 58 – 59.

١٧٠ـ لە دەستپێکی ئەم پارە دا هێمام بۆ مشتو مڕی بارت / پیکارد کرد. باسی ئەم مشتو مڕە ئەدەبییە لە زۆر کتێب دا هاتوە. لەو نێوەدا بڕواننە:

P.Bourdieu, Homo Academicus, Paris, 1984, PP>151 – 155.

P.Thody, Roland Barthes, A Conservative Estimate, London, 1977, PP.59 – 62.

١٧١ـ مشتو مڕی بارت / پیکارد خەڵکیتری ناچار کرد تا تیۆرەکانی خۆیان راژە بکەن. هاوکات لەگەڵ بڵاو بوونەوەی "رەخنەو هەقیقەت"ی بارت، سێرژ دۆبرۆفیسکی کتێبێکی لە پێناو پشتگیریی بارت "رەخنەی نوێو فریودانی نوێ" بڵاو کردەوە. ئاندرە ئاڵماند کتێبی "ئاسۆگەکانی رەخنەی نوێ"ی نووسیو لۆسیەن گۆڵدمەن کتێبی "دۆخیرەخنە لەمەڕ راسینەوە"ی لە ساڵی ١٩٧١ بۆ پشتیوانی کردن لە بارت بڵاو کردەوە.

172. R.Barthes, Sur Racine, P.14.
173. C.Mauron, L'inconscient dans l'oeuvre et la vie de racine, Paris, 1957.

هەڵبەت بارت رەخنە لە بەرهەمەکانی مۆرۆن دەگرێو هەر ئەم کتێبەی سەرەوە بە "کۆن" دەزانێ، چونکە "لەبەر ئەوەی زانستگاکان باوەشیان بۆ کردۆتەوە". بارت وەبیرمان دێنێتەوە کە پلاری پیکاردی "رەخنەگرانی فەرهەنگستانی" لەسەر بەرهەمی "لەبارەی راسین"ەوە بە خاتری "لێکۆڵینەوە دەروون شیکاری"یانەکانی نەبوو. ئەوان هەرگیز بەم جۆرە هێرشیان نەکردۆتە سەر کتێبی مۆرۆن . بەڵکوو "بەهۆی ئاراستەی پۆست ستراکتۆرگەرایانەکەی پلاریان تێگرتوە":

R.Barthes, Le grain de la voix, P.215.

174. R.Barthes, Sur Racine, P.34.
175. Ibid., PP.9 – 10.
176. Ibid., P.155.
177. Ibid., P.156.

١٧٨ـ رۆبێر برێسۆن نهێنیی ئەم شێوە دروستەی رۆڵگێڕانی لە سینەماتۆگراف دا بەدی کرد. یەکێك لە قوتابییەکانی بە ناوی ژان ماری ستڕۆب لە هەر دوو فیلمی خۆی ﴿بەناوی "ئۆتون" (لەسەر بنەمای شانۆیەکی پیەر کۆرنی)و "مەرگی ئیمپیدۆکلێس" (لەسەر بنەمای شانۆی شێعریو ناتەواو هۆلدێر لین) ئەم مێتۆدەی بەکار هێناوە.

١٧٩ـ بارت ئەم ڕایەی تەنیا لەبارەی ئەکتەری بەرهەمەکانی راسین نەهێناوەتە گۆڕێ. ئەو لە وتارێك دا روونی کردۆتەوە کە لە "شێوەی" چڕینی دیتریش فیشێر دیسکاڵ گۆرانیبێژی بەناوبانگی باریتۆنو باس، بێزارە، چونکە ئەویش بە جۆرێك گۆرانی دەچڕێ کە گوایە هەر وشەیەك لە "لیدری"دا واتایەکی حاشاهەڵنەگری هەیە، واتایەك کە گۆرانیبێژ لەگەڵی دا ئاشنا نیە.

180. R.Barthes, Sur Racine, P.143.
181. R.Barthes, Sade, Fourier, Loyola, Paris, 1980.
182. R.Barthes, Le grain de la voix, PP.238 – 242.
183. Ibid., P.151.
184. Ibid., PP.160 – 161.
185. Ibid., P.96.
186. Ibid., P.151.


PDF4Kurd

١٨٧ـ چەند ساڵێك بەر لەنووسینی "ساد، فۆریە، لویولا" بارت لە وتاری "رەخنەو هەقیقەت"دا گرنگی مامەڵەکردنی لویولای لە تەك زمان دا وەبیرخستبوویەوە:

R.Barthes, critique et verité, P.47.

هەر لەم دەقە دا بارت هێمای بۆ باسەکەی ژۆرژ باتای لە کتێبەکەی ﴿بەناوی﴾ "ئەزموونی دەروونی" کردبوو. باتای ئاخێوی گفتوگۆ ئاسای لویولای لە هەر چەشنە دەربڕینێکی دواندەریانە جیاکردەوە.

188. R.Barthes, Le grain de la voix, PP.151 -152.

189. R.Barthes, Sade, Fourier, Loyola, P.7.

190. Saint Ignace de Loyola, Exercies spirituels, tra. J.C.Guy, Paris, 1982, P.52.

191. R.Barthes, Sade, Fourier, Loyola, P.12.

192. R.Barthes, Le plaisir du texte, Paris, 1973, P.11.

193. R.Barthes, Le grain de la voix, P.194.

١٩٤ـ لە زمانی فەڕانسی دا وشەی Jouissance یان خۆشی‌و رابواردن روویەکی ئێرۆتیکی هەیە کە چێژ Plaisire ﴿ئەو لایەنە ئێرۆتیکییەی﴾ نیە. خۆشی‌و رابواردن هاوواتایەکی تەواو نین. لە زمانێکی جەماوەری دا هاوواتایەکی وردتر دۆزراوەتەوە. ئەو کەسەی کە دەڵێ بەهۆی بیستنی کۆپلەیەکی مۆسیقا یان دیتنی فیلمێك "کەیفی کردوە" هاوواتای ورد (ئەو واتایەی کە بارت مەبەستیەتی)ی دۆزیوەتەوە.

195. R.Barthes, Le plaisir de texte, P.37.

196. R.Barthes, Le grain de la voix, P.166.

ئەم ڕێسایە لە چێژی دەقیش دا هاتوە:

R.Barthes, Le plaisir du texte, P.33.

197. Ibid., P.37.

198. S.Sontag, L'écriture meme, a propos de Barthe, P.58.

199. R.Barthes, le plisir du texte, PP.58 – 59.

200. R.Barthes, Essais critiques, PP.63 – 70.

201. R.Barthes, Le grain de la voix, P.101.

202. R.Barthes, L'empire des signes, Paris, 1980.

ئەو گوتەیەی کە گێڕاومەتەوە لە پشت بەرگی کتێبەکە نووسراوە.

٢٠٣ـ وتووێژ لەبارەی سینەما لەگەڵ ژاك ریۆت‌و میشێل دۆلاهای:

R.Barthes, Le grain del voix, PP.27 – 28.

204. R.Barthes, critique et vérité, P.28.

205. Ibid., P.51.

206. R.Barthes, S/Z, PP.11 – 12.

207. R.Barthes, Essais Critique, P.139.

هەر لەم وتارانە دا بارت نووسی کە ئەدەبیات بێگومان لەگەڵ پرسیارێکی واتاناسانە بەرەوروویە؛ بەڵام "پرسیاری سەرەکی بەم چەشنە نیە: واتای جیهان چیە؟ یان ئایا جیهان واتادارە؟ بەڵکوو بەم جۆرەیە: ئەمەش جیهان، ئایا واتایەك بۆ ئەو بەدی دەکرێ؟" (ل ١٦٠).

208. R.Barthes, Le grin de la voix, P.43.

٢٠٩ـ هەڵبەت ئەم نزیکایەتییەی سایکۆلۆژیی قووڵ ﴿یان بەرزەکی﴾ و هێرمێنۆتیك لە بەرهەمەکانی کارل گۆستاو یونگ تێدەپەڕێ. بەڵام دەبێ بە دڵنیاییەوە بڵێین کە بەرهەمەکانی یونگ یەکێك لە گرنگترین رەگ‌و ریشەکانی هێرمێنۆتیکی مۆدێرنن. هەرچەند گرنگیی ئەم خاڵە هێشتا نەزانراوە. بڕواننە:

C.Tacou ed, Mircea Eliade, Cahier de l'herne, Paris, 1978, PP.11 – 24, 117 – 134.

210. R.Barthes, Le grain de la voix, P.42.

211. Ibid., P. 110.

212. R.Barthes, Fragments d'un discours amoureux, Paris, 1977.

213. R.Barthes, Le grain de la voix, P.266.

214. Ibid., P.267.

215. Ibid., P.268.

216. Ibid., P.269.

217. Ibid., P.272.

218. R.Barthes, Fragments d'un discours amoureux, P.21.

219. Ibid., P.127.

220. Ibid., P.142.

221. R.Barthes, Le plaisir du texte, P.23.

222. Ibid., P.250.

223. R.Barthes, Fragments d;'un discours amoureux, P.246.

224. R.Barthes, Le grain de la voix, PP.264 – 265.

PDF4Kurd

225. J.Daneal, Le Refuge et la source, Paris, 1977.

پێش وتاری بارت لەم وتارەش دا چاپ کراوە:

Le Nouvel obsérvateur, 9 mai 1977.

١٤٤

# پاری نۆیەم
# چێژی رەخنە: تۆدۆرۆف

ئەدەبیات یان هەموو شتێکە، یا هیچ شتێك.

ژۆرژ باتای

١

تزوتان تۆدۆرۆف لە ساڵی ١٩٣٩ لە سووفیەی بولگاریا چاوی بە دنیا هەڵێنا؛ لە ساڵی ١٩٦٣ سەفەرێکی بۆ فەڕانسە کردو ئیدی هەر لەوێدا ژیانی بەسەر برد، بەڵام هەمیشە خۆی لە فەڕانسەدا بە بێگانە دەزانی. لە پێشگوتاری دوایین کتێبەکەی خۆی "ئێمەو ئەوانیتر، هزری فەڕانسی لەمەڕ هەمەچەشنیی مرۆیی" روونی کردەوە کە یەکەمین بەشی ژیانی لە بولگاریا لەژێر دەسەڵاتی رێژیمی ستالینیستی بردە سەرو هەر لەو رۆژانەوە ژینی (چەشنی دیلەکانیتر) دووکەرتە کرابوو: کەرتێکی کۆمەڵایەتی ملکەچی سەرەرۆییو کەرتێکی تاکەکەسیانە کە بە جۆرێکی دیکە تێدەفکری. [1] پاشان چووە فەرانسەو لەوێدا وەکوو هەندەرانییەك ژیا. هەربۆیە، بەردەوام جیاوازیی بوون بە ئەوی دیو دابەش بوونی دەروونیی مرۆڤ هەوێنە سەرەکییەکانی هزری ئەو هەبووەو هەیە.



جارێکیان ئەم واتا Themaیانەی لە کتێبێك دا لەژێرناوی "دەست بەسەر داگرتنی ئەمریکا" هێنایە گۆڕێ.[2] بەڵام کاری سەرەکیی خۆی لەم بوارەدا لە "ئێمەو ئەوانیتر"دا بە ئەنجام گەیاند. تۆدۆرۆف لە ساڵی ١٩٦٨ بەولاوە وەکوو توێژەرێك لە "سەنتەری نەتەوەیی توێژینەوە زانستییەکانی فەڕانسە" لەبواری زمانو ئەدەبیات قەڵەمی خستەگەڕو کتێبگەلێکی زۆری بڵاو کردەوە کە زۆرترینیان بە زمانانی تر وەگێڕدراون. تۆدۆرۆف رۆڵێکی گرنگی لە وەگێڕانو ناساندنی بەرهەمەکانی فۆرمالیستە رووسییەکانو بە تایبەتی میخائیل باختین هەبوو. مێتۆدی سیستماتیکیی وردی کارەکەی، لەگەڵ شێوازی سەرنج راکێشی نووسینو مێتۆدی دەربڕینی تایبەت بەخۆی بووە هۆی ئەوە کە تاووتوێی پێکهاتەیی دەق متمانەی هەنووکەیی خۆی وەدەست بێنێ، هەرچەند ئەو هەرگیز کارەکەی خۆی لە چوارچێوەی پشتیوانیکردن لە رێبازێکی تایبەتی قەتیس نەکردووە.[3] تۆدۆرۆف لە کتێبی "تیۆریی ئەدەبی" دوو مەیلی سەرەکی لە خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکانی لێکجیاکردەوە. مەیلی یەکەم لە خودی دەقی ئەدەبیدا بە دووی واتا دەگەڕێ؛ ئەوی دیکە دەق چەشنی دەربڕینی پێکهاتەیی ئەبستراکت دەزانێ.[4] تۆدۆرۆف خاڵی یەکەمی بە راڤەی دەق دەدایە قەڵەمو کۆمەڵەناوێکی چەشنی راڤە، روونکردنەوەی دەق، خوێندنەوەو رەخنە بە هاوواتای "تەئویل" دەزانێ. ئامانجی ئەم مێتۆدە دۆزینەوەی یەکێك لەواتاکانی دەقە. تۆدۆرۆف وەکوو بارت بڕوای بە واتای تاقانەی دەق نیە: "دەق لە رەوتی دووبارە خوێندنەوە دا واتای یەکسان نادا بە دەستەوە؛ لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەك دا واتایەکی تازە وەدەست دێنێ".[5] ئەمە دژی پۆزەتیڤیزمە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دا کە بە دوای واتایەکی کۆتاییو حاشاهەڵنەگر دەگەڕا. کێشە ئەوە نیە کە دواواتا وەدەست نایەت، بەڵکوو ئەوەیە کە لە بنەڕەتەوە هەر



PDF4Kurd

نیه. بەڵام مەیلی دووەم دەکەوێتە خانەی چوارچێوەی گشتیی "زانست"ەوە: بابەتی سەنترالی "مەیلی دووەم" نەك وەسف یان دۆزینەوەی واتای بەرهەمی ئەدەبیی تایبەتو تاکانە، بەڵکوو دەست پێڕاگەیشتن بەو یاسا گشتییانەیە کە دەقێکی تایبەت لەوان کەوتۆتەوە. لەنێو ئەم مەیلە دووەمە دا دەتوانین فۆرمگەلی هەمەجۆر بەدی بکەین: ئەو شیکردنەوانەن پشت ئەستوورن بە دەروون شیکاریو کۆمەڵناسیو بناغەکەشیان لەسەر مێژووی باوەڕەکان دانراوە. کەسانێك کە ئەم شیکردنەوانە ئەنجام دەدەن هەر لە بنەڕەتەوە بڕوایان بە سروشتی سەربەخۆی دەقی ئەدەبی نیەو دەق بە بەیانکردنی ئەو یاسایانە دەدەنە قەڵەم کە لە دەرەوەی بەرهەم دانو پێوەندییان بە دەروون، کۆمەڵگا، یان "روحی مرۆیی"یەوە هەیە. ئامانجی کۆتایی تاووتوێ کردن، دۆزینەوەی شێوازێکە کە بەرهەمی ئەدەبی لەودا دەربڕی "شتێکە لە دەرەوەی خۆیدا". چییەتی ئەم چەشنە شیکردنەوەیە بەپێی ئەوە کە بە کام ئاخێو (دەروون شیکارانە، سۆسیۆلۆژیكو ...) بەستراببێتەوە، جیاوازیی تێدەکەوێ. لێکچوونی ئەم مێتۆدە لەگەڵ "زانست"دا لەوەدایە کە بابەتەکەی نەك دیاردەیەکی تایبەت، بەڵکوو یاسایەکی تایبەتییە. تیۆریی ئەدەبی بەردەوام لە چوارچێوەی ئەم هاوتەریبییەی راڤەو زانستدا بووە. ئەم تیۆرە بە دوای واتاوە نیە، بەڵکوو بە دووی یاسا گشتییەکان دا دەگەڕێ، یاساگەلێك کە زاڵن بەسەر هەر یاسایەکی تایبەتی دا. ئاخێوی رەخنەگرانە لە رووبەڕووبوونەوە لەتەك زانستەکان دا ئەو یاسایانە تەنیا لە نێو خودی ئەدەبیات دا دەدۆزێتەوە. بەم چەشنە تیۆریی ئەدەبی هەم "ئەبستراکت"ەو هەم "ناوەکی". بابەتەکەی تایبەتمەندییەکانی ئاخێوێکی تایبەتییە کە بە ئاخێوێکی ئەدەبی ناوزەد دەکرێ. ئاسەواری دەربڕین (یان رەنگدانەوە) پێکهاتەیەکی ئەبستراکتو گشتییەو، ئەم پێکهاتەیە

نەك بەرهەمی هەنووکەیی بەڵکوو "بەرهەمە ئەگەرییەکان" دەگرێتە خۆ، نەك بەرهەمی ئەدەبی بەڵکوو "ئەدەبی بوونی" بەرهەم دەگرێتەوە.[٦] ئامانجی تیۆریی ئەدەبی گەیشتنو وەدەستهێنانی تیۆرێکە لەمەڕ پێکهاتەو ئەرکی ئاخێوی ئەدەبیێ. لە وتارێك دا لەژێرناوی "چۆنایەتیی خوێندنەوە"، تۆدۆرۆف سێچەشن خوێندنەوەی دەقی لێك جیاکردەوە: خوێندنەوەی گەڵاڵەکراو، خوێندنەوەی راڤەییو خوێندنەوەی گونجاو لەتەك تیۆریی ئەدەبی.[٧] خوێندنەوەی گەڵاڵەکراو جۆرە خوێندنەوەیەکە کە دەق بە یارمەتیی رابەرو بنەماگەلێك لەدەرەوەی خۆی دەخوێنرێتەوە. بۆنموونە رابەری ژیان یا سایکۆلۆژیی دانەر، یان بە هۆی رابەری مێژووی کامڵبوونی کۆمەڵگا، یان بە پێی بنەماکانی رێبازی تیۆرێکی ئەدەبی. لەم شێوازەدا دەتوانین لە دەقەوە بەرەو هەر شتێکی دەرەوەی دەق پلار بهاوێین. فۆرمێکی (کامڵتر) لە شێوەی گەڵاڵەکراو دا، شێوازی راڤەکارانەیە. فۆرمە وردەکارانەکەی خوێندنەوەو روونکردنەوەی رستە بە رستەی دەقە. هەرچرکە ساتێکی خوێندنەوە لەم شێوەیەدا ئاوێتەیەك لە دەقو کەتوارەکانی دەرەوەی دەق - هەرچەند شوێن دەستپێکی کاری دەقە، بەڵام جۆرە هەڵسەنگاندنێکی بەردەوام دەق لە تەك "ناودەق" لە هەر چرکە ساتێك دا - بەدی دەکرێ. شێوەی سێیەم شێوەیەکە کە لەگەڵ تیۆریی ئەدەبی دا دەگونجێ، کە لە کۆتایی خوێندنەوە دا ئەو بنەماگشتییانەی کە لەنێو دەق دان، دەدۆزێتەوە، بەڵام لەم رێگەیە یان لەو بنەمایانە یان لە کارێکی دیاریکراو دا بە دووی "ئەو بنەمایانە"دا ناگەڕێن، بەڵکوو لە رێگەی سنووردار کردنی پانتایی خوێندنەوەو تاووتوێی پێکهاتەیی ئەو دەقەوە "بنەما گشتییەکان دیاری دەکات". تۆدۆرۆف پێشنیار دەکا کە ئەم شێوەیە بە شێوەیەکی رەها بە خوێندنەوە ناودێر بکەین. خوێندنەوە خۆی کارێکی سیستماتیکەو ئامانجەکەی

PDF4Kurd

ناسینی پێوەندییە ناوەکییەکانی توخمەکانی دەقە. خوێندنەوە لە سەربەخۆیی دەقەوە دەست پێدەکاو "لەهەمبەر سەربەخۆیی دەق وەفادارە"[٨] بەڵام شێوەی گەڵاڵە کراو تەواو بە پێچەوانەوە لە بەسترانەوەی هەمە لایەنەی دەق بەدنیای دەرەکییەوە دەست پێدەکا. دەتوانین بڵێین کە شێوەی راڤەیی، لەنێوان ئەم دوانەدایە. راڤە لە راستیدا خوێندنەوەی دەقە لە رێگەی "پچڕپچڕ کردن"یەوەو خوێندنەوە جۆرە راڤەیەکی سیستماتیکە کە کۆی دەق دەکات بە بابەتی ئیش کردنی خۆی. خوێندنەوە لە لایەنی ناوێزەو تایبەتیی دەق تێدەپەڕێو لە ئەنجام دا دەگاتە ئەم رێسایە کە هیچ دەقێك تاقانە نیە، هەرچەندیش سەنگی توخمە تایبەتییەکانی قورس بێت. راڤە وەکوو گەڕان بە دووی دەقێکی ترە کە لەپشت ئەو دەقەی کە تاووتوێ دەکرێت، خۆی شاردبێتەوە. خوێندنەوە پێویستیی ئەم بەدوا گەڕانە پەسند دەکاو ئەمە خۆی رووی هاوبەشی مێتۆدی تاووتوێی پێکهاتەیی دەقەکان لەتەك هێرمێنۆتیکی ئەدەبییە. بەڵام راڤەکار، ئەم خاڵە کە دەق "واتایەکی جیاواز"ی هەیە، پەسند ناکا. دەیەوێ لە رێگەی شیکردنەوەی پێوەندییە ناوەکییەکانی دەق فۆرمێکی دیکە لە واتای گشتی کە لە دەق دا خۆی حەشار داوە وەدەست بێنێ. هەربۆیە خوێندنەوە خاوەنی رێسایەکی "زانستی" کە بەردەوام راستو دروست بێ، نیە. هەر دووبارە خوێندنەوەیەك بەستراوەتەوە بە هەڵبژاردنو هەڵسەنگاندنی تاکەکەسیی خوێنەرەوە. خوێنەر (یا رەخنەگر، یان تیۆرەوانی ئەدەبی) دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی چەند لایەنێکی دەقی ئاڵۆز زەق بکاتەوە. نەریتێکی "هەتاهەتاییو لە گۆڕان نەهاتوو" لە گۆڕێ دانیە تاکوو پرۆسەی خوێندنەوە ئاسان بکات. جۆرە هەمە چەشنەکانی خوێندنەوە چاوگەکەیان بریتییە لە شێوە هەمە ڕەنگەکانی هەڵبژاردنی خوێنەران. تۆدۆرۆف دان بەوە دادەنێ کە دواجار ناتوانین بڵێین

١٤٨



خوێندنەوەیەکی تایبەتیی دەقێك راستە یان ناڕاست، تەنیا دەتوانین بزانین کە کام فۆرمی خوێندنەوە (کامڵ)ە. ئەم خاڵە پاری هاوبەشی تیۆریی تۆدۆرۆفە لە تەك هێرمێنۆتیکی مۆدێرن دا.

خوێندنەوە جیایە لە وەسف کردن.[٩] زۆر کەس پێیان وایە خوێندنەوەی دەق بە شێوەی شیکردنەوەی پێکهاتەیی هەمان وەسفی دەق یا ناسینی مێتۆدی دەربڕینی دەقە. هەڵبەت بێگومان زانینی مێتۆدی دەربڕین ئامانجێکی گرنگە بەڵام خوێندنەوە لە دۆزینەوەی "مێتۆدی دەربڕین"دا قەتیس نامێنێتەوە. نموونەیەکی کلاسیك وەکوو تاووتوێ یان خوێندنەوەی شێعری "پشیلەکان"ی بودلێر کە یاکۆبسێنو لیۆشتراوس خستوویانە بەردەست، پیشانیدا کە خوێندنەوە لە وەسفەوە بە واتای ناسینی مێتۆدی دەربڕینی شاعیران دەست پێدەکا؛ بەڵام لەویش تێدەپەڕێ. تۆدۆرۆف لە نێوان خوێندنەوەو وەسف کردن دا سێلایەنی جیاوازی دەستنیشان کرد: ١ـ وەسف کردن پێش وەخت وا گریمان دەکا کە بابەتەکانی ئاخێوی ئەدەبی سەقامگیرن: تەنیا رۆنانیان لە هەموو دەقێك دا تازەو جیاوازە لە رۆنانەکانیتر، بەڵام خوێندنەوە هەموو دەقێك بە دەرەنجامی بابەتگەلێك دەزانێ کە لە "کۆمەڵە" یان گشت دا گۆڕانکاری دەخوڵقێنن. ٢ـ وەسفی بابەتە زمانناسانەکان، هەر دەقێك بە شێوەیەکی ئۆتوماتیك لە ئاستی ئەدەبی دا ئۆرگانیزەکراو دەزانێ (خاوەنی هەمان هاوڕێکییە کە لە "زمان" دا هەیەتی). بەڵام خوێندنەوە لەهەر دەقێك دا هاوڕێکییەکی تازە پەیدا دەکات. ٣ـ لە وەسف کردن دا، هاوڕێکی هەنووکەیی توخمەکانی دەق ـ هاوڕێکی سینتاکسی یان زمانی ـ گرنگ نیەو لێرەدا ئامانج هێنانەگۆڕی هاوڕێکییەکی دیکەیە. بۆ خوێندنەوە هیچ بەشێکی پرۆسەکە هیچ هەوێنێك یان بنەمایەکی پرۆسەکە ـ بێبایەخ نیەو هاوڕێکی هەنووکەیی



PDF4Kurd

توخمەکان لە دەق دا شوێن دەسپێك‌و بنەمای ئیش کردنی "هاوڕێکی هەنووکەیی"یە. بەڵام تۆدۆرۆڤ هەرگیز خوێندنەوە ناخاتە جێی شێوەی گەڵاڵەکراو یان راڤەیی. ئەو بڕوای بە سەربەخۆیی ئەم سێ‌شێوەیە هەیە، پێویستیی دوو مێتۆدەکەی‌تر بە باشی دەناسێ‌و بیر لە جۆرە پێوەندی‌یەکی نێوانیان دەکاتەوە. بە بۆچوونی تۆدۆرۆڤ تێگەیشتن لە نزیکایەتیی زمانی دەق خاڵی سەرەکی‌یە لە تیۆریی ئەدەبی دا. ئەو چەند جارێك رستەیەکی لە زاری پۆل ڤالێری گێڕاوەتەوە: "ئەدەبیات جۆرێك پەرەسەندن‌و بەکارهێنانی بەشێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی زمانەو ناتوانێ جگە لەمە شتێکی تر بێ".[١٠] تۆدۆرۆڤ کاری خۆی بە رۆشنگەری‌و روونکردنەوەی ئەم ڕستەیەی ڤالێری زانیوە. هەر ئەم راستی‌یە کە ئەدەبیات هونەرێکە پشتی بە گوتە بەستوە توێژەرانی ناچار کرد لە رەوتی سەدەکان دا "رۆڵی گەورەی زمان لە ئاخێوی ئەدەبی" دا بناسن. لە رێسای ڤالێری دا زمان چەشنی سیمبۆل هەیە نەك چەشنی ئامراز. ئەمڕۆکە دان بەوە دانراوە کە مرۆڤ "لە رێگەی زمانەوە خۆی دروست کردوە"و سیمبۆلی زمان نموونەی زۆربەی کردەکانی مرۆڤ بووە. بە گوتەی ئیمیل بنۆنیست "فۆرمە زمانی‌یەکان هەموو سیستمی نیشانەیی‌یان دیاری کردوە"[١١] و هونەری ئاخاوتەیی - بەهۆی تایبەتمەندی‌یەکەی لە بەکارهێنانی زمان دا - دەکەوێتە خانەی ئەم رێسایەوە. زمان لێرەدا هەم سیمبۆلێکی ئەبستراکتەو هەم ئامرازە. ئەدەبیات تاکە پانتایی‌یەك نیە کە لەسەر بنەمای سیمبۆلی زمان دامەزرابێ، بەڵام تاکە پانتایی‌یەکە کە توێژینەوە لەودا، رۆشنگەری بەشێك لە تایبەتمەندی‌یە نەناسراو و شاراوەکانی زمانە. کاری رۆمەن یاکۆبسێن تێگەیشتن لە کار تێکەریی دوو لایەنەی "تیۆریی ئەدەبی"و زمان بوو لەسەر یەکتری. فۆرمالیستە رووسی‌یەکان کاری خۆیان بە "ناسینی گۆڕانکاریەکانی مێتۆدۆلۆژیی

ئەدەبی کە لەگەڵ گۆڕانکاری‌یە زمانی‌یەکان دا گونجاون" پێناس کردو شکلۆفسکی یەکێك لە یەکەم وتارەکانی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردبوو.[١٢] شکلۆفسکی شێوەیەکی هاوشێوەی لەنێوان رێزمان‌و رێزمانی چیرۆکدا دۆزیبوویەوە.[١١] تۆدۆرۆڤیش کاتێك باسی لە بەکارهێنانی پاژە ناوەکی‌یەکانی "تیۆریی دەربڕین" لە ئەدەبیات دا کرد، کەوتبوە ژێرکاریگەریی شکلۆفسکی‌و فۆرمالیستە رووسی‌یەکان. ئەو هێمای بۆ بەکارهێنانی فرمانەکان لەزمانی رۆژانەو ئەدەبیاتی مۆدێرن کردو رۆمانی میشێل بۆتۆری بە نموونە هێنایەوە. ئەو بەرهەمانەی کە دەبێ وەکوو دەستپێکی ژانرێکی ئەدەبیی تازە بزانرێن: خوێنەر بە چاوەڕوانی دەهێڵنەوەو وشەیەکی تری چاوەڕواننەکراو بەکار دەهێنن. تۆدۆرۆڤ لە بەکار هێنانی فۆرمەکانی دیکەی خوازەکان‌و شێوازەکانی "تیۆریی دەربڕین" لە ئەدەبیاتیش دا، باسی کردوە: لێکچوونی واتایی وشەکان لە "رێزمانی چیرۆك" دوو یان چەند کەسێتی‌یەك لە کەسێك دا گرد دەکاتەوە. بەکارهێنانی فرەواتایی وشەیەك، لە بەرهەمەکانی راسین دا، کاراکتەرێك فرەچەشن دەنوێنێ. لە "دیکامێرۆن"دا شوێنگەی دوو کەسێتی بەهۆی گۆڕانی دۆخ، واتاگەلی تازە وەردەگرێ، ئەمە خاڵێکە کە لە بەکارهێنانی زمانی دا نموونەی زۆری هەیە: (وەکوو) گۆڕانی واتایی رستەکان لەسەر بنچینەی بەستێنی بەکارهێنانی (رستەکە) یان لەسەر بنەمای شوێنگە جیاوازەکان.[١٣] لە زمانناسی دا بەپێی توێژینەوەی بنۆنیست "واتای وشە، توانای وشەیە بۆ تێکەڵبوون لەتەك یەکەیەکی دیکە کە لە ئاستێکی (کامڵتر)دایە". یان بە دەربڕینی‌تر واتای وشە لەو رۆنانانەی کە لەوان دا دەتوانێ ئەرکی زمانناسانە بگرێتە ئەستۆ دیاری دەکرێ، واتە: "واتای وشە کۆی پێوەندی‌یە لواوەکانیەتی لەتەك وشەکانی دیکە دا".[١٤] لە گوتەی ئەدەبیش دا واتا لە تایبەتمەندی‌یەکانی

PDF4Kurd

دیکە کە دەتوانین بە "راڤەیی" ناودێریان بکەین جیا دەبێتەوەو هەر بە تەنیا لە "توانای ڕۆنانی"ی (واتا)دا دەناسرێتەوە. لە زمانناسیدا چوارچێوەی رستە دیاریکەری واتای وشەیەو لە گوتەی ئەدەبییشدا دەربڕینی کۆتایی (ئاخێو) ڕۆشنگەری خاڵێکی سەرەتایی‌یە. بەم پێیە تەواوەتی بەرهەم چوارچێوەیەکە کە رستەیەکی کورت لە زمانناسی دا هەمان چوارچێوە پێك دێنن.[١٥] لە تیۆریی ئەدەبیدا بەردەوام واتا کۆی بەرهەم (بە واتای ئەو قەڵەمڕەوە دیاریکراوو تایبەتیەیە کە لە زمانناسیدا دەشێ تەنانەت رستەیەکی زۆر کورت بێت) بە دەست دێنین‌و لە رەخنەی ئەدەبیدا بەردەوام راڤەگەلی یەکەکانی ئاخێوی ئەدەبی لە کۆی بەرهەم هەڵدەهێنجێنین.[١٦] ئیمیل بنۆنیست دوو ئاستی لێك جیای لە کردە یا پێوەندیی ئاخاوتەیی دیاری کرد: ئاخێو و چیرۆك.[١٧] ئەو لەو باوەڕە دابوو کە ئەم دوو ئاستە لە سەرقاڵیی ئاخێوەر (یان نووسەر یان ناسکار) لە گێڕانەوە دا دیاری دەبن. لە چیرۆك دا کەتوارەکان لە زەمەن دا روو دەدەن‌و چیرۆك گێڕەوە یان ئاخێوەر یان نووسەر یان ناسکار، لەو دا دەستێوەردان‌و بەشداری دەکەن. بەڵام لە ئاخێو دا لۆژیك کتومت زەمەنمەند نیەو ئاخێوەر لە کردەی پێوەندی دا بەشدارەو ویستی ئەو لە کاریگەری دانان لەسەر بەرامبەر "گوێگر - خوێنەر" گرنگە.[١٨] تۆدۆرۆف لە وتاری "زمان‌و ئەدەبیات" دا لە پەسند کردنی ئەو جیاکاری‌یە کە بنۆنیست دروستی کردوە، رستەیەکی پروستی بەنموونە هێنایەوەو پێشانی دا کە لەم رستە تا رادەیەك درێژە دا، تەنیا چوار وشەی یەکەم پەیوەستە بە ئاستی چیرۆکەوە، پاشان ئاخێو دەست پێ‌دەکا. تۆدۆرۆف گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەر دەقێك بە چەشنێکی حاشاهەڵنەگر ڕۆنانێکە لەم دوانە. هەر دەقێك‌و هەر گوزارەیەك، کردەیەکی گێڕانەوەییە. جۆرە دەربڕینێکی زمانناسانەی کەتوارە، کەوابوو خاوەنی رەهەندێکی "چیرۆك



ئاسا"یە. لە خوێندنەوەی هەر دەقێك دا یەکێك لەم دوو لایەنە بە قازانجی ئەوی‌تر - بە زۆری - لەبەرچاو ناگیرێ.[١٩] فۆرمالیستە رووسی‌یەکانیش سەرنجیان دەدایە ئەم خاڵە: ئەوان لە هەموو دەقەکان‌و فۆرمەکانی ئاخێو چیرۆکێکیان دەدۆزیەوە کە کۆی کۆتایی‌و دەرنەبڕاوی پاژەکانەو ئەم چیرۆکەیان لە تان‌و پۆ جیا دەکردەوە. کە ئەمەی دووەمیان پێوەندی‌یەکی تایبەتی‌یە کە چیرۆك گێڕەوە (بکەر، نووسەر، ئاخێوەر) دەیداتە پاڵ ئەم رووداوانە؛ واتە جیاکاریی نێوان رووداوەکانی ژینی راستەقینەو "ژیانی چیرۆکی" کە لە چەقی کردەی گێڕانەوە دا خۆی حەشار داوە دەگرێتەوە. هەر گێڕانەوەیەك خاوەنی ئەم چیەتی‌یە دووفاقی‌یەیە؛ لە هەر گێڕانەوەیەك دا کەتوار دوو فۆرمی هەیە: کەتوار بەو شێوەیەی کە کاریگەری دەخاتە سەر کەسێتی‌یەکان‌و بەو شێوەیەی کە لە پێوەندیی دووسەرەی ئاخێوەر - گوێگر دا درکی پێ‌دەکرێت. ئەم جیاکاری‌یەی ئاخێو و چیرۆك ئێمە بە خاڵی بنەکدار (سانترال)ی "روانگە" دەگەیەنێ: ئەو کەسەی کە لە گێڕانەوەی چیرۆکێك دا دەڵێ: من،"ئەو منە" منی ئاخێو نیە، واتە ناسکار یان چیرۆك گێڕەوەی کردەو پێوەندیی ئاخاوتەیی نیە. ئەو تەنیا کەسێتی‌یەکە لەنێو چیرۆك دا - جیا لە هەر ڕۆڵێك کە لەو دا هەیبێ - و لەتەك بەکارهێنانی "من"دا تەنیا بەرجەستەیی زیاتر پەیدا دەکا. بەڵام دەتوانین منێکی دیکەش بدۆزینەوە؛ ئەو "من"ە نەبینراوەی کە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدا، ئەو ناسکارە یا ئەو نووسەرەی کە خامە دەخاتە سەر کاغەزو بۆ وێنە دەنووسێ: "جاران چەند زوو دەخەوتم...". تۆدۆرۆف پاشان باسێکی لەمەڕ پێگەی چیرۆك گێڕەوە (چەشنی زانای گشت، چەشنی یەکێك لە کەسێتی‌یەکان؛ بەڵام وەکوو زانای گشت، یان چەشنی کەسێتی‌یەك‌و بە ڕاستی لە چوارچێوەی ئاستی زانیاریی ئەو) دەخاتە ڕوو. ئەمە باسێکە کە لە بابەتەکانی "رەخنەی

PDF4Kurd

ئەدەبیی ئەنگلۆساکسۆن" (بە تایبەتی لە ڕێبازی "ڕەخنەی نوێ") تێناپەڕێو لە ئاخێو دا ئەو ڕەخنەیە بە "پەرەستنی ڕوانگە" ناودێر کراوە.

## ١٥٤
## ٢

تـۆدۆرۆف بـه پێچـەوانەی بـارت بـە زۆری گـرینگترین کێشـە تیۆریـیەکان دەوروژێـنێ؛ لـەو دا بـە ئاشکرا مەیلـێك لەهەمـبەر تیۆرەوانیـی ئەدەبـی هەیـە، جۆرە ئەوینێك لەهەمبەر "سیستەم، تیۆریو هێنانەگۆڕی ڕێساگەلی گشتی بەدی دەکرێ. ئـەم ڕاڕاییـیە کە بـارت بەردەوام لەبەری هەڵدەهات میراتی فۆرمالیستە ڕوسیـیەکان بـە تایبەتـی باختیـنە. تـۆدۆرف لـە وتارێکی کورت دا، بە شێوەیەکی سیستماتیكو ورد، تیۆریی ئەدەبی پێکهاتە گەرایی شیتاڵ کردۆتەوە"[٢٠] و یەکێك لـەو نووسـەرانەیە کـە فەرهەنگـنامەیان لەمـەڕ زمانـەوە نووسـیوە کـە زۆر لـە زمانناسـان پەسـنیان کـردوە.[٢١] لـە بەرهەمەکانـی تـۆدۆرۆف دا جـۆرە کـەشو هەوایـەك یـان سروشـتی سـەدەی هەژدەهـەم، گـونجاو لەتـەك فەرهەنگـنامەی بەناوبانگـی دیـدرۆ، دالامبێـر بـەدی دەکـرێ؛ کـە بێگـومان پایـەو ڕێـزی پێکهاتەگەرایـی زیاتـر کـردوە. ژمارەیـەك لـە بابەتەکانـی تاووتوێـی تـۆدۆرۆف "گشـتی"ن: چـەمکی ئەدەبـیات، واتـای سـیمبۆل لـە ئاخـێوی ئەدەبـیات، ژانـرە ئەدەبیـیەکان، ئاماژە لە ئاخێوی ئەدەبیداو ... دەگرنەوە. خاڵی گرینگ لێرەدایە کـە ئـەو لـە توێژینەوەکانـیدا، لـەبارەی بابەتـە گشـتیـیەکان، هـەمان وردیو وردبینیـی وتارنووسـێکی لەخـۆی نیشان داوەو شـیکردنەوەی ئـەو نموونانەی کە دەیانهێنێـتەوە زیاتـر ڕێخۆشـکەرە تـا ئـەو گشـتگیرییە تیۆریکـیانەی کـە دواجـار ئەنجامـیان دەدا. لـەم بـارەوە وتـاری "چـەمکی ئەدەبـیات" نموونەیەکـی دیارە.[٢٢]



لـەم وتـارەدا تـۆدۆرۆف نیشـانی دا کـە چـەمکی ئەدەبـیات لـە ڕۆژئـاوا، خاڵێکـی تازەیـەو پێشـینەی پەیدابـوونەکەی بـۆ سـەدەی هەژدەهـەم دەگەڕێـتەوە. پێشـتر وشـەیەك لەبەردەسـت دا نەبـوو کـە تـەواوی بەرهەمهێنانـی ئەدەبی بەیان بکاتو بیگـرێتە خـۆ. هەرچـەند وشـەیەك نەدەدۆزرایـەوە، بـەڵام چـەمکەکەی هەبـوو. ڕێگەیـەك بـۆ ناسـینی ئـەو چـەمکە، کـەڵك وەرگـرتن بـوو لـە "مێـتۆدی ئەرکی": هەمـوو بەرهەمـە ئەدەبـیەکان گەوهەرێکـی هاوبەشـیان هەیـەو خاوەنـی کۆمەڵە ئەرکێکـی تایبەتیی خۆیانن، تا ئەمڕۆکەش ئەم مێتۆدە ئەرکی Functionalityیە کەڵکی لـێ وەردەگـیرێ. تـۆدۆرۆف نووسـی کاتـێك مـارتین هایدگێر بڕیار دەدات: "هـونەر، نواندنـی کەتوارە" یان "شێعر، بنەمای هەبوونە بە یارمەتیی ئاخاوتە" لـە ڕاسـتیدا لـە هـەمان مێـتۆدی ئەرکـی کەڵکـی وەرگرتوە. ئەم مێتۆدە ڕووبەری کارەکـە لەچوارچـێوەی "شـاکارەکان"دا دەهێڵێـتەوە، واتـە ئـەو بەرهەمانـەی کـە گـریمان دەکـرێ "گەوهـەری هـونەری"یـان هەیـە.[٢٣] هایدگێـر خۆیشـی هەرگیـز نەیشاردۆتەوە کـە بابەتـی کارەکـەی "هـونەری هەڵکەوتـوو"یـە. لەبەرامـبەر دا، مێـتۆدی شـیکردنەوەی پێکهاتەییمان هەیە؛ واتە ناسینی هەر یەك لە لایەنەکانی بەرهەمهێنانـی ئاخـێوی ئەدەبـی لـە ڕێگـەی شـیکردنەوەی پێوەندیـیە ناوەکییەکانـی تـوخمە پێکهاتەییـیەکانـیان. ڕێگـەی کلاسـیکی ناسـینی بەرهەمـە ئەدەبیـیەکان بەکارهێنانـی چـەمکی ئەرەسـتۆیی "لاساییکردنەوە"یە. ئەدەبیات لاسـایی کـردنەوەی کەتـواری بەرجەسـتەیە لـە ڕێگـەی زمـانو وێنەکێشـان لاساییکردنەوەی ئـەو کەتوارەیە لە ڕێگەی شێوەکارییەوە. بەم پێیە ئەدەبیاتو هـونەر بـە واتـای خوڵقاندنی کەتوارێکی تازەن. ئەرەستۆ لە "تیۆریی ئەدەبی"دا، دەربڕینـی شـێعریی بـە هاوشـانی ئـەو ئافـراندنانە دەزانـێ کـە "بـە یارمەتیـی ڕەنگـەکانو ڕوخسـارەکان" وەدەسـت هاتـووە.[٢٤] لاسـایی کـردنەوە دروسـتکەری



PDF4Kurd

مەوداو جیاوازیی نێوان بابەتو بەرهەم ("کەتواری بەرجەستە"و "کەتواری هونەری")یە. فرگە بە پشت بەستن بەم خاڵە دەیگوت کە دەقی ئەدەبی نەڕاستەو نە درۆ، بەڵکوو "چیرۆك ئاسا"یە. سروشتی "چیرۆکی" ڕەنگە لەمەڕ ڕۆمانو چەشنەکانی دەربڕینی گێڕانەوەیی کارایی هەبێ، بەڵام شێعر کە لە بنەڕەت ڕا پێوەندیی بە کەتواری دەرەکیەوە نیە، لە تەك ئەم "سروشت"ەدا سەروکاری نیە. هەروەها لەبارەی بەشێك لەجۆرەکانی دەربڕینی ئەدەبیش "چیرۆك" چەمکێکی ئەکتیڤ نیە: نزاکان، پێداهەلگوتنەکان، پەندەکان، بەشێك لە نوکتەکانو ... تەواوی ئافراندنە ئەدەبیەکان ڕاستەوڕاست چیرۆك ئاسا نینو هەموو چیرۆکەکانیش بە بابەتگەلی ئەدەبی ناژمێردرێن. ئەو "خاڵانە یان نموونە دەروون شیکاریانە" کە فرۆید "دەیان گێڕێتەوە" دەبێ ڕاست بن تا خزمەتێك بە تیۆرەکەو هەروەها دۆزینەوەی هەقیقەت بکەن. ڕەخنە بە شێوەیەکی لاسایی‌گەری رابردوویەکی درێژی هەیە. تۆدۆرۆف لەکتێبی "تیۆرەکانی سیمبۆل"دا باسی لەم خاڵانە کردوە.[٢٥] خاڵی گرنگ پێوەندیەکە کە تۆدۆرۆف لە نێوان چەمکی ئەدەبیاتو "شێوەی تاووتوێی پێکهاتەیی" دروستی کردوە. یەکێك لەو خاڵە "گشتی"یانە کە تۆدۆرۆف کردی بە بابەتی کاری خۆی، ڕێزمانی چیرۆك بوو.[٢٦] ئەو لەم بوارە دا تا ڕادەیەك لەکاری برێمۆنو گێرماسەوە نزیکە، تۆدۆرۆف هەوڵی داوە تا لە کاروباری گێڕانەوە تێبگات. ئاشکرایە وشەی دەستوور کە تۆدۆرۆف بەکاری هێنا، زادەی لێکچوونە لەگەڵ "ڕێزمان" لە بابەتەکانی زمانناسی دا. بەر لە تۆدۆرۆف فۆرمالیستە رووسیەکان سەرنجیان دابوویە ئەم خاڵە. ئەوان دوو فۆرمی سەرەکیان لە ڕۆنانی چیرۆکەکان لێك جیاکردبوویەوە: ١ـ فۆرمێکی کراوە کە لەو دا ڕووداوەکان بە دوای یەکدی دا تێدەپەڕن، وەکوو زنجیرە ڕووداوێك کە پاڵەوانەکانیان



لەگەڵیان دا، بەرەوروو دەبن. وەکوو "دۆن کیشۆتو ڕۆکامبۆلو یۆلسێسس"ی جیمز جۆیس. ٢ـ فۆرمی داخراو، کە لە تەك هەوێنێکی سەرەکی دەست پێدەکاو گەڵاڵە **Plot** پێبەپێی کامڵبوونی ئەو هەوێنە بەرەوپێشەوە دەچێو دواجار کۆتایی پێدێت. هەرچەند کە دەتوانین زنجیرەیەك ڕووداوی لاوەکیش بدۆزینەوە کە لە ڕەوتی چیرۆك دا دێنە پێشەوە، بەڵام لۆژیکی چیرۆك پەرەسەندنی ئەو هەوێنە سەنتراڵەیە. لەم گرووپە دا دەتوانین "ئۆدیبی سۆفۆکلێس یا فێرکاریی هەستیارانە"ی فلۆبێر بە نموونە بێنینەوە. بە ڕای تۆدۆرۆف لە دەسپێکی چیرۆك دا جۆرە لەپێش دانان **Premis**ێك (گەرای بەرەنجام) هەیە کە لە کۆتایی چیرۆك دا ئاشکرا دەبێ (دێتە ئەنجام)و چیرۆك تێپەڕینە لەم لەپێش دانانە دەسپێکیە بەرەو بەدیهاتنی دوایین ئەنجام. ڕێسای سەرەکی لە گرووپی یەکەم هاویاریی ڕووداوەکانو هاوتەریبیە، ڕێسای سەرەکی لە گرووپی دووەم دا ئاست نزمیو ئاست بەرزیی ڕووداوەکانە لە بەرامبەر یەکتری دا. ئەم ڕێسایانە بە جۆرێکی دیکەش لە چیرۆکەکان دا بەکار دێن. ڤیکتۆر شکلۆفسکی دەری خستوە کە هاوتەریبیی کەسێتیەکان لە "شەڕو ئاشتی"ی تۆلستۆیدا، بەدی دەکرێ، (هاوتەریبی ناپلیۆن/کۆتۆزۆف، هاوتەریبیی شازادە ئاندری/پیێر بزۆخێف)و ئاست نزمی لە ئاناکارنین (ئیستوا لە پلەیەکی نزمتر لە خوشکەکەی)[٢٧]. هاوتەریبی، دژایەتیو پلەبەندی، "چەند وێکچوونێکیان لە "یەکە"کانی زمانناسیدا هەیە"و ئەم پێداگرتنەی شکلۆفسکی، وەبیرهێنەری سەرنجێکی بنۆنیستە کە پێشتر باسم کرد.

تیۆریی تۆدۆرۆف لەمەڕ "ڕێزمانی چیرۆك" لەوتارێکدا هەر بەم ناوە هاتوە.[٢٨] بەڵام ڕوونکردنەوەی زیاترو ڕاژەی ئاراستە تیۆریەکانی دەبێ لە دوو کتێبی تۆدۆرۆفدا بۆی بگەڕێی کە تاووتوێی ڕۆمانی "هۆگرییە ترسناکەکان"و تاووتوێی



PDF4Kurd

چیرۆکەکانی "دیکامێرۆن" دەگرنە خۆ.[٢٩] لە وتاری "رێزمانی چیرۆك"دا تۆدۆرۆف لەم خاڵەوە دەستی پێکرد کە زماننناسی بەردەوام لەدووی ناسینی رێزمانی کۆتایی‌و گشتی بووە تا لەسەرووی جیاکاریی زمانەکانەوە جێ بگرێ‌و بە دوا پێکهاتەیان ئەژمار بکرێت. بە هێنانەگۆڕی پێوەندیی گێڕانەوەو زمان، بیرۆکە دۆزینەوەی رێزمانی چیرۆك هاتۆتە ئاراوە. یەکەمین دژواری لەم رێگەیەدا لە پاتۆرەکانی ئاخێویێکەوە پێکدێن. دیدی واتاناسانە لەمەڕ پاژەکانی ئاخێو دەبێ جیاکاریی پێناسەو ناو لەبەرچاو بگرێ. "پێناسەی فۆرمیك" بۆ نموونە منداڵ ـ بوونەوەرێك کە خاوەنی سروشتی جەستەیی دیاریکراوە ـ دێنێتە گۆڕێ، بەڵام ناوی منداڵ، ئەم سروشتانە بە چەشنێکی لە پاڵیەك (دیاریکراو) دەناسێنێ. لە چیرۆك دا بە بەکارهێنانی هەر جۆرە پێناسەیەك (ناوە گشتی‌یەکان) هەمدیس سروشتە دیاریکراوەکان دێنەوە گۆڕێ. ئەگەر بڵێین "پاشای فەڕانسە سەفەری کرد" بەو مانایەیە کە دەزانین مرۆڤێك پاشای فەڕانسەیەو ئەو مرۆڤە سەفەری کردوە. لە راستی دا پاشای فەڕانسە نەك ناوێکی گشتی، بەڵکوو ناوێکی تایبەتی‌یە. بکەری رێزمانی بەردەوام لە هەرچەشنە دیاریکاری‌یەك بەدەرە، بەڵام بکەری چیرۆکی ناتوانێ لەدەستی دیاریکاری‌یەکان رزگاری بێت. هەر کردەیەك لە رێسایەکی رێزمانی دا "بکەر ـ کردار ـ بەرکار" یان "بابەت ـ بارکراو ( = محمول)"ێك ئاراستەیەکی دیاری‌نەکراوی هەیە، بەڵام هەر کردەیەك لە دوایین رێسای چیرۆك (واتە تێپەڕین لە هەڵکەوتی سەقامگیری یەکەم بەرەو هەڵکەوتی سەقامگیری دووەم) ئاراستەیەکی دیاریکراو پەیدا دەکات. لە چیرۆکێکی دیکامیرۆن بە ناوی "گۆزە شەراب"دا ژنێکی خاوەن مێرد بەناوی "پەرونلا" دڵخوازێکی دیکەشی هەیە. هەرچەند دوو پیاوەکە ناوەکەیان دیار نیە، بەڵام لە چیرۆکدا رۆلی تایبەتیی

خۆیان هەیەو بەهۆی چەند سیفەتێکەوە دیاری دەکرێن، هەر بەو شێوەیەی کە خودی پەرونلا دیاری دەکرێت. گرینگترین سیفەتەکانی دوو پیاوەکە مافەکەیانە کە لەمافی پەرونلادا دەبیندرێتەوە، پەرونلا مافی رابواردنی هەیە لە تەك یەکێك لە پیاوەکان‌و لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا ئەو مافەی نیە. هەوڵی ئەو بۆ گەیشتن بە مافێك کەنیەتی، دەبێتە هۆی تێپەڕین‌و گۆڕانی چیرۆك لە هەڵکەوتی یەکەم بەرەو هەڵکەوتی دووەم. پەرونلا بەهۆی کردەی خۆیەوە هەڵکەوتی یەکەم لەق دەکا (پێ‌بەپێی شکاندنی یاساو رێسایەك کە مافەکانی ئەو دیاری دەکا) ، خاڵەکە لێرەدایە کە ئەگەر بۆکاچیۆ پەرونلای بە هاوسەر یان ژن لە قەڵەم دابا، شتێکی ئەوتۆ نەدەگۆڕا، لەچیرۆکدا ناوە تایبەتی‌و گشتیەکان هەرچۆنێك بێ بۆ ناوە تایبەتیەکان دەگەڕێنەوە کە سەرقاڵی کردەن‌و لەم رێڕەوەدا تایبەتمەندن. هەڵکەوتی دووەم سەقامگیرە، چونکە پەرونلا کردەی کڕینی گۆزەیەك ـ کارێکی رەواو پەسندکراو ـ ی لەجێی کردەیەکی قەدەغەو حەرام "داناوە". گوایە بە پێی رێسای بۆکاچیۆ ئازادیی وارسکە شیاوە. ئێستا بە یارمەتیی شیکردنەوەی پێکهاتەی کردەکان‌و نزیکایەتی‌یەکان، توانیومانە یەکە وێنەیی‌یەکان کە لە بەراوردی پاتۆرە جیاجیاکانی چیرۆکەوە دەزانرێن، واتە ناوی تایبەتی، بکەرو بابەت، بناسین.[٣٠] بە پێچەوانەی جیاکاری‌یە ئاشکراکانی رێزمان‌و رێزمانی چیرۆك ناچارین لە رێزمانی چیرۆکیش دا، بەرلەوەی چیرۆك وەسف بکەین، پاتۆرەکانی لە روانگەی وێنەیی‌یەوە لێك جیا بکەینەوە، تەنیا لە رێگەی بەراوردی سیستمی نیشانەکانی چیرۆك لەگەڵ زمان دا کە سیستمێکی دیکەی نیشانەکانە، دەتوانین سروشتە تایبەتی‌یەکانی چیرۆك بناسین‌و وەسف یان راڤەیان بکەین.[٣١] ئەم ناسینە وێنەیی‌یەی پاتۆرە تایبەتی‌یەکانی چیرۆك چیە؟ تۆدۆرۆف نووسیویەتی:

PDF4Kurd

چیرۆکی ئۆتۆپیك، بە دۆخێکی سەقامگیر دەست پێدەکات. پاشان وزەیەك هاوسەنگییەکەی تێك دەدات. هەڵکەوتێکی ناسەقامگیر دروست دەبێت؛ بەهۆی کردەی پێچەوانەی ئەو هێزە، دۆخی سەقامگیر دیسانەوە دروست دەبێ؛ ئەم دۆخە سەقامگیرە چەشنی دۆخی یەکەم خۆ دەنوێنێ، بەڵام ئەم دووانە هەرگیز یەکسان نین. کەوابوو لە چیرۆك دا دوو پارا هەن. پاری دۆخەکان (سەقامگیرو ناسەقامگیر)و پاری گواستنەوە. جۆری یەکەم بە چەشنێکی ڕێژەیی چەقبەستووەو دەتوانین بڵێین چەندبارەیە. جۆرێکە لە کردە کە دەتوانێ بە شێوەیەکی لەبن نەهاتوو دووپات ببێتەوە. بەڵام پاری دووهەم لە بنەڕەتەوە بەردەوامو گەشەسەندوویەو تەنیا یەك جار هەیە نەك زیاتر.[٣٢]

تۆدۆرۆف لە وتارێکی دیکە دا لەژێرناوی "گۆڕانی گێڕانەوە"دا پاری گواستنەوەی وردتر وەسف کردو روونی کردەوە کە تێپەڕین تێکەڵاوییەکە لە لێکچوونو جیاکاری:

پێوەندیی ساکاری رووداوە یەك لە دوای یەکەکان، چیرۆك نیە؛ رووداوەکان دەبێ پاژەکانی یەکەیەك بن، واتە دواجار پێکەوە توخمی هاوبەشیان هەبێ. بەڵام ئەگەر توخمەکان هاوشێوەی یەکدی بن ئیدی چیرۆکێك لە ئارادا نابێ، چونکە ئیدی شتێك بۆ گێڕانەوە نامێنێتەوە. کەوابوو، گواستنەوە هاونیهادەیەکە لە جیاکاریو هاوشێوەی، دوو رووداو پێکەوە گرێ دەدا بە بێ ئەوەی ببنە هاوشێوەی یەکتری. چەشنی "یەکیەتیەکی دوو روخسارە" ئەرکێکە لە دوو واتادا کە: لێکچوونو جیاکاری وێکڕا دەگرێتەوە.[٣٣]

ئێستا بە سەرنج دان بە گرینگیی "قۆناغی گواستنەوە" دەتوانین سەرنج بدەینە لایەنێکی تایبەتیی "رێزمانی چیرۆك". تۆدۆرۆف لە وتاری "چیرۆکی مرۆڤان"دا دەنووسێ:

رێسایەك لەبەرچاو بگرین "A، B ی بینی". بەلای هێنری جیمزەوە A گرنگەو بۆ شەهرەزادی چیرۆك گێڕەوەی "هەزارو یەك شەو" B گرینگە. لەو چیرۆکەی کە پشت بەستوویە بە سایکۆلۆژی، هەر کردەیەك رۆشنگەری کەسێتیی بکەرەو بە دەربڕینو هێمایەك لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام چیرۆکی ناسایکۆلۆژیك بە پێچەوانەوە رێڕەوی خۆی بەهۆی کردەکانەوە نادۆزێتەوە. کردەکان وەك خۆیان گرنگن، بەڵام بەکەڵکی ناسینی سروشتێکی تایبەتی بەناوی هێماکان نایەن. دەتوانین "هەزارو یەك شەو" بە ئەدەبیاتی "بارکراو" ناودێر بکەین، چونکە لەو دا پشت بە بارکراو دەبەسترێ نەك بابەت ... هەرچەند کە بەسەرهاتی ساندبادی دەریاوان لە رێگەی کەسی یەکەمی تاك دەگێڕدرێتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، گێڕانەوەیەکی تاکەکەسی نیە. لەو دا A، B نابینێ، بەڵکوو B دەبینرێت.[٣٤]

لە "هەزارو یەك شەو"دا پێوەندییەکانی توخمەکان بەردەوام بە چەشنێکی سادەو راستەوخۆ، هۆو هۆکارییە. بۆ نموونە A دلێرە، کەوابوو دێوەکە دەشکێنێو ئەمە سروشتی "ئەدەبیاتی بارکراو"ە. بەڵام لە "ئەدەبیاتی بابەت" دا، ئێمە لە رێگەی پێشڤەچوونی چیرۆكو شکانی دێوەوە تێدەگەین کە A دلێرە. لە "هەزارو یەك شەو"دا پێوەندییەکانی کردەکان بەلاوە دەنرێو شێوازە رۆشنگەرەکانی کردەکان لەنێودەچن؛ چونکە پێوەندییەکە راستەوخۆو هۆو هۆکارییە.[٣٥] زۆر زووش لە دۆخێك بەرەو دۆخێکی پێچەوانە دەچین. هاوسەری تازیەباری قاسم، بەخێرایی پێشنیاری عەلیبابا برای قاسم پەسند دەکاو لەپاش شەوێك تازیەباری رازی دەبێ ژینی هاوبەش لەتەك عەلی بابا پێك بێنێو ... . ئەم چەشنە نموونانە لە "هەزارو یەك شەو"دا زۆرن.

PDF4Kurd

کتێبی "دەستووری دیکامیرۆن" نموونەیەکی باشە لەمێتۆدی تۆدۆرۆف لە ناسینی "ڕێزمانی چیرۆك"دا. گێڕانەوە لەم کتێبە دا بە کۆمەڵەیەك لە کەرەستە زمانییەکان لە قەڵەم دەدرێت کە خاڵی گرنگ لەو دا بەهۆی ڕۆڵە "بان ڕێزمانی"یەکانی پێکهاتە بەندی بەدەست دێت. هەر چیرۆکێك دەتوانین لە سێ ڕوانگەی سینتاکسی، تیۆریی بەیانی، واتاناسانە، تاووتوێ بکەین. ڕوانگەی پشت بەستوو بە تیۆریی دەربڕین کە لە بنەڕەت ڕا پەیوەستە بە ئەرکی وشەکانەوە، بە بۆچوونی تۆدۆرۆف بایەخی ئەوتۆی نیە (واتە لەبۆناسینی پێکهاتەی گێڕانەوەیی بێکەڵکە). کاری تۆدۆرۆف لە پلەی یەکەم دا لەسەر ڕوانگەی سینتاکسی دا چڕ بۆتەوەو پاشان تا ڕادەیەك سەرنج دەداتە ڕوانگەی واتاناسانە. تۆدۆرۆف سەد چیرۆکی "دیکامیرۆن" بەم چەشنە تاووتوێ دەکا: ناسینی "بەرودوایی"ی چیرۆکەکان، ناسینی گوزارەکان (هەر گوزارەیەك ڕستەیەکی گێڕانەوەیی تەواوە لە بەرامبەر ڕستەیەکی تەواو، لە ڕێزمان دا)و ناسینی بەشەکانی (ناوە تایبەتییەکان، کردەکان، ئاوەڵناوەکان). لەم ڕێزمانە دا گوزارە دەتوانێ هەر لەناوی کەسێتییەکانو ئاوەڵناو تا دەگاتە کردەیەکی تەواو، بگرێتەوە.[٣٦] هەموو سیفەتەکان کە لە سەد چیرۆکی هەڵبژاردەی دیکامیرۆندا بەدی دەکرێن لە سێ‌دەستەدا پۆلێن دەبن: ١ـ ئەو سیفەتانەی کە سەرچاوەکەیان بەرامبەریی شادیو خەم، ئەوینو تەنیاییـیە. ٢ـ ئەو سیفەتانەی کە سەرچاوەکەیان بەرامبەریی چاکەو خراپەیە. ٣ـ سیفەتە سنووردار کەرەکان، وەکوو تەمەن، شوێنگەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز "نێر یا مێ"و کە لە دیکامیرۆندا یەکێك لە گرینگترین سیفەتە سنووردارەکان خێزاندار بوون یان ڕەبەنیی کەسێتییە. لە زۆربەی چیرۆکەکانی دیکامیرۆن تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسانەی کە لەم گرووپانەدان بەردەوام سەقامگیر دەمێننەوە. کردەکان لە



"دیکامیرۆن" (تا ئاستی) سێ فرمان دادەبەزن: گۆڕان، گوناه کردنو سزادران. لەسەر بنەمای ئەم نموونە گشتییانە، تۆدۆرۆف تاووتوێی سەد چیرۆکەکەی ئەنجام داوە.

نزیکایەتیی بەرهەمی ئەدەبی لەتەك کەتواردا چیە؟ ئەم پرسیارەش لەبەردەمی بارت دا، قوت ببوویەوەو وادەردەکەوێ کە هیچ ڕەخنەگرێك جگە لەوەی هەڵوەستەی لێ بکات چارەیەکی تری نیە. تۆدۆرۆف لەم بارەوە کەڵکی لە زاراوەی "ڕاست نوێنیی بەرهەمی ئەدەبی" وەرگرتو ئەم پرسیارەی هێنایە گۆڕێ: سنووری ڕاست نوێنی یان گونجاوی کەتواری هونەری لەتەك کەتواری بەرجەستە لە کوێ دایە؟ تۆدۆرۆف لە وتاری "دەروازەیەك بۆ ڕاست نوێنی"[٣٧]دا دەریخست کە "ڕاست نوێنی" دەقاودەق بەواتای گونجان لەتەك کەتوار نیە، بەڵکوو یەکدەنگییە لەتەك تێگەیشتنی هەمووان لەئاست کەتوار. لە فیلمێکی فریتیس لانگ دا بە ناوی "لە سەرووی گومانی لۆژیکی" (١٩٥٦) نووسەرێك بە ناوی تام گارێت بە ڕواڵەت بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە کە یاسا بە ئاسانی دەتوانێ بێتاوانان بە مردن سزا بدا، بە یارمەتیی خەزوورەکەی بەڵگەنامەو چەند ئاسەوارێك کۆدەکاتەوە کە ئەو بە "بکوژ دەناسێنن". هەموو کەسێتییەکانی فیلمەکە ئەو بە تاوانبار دەزانن، جگە لە خەزوورەکەی ... و بینەران. ڕاست نوێنیی ڕێساکان (گونجاو لەگەڵ ڕای هەمووان) لەگەڵ هەقیقەت دا ناگونجێ. خەزووری گارێت دەمرێ، بەڵام بەڵگەگەلێك کە بێتاوانیی ئەو (گارێت) دەسەلمێنن بۆ دادگا دەنێرێت. ئێستا هەمووان ئەو بە بێتاوان دەزانن، بەڵام بینەران بۆیان دەردەکەوێ کە بە ڕاستی ئەو بکوژەو ئەوەی لە سەرەتای فیلمەکە ئەنجامی دابوو، جگە لەو شێوازانەی کە بۆ شاردنەوەی تاوانی کوشتن بەکاری هێنابوون، هیچی دیکە نەبوو. جارێکی دیکە ڕاست نوێنی لەگەڵ هەقیقەت دا



PDF4Kurd

یەك ناگرێتەوە. لە کۆتایی دا تەنیا بە مردنی گارێتو ( مەرگی چیرۆك) باوەڕی هەمووان (راست نوێنی) لەتەك هەقیقەت دا یەك دەگرێتەوە.[٣٨] تۆدۆرۆڤ پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پارادۆکسی راست نوێنیو هەقیقەت "یاسای رۆمانی پۆلیسی"یە.[٣٩] لە کتێبی "تیۆریی ئەدەبی"دا تۆدۆرۆڤ دوو چەشنە پێوەندیی ناوەکیی پاژەکانی ئاخێوی ئەدەبیی لێك جیا کردەوە: پێوەندییەکی پشت بەستوو بە پیوارو پشت بەستوو بە ئارایی. لە جۆری یەکەمدا، توخم گەلێکی شاراوە کە لە قووڵایی نەست دان، پێوەندیـیەك لەنێوان واتاو سیمبۆڵ دروست دەکەن. لەکاتی خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی، ئەم ئاماژە پێکەرە، دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ئاماژەپێکراوێکی تایبەتی. لە جۆری دووەم دا، پێوەندیـیەکانی توخمەکان لەسەر بنەمای پلەبەندی پێکدێت. لێرەدا وزەی ناوەکیی بەرهەم، هاورێکیو ریزبەندیەکەی دیاری دەکات. وشە، رستە، کردە، کەسێتیی چیرۆکی نەك ئاماژە بە وشە، رستە، کردە، یان کەسێتیەکی دیکەدەکەنو هەیەو سیمبۆلێکن کە ناکەونە خانەی ئەم دوو جۆرانەوە.[٤٠] ئاخێوی ئەدەبی لە سەر بنەمایەکی دیکە دامەزراوەو ئەویش بریتیە لەزمان. ئەم پەیوەست بوونە بنیاتیەی ئەدەبیات بە زمانەوە کە لە راستیدا واتای ئەدەبی لە واتا ناسراوە زماننا‌سانەکان وەدەست دێنێ، بە فۆرمو پلەی جیاواز لە "ژانرە ئەدەبیەکان"دا دەردەکەوێ. جیا لەم دوو دەستەیە دەتوانین دەستەی سێیەم واتە بەدوایەك داهاتنی ئاخاوتەییش بەدی بکەین. لێرەدا توخمە ناوەکییەکان لەسەر بنەمای بەردەوامیی لۆژیکی تایبەتیی خۆیان تاووتوێ دەکرێن. فۆرمالیستە رووسیەکان پێیان وابوو بواری تیۆریی ئەدەبی لە سێلق پێك هاتوە: مێتۆدی دەربڕین، رۆنانو هەوێنی بەرهەمەکان. یەکەمیان لەسەر بنەمای سێنتاکسی، دووەم واتاییو سێیەم تیۆریی دەربڕین دامەزراون. لەمێژووی تیۆریی ئەدەبیدا قۆناغ

گەلێك هەن کە یەکێك لەم لقانە گرنگتر لە لقەکانی دیکە زانراونو توێژینەوە ئەدەبیەکان لەگەڵیدا یەکیان گرتۆتەوە. فۆرمالیستە رووسیەکان جەختیان لەسەر گرینگیی ئاراستەی سینتاکسی کردو تیۆریی ئەدەبیی مۆدێرنیش ئەم رێگەیەی گرتە پێش. لە لایەکی دیکەوە فۆرمالیستەکانو پێکهاتە گەرایان رێساکانی تیۆریی دەربڕینیان لە چوارچێوەی باسکردن لە هەوێنی بەرهەمەکان نەهێشتەوەو لە پانتایی بابەتە سەرەکیـیەکانی خۆیان لەمەڕ فۆرمەوە بەکاریان هێنان. بابەتە کلاسیکیـیەکانی تیۆریی دەربڕین لە باسەکانی رێبازی رەخنەی نوێ (بە تایبەتی لە تاووتوێی روانگەدا)و هەروەها لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژیکیـیەکان دا گرینگیان پەیدا کرد. بە بۆچوونی تۆدۆرۆڤ خاڵی گرنگ لە تیۆریی ئەدەبیی مۆدێرن جیاکاریی نێوان دوو پرسیاری سەرەکیـیە: ١. بە چ جۆرێك دەقێك واتای هەیە؟ ٢ـ چ واتایەکی هەیە؟ پرسیاری یەکەم ئێمە دەگەیەنێتە پێوەندیی فۆرمو واتا، پرسیاری دووەم پێوەندیی دەق لە تەك توخمە یان دەقیـیەکان (سیستمی سیمیۆلۆژیکی کە بە کەتوار ناودێر دەکرێ) دەخاتە روو. تەنیا بە دۆزینەوەی وڵامێکی ورد بۆ پرسیاری یەکەم دەتوانین لەم خاڵە ئاگادار بینەوە کە هەر "رووداو"ێك لە دەقی ئەدەبی دا (هەر توخمێك کە لە دەق دایە) تەنیا لە چوارچێوەی دەق دا راستەقینەیەو جیا لەوە لەگەڵ "کەتواری بەرجەستە" دا هاوشێوە نیە. پرسیاری سانترال لە باسی "راست نوێنی"دا ئەمەیە: ئایا "کەتواری دەق" لەتەك رێساکانی ژانری ئەدەبی کە دەق لە چوارچێوەی دا جێگیر بووە دەگونجێ یان نا؟ راست نوێنی پێوەندیـیەك لە نێوان ئاخێوو واتادار **Referent**ی ئاخێو دا نیە، بەڵکوو پێوەندیـیەکە لەنێوان ئاخێو لەگەڵ ئەو شتەی خوێنەر بڕوای پێدەکا. خاڵی سەرەکی بەم چەشنە نزیکایەتیی بەرهەمە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە زەینی بەرامبەر "گوێگر

PDF4Kurd

ـ خوێنەر"دا بە ڕاستەقینە خۆ دەنوێنن. [٤١] قسەکردنی ئاژەڵانو هەڵکەوتەکانو ئەرکە "مرۆیی"یەکانیان لە حیکایەتی منداڵان، بۆ منداڵان راست نوێنن. ژیانو پەرجووەکانی مەسیح لە ئینجیل بۆ کەسانێك کە بڕوایان بە فێرکاریەیەکانی هێناوە، راست نوێنە. مەسخی مرۆڤ بە زیندەوەرۆچکەیەك لە دنیای کافکادا راست نوێنە. تۆدۆرۆف لە کتێبی "دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك"دا رستەیەکی ئێدگار ئالانپوی گێڕاوەتەوە کە تایبەتمەندیی باسەکەی ئەو دەنوێنێ: "گیانی مرۆڤ ناتوانێ شتێك جگە لەوەی کە بە بەڕاستی هەیە، وێنا بکات". [٤٢] چیرۆکەکانی (پو) زیاتر لە جۆرەکانی دیکەی چیرۆکە فەنتازیکییەکان لە "کەتواری بەرجەستە"وە نزیکن. بەڵام ئەگەر لە کەتواریش "تێپەڕین" هەمدیس خوێنەر رووداوە فەنتازیکییەکان پەسند دەکا. بودلێر گوتوویەتی: "ئێدگار ئالان پو تەنیا دۆخە ناوێزەکانی ژینی مرۆڤ بەکاری دێنێ، دۆخگەلێك کە بە هەرحاڵ بە مانای کەتوارن، بەڵام کەتوارگەلی دەگمەنن". هەرچەندیش رووخانی بنەماڵەی ئاشێر سەمەرەو نامۆ بێتە بەرچاو، ئەو هەستەی کە پاش خوێندنەوەی دروست دەبێ، جۆرێك "راست نوێنیی رووداوەکانە". ئێمە لەم چەشنە رووداوە "سەیرو سەمەر"انەی کە روو دەدەن سەرمان سوڕ دەمێنێ. تۆدۆرۆف لە "دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك دا هەوڵی دا تاکوو نموونەگەلێك لەم نزیکییەی خەیاڵو کەتوار پۆلێن بەندی بکا. لە ئەدەبیاتی فەنتەزیك دا چەندین گیانەوەری دەریایی دەبینین کە بان سروشتی نین، تەنیا لە قەبارە درنج ئاساکەیان دانەبێ. بۆ نموونە سەندبادی دەریاوان لە "هەزارو یەك شەو"دا ئەژدیهایەکی دەریایی دەبینێ کە بە قەد فیلە زەمینییەکان، ماسییە زەبەلاحەکانو باڵندەی هەرە گەورە کە هەتاو دادەپۆشنو ... ئەمە ڕەنگە لەم هەقیقەتەوە سەرچاوە بگرێ کە "چاوانی ترساو هەموو شتێك گەورە





دەبینن". [٤٣] جۆرێکی دیکەیان سەیرو سەمەرە ئامرازییەکانە. بەشێکی دیاردەکان لە چوارچێوەی دەقدا سەمەرەن، بەڵام لە دنیای خوێنەری ئەمڕۆیدا خالگەلێکی ئاشنان. چەشنی ئەو شتانەی کە لەهەزارو یەك شەودادەفڕن، لە هەزارو یەك شەودا، یان دیوارێك کە لە هەر لەگەڵ روانینی عەلی بابا لادەدرێ. خالگەلێکی زۆر لە چیرۆکە زانستیو خەیاڵییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە سەرسووڕهێنەر بوون ئەمڕۆکە بوونەتە ئامرازێکی ئاشنا (ژێردەریایی ناتیلۆس لە "بیست هەزار کیلۆمیتر لە ژێر دەریا"ی ژوول وێرن، کەشتیە ئاسمانیەکانو شتی سەمەرەیتر لە بەرهەمەکانی ژوول وێرن دا) "لەو نموونانەی سەرەوەن".

٣

"دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك" بەناوبانگترین کتێبی تۆدۆرۆفە. یەکەمین "پار"ەکەی پێناسەی ئەدەبیاتی فەنتازیكو ناسینی پێگەکەی لە دەربڕینی گێڕانەوەیی دا لەخۆ گرتوە؛ لەم رووەوە هەر لەم پارە دا باسێکی ورد لەبارەی ژانرە ئەدەبی‌یەکانەوە هاتوە. کێشەی ژانرەکان بەردەوام بە ڕای تۆدۆرۆف خاڵێکی گرنگ بوە. سەردێڕی یەکێك لە کۆمەڵە وتارەکانی "ژانرەکانی ئاخێو"ە. لەم کۆمەڵەیەدا وتارێك لەژێرناوی "سەرچاوەی ژانرەکان" هێما بۆ کامڵبوونی باسێك دەکات کە لە "دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك"دەستی پێکردبوو. [٤٤] تۆدۆرۆف لەم کتێبەدا جەختی کردبوو کە هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ژانرێکی ئەدەبی بەمانای هێنانەئارای پێناسەیەکی کۆتایی، گشتیو حاشاهەڵنەگرو ورد نیە، گەر چەندین جاریش بەرهەمە فەنتازیکییەکان تاووتوێ بکەین دیسانەوە لە رێگەی ناسینی پارە هاوبەشەکانیانەوە ناتوانین پێناسەیەکی کۆتایی بەدەست بێنین. تۆدۆرۆف بە هێماکردن بە باسێکی کارل پۆپێر کە لە "لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی"دا هاتوە، ئەم ئەنجامەی وەدەست



PDF4Kurd

هێنا: "لە ڕوانگەی لۆژیکی‌یەوە هێنانەگۆڕی پێناسەیەکی گشتی هەڵەیە... هەرچەندیش ژمارەیەکی زۆری قووە★ لە پێشمان هەبێ، هەمدیس ناتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەموو قوویەکان سپین".[45] تۆدۆرۆف لە نێوان "ژانرە تیۆریکی"و "ژانرە مێژوویی"یەکان جیاکاریی کرد. ژانرە تیۆریکی‌یەکان لە تیۆرێکی گشتی ئەدەبی‌یەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ژانرە مێژوویی‌یەکان بەرهەمی لێوردبوونەوەیە لە راستی‌یە دیاریکراوەکانی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان. دابەشکاری کلاسیکی‌یەکانەی ئەفلاتوونی‌و ئەرەستۆیی لەبۆ ژانرە ئەدەبی‌یەکان واتە شێعر، قارەمانیەتی‌و درام، لەسەر بنچینەی تیۆرێکی گشتی واتە تیۆریی "لاسایی کردنەوە" دانراوە. بە پێی سروشتی ئەو روانگەی تیۆریکی‌یەی کە هەڵی دەبژێرین دەتوانین بەرهەمەکان بە گرووپی هەمەچەشن دابەش بکەین.[46] هەر ژانرێکی ئەدەبی کە بە چەشنێکی تیۆریك وەدەستی دێنین‌و پێمان وایە کە پانتایی ﴿ئەو ژانرە﴾مان ناسیوەو پێناسەمان کردوە دەبێ لە تەك دوو سیستمی جیاواز یەك بگرێتەوە: سیستمی ئەزموونی‌و سیستمی تیۆریك. واتە دەبێ لە لایەکەوە پێناسەیەکی وەدەست هاتوو لە ژانرێکی ئەدەبی لە گەڵ دەقە ئەدەبی‌یەکانی دا تاقی بکرێتەوە (و ئەگەر ئەنجام گیریی کۆتایی ئێمە تەنانەت لەتەك بەرهەمێکی تایبەتی دا نەگونجێ بە هەڵەی دەدەینە قەڵەم) لە لایەکی دیکەشەوە ژانرە بەدەست هاتووەکان لە "مێژووی ئەدەبی"ش دەبێ لەتەك تیۆری‌یەکی گشتی‌و سەروسامان دادایەکان گیر بن، ئەگینا ئێمە دەبینە دیلی ئەو پێشداوەری‌یانەی کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی‌تر جیاوازی‌یان تێدەکەوێ: پێناسەی ژانرەکان جۆرە هامووشۆیەکی بەردەوامە لەنێوان روونکردنەوەی راستی‌یە تیۆریکی‌یەکان‌و تیۆری‌یەکی ئەبستراکت".[47]

ڕۆمانتیك خوازە ئاڵمانیەکان، لە بنیاتی تیۆریی ئەدەبیی خۆیاندا، تایبەتمەندیی بەرهەمی ئەدەبی‌یان بەرجەستە دەکرد، نەك لێکچوونەکانیان لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەدا. ئەگەر سروشتی بەرهەمی هونەری لە گەوهەرە تاقانەکەیدا بزانین (جۆرە دیاریکاری‌یەك کە بەرهەم لە هەر دیاریکاری‌یەکی دیکە جیا دەکاتەوە) لە بنەڕەت دا کێشەی ژانرەکان کە لەسەر بنەمای هاوشێوەیی لەنێوان بەرهەمەکان دانراوە، بەلاوە دەنرێ. ئەم تیۆری‌یە لە دوو بابلیسکی رابردوو دا بە شێوەی هەمە جۆر، زۆر جاران هاتۆتە گۆڕێ. بۆ نموونە بێندێتۆ کرۆچە لە پاری هەڵسەنگاندنە هەڵەکان لەمەڕ هونەرەوە لە کتێبی "تیۆریی جوانناسی"دا رایەکەی ئەوە بوو کە رۆژانە لەباسە رەخنەیی‌و مێژوویی‌یەکان دا لەمەڕ هونەرەوە بەرەوڕووی هەڵسەنگاندنی هەڵە دەبینەوە کە دەتوانین هونەر بەسەر چەندەها ژانر دابەش بکەین کە هەر یەکەیان چەمکێك‌و سنوورێکی دیاریکراو و یاساگەلێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵگەیەك کە کرۆچە بۆ سەلماندنی رێساکەی خۆی دەیهێنێتەوە هەمان باسی ناسراوی ڕۆمانتیك خوازەکانە: "هەستی هونەری‌و شاعیرانە بەرهەمی هونەری بە خاتری خودی "بەرهەمەکە" خۆش دەوێ، واتە بە خاتر هەمان ئەو شتەی کە هەیە، وەکوو بوونەوەرێکی زیندوو و تاقانەو لە بەراورد نەهاتوو هەستی ناوبراویش ئەمە دەزانێ﴿!!﴾ کە هەر بەرهەمێك رێسایەکی تاکانەیی‌و بایەخێکی تەواو و لە گۆڕان نەهاتووی خۆی هەیە...".[48] ئەم ڕایەی کرۆچە ئێستاشی لەگەڵ دابێ لایەنگری زۆری هەیە. (مۆریس بلانشۆ)ش دەنووسێ کە تەنیا بەرهەم هەیەو ژانر نیەو "بەرهەم لەنێو ژانر دا دیل نابێ". بەڵام تۆدۆرۆف لە زاری ژێرار ژێنێتەوە دەگێڕێتەوە کە: "ئاخێوی ئەدەبی لەسەر بنەمای ئەو پێکهاتانە دروست دەبێ‌و (کامڵ) دەبێ کە ناتوانێ لەوان تێپەڕێت. ملکەچ ئاسایە، چونکە



PDF4Kurd

﴿ئەو پێکهاتانە﴾ لە زمان‌و نووسینیان دا دەدۆزێتەوە".[49] باسی ڕۆمانتیک خوازەکان بە شێوەیەکی رەها هەڵە نیە. رەگ‌و ریشەی باسەکەیان لە راستی‌یەك دا خۆی حەشار داوە کە تۆدۆرۆف پێی لەسەر دادەگرێ: هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی گۆڕان بەسەر ژانری خۆی دا دێنێ. لە راستی دا زمانی ئەدەبی بەو شێوەیەیە کە "هەر ئاخاوتنێك لەو دا نارێزمانیە". لە نێوان دەستەبەندیی ئەدەبی‌و پۆلێن کردنە ناسراوەکان لە زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان دا جیاوازی هەیە. گیانەوەرێك یان رووەکێك کە لە پلەیەکی تۆمارکراودایە، بە ڕاستی "دیلی" ئەو پلەیەیە. بەڵام بەرهەمی ئەدەبی قاڵبی چەشنەکان‌و ژانرەکان تێك دەشکێنێ، (بەرهەمی ئەدەبی) هەر بەو چەشنە کە بەرهەم هاتووی کۆمەڵە پێشمەرجێکە (کۆمەڵەیەك لە کەرەستەکان) لە (رەوتی) بەرهەم هاتنی خۆی دا، گۆڕانکاری بەسەر ئەو پێش مەرجانە دێنێ. ژانر بە مانای نزیکایەتیی بەرهەم‌و جیهانی ئەدەبی‌یە. پێوەندیی هەر بەرهەمێك لەتەك بەرهەمەکانی دیکە بەیان دەکا، بەڵام دیاریی ناکات. کلۆدیۆ گیلین نووسیویەتی:

مێژووی ئەدەبی، بە پێچەوانەی مێژووی زمان یا کۆمەڵگا، ئەوەندە بەهۆی ئەرکی سیستمە توکمەکان دیاری ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی هۆگری بۆ سیستم یان بنەمابەندی دەناسرێتەوە. مێژوونووسان ... بەردەوام "ویستی سیستم"یان لەمێژووی ئەدەبی دا دۆزیوەتەوەو زانیویانە کە ئەم هۆگری‌یە پێ‌بەپێی گۆڕانکاری لە پانتایی ئەدەبیات دا وەکوو (گشت)ێك روو دەدا.[50]

بە ڕای گیلین سیستمە تیۆری‌یە ئەدەبی‌یەکان دەبێ لەهەر چرکەساتێکی مێژوویی‌یان دا، لە بنەڕەت دا چەشنی رەمزە زەینی‌یەکان بناسین کە دانەر لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە پێ‌یان دەگات. پێکهاتەی ئەم سیستمە چەند قات لە بەرهەمی دانەرەوە نزیکترە لەو رەمزە زمانیانەی کە لە گوتارو نڤیسیاری خۆیدا لەوان کەڵك وەردەگرێ.[51] لەم رووەوە توێژینەوە لەسیستمی ژانرە ئەدەبییەکان ڕێگەیەکی دروست لەناسینی ئەم رەمزە زەینیانەیە. سێروانتێس نموونەیەکە لەو نووسەرەی کە سەرقاڵی وتووێژێك لەتەك ژانرەکانی دەربڕینی ئەدەبی قۆناغەکەیدا دەبێ یولیسێسی جۆیسیش وەکوو بەرخۆدانێکە لەگەڵ ژانرەکانی دەربڕینی ئەدەبی دا. ڕاڕایی جۆیس کە هەر پارێکی کتێبەکە لە جۆرە دەربڕینێکی ئەدەبی نزیك بکاتەوەو هەر لەم کاتە دا قاڵبە سەرەکی‌یەکەی تێك بشکێنێ، لەم سروشتەوە سەرچاوەی گرتوە. هەرچەند گیلین نموونەی جۆیسی نەهێناوەتەوە، بەڵام "یولیسێس" سەلماندنی تەواوی ڕێساکانیەتی. بە بۆچوونی گیلین سیستمی ژانرەکان هەم هاوکاتی **Synchronic**یەو هەم نێوکاتی **Diachronic**یە: "پێ‌بە پێی گۆڕدرانی ژانرەکان ئەو ژانرانە کار لە یەکتریش دەکەن‌و ئەو تیۆرە ئەدەبی‌و سیستمەی (کە لەنێوی دابوون)یش دەگۆڕن". ژانرەکان لە لایەکەوە (کامڵ) و قەناعەت پێکەرن‌و لە لایەکی دیکەوە (بە تایبەتی لەسەردەمی پۆست رۆشنگەریدا تەنانەت بەرهەمەکانی ڤۆلتێر) لێڵ‌و وردەکارانە نین.[52] گیلین فۆرمی پیکاریسکی لەبۆ بەیان کردنی ڕێساکانی خۆی هەڵبژارد. ئەم ڕایەی تۆدۆرۆف‌و گیلین کە بەرهەمی ئەدەبی لە کۆتی ژانردا نامێنێتەوە، دەتوانین چاکتر لە رەخنەی تۆدۆرۆف لەمەڕ تیۆریی نۆرتروپ فرئای لەبارەی ژانرە ئەدەبیەکانەوە، بناسین. ئەم باسەی تۆدۆرۆف نیوەی دووەمی یەکەم پاری "دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك"ی گرتەوە. کتێبی فرئای "شیتاڵکردنەوەی رەخنەگرانە"[53] یەکێك لە بەناوبانگترین ئەو بەرهەمانەیە کە لە بواری رەخنەی ئەدەبی لەپاش جەنگی دووهەمی جیهانی بڵاو کرایەوەو بە بناغەی "رەخنەی ئوستوورەیی" ناودێریان کردوە. تۆدۆرۆف باوەڕپێکراویی ژمارەیەك لە باسەکانی کتێبی ناوبراوی پەسند کرد، بەڵام



PDF4Kurd

جەختی کرد کە گرنگترین ڕێساکانی فرئای لە بەرهەمەکانی فۆرمالیستە ڕووسیەیەکانو هەروەها لە ڕێبازی "ڕەخنەی نوێ"دا بەدی دەکرێنو بە شێوەیەکی وردتر لە بەرهەمەکانی پێکهاتەگەراڕاییانیشدا هاتوون. بۆ نموونە باسی فرئای لەمەڕ ژانرەکانەوە هێندە تازە نیەو ئەو ئەنجامانەی کە وەدەستی هێناون وردیش نین. فرئای شەش چەشنە (یان شەش میتۆد)ی لێك جیای لە بارەی دەستەبەندیی بەرهەمە ئەدەبیەکان پێشنیار کردوە. تۆدۆرۆف یەکەیەکەی ئەم مێتۆدانەی خستە بەرتیشکی ڕەخنەوەو پیشانی دا کە فرئای ڕێسایەکی دروستی بۆ پۆلێن بەندیی بەرهەمە ئەدەبیەکان نەدۆزیوەتەوە. بۆنموونە فرئای ڕێسای بە دۆخی پاڵەوانی چیرۆك لە هەمبەر خوێنەرو یاساکانی سروشت زانیوەو بەگرووپی دۆخە چیەتیەکان (ماهوی) و دۆخەکانی پشت بەستوو بە ڕێسایەکی تایبەتی دابەشی کردوون. ئەگەر پاڵەوان (بە چەشنێکی چیەتی) لەسەرووی خوێنەرو یاساکانی سروشت بێت، لەگەڵ ئوستوورەو ئەگەر بە پێی ڕێسایەکی تایبەتیی بەرزتر لەوان بێت لەتەك حیکایەتی فۆلکلۆریك بەرەو ڕووین؛ ئەگەر پاڵەوان لەسەرووی خوێنەرو بەڵام ملکەچی یاساکانی سروشت بێ لەگەڵ "جۆرێکی لاسایی‌گەری بەرزتر" بەرەو ڕووین. دواجار لەو شوێنەی کە پاڵەوان ئاستەکەی نزمتر بێ لە خوێنەر، جۆری بەرهەم تەوس دەبێت. تۆدۆرۆف دەپرسێ: هەرکاتێك ئەم ڕێسایە، وەکوو مێتۆدێك دروست بێ، کەوابوو بۆچی فرئای ناتوانێ بکەوێتە دوای هەموو ڕۆنانە ماتماتیکی‌یە لواوەکانی "ئەو ڕێسایە"؟ بۆچی تەواوی ئەو فۆرمانەی کە لە پێوەندیی پاڵەوان، خوێنەرو یاساکانی سروشت، جارێك لەسەر بنەمای جیاکاریی چیەتیو جارێکی دی لەسەر بناغەی جیاکاریی پشت بەستوو بە ڕێسایەکی تایبەتی وەدەست دێن، ڕوون ناکاتەوە؟ بۆچی بە شێوەیەکی دڵخوازانە تەنیا پێنج ڕۆنانی پەسند کردوەو لێی کۆڵیونەتەوە، بەڵام وازی لە کەرەستەکانی دیکە هێناوە؟ و لە بنەڕەت دا بۆچی پێوەندیی سێ توخمی ناوبراوی بە ڕێسا لەقەڵەم داوە؟[54] بە ڕای تۆدۆرۆف ڕەگو ڕیشەی دژواریی کاری فرئای لەوە دایە کە لە لایەکەوە دانی بەوە داناوە کە ئەدەبیات "جۆرێکی دیکەیە لە زمان"و لە لایەکی دیکەشەوە بە دووی ئەنجامە لۆژیکی‌یەکانی ڕێسای نزیکایەتی لە نێوان زمانو ئاخێوی ئەدەبی نەکەوتوە. فرئای لەهەمان یەکەم هەنگاوەوە لە هەر چەشنە شیکاری‌یەکی زمانناسانە دوور کەوتۆتەوە. باسی ئەو لەمەڕ "ژانرە ئەدەبی‌یەکان" ڕۆنانێکە لە مێتۆدە لێك جیاکان کە هیچ کامیان بە دروستی بە دواداچوونیان لەسەر نەکراوە. پاشان تۆدۆرۆف خاڵێکی گرنگ کە خۆی بە "یادنووسە کۆتاییو ماخولیایی"یەکان ناودێری کرد، هێنایەی گۆڕێ: ژانرگەلێك کە لەسەر بنەمای تیۆریی ئەدەبیی تایبەت دەیانهێنیتە ئاراوە، دەبێ لەتاووتوێی دەقەکان دا تاقی بکرێنەوە. ئەگەر لەگەڵ هیچ دەقێك دا نەگونجان، ئەنجامی کارەکە، زۆر بە ئاسانی، هەڵەیە. لە لایەکی دیکەوە ئەو ژانرانەی کە لە تاووتوێی مێژووی ئەدەبی دا دەیان ناسین دەبێ لە تەك تیۆری‌یەکی یەکدەستو هاوشێوە گونجاو بنو ئەگەر نەبن، بە ناچار دەبێ دان بەوە دابنێین کە بە هەڵەدا چووین.[55]

ژانر چەمکێکی ئەبستراکتەو هەر بابەتێکی دیاریکراو دەتوانێ لەگەڵی دا تەبا بێت یا نەبێت. "هیچ پێویست نیە کە بەرهەمێکی ئەدەبی وەفادارانە لە پانتایی ژانرێکی تایبەتی دا بمێنێتەوە". تیۆریی ژانرەکان دوو ڕووی هەیە: ڕووی یەکەم بە "ئەنجام گیری" ناودێری دەکەین کە لەو دا بەرهەمێکی هونەریی تایبەت دەدرێتە پاڵ چەند ژانرێکی ئایدیالی تا دواجار بۆمان دەرکەوێ کە لەگەڵ گەوهەرو دوایین تواناکانی کامە ژانر دا دەگونجێو ڕووی دووەم بە "بەراوردی" ناودێری دەکەین کە لەو دا ژانرگەلێکی گشتی، لە تاووتوێی ئەزموونی، واتە لە

PDF4Kurd

نزیکایەتیی نێوان بەرهەمە تایبەتیـیەکانو ئەو نەریتانەی کە دەشێ بناسرێن، وەدەست دێن. تیۆریی ژانر لەگەڵ هەر دووکی ئەمانە سەروکاری هەیە.

ئێستا دەتوانین شیکردنەوەی تۆدۆرۆف لەبۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك، وەکوو نموونەیەك لە مێتۆدی کارەکەی لە تاووتوێی ژانرە ئەدەبیـیەکان دا بهێنینە گۆڕێ. تۆدۆرۆف لە پاری دووەم لە کتێبی "دەروازەیەك لەبۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك" باسەکەی بە شیکردنەوەی زمانی ئەدەبیاتی فەنتازیك دەست پێکردوە. ئەو لەبارەی چیرۆکی بەناوبانگی یان پوتوکی (١٧٦١ ـ ١٨١٦) واتە "ئەو نووسینانەی کە لە ساراگۆسا پەیدا بوون" دواو نووسی کە لەم چیرۆکانەدا "دودڵی" بنەمای دەربڕینە. ئالفۆنێس کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە "تا رادەیەك بڕوام بەوە هێنابوو کە ئەهریمەنەکان دێنو بۆ بەلاڕێدابردنی من، خۆیان وەکوو خەڵکانێك دەنوێنن کە لە سێدارە دراون"، بەڕای تۆدۆرۆف ئەم "تاڕادەیەك باوەڕم کردبوو" ڕێسای سەرەکیـیە کە گەوهەری ئەدەبیاتی فەنتازیك لە ئاراستە زمانناسانەکان دا پیشان دەدات. "باوەڕی رەها چەشنی ئەرخەیانی تەواو ئێمە لە پانتایی خەیاڵ دوور دەخاتەوە؛ گومان ژیان دەبەخشێتە خەیاڵ".[56]

هەر لەبەر ئەم هۆیە دەتوانین ناوونیشانی "ئەدەبیاتی خەیاڵی" وەکوو هاوئاستو هاوواتای "ئەدەبیاتی فەنتازیك" بەکار بهێنینو دان بەوە دابنێین کە بنیاتی خەیاڵ گومانە لەهەمبەر کەتوار. لە روانینی یەکەم دا ئالفۆنێس گومانی هەیە لە کەتوار، بەڵام ئەگەر خوێنەر ئاگای لە "هەقیقەت" بووایە، واتای چیرۆك یەکسەر لەدەست دەچوو و سەرنج ڕاکێش بوونی خوێندنەوەش بزر دەبوو. فۆرمی ئەدەبیاتی فەنتازیك بەردەوام دروستکەری هێمایەکی پرسیاریـیە لەبەردەمی خوێنەرو "گومانی یەکەم مەرجی ئەدەبیاتی فەنتازیکە".[57]

١٧٤



تۆدۆرۆف جەختی کرد کە خوێنەر دەبێ "لە روانگەی پاڵەوانی چیرۆك" توشی گومان بێت: "هەرکات خوێنەر لە جیهانی کەسێتیـیەکانی چیرۆك بچێتە دەرەوەو ئەزموونی تایبەتیی خۆی بدۆزێتەوە، مەترسیـیەکی نوێ هەڕەشە لەدەربڕینی خەیاڵی دەکات. مەترسیـیەك کە لە راڤەی دەق دا خۆی حەشار داوە. ئەم خاڵە گرنگەمان لەبیر نەچێ کە دەسپێکی باسی تۆدۆرۆف خوێنەرە نەك دەق. ئەو چەشنی پێشڕەوانی هێرمێنۆتیکی مۆدێرن، دەق بە خاوەنی دواواتا نازانێو لەم ڕێڕەوە دا بە ژیندەری لێڵیو گومانی دەزانێ، خوێنەر دەبێ لە جیهانی چیرۆکی فەنتازیکدا ئەوەندە نغرۆ ببێ کە لەهەمبەر راستیی هەموو شتێك گومان بکات. نموونەیەکی دیکەی تۆدۆرۆف چیرۆکی "ئۆرلیا"ی ژێرار دۆنێروال ە.[58] ئەو رستەگەلێکی لە چیرۆکی نێروال گێڕایەوە کە لەواندا چیرۆك گێڕەوە چەندین جار دەڵێ: "بیرۆکەیەکم دۆزیەوە"، "هەستم دەکرد"، "گوایە کە" "لەوانەشە" واتە لە هەموو شوێنێك گومان لەهەمبەر حاشاهەڵنەگریی ئەزموون دووپات دەبێتەوە؛ لە هەموو شوێنێك چیرۆك گێڕەوە لە "مرۆڤە ئاساییو تەندروستەکان" جیادەبێتەوەو تەنانەت لە هەمبەر "خود"ی تاکیشەوە گومان دەکا: "بە دۆزینەوەی ئەو شتەی کە خەڵکی بە ئاوەزی دەزانن"، "بەڵام وادێتە بەرچاو کە تەنیا گومانی منە"، "کارەکان لەگەڵ ئەو شتانەی کە خەڵکی گومانی پێدەڵێن هاوسەنگ ببوون...". لە ئۆرلیا دا "کردەکان بەردەوام "کردەکان وا خۆ دەنوێنن"، "شێتانە"نو دوا ڕێسای چیرۆك گێڕەوە ئەمەیە: دەگاتە ئەو ئەنجامە: "شێتیو خولیا نیشانەی کەسێکی پایەبەرزن"و ئەمە بە مانای گەڕانەوەیەکە بۆ گوتەی ئێدگار ئالان پوو: "زانست پیشانی ئێمەی نەداوە کە شێتی فۆرمێکی بەرزتری ئاوەزە یان نا". تەنانەت پێکهاتەی واتاناسانەی ئەم رستەیە لێڵو ناڕوونە. تۆدۆرۆف نووسی: "ئۆرلیا نموونەیەکی رەسەنو تەواوە



PDF4Kurd

لە لێڵی‌و نادیاریی ئەدەبیاتی فەنتازیك. لێڵی‌و نادیاری‌یەك كە بەرەو شێتی هەڵدەكشێ. لێرەدا پێشتر دەزانین كە شێتین. ئەوەی دەبێ بیزانین ( گومان هەر لەمەوە لە دایك دەبێ) وڵامێكە بۆ ئەم پرسیارە كە ئایا شێتی ئاوەزێكی بەرزتر نیە".[٥٩] لە حاڵێك دا كە لە بەرهەمەكانی هۆفماندا، ڕاڕاین كە چ ناوێك بدەینە پاڵ كردەی پاڵەوانەكان، لە "ئۆرلیا"دا بە گومانێكی قووڵتر گیرۆدەین، گومانێك كە پێوەندیی بە قووڵایی‌و چیەتیی ئەو ناوەوە هەیە. چەندین كەڕەت هێمایان بۆ لێكچوونی "ئۆرلیا"و "كوندە پەپووی كوێر"ی سادق هیدایەت كردوە.[٦٠] ئاستەم نیە كە بیروڕاكانی نێروال لەبارەی "متمانەی تاكێكی نەگونجاو لە تەك هزری هەمووان" و بێبایەخی بیروباوەڕەكانی خەڵكان لە ژیانی ڕۆژانە لە بەرهەمێك دا بدۆزینەوە كە باس لە گۆشەگیریی پیاوێك دەكا لە جیهانی مرۆڤان یان بە گوتەی خۆی پیاوۆكان دا: "پاش ئەو خۆم لە ریزی مرۆڤان، لە ریزی گەمژەكان‌و بەختەوەران بە گشتی دوور خستەوە"؛ "ژوورەكەم سووچێكی تاریك‌و دوو دەلاقەی رووەو دەرەوەو رووەوە دنیای دەرەوەی پیاوۆكەكان هەیە"؛ "دواجار حەكیمباشیان ئاگادار كردەوە، حەكیمی پیاوۆكەكان"؛ "هیچ جۆرە كتێب‌و نووسراوەو بیرۆكەی پیاوۆكەكان بە كەڵكی من نایەت"؛ "هەستم دەكرد ئەم دنیایە بۆ من نەبوو. بۆ تاقمێك مرۆڤی بێشەرم، رووهەڵماڵراو، سواڵكەر رەفتار، زانیاری فرۆش، سیخوڕو چاوودڵ برسی بوو... نا، من پێویستم بە دیتنی ئەو هەموو دنیا هێڵنج هێنەرو ئەو هەموو قەڵافەتە پڕنەگبەتە نەبوو"؛ و "ئێستا تێدەگەم ببوومە نیمچە خوایەك، لە سەرووی هەموو پێداویستی‌یە سووك‌و بچووكەكانی خەڵكەوە بووم... "[٦١]. بەرزی شێتی لە ئاست ئاوەزی پیاوۆكەكان لە هەمان رستە سەرەتایی‌یەكانی ڕۆمانەكەوە ئاشكرا دەبێ: خەڵكی "لەسەر رێگەی باوەڕەكانی پێشوو، باوەڕەكانی خۆیان" لە تەك ژانە دەروونی‌یەكانی مرۆڤ بە گومان‌و گاڵتە جاری‌یەوە بەرەوڕوو دەبن؛ ئەم دەردانە بۆچیرۆك گێڕەوە سەرچاوەی ناسینی خۆیەتی‌و بۆ خوێنەر دەستپێكی گومانە لە "باوەڕەكانی خۆی". لە ڕۆڵی گومان لە كوندە پەپووی كوێر  ورد بینەوە. "من هەوڵ دەدەم ئەوەی كە لەبیرمە، ئەوەی كە لە پێوەندی لەگەڵ رووداوەكاندا لەبیرم ماوە بنووسم. رەنگە بتوانم لەبارەیەوە داوەری‌یەكی گشتی بكەم نەك تەنیا ئەرخەیانی‌یەك وەدەست بێنم‌و یان هەر هیچ نەبێ خۆم بتوانم باوەڕ بكەم"؛ "ئایا ئەم خەڵكەی كە هاوشێوەی منن كە لە ڕواڵەت دا پێداویستی‌و حەزو ئارەزووی منیان هەیە، بۆ فریودانی من نین؟"؛ "ئایا چەند سێبەرێك نین كە تەنیا بۆ گاڵتەپێكردن‌و فریودانم دروست كراون؟"و "چەند خولەك، چەند كاتژمێر درێژەی كێشا؟ نازانم"[٦٢]. ڕۆمانەكە پڕە لە دووپات بوونەوەی "پێم وایە"، "بەڵام نازانم بۆچی"، "رەنگە"، "نەم توانی لێكی بدەمەوە". رستەگەلێك كە پارادۆكسی ناوەكی‌یان هەیە زۆرن: "لە هەمان كاتدا ئەم كۆڕەم بە دوورو نزیك دەهاتە بەرچاو"؛ "دۆخی خەمۆكی‌و شادیی خەمهێنەری هەموو ئەمانە دەری خست كە ..." و "هەڵلەرزین، پڕ لە تۆقین‌و حەز... خەوی شیرین‌و ترسناك".[٦٣] چیرۆكەكان سستی بە هۆی بێهۆش بوون (لە رێگەی مادەی سڕكەرەوە) و "تا" دێنێتەوە یاد: "واق وڕماوی، گێژی، ماندوویەتی‌و گومان‌و دوودڵی" لە دەق دا هاوشێوەی ئەم ڕستەیە زۆرە: "بەرەبەرە هەستی خوماری‌و سستی دایگرتم". هەستی واق وڕماوی خوێنەریش دادەگرێ‌و لەم دۆخە نیوە خەوتوویەدا ئەو "وەنەوز دان"ەو سستی‌یە چیرۆك گێڕەوەش دەگرێتەوە. لێرەوە هەموو شتێك دانی پیادەنرێ. تەواوی رووداوە ناماقووڵەكان باوەڕ دەكا. چەشنی چیرۆك گێڕەوە، بیرەوەری سەرمەدی، ئاسەوارێك لە ژیانی ئەو كە (باوەڕی پێكردوە) لەودا زیندوو دەبێتەوە. چیرۆك گەلێك كە لە رابردووەوە دێنەوە

PDF4Kurd

بیری چیرۆك گێڕەوە (و بۆچی نەڵێین بە یادی خوێنەر؟) نیشانەیەکی دیکەی ژیانیان پێوە دیارە.[٦٤]

چیرۆك گێڕەوەی "کوندە پەپووی کوێر" چیرۆکێك دێنێتەوە یاد کە پێی وایە تاکە حیکایەتێکی راستەقینەیەو لە "میمکە گیان"ی بیستوە. ئەمە روونکردنەوەی پێوەندیی باوكو مامی چیرۆك گێڕەوەیە لە تەك بۆگام داسی سەماکەرەوە کە بە "ئاوازێکی نەرمو یەکسان" سەمای دەکرد. کەسایەتییەکی دیکەی ئەم چیرۆکە مارینـاگە. چیرۆك گێڕەوە دەپرسێ: "ئایا هەموو ئەم ئەفسانانە پێوەندییان بە ژینی منەوە نیە؟"[٦٥] بەڵام کامە من؟ چیرۆك گێڕەوە؟ سادق هیدایەت؟ خوێنەر؟ دواجار لە بازنەی واتا ناسیاوەکانو هەر چەشنە متمانەیەك چووینەتە دەرەوە. پرسیاری چیرۆك گێڕەوە "ئایا دایکم زیندوویە؟" (ئەو شتانەی دواتر دێن، یەکێك لە جوانترین نووسینەکانی هیدایەت) بەڕاستی پرسیاری کێیە؟ پرسیاری خوێنەر کە ئیدی بەتەواوی ئەفسوون کراوە؟

ئایا دایکم زیندوویە؟ رەنگە ئێستا کە من سەرقاڵی نووسینم ئەو لە گۆڕەپانی شارێکی دوورەدەستی هیندستان، لەبەردەم رووناکیی مەشخەڵێك چەشنی مارێك خۆی با دەداو سەما دەکا. وەکوو ئەوە وایە ماری ناگ پێوەی دابێ‌و ژنو منداڵانو پیاوە کونجکۆڵو رووتەکان لە دەوری ئەو بازنەیان بەستوە، لە کاتێك دا باوك یان مامم بە قژە سپییەکانیەوە، کۆماوە، لە تەنیشت گۆڕەپانەکەوە سەیری دەکاو یادی سیاچاڵو دەنگی فیکەو خشەی ماری تووڕەی دێتەوە یادو کاتێ سەری خۆی بەرز ئەکاتەوە، چاوەکانی دەبریسکێنەوەو گەردنی گرژ دەبێتەوەو هێڵێك کە لە چاویلکە دەچێ، لەپشت ملیەوە رەنگی قاوەیی تۆخ بە خۆیەوە دەگرێ.[٦٦]

لە چەند دێڕێکی پاش ئەمە دا پوورەکەی ـ دایکی لەکاتە ـ "چەند تاڵەموویەکی قاوەیی تەوێڵیان داپۆشیوە" لەبەر دەمی دا ڕاوەستاوە. کاتێك کە چیرۆك گێڕەوە دەڵێ: "لەو کاتەوەی خۆمم ناسی، پێم وابوو پوورم دایکمەو خۆشم ویست. هێندە خۆشم دەویست کەهەر ئەم٩لاوشکە شیریەی خۆم دواتر چونکە لەو دەچوو بە هاوسەری خۆم هەڵبژارد". دایك، پوور، هاوسەر، خوشكو ماری ناگ، دەبنە یەك شت. مام، باوكو چیرۆك گێڕەوە "کۆماوە، لە تەنیشت گۆڕەپانەکە دانیشتوونو سەیری دەکەن"، گومان سالاریی گومان کۆتایی نەهاتوویە. دواجار نازانین کە لە سیاچاڵ، لە تەنیشت مارناگ، کێ هاتۆتە دەرێ. گرنگ نیە کێیە "لە دەنگی خشەو دەنگی مارە تووڕەکە کە چاوی خڕو پڕشەڕو ددانی ژەهراوی هەبوو... ژیانی رابردووی خۆی بە تەواوی لەبیر کردبوو"[٦٧] ژیانی رابردوو مردووە تەنانەت لە خەیاڵدانیشدا شوێنێکی بۆ نەماوەتەوە. لە "کوندەپەپووی کوێر" دا لە هەر شوێنێ کە هەستی هاوبەشی خوێنەر / چیرۆك گێڕەوە / نووسەر سەردەردێنێ، لە شێوەی مەرگ دا خۆی دەدەخا: "ئایا بۆ هەموو کەس رووی نەداوە کە کتو پڕ و بەبێ‌هۆ لە بیرێك دا رۆبچێ‌و هێندە نغرۆ ببێ کە ئاگای لە کاتو شوێنی خۆی نەمێنێ‌و نەزانێ کە بیر لە چی دەکاتەوە؟" خۆی وڵام دەداتەوە: "ئەمە دەنگی مەرگە" و "ئێمە منداڵی مەرگینو مەرگە کە ئێمە لە فریوەکانی ژین رزگار دەکاتو لە قووڵایی ژیان دا ئەوە کە بانگمان دەکاو بەرەو خۆی رامان دەکێشێ. لەو تەمەنانەی کە هێشتا لە زمانی خەڵکی تێناگەین ئەگەر هەندێ جار لە کاتی یاری راوەستین بۆ ئەوەیە کە دەنگی مەرگ ببیسین. بە درێژایی ماوەی ژیان مەرگە کە قامکی خۆی بۆ ئێمە درێژ دەکا"[٦٨] هیدایەت زۆر جاران لە بەرامبەر مەرگ دا باسی لە ئێمە کردوە: بۆ ئەوەی دەنگی مەرگ ببیسین: "هەندێ جار پێم وابوو ئەوەی کە دەم دی ئەو کەسانەش



PDF4Kurd

لە سەرەمەرگ دان دەیبینن." [٦٩] کەسێك ئەمە دەڵێ کە خۆی بە "گشتی" لە جەرگەی مرۆڤان، گەمژەکانو بەختەوەران دوور خستبوویەوە. بە گشتی؟ لە بەرامبەر ژیان دا رەنگە، بەڵام نەك لەبەردەم مەرگ دا. "هەورە زەردو خەستو مەرگاوی‌یەکان ئاسۆی ئاسمانیان داپۆشیبوو، بە جۆرێك کە قورسایی‌یان خستبوویە سەر شانی تەواوی شار."[٧٠]

٤

بەر لەوەی باس لە لایەنەکانی دیکەی باسی تۆدۆرۆف لەمەڕ ئەدەبیاتی فەنتازیك بکەم، خاڵێك کە ئەو لە "سیمبۆل گەرایی‌و راڤە" لە بارەی زمانی ئاڵۆز هێناویەتیەوە، وەکوو تەواوکەری باسکردن لە زمانی ئاڵۆزی نێروال لە "ئۆرلیا" و لە "کوندە پەپووی کوێر"دا دەهێنمە ئاراوە.[٧١] لەو کتێبەدا تۆدۆرۆف سەلماندی کە "هەر فۆرمێکی ئاخێوی سیمبۆلیك" زمانێکی ئاڵۆزی هەیە، واتە واتاکەی فرە چەشنەو زمانەکەی بە ناچاری ئەم ئاڵۆزیە دەنوێنێتەوە. رۆمانتیك خوازەکانو هزرمەندانی سەدەی نۆزدە دوو جۆر بەستێنی سیمبۆلیکی ئاخێویان لێك جیا کردەوە: ئەلیگۆری‌و سیمبۆل. رۆمانتیك خوازەکان سیمبۆلیان بە چەشنێکی (کامڵ) دەدایە قەڵەمو ئەلیگۆریشیان تەنیا بە سیمبۆلێك کە بە دروستی بەکار نەهاتوە، دەزانی.[٧٢] کاریگەریی ئەوان لە بابەتە زمانناسی‌یەکان وای لە فۆن هۆمبۆلت کرد کە رایگەیاند "هزر لە سیمبۆل دا دەست ناکەوێ"و ئەمەی بە بەرزە ئاستیی ئاخێوی سیمبۆلیك دایە قەڵەم نەك بە کەمو کووڕی. گۆتە سروشتی وەدەست نەهاتووی ئاخاوتەی بە سروشتی تەواوی زمانەکان زانی‌و گوتی کە ئەم تایبەتمەندی‌یە کە ئاخاوتە ناتوانێ (دەری بڕێ) رەگو ریشەی بۆ سیمبۆل سازی دەگەڕێتەوە. شێگل ئەم لایەنەی هەمە لایەنەتر دەربڕی: "روانینی شاعیرانە بۆ شتەکان، ئەو (شت)انە دەخاتە دەرەوەی تێگەیشتنی هەستیارانەو دیاریکاریە ئاوەزیەکانەوە. روانینی شاعیرانە راڤەیەکی بەردەوامەو بەخشینی سروشتی نەلواوە بە شتەکان".

ئەمە دەستپێکی جیاکاری نێوان زمانی شێعرو زمانی رۆژانەیە. تۆدۆرۆف خەریکی دۆزینەوەی رەگو ریشەی ئەم (جۆرە) تێگەیشتنە لە (مەڕ) سیمبۆل بوو و عەبدولقاهیر جورجانی ـ ئەدیبو تیۆرەوانی هەڵکەوتووی ئێرانی کە لە ساڵی ٤٧٤ی کۆچی مانگی کۆچی دوایی کرد ـ کە بە گرینگترین بناغەدانەرانی "زانستی واتاو دەربڕین" ئەژمار دەکرێ، بە نموونە هێنایەوە. جورجانی لە کتێبی "اسرار البلاغه"دا لەنێوان دوو فۆرمی دەربڕینی ئەلیگۆری‌یانە جیاوازیی دانابوو. یەکەم ئەلیگۆری‌یەك کە لە هاوشێوەیی‌یەوە دروست دەبێو جورجانی بە ئەلیگۆریی فکری ناودێری کردوە (چەشنی باسکردن لە دەمو چاوێکی جوانو شوبهاندنی بە گوڵ، یا ناونانی مرۆڤێك بە شێر بە هۆی چاونەترسی‌و ئازایی‌یەوە) دووەم ئەلیگۆری‌یەك کە لەگەڵ فۆرمێکی راڤە دەناسێتو جورجانی بە ئەلیگۆریی خەیاڵی ناودێری کردوە. (بۆنموونە ئەگەر بڵێین ئەمە بەڵگە هێنانەوەیە کە لە روونی‌و ئاشکرایی دا وەکوو خۆرە). واتای ئەلیگۆری پەیوەستە بەم خاڵە پێشینەیی‌یەوە کە بزانین خۆر ئاشکراو ئاشکراکەرە.[٧٣] هەندێ جار ئەم خاڵە پێشینەیی‌یە یان "خاڵی راڤەیی"یە ئاسان ناناسرێتەوە کە ئاڵۆزی زادەی ئەم دژواری‌یەیە. وەسفی حوسێن کوڕی حەللاج لە "تژکرە الاولیا"ی عەتار نەیشابووری کە دەڵێ "ئەو شێری بێشەڵانی توێژینەوەیە" سەر بە ئەلیگۆری‌یەکانی دەستەی یەکەمە[٧٤] بەڵام ئەم دەربڕینەی خوارەوە کە لە هەمان کتێب وەرگیراوە بۆ ئەلیگۆری‌یەکانی دەستەی دووەم دەگەڕێتەوە (بە سەرنج دان بەمە کە "خاڵە راڤەیی"یەکەی بە ئاسانی ناناسرێتەوە): "وتی



PDF4Kurd

چوومە بیابان ئەوین باریبوو و زەوی تەڕ ببوو، بە جێی بەفر پێدەچووە نێو ئەوینەوە".[٧٥]

تۆدۆرۆف نووسیویەتی کە لە سەردەمی نوێ دا فیلیپ ویل رایت لە کتێبی "میتافۆرو کەتوار"دا لەنێوان **Diaphor** (ئەلیگۆری خەیاڵی لەگەڵ واتای ئالۆزو بابەتی نەناسراو)و **Epiphor** (ئەلیگۆری فکری لەگەڵ واتای ئاشکرا) جیاکاری داناوەو پیشانی داوە کە بەرهەمی رۆمانتیك خوازەکان لە بنەڕەتەوە لەتەك خاڵی یەکەم، واتە ئەلیگۆریی خەیاڵی پێوەندیی هەیە.[٧٦] نموونەیەکی تری تۆدۆرۆف ئالۆزیی بەرهەمەکانی کافکایە. واتای لەئەژمارنەهاتووی چیرۆکەکانی کافکا، لە ئالۆزییە زمانییەکەیەوە وەدەست هاتوون. ئالۆزییەك کە رێخۆشکەری راڤەگەلی زۆرە: راڤەگەلی دینی، سایکۆلۆژیك (گرینگی پێوەندییە بنەماڵەیی‌یەکان، پێوەندی لەتەك باوك) سۆسیۆلۆژیك (بۆرۆکراسی...). تۆدۆرف لە زاری ئیمریشەوە دەگێڕێتەوە کە "تەواوی ئامرازەکانی راڤە لە بەرهەمەکانی کافکا دا هەن. هەر یەکە پەیوەستن بە جۆرە لێکچوون یان راستنوێنییەکەوە... سروشتی نووسینەکانی کافکا ئەمەیە کە هیچ فۆرمێکی دوایین واتاکان ناگرنە خۆیان". [٧٧] مارت رۆبێر گوتوویەتی کە رووداوەکانی بەرهەمەکانی کافکا شتێك نین جگە لە چەند چرکە ساتێك لە راڤە (چەند چرکە ساتێك لە راڤە نەلواوەکان). سیمبۆل گەرایی لە لایەکەوە بنەمای دروستکەرو لە لایەکی تریشەوە هەوێنی سەرەکیی بەرهەمەکانی کافکایە.[٧٨] تەواوی بەرهەمەکانی کافکا باسکردنی شەڕی نائومێدیانەی کەسێتیی سەرەکییە بۆ زانینی واتای سیمبۆل، واتە بۆ تێگەیشتن لە رەمز.

لە پاری شەشەمی "دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی فەنتازیك"، تۆدۆرۆف باسی لە "واتاگەلی خەیاڵی" کرد. ئەو نووسی کە جگە لەم پارە تاووتوێی ئەو لەسەر



بنەمای بەکارهێنانە زمانیو ناسینی پێکهاتەی بەرهەم گەلێك بوو کە لە ژانری ئەدەبیاتی فەنتازیك دان. لەم رووەوە ئیدی دەتوانێ لە "ئاراستە واتاناسانەکان یان هەوێنی بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی فەنتازیك" بدوێ. لەبەر ئەوە کە ئەدەبیاتی فەنتازیك لەسەر بنەمای هەستیاری پێك دێ کە بە هۆی واتای نەناسراوی نووسراوەکان وەدەست دێت، ناتوانین لە باسکردنی هەوێنەکان خۆ ببوێرین. تۆدۆرۆف نووسی کە دەتوانی بەیانکردنی هەر رووداوێك چەشنی هەر گوزارەیەك لە روانگەی سینتاکسییەوە تاووتوێ بکەیت، واتە رووداوەکە بگۆڕی بۆ "رووداوێکی زمانی"و بەهۆی مێتۆدی "هاونشینی" پێوەندییەکانی لەگەڵ رووداوەکانی دیکە (کە هەریەکەو لە جێگەی خۆی گۆڕاون بۆ رووداوە زمانییەکان) تاووتوێ بکەیت. رێگەیەکی تر ئەوەیە کە هەمان رووداو وەکوو رووداوێکی واتایی لەبەرچاو بگرینو تێبینیی ئەوە بکەین کە "لەجێی ئەو" چ شتێك دەیتوانی رووبدا، واتە مێتۆدی "جێنشینی"مان بەکار هێنابا.[٧٩] جێی سەرنجە کە ئەدەبیاتی فەنتازیك ناتوانرێ تەنیا لە رێگەی هاونشینیو رێسا سینتاکسییەکانی زمان تاووتوێ بکرێ، بەڵکوو ناچارین کە شیکاریی واتادارەکان لە رێگەی پێوەندییە جێنشینی یان واتاناسانەکانیش بهێنینە گۆڕێ: "دەتوانی چیرۆکی فەنتازیك بە یارمەتی رۆنانی زمانیو "مێتۆدی دەربڕین" تاووتوێ بکەیت، بەڵام بەبێ "رووداوە سەمەرەکان" شتێك بە ناوی چیرۆکی فەنتازیك نایەتە ئاراوە. هەرچەند چیرۆکی فەنتازیك لەم رووداوانە دا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵام هەبوونیان زۆر پێویستە".[٨٠] جیا لەو گرینگییەی کە تۆدۆرۆف بۆ شیکردنەوەی واتادارەکانی بەرهەم دای دەنێ، بەڵام مێتۆدی کارەکەی هەروا تاووتوێی زماناسانەیەو لەم رووەوە لە رێبازی "شیکردنەوەی واتادارەکانی بەرهەمی ئەدەبی" کە بەردەوام رەخنەی لێ دەگرت نزیك



PDF4Kurd

نەبۆتەوە.[٨١] تۆدۆرۆف جەخت دەکا کە ئەو دنیایەی کە چیرۆکی فەنتازیک پێکی دێنێ، خاوەنی هیچ راستییەک نییە، تەنیا لە زمانو لە رێگەی زمان لە هزری خوێنەر دانەبێ. کەوابوو "ئاراستەی ئاخاوتەییو سینتاکسی هەر بەقەد ئاراستەی واتاناسانە فۆرماڵە" [٨٢] و ئەمە لە باوەڕی تۆدۆرۆف لەهەمبەر هەبوونی جیاکاریی فۆرمو نێوەڕۆک سەرچاوە دەگرێ. لەباسکردنی باوەڕەکانی بارت لە پاری هەشتەم دا دیتمان کە ئەویش لانی کەم لە دوو کتێبی گرنگی خۆی "میشلە"و "لەبارەی راسین"ەوە لەمێتۆدی "شیکردنەوەی واتاداری بەرهەمەکان" و تاووتوێی واتاناسانەی هەوێنی بەرهەمەکان نزیک ببوویەوەو چەشنی تۆدۆرۆف روانگەیەکی تازەی کە سەرچاوە گرتوو لە کارایی مێتۆدە زمانناسانەکان بوو، داهێنابوو کە هەر ئەمە ببوە هۆی مەودایەک لەنێوان بەرهەمەکانی ئەو و نووسینەکانی هزرڤانانی رێبازی "شیکردنەوەی واتادارەکانی بەرهەم".

خاڵێکی گرنگی دی لە کتێبی "دەروازەیەک بۆ ئەدەبیات فەنتازیک" باسێکە کە تۆدۆرۆف لە پاری دەیەم دا، واتە دوایین پاری کتێبەکە لەمەڕ "ئەرکی ئەدەبیاتی فەنتازیک" هێناویەتە گۆڕێ. هەتا ئەم پارە بابەتەکان تا رادەیەک لەسەر بنەمای پێناسەیەک نەک هێندەش ورد، لەبۆ ژانری "چیرۆکی فەنتازیک"، دەچووە پێشێ. بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم ژانرە لە بنەڕەت دا لەسەر بنچینەی گومان لە زمانو لە هزرەکانی خوێنەر دانراوە، خوێنەرێک کە چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی پاڵەوانی چیرۆک دا دەبینێتەوە، هەست بە شکو گومانێک لەمەڕ چیەتیو واتای رووداوگەلێکی سەمەرە دەکا، کاتێک لەگەڵیان دا بەرەوڕوو دەبێ. ئیدی ئەو نازانێ کە ئایا ئەم رووداوانە پێوەندییان بە کەتوارەوە هەیەو دەتوانن "سروشتیو ئاسایی" گریمان بکرێن؛ یان بە تەواوی بەرهەمهێنراوی



خەیاڵو چەشنێک بەدحاڵیبوونو گومانێکن. بە دەربڕینێکیتر خوێنەریش دڵنیا نییە کە ئایا رووداو یا زنجیرە رووداوی چیرۆک دەشێ رووبدەن یان نا؟[٨٣] کەوابوو دەتوانین بڵێین کە "ژانر"ی تایبەتیی ئەدەبیاتی فەنتازیک ناچارمان دەکا چەشنێکی تایبەتی لە خوێندنەوەی دەقیش رەچاو بکەین. [٨٤] تا ئێرە لانی کەم پانتایی وڵامی پرسیاری "چیرۆکی فەنتازیک چییە" روون بۆتەوە؛ ئەمە پرسیارێکە کە پێکهاتەی ژانریش دەهێنێتە گۆڕێ. ئێستا وڵامی ئەم پرسیارە کە "بۆچ ئەدەبیاتی فەنتازیک؟" دەدەینەوە. پرسیارێک کە ئەرکی ژانر دێنێتە پێشێ. تۆدۆرۆف کاتێک گەیشتە ئەم باسە دوو جۆر ئەرکی لێک جیا کردەوە: ئەرکی کۆمەڵایەتیو ئەرکی دەق. لەمەڕ یەکەمیانەوە لە زاری پیتێر پێن زۆڵدێتەوە نووسی: "بۆ زۆر لە نووسەران هێنانە گۆڕی کێشەگەلی بان سروشتی بیانوویەکە بۆ ئەوەی لەبارەی کۆمەڵە شتێکەوە کە ناتوانن لە جەرگەی دەربڕینی ریئالیستییەوە لێیان بدوێن، بنووسن".[٨٥] تۆدۆرۆف وتی کە هەرچەند دەشێ ئەم رێسایە زێدەڕۆیانە بێتە بەرچاو، بەڵام کاکڵەیەکی راستی لەنێو خۆی دا هەڵگرتوە. لە "ژانر"ی چیرۆک فەنتازیک دا بە ئاسانی دەتوانین باس لە خاڵە رێگە پێنەدراوە رەوشتیو کۆمەڵایەتییەکان بکەین. بۆ نموونە ئێستاشی لەگەڵ دابێ، نووسین لەبارەی بەشێکی فۆرمەکانی ئارەزوو و کردەی سێکسیی قەدەغەکراو، یا لانی کەم بە دژواری پەسند دەکرێت.[٨٦] مەبەستی تۆدۆرۆف تەنیا "سانسۆری ویژدانی" (باوەڕە رەوشتی، دینی، رامیارییەکانو ...) نییە، بەڵکوو چەشنێکی کاراتری "خۆسانسۆری"یە کە نووسەر خۆی پەیڕەوی دەکات. فۆرمی فەنتازیک ئامرازێکە بۆ بەربەرەکانی لەتەک ئەم "سانسۆری کەسی"یە. هەر چەشنە توندو تیژیو کردەگەلی نەشیاو ئەو کاتەی لە لایەن ئەهریمەنانو جنۆکەکان رووبدا، بە ئاسانی لە کۆتەدوانییەکانی سانسۆر



PDF4Kurd

تێدەپەڕێ. ئەمڕۆکە لە رۆژئاوادا دەربڕینی هێندێ بابەت ئاسانتر بووەو رەنگە لەبەر ئەم هۆیە ئەرکی کۆمەڵایەتیی چیرۆکی فەنتازیك تا ڕادەیەك نەمابێ. خاڵێکی گرنگ کە لێرە دا دێتە گۆڕێو تۆدۆرۆڤ تەنیا هێمایەکی بۆ کردووەو خۆی لێ دزیوەتەوە، نزیکایەتیی چیرۆکی فەنتازیکە لەگەڵ دەروون شیکاریدا. ئەرکی ئەدەبیاتی فەنتازیك بەزاندنی ئەو سنوورانەیە کە پانتایی "خاڵگەلی قەدەغەکراو" دیاری دەکا، پانتاییەك کە بابەتی توێژینەوەی دەروون شیکارییە.

ئەرکی دەق خاڵێکی تری باسەکەی تۆدۆرۆڤە. وەبیردێنمەوە کە بەبۆچوونی ئەو هەرچیرۆکێك بە مانای گواستنەوەیەکە لە دۆخێك کە ناسەقامگیر بووە بۆ دۆخێکی سەقامگیر. دەبێ ئەرکی دەق لەم گواستنەوەیە دا بدۆزینەوە. تۆدۆرف نموونەگەلێکی لە "هەزارو یەکشەو" هێناوەتەوە کە لەوان دا دروستبوونی هێزە بان سروشتییەکان بە تەواوی لە سەردەمی گواستنەوە دا روو دەدەنو لە دۆخی سەقامگیریی سەرەتاییو کۆتایی چیرۆك دا نایان بینین.[٨٧] دەرکەوتنی ئەم "رووداوە سەیرانە" (کە دروستکەری گومانی پاڵەوانو خوێنەرو بنەمای ئەدەبیاتی فەنتازیکن) هۆی سەرەکیی گۆڕانکاریو گواستنەوەیە. ئەم "دۆخ"ە هیچ کات تایبەت بە چیرۆکەکانی "هەزارو یەکشەو" نیەو تا ڕادەیەك هەموو نموونەکانی دیکەی ئەدەبیاتی فەنتازیك دەگرێتەوە. تۆدۆرۆڤ گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە کە دوو ئەرکی کۆمەڵایەتیو جوانناسانە لە ژانری ئەدەبیاتی فەنتازیك دا وەك یەکن. لە هەردووکیاندا پێشێل کردنی یاساکان بەدی دەکرێن (هەڵگەڕانەوە لە بەرامبەر یاسا کۆمەڵایەتیو سروشتییەکان هاویەك دەبێتو هەڵکەوتی سەقامگیر لە پێکهاتەی چیرۆكو لە جیهانی رەوشتی کۆمەڵایەتیدا وەکوو یەك دەرمێو ...) لە دنیای دەقو لە دنیای ژینی کۆمەڵایەتیدا، دەستێوەردانی هێزە بان سروشتیەکان بە دابڕانێك لە سیستمی رێساگەلی



پەسندکراو ئەژمار دەکرێو هەر ئەمە پاساو و هۆی بوونیانە.[٨٨] لە ئەدەبیاتی مۆدێرن دا گۆڕانکاری لە ئەرکی ژانری ئەدەبیاتی فەنتازیك پێبە پێی گۆڕانکاری لە فۆرمو پێکهاتەکەی دا روو دەدات. تۆدۆرۆڤ "بەدگۆڕان"ی کافکای وەکوو نموونەیەکی (کامڵ)ی چیرۆکی فەنتازیکی سەدەی بیستەم تاووتوێ کردوە. لێرەدا گۆڕانکاری لە لۆژیك یا رووداوە سەرسووڕهێنەرەکان لە نیوەی چیرۆك یان لە دۆخی گواستنەوە دا روونادا، بەڵکوو لە هەمان یەکەم رستەی چیرۆکی مەسخ دا، دەخوێنینەوە کە گریگۆری سامسا کاتێك بەیانییەك لە خەو هەستا، لەنوێنەکەی دا ببوو بە زیندەوەرۆچکەیەك. لەگەڵ پێشڤەچوونی چیرۆکەکە دا ئەو بەرەبەرە دۆخی نوێ قبووڵ دەکا، واتە شوێنگە تەواو نائاساییەکەی دێتە دی. ئەو تێدەفکرێ کە ئەم ڕووداوە دەیتوانی بۆ کەسانی تریش (و بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ جێگری بەڕێوەبەرایەتییەکەی) رووبدات. تەنانەت خۆشحاڵ دەبێت کە ئیدی لە ئاست دایكو باوکی هیچ بەرپرسیاریەتیەکی نیە. چیرۆکەکە پێشڤە دەچێ تاکوو لە کۆتاییدا شوێنگەی سروشتی بە گوتی مۆریس بلانشۆ "ترسهێنەرو بێزارکەر" دێت؛ واتە شوێنگەی باڵغ بوونو داهاتووی خوشکی گریگۆری هەستی بێزاریمان لە لا دروست دەکا.[٨٩] کەوابوو چیرۆکەکەی کافکا تەواو لەگەڵ نموونەکانی پێشووی چیرۆکی فەنتازیك جیاوازە. ئەم نموونانە لە دۆخی ئاساییو سروشتییەوە دەستیان پێدەکرد بۆ ئەوە بگەنە دۆخی ناسروشتی، بەدگۆڕان لە دۆخی بان سروشتیەوە دەست پێدەکاو بەرەبەرە ئەو دۆخە سروشتی دەنوێنێ. لێرەدا هەستی سەرەکیی خوێنەر نەك گومان بەڵکوو گونجاندنی خۆیەتی لەتەك رەوتی رووداوەکان دا. بەم پێیە "کوندە پەپووی کوێر" لەنیوەرێگەی چیرۆکی فەنتازیکی کلاسیكو چیرۆکی فەنتازیکی مۆدێرنە. شوێنگەی سەرسووڕهێنەر وەکوو چیرۆکی کافکا، هەر لە سەرەتای



PDF4Kurd

کوندەپەپووی کوێر دا هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی چیرۆکی کافکا، خاڵی پۆزەتیڤی سەرەکی هەمان "گومان"ەو لەم روانگەیەوە لە ئەدەبیاتی فەنتازیکی کلاسیکیەوە نزیکترە.

ژان پۆل سارتێر لە وتارێك لەمەڕ رۆمانی "ئەمین ئەدەب"ی مۆریس بلانشۆ تیۆرییەکی لەبارەی ژانری ئەدەبیاتی فەنتازیك خستۆتە بەردەست کە تۆدۆرۆف دانی بەوە داناوە کە لە تیۆرییەکەی خۆی دەچێ.[۹۰] بە بۆچوونی سارتێر بلانشۆ و کافکا بە دووی هێنانە گۆڕی بابەتگەلی سەمەرە نین، چونکە لە روانگەی ئەوانەوە تەنیا یەك بابەتی سەرسووڕهێنەر هەیە، کە ئەویش مرۆڤە... مەبەست مرۆڤی ئاسایی، سروشتیو کۆمەڵایەتییە. کەسێك کە رێزلە گالیسکەی تەرم هەڵگر دەگرێ، لە کەنیسە چۆك دادەداو بە دووی ئاڵایەکەوە بە نمایشی سەربازی هەنگاو دەنێ، ئەم مرۆڤە سروشتیە بریتیە لە هەمان بوونەوەری سەرسووڕهێنەر. سروشتیبوونی پاڵەوانانی کافکا لەو شوێنەدا ئاراستە ناوێزەکەی دەردەخات کە هەموو شتە ناسروشتییەکان بەلای ئەوانەوە سروشتینو هەروەها خاوەنی سروشتی ناوێزەشن. تۆدۆرۆف گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە "ئەمە جیاکاریی نێوان چیرۆکی فەنتازیکیو کلاسیكو چیرۆکی کافکایە. ئەگەر بمانەوێ بە کورتی بڵێین: ئەوەی بۆ چیرۆکەکانی فەنتازیکی کلاسیك بە ناوێزەیەك ئەژمار دەکرێ لە بەرهەمەکانی کافکا دا رێسایە".[۹۱] لایبنیتیس راستی دەگوت کاتێك کە دەیوت جیهان (ژیان) لە کۆمەڵە زنجیرەیەکی هاوشێوە پێك هاتوە کە بە پێی یاساگەلێکی "ئاسایی" بە چەشنێکی هاوڕێك بە دووی یەکدا دێن؛ ئێمە تەنیا چەند چرکەساتێکی کاتیو کورتی ئەم زنجیرانە دەبینینو ناتوانین لە یاسا "ئاسایی"یەکانی تێبگەین. هەربۆیە بڕوا بە چەشنێك دابڕان، واتە چرکە ساتە ناوێزەو تایبەتییەکان دەکەین. راستییەکە ئەوەیە کە لە ژیان دا چرکە ساتە



ناوێزەکان لەگۆڕێ دانین. هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە بە "تایبەت"یان گریمان دەکەین، ئەگەر بێتوو لە دوورەوە لێیان بڕوانین: ساکار، سوواو و دووپات کراوەن.

## ٥

بۆ ناسینی مێتۆدی شیکاری تۆدۆرۆف سەرنج بدەین بەوتارەکەی خۆی بە ناوی "نهێنی چیرۆك" کە یەکێك لە باشترین نموونەکانی شیکاریی پێکهاتەییە(۹۲). تۆدۆرۆف لەم وتارەدا سەرەتا لە سێ کورتە چیرۆکی هونەری هێنری جیمز "واتە" "نەخشێك لەسەر قاڵیچە"، "سێر دۆمینیك فراند"و "لە قەفەسدا" دوا. ئەو بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی کورتە چیرۆکەکانی جیمز ـ کە بەردەوام گەڕانە بە دووی رەهایی ـ گەیشتە مێتۆدو شێوازی چیرۆك بێژی هێنری جیمز:

لەم چیرۆکانەدا هەر رووداوێك لەسەر بنەمای دیدی یەکێك لە کەسێتیەکان نووسراوە. ئێمە هەرگیز لەبارەی سێردۆمینیك راستییەکە نازانین تەنیا لە رێگەی پیتر بارۆن، (ئەگینا) خوێنەر جگە لە زانیاری بارۆن شتێکیتر نازانێ. لە چیرۆکی "لە قەفەس دا" چیرۆك گێڕەوە هەرگیز لەپێش چاوی خوێنەر، ئەزموونەکانی ئوە رارد و لیدی برادین پیشان نادا، تەنیا وێنەیەك لەوان کە ژنێکی گەنجی بەرپرسی تەلەگراف ناسیویەتی، پیشان دەدا.[۹۳]

ئەم "دەربڕینە ناڕاستەوخۆ، جادوویی‌و شارەزایانە"یە (خودی هێنری جیمز مێتۆدەکەی خۆی بەجوانی بەم چەشنە ناودێر کردوە، لە هونەردا خاکیبوون ( = تواچع) بێمانایە) لە کۆتایی چیرۆکی "لە قەفەس دا" وەبیرمان دەکەوێتەوە. دەبێ هەستی کچە لاوێك لەبارەی پێوەندی ئەفسەر ئوە رارد و لیدی برادین، لەزاری خاتوو (جۆردن)ەوە بناسین. بەڵام خاتوو جۆردن خۆی گێڕانەوەی بەرێزدرك دوپاتدەکاتەوە"بە داخەوە" ئەفسەر ئوە و لیدی برادین زۆر کەم

دەناسێ. جیمز ئەم میتۆدەی بە ناسینی شتێك لە ڕێگەی شتێکی دیکەوە زانیوەو ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە: "دەیزانی بەڕاستی ناتوانم یارمەتی بدەم؛ واتە ﴿دەیزانی﴾ دەزانم کە ئەو دەزانێ من ناتوانم ئەو کارە ئەنجام بدەم". تۆدۆرۆف نووسیویەتی: "بەڵام ئەو شێوازی دەربڕینی ڕوانینەکان یان ڕوانگەکان، ئیدی تەنیا شێوازێك نیە، دەتوانین بڵێین کەکێشەکە هەوێنە سەرەکیەکانی دەقیشە [٩٤] لێرەدا ئەو خاڵە لە قاڵب دراوە کۆنە لەمەڕ جیاکاری "فۆرمو نێوەرۆك" (یان بە گوتەی جیمز "شێوازو ئایدیا") بێمانا دەبێت. تۆدۆرۆف پاشان لە ڕەگو ریشەی ئەم شێوە ناڕاستەوخۆیەی کۆڵیەوەو دوو نموونەی هێنایەوە، یەکێکیان لە "نتردام دوپاری"و ئەوی‌تریان "مادام بوواری". ئەو دەری خست کە لە چیرۆکی یەکەم دا ویکتۆر هۆگۆ بە ڕاشکاوی باسی لەهەستو هزری پاڵەوانەکانی خۆی کردوە. بەڵام لە چیرۆکی دووەم دا فلۆبێر باسی لە گەوهەری سەرەکیی هەستو هزری کەسێتی‌یەکانی چیرۆکەکەی "نەکردوە"و تەنیا بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ دەری بڕیون. لە لایەکەوە لەنیگای کەسیەتی‌یەکی دیکەو لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی وەسفی "شتەکانی تر"و ئاشکرایە کە هێنری جیمز لەبارەی شێوەی گێڕانەوەی فلۆبێر زۆر شت فێرببوو. بە ڕای تۆدۆرۆف رەسەنایەتیی هونەری جیمز لەو شوێنەدا ئاشکرا دەبێ کە ئەم میتۆدە لە چیرۆکەکانی دا دەگۆڕێت بۆ هەوێنە سەرەکی‌یەکان. لەم بەرهەمانەدا ئێمە جگە لە فۆرمی سەرهەڵدان نابینین، و واتای بەرهەمیش شتێ نیە جگە لەوە کە تەنیا فۆرمی سەرهەڵدان راستەقینەیە، راڤەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ جیهانی خوڵقێنەری ئاڵۆزی. هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی هەقیقەت لە گۆڕێ دایە، بەڵام خودی هەقیقەت بەردەوام شاراوەیە (٩٥) تۆدۆرۆف ئەم پیواری هەقیقەتەی بە



"بنەمای کاری جیمز"ی زانیوەو نووسیبووی "لە بەرهەمەکانی جیمز دا خاڵی سەرەکی پیوارە". [٩٦]

ئێستاکە لە خاڵێکی "تەکنیکی"ی دیکە ورد بینەوە: ڕۆنان لە چیرۆکە کلاسیکی‌یەکان دا بۆ نموونە لە "دیکامیرۆن" هەمان پێکهاتەی ئاشنا بەدی دەکەین. شوێنگەی سەقامگیری یەکەم، لە قۆناغی گۆڕانو گواستنەوەدا شوێنی خۆی بە شوێنگەی سەقامگیری دووەم دەسپێرێ، کە بە زۆری شوێنگەی دووەم سەقامگیرترو لە ڕوانگەی پراکتیکیەوە "کاراترە". هەر لەم پارەدا، لە باسکردنی چیرۆکی "گۆزە شەراب"ی دیکامیرۆن دیتمان کە پەرونلا بە ئەنجامدانی پلانێك (بەوە کە خۆی بەیاری کڕیاری گۆزە شەراب دەناسێنێ" چیرۆك بە شوێنگەو هاوسەنگی‌یەکی تازە دەگەیەنێ کە بەهەر حاڵ "پراکتیکی‌تر" لە شوێنگەی یەکەمە. بەڵام لە چیرۆکەکانی هێنری جیمز، شوێنگەی دووەم خاوەنی هیواو سەرنج راکێشبوون نیە. کچە لاوەکە لە چیرۆکی "لە قەفەس دا" سەرەتا لە شوێنگەی "ئاسایی" ژیانی ڕۆژانەی خۆی‌دایە، واتە لە بەڕێوەبەرایەتی تەلەگراف درێژە بە کاری خۆی دەدا. لە کۆتایی دا هەرچەند بە بیستنی هەواڵی پێکەوەنانی ژینی هاوبەشی لیدی برادینو ئەفسەر ئوه رارد، جۆرە هاوسەنگی‌یەکی چیرۆکی دروست کراوە، بەڵام سەرچاوەی خولیاپەروەری‌و هیوای کچۆڵەش کۆتایی پێ‌هاتوە. لە شوێنگەی یەکەم دا، خوێنەر چاوی بڕیبوە دوارۆژ: ئایا پێوەندی‌یەك لەنێوان ئەفسەرەکەو کچەکە دروست دەبێت؟ لە شوێنگەی دووەم خوێنەر ئاور لە رابردوو دەداتەوە: ئوه رارد کێ‌بوو؟ چی کرد؟

لە تاووتوێی چیرۆکەکانی "تارمایی‌یەکان"ی هێنری جیمزدا، تۆدۆرۆف پیشانیدا کە بەردەوام پیواری مایەی سەرەکیە. تەنانەت لەناوی بەشێك لەم چیرۆکانەدا، ناوی کەسانێکی ئامادە نەبوو (غایب) (یان تارماییە ئامادەکان )ە: سێردومینیك



PDF4Kurd

فراند، سێر ئێدمۆند ئێرم، مود ـ ئولین، ونوناوۆنسێن. دەسمایەی سەرەكیی تەواوی چیرۆكەكان ئەمەیە: "ئارایی جەستەیی ژین لەنێو ئەبا" تاووتوێی تۆدۆرۆف لە"چیرۆكی هەڤالان"ی هێنری جیمز دوابەدوای سەلماندنی ئەم خاڵە نووسراوە.(٩٧) لەم چیرۆكەدا، پیاوێك تارمایی دایكی لە چركەساتی مەرگی دایكی دەبینێ. ژنێكیش تارمایی باوكی خۆی لە چركە ساتی مەرگی باوك دەبینێ. چیرۆك گێڕەوە ژنێكی گەنجە، دەزگیرانی پیاوەكەیەو هاوڕێی ژنەكەیە. ئەو سەری سوڕماوە لەم دوو رووداوەو هەوڵ دەدا تا "دوو شایەتحاڵ" بە یەكتر بناسێنێ. بەڵام هەموو هەوڵەكانی بەهۆی هۆكاری هەمەچەشن بەرەوڕووی شكست دەبێتەوە. دواجار ژنەكە دەمرێ و پیاوەكە بە دەزگیرانەكەی دەڵێ كە ژنی ناوبراوی لە ساتی مردن دا دیوە. گەر بە ڕاستی وابێ یان لەپەیكەری تارماییەكدا بێ؟ گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە كە لە ئارادابوونی جەستەیی لە ژیان دا نەلواو بوو ﴿!!﴾ نموونەیەكی دیكەی چیرۆك "مود ئولین"ە. كوڕە لاوێك بە ناوی مارمادوك شەیدای كچێكە بە ناوی مود ئولین كە پانزدە ساڵ لەوەوپێش مردوە. بەڵام كوڕەكە لەو باوەڕەدایە كە مودئولین زیندوویەو دایكو باوكی كچەكەش لەگەڵ ئەو دا هاوڕان. لە رێگەی گێڕانەوەی "وینیا" كە هاوڕێی مارمادوكە تێدەگەین كە ئەو لەگەڵ كچەكە "ژینی هاوبەش پێك دێنێ"و پاشان كچەكە "دەمرێ"! مارمادوكیش "لەپاش ئەو دەمرێ". ئێستا لاوینیا پەرە بەم باوەڕە دەدا. بە پێی ئەم چیرۆكە "ئارایی" بە واتای مەرگەو "پیوار" بە واتای ژیان. لە چیرۆك دا، رابردوو گرنگییەكی چارەنووسسازی هەیە. "ژینی دووەمی مود ئولین" دەرەنجامی هزری ئەوانیتره لەهەمبەر ئەو و رابردوو، كاتێك كە ئەو بە ڕاستی لە ژیان دا مابوو. هێنری جیمز دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە: "هەتاكوو زیاتر بڕوانینە رابردوو، زیاتر لە شتەكان تێدەگەین". بڕواهێنان بەوە كە لە جیهانێك



دا كە دێتەوە یادی خەڵكیتر دەژین، هاودڵی كردنە لەگەڵ جیمز دا. جیهانێك كە بە واتای جەستەیی بۆ كەسانیتر پیوارەو لە یادەوەریی ئەوان بۆكاتی بەسەرچوو واتای هەیە. كەوابوو "مەرگ چاووگەو گەوهەری ژیانە. رابردوو ئێستای داهاتوویە. وڵام بەر لە پرسیار دێتە گۆڕێ".[٩٨]

چیرۆكێكیتر هێنری جیمز "میحرابی مردووان"ە كە (كامڵ)ترین نموونەی ئەم گرووپە لە بەرهەمەكانیەتی [٩٩]. ئێسترانسۆم كەسیەتیی سەرەكیی چیرۆكەكە، مردووان دەپەرستێ. ئەو تەنیا پیوار دەناسێ و جگە لەو هیچ شتێكی ناوێ. دەزگیرانەكەی دەمرێ و ئەو دڵ بە بیرەوەری و یادی دەزگیرانەكەی دەسپێرێ. رۆژێك یەكێك لە هەڤالانی كە هاوسەرەكەی مردبوو، هاوسەرە تازەكەی بە ئێسترانسۆم دەناسێنێ. ئەو تەواو دادەهێزرێ. "ژنی زیندوو" پەسند ناكا، دەڵێ كە هاوڕێیەكەی خەیانەتی لە بیرەوەری هاوسەری راستەقینەی خۆی كردوە، ژنی زیندوو بە لای ئەوەوە بێبایەخەو بیرەوەریی مردوو بە ڕای ئەو بە واتای راستەقینەی بوونەوەرێكی زیندوویە. رۆژلە دوای رۆژ زیاتر دەبێتە مردوو پەرست. بڕیار دەدا مێحرابێك بۆ مردووەكانی دروست بكا. بۆ هەر مردوویەكی تازەی كەس‌وكاری خۆی ("ژمارەشیان چەندە زۆرە!") مۆمێك لەم مێحرابە دا هەڵدەگیرسێنێ. مێحراب بە مانای بوونی بیرەوەرییەكانیەتی. مەرگ تاوانەكان‌و خراپەكارییەكان دەبەخشێ‌و چاكە دەسەپێنێ. "دانیشتوانی مێحراب" بە لای ئێسترانسۆمەوە نزیكترین كەسن. تەنیا شوێنی ئەو لەم مێحرابە دا بەتاڵە. ئێسترانسۆم لەگەڵ ژنێكی گەنج ئاشنا دەبێ، ئەو ژنە شەیدای هاوڕێی ئێسترانسۆم بوو، ئەو هاوڕێیەی كە هەرگیز بەهۆی بێوەفایی لەهەمبەر بیرەوەرییەكانی هاوسەرە مردوەكەی لێی خۆش نەبوو. ئەو هاوڕێیە مردوە، تەنیا مردوویەك كە مۆمێك سەبارەت بەو لەمێحرابەكە دا ناسووتێ. بەڵام ژنە



PDF4Kurd

لاوەکە شەیدای ئەم مردوویەیەو داوا لە ئێستڕانسۆم دەکا: "مۆمێکی بۆ هەڵبکە"، ئێستڕانسۆم دەڵێ: ناتوانم. ژنەکە دەڵێ: "کەوابوو ماڵاوا". مەرگ ژینی مردووان دیاری دەکا، کاتێك ژنەکە دەڕوا ئێستڕانسۆم بە راستی هەست بە تەنیایی دەکا، ئیدی هۆگری هیچ شتێك نیە، تەنانەت مردووەکانیش ناتوانن دڵنەوایی لێ بکەن. دەبینی کە مردووان جارێکی دی دەمرن. لە پێکەوتوو و نەخۆش دەچێتە کەلیسا. لە دڵی خۆی دا هاوڕێ بێوەفاکەی خۆی بەخشیوە، ئیدی ئەوین، کینەو هاوڕێیەتی لە گۆڕێدا نیە. مەرگی پەتی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو کەسەی کە دەمرێ، هەیە. لێبووردن گەورەترین لەمپەری لەبەردەمی مەرگ دا تێك شکاندوە. ژنەکەش دێتە کلیساو ئێستڕانسۆم لە ئامێزی دا دەمرێ. وەکوو ئەوە وابوو هۆگریی ئەو بە پیوار و مەرگ بیانووی ژیانی بوو، ئێستا بە واز هێنان لە مردن، تەنیا دەتوانێ بمرێ. پیوار مایەی سەرەکیی کورتە چیرۆکی هێنری جیمزە کە لە دوایین رستەی وتاری تۆدۆرۆف دێتە گۆڕێ، بە چەشنێکی هەمە لایەنە، ئەم ڕستەیە شوێنگەی دانەر لە شیکردنەوەی پێکهاتەیی دەق دا پیشان دەدا:

هێنری جیمز، لە ساڵی ١٨٤٣ لە نیۆیۆرك لە دایك بوو. بەڵام تا ساڵی ١٨٧٥ لە ئورووپا ژیا. سەرەتا لە پاریس، پاشان لەندەن. پاش چەند سەفەرێکی کورت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بوو بە هاووڵاتی بریتانیاو لە چێڵسی لە ساڵی ١٩١٦ دا کۆچی دوایی کرد. هیچ رووداوێکی گرنگ لە ژیانی دا رووی نەدا. ژیانی خۆی هەر بە نووسینی کتێبەکانی بردەسەر: دەیان رۆمان، کۆمەڵە کورتە چیرۆکێك، بڕگە گەلی شانۆیی‌و چەندین وتار بەرهەمی ژیانی ئەون. بە دەربڕینێ‌تر ژیانی بە چەشنێکی تەواو ئاسایی تێپەڕی (هەر بەو چەشنەی کە



هەر شتێکی هەنووکەیی ئاساییە): بەرهەمەکانی کە بە شێوەیەکی بنەمایی لە پیوار دابوون، ئەم خاڵەیان بەهێزتر دەرخست.[١٠٠]

تێبینی وەرگێڕ:

* قوو: باڵندەیەك لە شێوەی قازو مراوی، مل بەرزو سپی رەنگە.

پەراوێزەکانی پاری نۆیەم

1. T.Todorov, Nous et les autres, Paris, 1989.

ئەم پەرتووکە هەروەك لە ناوونیشانی دووەم دەردەکەوێ، لەبارەی شێوەی مامەڵە کردنی فەرانسییەکان لەتەك "مژارێکی دیکە"یە. لەو دا تیۆرەکانی گۆبینۆ، مۆنتێنی، مۆنتێسکیۆ، رێنان، میشلە، پێگی، شارتۆ بریان، لۆتی، لیۆشتراوس... لەمەڕ "ژیارە فەرانسییەکان"و لە بنەڕەت دا چەمکی "ئەوی دی" تاووتوێ کراوە.

2. T.Todorov, La conquete, le l'Amérique Paris, 1982.

بەرهەمێکی تری تۆدۆرۆف لە بواری ئاخێو و تیۆریی سیاسی، وتارێکی کورتە بەڵام زۆر سەرەنج راکێشە لەمەڕ ژان ژاك رۆسۆ:

T.Todorov, Frele bonheur, Paris, 1985.

٣ـ بۆ نموونە تۆدۆرۆف لە دوایین کارەکەی "ئێمەو ئەوان" هەر چەند کەڵکی لە مێتۆدی پێکهاتەگەرایی لە خوێندنەوەی دەقەکاندا وەرگرتووە، بەڵام (تارادەیەك بەهۆی چیەتیی کارەکەی کە لە پانتایی فەلسەفەی رامیاری دایە) لە مێتۆدگەلی تریش کەڵکی وەرگرتوە. خۆی باسی لە بەرهەمی هزرمەندانی جیاواز چەشنی یۆرگێن هابێرماس، هانا ئارێنت‌و ریمۆن ئارۆن کردوە کە کاریگەریان لەسەر ئەو داناوە:

T. Todorov, Nous etles autres, P.15.

4. T.Tdorov, Poétique, Paris, 1973, P.15.
5. Ibid., P.16.
6. Ibid., PP. 19 – 20.
7. T.Todorov, Poétique, de la prose, Paris, 1971, PP.241 – 253.
8. Ibid., P.245.
9. Ibid., P.246.



PDF4Kurd

١٠ـ بڕواننە وتاری "ئەدەبیاتو زمان" لە:
T.Todorov, Poétique de la prose, P.32.
تۆدۆرۆف مێتۆدی دەربڕینو توخمەکانی فۆرمیکی چیرۆکی، بە شتێك جگە لە بابەتە زمانناسانەکان، نازانیو لەسەر بنەمای سیمبۆلە زمانییەکان بە دوای ڕێسا ڕێزمانییەکان چیرۆك دەگەڕێ.

11. E.Benveniste, Problems de linguistiqu générale, Paris, 1987, Vol. I, P.17.

12. T.Todorov. ed, théorie de la littérature, Paris, 1966, P.48.
بڕواننە پاری دووەمی ئەم کتێبە.

13. Ibid., PP.128 -129.

14. E.Benveniste, op.cit, Vol.1, P.290.

١٥ـ تامەزرۆیی ئێمە بۆ دووبارە خوێندنەوەی ڕۆمانێكو چەندبارە بینینی فیلمێك یا بیستنی کۆپلەیەك موسیقا، دۆزینەوەی دووبارەی "گەورە پێکهاتەی واتایی"یەتی. هەر جارەو توخمە پێکهاتەییەکان لەتەك دوا پێکهاتە بەراورد دەکەین.

١٦ـ ئەم جیاکارییەی نێوان "تیۆریی ئەدەبی"و "ڕەخنەکاریی ئەدەبی" لە بەرهەمەکانی دواتری تۆدۆرۆف دا نیە. خاڵی سەرەکی جیاوازیی دوو مێتۆدە، یەکێکیان واتایەکی ئەگەری لەنێو دەق دا وەدەست دێنیو ئەویتر ڕێنوێنیکەرێکە کە لە دەرەوەی دەق دایە. ئەم خاڵە هەڵبەت چەشنی بنەمای بەڵگە هێنانەوەی بەرزە ئاستیی مێتۆدی پێکهاتەگەرا ماوەتەوە، بەڵام ناتوانین مێتۆدی یەکەم بە تیۆرییو دووەمیان بە ڕەخنەکاریی ئەدەبی بزانین.

17. E.Benveniste, op.cit., Vol.1, PP.238 – 239.

18. T.Todorov, Poétique de la prose, PP.37 – 38.

19. Ibid., PP.38 – 39.

20. T.Todorov, Poétique, Paris, 1973.

21. T.Todorov And O. Docrot, dictionnaire encyclopédique des sciencis du langage, Paris, 1972.

22. T.Todorov, les genres du discours, Paris, 1978, PP.13-26.

23. Ibid., P.15.

24. Aristotle, The works, Vol? 1: Rhetorica/ Poetica, ed, W.D.Ross, Oxford, 1971, 1447 a.

25. T.Todorov, Théories du symbole, Paris, 1985.
بڕواننە پاشکۆی سێیەم لە کۆتایی کتێبەکە.



26. Grammaire du Récit.

٢٧ـ بڕواننە وتاری "بنەمای کورتە چیرۆكو ڕۆمان" لە نووسینی ڤیکتۆر شکلۆفسکی لە:
T.Todorov éd, Théorie de la littérature, PP.170 – 196.

28. T.Todorov, Poétique de la prose, PP.118 – 128.

29. T.Todorov Littérature et significaion, Paris, 1967.
T.Todorov, Grammaire du Décaméron, The Hague, 1969.

30. T.Todorov, Poétique de la prose, PP.122 - 123.
چیرۆکی "گۆزە شەراب"ی بۆکاچیۆ ساکارە: پەرونلا دڵخوازەکەی لە پیواری مێردەکەی دێنێتەماڵەوە. مێردەکەی دەگەڕێتەوە، پەرونلا وا نیشان دەدا کە ئەو کوڕە لاوە بۆ کڕینی گۆزە شەراب هاتوە؛ مێردەکەی فریو دەداو دەینێرێتەوە گۆزەخانەکەو هەردووك پێکەوە دەکەونە ڕامووسانو مێردەکە ناچار دەبێ گۆزە شەرابەکە بۆ ماڵی "کڕیار" بگوازێتەوە.
Boccaccio, The Decameron, Trans. G.H. Mc William, London, 1972, PP.527 -531.
لە فیلمی "دیکامیرۆن"ی پییەر پائۆلۆ پازۆلینی (کە شارەزای نیشانە ناسی بوو) جەخت لەسەر گەمژەیی مێردەکە کراوە. سیفەتێك کە "مافی تازەی" پەرونلا سنووردار دەکاو پەیوەستی دەکا بەخۆیەوە.

31. T.Todorov, op.cit., P.128.

32. Ibid., P.121.

33. Ibid., P.246.

34. ibid., P.79.

35. Ibid., P.80.

36. T.Todorov Grammair du Décaméron, P.72.

37. T.Todorov Poétique de la prose, PP.92 -99.

٣٨ـ ژاك ریوت فیلمی لانگی بە "کوودەتایەك دژی تێگەیشتنی ڕەها" زانیوە: "فیلمەکە سنوورەکانی ڕاستنوێنی دەستنیشان دەکا":
Cahiers du cinema, 76, novembre 1957.

39. T.Todorov, op.cit., PP.97 – 98.

40. T.Todorov, Poétique, P.30.

41. Ibid., P.P.36 – 37.



PDF4Kurd

42. T.Todorov, Introduction a la littérature fantastique, Paris, 1976, P.45.n.

43. T.Todorov, op.cit., P.60.

"لەو دەريايەدا ماسىيەكم دى كە درێژىيەكەى ٢٠٠ ميتر بوو"و "لە هێندێك لە دورگەكان باڵندەيەكى گەورە هەيە كە پێى دەڵێن رۆخ‌و بەچكەكانى خۆى بەگۆشتى فيل دەژێنىٚ"و ئێمە پێكەوە دەدواين لە ناكاو هەتاو لەبەرچاوان بزر بوو و تاريكى باڵى بەسەر رووناكى رۆژ دا كێشا. كاتىٚ سەيرى ئاسمانمان كرد بۆ ئەوەى بزانين لەمپەرى بەردەمى خۆر چيە، لەناكاو ديتمان باڵەكانى رۆخ خۆرى داگرتوەو تاريكى دەوروبەرمانى تەنيوە": هزار و يكشب، ترجمه عبداللگيف گسوجى، تهران، ١٣٥٧، ج ٤، ص ١١١، ص ١١٤، ص ١٣٣.

44. T.Todorov, Les genres du discours, PP.44 – 60.

45. T.Todorov, I, Introduction a la littérature fantastique, P.8.

46. Ibid., P.9.

47. Ibid., P.26.

٤٨ـ ب. كروچە، كليات زيباشناسى، ترجمه ف.روحانى، تهران، ١٣٥٨، ص‌ص ١٢٠ — ١١٠ (بازگفت از ص ١١٥).

49. G.Genette, figures, Paris, 1979, Vol.2, P.15.

50. C.Guillen, Literature As system, princetion u.p., 1971, P.376.

51. Ibid., P.390.

52. Ibid., P.121.

هێماى گێلين بە "وتارگەلێك لەمەڕ شێعرى ڤارەمانێتى"يە كە ڤۆلتێر نووسيويەتى.

53. N.Frye, Anatomy of criticism, pricetion u.p., 1973.

54. T.Todorov, Introduction a la littérature fantastique, PP.61 – 71.

N., op.cit., PP.246 – 326.

هەروەها بڕواننە پارى چوارەمى كتێبى فرئاى.

55. T.Todorov, op.cit., P.22.

56. Ibid., P.35.

57. Ibid., P.36.

58. G.De. Nerval. Aurélia, ed. B.Didier. Paris. 1958.



لەم كتێبە دا، هەم بڕگەگەلى چاپ نەكراوى "ئۆرليا" بەدى دەكرىٚ، هەم راڤەگەلى بئاتريس ديديە بەدى دەكرىٚ كە سەرنج راكێشە.

59. T.Todorov. op.cit., PP.44 – 45.

٦٠ـ رۆژە لێسكۆ، ژيلبێر لازار، رنە لولو و ئاندرىٚ برتۆن باسيان لە لێكچوونى دوو بەرهەم كردوە. هانرى ماسە لە زارى رۆژە لێسكۆوە دەگێڕێتەوە كە هيدايەت رۆژێك پێى وتبوو: "زۆر بە داخەوە كە نێروالم زۆر درەنگ ناسى"و جەخت دەكا كە "ديد، تێگەيشتن‌و هەستى هەردوو نووسەرەكە" يەكسان بوو و ژيان‌و هەڵسوكەوتى رەوشتيشيان لە يەكتر دەچوو:

درباره صادق هدايت، ترجمه و تدوين ح.قائميان، چاپ سوم، تهران ١٣٤٣، ص‌ص ١٤٦ — ١٤٤.

پاستۆر ڤالێرى رادۆ نووسى كە هيدايەت‌و نێروال يەكسان ژيان‌و "هەردووك لە پێڕەوى كردنى بنەما فكرى‌و مەعنەوىيەكانى دەوروبەريان لايان دا" (هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل ١٢٢).

٦١ـ ص.هدايت، بوف كور، چ ٧، تهران، ١٣٣٨، ص ١٢، ص‌ص ٥٥ — ٥٤، ص ٦٨، ص ٨٩، ص‌ص ١٠٠ — ٩٩، ص ١٢١.

٦٢ـ هەمان سەرچاوەى پێشوو، لاپەڕەكانى ١٠ — ١١ - ١٧.

٦٣ـ هەمان سەرچاوەى پێشوو، لاپەڕەكانى ١٤ — ١٦ — ١٧.

٦٤ـ تۆدۆرۆف لەبارەى "ئۆرليا"وە دەڵىٚ كە لەوىٚ دا خولياكانى لە شێوەى چيرۆك گەلێك دەردەكەون. ئەم خاڵە لەبارەى "كوندە پەپووى كوێر"يشەوە راستە:

T.Todorov, op.cit., P.66.

٦٥ـ هدايت، ص، پيشين، ص ٦١.

٦٦ـ هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل ٦٢.

٦٧. هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل ٦٨.

٦٨ـ هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل ١٠١.

٦٩ـ هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل ٩٩.

٧٠ـ هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل ٩٧.

71. T.Todorov, Symbolism et Interprétation, Paris, 1978.

72. Ibid., P.76.

٧٣ـ عبدالقاهر جرجانى، اسرار البلاغه، ترجمه ج.تجليل، تهران، ١٣٦٦، ص‌ص ٥٢ — ٥١. ئێستا كتێبێكى گرنگى ترى جۆرجانيش وەرگێڕدراوەتە سەرزمانى فارسى:



PDF4Kurd

عبدالقاهر جرجانی، دلایل الاعجاز فی القرئن، ترجمه م.رادمنش، مشهد، ١٣٦٨، ص ١١٤ – ١١٣.

٧٤ـ عگار نیشابوری، تژکرهالاولیاو، تصحیح م.استعلامی، تهران، ١٣٦٣، ص ٥٨٣.

٧٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣.

76. T.Todorov, op.cit., p.77.

77. Ibid., P.84.

78. Ibid., P.85.

تۆدۆرف لە کتێبی "لەسەر کاغەز"ی مارت رۆبێر فاکتی هێناوەتەوە.

79. T.Todorov, Introduction a la littérature fantastique, PP.97 – 98.

80. Ibid., P.98.

٨١ـ تۆدۆرۆف ڕەخنەی لە ژان پییەر ریشار و ڕەخنەگرانی ڕێبازی "شیکردنەوەی واتاکانی بەرهەمی ئەدەبی" گرتوە کە نەیانتوانیوە پۆلێن بەندیی هەوێنەکانی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان بکەن‌و تەنانەت نەشیان توانیوە باسەکەش دەست پێبکەن:

Ibid., P.101.

82. Ibid., P.100.

٨٣ـ بەم پێیە "راشۆمۆن"ی بەرهەمی کۆرۆساوا فیلمێکی "فەنتازیك"ە. گێڕانەوە هەمەجۆرو فرەچەشنیی چیرۆکی  کە لە دارستان دا دروست بوون، دواجار ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە: نەزانی ئێمە، نەناسراو بوونی کەتوار.

84. T.Todorov, op.cit., P.165.

85. P.Penzoldt, "The Supernatural", Fiction, London, 1952, P.146.

86. T.Todorov, op.cit., PP.166 – 167.

87. Ibid., PP.172 – 174.

88. Ibid., P.174.

89. Ibid., P.179.

90. Ibid., P.181.

بڕوانە:

J.P.Sartre, Situations, Paris, 1947, vol.1, PP. 122 – 142.

91. Ibid., P.183.

92. T.Todorov, Poétique de la prose, PP.122 – 142.



تۆدۆرۆف ئەم وتارەی لە ساڵی ١٩٦٩ نووسیوەو لە ساڵی ١٩٧١ چاپی کردوە. وتاری "نهێنیی چیرۆك" تەواوکەرێکیشی هەیە کە لەژێرناوی "تارمایی‌یەکانی هێنری جیمز" نووسراوە:

Ibid., PP. 186 – 196.

93. Ibid., P.158.

94. Ibid., PP.158 – 159.

95. Ibid., P.160.

96. Ibid., P.153.

تۆدۆرۆف لە پەراوێز دا گوتەیەکی گرنگ‌و رۆشنگەری لە زاری فلۆبێرەوە گێڕاوەتەوە. فلۆبێر لە نامەیەك دا کە بۆ گی دوموپاسان (١٥ی ئووتی ١٨٧٨) ناردوویەتی، نووسیویە: "ئایا هیچ کات بڕواتان بە هەبوونی شتەکان کردوە؟ ئایا جگە لە بەد حاڵی بوون شتێکی دی هەیە؟ جگە لە "پێوەندی‌یەکان" هیچ شتێك راستەقینە نیە. واتە ئەو شێوەیەی کە هەموو شتێك بە هۆی ئەوەوە لەبەرچاو دەگرین". (ل١٦٠)

97. Ibid., PP.169 – 170.

98. Ibid., P.172.

٩٩ـ "مێحرابی مردووان" سەرچاوەی سەرەکیی فیلمی فرانسوا ترۆفۆ، بەناوی "ژووری سەوز" (١٩٧٨)ە. فیلمەکە هێمایەکی بە "چیرۆکی هاوڕێیان" دەکات.

100. T.Todorov, op.cit., P.185.



PDF4Kurd

## پاری دەیەم

# نیشانەو ئاخێو: ژێنێتو کریستوا

هەر رۆمانێك چەشنی ژیانێکە کە لە شێوەی کتێبێك دەردەکەوێ. هەر ژیانێك سیمبۆلێکی هەیە، ناوونیشانێك، بلاوکەرەوەیەك، پێشگوتارێك، دەروازەیەك، دەقێك، یادنووس گەلێك.

نۆوالیس

١

ژێرار ژێنێت لە ساڵی ١٩٣٠ چاوی بە دنیا هەڵهێنا. لە ساڵی ١٩٤٩ لە زانکۆ وەرگیرا، هەتا ئەمڕۆش ژیانی لە زانکۆ بردۆتە سەر، سەرەتا وەکوو خوێندکارو پاشان وەکوو مامۆستای زانکۆ. هەڵەچنی گۆڤاری "Poetique"ە، و سەرپەرشتیاری کۆمەڵەیەکە کە چاپەمەنی "سوی" هەر لە ژێر ئەم ناوە بڵاوی کردۆتەوەو ژمارەیەك لە گرنگترین بەرهەمی پێکهاتەگەراکان لەو دا بڵاو بۆتەوە. لەپاش بڵاوبوونەوەی سێ بەرگی کتێبی "خوازەکان" وەکوو یەکێك لە گرنگترین توێژەرانی تاووتوێی پێکهاتەیی دەق ناسرا. [(١)] ژێنێت لە ساڵی ١٩٧٦ "لۆژیکی لاسایی کردنەوە"ی لەبۆ روونکردنەوە، رەخنە، تاووتوێی کامڵبوونی مێژوویی تیۆریی ئەرەستۆ، بڵاو کردەوە. [(٢)] دوو ساڵ دواتر "تابلۆ دووبارە نووسینەیییەکان"ی لەمەڕ کێشەی نێوان دەقی نووسی. [(٣)] لە ساڵی ١٩٧٩ تیۆریی "سەر دەق ﴿Architexte﴾"ی لە وتارێك هەر بەناوی ﴿سەردەق﴾ لەمەڕ ژانرە ئەدەبییەکانەوە هێنایە گۆڕێ. [(٤)]



دواجار، لە ١٩٨٧ کتێبی "بەستێنەکان"ی بڵاو کردەوە [(٥)] و لەو دا خاڵە تایبەتییەکانی ئارایی کتێبو پەسند کردنی دەقی تاووتوێ کرد. بابەتی بەرهەمەکانی ژێنێت، خاڵگەلی سەرەکیو ئاشنای تیۆریی ئەدەبی پێکهاتەیییە؛ بەڵام ئەو دەقانەی کە بۆ تاووتوێ هەڵیبژاردون (زمانێك کە گونجاو لە تەك "تیۆریی دەربڕین"ی کلاسیك بەکاری هێناوە) چەندین جار کۆنترن لەو دەقانەی کە کەسانێك وەکوو بارت، تۆدۆرۆفو کریستوا هەڵیان بژاردوون. [(٦)] بابەتی زۆر لە وتارەکانی ژێنێت، ئەدەبیاتی سەدەی حەڤدەهەم، یان فۆرمە فەرامۆشکراوەکانی دەربڕینی ئەدەبی، یان جۆرەکانی خوازەو باسەکانی تیۆریی ئەدەبییە. هەرچەند هەڵبژاردنی ئەم بابەتگەلە، خوێنەری کەمتر بەرەو بەرهەمەکانی خۆی راکێشاوە، بەڵام نیشاندەری دەسەڵاتی ئەوە بەسەر مێتۆدی شیکاریی پێکهاتەیی دا. هەڵبەت کۆمەڵە بەرهەمێکیشی لەمەڕ ئەدەبیاتی نوێ نووسیوەو ئەم بەرهەمانە زیاتر خوێنراونەتەوەو وەرگێڕدراونو تاووتوێی وردتر لەبارەیانەوە لە کتێبە رەخنەکارییەکان دا بەدی بکەیت. لەنێوان ئەم نووسینانەی ژێنێت دا وتارێکی درێژ کە لە سێیەم بەرگی "خوازەکان" دا لە ژێرناوی "ئاخێوی چیرۆك" کە بۆ تاووتوێی رۆمانێکی مارسێل پروست تەرخان کراوە، ناوبانگی زۆری وەدەست هێناوە. کورتە وتارێکی زۆر گرنگی ژێنێت لەمەڕ "خوازەی رەها لە بەرهەمەکانی پروست"یش لە کتێبی ناوبراو دا چاپ کراوە. وتاری "ئاخێوی چیرۆك" بە وتەی دەیڤید لاج "کامڵترینو پاڵاوتەترین نووسراوێکە کە لە پاش ئەو جیاکارییەی کە فۆرمالیستە رووسییەکان لەنێوان چیرۆكو گەلاڵە دایان ڕشت، بڵاو کراوەتەوە". [(٧)]

لە دەستپێکی "ئاخێوی چیرۆك" دا ژێنێت نووسی:

ئەوەی من لێرەدا دەیهێنمە گۆڕێ لە بنەڕەت دا مێتۆدێکی شیکارییە. دەبینم کە بە دووی خاڵێکی تایبەت کەوتبوومو ﴿ئێستاش﴾ خاڵێکی گشتیم دۆزیوەتەوە.



PDF4Kurd

دەمهەویست بەم تیۆرە خزمەتی ڕەخنە بکەمو بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆم ڕەخنەم لە خزمەتی تیۆر بەکار هێناوە. ئەم مەتەڵە پێکناکۆکە، بە بۆچوونی من لەبەردەمی تیۆریی ئەدەبی بە گشتیو بێگومان لە بەرامبەری تەواوی کردەی ناسین دایە، کە بەردەوام لەنێوان ئەم دوو پانتاییی‌یە دراوسێیە کەرت دەبن، لە لایەکەوە بەرەوڕووی بابەتێکی تاقانە دەبنەوەو لە لایەکیترەوە بەرەوڕووی زانستێکی گشتی... دواجار تێدەگەین کە خاڵی گشتی لە جەرگەی خاڵی تایبەتی دا خۆی حەشار داوەو بە پێچەوانەی پێشداوەریی هەمووان، خاڵی ناسراو لە جەرگەی ڕەمزو نهێنی دایە.[٨]

هەر ئەم دانپیانانەی ژێنێت نیشاندەری چەند ڕوویەکی گرنگی کاری ئەوە. دەیویست شتێ بنووسێو شتێکی دیکەی نووسیوە، زانیویەتی کە ئەوەی دەیەوێ بیناسێ لە جەرگەی نهێنیو ڕەمز دا خۆی شاردۆتەوەو دواجار نەیتوانیوە بەو "زانستی گشتی"،ئەو زانستەی کە بە کەڵکی شیکردنەوەی هەر دەقێك بێت، بگات. هەموو ئەمانە گرنگترین دەرەنجامی تیۆرین کە ـ تا ئێستا لەم کتێبە دا دیومانە ـ پێکهاتە گەرایی هێناویەتە ئاراوە. لە وتاری "ئاخێوی چیرۆك" دا ژێنێت بەهۆی مێتۆدی پێکهاتەگەرایی‌یەوە خاڵگەلێکی سەرنج ڕاکێشو تازەی لە "گەڕان بە دووی کاتی لەدەستچوو"ی مارسێل پروست وەدەست هێناوە، ئەو خاڵانەی کە چەندین دەیە توێژەران نەیانتوانیوە بیانبینن. دۆزینەوەی دوو چەشن وەسفی پروست لە بۆ نوێژخانەی مەزن ـ یەکێکیان میتافۆریكو ئەوی دی لەسەر بنەمای خوازەی ڕەها ـ کارێکی پڕشنگدارە. بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدایە کە ژێنێت ئەم دۆزینەوەیەی خۆی بە بنچینەی تیۆریەك، تەنانەت لەمەڕ بەکارهێنانی خوازەی ڕەها لە ڕۆمانەکەی پروست، دانانێ. بۆ ناسینی ژێنێت دەگەڕێینەوە بۆ وتارێکی کۆنی ئەو "پێکهاتەگەراییو ڕەخنەی ئەدەبی" (١٩٦٦).[٩] لەم وتارەدا، ژێنێت لە یەکەمینساڵەکانی گەشانەوەی تاووتوێی



پێکهاتەیی دەقە ئەدەبی‌یەکان لە فەڕانسە، هەوڵی دا تاکوو بنەما تیۆریو مێژوویی‌یەکانی ئەم مێتۆدە شیتاڵ بکاتەوە. دووبارە خوێندنەوەی ئەم وتارە لە دوو ڕووەوە سەرنج ڕاکێشە. هەم ناسینی مێتۆدی کاری ژێنێت سادە دەکاتەوە، هەم بەهۆی لێوردبوونەوەی ئەو لە رابردوو، بە بەسەرکردنەوەی مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی پێکهاتەیی ئەژمار دەکرێت. ژێنێت باسەکەی لە چەمکی "بڕگەبەندی" (لیۆشتراوس)ەوە دەست پێکرد. ئەو بە شێوەیەکی سادەتر لە زانای گەورەی مرۆڤناسی ﴿شتراوس﴾، "بڕگەبەندی" چەشنی کردەیەکی سەرەتایی وەسف کرد: هەر شتێکمان دەست کەوێت شتێکی لێ دروست بکەین. ئەوەی دروست دەکرێ هەبوونی خۆی بەر لە هەموو شتێ منەتباری کۆمەڵە کەرەستەیەکە کە بە هۆیانەوە دروست کراوە، کەرەستەگەلێك کە شێوەی دروست کردنی ئێمەشیان پێك هێناوە. پێکهاتەیەکی تازە لە پاتۆرە لێك ترازاوەکانی پێکهاتەیەکی پێشووتر وەدەست دێنین، ئەگەر بێتو توخمەکانی پێکهاتە تازەکە، خاوەنی ئەرکی پێشوو نەبن، یان لانی کەم هەموویان درێژە بە ئەرکی پێشوو نەدەن، ئەم "یاسا"یە لەمەڕ "هزری کێویلە" یان کولتووری مرۆڤی سەرەتایی هەر بە قەد بنەماکانی هزری مرۆڤی مۆدێرن کاراو دروستە. ژێنێت پێی داگرت کە ڕەخنەی ئەدەبی، ئەم یەکیەتی توخمەکانی دەقی سەرەکیو دەقی ڕەخنەیی پیشان دەدا. هەر ئەو کەرەستەیە بەکار دێنێ کە بنەمای دەقی سەرەکیشە: واتە زمان، بە تایبەت زمانی نڤیسیاری؛ ئەم دووانە، واتە دەقی سەرەکیو دەقی ڕەخنە، ملکەچی یاسا زمانناسانەکانن؛ تەنانەت خۆبواردنیان لەم یاسایانەش تەنیا لەچوارچێوەیئەم یاسایانەدا دەشێ تاووتوێ بکرێنو بناسرێن، هەرچەند ئەم کارە بەردەوام بەئاسانی ئەنجام نادرێ. هەڵبەت ئەم خاڵە لە مەڕ فۆرمەکانی دیکەی ڕەخنەی هونەری گونجاو نیە. ڕەخنەگری مۆسیقا نەك لەدەنگ بەڵکوو کەڵك لە وشەکان وەردەگرێ، تەنانەت ئەگەر لەبارەی کۆپلەیەکی مۆسیقا بدوێ



PDF4Kurd

(کە کەرەستەی سەرەکی کارەکەی لێرەدا مۆسیقایییە: ﴿واتە﴾ دەنگی مرۆڤە) هەمدیس بنیاتو بنەمای واتاناسانەی کارەکەی زمانە کە بە ئاسانی دەتوانین بە کەرەستەی سەرەکیی ئاخێوی رەخنەگرانە ناودێری بکەین. رەخنەگری نیگارکێشیش نەك کەڵك لە فۆرمەکانو رەنگەکان، بەڵکوو کەڵك لە وشەکان وەردەگرێ. بەڵام رەخنەگری ئەدەبی ـ بە ناچاری ـ هەمان بابەت کە لێی دەکۆڵدرێتەوە بەکار دێنێ. کەوابوو دەتوانین بڵێین کە رەخنەی ئەدەبی زمانێکە کە دەچێتە "بان زمان"و "ئاخێوێکە کە لەمەڕ ئاخێوەوە دێتە ئاراوە". [١٠]

ژێنێت ئەرکە جیاوازەکانی رەخنەی ئەدەبیی دەستنیشان کرد: ١) ئەرکی "رەخنەگرانە" لە واتای گشتیی وشەدا، کە بریتییە لە داوەریو ناساندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ سادەتر کردنی کاری هەڵبژاردنی هەمووان: واتە خوێنەر لە رێگەی ئەو رەخنەیەی کە دەیخوێنێتەوە، کتێبی خوازراوی خۆی پەیدا دەکاتو دەیخوێنێتەوە.

ئەمە ئەرکێکە کە لە "تەکنیکی فەرهەنگی"ی هاوچەرخ (زاراوە کە ئادۆرنۆ بەکاری هێناوە نەك ژێنێت) پێگەیەکی گرنگی لە بلاڤۆكو رۆژنامەکان دا وەدەست هێناوە. ٢) ئەرکی "زانستی" کە تاووتوێی وردی دەقە ئەدەبییەکانەو ئامانجەکەی ناسینی بارودۆخەکانی هەبوونی بەرهەمە ئەدەبییەکانە (ناسینی سەرچاوەکانی بەرهەم، هەلومەرجی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتیی سەرهەڵدانی، هەلومەرجی سایکۆلۆژیو دەروونی دانەرەکەی، ئەو کاریگەرییەی کە دایناوە، کاریگەرییەك کە لە دەقەکان یان بەرهەمی نووسەرانی دیکە وەری گرتووە ... هتد) کە لە "تەکنیکی فەرهەنگی"ی هاوچەرخ دا ئەم ئەرکە زیاتر لە پۆلەکانی وانەی زانکۆیی یان ﴿گۆڤار﴾ە وەرزنامەییە ئەدەبیو "ئاکادمیك"ەکان دا کورت دەبێتەوە.



٣) ئەرك بە چەشنێکی تایبەتی تیۆریو ئەدەبی کە دەق بە سەرچاوەی دانایی دەزانێو، رەخنە خۆی بۆ دەقێکی "سەربەخۆ" کە تایبەتمەندیی داهێنەرانەی هەیە، دەگۆڕێت. ئەم چەشنە رەخنانە کاری نووسەرن نەك بنووس ﴿Ecrivants﴾ خاوەنی پەیامێکی زیاترە لە پەیامی ئەو دەقەی کە تاووتوێی دەکەن. ژێنێت نووسینەکانی "سێنت بوو"و مووریس بلانشۆی بە نموونەگەلێکی ئەم چەشنە دەقە لە قەڵەم دا. [١١] لەوانەیە خوێنەر لە رەوتی ئەم چەشنە رەخنانە دا دوو ئەرکی پێشوو بدۆزێتەوە، واتە رێنوێنیی خوێندنەوەو رێنوێنی کردن لەبۆ توخمە بان دەقییەکان، بەڵام خاڵی سەرەکی بەهەر حاڵ خودی دەقەکەیە. بە ڕای ژێنێت ئەم چەشنە رەخنەیە دەقی ئەدەبی بە چاوگە، سەرچاوەو واتادار ﴿Referent﴾ی کاری خۆی دەزانێ.

ئەدەبیات لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای زمان دانراوەو رەخنەی پێکهاتەییش بەکارهێنانی مێتۆدە زمانناسانەکان دەسەپێنێ. ژێنێت پێی داگرت کە دۆزینەوەی ئەم خاڵە هەوڵی سەرەکیی فۆرمالیستە رووسییەکان بوو. [١٢] بە ڕای ئەوان دەتوانین بەهۆی رەمزەکانەوە لە پەیام تێبگەین؛ ئەمە بڕیارێکە کە دواتر لیۆشتراوس دووپاتی کردەوە: "لە ئوستوورەناسی دا چەشنی زمانناسی شیکردنەوەی روخسارەکانو فۆرمەکان بە شێوەیەکی کتوپڕ، خاڵی واتا دەهێنێتە گۆڕێ". رۆمەن یاکۆبسێن هەنگاوێکیتر چووە پێشەوەو لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە تاووتوێی شێعری چیك دا لەنێوان بەهاکانی کێشناسی یان ئاوازی تاك یەکەی دەنگیی ﴿ Phonator یان – Voice﴾و بەها ئاماژەئاسا واتاییەکەی پێوەندییەکی دۆزیەوەو لە گرنگیی چەمکی جیاکاریی فۆنۆلۆژیك لە سیمانتیك دوا، ئەو زانی کە هەر زمانەو بە شێوەیەك ئەم پێوەندییەی نێوان جیاکاریی فۆنۆلۆژیكو واتا دەخولقێنێ: ﴿زمانی﴾ رووسی لە رێگەی جیاکاریی توندییەکان ﴿ی دەنگ﴾، یونانی لە رێگەی درێژییەکان، سێربی لە رێگەی



PDF4Kurd

جیاکاری لە کپیو گڕی ﴿یان بەرزیو نزمی﴾.[١٣] ژێنێت نووسی کە پێکهاتەگەرایی تەنیا مێتۆدێك نیە، بەڵام هەر هەمان ئەو شتەیە کە ئێرنێست کاسیرەر بە "مەیلی گشتیی هزر" ناودێری کردوە.[١٤] ئەو مەرجی یەکەمی بە "تێگەیشتنی پێوەندییە ناوەکیو پێکهاتەیییەکانی دەق" دەزانیو نووسی کە تەواوی هۆکارە دەرەکییەکان دەبێ وەکوو خالگەلی لاوەکی بەلاوە بنرێتو فۆرم بە خاڵی سەرەکی دابنرێت. بە بۆچوونی ژێنێت رێبازی "شیکردنەوەی واتاکانی بەرهەم" بمانەوێ یان نەمانەوێ سەر لە کۆمەڵە هەوێنێکەوە دەردێنێ کە ئەویش فۆرمی ناڕێکی پێکهاتەیە[١٥] واتە ریشاڵێك لە مێتۆدی دروستو شیاو لە ﴿شێوازی﴾ کارکردنی پەیڕەوەکانی ئەم رێبازە دا بەدی دەکرێ، چونکە دواجار دەبێ لە دوا پێکهاتە بکۆڵنەوە کە لە کۆی پێوەندییەکانی نێوان هەوێنەکان پێك هاتوە، بەڵام چونکە رێگەی گەیشتن بەم پێکهاتەیە نازانن، لە هەوێنەکانەوە نەك لە فۆرمەوە دەست پێدەکەنو پێویستیی بەکار هێنانی مێتۆدە زمانناسانەکان لەبەرچاو ناگرنو دواجار ئەنجامی هەڵە وەدەست دێنن. ژێنێت نموونەی لە بەرهەمی ئەم ڕەخنەگرانە هێناوەتەوە تاکوو پیشان بدا کە وێنایەکەیان لەبۆ دواپێکهاتە لە زەین دا بووە. ئەو کتێبی "جیهانی گوماناویی مالارمە" بەرهەمی ژان پیەر ریشاری بە نموونە هێناوەتەوەو هەمدیس وێژییەکیشی لە کتێبی "فۆرمو ئاماژە"ی ژان رۆسە باس کردوە؛ ئەم دوو نووسەرە لەم نموونانەدا ڤامکیان بۆ "پێکهاتەی تایبەتیی بەرهەمی ئەدەبی" ڕاکێشاوە [١٦] نموونەیەکی دیکەی لە وتارێکی ژۆرژ پولە هێناوەتەوە کە لەو دا پولە جەختی کردوە کە دەبێ دانەر بە لاوە بنێینو بەرهەم وەکوو "کردەی مەعنەویو هزرڤانانە" لەبەرچاو بگرینو پەیامەکەی هەر لە سەرەتاوە بهێنینە ئاراوە". [١٧] ژێنێت ڕەخنەی لە پولە گرتوە، چونکە بنەمای بەرهەم پشت گوێ دەخاو پەیام لە هاتنەدی بەرجەستە واتە پێکهاتەی بەرهەم دا نادۆزێتەوە؛ لە



درێژەدا دەڵێ بە پێچەوانەی مێتۆدی ڕەخنەگرانی رێبازی "شیکردنەوەی واتاکانی بەرهەم" پێکهاتەگەرایی کلیلی چارەسەر کردنی گرفتەکەی دۆزیوەتەوە. لەم رووەوە، جیاکاریی بەرهەمە ئەدەبییەکان "بە پێی واتاکەی" بۆ تاووتوێی پێکهاتەیی دژوارو گرفت ناخولقێنێ: "دەتوانین بواری ئەدەبی بکەینە دوو بەش: ئەدەبیاتی "زیندوو" کە واتاکەی بۆ ڕەخنەگری ئەدەبی ئاشنایە، چەشنی باسە یەهوودی یان یۆنانییەکان کە پۆل ریکۆر دەیانناسێو ئەو ئەدەبیاتەی کە هەرچەند هێشتا ناتوانین بە "مردوو" ناوزەدی بکەین، بەڵام واتاکەی "ونبوو"یە، چەشنی کولتووری ئوستوورەییو توتمیك".[١٨] بە بۆچوونی ژێنێت پێکهاتەگەرایی دەتوانێ لەم پانتایی دووەمەدا بە شێوەیەکی بەهێز وەکوو پانتایی یەکەم دەق تاووتوێ بکا. چونکە لە هەردووك دا واتا لە رێگەی فۆرمەوە بەدەست دێنێ. "ناسینی فانتۆماسو ریش شین بە یارمەتیی هەمان ئەو ئامرازانەی کە سوان یان هاملێت بەهۆیانەوە دەناسرێن" (١٩) چەند ساڵێك دواتر لە کۆتایی کتێبی "تابلۆ دووبارە نووسینەیییەکان" ژێنێت ئەم باسەی کامڵتر کردو نووسی دوو چەشن پێکهاتەگەرایی لە پانتایی خوێندنەوەی دەق دا هەیە. چەشنی یەکەم، پێوەندیی بە پێکهاتەی ناوەکیی دەقەوە هەیە؛ وەکوو تاووتوێی یاکۆبسێنو لیۆشتراوس لەبۆ شێعری "پشیلەکان"ی بودلێر، چەشنی دووەم مێتۆدێکە کە لێئوشتراوس لە کتێبی "لۆژیکی ئوستوورەکان" دا بەکاری هێناوە، واتە بە یارمەتیی دەقێکی (ئوستوورەیی) دەقێکی (ئوستوورەیەکی) دیکە "دەخوێنێتەوە"و لێکی دەداتەوە[٢٠] ژێنێت لە هەمبەر دروستیی مێتۆدی ئیشکردنی خۆیەوە ئەدیبێکی سەرسەختو پێداگر نیە. ئەو شتانەی کە ئەو بە کەمو کووڕیی مێتۆدەکانی خەڵکانیتر دەیانزانێ، دەژمێرێ، بەڵام لەو باوەڕە دایە کەبەشێك لە هەقیقەتی مێتۆدۆلۆژیك بە لای ئەوانەوەیە. ئەو یەکێك لە یەکەمین نووسەرانی پێکهاتەگەرایە کە ڕای گەیاند مێتۆدی پێکهاتەگەرایی لە



PDF4Kurd

شوێنێك دا دەگاتە مێتۆدی هێرمێنۆتیکی ئەدەبیو ئەم خاڵە بەو واتایەیە کە هەموو هەقیقەتەکان لە لای پێکهاتەگەراکانەوە نیە: "لەبارەی بەرهەمێکی یەکگرتوو رەخنەی هێرمێنۆتیك باس لە زمانی نوێکردنەوەی واتاو دووبارە خولْقاندنەوەی ناوەکی دەکاو رەخنەی پێکهاتەیی لە گوتاری ناوەکیو نۆژەن کردنەوەی دەدوێ".[٢١]

تەنانەت ژێنێت هێندە چووە پێشەوە کە هەر دوو رێبازەکەی بە "دوو چەشنە ئاماژەو تەواوکەری یەکتری" دایە قەڵەم. لە نێوان دەیەی ١٩٦٠ پێشبینیی ئەم نزیکایەتیيە ئاسان نەبوو و ئامرازەکەشی پێویستیی بە ئازایەتیی هزرمەندانە بوو. لەو رۆژانە، تەنانەت رۆلان بارت بیری لە دروستکردنی "سیستمی پێکهاتەگەرا" دەکردەوەو هێشتا باسی لە "چەشنێك لە زانستی ئەدەبی" دەکرد. لە رەوتی کامڵبوونێکی تری رەخنەی پێکهاتەیی، نزیکەی یەك دەیە دواتر تەوەرەکانی هێرمێنۆتیك دەستیان پێکرد، ژێنێت لەم خاڵە تێدەگەیشت کە "رەخنە بەردەوام تازە دەبێتەوە"و لە بەرهەمەکانی دا ئاسەوارێك لەو دوگمو دڵنیاییو تەنانەت دەتوانین بڵێین بەرچاوتەنگیانە نیە، خاڵگەلێك کە لە بەرهەمەکانی دارێژەرانی هەر قوتابخانەیەکی نوێ دا کەم تا زۆر بەدی دەکرێ. ژێنێت لە درێژەی هەمان وتاری "پێکهاتەگەراییو رەخنەی ئەدەبی" دا نووسیویەتی:

ئاماژەیەکی تازە دەقاودەق واتایەکی تازە نیە؛ پێوەندییەکی نوێ لەنێوان فۆرمو واتایە. ئەگەر ئەدەبیات بە هونەری ئاماژەی واتایی بزانین، کەوابوو دەبێ دان بەوە دابنێین کە بەردەوام تازە دەبێتەوەو هاوکات لەگەڵ ﴿ئەدەبیات﴾ دا رەخنەش چ لە واتاو چ لە فۆرم دا نوێ دەبێتەوەو گۆڕان بەسەر پێوەندیی واتاو فۆرم دێنێت. لەم رووەوە رەخنەی نوێ لە "واتاکان" یا "مێتۆدی دەربڕین" دا هەمان ئەو شتانە دەدۆزێتەوە کە رەخنەی کۆن لە "ئایدیاکان"و "هەستەکان"دا



دەی دۆزیەوە. واتایەکی کۆن ئێمە دەگەیەنێتە فۆرمێکی تازەو هەر ئەم بزاوتە، هەموو بەرهەم دەگۆڕێت.[٢٢]

ژێنێت لە وتارێك دا لە بارەی رۆلان بارت کە لە نێوان سالآنی دەیەی ١٩٦٠ دا نووسیویەتی، واتای خوازەی روونکردۆتەوە.[٢٣] ئەم چەمکە لە هزری ئەو دا گرنگیەکی زۆری هەیە؛ دەزانین کە ئەمە سەردێڕی سێبەرگ لە کۆمەڵەیەك لە گرنگترین وتارەکانی ئەوەو رێخۆشکەری تێپەڕین لە سیستمی ئاماژەی زمانی بۆ سیستمی ئاماژەی شێعرییە. ژێنێت نووسیویەتی ئەگەر وشەیچارۆگە پەیڤێك بێ کە ئاماژە بە واتا یان ئاماژە پێکراوێکی وەك چارۆگەی کەشتی بکات، لە تەك نیشانەیەکی زمانی بەرەوڕووین، بەڵام ئەگەر چارۆگەی کەشتی وەکوو کۆی شتێ کەشتی لەبەرچاو بگرین، لەگەڵ جۆرە رەمز، هێما یا خوازەی وشەیی بەرەوڕووین. ئەگەر هاتوو بەشێك لەشتێکمان بە نیشانەی کۆی ئەو شتە گریمان کرد، ئەمە خۆی دەربڕینێکی خوازەییيە. لێرەدا ئێمە لە ئاماژەی زمانی تێپەڕیوینو بە سیستمێکی ئاماژەی تازە گەیشتووین. ژێنێت خۆی دەڵێ: "سیستمی سیمیۆلۆژیکی کە لەو دا چارۆگە بتوانێ لە جێی کەشتی بەکار بێت، سیستمی خوازە وشەییيەکانە. سیستمێکی دیکەی سیمیۆلۆژیك کە لەو دا خوازەیەکی وشەیی بتوانێ ئاماژە پێکەرێك بێت بۆ ئاماژە پێکراوی شاعیرانە، تیۆریی دەربڕینە".[٢٤] کەوابوو سێ سیستمی ئاماژەی زمانی، ئاماژەی خوازەیی، ئاماژە لە تیۆریی دەربڕین دەناسین. نمونەکەی ژێنێت خوازەی رەها بوو. هەڵبەت بەکارهێنانی میتافۆریش لەو سێ سیستمە ناوبراوەدا دەشێ و دەگونجێ. ئەگەر وشەی نێرگز لە جێی گوڵی نێرگز بەکار بهێنرێت، لە تەك ئاماژەی زمانی دا بەرەوڕووین. ئەگەر لە جێی چاوی یار بەکار بێت لە گەڵ میتافۆر کە فۆرمێکی خوازەیە سەروکارمان هەیە. بەڵام لە سیستمی سیمیۆلۆژیکی تیۆریی



PDF4Kurd

دەربڕین دا ئەم خوازە وشەیییە خۆی دەتوانێ بە واتایەکی شاعیرانە بەکار بێت، بۆ نموونە لە دێڕە شێعرێکی حافز دا:

"غلام نرگس مست تو تاجدارانند          خراب بادەی لعل تو هوشیارانند ﴿★﴾

نێرگز مێتافۆرێکە لەبۆ چاوی مەستی یار (کە لە شێعری کلاسیکی فارسیدا ئەم میتافۆرە چەندین جار بەکار هاتوە) لێرەدا، لە ئاستی تیۆریی دەربڕین دا بە واتایەکی شاعیرانە بەکار هاتوە، واتە بە واتایەك کە تێگەیشتن لێی ئاسان نیەو لە بنەڕەت دا واتایەکی کۆتایی نیە. بۆ نموونە دەتوانین وا گریمان بکەین کە مەبەستی حافز لە بەکارهێنانی میتافۆری نێرگز، هێما بۆ "رەحمەتی خوا"یەو تیشکدانەوەی (زات)ی ئیلاهی بە جۆرێك دەبینێ کە تاجدارەکان خزمەتکاری ﴿ئەو دووانە﴾ن. بەڵام ئەم تاك واتایە جگە لە (ئەگەرێکی واتایی) شتێکی دیکە نیە. هەر لەبەر ئەم هۆیە شێعری حافز واتایەکی تاقانە، کۆتاییو حاشاهەڵنەگری نیەو بە پێی ئاماژە هەمە چەشنەکان لەتیۆریی دەربڕین دا واتاگەلی زۆر لەخۆ دەگرێ. بنچینەی باسی ژێنێت ئەمەیە کە هەرکات خوازەی وشەیی بە پێی رێساکانی تیۆریی دەربڕین لە واتایەکی شاعیرانە دا بەکار بێنین، ئاماژەی واتایی هێندە فراوان دەبێتەوە کە نابێتە هیچ ئاماژەیەکی حاشاهەڵنەگر.

بە ڕای نیچە (خوازەکانی تیۆریی دەربڕین، گەوهەری زمانن)و یەکێك لە باوترین فۆرمەکانی خوازە، واتە میتافۆر، ئاسانتر لە خوازەکانی دی پیشان دەدا کە زمان بۆ گەیاندنی واتا بەس نیە. وشەکان چەشنی مەودایەك ﴿لەنێوان﴾ شتەکان، فۆرمێکی ئەبستراکتیان هەیەو لەم رووەوە دەربڕینی هەر پەیڤێك واتاگەلی دیکە، جگە لە واتای تایبەتیو رەچاوکراوی ئاخێوەری لەگەڵدایە. نیچە دەپرسێ ئایا ناتوانین بڵێین کە مرۆڤ گیانەوەرێکی میتافۆرسازە؟ خۆی وەڵام



دەداتەوە کە لە راستی دا بەم چەشنەیە، دەڵێ: "تەنیا لە سایەی وزەی فەرامۆش کردنە کە مرۆڤ پێی وایە کە هەقیقەتی دۆزیوەتەوە"، تۆدۆرۆف لە بەرامبەر تیۆریی کلاسیکی میتافۆر کە بە ناوێزەی دەزانێ، باسی لە "تیۆریی رۆمانتیکی میتافۆر" کرد [٢٥] ئەگەر بڵێین ئەڤینو بە هۆیەوە واتای ئەڤین بهێنینە بەرچاو، ئاماژەی ئێمە واتاییە، بەڵام ئەگەر بڵێین ئاگرو لەو دا واتای ئەوین بهێنینە بەرچاو، کردەی ئێمە کە لە پانتایی خوازەی وشەیی دایە، "سیمبۆلیکە".[٢٦] نیچە ئەم دووانەی بە میتافۆریك ناودێر دەکردو هیچ وشەیەك واتای ئەوین نادا بە دەستەوە؛ دەیوت هیچ ﴿وشەیەك﴾ پەی بە واتا نابات. بەڵام خوازەی وشەیی رێگە لەبەردەم کردەی سیمبۆلیك ئاوەڵا دەکاتو ئەم جۆرەیان هەر لە بنەڕەتەوە حاشا لە هەبوونی واتا دەکات. بە شێوەیەکی تر، کردەی دروستکردنی سیمبۆل لەسەر بنچینەی بڕوا هێنان بە مەودای زمانو هەقیقەت داڕێژراوە، بەڵام کردەی ئاماژەی واتایی، حاشا لەم مەودایە دەکات. مارسێل پروستیش لە رێگەیەکی دیکەوە بەم ئەنجامە گەیشتبوو. ئەو نووسی "مێتۆدی دەربڕینی جوان، هەر لە بنەڕەتەوە نیە... . تەنیا میتافۆر دەتوانێ جۆرە نەمرییەك بە مێتۆدی دەربڕین ببەخشی".[٢٧] لە دوایین بەرگی "گەڕان بە دوای کاتی لەدەستچوو" دەخوێنینەوە: "مێتۆدی دەربڕین بە تکنیكو شێوازەوە پەیوەست نیە بەڵکو جۆرە دیدێکە" [٢٨] پروست میتافۆری بە رێگەیەك بۆ گەیشتن بە "گەوهەری شتەکان" دەزانی. بەڵام گەوهەری شتەکان لە ناوهێنان نایەت. لەبیرمان نەچێ کە پروست کاتی بەسەرچووی بە کاتی رابردوو نەدەزانی، بەڵکوو بە "کات لە دۆخی پەتی"دا دەیزانی. (هزرێك کە ڕەگو ریشەی بۆ فەلسەفەی هێنری برێگسۆن دەگەڕێتەوە). کات لە دۆخی پەتی دا هاونیهادێکە لە کاتی رابردوو کاتی ئێستا؛ کەوابوو کاتێك پروست دەیوت "منی راستەقینە هەرگیز لە گۆڕێ دانەبووەو ناشبێتو لە دەرەوەی کات دا دەژی" رێسایەکی پشت بەستووی بەم



PDF4Kurd

تێگەیشتنە تایبەتیە لەبۆ میتافۆر دەهێنایە ئاراوە.[29] واتە پڕوستیش بڕوای بە نەلواو بوونی دەربڕین (و گەیشتن بە) هەقیقەتی خودیەتی ﴿= ذاتی﴾ شتەکان هەبوو. ژێنێت جیاوازی لەنێوان ڕاپۆرت، چیرۆك‌و گێڕانەوە دادەنێ.[30] ڕاپۆرت، هاوڕێکی شتەکانە لەدەق دا، چەمکێکە چەشنی تان‌و پۆ لە بەرهەمەکانی فۆرمالیستە رووسی‌یەکان دا. چیرۆك دوا هاوڕێکیی رووداوەکانە لە جیهانی دەرەوەی دەق دا، وەکوو چەمکی چیرۆك لە بەرهەمەکانی فۆرمالیستەکان دا. گێڕانەوە، هێنانە گۆڕی ڕاپۆرتە. جۆرە هەڵبژاردنێکی توخمەکان‌و دروستکردنی هاوڕێکیی هاونشینی لە گەڵاڵە دایە. بەم شێوەیە، "لۆژیکی گێڕانەوە" شێوەی هەڵبژاردن‌و خستنە دەستی توخمەکانی چیرۆکە، بۆنموونە لە چیرۆکێك ﴿لەبارەی﴾ دەسڕەنگینی‌یەکانی شێرلۆك هۆلمز تاوانێك رووی داوە، پاشان نیشانەکانی دەرکەوتوون‌و دواجار تاوانبار ناسراوە. بەڵام بە پێی لۆژیکی گێڕانەوە ئەم چیرۆکە بەم چەشنە گوزارشتی لێ کراوە کە یەکەم جار نیشانەکانی تاوان ئاشکرا کراون پاشان تاوانبار ناسراوەتەوەو دواجار روونکردنەوەیەك لەمەڕ تاوان هاتوە. تەنیا توخمی جیاکەرەوە لە لۆژیکی گێڕانەوە، کات نیە، بەڵام کات توخمێکی زۆر گرنگە. بنەمای باسی ژێنێت لەسەر بناغەی تێپەڕین لە ئاماژەی زمانی بۆ پانتایی دەربڕینی سیمبۆلیکە. بە بۆچوونی ژێنێت هەر "گوزارەیەکی گێڕانەوەیی" گێڕانەوەیەکە لەرووداوێکی راستەقینە یان خەیاڵی کە لە لایەکەوە لەگەڵ بابەتی گێڕانەوە واتە لەگەڵ رووداو یان چیرۆك بەیان کراوە (یان پەیوەندی بە "تەونی چیرۆك"ەوە هەیە)؛[31] لە لایەکی‌ترەوە پێوەندیی بە دەربڕینی گێڕانەوەیی یان لۆژیکی گێڕانەوە کە ژێنێت بە"کردەی پێوەندیی کاری گێڕانەوەیی" ناودێری دەکرد. ژێنێت دەنووسێ: "هەر ڕاپۆرتێك یان چیرۆکێك پەیوەستە بە سەردێڕی بەسەرهات یان ئەو چیرۆکەی کە لەژێرناوی ئاخێو یان فۆرمی دەربڕینی گێڕانەوەیی کە خۆی



هەڵیبژاردوە دەیگێڕێتەوە" [32] فیکتۆر شکلۆفسکی دەیگوت هەر چیرۆکبێژێك لەبۆ چیرۆکەکەی خۆی کەرەستەگەلێك هەڵدەبژێرێت کە یارمەتی پێکهاتنی بابەتی سەرەکی بکات. لە ئەنجام دا، چەشنی گێڕانەوە پەیوەستە بە بابەت‌و چەشنی ئاخێو پەیوەستە بە کەرەستەکانەوە. بابەتی "یۆگنی ئونەگین" حیکایەت ئاسایەو لەم رێڕەوە دا پێکهاتەیەك دێنێتە بەرهەم.[33]

ژێنێت توخمەکانی گێڕانەوەی لە وتارێکی درێژو گرنگ کە لەمەڕ رۆمانی "گەڕان لە دووی کاتی لەدەستچوو"ی مارسێل پروست نووسیویەتی، وەسف کردوە[34] ئەم توخمانە بریتین لە: ١) هاوڕێکی، کە دەربڕینی لۆژیکی‌و زەمەنمەندیی چیرۆکە؛ هەندێ جار پێشبینیی رووداوەکانە. لەوان دا دەستپێشخەری، بۆ نموونە لە چیرۆکی "مەرگی ئیوان ئیلیچ"ی تۆلستۆی بە کۆتایی هاتنی چیرۆکەکە دەست پێ دەکا، واتە بەهۆی مەرگ، پاشان فلاشبەك، تەنانەت بۆ ساڵانی منداڵیی ئیوان ئیلیچ دەگەڕێتەوە. ژێنێت ئەم شێوەیەی بە "پێشبینی" ناوزەد دەکرد. هەندێ جار چیرۆك لە نیوەی رێگا دا بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە، وەکوو "مادام بوواری" کە لە نیوەڕێگای باس کردنی چیرۆکەکە، وەسفی رۆژگاری منداڵی‌و تازەلاویی ئێما دێتە کایەوە، یان چیرۆکی ئەڤینی سوان بۆ ئیدێت کە گێڕانەوەکە لە یەکەمین بەرگی رۆمانی پروست دەپچڕێنێ. ژێنێت ئەم شێوەیەی بە "گەڕانەوە" ناودێر دەکرد. هەندێ جار کاتی گێڕانەوە (تان‌و پۆ) و کاتی چیرۆك جیاوازی‌یان تێ‌دەکەوێ، چەشنی خاڵگەلێك کە لە رۆمانی نوێ دا روو دەدەن، یان وەکوو دەستپێکی "ئیلیاد" کە لەپاش روونکردنەوەی شەڕی ئاشیل‌و ئاگامەمنوون، هۆمیرۆس رۆژانی رابردوو دەگێڕێتەوە. ژێنێت ئەم شێوەیەی بە "زمان پشێوی" پێناس دەکرد.

٢) بەردەوامیی گێڕانەوە، کە دەردەخات کام لە رووداوەکان یان ئەرکەکانی چیرۆك دەتوانی فراوان بکەیت، یان بە لاوەی بنێیت. لۆژیکی گێڕانەوە لەم



PDF4Kurd

بارەوە بە ڕاشکاوی‌و هێزێکی زیاتر ئاشکرا دەبێ. تا ڕادەیەك دەتوانین ڕێساو ڕێ شوێن گەلێك بدۆزینەوە، کە لە چ خاڵگەلێك دا دەبێ چیرۆك لەگەڵ ڕوونکردنەوەی وردو زیاتر باس بکەین، لە چ شوێنێ چیرۆکبێژی خێرا دەبێت؛ و لە چ شوێنێك هێواش دەبێتەوە. ئەم ڕێسایانە پەیوەستن بە نەریتە ئەدەبی‌یەکان، ژانرێکی تایبەتی کە لەو دا جێی خۆی دەکاتەوە، توخم گەلە بان دەقی‌یەکان. لێوردبوونەوە لە بەردەوامی زمانیی پروست ڕێخۆشکەری زۆر لەم ڕێسایانەیەو ژێنێت ڕوونکردنەوەی وردی لەو هێناوەتەوە[٣٥]، بەڵام خاڵی گرنگ ئەمەیە کە بزانین ڕێتمی گێڕانەوە چەندان ڕێسا پەسند نیەو یەکێك لەگرنگترین توخمەکانە لە هەڵبژاردنی فۆرمی گەلاڵە کە دەرخەری ئازادیی نووسەرە. لە "گەڕان لە دووی کاتی لەدەستچوو" دا سێ دێڕ دوانزە ساڵ ڕوون دەکەنەوەو سەدو نەوەد لاپەڕەش بۆ دوو یان سێ کاتژمێرێك تەرخان کراوە. خشتەیەك کە ژێنێت خۆی گوتەنی "خەملاندوویەتی" تا ڕادەیەك ئازادیی پروست لە زەمەنمەندیی ڕۆمانێك دا پیشان دەدا کە بابەتە سەرەکی‌یەکەی کاتە.[٣٦]

٣) دووبارە بوونەوە یان فرەپاتی ﴿Frequency﴾، کە لە ژمارەی گێڕانەوەی ڕووداوێك لە ڕۆمان دا دەدوێ. ژێنێت دەپرسێ کە ئایا ڕووداوێکی دووبارە بوو هەرجارەو لە تاکە ڕوانگەیەکەوە گێڕدراوەتەوە؟ هەرجارەو چ ڕۆڵێکی هەیە؟ ﴿بۆ نموونە﴾ نموونەی بەناوبانگی خواردنی شیرینی مادلێن لەگەڵ چا دا، لە ڕۆمانی پروست. گرنگیی ئەم تاووتوێیە کە بە گوتەی خودی ژێنێت، پێشتر لە بەرهەمە تیۆری‌یەکان دا، کەمتر گرنگیی پێدراوە، [٣٧] لەو ڕۆڵە دایە کە لە ناسینی "کات لە چیرۆك"دا دەیگێڕێ؛ واتە نزیکیی کات لەگەڵ شوێنگە دا ڕوون دەکاتەوە. شەمەندەفەری بەناوبانگی سۆسۆر، هەموو شەوێك لە کاتژمێر هەشت‌و چل‌و پێنج خولەك لە ژنێڤەوە بەرەو پاریس دەکەوێتە ڕێ، لە



زمانناسی‌دا "یەك" شەمەندەفەرەو لە ئاخێوی ئەدەبی دا "هەر شەوەو شەمەندەفەرێکە".

٤ـ دۆخ یان ڕوو: مەودای گێڕانەوە لە تەك دەربڕینی چیرۆك گێڕەوە کامەیە؟ ئایا گێڕانەوە ڕاستەوخۆیە، یان ناڕاستەوخۆ، یان "ناڕاستەوخۆی ئازاد"؟ ژێنێت باسەکەی خۆی بە پۆلێن بەندی بەناوبانگی ئەفلاتون لە هەمبەر چەشنەکانی گێڕانەوە دەست پێدەکات. لێرەدا مەسەلەی "ڕوانگە" دێتە گۆڕێ. ژێنێت چوار دەستەی لێك جیای لەبارەی پێگەی چیرۆك گێڕەوە لە چیرۆك دا جیا کردۆتەوە: دەستەی یەکەم، چیرۆك گەلێکن کە چیرۆك گێڕەوە لەوان دا وەکوو چیرۆك گێڕەوە یان کەسێتی بەدی ناکرێ؛ وەکو سەرتاسەری"ئیلیاد"ی هۆمێرۆس‌و زۆربەی "ئودیسە" (جگە لە چوار سروودی نۆیەم تا دەوانزەهەم) دەستەی دووهەم، چیرۆك گەلێکن کە چیرۆك گێڕەوە لەوان دا وەکوو چیرۆك گێڕەوە بەدی ناکرێ، بەڵام وەکوو کەسێتی بەدی دەکرێ، چەشنی "ژیل بلاس" کە نووسەر چیرۆکەکە لە زاری ژیل بلاسەوە دەگێڕێتەوەو خودی ژیل بلاس کەسێتیی سەنترالی چیرۆکە. نموونەیەکی دیکە "چێژی ڕۆژان"ی مارسێل پروستە. دەستەی سێیەم، چیرۆك گەلێکن کە لەوان دا چیرۆك گێڕەوە بەدی دەکرێ، بەڵام وەکوو کەسێتی بەدی ناکرێ، چەشنی ئەو چیرۆکانەی کە شەهرەزاد لە "هەزارو یەکشەو" دا دەیان بێژێ‌و خۆی لەوان دا ڕۆڵی نیە. دەستەی چوارەم، چیرۆك گەلێکن کە چیرۆك گێڕەوە لەوان دا هەم وەکوو چیرۆك گێڕەوەو هەم وەکوو کەسێتی بەدی دەکرێ. چەشنی ئۆلیس لە سروودەکانی نۆیەم تا دوانزەهەمی ئۆدیسە کە ئەویش وەکوو شەهرەزاد حیکایەتێك دەگێڕێتەوە، تەنیا جیاوازی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەو خۆی لە چیرۆکەکە دا ڕۆڵی هەیە. هەر بەم شێوەیە چیرۆك گێڕەوەی چیرۆکی "ژان سانتۆ"ی پروست [٣٨]، ڕۆماننووسێکی گریمانەیی‌و خەیاڵی‌یە بە ناوی کەسەکە، کە چەشنی شەهرەزاد،



PDF4Kurd

وەكوو چیرۆك گێڕەوە لە چیرۆك دایە. بەڵام بە كەسیەتی‌یەكی چیرۆكەكە ناژمێردرێ؛ هەروەها چیرۆك گێڕەوە لە "گەڕان بە دووی كاتی لە دەستچوو" دا وەكوو ژیل بلاس چەشنی كەسیەتی‌یەك لە چیرۆك دا بەدی دەكرێ، واتە وەكوو چیرۆك گێڕەوە ﴿بەدی ناكرێ﴾. نووسەر چیرۆك دەگێڕێتەوە، بەڵام بە جێناوی "من"، كەسیك كە لە چیرۆك دایە، "پاڵەوانی چیرۆك"ە، دەیەوێ ببێتە نووسەر، بیر لە رابردوو دەكاتەوەو هەموو شتێ لە دەرەوەی كات دا دەبینێتەوەو ... ژێنێت دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە "ژان سانتۆی" بەهۆی پێكهاتەی گێڕانەوەیی خۆی، واتە پێگەی چیرۆك گێڕەوە، چەندین كەڕەت زیاتر لە "گەڕان بە دووی كاتی لەدەستچوو" دۆخی ئوتوبیۆگرافیەك بە خۆیەوە دەگرێ؛ لەو دا "من" یان چیرۆك گێڕەوە، كەسێك كە ﴿ناوی﴾ مارسێل پروستە دەدۆزێتەوە. بەڵام لە "گەڕان بە دووی كاتی لەدەستچوو"، مارسێل پروست كەسێك دەدۆزێتەوە كە نە خۆیەتی نە كەسێكی دیكە، بەڵكوو كەسیەتی‌یەكی خەیاڵی‌یە.[٣٩]

٥) دەنگ یان ئاواز. دوایین توخمی گێڕانەوەیە لە باسەكەی ژێنێت دا، كە لە نزیكایەتیی چیرۆك گێڕەوە لە تەك گێڕانەوە ـ لە روانگەی شوێنگەكانی كاتی ـ شوێنی‌یەوە ـ دەدوێ. بە دەربڕێنێ‌تر دەبێ بزانین كەكاتی گێڕانەوەو كاتی دەق چ پێوەندی گەلێك لە تەك یەكدی دا پەیدا دەكەن، بە چ جۆرێ چیرۆك گێڕەوەیەك شوێنگە جیاوازە كاتی ـ شوێنی‌یەكان لەچیرۆكێك دا دەگێڕێتەوە.[٤٠]

٢

زۆر لە رەخنەگران راستنوێنی‌یان بە واتای گونجانی توخمە گێڕانەوەیی‌یەكانی چیرۆك لەگەڵ "تێگەیشتنی هەمووان" لە قەڵەم داوە. ژمارەیەك لە ڕەخنەگران لە فۆرمە كۆمەڵایەتی‌یەكانی سەرهەڵدانی تێگەیشتنی هەمووان ورد بوونەتەوە (شوێنگەی چینایەتی، ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتدارو هتد) لەم بارەوە دەتوانین



نموونە لە بەرهەمەكانی گئۆرك لۆكاچ لە سەردەمێك دا كە بڕوای بە "ماركسیزمی سۆڤیەت" هەبوو، بهێنینەوە. هەندێكی دیكە لە ڕەخنەگران لە فۆرمە تاكە كەسی‌یەكانی سەرهەڵدانی "تێگەیشتنی هەمووان" واتە لە "تێگەیشتنی خوێنەری بەرهەم" ورد بوونەتەوە. نموونەیەكی ئەم گرووپەن بەرهەمەكانی تزوتان تۆدۆرۆف لەبارەی راستنوێنی‌یە. ژێرار ژێنێت مەسەلەی "تێگەیشتنی هەمووان"ی پەسند نەكردوەو بە ڕێسای "راست نوێنی بەرهەمی ئەدەبی"ی نەزانیوە. ئەو لە وتاری "راست نوێنی‌و وروژاندن"[٤١] دا، دوو نموونە لە ئەدەبیاتی بابلیسكی حەڤدەهەمی فەڕانسەی هێنایەوە: ﴿نموونەی یەكەم﴾ شانۆنامەی "سید"ی كۆرنی‌و ﴿دووەم نموونەش﴾ "شازادە خاتوو كلو" كە رۆمانێكی مادام دولافایت لە "سید دا شیمن ژینی هاوسەرێتی لەگەل بكوژی باوكی خۆی كە سیدە پێكەوە دەنێ‌و لە دووەمیان دا شازادە لە لوتكەی چیرۆكەكەی دا لەبەردەم مێردەكەی دا دان بە تاوانەكەی دەنێ. لەم دوو كردەیە یەكێكیان لە تەك ڕێسا ڕەوشتی‌یەكانی سەدەی حەڤدەهەم (رەنگیشە لەگەڵ ڕێسا ئەورۆیی‌یەكان دا) ناگونجێ. زۆر لە رەخنەگران ئەم خاڵەیان بە "هەڵەیەك" زانیوە كە كۆڕنی تووشی بووە. چونكە كچێكی پاك‌و روح سووك لەگەڵ بكوژی باوكی خۆی ژینی هاوبەش پێك ناهێنێ. خاڵی دووهەم، واتە دانپیانانی خاتوو شازادە كلو، لەتەك ڕێسا رەوشتی‌یەكانی سەدەی حەڤدەهەم دا دەگونجێ. بە پێی "تێگەیشتن‌و ڕەوشتی هەمووان" باشترە كە هەڵەیەك روو نەدات‌و خەیانەتێك ئەنجام نەدرێت، بەڵام ئەگەر رووی دا، دانپیانان لەبەردەم هاوسەر دا بە شەرەفانەترین كارەكانە. لەم دۆخە دا هەموو شتێ دەكەوێتە ئەستۆی هاوسەر بۆ ئەوەی لەمەڕ بەردەوامیی ژینی هاوسەرێتی بڕیار بدات. لەم دوو كردەیە دا، یەكەم لەگەڵ ئەڤین‌و وارسكە دەگونجێ‌و دووەمیان ناگونجێ. بە پێچەوانەوە، دووەمیان لەگەڵ ڕەوشتی كۆمەڵایەتی دەگونجێ‌و یەكەمیان ناگونجێ.



PDF4Kurd

بەلام ژێنێت دەڵێ کە لە "لۆژیکی گێڕانەوە" هەر دوو کردەکە ڕاست نوێنن. شیمن شەیدای سیدە، ئەو لەمپەرەی کە کوژرانی باوکی شیمن لەبەردەم ئەوینیان دا دروستی دەکات بە قەد دوژمنایەتیو ڕقەبەری دوو بنەماڵەی ئەریستۆکراتی شاری وێرۆنا لە شانۆی "ڕۆمیۆ جوڵیێت"ی شکسپێر ﴿لەمپەرێکی﴾ سستە. لەو شوێنەش دا کە جوڵیێت ئاگادار دەبێتەوە کە ڕۆمیۆ سەر بە بنەماڵەی نەیار، واتە مۆنتگیۆستە دەناڵێنێ: "تاقانە ئەوینم لە تاقانە نەفرەتمەوە چاوگەی گرتوە"[٤٢]، بەلام لۆژیکی گێڕانەوە، سەرکەوتنی ئەوینە بەسەر نەفرەت داو ئەمە پاساوی کردەی جوڵیێتو شیمنە. ئەم پاساوە، هەڵبەت نەك لە ڕێگەی تێگەیشتنو ڕەوشتی هەمووان، بەڵکوو لە ڕێگەی لۆژیکی ناوەکی چیرۆکەوە دێتە بەرهەم. کاری شیمنو بەرهەمی کۆڕنی هەر بە قەد کاری شازادە خاتوو کلو ڕاست نوێنن؛ لەبەر ئەم هۆ سادەیە کە "ڕاست نوێنیی بەرهەم تەنیا لە لۆژیكو چەقی خودی بەرهەم دێتە دیو نەك لە تێگەیشتنی خوێنەرانی بەرهەم". [٤٣] ژێنێت بۆ نموونە باس لە هەوڵدانی ژۆلین سۆرێل بۆ کوشتنی خاتوو ڕێنال لە "سوورو ڕەش"ی ئیستاندال، دوایین گۆڤەندی وانینا لەتەك شازادە ساولی لە "وانینا وانینی" دوو کرداری توندو تیژن، کە لە زەینی بەرامبەر﴿ئاخێوەر ـ گوێگر﴾ دا هەر چۆنێك بێت "نەشیاو"و ئازاردەرن. کەمتر ڕۆماننوسێك بوێری هێنانەگۆڕی ئەم چەشنە کردانەی هەبوو، بەلام ئیستاندال بەئاسانی لە ڕۆمانەکانی دا باسی لێوە کردوون، چونکە لە لۆژیکی چیرۆکیی دا دەگونجێن.[٤٤]

ژێنێت لە وتاری "دەروازەیەك بۆ سەر دەق" (١٩٧٩) نووسیویەتی کە بابەتی "تیۆریی ئەدەبی" دەق نیە، بەڵکوو "بان دەق" یا چاکتر بڵێین لایەنی سەردەقی لە دەقێك دا هەیە. [٤٥] مەبەستی ئەو لە سەر دەق لایەنە گشتی یا بەرزە ئاستیەکان بوو کە بە دروستکەری دەق دێنە ئەژمار: فۆرمە هەمە چەشنەکانی



ئاخێو، شێوە فرەچەشنەکانی دەربڕین، ژانر یا ژانرە ئەدەبیەکان، بە کورتی هەموو ئەو توخمە ئەدەبیانەی کە بەرهەمێك لە پلەیەکی تایبەتی دادەنێنو لە بەرهەمەکانی دیکەی جیا دەکەنەوە. لە سەردەمی ئەرەستۆوە تاکوو ئێستا ئامانجی "تیۆریی ئەدەبی" شتێ نەبووە جگە لەوە کە تەواوی "سەردەق" لە سیستمێکی تیۆریکیی یەکگرتوو دا کۆببنەوەو گشت بوارەکانی ئاخێوی ئەدەبی بە وردی دەستنیشان بکرێن. هەڵبەت سەردەق لە ژانر گشتیترە، بەلام مەسەلەی ژانرە ئەدەبیەکان لەو دا گرنگیەکی تایبەتیی وەرگرتوە، چونکە لە هەموو ژانرێك دا، بە جۆرێك لە جۆرەکان، پرسیاری سەرەکی هەمان "سیستمی یەکگرتوو"ی توخمە سەردەقیەکانە. مەبەستی ژێنێت لە "سەردەق" لە هەنگاوی یەکەم دا ڕێکخستنی تیۆرێکە لەمەڕ ژانرە ئەدەبیەکانەوە. [٤٦] بەلام هەمدیس بە جەختەوە بڵێین کە تەنیا "لە هەنگاوی یەکەم" دا، چونکە سەردەق چەمکێکی تیۆریکە ﴿کە﴾ چەندین جار لە ژانر گشتیترەو بە هۆیەوە دواجار دەتوانین جیاکاریی فۆرمی ئەو بەرهەمانەی کە لە ژانرێك دا پۆلێن کراون، بناسینەوە. دابەشکاری باسەکانی کتێبی "تیۆریی ئەدەبیی ئەرەستۆ"، لەسەر بناغەی دابەش کردنی دەربڕینی ئەدەبی بەسەر قارەمانیەتی، تراژیدیو کۆمێدی بو؛ وادیارە ئەرەستۆ هەر یەکە ﴿لەو بابەتانەی﴾ بە "ژانرێك" لە قەڵەم داوە. هەر دوو بابەتی ﴿قارەمانیەتیو تراژیدی﴾ لە کتێبێك دا کە لەبەر دەست دایە، بەدی دەکرێ. لە سەردەمی ڕێنسانس دا هەمووان لەو باوەڕە دابوون کە بەشی کۆمێدی کتێبەکە بزر بووە. دابەشکاریی ئەفلاتوون، لەسەر بناغەی فۆرمی هەمە چەشنی بەکارهێنانی "لاسایی گەری"، بنچینەی کاری ئەرەستۆش بووە. بە پێی ئەم پۆلێن بەندیە شێعری دڵداری، قارەمانێتیو شانۆ (درام) سێ فۆرمی سەرەکیی دەقە ئەدەبیەکانن: "شێعری دڵداری دەربڕینی کەسایەتیی خودی شاعیرە. لە شێعری قارەمانێتی دا (یا لە ڕۆمان) دا شاعیر هەندێ جار بە



PDF4Kurd

زمانی خۆی دەدویّو هەندیّ جار چەشنی چیرۆك گێڕەوەو هەندیّ جار لە زمانی کەسێتیەکانی بەرهەم لە شێوەی ئاخاوتەی راستەوخۆ (گێڕانەوەی فرەچەشن). لە درام دا، شاعیر لە پشت ئەو کەسایەتیانەی کە خۆی خولّقاندوونی خۆی شاردۆتەوە".[٤٧] ئەم دابەشکاری‌یە بنچینەی تێگەیشتن لە دەربڕینی ئەدەبی بوو لە سەدەکانی نێوەڕاست دا. گرنگترین پشتیوانیشی سێنت توماس ئاکویناس بوو. لە رۆمانی جیمز جۆیس دا ﴿بەناوی﴾ "وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی دا" ئیستیفێن بۆ هاوڕێکەی لەمەڕ "تیۆریی خۆی"یەوە دەدویّ و باس لە سیّ فۆرمی سەرەکی جوانناسانە دەکا: "فۆرمی دلّداری کە لەودا هونەرمەند وێنە لە پێوەندیی خێرای خۆی ﴿بە هونەرمەند﴾ خۆیەوە دێنێتە ئاراوە، فۆرمی قارەمانێتی کە ئەو ﴿هونەرمەند﴾ وێنە لە پێوەندیی نێونجی (لەنێوان خۆی ئەوانیتر) دەردەبڕیّو فۆرمی دراماتیك کە ئەو وێنەیە لە پێوەندیی خێرا لە تەك ئەوانیتر بەیان دەکا.[٤٨] هەلّبەتە ئەم دابەشکاری‌یە تیۆریی ئیستیفێن نیە، لە پێشنووسی رۆمانەکە دا کە بە ناوی "ئیستیفێنی قارەمان" دا بلاّو بۆتەوە، جۆیس بە تەنزەوە نووسیویەتی کە ئیستیفێن خۆی پێی وابوو شتێکی تازەی دۆزیوەتەوە، بەلاّم "تیۆرە جوانناسانەکەی لە بنەڕەت دا هیی سێنت تۆماس بوو".[٤٩] ژێنێت لەو دوو جۆرە دابەشکاری‌یەی یۆنانی‌یەکان کە تا رۆژگاری جوانناسیی مۆدێرن بەردەوام ئەرکی خۆی چەشنی سیمبۆلی سەرەکی پۆلێن بەندی، بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان پاراست، تێپەڕی. ئەو، بە هێنانە گۆڕی سەردەق، تایبەتمەندی هەرجۆرە بەرهەمێکی لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە هێنایە ئاراوەو کەم‌و کورتی چەمکی کۆنی "ژانر"ی پیشان دا.

ژێنێت توێژینەوەی خۆی لەمەڕ سەردەق کە بمانەویّ یان نەمانەویّ دەگاتە کێشەی نێوان دەقیەتی، لە کتێبی "تابلۆ دووبارە نووسینەیی‌یەکان"دا درێژە پیّدا. ئەو لە دەستپێکی ئەم کتێبە دا پێنج دەستە لە پێوەندی‌یەکان‌و



هۆکارگەلێك کە لە پەسندکردن‌و پەی بردن بە واتای دەقەکان دا رۆلّیان هەیە، لێك جیا کردەوەو هەر یەکەی بە فۆرمێکی پێوەندیگەلی "بالاّیی بەخشی دەق" ناودێر کرد. ئەم پێوەندی‌یانە ئاماژەی واتایی دەق ئاشکرا دەکەن‌و لەوەش زیاتر، دەبنە هۆی بالاّیی ﴿Transendence﴾ ئەو ﴿دەق﴾ەش. دەستەی یەکەم بریتی‌یە لە هەمان ئەو شتەی کە ژولیا کریستوا بە نێوان دەقی ناوزەدی کردوە. ﴿واتە﴾ بەکارهێنانی وشیارانەی دەقێك لەنێو دەقێکی دیکە دا. چ وەکوو شێوەیەکی تەواو یا وەکوو پاتۆرگەلێك. بە بۆچوونی ژێنێت نموونە هێنانەوە لە دەقێکی‌تر (کە بە زۆری دەکەونە دوو کەوانەوە)، دزیی ئەدەبی، هێمای درکە ئامێز، توانج لەو دەستەیە دایە. ژێنێت لەم بارەوە هێما بۆ بەرهەمەکانی ریفاتێر دەکا کە واتایەکی فراوانی لەبۆ نێوان دەقی هێناوەتە کایەوە. هەرکاتێك دەقێك لە روانگەی واتا ناسانەوە بە درێژەی دەقێکی دیکە بزانرێت، لە تەك خالّی نێوان دەقی بەرەو ڕووین.[٥٠] ریفاتێر لەو باوەڕە دایە: "نێوان دەقی کارو کەرەستەی تایبەتیی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبی‌یەکانە. تەنیا نێوان دەقی خولّقێنەری ئاماژەی واتایی‌یە، ئەمە لە کاتێك دایە خوێندنەوەی دێڕ بە دێڕی دەق ﴿بیّ گویّدانە چەمکی نێوان دەقی﴾ ﴿**﴾ لە دەقە ئەدەبی‌و نائەدەبی‌یەکان، جگە لە واتا شتێکی دی داناهێنیّ".[٥١] ژێنێت‌و ریفاتێر هێمایان بۆ بەرهەمەکانی هارۆلّد بلۆم نەکردوە لە کاتێك دا وردترین فۆرمی پێوەنی‌یە نێوان دەقی‌یەکانی، بە تایبەتی لە زمانی شاعیرانە دا دەرخستوە. دووەم دەستەی پێوەندی‌یە بالاّیی بەخشەکانی دەق پێوەندی‌یەکە ئالۆزو ناڕوون، کە ژێنێت بە "ئەودیو دەق" ﴿Paratext﴾ ناودێری کرد: فۆرمی هێنانە ئارای دەقی ئەدەبی لە دوو توێی کتێب دا بە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانیەوە (کە پێویستی بە تاووتوێی "مێژووی کاملّبوونی ئەم تایبەتمەندی‌یانە"هەیە). ژێنێت ئەم خالاّنەی لە کتێبی "بەستێنەکان" دا بە وردی تاووتویّ کرد؛ کە لە درێژەی



PDF4Kurd

باسەکە داو هەر لەم پارە دا هێمای بۆ دەکەم. لێرەدا دەبێ پێ لەسەر ئەو دابگرم کە بە ڕای ژێنێت "پێش دەق" واتە ئەو شتەی بەر لە نووسینی دەق (چەشنی گەلاڵەی سەرەتایی دەق) پێك دێت؛ لەم دەستە دوەمەی پێوەندییە چارەنووسسازەکانی واتای دەق دایە. (بۆنموونە ئەو گەلاڵەیەی کە جۆیس بەر لە نووسینی یۆلیسێس مەبەستی بوو، یا دیمەنی دوایین دیمانەی لۆسیەن‌و مادام شاستۆلێر کە ئیستاندال بەر لە نووسینی ڕۆمانی لوسین لۆون نەخشەی بۆ کێشاوە. بەلاّم لە ڕۆمان دا بە خێرایی تێدەپەڕێ، یا هەموو جۆرە پێشنووسی بڕگەی بەرهەمەکان‌و...) ژێنێت سێیەم دەستەی پێوەندییە بالاّیی بەخشەکانی دەقی بە "بان دەقی" ناودێر کردو ئەمانە پێوەندی گەلێکن (بە زۆری ڕاڤەیی) کە دەقێك بە دەقێکی دیکەوە دەبەستێتەوە، جا وەکوو سەرچاوە باسی لێوە بکات یا خۆ نەکات. بۆ نموونە هێگل لە "دیاردە ناسی روح" دا بە شێوەیەکی ڕاڤەیی باسی لە "برازای رامۆ" ﴿کە﴾ دیدرۆ نووسیویەتی، کردوەو لە پێشگوتاری بەناوبانگی ئەم کتێبەدا ڕاڤەگەلێکی لە بۆ چەند بەرهەمێکی شیلینگ هێناوەتە کایەوە. ژێنێت دەڵێ کە باشترین فۆرمی ئەم پێوەندییانە دەتوانین بە "ڕاڤەی ڕەخنەگرانە" ناودێر بکەین‌و لە بنەڕەتەوە "مێژووی ڕەخنەنووسی" خۆی بریتییە لە جۆرە پێوەندی گەلێکی بان دەقی. چوارەمین دەستەی پێوەندییە بالاّیی بەخشەکانی دەق، هەمان سەردەقە کە پێشتر باسم لێوە کردو بە واتای گشتی جێگرتنی دەقە لەنێو هەمەکییەك لە دەقەکان‌و بە واتای تایبەتیی ناسینی ژانرە ئەدەبییەکانەوە پەیوەستە. پێنجەم دەستەی پێوەندییە بالاّیی بەخشەکانی دەق، پێوەندی دەقێکی پێش دەق لەگەڵ دەقێکی پاش دەقە [٥٢]، پێوەندییەك کە ناتوانین بە ڕاڤەیی‌و تەئویلی لە قەڵەمی بدەین؛ هەمدیس وێژی‌و گێڕانەوەش نیە، بەڵکوو بە شێوەیەك لە شێوەکان دووپاتەی "پاش دەق"ە. لەبەر ئەوەی کە فۆرمەکانی دیکەی پێوەندییە بالاّیی بەخشەکانی دەق،



لە پارەکانی دیکەی ئەم کتێبە دا باسکراوە، لێرەدا بە وردبوونەوەیەکی زیاتر لە پێوەندییە پاش دەقییەکان دەکۆڵمەوەو بابەتی سەرەکیی کتێبی "تابلۆ دووبارە نووسینەییەکان"ی ژێنێتیش هەر ئەم پێوەندییانەیە.
هەندێ جار لە پێش دەق یا "دەقی پلە دوو" [٥٣] دا بە ڕاشکاوی باس لە دەقی یەکەم یا پاش دەقی یا دەقی پێشقەچوو دەکرێ، بۆ نموونە لە کتێبی "تیۆریی ئەدەبی"ی ئەرەستۆ دا هێمایەك بۆ "ئۆدیپی پاشا" کراوە. بەلاّم خاڵگەلێکی زۆریش دەتوانین بەدی بکەین کە لە پێش دەق دا هێمایەك بۆ پاش دەق نەکراوە. بۆ نموونە لە "یۆلیسێس"ی جۆیس‌و "ئەنەئید"ی ڤیرژیل هێمایەك بۆ "ئۆدیسە"ی هۆمیرۆس، چەشنی دەقی پێشوو یا پاش دەق نەکراوە. لە لایەکی دیکەوە هەندێ جار پاش دەق ئەدەبییەو هەندێ جار پەیوەستە بە ئاخێوێکی ترەوە. بۆ نموونە Finnega wake ی جۆیس "پەیوەندی" بە نووسینەکانی ویکۆ لەمەڕ فەلسەفەی مێژووەوە هەیە، یان "یوسف‌و براکانی"تۆماس مان ﴿پێوەندی﴾ لەگەڵ چاخی دێرین ﴿عهد عتیق = تەورات﴾ەوە هەیە. پلەو فۆرمی پەیوەست بوونی پێش دەقەکان بە پاش دەقەکانیشەوە جیاوازە. پێوەندیی "یۆلیسێس"ی جۆیس لە تەك "ئۆدیسە"دا راستەوخۆ و سادەیە، بەلاّم پێوەندیی "ئەنەئید"ی ڤیرژیل لەگەڵ "ئودیسە"دا ناڕاستەوخۆو ئاڵۆزە. جۆیس گەلاڵەی کردەو پێوەندییەکانی نێوان کەسێتییەکانی ئۆدیسەی بەهۆی مێتۆدێکی دیکەوە بەکار هێناوە، ڤیرژیل مێتۆدی ئودیسەی بە کردەکان‌و پێوەندیگەلی دیکەوە گرێ داوە. ئامانجی سەرەکیی کتێبی "تابلۆ دووبارە نووسینەییەکان" ناسینی فۆرمە جیاجیاکانی پێوەندییە پێش دەقەکان لەگەڵ پاش دەقەکانە:
لە دروشمێکی پڕوپاگەندەییەوە بگرە کە لەو دا رستەیەکی بەناوبانگی دەقێکی ئەدەبی دەگۆڕن، تا ئەو پێوەندییە کە لە نێوان "دانپیانانەکان"ی سێنت



PDF4Kurd

ئۆگۆستینو "دانپیانانەکان"ی ژان ژاك رۆسۆ دا هەیە، هەر لە گاڵتە بەرهەم دا ﴿هەزل = Parody﴾ نیوەبەیتێکی کۆڕنی لە شانۆیەکی ڕاسین تا فیلمی وودی ئالێن ﴿واتە﴾ "دووبارە ئەو کۆپلەیە بژەنە"، "سام" کە ناوونیشانەکەی هێمایەکە بۆ رستەی بەناوبانگی همفری بۆگارت لە فیلمی کازابلانکا لە دەرهێنانی مایکێل کۆرتێز، لە تەواوی ئەم پێش دەقە دا، فیلمی کازابلانکا چەشنی پاش دەق ئامادەیە. لە "تابلۆ دووبارە نووسینەیی‌یەکان" دا گرنگیەکی زۆر بە گاڵتەبەرهەم واتە گاڵتەو هێمای تەنزئامێز (و بە زۆری سووکایەتی ئامێز) بۆ دەقێکیتر، دراوە، تا ئەو جێیەی کە دەتوانین ئەم کتێبە بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەمەڕ گاڵتە بەرهەمەوە لەقەڵەم بدەین. لە پاری حەفتاونۆیەمی کتێبەکە دا، باسێکی ورد لەمەڕ پێوەندیە پێش دەقیەکانی نێوان بەرهەمە نیگارکێشیو موسیقاییەکانەوە پێشکەش کراوە. بە بۆچوونی ژێنێت ئەم پێوەندیانە (بە تایبەتی لە مۆسیقا دا) بە شێوەیەکی (کامڵتر) پێك هاتوون.(٥٤)

ژێنێت جۆرەکانی ئەم پێوەندیانەی دەستنیشان کردوە: گۆڕینی کۆمەڵە کۆپلەیەك کە بۆ ئۆرکستری کۆڕ یا سەمفۆنیك نووسراون بۆ چەند کۆپلەیەکی پیانۆ (فرانتس لیست، سەمفۆنیەکانی بتهۆڤنی لەبۆ دوو پیانۆ رێکخست) ژەنینی کۆپلەگەلێك کە بۆ تاکە سازێك نووسراون بەهۆی ئۆرکسترەوە (مۆریس راوێل کۆپلەی "تابلۆکانی یەك پێشانگا"ی مۆسۆرسکی بۆ ئۆرکستر رێك خست). لەم نموونانە دا رێسای سەرەکیی پێوەندیگەلی پێش دەقی هەر بەقەد دروستکردنی واریاسیۆن گەلێك کە لەسەر بناغەی واتادار ﴿Thematic﴾ی سەرەکی یا ئاوازێك کە خاوەنەکەی ئاوازدانەرێکیترە، دێتە ئەنجام (وەکوو ئەو واریاسیۆنانەی کە برامس لەسەر بنچینەی واتادارێکی هایدن دروستی کرد). هەمدیس دەتوانین باس لە فراوانبوونەوەی واتادارێکی دروستکراوی ئاوازدانەرێك (یا



فراوانبوونەوەی گۆرانیەکی فۆلکلۆریك) لە بەرهەمەکانی ئاوازدانەرێکی تر بکەینو چەشنی نموونەیەك لە پێوەندیە پێش دەقیەکان لەبەرچاوی بگرین. خاڵێکی سەرنج راکێشو گرنگ کە ژێنێت هێمای بۆ نەکردوە، بەڵام بە چەشنێکی کامڵتر گرنگی پێوەندیە پێش دەقیەکان نیشان دەدا، "شێوەی پێشکەشکردنی" گۆڕاوی کۆپلە مۆسیقاییەکانە. تا دەیەی رابردوو بەرهەمەکانی موسیقای سەردەمی باروك، لەسەر بنەمای رێکخستنی تازەو گونجاو لەتەك روحی موسیقای رۆمانتیك پێشکەش دەکران، هەنوکە لە دەیەیەك بەسەر "گەڕانەوە بۆ شێوەی ڕەسەنی باروك" تێنەپەڕیوە. ژەنیارانو رابەرانی ئۆرکسترا وەکوو گوستاو لیۆنارد، فیلیپ هێردۆگ، سیگیواڵد کویی جکن، بەرهەمەکانی ئاوازدانەرانی سەردەمی باروك، بە تایبەتی (باخ)یان لەسەر بنەمای رێسا رەسەنەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم بەرهەمانە پێشکەش کردوە (ژمارەی ژەنیاران زۆر کەمترە لە "پێشکەشکردنە رۆمانتیکەکان"و گونجاوە لەتەك رێساکانی باروك دا، سازەکان رەسەنو "ساکارو سادە"ن، لە جێی دەنگی ژنان بۆ پێشکەشکردنی کۆپلەکانی سوپرانۆو ئاڵتۆ کەڵك لە دەنگی کوڕان وەردەگیرێو...) ئەنجامی کارەکە، لە "ئاسۆی ئاماژە واتاییـ"ـەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی بەرهەمەکانەوە نزیکترەو ئەمە نیشانەی "هەڵێنجان"ێکی نوێیە لەبۆ موسیقا.

سەردێڕی کتێبەکەی ژێنێت ﴿واتە﴾ تابلۆ دووبارە نووسینەیی‌یەکان، لە کورتە چیرۆکێکی بورخس دا هاتوە. ئەم چیرۆکە خۆی بە نموونەیەك لەبۆ ناسینی پێوەندیە پێش دەقیەکان ئەژمار دەکرێ (٥٥) و سەردێڕەکەشی "پییەر مۆنارد، نووسەری دۆن کیشۆت"ە (٥٦) لەم چیرۆکە دا پییەر مۆنارد هەوڵ دەدا تا مەودای سێسەد ساڵی خۆی لەتەك سەردەمی سێروانتێس بە لاوە بنێو بە جێی ئەو پاتۆرگەلێك لە دۆن کیشۆت "دەقاودەق بەو شێوەیەی کە نووسراون"



PDF4Kurd

بنوسێتەوە. لە چیرۆکی بورخس دا پاتۆرێك لە پاری نۆیەم، بەشی یەکەمی دۆن کیشۆت دەخزێتە نێو نووسراوەی سێروانتێسو دواتر هەمان پاتۆر، بە بێ هیچ گۆڕانکاریيەك لە نووسینی پییەر مۆنارد دا دووبارە دەبێتەوە. بەڵام چیرۆك گێڕەوەی چیرۆکەکە دوو ڕاڤەی جیاواز لەم "دوو" دەقە کە لە ڕواڵەت دا یەك دەقە، دەدا بە دەستەوە. سێروانتسی سەدەی شانزدەهەم لە پێناو بەرەڤانی لە مێژوو نوسیوویەتیو مونارد "ئەم هاوسەردەمەی ویلیام جێمز" هێرشی کردۆتە سەر مێژوو. لەم هەردوو (یا یەك) دەقەی کە باسی لێوە دەکەین: "مێژوو دایکی هەقیقەت، ڕکەبەری سەردەم، نامەی کردەوەکان، شایەتی رابردوو، سیمبۆڵو وانەی ئەمڕۆ و ئاگادار کردنەوەیە لە دوارۆژ".[٥٧] لە کۆتایی چیرۆکەکە دا چیرۆك گێڕەوە دەڵێ: "بەڕای من"دوایین"دۆن کیشۆت دەبێ چەشنی تابلۆیەك گریمان بکەین کە چەندین جار دەتوانین لەسەری بنووسین".[٥٨] هەروەها بورخس وشەی ئیسپانیایی Palim Pesto (تابلۆیەك کە چەندین جار لێی بنووسرێ)ی بەکار هێناوە کە ناونیشانی کتێبەکەی ژێنێت فۆرمی فەرەنسی (و ناوی کۆ)ی ﴿وشەی ناوبراو﴾ە.

کتێبی "بەستێنەکان" لەمەڕ دووەم دەستەی پێوەندیيە بالاًیی بەخشەکانی ئاماژەی واتایی دەقەکان واتە "پارادیم" ﴿= نموونەی سەرەکی = Paratext﴾ە. ئەم کتێبە باس لە روونکردنەوەی وردی فۆرمی هێنانە ئارای دەقە ئەدەبیيەکان دەکا. دەقە ئەدەبیيەکان، لەپاش "داهێنان"ی کتێب هەرگیز چەشنی "دەقێکی رووت" نەخراونەتە بەردیدی خوێنەرانەوە، بەڵکوو بە زۆری بوونەتە کتێبو ئەم کتێبە قەبارەیەکی هەیە، کە بە پێی نەریتی سەردەم وەبەرهەم دێو لەوانەیە لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو، لە لایەن دەزگایەکی چاپەمەنی بلاًو بکرێتەوە. نیگاری سەر بەرگ، پیتەکان، لاپەڕەی ناوونیشانەکان، ناوی نووسەر یان نووسەرانو، لەوانەیە ناوی خوازراوی نووسەر، سەردێڕی دەق، ڕەنگە تەنانەت رۆڵی رستەگەلێك کە لە پشت بەرگ لەبۆ ناساندن (یا رێکلامی) کتێب دێن، هەروەها لاپەڕەی پێشکەشکردن، ئەو بژێروێژیانەی کە چەشنی شا وتەی کتێبەکە دێن، پێشگوتارو پێشەکیيەکان، پاش گوتارەکان، سەردێڕی پارەکان، سەردێڕە لاوەکیيەکان، پێڕستەکان، ئیندێکسەکان، پەراوێزەکان، هەر هەموویان لە "پەسند کردن"ی دەق لە لایەن خوێنەرەوە (یا واتا پێدانی دەق) کاریگەر بن. هەموو ئەمانە وەکوو "بەستێەکانی ئاماژەی واتایی" دەقن. جگە لە کتێب دەتوانین باس لە لاپەڕەی ئەدەبیی بلاًڤۆکەکان، باسەکانی ئەنجومەنی ئەدەبی، زانستی، زانکۆیی، وتووێژو مشتو مڕەکان (لە راگەیەنە گشتیيەکان دا) بکەین. بەڵام ئەو خاڵەی کە ژێنێت مەبەستیەتی باسی لێوە بکات لە گەڵاڵەی "پارادیم"ی فۆرمی نڤیسیاری دەقە ئەدەبیيەکان بە تایبەتی لە فۆرمی کتێب دایە. ژێنێت سەلماندی کە بە گۆڕانی ئەم "بەستێن"انە دەق واتایەکی دی وەردەگرێ. ئەو پرسی کە ئەگەر جۆیس ناوی "یۆلیسێس"ی بۆ رۆمانەکەی خۆی هەڵنەبژاردبا،[٥٩] ئایا هەمدیس ئێمە ئەو ﴿رۆمانە﴾مان بەو شێوەیەی کە ئێستا دەخوێنینەوە، دەخوێندەوە؟ و ئایا دیسان ئەم واتایە (یا واتا ئەمڕۆیيەکان)مان لەو وەدەست دەهێنا؟ و بە پێداگریەوە باسمان لە پێوەندیيە نێوان دەقیيەکانی ﴿یۆلیسس﴾ لە تەك ئۆدیسە دا دەکرد؟ یان ئەگەر گریمان جۆیس سەردێڕی ئەو پارانەی کە دواتر ریچارد ئیلمەنو ئیستورات گیلبرێت بۆ تێگەیشتنی باشتری یۆلیسس پێشنیاریان کرد، خۆی بەکاری هێنابان، واتە هەر پارێکی بە کەسیەتیيەکانو یا شوێنگە گەلێکی تایبەتی لە چیرۆکی قارەمانیەتیی هۆمێرۆس پەیوەست کردبا (بۆ نموونە پنە لۆپە پارێکی خوێندبایەوە، تلماگ پارێکی دیکەو، هەروەها پەریيە دەریاییيەکان، هادس، کالیسپۆو ...) لە واتا (یا واتاکانی) رۆمانەکەی جیاوازیيەك دروست نەدەبوو؟[٦٠]



PDF4Kurd

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە ژێنێت کتێبی "بەستێنەکان"ی نووسی، کە لە سێزدە پار دا تەواوی خالگەلی "پارادایم"ی بە وردی تاووتوێ کرد. بەم جۆرە دۆخی "مێژوویەکی دروستبوونی دەقەکان یا کتێبە ئەدەبیەکان"ی گرتە خۆ. هەرچەند کە ژێنێت هەر لە سەرەتاوە مێتۆدی مێژوویی‌و "نێوکاتی" بەلاوە نابوو و گوتبوی کە هەر خاڵێکی تایبەتیی "پارادایم"، مێژووی دیاریکراوی خۆی هەیە.[٦١] نموونە زۆرو زەوەندەکانی "بەستێنەکان"، لە هەموو شوێنێك دا دوابەدوای سەلماندنی ڕێسایەکی تیۆریك کارایی‌یان هەیە. زۆر لەخاڵەکان (نموونەگەلێك لە ئەرکی "توخمەکان"ی کتێبەکە). بێبڕیوانی مەسەلەی "پەسند کردنی خوێنەر" دەهێننە ئاراوەو ئەنجامی کۆتایی کتێبەکە بە شێوەی هەمە چەشن دەسەلمێندرێ. من تەنیا چند نموونەیەك لە خەرمانی نموونەکانی کتێبەکە (لە سەرەتای کتێبەکە) دەهێنمەوە کە تا ڕادەیەك پەیوەندیان بە مەسەلەی گۆرانی واتایی دەقەوە هەیە لە چرکە ساتی خوێندنەوەدا. هەروەها ئەم نموونانە پیشاندەری سەرنج ڕاکێشبوونی کتێبەکەی ژێنێتە: ناو ونیشانی کتێبێك کە لویی ئاراگۆن لەمەڕ هانری ماتیس نووسیویەتی "هانری ماتیس" ﴿لەو دا﴾ نیگارکێش بەهۆی جەختکردن لەسەر وشەی رۆمان خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە کە تەنیا لەگەڵ "راستی‌یەکان"ی ژیانی ماتیس بەرەوڕوو نیە، بەڵکوو زیاتر لەتەك زەینی ئاراگۆن دا سەروکاری هەیە.[٦٢] ناوونیشانی رۆمانی ژان ریکاردۆ ﴿واتە﴾ "سەرکەوتنی قوستەنتەنیە" بە کەمێك دەستکاری لەسەر نەواربەرگی کتێبەکە بوو بە "پەخشانی قوستەنتەنیە"و خوێنەر تێدەگا کە خاڵی سەرەکیی رۆمانەکە زمانە، نەك گێرانەوە.[٦٣] ئەم نەریتە کە لە پاش نووسەر رستەی "نووسەری کتێبی فلانەکەس" دێت، خوێنەر لە تەك پرسیاری نێوان دەقی (و هەندێجار واتا تایبەتی‌یەکەی واتە پێوەندی‌یە ناوەکی‌یەکانی بەرهەمەکانی نووسەر) بەرەوڕوو



دەکاتەوە[٦٤] و ناوی خوازراو هەندێجار لەتەك دەق دا یەك دەگرێتەوە. بۆ نموونە ناوی سێن ژون پرێس لەسەر بەرگی کۆمەڵەیەك لە شێعرەکانی خۆی "ئانا باس" ناوێکی شاعیرانەیەو وەبیرهێنەری سەرزەمینە دوورەکان [٦٥] بلاّو بوونەوەی سێ وێنەی لێك جیای سالاّنی ژیانی پروست لەسەر بەرگی رۆمانی "گەڕان بە دووی کاتی لە دەستچوو" بەر لە هەموو شت چەمكێك لە "بیۆگرافی" بەسەر بەرهەم دا دەسەپێنێ.[٦٦] چەمكێك کە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر، لەگەڵ رۆحی بەرهەم دا یەك ناگرێتەوە (هەرچەند کە ئەم سێوێنەیەش هەڕەمەکی دەستبژێر کراون‌و بۆ سالاّنی ١٨٩١، ١٨٩٥ و ١٨٩٦ دەگەڕێنەوە، واتە بۆ سالاّنی بەر لە دەستپێکردنی نووسینی رۆمانەکە ﴿دەگەڕێنەوە﴾).

٣

ژولیا کریستوا هێشتا پێی نەنابوە سی‌ساڵیەوە ژمارەیەك لە گرنگترین بەرهەمەکانی خۆی لە بواری تاووتوێی پێکهاتەیی دەقە ئەدەبی‌یەکانەوە، بلاّو کردەوە. ئەویش چەشنی تزۆتان تۆدۆرۆف خەڵکی بولگاریایە (لەدایکبووی ١٩٤١ ) و بەرەو فەرەنسا کۆچی کردوەو لەوێ دا بەشی ئەدەبیاتی خوێندوە. لەگەڵ گۆڤاری "تێل کل" هاوکاریی کردوەو لە ساڵی ١٩٦٦ وانەی ئەدەبیاتی وتووتەوە. لە یەکەم نووسینەکانی دا لەژێر کاریگەریی دوو ئاخێوی زاڵی سەردەم واتە مارکسیزم‌و دەروون شیکاری فرۆید بووە. ﴿ئاخێو﴾ی یەکەمی بە یارمەتیی لویی ئالتوسێر ناسی‌و ماوەیەکیش لە گرووپە مائۆئیستی‌یەکان چالاکیی هەبووەو لە دەیەی ١٩٧٠ دا بوو بە یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرانی فیمینیستی فەڕانسە. بەرهەمەکانی فرۆیدیشی بە یارمەتیی نووسینەکانی ژاك



PDF4Kurd

لاکان ناسیو هۆگری خۆی لەهەمبەر دەروونشیکاری (بە پێچەوانەی مارکسیزم) تا ئەمڕۆ پاراستوە. دوو ڕۆمانیشی نووسیوە کە دووەمیان لەژێرناوی "سامووراییەکان" ناوبانگی دەرکردوە. لە ساڵی ١٩٦٩ یەکەمین کۆمەڵە وتارەکانی خۆی لەژێرناوی "نیشانەناسی" بڵاو کردەوە. ناوی کتێبەکە ﴿واتە وشەی یۆنانی "سیمیۆتیکە"یە، کە بە ئەلفو بێی یۆنانی لەسەر بەرگی کتێبەکە نەخشێنراوە. ناوی دووەمی کتێبەکە "چەند توێژینەوەیەك لەبارەی شیکردنەوەی نیشانەکان"ە. [٦٧] کریستوا لە ساڵی ١٩٧١ کتێبێکی لەژێرناوی "دەقی ڕۆمان"ی لە لاهای لە چاپ دا. [٦٨] بەرهەمە گرنگەکانی تری ئەو لە بواری ئاخێوی ئەدەبی بریتین لە: شۆڕشی زمانی شاعیرانە [٦٩]، فرەچەشنی ناسی [٧٠]، هێزەکانی بێزاری [٧١]، چیرۆکەکانی ئەوین [٧٢]، خۆری ڕەش، لەبارەی خەمۆکیو ماخولیا [٧٣]. دوایین کارێك کە تاکوو ئێستا بڵاوی کردۆتەوە کتێبێکە بەناوی "نامۆیان لە خۆ" [٧٤] لەبارەی چەمکەکانی "ئەوی دی"و "بێگانەیی"یەوە نووسراوە. ئەم کتێبە جۆرێك لە "مێژووی چەمکەکان"ە: هەر لە چەمکی بەربەرەکانو چەمکی بیانی لەئەسینا تا دەگاتە چەمکەکانی "بیانی"و "ئەوی دی" لە کولتووری هاوچەرخ دا ﴿دەگرێتەوە﴾. کریستوا لەم ڕەوتە مێژووییەیە دا ڕاگەیەندراوی شۆڕشی فەرەنسا لەبارەی مافی هاووڵاتیان بە خاڵێکی وەرچەرخان لە رزگار بوون لەچنگی ئەو ترسەی کە لە "ئەوانی دی" هەمانە، دەزانێ؛ ترسێك کە لە تیۆریی فرۆید لەبارەی دڵەڕاوکێ ، نامۆییو لە چەمکێکی تایبەتی دا کە ئەو هێناویەتە گۆڕێ واتە ﴿لە﴾ "نەناسراوی"دا خۆی شاردۆتەوە. [٧٥] بە بۆچوونی کریستوا، ئەمڕۆکە کێشەی سەرەکی نەك هاوڕاکردنی ئەوی دی لەگەڵ خۆ، بەڵکوو دانان بە خواستو مافی ئەویترە بۆ درێژەدان بە فۆرمێکی ژیان کە لەوانەیە بە تەواوی جیاواز بێ لەگەڵ ژیانی من دا. بنەمای تیۆریی ئەم کتێبە "لۆژیکی وتووێژ"ەو کریستوا، نەك تەنیا لە



مێتۆد، بەڵکوو لە نێوەرۆکی فیکریی بەرهەمەکانی میخایل باختین نزیك بۆتەوە. کریستوا جیا لەمە، چەندین کتێبی گرینگی دیکەشی نووسیوە: "لە سەرەتادا ئەوین بوو" (١٩٨٥) کە ﴿ئەم بەرهەمە﴾ ناوێکی تری هەیە کە بریتیيە لە "دەروونشیکاریو ئیمان"و بە جۆرێك لە جۆرەکان درێژەی "چیرۆکەکانی ئەوین"ە، "زمانی ئەم نەناسراوە" ﴿بەرهەمێکیترە﴾ کە بە ناوی خوازراوی ژولیا ژویو لە ساڵی ١٩٦٩، و بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨١ بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردەوەو جۆرە کورتە مێژوویەکی زمانناسیيە. ڕۆمانی "سامووراییەکان" لەمەڕ ژیانی هزرمەندانەی فەڕەنسیانەی دەیەی ١٩٨٠یە کە پێوەندییەکی "نێوان دەقی" هەیە لە تەك ڕۆمانی "ماندارنەکان"ی سیمۆن دوبو وار. ژولیا کریستوا هەمان ڕێگای تیۆرەوانە پێکهاتەگەراکانی بڕیوە. یەکەمجار لە توێژینەوەی پێکهاتەیی دەق، نیشانەناسیو مەیل بە "سیستمی دەربڕینی ئەدەبی" دەستی پێکردو بەرەبەرە لە دەیەی ١٩٧٠ مێتۆدەکانی تریشی پەسند کرد. بە پێی لۆژیکی ئیشکردنەکە (نەك بە ئەنقەست) لە شیکردنەوەی پشت بەستوو بە واتاکانی بەرهەمو پاشان لە هێرمێنۆتیکی ئەدەبی نزیك کەوتەوە. ئێستا ڕێچکەی تایبەتیی خۆی گرتۆتە بەرو بە تایبەتی ئەو دوو کتێبەی کە لەبارەی تیۆریی ئەدەبی نووسیونی واتە "چیرۆکەکانی ئەوین"و "خۆری ڕەش" نیشاندەری مێتۆدی تازەی ئیشکردنی ئەوە. پەخشانێکی ساناى هەیە کە تێگەیشتن لە دژواری واتایی بەرهەمەکانی ئاسانتر دەکاو نووسینەکانی چەند ڕوویەکی تازەی پرۆبلماتیکە ئەدەبیو سایکۆلۆژیکییەکان دەهێننە گۆڕێ کە سنووورداری ئاخێوی پیاوانەی ژێنێت یا تۆدۆرۆف تێك دەشکێنێ. ئەم خاڵە بە تایبەتی لە کتێبی "چیرۆکەکانی ئەوین" دەردەکەوێ کە بە ئاشکرا (بێ ئەوەی کە ئاگامان لێی بێت) سنوورەکانی "ئاخێوی ئاشقانە" تێك دەشکێنێ.



PDF4Kurd

دەستپێکی باسەکەی کریستوا لەمەڕ "زمانی ئەدەبی، هەمان جیاکاری ناسراو واتە: جیاکاری لەنێوان زمانی ئەدەبیو زمانی سروشی بوو. کریستواش لەو باوەڕە دابوو کە زمانی ئەدەبی لە "ڕێساکانی ڕێزمانو سیمانتیك" تێدەپەڕێ. بنەمای بەڵگە هێنانەوەی کریستوا ئەمەیە کە زمانی ئەدەبی تاکە فۆرمی بەکارهێنانی بێسنوورو ناکۆتای ڕەمزەکانە. لە هەر دوو فۆرمی زمانی ئەدەبی دا، واتە شێوەی گوتاریو شێوەی نڤیسیاری (کە هەر یەکەیان ڕێساگەلی تایبەت بە خۆشیان هەیە)، ئەم زمانە لە کۆتە ڕێزمانیو سینتاکسیو سیمانتیکیەکان ڕزگار دەبێ. بە دەربڕینێتر زمانی دەقی ئەدەبی سروشتێکی دووفاقی هەیە، لە لایەکەوە پەیوەستە بە یاساکانی زمانی ڕۆژانەو لە لایەکی دیکەوە لە کردەی شکاندنی ئەم ڕێساو یاسایانە دا دێتە دی.(٧٦)

لە نووسینی دەق دا چەشنی خوێندنەوە، هاوکات دوو ئاخێو هەن، یەکێکیان ئاخێوی ڕۆژانە، پێوەرو "ڕێسادار"، ئەوی دی ئاخێوی یاخییە کە لە لە کۆی یاساکانو ڕێساکان هەڵدێو ئاخێوێکی بنەماشکێنە. لێرەدایە کە "دەقێکی بێگانە دێتە نێو دەقی سەرەکییەوە"؛ (٧٧) یا بە دەربڕینێتر دانەر بە پێچەوانەی ویستی خۆی کە دەیەوێ زمانێکی تایبەتی ـ کە زاڵە بەسەریداو هەڵبەت بە شێوەیەکی ڕێژەیی ـ بەکار بهێنێ، خۆی لە ئاست زمان دا ملکەچ دەبێ. ئەو خوازیاری ئەوەیە کە ڕەچاوی ڕێساکان بکا، بەڵام گەوهەری کاری ئەدەبی ئەوەیە کە هەموو ڕێساو یاسایەك بشکێنرێت، ئەو دەیەوێ زمان جڵەو بکا، بەڵام زمان جڵەوی ئەو دەگرێتە دەستو ئەگەر لە بەرامبەر ئەم "وەسوەسەی زمان"ە دا خۆڕاگری بکا، بەرهەمی کارەکەی "لە داڕشتنێکی قوتابی زیرەکی پۆل" باشتر نابێت، ﴿داڕشتنێك کە قوتابیەکە لەو دا﴾ هەموو شتێکی دروست نووسیوەو دەقێکی دڵخوازی مامۆستای سەختگیری زمانی ئامادە کردوە، بەڵام ئەم دەقە



ئەدەبی بوون ـ هەر ئەو شتەی کە یاکۆبسێن بە "گەوهەری دەقی ئەدەبی زانی پێوە دیار نیە. "دەقێکی بێگانە دێتە نێو دەقەوە".

ئەم بڕیارەی کریستوا لە قۆناغی یەکەم دا دەرەنجامی وردبوونەوەیە لە سروشتو گەوهەری زمان؛ و لە قۆناغی دووەم دا لە ئەنجامی سەرنج دا بە "دەقی ئەدەبی" دەردەکەوێت. هەموو دەقێك خاوەنی واتاگەلی لە ئەژمارنەهاتوویە. مامۆستایانی زمان هەرچەندەیش هەوڵ بدەن ناتوانن دەقێکی تاك واتایی بەرهەم بێنن. ئەگەر یاسای نووسراو بە ڕاستی تاك واتایی بووایە، ئەو کات "زانستی یاسا" بێمانا دەبوو. لە دان دانان بەم خاڵە کە دەق واتاگەلی فرەچەشن و هەندێ جار تەنانەت دژیەکی هەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ ئەم واتایانە لە ڕێگەی "نزیکایەتییە نێوان دەقییەکان"ەوە وەربگرین. هەرچەشنە پۆلێن بەندییەکی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە مانای ناسینی ئۆرگانیزمو بنەمای ئاخێوە. بە وتنی ئەمە کە "ئەم دەقە کۆمیکە" لە ڕاستی دا سنوورمان بۆ پێوەندییە نێوان دەقییەکان داناوەو ئەم سنوورەمان بۆ ناسین بە پێویست زانیوە.

ئێستا ئەم دەقە لەتەك دەق گەلێکی تایبەتی، واتە لەگەڵ دەق گەلی کۆمیك بەراورد دەکەینو سوود لەو ڕێسا ئاخێویانە وەردەگرین کە پێشتر لە ریزی ئاخێوی کۆمێدی دا پۆلێنمان کردبوون، (٧٨) و تەنانەت باس لەو تۆخمە بان دەقییانە دەکەین کە خاوەنی ئاراستەی کۆمێدی بن. هەر دەقێك کۆمەڵەیەکە لە ئاماژە پێکەرەکان یا گێرماس گوتەنی "یەکە واتاییەکان"ن. ئەم یەکانە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە پێوەندییە نێوان دەقییەکانەوە دەبن بە بابەتگەلی واتایی (٧٩) کریستواش وەکوو باختین (ئەو لە نووسینە سەرەتاییەکانی خۆی دا کەوتبوە ژێر کاریگەریی باختین) لە هەنگاوی یەکەم دا پێوەندییە نێوان دەقییەکان لە "ژانر"ی بەرهەمی ئەدەبیو لە هەنگاوی دووەم دا، لە قۆناغێك دا



PDF4Kurd

کە هەم ئەبستراکترو هەم زۆر دژوارو گرنگ خۆ دەنوێنن، لە ئاخێو ﴿جیادەکاتەوە﴾. بە زۆری گرنگترین خاڵەکان لە مەسەلەی نێوان دەقی بە سروشتی زمانی ئەدەبیو سروشتی دەقی ئەدەبی (ڕێسابەندی ئاخێو) لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام هۆکارێکی دیکەی گرنگ لە گۆڕێ دایەو ئەویش هۆکاری خوێنەرە. ڕۆلان بارت لە S/Z نووسی: "من ﴿خوێنەر﴾(***) بابەتێکی نەزان کە لەبەردەم دەق دا بێ نیم (!!) ... ئەو "من"ەی کە لەگەڵ دەق دا بەرەوڕوو دەبێ، خۆی کۆمەڵەیەك لە دەقەکانیترە، ئەو گشتێکە لە ڕەمزە ناکۆتاو بزر بووەکان (کە ڕەچەڵەکیان ون بووە)"[٨٠]. هەر دەقێك لەسەر بناغەی دەق گەلێك کە پێشتر وەمان خوێندوون واتا دەدا بە دەستەوەو پشتی بە کۆمەڵە ڕەمزێك بەستوە کە پێشتر ناسیومانن. نێوان دەقی، سەرنجی ئێمە بۆ دەق گەلی پێشوو ڕادەکێشێ (لامان روونە کە ئەو دەقەی کە پێشتر خوێندوومانەتەوە گرنگە نەك دەقێك کە "زووتر نووسراوە"). ﴿☺﴾

بە پێی ڕێسای نێوان دەقی هۆی واتادار بوونی هەموو دەقێك تەنیا ئەوەیە کە ئێمە پێشتر کۆمەڵە دەقێکمان خوێندۆتەوە. لە لایەکی دیکەوە، بە جەخت کردن لەسەر ئەم "زانیاری پێشینە"یە ناچارین کە دەقەکانی پێشوو بە دروستکەرانی ڕەمزە جۆرە بە جۆرەکان بزانین کە ئاسۆی ئاماژە مەیسەر دەکەن. کەوابوو نێوان دەقی بەرلەوەی ناوێك بێ بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ بەرهەمەکانی دی، ڕۆشنگەرو دیاریکەری فۆرمی ئارایی هەموو بەرهەمێك لە قەڵەمڕەوی فەرهەنگ دایە، واتە تێگەیشتن پێوەندییەکە کە لەنێوان دەقێكو چەشنەکانی ئاخێو و کردەکانی ئاماژە داو لە هەموو فەرهەنگێك دا بەدی دەکرێ. پێوەندییە نێوان دەقییەکان وەکوو هەڵقەی پێوەندیی پاژەکانی ئاخێوە؛ کۆی ئەو زانیارییەیە کە بوار بە دەق دەدا تاکوو واتای هەبێ. کاتێ لە واتا یا واتاکانی دەقێك تێدەفکرین "لە ڕاستی دا لە جێی



کردەی نێوان زەینی، کردەی نێوان دەقی دروست دەبێ". [٨١] ئەم کردەیە بە روونی پێناسەیەکی تازە لەبۆ دەق دێنێتە ئاراوە: "ئاراستەی واتایی دەق هەرچی بێت، شوێنگەکەی وەکو کردەی ئاماژەکار، هەڵگری پێش گریمانیی ئاخێوگەلێکی دیکەیە... هەموو دەقێك هەر لە سەرەتاوە لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئاخێوەکانیترە کە ﴿ئەو ئاخێوانە﴾ فەزایەکی تایبەتی بەسەر ﴿دەق﴾ دا دەسەپێنن.[٨٢]

کریستوا پێنج فۆرم یان "پێنج مێتۆد"ی ڕاست نوێنی لێك جیاکردەوە. پێنج شوێنگە کە لەوان دا دەقێك دەتوانێ لە پێوەندی لەتەك "دەقێکی"تر دا بێت، تاکوو بە یارمەتیی ئەو دەقە "بناسرێتەوە". لێرەدا خاڵی سەرەکی هاوئاهەنگیی دەق لەگەڵ "کەتوار" (واقع)ە، کە وادیارە ئەم هاوئاهەنگیە کە هەموو بەرهەمێك ڕاست نوێن دەکا. واتە وەکوو ڕاستییەك دەیخاتە روو، یەکێکە لەم پێنج شوێنگەیە. واتە جیهان یان کەتوار چەشنی دەقێك لەبەرچاو دەگرین (سیستەمێك لە پێوەندییە نێوان نیشانەیی ﴿Intersemiotic﴾ەکان) کە پێدەچێ ئەو دەقەی کە ئێمە مەبەستمانە "ڕاست نوێن" بکات. بە ڕای کریستوا ئەم پێنج شوێنگانە بریتین لە: ١) "کەتوارە کۆمەڵایەتییەکان" یا "جیهانی ڕاستەقینە". ٢) فەرهەنگی گشتی یا ئەو زانیارییە هاوبەشەی کە هەمووان پێیان وایە کەتوارەو بەشێك لە فەرهەنگە. ٣) دوایین ڕێساکانی ژانرە هونەرییەکان. ٤) یارمەتی وەرگرتنو پشت بەستنی دەقێك بە دەقە هاوشێوەکان. ٥) ڕۆنانێکی ئاڵۆز لە "نێودەق"، شوێنێك کە هەر دەقەو دەقێکی دی وەکوو پێگەو شوێن دەستپێکی خۆی دەزانێو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دا دەناسرێتەوە. یەکەم جۆری "ڕاست نوێنی" گەڕاندنەوەی دەقە بۆ "کەتوارە کۆمەڵایەتییەکان". ئەمە شتێکە کە خەڵکی پێیان وایە "جیهانی ڕاستەقینە"یە. واتە لە بیریان دەچێتەوە کە ئەو شتەی کە هەیە خۆی



PDF4Kurd

سیستمێکە لە پێوەندییە نێوان نیشانەیی ﴿Intesemiotic﴾یەکان کە لەسەر بنچینەی کۆمەڵە ڕێککەوتنێك واتای پەیدا کردووەو لە ڕاڤەکردن دێت، بە پێی زانیاریو ئاماژە واتاییەکانی هەموو سەردەمێك و شوێنگە هەندێ جار ئالۆزە کۆمەڵایەتی، ئابووری، رامیاری، فەرهەنگییەکانو ... "دەگۆڕدرێت". بەم چەشنە چیرۆکێك، شوێنگەکانی گەلاڵە، هەموو بەرودوایی یەك، توخمەکانی هەموو دەقێك دەبێ "راستەقینە" بن، واتە دەبێ لەگەڵ سیستمێکی سیمیۆلۆژیکی تایبەتی کە بە کەتوار لە قەڵەم دەدرێ یەك بگرنەوە. کەسیەتییەکانی چیرۆك، بۆنەموونە دەبێ خاوەنی هەستو سۆزەکان، هەڵچوونەکانو هەستی "کەسانی راستەقینە" بنو کردەو کاردانەوەکانیان بشێت پەسند بکرێت. کریستوا ئەم شوێنگە راست نوێنییە بە گشتیترین شوێنگە دەزانێو بەڵگە دێنێتەوە کە هەر شتێك کە لە جەرگەی گوزارەیەکی زمانی دا بەیان دەکرێت راست نوێنە، چونکە زمان لە بنەڕەتەوە لە جیهان وەرگیراوە.(٨٣) بەڵام ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە بەهۆی زمانەوە بەیان دەکرێن بە راست نوێن بزانین، ئەو کات باسی راست نوێنی بە کەڵك چ دێ؟

دووەمین رێسای راست نوێنی، گەڕاندنەوەی دەقە بۆ فەرهەنگی گشتی کە لە خالگەلێکی دژوار دا دەتوانین لە مێتۆدی یەکەم جیای بکەینەوە. سەردەمانێك کە بەلزاك لە "سارازاین" دا نووسی: "کۆنت لانتی، کورتەباڵاو ناشیرین بوو، وەکوو ئیسپانییەکان ڕەزاگرانو چەشنی بەنکدارەکان ماندووکەر..." دووجار لەم مێتۆدی راست نوێنییە سوودی وەرگرت. لە کولتووری خوێنەرانی رۆژگاری بالزاك دا نەدەکرا کەسێ بنووسێ: "کۆنت چەشنی ئیتالییەکان ڕەزاگرانو وەکوو نیگارکێشەکان ماندووکەر بوو" چونکە ڕەزامەندیی گشتی لەمەڕ رەزاگران بوونی ئیتالییەکانو ماندووکەر بوونی نیگارکێشەکان لە گۆڕێ دانەبوو، بەڵام هەمووان لەبارەی رەزاگران بوونی ئیسپانییەکانو ماندووکەر بوونی



بەنکدارەکانەوە هاوڕابوون. بە ڕاستی ئەم دوو بڕیارە وەکوو دوو ڕەمزی ئاشناو پەسندکراو ، پەتەو بوون. پروست باسی لە کەسێك کردوە کە "بەردەوام، هەرشتێك کە دەیبیست یان دەیخوێندەوە، لەتەك دەقێکی ئاشنا بەراوردی دەکردو لەو شوێنەدا کە پێی وابوو جیاکارییەك لە گۆڕێ دانیە، ئەو کات هەستی ستایشکردنی ئەو تینو گوڕی دەسەند" . (٨٤) واتە ئەو دەقی بە هۆی "گەڕانەوە بۆ ئەو زایەڵە گشتییە نەناسراوە، کە چاوگەی پەیدابوونەکەی زانیاری گشتی مرۆییە" راست نوێن دەکرد.(٨٥) لەم ڕووەوە بارت باسی لە "یەکانگیری ئایدیۆلۆژیکی دەق" دەکرد. (٨٦)

واتە دەق لە رێگەی گەڕانەوە بۆ "ئایدیۆلۆژی" خۆی راست دەنوێنێو لە رێگەی ئەم ئاماژەوە، خوێنەر رەمزەکان دەناسێ.

سید لە شانۆنامەی کۆڕنی دا، ناچارە باوکی شیمن بانگهێشت بکا بۆ ململانێ. خوێنەر (یا بینەری شانۆکە) هۆی ئەمە بە باشی دەزانێ، چونکە کۆنت باوکی ئەوی کوشتوە. سەردەمانێك کە بەلزاك باس لە پەیکەرسازێك بە ناوی سارازاین دەکا ـ کاتێ بەیانی زوو دەچووە کارگەوەو شەو لێی دەهاتە دەرەوە ـ خوێنەر تێدەگا کە سارازاین هۆگری کارەکەیەتی، چونکە دەق گەڕانەوەیەکە بۆ بەستێنی فەرهەنگیی "بە درێژایی رۆژ کار کردن". راست نوێنی لەم دۆخەدا بواری کورت بێژی بۆ نووسەر دەڕەخسێنێ. کردە بە شێوەیەکی کورتو خێرا بەیان دەکاو لە رێگای گەڕانەوەی فەرهەنگییەوە کۆی ﴿ئەو کردەیە﴾ بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات. زۆرترین کاریگەری کە چیرۆك دەیخاتە سەر خوێنەر، هەر لە گەڕانەوە فەرهەنگییەکەیەوە هەڵقوڵاوە، کە بە جۆرە گشتگیر بوونێکی کردەی کەسێك ئەژمار دەکرێ. تۆدۆرۆڤ لەنێو پێنج دەستەبەندی کە کریستوا رێکی خستوون هەر بە تەنها ئەم رێسایە یان مێتۆدی دووەمی راست نوێنی بە راست نوێنی زانیوە. واتە دەقێك بخوێنیتەوە کە لەتەك فەرهەنگە گشتیو هەنووکەییەکان



PDF4Kurd

دا بگونجێ. فۆرمالیستە رووسی‌یەکان ئەم مێتۆدەیان بە "ئاسایی‌کردنەوە"و هەندێ جار "وروژاندنی دەق" ناودێر دەکرد: ﴿واتە﴾ توخمە نەناسراوەکانی دەق لە جۆرە هاوڕێکی‌یەکی "ئاخێو هێنەرانە" دا رێك بخەینکە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاسایی خۆ بنوێنن [٨٧] لە سێیەمین رێسای راست نوێنی دا، زنجیرەیەك لە رێسا ئەدەبی‌یەکان گرنگی پەیدا دەکەن‌و دەق بە گەڕانەوە بۆ ﴿ئەو رێسا ئەدەبی‌یانە﴾ واتادارو یەکدەست دەبێت. سید لە شانۆی کۆڕنی دا ناتوانێ بلێ لە ئەنجامی سووکایەتی کردنی کۆنت بە باوکی "بێزی هاتۆتەوەو ئیدی تاقەتی بەسەر ئەم پیاوە هەرچی پەرچیانە نەماوەو دەیەوێ واز لە هەموو شتێك بێنێت‌و بڕوا". بەڵام پاڵەوانی یەکێك لە رۆمانەکانی ئاندرە ژید لەم چەشنە بارودۆخە دا دەتوانێ ئەم کارە بکات.

رێساگەلێك کە نەبوونی بوارو ئەم بوارەیان رەخساندوە، لە دوو جۆر بەرهەم وەدەست دێن. "لە دەرەوەی دەق" دا کردەی زۆر لە کەسیەتی‌یەکانی ئیستاندال تەواو بێ‌مانان. تەنیا لە جیهانێك دا کە ئیستاندال دەیخولقێنێ (و "ژانر"ی رۆمانەکانی سنوورەکەی دەستنیشان دەکات) دەتوانین پەی بە کردەو پەرچە کردارەکانیان ببەین. لێرەدا زنجیرەیەك لە یاساکان گرنگیان پەیدا کردوەو دەق بە گەڕانەوە بۆ ئەو ﴿یاسایانە﴾ واتادار دەبێت.

سالامبۆ وەکوو پاڵەوانی چیرۆکێکی مێژوویی توانیویەتی هەندێ کار ئەنجام بدات کە ئێما بو واری تەنانەت بە ئەنجام دانی یەکێك لەو کارانە چیرۆکەکە ناڕاست دەکات. ناتوانی چاوەڕوانی ئەوەت هەبێ کە کردەی کارەکتەرەکانی چیرۆك گەلی "تارمایی‌یەکانی" هێنری جیمز لە دیزی میلێر دا دووپات ببنەوە. رێساکە کۆن‌و ناسراوە: گیانی گوتەی ئەرەستۆیە کە بەشێك لە کردەکان لە ژانرێك دا شیاو و لە ژانرێکی دیکە دا نەشیاون. تراژیدی ـ دواجار ـ خەڵکانێك باشتر لەوەی کە هەن‌و کۆمێدی خراپتر لەوەی کە هەن نیشان دەدا. [٨٨] هەر



ژانرەو راست نوێنی تایبەت بەخۆی دروست دەکا. لە چوارەم رێسای راست نوێنی دا، کردە پەسند نەکراوەکان تەنیا وەکوو کردە ئەدەبی‌یەکان پەسند دەکرێن. ئەم کارە لە رۆمانەکانی سەدەی هەژدەهەم دا، بە زۆری هاوکات دەبوو لە تەك پێشەکی‌یەك لە سەرەتا داو روونی دەکردەوە، بە چ جۆرێ بەڵگەنامەیەك یا دەفتەری بیرەوەری‌یەك کەوتۆتە دەست چیرۆك گێڕەوە. چیرۆك گێڕەوە هەقیقەتی چیرۆکێکی بەیان دەکردو لەم رووەوە جیاکاریی نێوان هەقیقەت‌و چیرۆکی زەق دەکردەوە. بەم چەشنە دەیتوانی ئاگایی خۆی لەهەمبەر راست نوێنی ئەدەبی پیشان بداو جەخت بکات کە ئەگەری روودانی ئەو شتەی کە بەیانی دەکات، لە لایەکەوە لە ئاراستەی ئەدەبیی خودی بەرهەمەوە هەڵقوڵاوەو لەم هەیکەل‌و لۆژیکی چیرۆکە دا دەشێ پەسند بکرێ. بەلزاك لە پاری سێیەمی "ئۆژنی گراندە" دا نووسی: "زۆر جاران رووی‌داوە کە هەندێ کار لە ژینی مرۆڤ دا لە ڕووی ئەدەبی‌یەوە ناڕاست بێنە بەرچاو، هەرچەند کە راست‌و دروستن. ئایا ئەم خاڵە دەرەنجامی بێ‌توانایی ئێمە نیە لە بەکارهێنانی هۆکارە سایکۆلۆژیکی‌یەکان بۆ وەسفی ئەو کارانە؟" تەواوی رووداوەکانی "کۆمێدیای یەزدانی"ی دانتی تەنیا وەکوو "کردەگەلی ئەدەبی" پەسند دەکرێن؛ یان دیدرۆ وەکوو نووسەرێکی "مۆدێڕن" لە "ژاکی چارەنووس باوەڕ" دا روونی کردۆتەوە کە گرووپێکی چەکدار رێیان لە ژاك‌و ئاغاکەی گرتوە. بە پێی لۆژیکی چیرۆك دەبێ شەڕێك روو بدا، بەڵام چەکدارەکان بە بێ‌دەنگی رێگاکە بەردەدەن: "کەوابوو، ماڵاوا، ئەی هەقیقەتی چیرۆك... دەبینین من چیرۆك باس ناکەم، چونکە ئەو شتەی کە دەبێ چیرۆکنووس جێبەجێی بکا ئەنجامی نادەم. لەگەڵ ئەوەش دا ئەو کەسەی پێی وایە نووسینەکانی من هەقیقەتن پێدەچێ کەمتر لەو کەسەی کە نووسینەکانم بە چیرۆك لە قەڵەم دەدا، هەڵە بکات". [٨٩] چیرۆك گێڕەوە دەربازبوونی خۆی لە رێساو چوارچێوەکانی ژانر ڕادەگەیەنێ‌و لە ئەنجام



PDF4Kurd

دا کردەگەلێك کە لە ژانر دا نەشیاون، دەداتە پاڵ کەسیەتیەکانی چیرۆكو دەق ڕاست نوێن دەکا. بەڵام هەر ئەم نموونەیەی دیدرۆ، بە باشی دەسەلمێنێ کە بۆ ئەم چەشنە کارە دەبێ واز لە ڕێسای لاسایی کردنەوە بێنین. گرنگ نە سروشتەو نە لاسایی کردنەوەی سروشت، بەڵکوو لۆژیکی گێڕانەوەییە. لە دەقە مۆدێڕنەکان، گرنگیی ئەم مێتۆدە دەرکەوتوە.

پێنجەمین مێتۆدو ڕێسای ڕاست نوێنی دەتوانێ جۆرێکی تایبەتی بێ لە ڕێسای چوارەم: کاتێ لە دەقەکەی خۆمان دا، باس لە دەقێکیتر دەکەین، ئامادەیی ئەم دەقە دووەمە، ڕاڤەی دەقی یەکەم دەگۆڕێتو دەتوانێ ڕاست نوێنی بکا. بە زۆری بەکارهێنانی دەقی دووەمو "جیابوونەوە" لەو، خوێنەر هان دەدا تا پارادۆکسێك لەنێوان ئەم دوو دەقەدا بدۆزێتەوە. کاتێك کە چیرۆك گێڕەوە دەنووسێ: "تەنیا ئەگەر دەمزانی ئەو شتەی ڕووی داوە..." یان "ئەو نەیدەزانی کە..." لە ڕاستی دا ئەگەری ڕاست نوێنی ئەڵتەرناتیڤەکانیتر بەلاوە دەنێو ئاڵتەرناتیڤی هەنووکەیی ڕاست نوێن دەکا. بەکارهێنانی تەوس ﴿Ironi﴾یش بەم چەشنەیە. پرۆست بە یارمەتیی ئەم فۆرمە تایبەتیە (یا ئەم شێوە دەربڕینە) کە پەیوەستە بە تیۆرییەکی دەربڕینی تایبەتەوە، ئەگەری ڕاست نوێنی ئەو ئەڵتەرناتیڤانەی جگە لەوانەی کە خۆی دەیەویستن، لەنێو دەبرد.

٤

لەبیرمان نەچێ کە شێعر ئەگەر بە زمانی هەواڵدەرییش نووسرابێ، لە کایەی زمانیی هەواڵدان دا بەکەڵك نایە.

ویتگنشتاین [٩٠]

کۆهێن لە کتێبی "پێکهاتەی زمانی شاعیرانە" دا نموونەیەکی هێناوەتەوە: ئەگەر هەواڵێکی ڕۆژنامە وەکوو شێعرێکی نوێ بڕگەبەندی بکەین، وشەکان دۆخو واتای



هەواڵدەری خۆیان لە دەست دەدەنو "واتایەکی" شاعیرانە پەیدا دەکەن: "دوێنێ لە گەورە ڕێی حەوتەم / ئۆتۆمبیلێك / کە بە خێرایی سەد کیلۆمیتر دەئاژوو / خۆی بە درەختێك دا کێشا / و هەر چوار نەفەرەکەی کوژران". [٩١] لەم "کایە زمانییە تازە"یە دا کارەسات بۆتە "تراژیدی نموونە": وشەی دوێنێ واتایەکی تازەی وەرگرتوەو بۆتە زنجیرەیەك لە دوێنێ ئەگەریەکانو گۆڕاوە بۆ کاتێکی گەورەترو گرنگتر لە ڕۆژێکی تایبەتیو دیاریکراو. گەورە ڕێی حەوتەم بۆتە شوێنی ڕوودانی کارەساتو دەرکەوتنی چارەنووس، "خۆی پێداکێشا" و "کوژران" وەکوو کردەگەلی تراژیك دەرکەوتوون. نەبوونی ڕوونکردنەوەی زیاتر، ڕەنگو ڕووی بێلایەنی هەواڵ، واتایەکی "تەمو مژاویو نهێنی ئامێز"یان بە "شێعر" بەخشیوە. درەخت (ڕەنگە وەکوو ئامادەیی ڕاستەقینەی خۆی) بۆتە شتێکی ڕەمز ئاساو ئامرازی چارەنووسو نەبوونیو نادیاری. هەواڵی "کوژران" واتایەکی قووڵترو پڕژانتری لە "هەواڵێکی سادەی ڕۆژنامە" پەیداکردوە. کەوابوو زنجیرەیەك لە وشەکان، کە هاونشینییان بە شێوەیەکی ئەنقەست بەرهەمی هارمۆنی فۆنۆلۆژیكو لەسەر بنەمای ڕێسا شاعیرانەو ئەدەبیەکان نەبووە، لە بونیادی "دوو کایەی جیاوازی زمانی" توانیویەتی "دۆخی شێعرێك" بگرێتە خۆ. لەدەربڕینی ڕۆژنامەڤانانە دا کاتو شوێن دیاریکراون، بەڵام لە دەربڕینی شاعیرانە دا دوێنێ لە دەرەوەی کات دایەو گەورە ڕێ واتایەکی هەیە کە گەورەترە لە شوێن. درەخت ئامادەییەکی سیمبۆلیکی هەیەو لە سەنتەری کارەساتێك کە مەرگی لێ کەوتۆتەوە، هەڵکەوتوە. شێعر لە "بەیانکردنی کەتوار" دوور کەوتۆتەوەو بۆتە "خاڵێکی ناتاکەکەسی"و ئەبستراکت. کاتێك کە ڕنە وۆڵك ڕەخنە لە نۆرترۆپ فرئای دەگرێ کە بە پێی مێتۆدی ڕاڤەی ئوستوورەیی ئەو ـ تەنانەت ڕاپۆرتی ماسیگرێکی سادە لە ڕۆژێکی ساماڵیش دا دەتوانێ ببێتە دەربڕینێکی ئوستوورەیی کە ئاو و تیشك توخمە سەرەکییەکانی



PDF4Kurd

﴿ئەو ئوستوورانە﴾ن ـ لەبیرخۆی دەباتەوە کە نهێنی زمانی ئەدەبی، بە وردی هەر ئەم خولّقاندنی "کایەی زمانیی تازە"یەیە. دوورکەوتنەوە لە زمانی سروشتیو رۆژانە، تەنیا بە یارمەتیی رێساگەلێکی فۆنۆلۆژیك نایەتە دی، هێندە بەسە ویتنگشتاین وتەنی "یاسای کایەکە بگۆڕین". شاعیرێك کە لە نامەکەی دا کە بۆ هەڤاڵەکەی نووسیویەتی باس لە "من" دەکا، لە منێکی تایبەتی، ئەزموونیو نەناسراو دەدوێ، بەڵام لە شێعرەکەی دا ئەم "من"ە تایبەتیـیە ناتوانی بەدی بکەیت. لە نامەکانی شاعیر دا، تەنانەت لەو شوێنەدا کە ئەو بە تەواوەتی لە دنیای شاعیرانەی خۆی دا نغرۆیە، هەمدیس کەسێکە، مرۆڤێکە کە دەچێتە شوێنێك: "دواجار رۆژ لە دوای رۆژ سەفەرم کرد، سەفەرم کردو گەیشتمە ئێرە. بەیانی زوو خۆم لێرەدا دۆزیەوە (باران دەباری). رۆژێکی بێسەفەرم لەپێش دایە... واتە گەیشتووم". (نامەی راینێر ماریا ریلکە بۆ شازادە خاتوو ماری تاکسیس لە بایۆن، دوایین رۆژی ئۆکتۆبەری ١٩١٢، شەو). [٩٢] بەڵام جێناوی کەسیی من، لە هیچکام لە شێعرەکانی ریلکە دا "من" نیە، سەفەر لەوێدا بە واتای گواستنەوەی شوێنی زەمینی ﴿ناسوتی﴾یە، باران هەرگیز زەمینی نیە. ریلکە هەرگیز لە بایۆن دا نیە، شارێکی کۆن، تەنیشت پیرنە، لەگەڵ نوێژخانەی مەزنی مەریەمی پیرۆز: "زمانی شێعر، زمانی مەتەڵە". [٩٣] ﴿!!!﴾

ياكۆبسێن جەختی لەسەر سروشتی تایبەتی ئاوازو هاودەنگی وشەکان، کە دروستکەرانی شێعرن دەکردەوەو ژێنێت﴿یش﴾ لەو باوەڕە دایە کە خاڵی سەرەکی لە شێعر یا گەوهەری گوتەی شاعیرانە دا، تەنیا لە ئاراستەی "دەستکردی"ی بەکارهێنانی وشەکان دا خۆی حەشار نەداوە (هەرچەند ئەم لایەنە زۆر یارمەتیی زمانی شاعیرانە دەدات) بەڵکوو پشتی بە "جۆرێك خوێندنەوە" بەستوە کە شێعر بەسەر خوێنەر دا دەیسەپێنێ. فۆرمێك لە ئارایی یا بە گوتەی پۆل ئیلوار "ئاشکرایی شاعیرانە" ﴿هەیە﴾: "لێرەدا زمانی



شاعیرانە، گوایە "پێکهاتە"ی راستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکا، پێکهاتە فۆرمێکی تایبەتی نیە کە لە رێگەی سیفەتە تایبەتیـیەکانی خۆیەوە پێناسە بکرێ، بەڵکوو جۆرە "دۆخ"ێکە، فۆرمێك یا پلەیەکە لە ئاراییو ڕاکێشان". [٩٤] هاوڕێکی وێنەیی وشەکان یا دروستبوونی زمانیی شێعر، بەس نین بۆ ئەوەی پێکهاتەی شێعرێك روون بکەنەوە، توخمی سێیەمو چارەنووسساز کە تەنانەت لە پیواری دوو توخمەکەی دی کار دەکات، ئاراییو ئاشکرایی شاعیرانەیە. بە شێوەیەکی کتو پڕ ئاخێو دەیان جار ئەبستراکترو قووڵتر و پڕواتاتر دەبێو ئەمە دەرەنجامی جۆرێك "نەریتی شاعیرانە"یە کە توێژینەوەی پێکهاتەیی شێعر هەوڵ دەدا تاکوو ئەم دابو نەریتە بدۆزێتەوە. گرینگترین خاڵ لەم نەریتە شاعیرانەیە دا، گشتی ﴿ = کلیت﴾ی تۆکمەو یەکسانی شێعرە. زمانی رۆژانە پێویستی بەم گشتە نیە، چونکە خۆی بەشێکە لە "دۆخێکی ئاڵۆز"و واتاکەی لەو دۆخە وەردەگرێ. بەڵام شێعر "جیهانێکی داخراو"ە، جیهانێك کە یاکۆبسێن گوتەنی، وشەکان لەو دا بایەخیان "لەخۆ"دایە. بە بێ هێماکردن بۆ ئاماژە پێکراو، بە بێ ئاماژەی واتایی، تەنیا وشەنو بەس؛ و پێکهاتەی سەنتراڵی شێعریش هەر بەهۆی نەبوونی ئەم ئاماژە واتاییـیەوە دروست دەبێ. تۆدۆرۆف خوێندنەوەی شێعری وەکوو توێژینەوەی بەردەوامو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی سەنتراڵ زانیوە کە زاڵە بەسەر تەواوی دەق داو بارت روونی کردۆتەوە کە لە شێعری نوێ دا، وشەکان جۆرە بەردەوامیەکی وێنەیی دەخوڵقێنن کە بابەتگەلی هزرمەندانەو سۆزدارانە بە بێ ئەو ﴿جۆرە بەردەوامیە﴾ بە هیچ شێوەیەك نایەتە ئاراوە. ئەم بەردەوامیـیە هەمان پێکهاتەی سەنتراڵە. خاڵێکی دی لە "دابو نەریتی شاعیرانە" دا کە بە چەمکی یەکیەتیی ناوەکی بەستراوەتەوە، ئاماژە پێکراوی شێعرە. شێعر گوتن بە واتای خولّقاندنی پێکهاتەیەکی ئاخاوتەییـیە کە گەوهەرێکی لە خۆی دا شاردبێتەوە.



PDF4Kurd

چ بتوانـی لـه تـەك ئەزمـوون دا یـەكانگیری بزانـی یـا چ نەتوانـی. لـەم رووەوە، خوێندنەوەی شێعر بە مانای هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی هەوێنی شاراوەو سەرەكیی شـێعر (موكاشـەفەیەك كـە جـۆیس بـە پەیـڕەوی كـردن لـە سـێنت تـۆماس بـە دەركەوت (تجلی) ناوزەدی دەكرد). كریستوا لە كتێبی "شۆڕشی زمانی شاعیرانە" دا نەریتەكانـی "ئاشـكرایی شـاعیرانە"ی لـە شـێعری نـوێ دا دۆزیـوەتەوە. ناوونیشـانی دووەمـی كتێـبەكە "پێشـڕەوانی نوێگەرایـی لـە كۆتایـی سـەدەی نـۆزدەهەم"ە. كتێـبەكە بـە شـێوەیەكی تایبەتـی بـۆ شـێعرەكانی لوتـرە ئامـۆنو مالارمـە تـەرخان كـراوە؛ ئەو دوو شاعیرەی كە دەیانزانی شێعر "ریسك كردنە لە زمـان دا". پـاری سـەرەتای كتێـبەكە "بـنەما تیۆرییەكان"، بە تایبەتی یەكەمین بەشـی ﴿ئـەو پـارە﴾ واتە "نیشانەناسیو سیمبۆل" بنەما مێتۆدۆلۆژیكییەكانەی كـاری كریسـتوا ئاشـكرا دەكـات. ئـەو زمـان بـە بابەتـی كـردەی "خۆبالایـی"یـەك (كتومـت بـەو واتایـەی كـە هوسـرێل هێـنابوویە گۆڕێ )دەزانێ: "بكەری زمانیی خۆبالاییـیەكە كـە بـەردەوام لـە رەوتـی گفـتوگۆ دا لەخـۆی تێدەپـەڕێ". [٩٥] لەم كتێـبە دا یەكـەمین نیشـانەكانی تێپەڕینـی كریسـتوا لـە "نیشانەناسـی ئەدەبـی" دەتـوانین ببیـنین، هەوڵـێك كـە لـە سێكتێبی گرنگـی ئـەو كـە دواتـر نووسـراون درێژەی پێدراوە. [٩٦]

هێزەكانـی بێـزاری (١٩٨٠) نیشاندەری كاریگـەری قووڵـی فـرۆیدە لەسـەر مێتۆدی كـاری كریسـتوا. كاریگەرییەك كـە تەنـیا لـە قەڵەمڕەوی مێتۆدۆلۆژی دا قەتیس نامێنێـتەوە، بەڵكوو گەوهـەرو بونـیادی باسـەكە دیاری دەكات. تاووتوێی هەستی بێـزار بـوون لەخۆ، سووكایەتی كردن بە دەروونی خۆ لە بەرامبەر ئەو شتەی كە بـە "بابەتـی بێـزاری" نـاوزەد دەكـرێ، شـوێن دەسـتپێكی باسـی دەروون شـیكاریانەی كتێـبەكەی كریسـتوایە. ئـەو لـە پـاش ئـەم باسـە، بـە دووی سـیمبۆلەكانو نموونە سـەرەكییەكان لە بەرهەمەكانی دستۆفسكی، لوترە ئامون،



پـروسـت، ئارێـتۆو بـە تایبەتـی لویی فردیناند سلین گەڕا. پاری یەكەمی كتێبەكە بـۆ دۆزیـنەوەی هەرزەیـی لـە ﴿دەروونـی﴾ خـۆ دا تـەرخان كـراوە. سـەرهەڵدانی هەستی نەفـرەت، بـۆ چـركە ساتێك دەگەڕێـتەوە كە لە "بابەت" دا ئاماژە كردن بەشـتێك نەدۆزمـەوە. كێلـێك نیشانەیەكە بـۆ مەرگو هەستی بڕواكردنمان لە لا دروست دەكا، بـەڵام تـنۆكە خوێنـێك ئاماژەیەك بۆ مەرگ نیە. تەرمێك جگە لە مـەرگ گـەر هەڵگری ئاماژەیـەك بـۆ شـتێكی دیكـە (بـۆ نمـوونە نیشـانەی تـوندو تـیژی، چەشـنی باتـای كـە باسـی لـە تەرمـە پارچـە پارچـەكراوەكانی شۆڕشـگێڕە چینییەكان كـردوە) بـێت، هەسـتی نەفـرەتمان لـە لا دروسـت دەكاو لەو دا جۆرە یەكبوونێكـی ژانو سـووكایەتی پێكـردن بـەدی دەكـەین. تەنیا بە دوور كەوتنەوە لـە "من" دەتوانین بێزاری لە خۆ بناسین، واتە بەهۆی جیاكاری لەنێوان ناوەوەو دەرەوە [٩٧] ئاشـكرایە لـە هـزری ئایینـی دا، بێزاریـی هەڵقـوڵاو لـە هەرزەیـی، لـە یاخیـبوون لـە یاسـای پـیرۆزی خوایـی واتـە لـە ئەنجامدانـی گـوناهەوە سەرچاوەی گـرتوە. بـەڵام لـە جیهانـی نـوێ دا بـە تایبەتـی لـەپاش قەیرانـی مەسـیحیەت، نەفـرەتو بێزاری لە چوارچێوەی داخراوی خۆی ﴿واتە﴾ ئینجیل، هاتە دەرەوەو جۆرە دەربڕینێكـی تـازەی لـە خالگەلـە ئامـاژە هەڵنەگـرەكان بـە خـۆیەوە گـرت. هەربـۆیە تاووتوێـی ئیسـتاتیكی ﴿نەفـرەتو بێزاری﴾ لە رۆمانەكانی دستۆفسكی دا تـا ئـەم رادەیـە گـرنگە [٩٨] بـە بۆچوونی كریسـتوا "یەخسـیربووەكان" لەنێوان بەرهەمەكانـی دستۆفسـكی دا كـاملترینو وردتـرین دەربڕینـی نەفـرەتو بێـزاری دەدا بـە دەستەوە. لە ڕەوتی خوێندنەوەی ئەم رۆمانە دا، خوێنەر بە تێپەڕین لە چوارچێوە ڕەوشـتی، كۆمەڵایەتـیو ئایینییەكان، رقـی لـە خـۆی دەبێـتەوە. لـەم دۆخـە دا پـێمان وایـە "لـە مـرۆڤ بـوون" دەرچـووین. كریسـتوا بـە یارمەتـی نموونەگەلـێك لـە رۆمانـی "یەخسیربووەكان" دەری خست كە دستۆفسكی بێزاری سێكسـی، ڕەوشـتیو ئایینـی لـە تێـپەڕینو بەلاوەنانـی یاسـاكانی باوكسـالاری دا



PDF4Kurd

دەبینـیـەوە. [٩٩] بـەڵام لـە بەرهەمەکانـی پروسـت دا ئـەم نەفرەتە لە ئاراستەگەلی "ئێـروتیك تـر" دا ڕەنـگ دەداتــەوە. لێـرەدا نەفـرەت ناسـوتیەترەو ڕوویەکـی مـرۆییەتری وەرگـرتوە. پروسـت جـۆرە نەفرەتێکـی شـاراوەی لەهەمـبەر کـردەی سێکسیو ئەوینـی جەسـتەیی لە ناخودئاگای هەر تاکێك دا دۆزیوەتەوە. کریستوا نموونەی لـە "یولیسێس"ی جۆیس دەهێنایەوە کە لەو دا جۆرە بێزار بوونێك لە لەشـی ژن، دەگۆڕێت بۆ ﴿ترس﴾و خۆبواردن لە "جەستەی دایکانە" ﴿!!﴾. ئەم بێـزارییە بە شێوەیەکی تایبەتی لە نووسینەوە سەر هەڵدەدا کە بە ڕای کریستوا لـە بەرهەمەکانـی سـیلین دا دووپـات کـراوەتەوە: واتـە بە نـەفرەتەوە نووسین [١٠٠] کریسـتوا باسـی لـە بـورخس کـردوە، ﴿بـورخس﴾ پێـی وایـە چیرۆك سـەرگێژەو دۆش دامانـە، نـەك ئەرخەیانـی. بـەردەوام بـە پەیجۆرێکـی پۆلیسییەو مەبەستی گەیشـتن بـە ئامانجێکە. لـە کاتـێك دا ئەرخەیانـی دروسـتکەری نەفرەتە. لەخۆڕا نەبـوو کـە بـورخس لـە هەمـوو فۆرمەکانـی "بـاوەڕ" دەترسـا. کریسـتوا وەبـیری هێـناوەتەوە کـە لـە هـزری ئارێـتۆ دا هەمـوو "مـن"ێـك بـەردەوام لـە ئابلـوقەی تەرمـەکان دایـە. [١٠١] کریسـتوا نووسـیویەتی کـە "ئـەم دەقە ئەدەبییە جیاوازانە، چەشـنەکانی نەفـرەت نیشـان دەدەن، ئـەو چەشـنە نەفـرەتانەی کـە لـە پـێکهاتە دەروونییە جیاوازەکانەوە هەڵقوڵاون" کریستوا بە مەبەستی ناسینی یەکێك لەم چەشـنانە، لـە دوایـین بەشـی کتێـبەکە دا، چـەمکی نەفرەتـی بـە چـڕوپڕی لـە بەرهەمەکانـی سیلین دا لێکداوەتەوە. جیا لەو شەش وتارەی کە بۆ بەرهەمەکانی سـیلین تـەرخان کـراون، پاتۆرەکانی دیکەی کتێبەکە بۆ ڕوونکردنەوەی "خاڵگەلی قەدەغەکـراو" تـەرخان کـراون، ﴿ئـەم پاتـۆرانەش بـریتین لـە﴾: باسی فرۆید لە زیـان ناسـی دەروونـی، بـە تایبەتی تەوەری "هانسی بچووك"، باسی فرۆید لەمەڕ جۆرەکانـی "تابـو"، باسـی مێـری دوگـلاس مرۆڤناسـی بریتانی "کە بۆ یەکەمجار سیسـتمێکی سـیمبۆلیکی لــە خاڵگەلــە قەدەغــە کــراوە ئایینیـیەکان، وەکــوو



ڕەنگدانەوەیەکی جیاوازییەکانو دژایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، هێنایە گۆڕێ" [١٠٢]
دوایـین بـاس بـریتییە لـە "نیشانەناسی خاڵگەلە قەدەغەی کراوەکان" لە کتێبی پیرۆز ﴿ئینجیل﴾ کە سەرنج ڕاکێشترین بەشی کتێبەکەیە.

کتێبێکی دیکەی کریستوا "چیرۆکەکانی ئەوین"ە کە لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاو کرایەوە. لەم کتێبە دا بە خێرایی کتێبی ڕۆلان بارت ﴿واتە﴾ "بڕگە گەلێك لە ئاخێوێکی ئاشـقانە" بەسـەر دەکاتـەوە، چـونکە بابەتـی هاوبەشـی هەردووکـیان "ئاخـێوی ئاشـقانە"یـە. [١٠٣] جیاکاریـی سـەرەکی لـەو دەقانـە دایـە کـە ئـەم دوو نووسـەرە هەڵیان بژاردوونو هەروەها لە شێوەی نووسینی "ئاسایی" کریستوا، لە بەرامبەر مێـتۆدی بـڕگە نووسـیو کورتـبڕی ڕۆلان بـارت دایـە. لـە چیرۆکەکانی ئـەوین دا کریسـتوا واگریمانـی کـردوە کـە زمانـی ئاشـقانە پـڕە لـە میـتافۆرو خـوازەو ئەلـیگۆری. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە دەروون شیکاران هەموو حیکایەتێك بـەرەو چیرۆکێکی ئاشـقانە "ئاراسـتە دەکەن". [١٠٤] کریستوا ڕوونی کردۆتەوە کە بەشـداریکردن لـە دەمەتەقێـیەك لەگـەڵ کچۆڵان دا ئـەوی فێـر کـرد کـە بەهەر حـاڵ دڵدار مەحکوومە بە تەنیایی. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دروستکردنی هاودڵی مەعـنەوی لە تەك ئەوانیتر نالوێ؛ و ئێمە هەرگیز ناتوانین بزانین کە ئەوی دی چ ئەزموونێکـی هەیـە. زمـان بـەم پێـیە ئامـرازی دروسـتکردنی پـێوەندی نـیە. تەنانـەت لـە ئەزموونـی تاکەکەسیش دا تێدەگەین دەرچوون لەخۆ بۆ ئەویتر، لە دەربـڕین نەهاتـوویەو یـان بـە شـێوەیەکی باشـتر "نایەتـە زمـان"ەوە. بێتوانایـی ئـێمە، لـە سـادەترینو یەکـەمین خـاڵ دا، واتـە لـەوە دا کـە ئـێمە لـە ئـەوین "چ دەخـوازین" ئاشکرا دەبێ. تەنانەت لە نامە ئاشقانەکان دا، "ئێمە"یەکی درۆزنانە جێـی پێوەندیـی دوو سـەرە (مـنو تـۆ) دەگـرێتەوە. کەوابـوو ئـەوین کـە ڕەگـو ریشـەی بۆ چێژخوازی دەگەڕێتەوە، دواجار بە یەکێك لەم دوو جەمسەرە دەگات: یـان بـە خـۆ ئەڤینـی (نارسیسـیزم)، واتە ئایدیالی کردنی خۆ، یان ئایدیالی کردنی



PDF4Kurd

ئەوی دی. بەڵام "من" لە دۆخی دووەم دا، بەردەوامەو فەرامۆش ناکرێ.[١٠٥] ئەوین بەردەوام لە ئاخێوی فەلسەفی تاك گەرادا پووچەو لەم ئاخێوە دا بەلاوە دەنرێ، بەڵام لە ئاخێوی سۆفیانە دا، لایەنێکی سەنترالە. فرۆید رەنگە یەکەمین تاك گەرایەك بووبێت کە ئەوینی بە کرۆکی ئیشکردنی خۆی زانیوە. هەرچەند ئەم کارەی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێك ئەنجام دا کە بە تەواوی دەچووە خانەی فەلسەفەی تاك گەراوە.[١٠٦] لە درێژەی پێشگوتاری کتێبەکە دا، کریستوا گەڵاڵەیەکی کورتی لەمەڕ باسەکانی کتێبەکەوە خستە روو: پاری یەکەم، شیکردنەوەی نارسیسیزم لە لایەن فرۆیدەوە، پاری دووەم بۆ سەرهەڵدانی چەمکی ئێرۆس لە لای یۆنانییەکانو بە تایبەتی باسی ئەفلاتوون لەمبارەوەو پاشان بۆ "ئاهی ئەو"و باسەکانی تەورات (و هەڵبەت "غەزەلی غەزەلەکانی سولەیمان") تەرخان کراوە. لە باسکردنی چەمکە یەهودییەکان دا توێژینەوەکانی گێرشۆلم شۆلم رێخۆشکەری ئیشکردنی کریستوا بووە. پاری سێیەم لە شوێنگەی نارسیس لە ئاخێوی ئەدەبی دا دەکۆڵێتەوە، یەکەمین سەرهەڵدانی ﴿نارسیس﴾ لە "مەسخ"ی ئۆویدو تیۆریی فلوتین لەمەڕ ئەوینو داهێنانو کاریگەری تیۆریی فلوتین لەسەر ئەدەبیاتی مۆدێرنو بە تایبەتی مالارمەو ڤالێری دا ﴿دەردەکەوێ﴾.[١٠٧]

پاری چوارەم لە سۆفیگەری مەسیحی، بە تایبەتی سێنت بێرنارو، سێنت تۆماس دەکۆڵێتەوەو پاری پێنجەم لەمەڕ دۆن جۆوانی، رۆمیۆو جوڵیێت، حەزرەتی مریەمو چەمکی "وەستانەکانی ماتێر" (دایکی راوەستاو، یا ژانەکانی مریەم لە تەنیشت خاچی عیسا مەسیح)ە. پاری شەشەمیش روونکردنەوەیەکە لەسەر بەکارهێنانی "تیۆریی دەربڕین" لە ئاخێوی ئاشقانە، لە سەدەکانی نێوەڕاست تا رێنسانس، لە کۆتایی دا چەند هێمایەك بۆ بودلێر، ئێستاندالو ژۆرژ باتای کراوە. بۆ ئاشنا بوون لەتەك مێتۆدی کریستوا لە یەکێك لە باسەکانی



"چیرۆکەکانی ئەوین" وردبینەوە. لێرەدا باسی "وەستانەکانی ماتێر"ی ئەوم هەڵبژاردوە، چونکە پێم وایە باشترین بەشی کتێبەکەیە. بنەمای باسەکەی کریستوا دوو کتێبەکە روونکردنەوەیان لە پەراوێزی لاپەڕەکانی "چیرۆکەکانی ئەوین" دا هاتوە: یەکەمیان دەقێکە لە کتێبی مارینا ڤارنەر بە ناوی "ئوستوورەو پەرەستنی مەریەمی کچ" کە لە لەندن لە ساڵی ١٩٧٦ دا بڵاوکراوەتەوەو دووەمیان دەقێکی ئیلسە باراندە بە ناوی دیاریکاری دایکانە کە لە پاریس لە ساڵی ١٩٧٧ دا لە چاپ دراوە.[١٠٨] کریستوا لەچەند پرسیارێکەوە دەستی پێکردوە: بۆچی ئاراستەی مرۆڤانەی مەسیح لە پێوەندی دایكو کوڕ دا ئاشکرا دەبێ؟ بۆچی کچێنی لە ئوستوورەی مەریەمی پیرۆز دا هێندە گرنگە؟ ئایا هەروەك دومزیل دەڵێ هۆیەکەی ئەوە نیە کە: کچێنی نیشانەی باڵادەستی باوکانەیە؟ سێنت ژروم وتەنی "کاتێك مەرگ نەبێ جیاوازی سێکسیش نابێ؟" ئایا دەتوانین بڵێین ژیان بە حەزرەتی مەریەمو مەرگ بە حەوا دەستی پێکردوە؟ بۆچی لە ئینجیل دا باسی بەسەرهاتی مەریەم نەکراوەو گرنگی بە ژیانی ئەو نەدراوە؟[١٠٩] یەکەمین شێعر لەبارەی لەدایکبوونی مەریەمی پیرۆز لە کۆتایی سەدەی دەیەم دا (دێرنشین)ێك بەناوی هێروس وتیاگاندشایم، هۆنیویەتەوە کە بە زمانی لاتین نووسراوە، ﴿ئیدی لەوەو بە دواوە﴾ ئەفسانە وێژیە ناسوتیەکان دەستیان پێکرد. بێرنارد دلکرۆو لە ساڵی ١١٣٥ ﴿ی زایینی﴾ مەریەمی "چەشنی هاوسەرێکی لە دڵا شیرین" ستایش کرد، لە ساڵی ١٣٨٠ دا کاترین قدیسەی سیینا باسی لە "هاوسەرێتی رووحیانە"ی مریەمو مەسیح کردو ستایشی سکپڕی ئەوی کرد﴿!!﴾[١١٠] لە دەستپێکی سروودی سیوسێی "فیردەوس"ی دانتی دا بەم چەشنە حەزرەتی مەریەم وەسف کراوە: "دایکی کچ، کچی کوڕی خۆی"[١١١] و لێرەدا رۆڵی سیانیژن، واتە دایك، هاوسەر، کیژ، لە ماریفەتی مەریەمی پیرۆز دا بەدی دەکرێ. کریستوا دەپرسێ بۆچی مریەم



PDF4Kurd

لەسـەر تەرمـی مەسـیح دەگـری؟ لـەو تابلـۆ نیگارکێشـیانەی ڕێنسـانس کـە بابەتەکـەیان لـە خاچ درانی ﴿مەسیحە﴾ ئەو ﴿مریەم﴾ لەدۆخی ئەسرین ڕشتن دا دەبیـنین. مەگـەر مەریـەم نازانـێ مەسیح دووبارە زیندوو دەبێتەوە؟ بۆچی لە ڕێنسانس بـەو لاوە لـە مۆسـیقای ئایینـی دا بـەردەوام دایکـی پـیرۆز دەگـری؟ لـە "وەسـتانەکانی ماتێـر" ورد بیـنەوە، بە تایبەتی با سەرنج بدەینە "وەستانەکانی ماتێـر"ی پرگولزیـی ئاوازدانـەر کـە لـە دوایـین هەفـتەی ژیانـی کورتـی خۆی (لە تەمەنـی بیسـتو شـەش سـاڵی دا بەهۆی نەخۆشی وەباوە مرد) پەژارەی مریەمی کـرد بـە مۆسـیقا، ﴿بـەناوی:﴾ "سـڵاو دایـە، کانـی ئـەوین". لێـرەدا کریسـتوا، نووسـینی ئیلسـەباراندی لـە پەراوێـزی کارەکـەی خـۆی هێـناوەتەوە کـە ئەوینـی "تـەواو وکـامڵ"ی مەریـەم بـۆ مەسـیح بـەیان دەکا. ئەوینێك ئەگەر هاتوو بەیان نەکـرا، هـۆیەکەی بـۆ "هـەژاری زمـان" دەگەڕێـتەوە. چـونکە "جـۆرێك چـوونە دەرەوە لـە بازنـەی ئامـاژەو بەیانگـەری"یـە. [١١٢] هـەر لـەم ڕوونکـردنەوە کورتەی پارێکی کتێـبەکەی کریستوا، دەردەکـەوێ کـە ئـەو لـە چوارچێوەی نیشانەناسیو تاووتوێـی پێکهاتەیی دەقە ئەدەبیەکان تێپەڕیوە. هەڵبەت دەتوانین ببینین ئەو کەڵکـی لــە توێژیــنەوە ســیمیۆلۆژیکیەکان وەرگــرتوە تــا شــوێنگەیەکی تــازە بدۆزێـتەوە، ﴿بـە جۆرێك﴾ ئامرازگەلێکی زۆرو زەوەنـد لەبـۆ ناسـینی "بابەتـی ئەدەبی" دەخاتە خزمەت ناوبراو.

دوایـین کارێـك کـە تـا ئێسـتا کریستوا لە بواری تیۆریی ئەدەبی بڵاوی کردۆتەوە، نـاوی "خـۆری ڕەش، لەمەڕ خەمۆکیو خولیا (١٩٨٧)یە کە زیاتر لە بەرهەمەکانی تـری خـۆی دابـڕان لـە پێکهاتەگەرایـی پـێوە دیـارە. تایبەتمەندیـی سـەرەکیی ئەم کتێـبە گرنگـی ئاخـێوی فەلسەفیە. نووسین لەبارەی خولیاوە، ئێمە لە فەلسەفە نــزیك ئەخاتــەوە، بــۆ نمــوونە ســوکرات فەلســەفەی بــە "فێربوونــی مــردن"و هایدگـەریش بوونـی بـە هەڵکشـان بـەرەو مـەرگ لـە قەڵـەم دەدا. [١١٣] کریسـتوا



لەنـێوان خولـیاو "سۆزی دڵدارانە"و لەم ڕێڕەوە دا لەنێوان دوو کتێبی خۆی واتە "خـۆری ڕەش"و "چیرۆکەکانی ئـەوین" پێوەندیـیەکی نـزیك دەبیـنیو جەخت دەکا کـە تاووتوێـی سـیمیۆلۆژیکی ئـەم دوو باسـە دژوارە، چـونکە بنچـینەی ئـەم تاووتـوێیە تێـپەڕین لـە زمانـی سـیمبۆلیکە، بـەڵام ﴿لەگـەڵ ئـەوەش دا﴾ ئـەم دووباسـە لـە سـیمبۆل دانابـڕێن. [١١٤] هەرچـەند کریسـتوا ئەوەنـدە گرنگـی بـە ناولێنانـی مێـتۆدەکەی خـۆی نـادا، بـەڵام ڕەنگە بتوانین ئەو مێتۆدە بە "شیکاری سـیمبۆلیك" ناوزەد بکەین. لە ئەدەبیاتی فەرمیی سەدەکانی نێوەڕاست دا پەژارە ستایش دەکرا. بەڵام ڕێنسانس شادی بە شیاوتر زانیو چێژو ئێرۆتیزمی ستایش کـرد. لـەوە بە دواوە ئەم "ستایشکردنی شادی"یە سەقامگیر بوو و کەسانێك وەك پاسـکال، ڕۆسۆ نێروال، کە پەژارەیان ستایش دەکرد، چەند نموونەیەکی ناوێزەن. [١١٥] لـە بابلیسـکەکانی نێوەڕاسـت دا، کلیسا پەژارەیـەك کە سەرچاوەکەی هۆگریی ناسـوتی بێت، بەگوناە دەزانیو دانتی "گیانە خەفەتبارەکان"ی خستە دۆزەخەوە (لەتـەك ئـەو کەسـانەی خـۆ دەکـوژنو هـەروەها نائومـێدەکان). بـەڵام "پـەژارەی مەعـنەوی"و "ڕەنجی سۆفیانە"ی بە هاوڕێی خۆشەویستی مەسیحو دایە مەریەم و هەڤاڵەکانـی لـە قەڵـەم دا. [١١٦] نمـوونەی تەواوی ﴿پەژارەو ڕەنـج﴾ دەتوانین لە تابلـۆی "مەسـیحی مـردوو"ی هولـباین دا بـەدی بکەین؛ تابلۆیەك کە دستۆفسکی بـە بینیـنی وتـبووی: "چـۆن لەپاش دیتنی ئەم تابلۆیە دەتوانین بڕوا بکەین ئەو دووبـارە زیـندوو دەبێـتەوە؟" دەرونشیکاریی کلاسیك (فـرۆید، ئابـراهام، کلاین) خولــیا بــە جــۆرە بێــزارییەك لەهەمــبەر بابەتــی ئــەوین (بابەتــی ونــبوو) دەبەسـتێتەوە. خواسـتی خاوەنداریەتـیو مـەرگ یـەك دەگـرنەوە. [١١٧] ژاك لاکـان جەختـی لەسـەر ئەم خاڵە کرد کە: بەردەوام پێداویستی هاوکاتە لەگەڵ ماخولیا، خاوەنداریەتـی لـە ئـارەزووی وێـرانگەری جیاوە نابێت. [١١٨] کریستوا نووسیویەتی کـە ئـەم هاوکاتبوونەی ئەوین لە تەك نەفرەتو خاوەنداریەتی لەگەڵ وێرانکەری



PDF4Kurd

دا، سەرەتا لە بونیادی هزری فرۆید دا بوو و دواجار نووسینی "لەسەرووی بنەمای چێژەوە"و هێنانەگۆڕی "وارسکەی مەرگ"ی لێ کەوتەوە. (١١٩) ماخولیا پەیوەستە بە رابردوو و خەمی نامۆیی، نەك كات. كانت دەیوت كە خەمی نامۆیی پەژارەی لەدەستچوونی كاتە نەك شوێن؛ ژانێكە كە لە ئەنجامی بەسەرچوونی سەردەمی لاوێتی هەستی پێدەكەین. (١٢٠) هەڵێنجانی فرۆید لە "بابەتی دەروون" پەسندكردنی ئەم بڕیارەی كانتە: بابەتی دەروون رووداوێكە لە یادەوەری داو بۆ كاتی ونبوو دەگەڕێتەوە.(١٢١) نۆژەنكردنەوەی زەین لەسەر بنەمای بیرەوەری و دووبارە بوونەوەی گێڕانەوەیە، كەوابوو بە زمانەوە پەیوەستە. لە كتێبی "خۆری رەش" تابلۆی شێوەكاری "مەسیحی مردوو"ی هۆلباین رۆڵێكی گرنگی هەیە. لە "گەمژە"ی دستۆفسكی دا شازادە میشكین دەڵێ كە باوەڕداران بە دیتنی ئەم تابلۆیە ئیمانی خۆیان لەدەست دەدەن، چونكە لەم وێنەیە دا مەسیح "یەكسەر مردوە". بە ڕاستی وا دەردەكەوێ كە باوكی وازی لێ هێناوە. مەسیح لێرەدا ناسووتێیەو خولیای هەر لەم شكاندنی ئەفسانە پیرۆزە نەمرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەی ئێمە دادەهێزرێنێ ئەم بژێرویژی ﴿=پەند﴾ە لاتینی‌یەیە: "مەرگ سنووری كۆتایی هەموو شتێكە". (١٢٢) ئێمە نامانەوێ بڕوا بەم "سنووری كۆتایی"یە بكەین، بەڵام روخساری مردووی مەسیح لە تابلۆی هولباین دا وەبیرمان دەخاتەوە كە ئەم سنوورەی هەیە. بە پێچەوانەی تابلۆكانی دیكەی رێنسانس لە بەرهەمی هۆلباین دا روخساری مەسیح ئارام نیە، بەڵكوو ئاسەواری ژانی جەستەیی و رووخێنەری پێوە دیارە؛ لێرەوە تێدەگەین كە بۆچی پاسكال نووسیبووی: "مەسیح بێچارە بوو..." (١٢٣) بۆچی عیسا مەسیح، لە دوایین شەو ﴿ی ژیانی خۆی﴾ لە باخی زەیتوون دا ئۆقرەی نەدەگرت و هاوڕێیەكانی خۆی لە خەو هەڵدەستاند: "روحی من بەهۆی خەمەوە لە مەرگ نزیك بۆتەوە، لێرەدا بمێننەوەو خەوتان لێ



نەكەوێ". (١٢٤) تەواوی پاری شەشەمی كتێبی "خۆری ڕەش" ڕاڤەی شێعرێكی ژێراردۆ نێروالە بە ناوی "ئێل دسدیچادۆ"و زاراوەی "خۆری رەشی ماخولیا"ش لەم شێعرە دا هاتوە. كریستوا هەوڵی دا تا "شتی ونبوو" یا "بابەتی ماخولیا" لە شێعری نێروال دا بدۆزێتەوە. ئێل دسدیچادۆ ناوی یەكێك لە جەنگاوەرانی (شاجان)ە لە ﴿بەرهەمی﴾ "ئایوانهۆ"ی والتێر سكات دا، هەروەها ناوی پاڵەوانی چیرۆكێكی ئالێن رنە لساژ (١٧٤٧ ـ ١٦٦٨)ە بە ناوی "ئەهریمەنی جەنگەڵی". (١٢٥) لە رۆمانی لساژ دا، دسدیچادۆ لەپاش مردنی هاوسەرەكەی شێت دەبێ. كریستوا نووسیویەتی كە لە بەرامبەر وشەی ئیسپانیایی **Eldesdichado** دا وشەی فەرەنسی **Desherite** یا بێبەشبوون لەمیرات بەكار دێت و واتایەكی دیكەشی كەسێكە كە بنەڕەت و رەچەڵەكی خۆی بزر كردبێ. (١٢٦) ئەم هەوێنە، چاوگەی ماخولیایەو كریستوا بزركردنی رەگەزی (خۆ)ی بە هەوێنی هەر یەكە لە نیوەدێڕ (مصراع)ەكانی شێعری نێروال زانیوە. لە لایەكی دیكەوە لەبیرمان نەچێ (هەرچەند كریستوا هێمای بۆ ئەم خاڵە گرنگە نەكردوە) كە لە دوایین نیوەدێڕەكانی شێعری "سەرزەمینی قڵیشاو"ی تی.ئێس.ئیلیۆت دا هەمدیس وێژی ﴿☺☺﴾ لەم شێعرەی نێروال هاتوە. (نیوەدێری ٤٢٩)
لەودا نێروال خۆی بە شازادەیەك چوواندوە كە كۆشكی "ئاكی تێن"ی بزر كردوە، "كۆشكێكی وێران"، سیمبۆلی نەریتێكی لەدەستچوو"یە. مێتۆدی كاری كریستوا لە تاووتوێی شێعری نێروال دا، زۆر لە مێتۆدی هێرمێنۆتیكی مۆدێرن، بە تایبەتی لە راڤەی شێعرەكانی پۆل سێلان لە لایەن گادامێرەوە، نزیكە. بە پێی راڤەی كریستوا، روخساری ژنێكی پیرۆز یا دڵبەرێكی نەمر، لەم شێعرە دا خۆی شاردۆتەوە.
كریستوا هەوڵی‌دا تا لەنێوان ئۆرلیا (ژنی كارتێكەر ﴿= سەرنج ڕاكێش = (اپیر)﴾ی رۆمانی نێروال) و ژنی شاراوەی ئەم شێعرە پەیوەندی‌یەك بدۆزێتەوە.



PDF4Kurd

ئەم ژنـە (اثـير)یـە مایەی ماخولیا دەهێنێتە گۆڕێ، وەکوو ئەو دەورەی کە ژن لە ڕۆمانـی "کونده پەپـووی کوێری"ی سادق هیدایەت دەیگێڕێ. لە شێعری نێروال دا هاتـوە کـە:تاقانـە ئەسـتێرەکەم مـردووە" ومـەرگ چەشـنی کۆتایـی پێهاتنـی هەمـووان دەردەکـەوێ‌و کریستوا دەگەڕێـتەوە بـۆ شـیعری بەناوبانگی نێروال کە لـەودا بەباوکـی دەڵـێ: "تـۆ ئـەو کەسـەی کە لە دەروونم دا دەتناسمەوە؟... مخابن کـە هەمـوو شتەکان بە مردنم کۆتاییان پێ دێت". کریستوا نیهیلیزمی ژان پۆل سارتێر، نیچەو دستۆفسکی لـەم شـێعرانەی نێـروال دا بـەدی دەکـاو بـە تایبەتی زایەڵەی گوتەی بەناوبانگی ژان پـۆل لـە "مەسـیحی زەیـتوون زاران" دا دووبارە دەبیسـێتەوە: "خوامـردووە‌و بەتاڵـە ئاسمـان/ شـین بکـە کـوڕەکەم/ چـیدی لـەم دونـیایە دا باوکـێك نـیە..." (١٢٧) پاشـان کریسـتوا ئـاوڕێکیتر لـە دستۆفسـکی دەداتـەوەو دەنووسێ کە فرۆید باسی لە ماخولیا لە بەرهەمەکانی دستۆفسکی، بە واتایەکی "سایکۆیی‌و پزیشکی" کـردبوو. ئەمـە وەبیرهێـنەری هاویەکی‌یەکە کە یۆنانی‌یەکان لەنێوان ماخولیاو شێتی دایان نابوو. دستۆفسکی لە نامەیەك کە بۆ مایکۆفی ناردبـوو (٢٧ مـای ١٨٦٩) نووسـیبووی: "خاڵـی سـەرەکی پەژارەیە". هەر لـەم نامەیـە دا باسـی لـە ئاسـتەنگەکانی ژیـان لـە ئـورووپا کـردووەو نووسـیبووی: "بـەهاری داهاتوو دەگەڕێمەوە بۆ ڕووسیا"؛ (١٢٨) و لە "دەفتەری یەخسیربووەکان" دا نووسـیبووی: "چـون دەبـێ بنووسـیت؟ لـە ڕێگـەی ڕەنـجو دیسـانەوە ڕەنـج کێشان". ڕەنـج لەگـەڵ نووسـینەکانی دستۆفسکی دا فرچکی گـرتوە. لە "تاوان‌و سزا" دا "ڕەنـجو ژان لـە هـزری وشـیار دا، جـیاوە نەبوو" زانراون. (١٢٩) کریستوا، دستۆفسـکی لەتـەك حەزرەتـی ئەیـیووب بـەراورد دەکـا، لـە لای دستۆفسـکیش خۆڕاگـرتن لـە بەرامـبەر ڕەنـجو ژان، تاقیکـردنەوەیەکە بـۆ ئـەوەی ڕوح‌و گیانـی مـرۆڤ سـەربەخۆیی خـۆی وەدەست بێنێـتەوە (١٣٠). پێشـتر دیتمان کە کریستوا لە نـێوان ماخولـیاو سـۆزی دڵدارانـە نـزیکایەتی‌یەك بـەدی دەکـا، ﴿بـەڵام﴾ لـە



هێماکـردن بـۆ حەزرەتـی ئەیـیووب ئەم پێوەندی‌یە دروست ناکا. بەڵام لە هەندێ لـە جوانترین غەزەلەکانـی زمانـی فارسـی دا واتـە ئـەو غەزەلانـەی کە مەولانا بە نـاوی شەمسـی تەبریـزیەوە وتوونـی، دەیان جار ڕەنجی ئەیـیووب لەتەك ئەو ژانە ئەویـنداریەی کـە یەعقـووب چەشـتوویەتی، هاوتـەبا دەزانـرێت. تاقیکـردنەوەی لاهوتی، لە ئەوینی ناسووتی، نزیك دەبێتەوە:

"محنت ایوب را، فاقەی یعقوب را
چارەی دیگر نەبود، رحمت رحمان رسید" "(١٣١)
"ترا هەر گوشە ایوبی بەهر اگراف یعقوبی
شکستە عشق درهاشان، قماش از خانە دزدیدە" (١٣٢)
یێن میوەی یعقوبی، وان چشمەی ایوبی
از منقرە پیدا شد، هنگام نفر یێمد. (١٣٣)
"باز درێمد گبیب از در ایوب خویش
یوسف کنعان رسید جانب یعقوب خویش" (١٣٤) ﴿☺☺☺﴾

لـە دوایـین پـاری کتێبـی "خـۆری ڕەش"دا، کریسـتوا لەمەڕ چیرۆکەکانی "ژان"ی مارگـرێت دۆرا خامـەی خستۆتە گـەڕو ﴿ئـەو "ژان"ەی﴾ بـە بەرهەمی ڕۆژگاری ئـێمە لەقەڵـەم داوە: "سـەردەمی ئاپۆکالیپسـە"و درێـژەی بـەم خاڵـە داوەو گوتویەتـی: "بـە گـوتەی سێنت ئۆگۆسـتین ئـێمە لەژێرچەپۆکی ترس‌و لەوێنەدا، هـەنگاو دەنـێین" ﴿!!﴾ (١٣٥). کریسـتوا دەڵـێ ڕەنگـە هـەر لەبـەر ئەمـە بـێت کـە سـینەما لەسـەردەمی ئـێمە دا هێـندە گـرنگ بـووە، هـونەری وێـنەکان نیشـانەی پیاسـەکردنی ئـێمە لـە ڕۆژگـار (قەڵەمـڕەو)ی تـرس‌و دڵەڕاوکێ‌یەکانـەو لەبیرمان نەچـێ کـە مارگـرێت دۆرا خـۆی سـینەماکارێکی هەڵکەوتـوویەو لـە تـەواوی بەرهەمـە سینەمایی‌یەکانی ئەو دا (چ ئەو فیلمانەی کە خۆی دروستی‌کردون‌و چ ئـەو فیلمـنامانەی کە نووسیونی) ترس، ماخولیا، دڵەڕاوکێ، ڕۆڵی گرنگیان هەیە.



PDF4Kurd

کریستوا دەنووسێ کە ئەمڕۆکە ماخولیا ورووژاندنی "تیۆرییەکی دەربڕینی تازە"ی لێ کەوتۆتەوەو پێدادەگرێ کە ئەزموونی دۆرا، لەتەك نەبوونی، بە واتایەکی ئاشقانە، بەو چەشنەی کە لە بەرهەمەکانی پۆل ڤالێری دا رەنگی داوەتەوە، نەك بە واتای فەلسەفی، پەیوەست دەبێ و لەم رووەوە، ماخولیا دێتە گۆڕێ. لە دەسپێکی باسکردن لە دۆرا، کریستوا دوو هەمدیس وێژی ئەوی هێناوەتەوە: "ژان یەکێك لە گرنگترین شتەکانە لە ژیانی من دا" (ژان). "پێم گوت، کە لە سالآنی مندالی دا ژانەکانی دایکم ﴿بریتی بوون﴾ لە تەواوی کەلکەڵەکانی من" (خۆشەویست)ی کریستوا دەڵێ کە ئەمە دەستپێکی باسەکەیە، چونکە ئێمە تازە زانیومانە کە ماخولیا گۆڕاوە بۆ پاڵنەری شاراوەی تیۆرییەکی دەربڕینی نوێ.

تێبینییەکانی وەرگێڕ:

(⋆) خزمەتکاری چاوی مەستی تۆ فەرمانڕەواو خاوەن شکۆکانن شەیدای
شەرابی لێوی سووری تۆ وشیارانن

(⋆⋆) تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

(⋆⋆⋆) تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

(☺) تێبینی لە نووسەرەوەیەو پێوەندیی بە وەرگێڕەوە نیە.

(☺☺) هەمدیس وێژی (دووبارە گوتنەوە، گێڕانەوە لە زاری کەسێکی دیکەوە) نووسەر خۆی (بازگفت)ی لە بەرامبەر (نقل قول) دا هێناوە، بۆیە بۆ ئەوەی چەمکی (گێڕانەوە = روایت) لەگەڵ (بازگفت = گێڕانەوە لە زاری کەسێکی دیکەوە) ـ کە هەردووکیان گێڕانەوەن ـ تێکەڵ نەبن، لێرەدا وشەی (هەمدیس وێژی)م بەکار هێناوە.

(☺☺☺) واتای وشەیی دێڕە شێعرەکان:

"ئازارو رەنجی ئەییووب، تەڵەو داوی یەعقووب
نەبوو چ چارەیی دی، رەحمەتی رەحمان گەیی"

"لە هەر سووچێکت ئەییوبێك، لە هەر لاییێکت یەعقووبێك
ئەوین شکاندوویە دەرگایان، کە خانوو بۆتە خەمخانە"
"ئەو مێوە یەعقووبییە، ئەو چاوگە ئەییووبیە
پەیدابوو لەو دیمەنە، سەرو وەختی نیگایە"
دیسان تەبیب هاتەوە بۆ کنی ئەییووبی خۆی
یووسفی کەنعان گەیی، گەیشتە یەعقووبی خۆی"

<u>پەراوێزەکانی پاری دەیەم</u>

1. G.Genette, Figures, Paris, 1966.
G.Genette, Figures, II, Paris, 1969.
G.Genette, Figures, III, Paris, 1972.
2. G.Genette, Mimologiques, Paris, 1976.
3. G.Genette, Palimpsests, Paris, 1978.
ناوونیشانی کتێبەکە بە واتای کاغەزگەلێکی پێستی ـ تاڕادەیەك بریقەدارو روون ـ ە کە دەتوانی لەسەری بنووسیت و پاشان نووسینەکان بسڕیتەوە.
4. G.Genette, Introduction a l'architexte, Paris, 1979.
5. G. Genette, Seuils, Paris, 1978.
٦ـ ژێنێت هەوڵی زۆری داوە بۆ ناساندنی رەگ و ریشەکانی تیۆریی دەربڕینی کلاسیك. پێش گوتارێك کە ئەو بۆ کتێبی "خوازەکانی ئاخێو" (١٨٣٠)ی پییەر فۆنتانیە نووسیویەتی رۆڵێکی زۆری لە هێنانە گۆڕی باسەکانی تیۆریی دەربڕین بە تایبەتی تێگەیشتن لە میتافۆر لە چوارچێوەی ناو یان وشە دا گێڕاوە:
P. Fontanier, Les figures du discours, ed, G. Genette, Paris, 1968.
7. Lodge, F, ed, Modern Criticism and Theory, A Reader, London, 1988, P.62.
8. G.Genette, Figures, vol.3. PP.68 – 69.
9. G.Genette, Figures, vool. 1, PP. 145 – 170.

PDF4Kurd

10. Ibid., P.146.
11. Ibid., PP. 146 – 147.
12. Ibid., P. 149.



١٣ـ ژێنێت داوا لە خوێنەر دەکا بڕوانێتە کتێبەکەی ئێرلیش:

V. Erlich, Russian Formalism, History Yale.u.p., 1981, PP. 188 – 189.

14. G.Genette, op, cit., P.155.
15. Ibid., P. 156.
16. Ibid., P. 157.

١٧ـ وتاری ژۆرژ پولە لەم بلاڤۆکەدا چاپ کراوە:

Les léttres nouvelles, 24 juin 1959.

18. G.Genette, op.cit., P.159.
19. Ibid., P.160.
20. G.Genette, Palimpsests, P.452.
21. G.Genette, Figures, vol. 1, P. 161.
22. Ibid., PP. 161 – 162. n.

ژێنێت لە دوو لاپەڕەی دواتر دا لە زاری بۆرخێسەوە دەڵێ: "شاعیری مەزن ئەو کەسەیە کە ئافراندن ناکا، بەڵکوو ئەدۆزێتەوە".

23. Ibid., PP. 192 – 193.
24. Ibid., P. 192.
25. T. Todorow, "Synecdoques". T.Todorov et al,Sémantique de la poésie, Paris, 1979, P.14.
26. Ibid., P. 19.
27. M.Proust, Essais et articles, Paris, 1971, P. 586.
28. M.Proust, A la recherche du temps perdu, Paris, 1954. vol. 3, P. 895.
29. G.Genette, Figures, vol. 1, P.40.

٣٠ـ بە ریز بە واتای Narration, Histoire, Récit هاتوە.



٣١ـ Diégese جیهانی شوێنی ـ کاتیی چیرۆکە. ریشەی یۆنانیی وشەکە هەر بەم واتایە لە "تیۆریی ئەدەبی"ی ئەرەستۆ دا هاتوە. لە رۆمانێك دا کە دەیخوێنینەوە هەر گریمانێکمان کە هەبێ، لە سەرووی گەڵاڵەی رۆمان، یان دووایین چیرۆکەکە دایە، واتە بریتییە لە توخمێك Diégetiqe. لە فیلمێکی سینەمایی دا ریزبەندی، رێسای مۆنتاژ، رێسای بزرکردنی وێنە، مۆسیقای دەق، (کە بە پێی لۆژیکی گێڕانەوە ئەکتەرەکان نایبیسن، بەڵام بینەر دەیبیسێ)، رێسای دانانی دەنگەکانو ... توخمگەلێکی ناچیرۆکین (بەدەر لە شوێنگەی کاتی ـ شوێنی)و بە A diégetique ناودێر دەکرێن. ئیتین سۆریۆ لە ساڵی ١٩٤٨ لە نووسینە سینەمایییەکانی خۆی دا ئەم زاراوەیەی بەکار هێنا، پاشان لە بەرهەمەکانی پێکهاتەگەراکان دا بەکار هات.

32. G.Genette, Figures, vol. 3, P. 74.
33. T.Todorov ed, Théorie de la littérature, Paris, 1966, PP. 54 – 55.
34. G.Genette, op.cit., PP. 67 – 267.
35. Ibid., P.126.

٣٦ـ کۆمبرە: ١٨٠ لاپەڕە لەپێناو دە ساڵ / ئەوینێکی سوان: ٢٠٠ لاپەڕە لە پێناو دوو ساڵ / ژیل بێرت: ١٦٠ لاپەڕە بۆ نزیکەی دوو ساڵ / (دوو ساڵ مەودا) / بالەبەك، یەك: ٣٠٠ لاپەڕە بۆ سێ تا چوار مانگ) گێرمانت: ٧٥٠ لاپەڕە بۆ دوو ساڵ (بەڵام ١١٠ لاپەڕە بۆ بانگهێشتێکی دوو تا سێ کاتژمێری، ١٥٠ لاپەڕە بۆ خوانێکی شەوانەی دوو کاتژمێری، ١٠٠ لاپەڕە لە پێناو میوانییەکی کچە پاشا) / بالەبەك، دوو: ٣٨٠ لاپەڕە بۆ شەش مانگ (١٢٥ لاپەڕە لە پێناو بانگهێشتێك) / ئالبێرتین: ٦٣٠ لاپەڕە بۆ ١٨ مانگ (٣٠٠ لاپەڕە بۆ دوو رۆژ، ١٣٥ لاپەڕە بۆ کۆنسێرتێك) / ڤێنیز: ٣٥ لاپەڕە بۆ چەند حەوتوو / (مەودایەکی نادیار: لانی کەم چەند حەوتوو) / تانسۆنویل: ٤٠ لاپەڕە بۆ "چەند رۆژ" / (مەودایەکی ١٢ ساڵە) / شەڕ: ١٣٠ لاپەڕە بۆ چەند حەوتوو (زۆرترین ﴿بەشی﴾ تەرخان کراوە بۆ پیاسەیەکی ئێوارەیەك لە پاریسو ماڵی ژووپین) / پێش نیوەڕۆیەك لە هۆبەی گێرمانت دا: ١٩٠ لاپەڕە بۆ دوو سێ کاتژمێرێك:

G.Genette, op.cit., P. 127.

سەرچاوەی ژێنێت سێبەرگی کتێبی پیلیاد (١٩٥٤)ە.

37. Ibid., P.145.



PDF4Kurd

٣٨- ژان سانتۆی یەکەمین پرۆژەی "گەڕان لە دوو کاتی لەدەستچوو"یە کە پروست لەنێوان ساڵانی ١٨٩٥ تا ١٨٩٩ نووسیو ١٩٥٢ بۆ یەکەم جار بڵاو کرایەوە.

39. G.Genette, op.cit., p.256.

40. Ibid., pp. 255. 227.

41. G.Genette, Figures, vol. 2. pp. 71 – 100.

42. W.Shakespeare, The Complete Works, eds, S. Wells, C.Taylor, Oxford, 1986, p.387.

لە درێژە دا دەبینین کە رۆمیۆش چەشنی جوڵێت چەند بە ئاسانی واز لە هەموو شتێك دێنێ: "نازانم چۆن ناوی خۆمت پێبڵێم فریشتەکەم، لەم ناوە کە دوژمنتە بێزارم. گەر نووسرابایە پارچە پارچەم دەکرد" (ل ٣٨٨).

43. G. Genette, Figures, vol. 2, p. 72.

44. Ibid,. p. 77.

لە فیلمی "وانینا وانینی" لە دەرهێنانی رۆبێرتۆ رۆسلێنی، لە کۆتایی دا وانینا پەنا بۆ کەنشت دەبا و لە دنیا دوور دەکەوێتەوە.

45. G.genette, Introduction a l'architéxte, Paris, 1979.

ئەم وتارە هاوکات لەگەڵ وتارگەلێکی گرنگی نووسەرانی رێبازەکانی تری رەخنەو تیۆریی ئەدەبی لەم کۆمەڵەیەی خوارەوە دا هاتوە:

G.Genette, et al, Théories des genres, Paris, 1986. pp. 89 – 160.

٤٦- یەکێك لە گرینگترین بەرهەمەکان لەمەڕ "ژانرە ئەدەبیەکان" کتێبی بەناوبانگی کاتە هامبورگرە لەژێرناوی "لۆژیکی ژانری ئەدەبی":

K. Hamburger, Logique de genres littéraires, Paris, 1986.

ئەو کتێبە تەواوکەری تیۆریی ژێنێتە. پاری یەکەمی "بنەمای زمانناسانە"یە کە بە وردی پێوەندیی زمانناسیو "ژانرگەلی ئەدەبی" روون دەکاتەوە (لاپەڕەکانی ٦٨ - ٢٩) پاری سێیەم دوو ژانری سەرەکی ئەدەبی (دڵداریو رۆنانی ﴿ترکیبی﴾) لێك جیا دەکاتەوە.

47. R. Wellek and A. Warren, Theory of Literature, London, 1978, pp. 227 – 228.

48. J. Joyce, The Portable James Joyce, New York, 1977, pp. 482 – 483.



49. M. Beebe, "Joyce and Aquinas". Philosophical Quarterly, 36, 1957.

50. G.Genette, Palimpsestes, p.9.

51. M.Riffaterre, "La tarce de intértexte" La pensée, Octobre 1980.

٥٢- پێش دەق لە بەرامبەر hypertexte و پاش دەق لە بەرامبەر hypotexte بەکار دێ. ژێنێت پێشگرەکانی hyper و hypo ی بە سەرنج دان بە ریشە یۆنانیەکەیان بەکار هێناوە. یەکەمیان لە ریشەی "هۆپێر"ی یۆنانی بە واتای پێشو دووەمیان لە وشەی "هۆپۆ"ی یۆنانی بە واتای پاش وەرگیراوە. لە زمانە ئورووپیەکانی ئەم سەردەمە دا پێشگری Hyper واتای لە رادەبەدەر دەدا بە دەستەوە کە مەبەستی ژێنێت ئەم واتایە نیە.

53. G.Genette, op.cit., p.12.

54. ibid., pp. 438 – 439.

55. Ibid., pp. 451 – 452.

56. J.L Borges, Fictions, Paris, 1974, PP. 63 – 74.

57. Ibid., pp. 71 – 72.

بۆ تێگەیشتن لە شوێنگەی رستەی سێروانتێس بڕواننە:

Cervantes, Don Quixote, tran, J.M. Cohen, London, 1978, p. 78.

58. J.L. Borges, op.cit., p. 73.

٥٩ یۆلیسێس ناوی لاتینیی ئۆدیسیۆسی یۆنانیە، کە بە فارسی (بە سەرنج دان بە گۆ کردنی زمانی فەڕانسی) بە ئۆلیس وەرگێڕدراوە. ناوی کتێبی جۆیس بە پێی گۆ کردنی ئینگلیزی دەتوانین بە "یۆلیسێز"یش وەری بگێڕین، بەڵام جۆیس پێی لەسەر وشە لاتینیەکە داگرتوە.

60. G.Genette, op.cit., p.8.

هێماکردن بۆ دوو رەخنەگری هەڵکەوتوو، هێمایە بۆ پێشنیاری ئەوان کە پارەکانی "یۆلیسێس" بە ئۆدیسەی هۆمیرۆس گرێ دەدات. ئێستوارت گیلبێرت لە بەشی دووەمی کتێبی "یۆلیسێسی جیمز جۆیس" (چاپی یەکەم ١٩٣٠) ئەم گەلاڵەیەی هێنایە پێشەوە:

Gilbert. S, James Joyce's "Ulysses", London, 1969, pp. 76 – 82.



PDF4Kurd

ریچارد ئێلمەن لە روونکردنەوەیەك دا سەبارەت بە یولیسێس بە ناوی "یولیسێس لەسەر لیفی" (لیفی ناوی رووبارێکە کە بە دووبلین دا تێدەپەڕێ) ئەنجامی داوە، ئەم پرۆژەیەی تەواو کرد:

R. Ellmann, Ulysses on the Liffey, London, 1969, pp. 118 – 123.

61. G.Genette, op.cit., pp. 18 – 19.

62. Ibid., pp. 17 – 18.

فیلیپ رۆژە لاسایی ئەم کارەی کردۆتەوەو کتێبی نووسیوە لەژێرناوی "رۆلان بارت، رۆمان" (١٩٨٦).

63. Ibid., p. 32.

(لەناوونیشانی رۆمانەکە دا لە جێی Prise، Prose هاتوە).

64. Ibid., p. 45.

65. Ibid., p. 48.

ناوی راستەقینەی شاعیر ئالێکسێس لێژە بوو؛ ناوی کۆنی ئێران لە لایەن فەڕانسەوی‌یەکان پرێس بوو.

66. Ibid., p. 33.

٦٧ـ هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی ئەم کتێبە (بە پێی هەڵبژاردنی خودی کریستوا) لە ساڵی ١٩٧٨ دا چاپ کراوە کە سەرچاوەی ئەو هەمدیس وێژیانەیە کە لەم پارە دا هاتوون:

J. Kristeva. Semiotike, Paris, 1978.

68. J. Kristeva. Le texte du roman, La Haya, 1970.

69. J. Kristeva. La révolation du langage poétique, Paris, 1978.

70. J. Kristeva. Polglogue, Paris, 1977.

71. J. Kristeva. Pouvoires de l'horreur, Paris, 1980.

72. J. Kristeva. Histories d'amour, Paris, 1980.

73. J. Kristeva. Soleil noir, dépression et mélancolie, Paris, 1987.

74. J. Kristeva. Etrangers a nous-memes, Paris, 1988.

75. Unheimlich.

76. J. Kristeva. Sémiotike, p.118.

77. Ibid., p. 120.



78. Ibid., p. 52.

79. Ibid., p. 54.

80. R.Barthes, S/Z, Paris, 1976, p.16.

81. J. Kristeva. Sémiotike, p. 146.

82. J. Kristeva. La révolution du langage poétique, pp. 383 -389.

لە بەرهەمهێنانی دەق‌و خوێندنەوەی دا، رێسای پێوەندی‌یە نێوان دەقی‌یەکان (هەرچەند بە شێوەی جیاواز) دەور دەبینێ. لە هونەرێکی تازەتری گێڕانەوە ورد بینەوە: لە سینەمادا، لومی‌یەر، مەلیس‌و تەنانەت گرێفێس پێدەچێ واتادار ﴿Referent﴾ی نیشانەکانیان لە جیهانی دەرەکی دا دەدۆزیەوە: پەرچەکرداری بینەران (نموونەی بەناوبانگی پەرچەکردار لە بەرامبەر شەمەندەفەری لۆمی‌یەر) دەری‌خست کە ئەوانیش لانی‌کەم تا ڕادەیەك هەموو نیشانەکانیان بە جیهانی دەرەکی‌یەوە دەبەستەوە. هەنووکە بە لای ویم‌و وێندرێس نیشانەی سینەمایی، هێمایەکە بۆ "مێژووی سینەما"و "واتادار"ی توخم گەلی بەرهەم کە لە پێوەندی‌یەکی نێوان دەقی دا دەردەکەوێ. ئەوکات رەنگە هەموو نیشانەیەك (لە درەختێکەوە بگرە تا دەگاتە پێوەندی‌یەکی ئەویندارانە) ئاوڕدانەوەیەك لە دنیاش بووبێ. بەڵام ئێستاکە بە تەواوی گەڕانەوەیەکە بۆ (ئەو فیلمانەی کە پێشتر دیومانن".

83. J. Kristeva. Sémiotike, pp. 208 – 245.

84. M.proust, A la recherch du temps p[edru, vol. 2, p. 406.

85. R.Barthes, S/Z, P. 25, P.211.

86. Ibid., p.211.

٨٧ـ بڕواننە وتاری تۆدۆرۆف لە:

Communications, no, 11, 1968, pp.1-4.

88. Aristotle, The Works, Rhetorica / Poetica, trans, W.D Ross, Oxford, 1971. 1448 a.

89. D.Diderot, Jaques fatalist et son maitre, Paris, 1966, p. 285.

ریشەی جیاکاری لەنێوان "چیرۆك بێژی"و "ئامادەیی نووسەر لە بەرهەم"دا دەبێ لە بەرهەمی ئێسترێن ﴿بەناوی﴾ "تریسترام شاندی" دا بدۆزینەوە. پێوەندیی بەرهەمە چیرۆکی‌یەکانی دیدرۆ لەگەڵ رۆمانی ئێسترێن یەکێك لە باشترین نموونەکانی "پێوەندی‌یە نێوان دەقی‌یەکان"ە. بڕواننە تەوەری "ئالۆزیی رۆمانێسك" لە:



PDF4Kurd

P.Saint – Amand, Diderot, le labyrinthe de la relation, Paris, 1983, pp. 110 – 117.

90. L.Wittgenstein, Zettel, Oxford u.p., 1967, p. 28.

91. J.Cohen, Stracture du langage poétique, Paris, 1966, p. 76.

92. R.M. Rilke, Correspondance avec Marie de la Tour et Taxis, Paris. 1988, p.109.

93. C.Brooks, The Well-Wrought Urn, New York, 1947, p.3.

94. G.Genette, Figures, vol. 2, p.150.

95. J. Kristeva. La revolation du lagage poétique, pp. 17 -18.

٩٦. له لایەنێکی تایبەتیەوە دابڕانی کریستوا لە مێتۆدی نیشانەناسی له کتێبی "فرەچەشنی ناسی" دا دەردەکەوێ:

J. Kristeva, Polylogue, Paris, 1977.

ئەو کتێبە لەمەڕ دروستکردنی سیمبۆل لە ئاخێوی ئەدەبیو هەروەها شێوەکاری دەدوێ.

97. J. Kristeva. Pouvoirs de lhorreur, p.15.

98. Ibid., p.25.

99. Ibid., pp. 25 – 27.

100. Ibid., pp. 29 – 31.

101. Ibid., p.33.

102. Ibid., p. 81.

١٠٣. دەبێ کتێبێکی تریش بخەینە پاڵ ئەم دوو بەرهەمە. هەرچەند ناوبانگی ئەو دوو بەرهەمەی نیە، ﴿کە بریتیيە لە﴾ کتێبی ئالێن فینکێل کرۆت بە ناوی "دانایی ئەوین". فینکێل کرۆت لەژێر کاریگەریی ئیمانۆئێل لویناس دا رووی گرنگی "ئارایی ئەوی دی"ی لە "ئاخێوی ئەویندارانە"دا زەق کردۆتەوە. پاری "روخساری خۆشەویست"ی کتێبەکەی ئەو، بابەتێکی سەرنج راکێشە کە بە کەڵکی بەراوردی مێتۆدی کاری خۆی لەتەك مێتۆدی پێکهاتەگەراکان دا هاتوە:

A.Finkielkraut, La sagesse de l'amour, Paris, 1988, pp. 47 – 81.

104. J. Kristeva. Histoires d'amour, p.9.

105. Ibid., p.16.



106. Ibid., pp. 17 – 18.

١٠٧. فلوگین، دوره ێپار، ترجمه م.ح.لگفی، تهران، ١٣٦٦، صص ٣٧٥ ـ ٣٥٩.

108. J. Kristeva. Histoires d'amour, pp. 296 – 327.

M.Warner, Alone of All Her sex, The Myth and Cult of Virgin Mary, London, 1976.

I.Brand, Le meternel singulier, paris, 1977.

109. J. Kristeva. Op.cit., p.301.

١١٠. ئیکۆنەکانی کاترین قددیسەی سی نیا، کە پییەرۆ دلا فرانچێسکا، کێشاویەتەوە لە پەرستگای مدنترکی ئیتالیا دایە، هەرمانگەو بابەتی نەریتێکی پیرۆزە کە لەو دا ژنانی نەزۆك لە کاتێك دا کە مۆمیان بە دەستەوەیە داوای منداڵی لێ دەکەن. لە دەستپێکی نۆستالگیا کە ئاندرێ تارکۆفسکی دەرهێنەرێتی، هێمایەك بەم ڕێوڕەسمە کراوەو لە ئێکۆنەکانی قدیسەی سی نیا دا، رۆڵێکی گرنگی هەیە.

111. "Vergina madre, figlia del tuo figlio".

112. J. Kristeva. Op.cit., p.316.

113. J. Kristeva. Soleil noir, p.14.

114. Ibid., p.15.

کریستوا دەنووسێ: "هەموو نووسینێکی ئەویندارانە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر خەیاڵدانێکی حاشاهەڵنەگری لەگەڵ دایە".

115. Ibid., p. 16.

116. Ibid., pp. 17 – 18.

117. Ibid., pp. 20 -21.

118. J.Lacan, L'ethique de la psychanalyse, Paris, 1986, p.58.

ئەو کتێبە دەقی (وانە)ی لاکانە لە نۆی دێسامبری ١٩٥٩ دا.

119. J. Kristeva. Op.cit., p.26.

١٢٠. هەمدیس وێژیيەکە ـ هەڵبەت چەندان ورد نیە ـ لە کتێبی "مرۆڤناسی لە ڕوانگەیەکی پراگماتیك"ی کانتە، کە کریستوا لە وتاری "چەمکی نۆستالێژی"ی ئێستارۆ بێنسکی وەری گرتوە (ل ٧١). وەرگێڕدراوی ئەم هەمدیس وێژیيە لە وەرگێڕانێکی کتێبی ناوبراوی کانت، لە لایەن میشێل فۆکۆوە، بەدی دەکرێ:



PDF4Kurd

Kant. E, Anthropologie du point du vue pragmatique, trans. M.Foucault. Paris. 1964.

پەراوێزێکی ناچاری: باشترین بەرهەمێك کە لە بواری نۆستالیژیەوە خوێندوومەتەوە ئەم کتێبەیە:

V.Jankélévitch, L'irréversible et la nostalgie, Paris, 1983.

نۆستالیژی پەیوەستە بە کاتەوە نەك شوێن، بە دەربڕینی باشتر شوێن لە ڕێگەی کاتەوە دەناسێ.

121. J. Kristeva. Op.cit., p. 71.

122. Ibid., p.135.

123. B.Pascal. Pensées, ed. L. Brunschvigg, Paris, 1976. p. 277.

١٢٤. عهد جدید، انجیل مرقس، باب ١٤، ئایە ٣٤.

١٢٥. ئەهریمەنی جەنگەڵی (١٧٠٧) ڕۆمانێکی گاڵتەجاڕانەیە لەبارەی درنجێکەوە کە لە بتڵە شووشەیەکەوە هاتۆتە دەرێو بەهۆی گۆیەکی سیحراوییەوە سەیری ژینی کۆمەڵایەتیی مادرید (و لە راستی دا پاریس) دەکات.

126. J. Kristeva. Op.cit., p. 156.

127. Ibid., p.174.

128. Ibid., p.186.

129. Ibid., p.191.

130. Ibid., p. 195.

١٣١. کلیات شمس یا دیوان کبیر، تصحیح ب . فروزانفر، تهران، ١٣٥٥، ج ٢، ص ١٩٩.

١٣٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٥، ل ١١٤.

١٣٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٢، ل ٤٧.

١٣٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٣، ل ١١٤.

135. J. Kristeva. Op.cit., p.232.n.



# پاری یازدەهەم
# نیشانەو راڤە: ئێکۆ

... کە ئەگەر کەسێك پێیانەوە زیاد بکا، خوا بەڵاگەلی نووسراوی ئەم کتێبەی بەسەر دا دەبارێنێ.

موکاشفەی یوحەنناى پەیامبەر

١

ئۆمبێرتۆ ئێکۆ لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئێلە ساندێریا لە "پیەمۆن"ی ئیتالیا لەدایك بوو. لە زانکۆی تۆرینۆ خوێندیو لە ساڵی ١٩٥٤ دا بڕوانامەی فەلسەفەی وەرگرتو تێزەکەی لەژێرناوی "مەسەلەکانی جواناسی لە هزری سێنت تۆماس" دا نووسی کە دوو ساڵ دواتر بڵاو کرایەوە.[١] لە ساڵی ١٩٥٩ دا کتێبی "کامڵبوونی جوانناسیی سەدەکانی نێوەڕاست"ی بڵاو کردەوە، کتێبێك کە وەکوو کامڵبوونی باسەکانی تێزی پێشوو ئەژمار دەکرێ. کتێبی سێیەمی ئەو نزیکەی سی ساڵ دواتر لە چاپدرا:"هونەرو جوانی لە جوانناسیی سەدەکانی نێوەڕاست دا"(١٩٨٧). ئێکۆ لە ساڵی ١٩٦١ لە زانکۆکانی تۆرینۆ، میلان، فلۆرانسو بۆلوینا دا وانەی فەلسەفەو نیشانەناسیی وتەوە. کتێبێك کە بە سەرەتای ناوبانگی ئەو دەژمێردرێت "بەرهەمی کراوە"یە؛ کە لە ساڵی ١٩٥٨ دا کۆتایی پێهات، لە ساڵی ١٩٦٢ بڵاو بوویەوەو بابەتەکەی هونەری مۆدێرنە.[٢] ئێکۆ لە ساڵی ١٩٦٥دا وتارێکی درێژی لەمەڕ جوانناسیی جیمز جۆیس نووسی لەژێرناوی "لە کۆمەڵەی یەزدانیەوە تا **Finnegans wake**" کە لەگەڵ وەرگێڕانی فەرەنسی "بەرهەمی کراوە" بڵاو بوویەوەو چەند ساڵێك دواتر بە شێوەیەکی کامڵتر بە زمانی ئینگلیزی چاپ کرا: "جوانناسیی ئاژاوە: سەدەکانی نێوەڕاستی جیمز



PDF4Kurd

جۆیس. [٣] ئێکۆ لە ساڵی ١٩٦٤ دا کۆمەڵەیەکی لەژێرناوی "ئاپۆکالیپس‌و پرئاوەزی" بڵاوکردەوە کە دەستپێکی باسەکەی ئەو، لەمەڕ "هونەری جەماوەری"ە بەناوی کورتە هەواڵ (لەبارەی هەواڵی رۆژ لە راگەیەنە گشتی‌یەکاندا)، شێوەی بیناسازی، لە لێواری ئیمپراتوری دا، ساڵانی تامەزرۆیی کە تەواوی ئەم وتارانە لە کۆمەڵەیەك دا بە زمانی فەرەنسی بڵاو کراونەتەوە.[٤] زۆربەی ئەم نووسینە کورتانە لەبارەی کێشەکانی ژیانی رۆژانە (تۆپی پێ، تیرۆریزم، مۆدێلی جل‌وبەرگ، تەلەڤزیۆن، بەرهەمە تازەکانی تەکنۆلۆژی، ئوتۆمبیلی نوێ‌و هتد)ن‌و لە رۆژنامەو گۆڤارە ئیتالی‌یەکاندا بڵاو بوونەتەوە. مێتۆدی کاری ئێکۆ نیشانەناسی‌یەو لەم بوارەدا گرنگترین کارە فکری‌یەکانی دروستبوون‌و نووسراون. "تێزێك لەبارەی نیشانەناسیی گشتیەوە" کە لە ساڵی ١٩٧٥دا چاپ کراوە؛ گرنگترین کاری ئەوە لەمەڕ نیشانەناسی.[٥] پێشتر "پێکهاتەی پیوار"ی بە ناوێکی‌تر (واتە) "دەروازەیەك بۆ توێژینەوەی نیشانەناسی" لە ١٩٦٨ دا بڵاو کردبوویەوە [٦]، لە ساڵی ١٩٧٩ دا کتێبێکی بە سەردێڕی لاتینی **Lector in fabula** (خوێنەر لە چیرۆك دا) بڵاوکردەوە کە بنەمای تیۆرەکەی لەبارەی خوێندنەوەی دەقە؛ [٧] کەتیۆرگەلێکە تا ڕادەیەك لە باسەکانی هێرمێنۆتیکی ئەدەبی‌یەوە نزیکن. یەکێك لە تازەترین بەرهەمەکانی ئێکۆ لەبارەی نیشانەناسی‌یەوە کتێبێکە بە ناوی "نیشانەناسی‌و فەلسەفەی زمان". [٨] ئێکۆ بە باشی شارەزای نەریتی فەلسەفەی شیکاری‌یە، درێژە پێدەری بیروڕاکانی پیرێسەو لەسەر باسەکانی سۆسۆرو پێشڕەوانی "رێبازی ژنێڤ" رەخنەی هەیە. لەنێو پێشڕەوانی نیشانەناسیی نوێ‌و پێکهاتەگەرایی ئەدەبی دا، ئێکۆو ژولیا کریستوا رۆماننوسیشن. ئێکۆ لە تەمەنی پەنجا ساڵی دا، "ناوی گوڵی سوور"ی بڵاو کردەوە، کە رۆمانێکی پڕفرۆش بوو و بووە هۆی بەناوبانگ بوونی ئەو. شەش ساڵ دواتر رۆمانێکی‌تری ئەو بە ناوی "پاندۆلی فۆکۆ" بڵاو کراویەوە، کە بە قەد ژمارەی رۆمانی پێشوو لێی فرۆشرا. بەم چەشنە ئێکۆ بوو بە نووسەرێکی "جێی پەسندی هەمووان"و خۆی لە گفتوگۆیەك دا وتی: دژایەتی‌یەکی ئەوتۆ لەنێوان



"هونەری مۆدێرن"و "هونەری جەماوەری" نابینیێ، واتە بە پێچەوانەی ئادۆرنۆ، هەر یەکەیانی بە بەیانکردنی جۆرێك لە راستی‌یەکانی سەردەمی ئێمە ئەژمار دەکرد.[٩] ئێکۆ لە بەرهەمە نیشانەناسی‌یەکانی خۆشیدا، باسی لە مۆسیقای لۆچیانۆ بریۆ، رۆمانەکانی جۆیس‌و فیلمەکانی ئانتۆنیۆنی کردوەو ئۆگری چیرۆکە وێنەیی‌یەکان، رۆمانە پۆلیسی‌یەکان‌و زنجیرە تەلەڤزیۆنی‌یەکانە.

ناوی گوڵی سوور رۆمانێکی پۆلیسی‌یە کە رووداوەکانی لە سەدەی چواردەهەم واتە دوایین رۆژەکانی سەدەکانی نێوەڕاست‌و لە پەرستگایەکی کۆن دا روو دەدا. پاڵەوانی رۆمانەکە کتێبخانەیەکە کە لە نێوەڕاستی ئەم پەرەستگایە دایە، رەنگە باشتر بێ بڵێین پاڵەوانی رۆمانەکە زانیاری‌یەو کردەگەلی کەسێتی‌یەکانی چیرۆك نیشاندەری شوێنگەی زانیاری لە رۆژگاری گۆڕانکاری‌یەکانە. کاتی رووداوەکانی چیرۆکەکە ئەو رۆژانەن کە بەها زاڵ‌و کۆنەکان بەسەر چوون‌و شکۆفەکانی تاکگەرایی‌و مرۆڤ گەرایی پشکوتون. هێماگەلی زۆری کتێبخانە بۆ ئاپۆکالیپس‌و کۆتایی جیهان‌و کات، بۆ گۆڕانکاری‌یەکانی ئەو رۆژانە دەگەڕێنەوە، بەڵام بە ڕاشکاوی سەردەمی ئێمە وەبیر دێننەوە. کتێبخانەکە پارێزەر یا ئەویندارێکی نابینای هەیە، کە بێ ئەملاو ئەولا لەسەر بنەمای کەسایەتیی رواڵەتیی بورخس دروست کراوە، واتە ئەو کەسەیە کە "کتێبخانەی بابلی" نووسیوە، کونج‌و کەلەبەری لە ئەژمارنەکراوی خولڤاندوەو خۆی گوتەنی "لە سەدەکانی نێوەڕاستیشدا ژیاوە". ئەم رۆمانە پۆلیسی‌یە - هەڵبەت پڕهەڵچوونە - بە هێماگەلێك بۆ سێنت تۆماس دەست پێدەکاو بە بەسەر کردنەوەی ویتگنشتاین کۆتایی پێدێت، واتە جۆرە فەلسەفەیەکی نوێی پڕ لق‌و پۆپە، ساڵێك پاش بڵاوبوونەوەی رۆمانەکە، ئێکۆ لە بڵاڤۆکی ئیتالیایی ئالفا بێتا "پەراوێزێك لەسەر ناوی گوڵی سوور"ی بڵاو کردەوە.[١٠] لەم "پەراوێزە"دا ئێکۆ لەناوی کتێبەکەوە دەستی پێکردو روونی کردەوە ئەو شێعرەی کە لە دوایین دێڕی کتێبەکە دا هاتوە، کۆپلە شێعرێکی نووسەرو رێنوێنی‌کاری تاقمی بندیکتن واتە "بێرنارد دومورلە"یە لە سەدەی دوازدەهەمدا. ئێکۆ وتی سەرەتا دەیویست ناوی "کەنشتی تاوان" لە ڕۆمانەکە بنێت؛ بەڵام ئەمە تەنیا ئاقاری پۆلیسی



PDF4Kurd

ڕۆمانەکەی ڕوونو زەق دەکردەوە، لەم ڕووەوە، بەسەردێڕێك کە ستایشی ناووزمانە دەستی پێکرد، (کە بریتییە) لەشێعرێك کە دەردەخا تەنیا ناوی گوڵی سوور وەبیرهێنەری گەوهەرەکەیەتی. ئێکۆ لەسەر بناغەی تیۆرێك کە لە کتێبی "خوێنەر لە چیرۆکدا" هێناویەتە گۆڕێ، حەز ناکا ڕاڤەیەك لە بۆ ڕۆمان بدا بە دەستەوە، چونکە هەموو ڕاڤەیەك، سەپێنەرییەو کاولکەری واتاکانی دەقە. ئەو هێمای بۆ وتارێکی ئێدگار ئالان پۆ کردوە کە لەژێرناوی "چاوگەی شێعرێك" ناوبانگی دەرکردوە. لەم وتارەدا پۆ شێعری بەناوبانگی خۆی واتە "قالاو"ی ڕاڤە نەکردوە، تەنیا ڕوونیکردۆتەوە کە چۆن شێعرەکەی هۆنیوەتەوە.[11] ژمارەیەك لە ڕوونکردنەوەکانی ئێکۆ ڕێخۆشکەری تێگەیشتنی باشتری دەقنو هەندێکیشیان تەنیا بەیانکەری چێژی نووسەرین: "ئەگەر (ڕووداوەکانی) ڕۆمانەکە لە سەدەی چواردەهەمدا ڕوو دەدەن، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەمەویست تاوانبار ناسەکە ئینگلیزی بێت"[12] هەڵبەت دەیویست هێمای بۆ سەرهەڵدانی تاکگەرایی نوێ، بیروڕاکانی ڕاجێر بەیکێنو هەروەها کۆمەڵێ بەناوبانگی (قددیسان) لە نۆڤەمبەری ١٣٢٧ کردبێ. ئێکۆ ڕوونی کردەوە کە سەرەتا نەیدەویست بورخس بکوژ نیشان بدا. بەڵام بە پێشقەچوونی کتێبەکە، ئەویش بوو بە بکوژ! ئێکۆ پێی داگرتوە کە زۆر لە پێوەندیەکانو ڕووداوەکانی ڕۆمان، خۆیان بەسەر ئەودا سەپاندوە: "وێناکردنی چیرۆکێك کە لەسەدەکانی نێوەڕاستدا ڕوو بداو لەودا ئاگر کەوتنەوە ڕوو نەدا، چەشنی وێناکردنی فیلمێکە کە لەو دا شەڕێك لەزەریای هێمن ڕوو بداو لە ڕەوتی ڕووداوەکان دا فڕۆکەیەك لە فیلمەکە دا بەدی نەکرێت"[13] سەرنج ڕاکێش بوونی ڕۆمانەکە، بۆ ئاراستە "پۆلیس"یەکەی دەگەڕێتەوە. لەنێو هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دا، کردەگەلی شاردنەوەو دۆزینەوە (واتە کردەکانی تاوانبارو پۆلیس) زیاتر لە هەر کارێکی دی نیشانە ناسانەن. بەشێك لە ڕۆمانەکانو فیلمە کلاسیکییە پۆلیسییەکان، وەکوو "نامیلکەگەلی وانەبێژی لەمەڕ نیشانەناسی"ن. لەناوی گوڵی سووردا بنەمای پۆلیسیی کردەکان گرنگە، نەك لەبەر ئەوەی کە دواجار هاوڕێکیو باڵادەستی کۆمەڵایەتی وەدەست دێنین، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لە



سەرتاسەری ڕۆمانەکە دا پرسیارێکی چارەنووسساز زاڵە بەسەر خاڵەکانی تردا، ئەمە پرسیاری سەنترالی هەموو ڕۆمانێکی پۆلیسییە:گوناهکار کێیە؟ [14] هەموو چیرۆکێکی پۆلیسی بۆ گەیشتن بەئەنجام وا گریمان دەکا کەهەموو ڕووداوەکان لۆژیکین، لۆژیکێك کە سەرنجی خوێنەر بە کردەکانو وزە بە چیرۆك دەبەخشێ.

کتێبخانە (زانیاری) هەر بە تەنها پاڵەوانانی ڕۆمانی ناوی گوڵی سوور نین، بەڵکوو هەوێنی سەرەکین لە هزری ئێکۆ دا کە لە زۆربەی بەرهەمەکانی دا دەردەکەون. ئێکۆ خۆی وەبیری هێناوەتەوە کە کتێبخانە واتای بیرەوەری مێژوویی مرۆڤ دەگەیەنێو هێما بۆ بورخس دەکات کە کتێبخانەی بە هێزی ڕەها شوبهاندوە.[15] بەڕای ئێکۆو بۆرخس، خوای خولقێنەر لە کتێبخانەیەکی مەزن دەچێو چەشنی دانتی کە لە کۆتایی کۆمێدیای یەزدانی (فیردەوس، سروودی سیو سێ، بەیتەکانی ٨٤ تا ٨٦) خولقێنەرو خولقێنراوان وەکوو کتێبێك دەبینێ کە "ئەوین شیرازەیەتی"، ئێکۆش جۆرێك ئارایی هێرمێنۆتیکی بۆ کتێبخانە بەدی دەکا. لە تێزی "کتێبخانە" دا دەنووسێ کە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی کتێبخانە شاردنەوەیە. [16] کتێبخانە لە ڕواڵەتدا شوێنێکە بۆ دۆزینەوەو خوێندنەوەی کتێب، بەڵام ڕۆڵە سەرەکییەکەی شاردنەوەیە (لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا ئەم خاڵە ئاشکراترو ڕوونتر دەبینرێت) کتێبی شاراوە تامەزرۆیی دروست دەکا. ڕێنسانس بە دۆزینەوەی دەستنووسە کۆنەکان لەم پەرستگا حەشاردەرانەدا دەستی پێکرد، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ وەکوو سەدەکانی نێوەڕاست مافی کەڵك وەرگرتن لە کتێبخانە "ئیمتیاز"ی گەڕیدەکانی زانیارییە. پاڵەوانی دووەمین ڕۆمانی ئێکۆ واتە "پاندۆلی فۆکۆ" فۆرمێکی دیکەی سەرهەڵدانی زانیارییە. فۆرمێك کە کەم تا زۆر لە کتێبخانە دەچێ: "مۆزەخانەی داهێنانو پیشەسازیەکان"ی پاریس (کە لەو دا کتێبخانەیەکی باوەڕپێکراویش هەیە). ئەم مۆزەخانە مێژووییە بیرەوەریی ئامادەیی مرۆڤە لە پانتایی "زانستەکان"دا (زیاتر نیشاندەری تامەزرۆیی ئێمەیە بۆ ئەم ئامادەییە تا خودی ئامادەیی). ناوی ئەم ڕۆمانە هێمایەکە بۆ داهێنانی بەناوبانگی لیۆن فۆکۆ: پاندۆلێك ﴿*﴾ کە خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆی دا



PDF4Kurd

دەسـەڵێنێ. رۆمانەکـە جـۆرە "مێژووییەکی نهێنیو رەمزی"یەو هێماگەلی زۆر بۆ تاقمـە یەهـودیەکانو رێـبازی کابـالا، کـراوە کـە(ئـەم هێماکـردنانە) لەخـۆڕا نـین. ئەمـە، مـێژووی شاراوەو ناوەکیـی سـەدەکانی نێوەڕاسـتە، لـە رێگـەی تێپەڕین لە پاڵـێوی "روانگـەی ئەمرۆیـی ئـێمە"وە. ئـێکۆ مـۆزەخانەی داهێـنانو کارگـە پیشەسازیەکان بۆ پەرەستگایەك لـە سـەدەی سێزدەهەم دەگوازێتەوە، شوێنێك کە نیشاندەری تامەزرۆیـی مـرۆڤە بـۆ گۆڕینـی ژیـنگەی خـۆی؛ و پانـدۆلی فۆکـۆ "ئامێرێکی بێدەنگ، میتافۆریك‌و لە هەمان کات دا راستەقینەیە" کە دواجار لە نـیوەی سەدەی نۆزدەهەم (واتە لە چڵەپۆپەی بڕواهێنان بە زانستو لەدایکبوونی پۆزەتیڤیسم) هـزری سـەقامگیریی لـە ئـێمە سـەندوەو کۆتایـی بـە حەکوومەتـی روحیـی سـەدەکانی نێوەڕاست هێنا. روحێك کە ئێکۆ، بەدەر لە هۆگریی خۆی بۆ ئـەو روحـە ـ بـە دوی دوایـن لەرینەوەکانـی تـا دەگاتـە "ئاڵمانـیای سـاڵی سـفر" دەکـەوێ. ژاك لۆگۆف پسپۆڕ لە مێژووی سەدەکانی نێوەڕاست دا نووسیویەتی کە دوو رۆمانـی ئـێکۆ "مێژوویـی"نو وتوویەتـی کـە مەبەسـتی "مـێژوو بـە واتـا راسـتەقینە"کەیەتـی: نـەك رووداوە رۆژژمێـرییەکان ـ بـە درێژایی کات ـ بەڵکوو واتـای کۆتایـیو بـنەمای رووداوەکانـە.[١٧] لۆگۆف لەم رێگەیەوە سەلماندوویەتی کە ئـەم دوو رۆمانە، تەنیا لەمەڕ سەدەکانی نێوەڕاستەوە نەنووسراون، بەڵکوو زیاتر بـە گێـڕانەوە گەلێکـی مودێـرن لـە ژیانـی مۆدێـرن دەژمێـردرێن. ئـەم "ئارایـی مـێژووی"یـەی رۆمانەکانـی ئێکۆ، کاتێك بە باشی دەناسرێن کە وەبیر بیهێنینەوە کە سـەدەکانی نێوەڕاسـت بـە واتـای تـەواوی وشـە دروسـتکەری رۆمانی مێژوویی بـوو. ئـێکۆ نهێنیی هەموو رۆمانێك‌و(رۆمانی مێژوویی) بە باشی دەزانێ. هەموو رۆمانـێك "مەیدانـی تێپەڕینـی کـات"ەو پانـدۆلی فۆکـۆ لـە سەلماندنی خولانەوەی زەوی بـە دەوری خـۆی دا، جـۆرە تێپەڕینێکـیش دێنێـتە پێشـەوە. بـەر لـەوەش، هەلگری جۆرە کۆتاییەکیشە (کۆتایی هێنانی رۆمان). بیرۆکەی ئاپۆکالیپس دوو رۆمان پێکەوە گرێ دەدا.

هزرڤانـی سـەدەکانی نێوەڕاسـت یـا سـۆفی بـوو، یا ئەستێرە ناس، یا کیمیاگەر. لە هـەردووك رۆمانـی ئۆمبێـرتۆ ئـێکۆ دا، لـەم سێکەسە هزرڤانە ئامادەن. هێماگەلی زۆر بـۆ زانستەکانی سەدەکانی نێوەڕاست، بە تایبەتی ئەستێرەناسیو کیمیاگەری دەکـرێت (زانسـت بنچـینەی پانـدۆلی فۆکـۆیە) و باسـە سـۆفیانەکان، دژوارتـرین خاڵەکان لـە هـەردووك رۆمانەکـە دا دەهێـنـنە پێشـەوە. لـە کاتێك دا کە بونیادی سۆفیانەی نـاوی گوڵـی سـوور مەسـیحیەتە، ئەم بونیادە لە پاندۆلی فۆکۆ دا تاقمە بچووکە یەهوودییەکانـی سـەدەکانی نێوەڕاسـتن. هـەردووك رۆمانەکـە رووکـاری بەرهەمـە کۆمیکەکانـیان هەیـە. مێـتۆدی دەربـڕین لـە هەردووکـیان دا لـە تەوس نـزیك دەبێـتەوە. ئـێکۆ بە ڕادەیەك دەیەوێ سەدەکانی نێوەڕاست بناسێ کە رۆڵی پـێکەنین لـەوان دا بدۆزێـتەوە. هەرچـەند هـێما بـۆ باسـەکانی باخـتین لەمـەڕ هونەری کۆمـیك لـە سـەدەکانی نێوەڕاسـت دا ناکا، بەڵام خۆی لەسەر گرنگی ئەم هـونەرە پێدادەگـرێ. پارێـزەری نابیـنای زانـیاری لـە نـاوی گوڵـی سـوور گـەر لـە هەمـوو شـتێ خـۆش بـێ لـە پـێکەنین نابـوورێ. لەئینجـیل دا ـ ئـەم سـیمبۆلی باڵادەسـتییە لـە سـەدەکانی نێوەڕاست ـ عیسای مەسیحە کە قەت پێناکەنێ. بەم چەشـنە ئـێکۆ وەکـوو باخـتین نهێنیـی ئـەم خاڵـەی زانـیوە کـە مرۆڤـی ئاسـایی سـەدەکانی نێوەڕاسـت پێدەکـەنێو "مرۆڤـی فەرمـی" دەگـریا. لەخـۆڕا نـیە کـە بـەڕای مێژوونووسـانی سـەدەکانی نێوەڕاسـت، بەرگـی دووەمـی کتێبـی تیۆریـی ئەدەبـی ئەرەسـتۆ بـە ونـبوو لـە قەڵـەم دەدرا، کـە کتێبـێکە لـەبارەی هـونەری کۆمـێدیاوە. کتێبـێك کـە پەیداکردنـی دۆزینـەوەی رێگەیەکـی هاتـنەدەرەوەیە لـە هـەزار قوژبنـی کتێبخانەی نـاوی گوڵـی سـوور. کاتێ کتێبەکەم تەواو کرد وەبیرم هاتـەوە کـە گرۆچـۆ مـارکس چ بـە سـانایی دەیتوانـی کتێبـی ئەرەسـتۆ لـەو کتێبخانەیە دا بدۆزێتەوە.

٢

"بەرهەمـی کراوە" لە کۆتایی دەیەی ١٩٥٠دا نووسرا. ئەم کتێبەی ئێکۆ چەشنی نووسـینەکانی ئـەو کاتـی رۆلان بـارت بـە پێشەکییەکی مێتۆدۆلۆژیك بۆ مێتۆدی پـێکهاتەگەرا دەژمێـردرێ. ئـێکۆ لـەو رۆژانـەدا بانگەشـەی ئـەوەی نەدەکـرد کـە مێـتۆدی کارەکـەی تـەواو پشـتی بـە نیشانەناسی بەستوە، بەڵام بناغەی باسەکەی





PDF4Kurd

لەســەر پێوەندیــی نــێوان نیشــانەکان دادەنــا نــەك لەســەر کــۆی فــۆرم یــا خــۆ دیاردەکان؛ مێتۆدی کارەکەی لەسەر بنچینەی سیمبۆلە زماننانسانەکان دادەڕشت. کاری ئەو بەم پێیە کە پێوەندیـیەکانی لە ئامادەیی خودی دیاردەکان بە گرنگتر دەزانــی، پێکهاتەیــی بــوو. لــە مــێژوویی‌گەری سووكوریسوا٭ کە لەو ڕۆژانە دا باو بوو دوور و لەو شتەی کە پۆل ڤالێری بە "دۆخی ئاخاوتەیی دەق" ناودێری دەکرد، نزیك بوو. ژێرار ژێنێت وتوویەتی کە وتارەکانی بەرهەمی کراوە جۆرە کۆ کردنەوەیەکی "مێتۆدگەلی ئارایی" سەدەی بیستەمن.[١٨]

هەر لە بەرجەستە بوونی فۆرم لە بەرهەمەکانی کالدێر تا ناسەقامگیریی واتا لە چیرۆکەکانی کافکاو جۆیس، لە ئاراستە فێرکاری‌یەکانی ئاخێوی ئێستاتیك لە لای بریخت تا ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە هەڵچوونێك لە ڕۆمانی نوێ‌و دواجار گۆڕانی فۆرم‌و واتا لە مۆسیقای مۆدێرن دا، ﴿مێتۆدگەلی ئارایی (حچور) بەدی دەکرێن﴾ کتێبی ناوبراو (ئەمڕۆکە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین) وانە نامەیەکی تیۆریکە لەمەڕ بنەماکانی هونەری مۆدێرن، بە تایبەتی ئەو وتارە درێژەی کە بۆ جیمز جۆیس تەرخان کراوە، داهێنەرانەیە. ڕوانگەی سەرەکی ئێکۆ لەبارەی راڤە هەڵگربوونی بەرهەمی هونەری کە لە "خوێنەر لە چیرۆك دا" پێگەیشت، بیست ساڵ لەوەوبەر چەشنی تروسکایی‌یەك لە "بەرهەمی کراوە" دا هەبوو. ئەم یاسایەی ئێکۆ کە "بەرهەمێك تا کاتێك کە وەکوو بەرهەمێك لە ئارادایە، ڕاڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ"، ڕەگ‌و ریشەی بۆ ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە. بەم پێیە بەرهەمی هونەری سیستمێکە لە نیشانەکان کە پێوەندی‌یە ناوەکی‌یەکانیان ئەگەری ڕاڤەگەلی زۆر دەڕەخسێنن. بەم پێیە هەموو بەرهەمێك بریتیە لە ئەگەرو واتای راڤەکان. بە ڕای ئێکۆ لەبارەی چیرۆکەکانی کافکاوە ئاگادار بین کە:



بەرهەمەکانی کافکا چەشنی نموونەیەك لە"بەرهەمی کراوە" خۆدەنوێنن: دادگایی کردن، کۆشك، چاوەڕانی، دیل بوون، نەخۆشی، مەسخ‌و ئەشکەنجە لەم بەرهەمانەدا تەنیا لە ئاماژە ئەدەبی‌یەکانی خۆیاندا قەتیس نامێننەوە. لەبەرهەمەکانی کافکادا، بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە لە حیکایەتە ئەلیگۆری‌یەکانی سەدەکانی نێوەڕاستدا باو بوو، واتاگەلی شاراوە کەڵکی زۆریان لێ وەردەگیرێ، بەڵام هیچ فەرهەنگێکی زانیاری گرەنتی (واتا)یان ناکات‌و بەهۆی هیچ هاوڕێکی‌یەکی ناسووتی پێك نەهاتوون. راڤەگەلی ئێگزیستانسیالیستی، خواناسانە، سایکۆلۆژی‌و دەروون شیکارانەو سیمبۆلیك لە بەرهەمەکانی کافکادا هەریەکە بەچرکە ساتێك لە توانستەکانی بەرهەمەکانی ئەو ئەژمار دەکرێن. ئەم بەرهەمانە بەهۆی تەم‌ومژاوی بوونی خۆیان کراوەن.لەجێی جیهانێکی هاوڕێك کە یاساگەلی تەواو ناسراوی هەیە، بنیاتی جیهانێکی تایبەتی دادەڕێژن.[١٩]

ئێکۆ زاراوەی "بەرهەمی کراوە"ی لە مۆسیقای مۆدێرنەوە وەرگرت. ئەو چەند نموونەیەك لە مۆسیقای هێناوەتەوە کە لەوان دا راڤەی ژەنیار واتایەکی تازە بە دەقی مۆسیقا دەبەخشێ. بۆنموونە لەبەرهەمی "یازدەیەمین کۆپلە بۆ پیانۆ"ی کارێل هاینز ئوشتوکهاو زێن، بە پێی هەڵبژاردنی ژەنیار، دەتوانین پێکهاتەی ناوەکی کۆپلە بگۆڕین ، یان دوەمین موومان لە "سۆناتای ژمارە سێ بۆ پیانۆ"ی بۆلێز، بەسەرچوار بەش دابەش کراوە کە ژەنیار دەتوانێ بە سەرنج دان بە پێکهاتەی بازنەیی ئەم کۆپلەیە، لە هەر بەشێکەوە کە بیەوێ مۆسیقاکە دەست پێبکا. لە کاتێك دا "فۆگ"ێکی باخ یا "کوارتت"ێکی شۆئێنبێر کۆمەڵەیەك لە راستیە دەنگیەکانە کە ئاوازدانەر پێگەی دەنگەکانی بە وردی لەو کۆمەڵەیەدا دەستنیشان کردوە: دەتوانین بڵێین کە "فوگ"ی باخ کۆپلەیەکە پچڕ پچڕ کە بە تەواوی پێشکەش کراوە. بەڵام مومان دووەمی سۆناتای بۆلێز فۆرمێکی



PDF4Kurd

ناسروشتی هەیە، لەسەر بناغەی هەڵبژاردنی ژەنیار، فۆرمەکەی دیاری دەکرێ. جێی سەرنجە کە "بەرهەمێکی کراوە"ی چەشنی کۆپلەی بۆلێزو "بەرهەمێکی داخراو"ی چەشنی فۆگی باخ بە شێوەیەکی یەکسان ئەگەر راڤەگەلی هەمەچەشن بۆ گوێگر دەڕەخسێنن، بەڵام گوێگر هەرجارەو بەبیستنی فۆگ لەگەڵ کەتوارێك بەرەوڕوو دەبێ (کە بە شێوەگەلی جیاواز دەژەنرێ‌و هەرجارەو ئەگەر راڤەی زۆر دروست دەکا) بەڵام بە بیستنی چەندبارەی کۆپلەی بۆلێز لە بنەڕەتەوە لە تەك کەتوارێکی تازە بەرەوڕوو دەبێ. بە دەربڕینی‌تر راڤەی ژەنیار لەبەرهەمی بۆلێز دا پێکهاتەیەکی نوێ دەخوڵقێنێ (کە یەکێك لە ڤاریاسیۆنە واتایی‌یەکانە لە دوایین پێکهاتەی بەرهەمدا). بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێ کە لە ژەنینی "بەرهەمی داخراو"یش دا ژەنیار، راڤەی خۆی لەبارەی بەرهەمەوە دێنێتە گۆڕێ. لەنێوان پێرلۆدی تەرخان کراو بۆ پیانۆ، بەرهەمی باخ کەوای دابنێین دینۆلیپاتی دەیژەنی‌و هەمان پێرلۆد کە گلین گۆڵد پێشکەشی کردوە، جیاوازی زۆر هەیە. جگە لەوەش دەبێ سەرنج بدەینە ئەم راستی‌یە کە بەرهەمەکەی باخ نەك بۆ پیانۆ بەڵکوو لە بنەڕەتەوە بۆ کلاوسێن دروست کراوە؛ هەروەها ئامرازە تەکنیکی‌و دەنگی‌یەکانی ئەم دوو سازەش جیاوازن. دەتوانین بە ئاسانی بسەلمێنین کە پێشکەش کردنی هەمان پێرلۆدی باخ بە کلاوسێنی گۆستاو لیۆنارد کەتوارێکی تازەیە لە هەمبەر پێشکەشکردنەکانی دیکەی ئەم بەرهەمە کە (جیاوازە لەو پێرلۆدەی) کە ژەنیارەکانی دیکەی کلاوسێن "دەیخوڵقێنن". بەهەر حاڵ ویستی باخ لەم بەرهەمە داخراوە دا، بە هەمان سادەیی ویستی بۆلێز لە بەرهەمە کراوەکەی خۆی دا لە کاتی پێشکەش کردن دا (بەو جۆرە کە لە پەسند کردن‌و تێگەیشتنی بەرامبەر) دەگۆڕدرێت‌و ئەمە خاڵێکی گرنگە کە بۆلێز پەی پێ‌نەبردوە.



ئێکۆ لە یەکەم وتاری "بەرهەمی کراوە" کە وەکوو پێشەکی‌یەکی تیۆریکە (لەژێرناوی "تیۆریی ئەدەبی بەرهەمی کراوە") لە زاری ئەفلاتوونەوە لە تێزی سۆفیست دا دەڵێ کە نیگارکێشەکان ناتوانن بۆ ئەو وێنەیەی کە ئایدیای خۆیانە، نزیکایەتی دروست‌و راستەقینەی نێوان پاژەکان ڕەچاو بکەن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن تا نزیکایەتی‌یەکان بە چەشنێك بکێشنەوە - ئەو شتەی بەهۆی لاسایی‌گەریەوە دروستیان کردوە - کە جوان بێتە بەرچاو. لەم رووەوە "وێنە یان پەیکەرێك کە ئەگەر لە سووچێکی دیاریکراوەوە ببینرێ لە ئایدیال دەچێ‌و ئەگەر ڕاستەوخۆو بە وردی سەیر بکرێت، وێکنەچوویە" پێی دێنن.[٢٠] بەرهەمی هونەری بە پێی چیەتی خۆی کراوەیە، چونکە پابەندی لاسایی کردنەوەی ڕەها نیەو ناشتوانێ پابەند بێت‌و بە ڕاڤەی جۆراوجۆرەوە پەیوەستە. کەوابوو، جوانناسی بەردەوام مەیلی بۆ هێنانە کایەی بنەما تیۆری‌یەکانی ئارایی ئەم ڕاڤانە هەبووە. بە پێی جوانناسی سەدەکانی نێوەڕاست لە ئورووپادا دەکرا هەموو بەرهەمێك لەچوار گۆشەنیگای جیاوازەوە راڤە بکەیت: ئەدەبی، ئەلیگۆریی، رەوشتی‌و دواجار راڤەی سۆفیانە.[٢١] هەموو راڤەیەك دروستکەری واتایەکی تازەو جیاواز بوو. پەیکەرەکانی کالدێر کە لە پاتۆری رەنگاوڕەنگی سووك دروست کراون، بە گواستنەوەیان لە فەزا دا رۆنانێکی وێنەیی تازە دەخوڵقێنن کە پانتایی ئامرازەکان لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت.[٢٢]

ئێکۆ ڕەگ‌و ریشەی فەلسەفی ئەم چەمکەی لە دیاردەناسی هۆسرێل‌و مێۆلۆپۆنتێ دا دۆزیوەتەوە. ئەو باس لە چەمکی "ئاسۆی هەر پلەیەکی وشیاری" دەکا کە بە ڕای هۆسرێل بەردەوام دروستکەری واتاگەلێکی تازەیە. مێرلۆپۆنتێ تەنانەت زاراوەی کراوە لە کتێبی "دیاردەناسی تێگەیشتن" دا بەکار هێناوەو لەو باوەڕە دایە کە ئەم ئاسۆ فەرهەنگی‌یانە بەردەوام کراوەن.[٢٣] ئێستا



PDF4Kurd

که له چەمکی "بەرهەمی کراوە" تێگەیشتین، دەتوانین لە گرنگترین نموونەیەك کە ئـێکۆ هێـناویەتەوە، واتــە لــە بەرهەمەکانــی جیمـز جـۆیس بـدوێین. لـە Finnegans wake دا جۆیس باس لـە وشـەیەکی رەمـزی دەکا کە دەتـوانێ واتـای زۆر بـدا بەدەسـتەوە "چـونکە بـە شـێوەی جۆراوجـۆر دەنووسـرێت" ئـەم وشـەیە کە نایەتە نووسین، وێنەی کتێبی جۆیسەو تەنانەت زیاتر لەوەش وێنەی جیهانە (کـە رۆمانـی جـۆیس بـە رەنگدانـەوەی زمانیـی (ئـەو جـیهانە) ئـەژمار دەکـرێ)، لـە کاتـێك دا لـە لای دانتـی تەسـلیس (= خـوا، روح القـدس (جـبرئیل)، مەسـیح ) وێـنەی جیهانـی بـوونە **Cosmos** وشـەی جۆیس گریمانەی جیهانێکی شـێوێنراوە **Chaosmos** [٢٤]، جیهانێکـی بێسـەرەوبەرەیە کـە واتاکـەی پێشـتر لـە زەینێکـی ترانسـێندالْ دا جـێگیر نەبـووەو بـە ڕاسـتی "جیهانێکـی کـراوەیە" کـە چـەندین واتـای جـیاواز دەگەیەنـێت. وتـاری ئـێکۆ لەمـەڕ جـۆیس هەوڵـێکە بـۆ دۆزیـنەوەی ئـەو بـنەما ئیسـتاتیکییانەی کـە جـۆیس دروسـتی کـردوون. بەشـی یەکەمـی ئـەم وتـارە بـۆ بەرهەمەکانـی قۆناغـی یەکەمـی ژیانـی جـۆیس وەك: ئیسـتێفێنی قارەمـان، وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا و دابلینییەکان، تەرخان کـراوە. ئـێکۆ سەرچاوەی تیۆری دەرکەوت لە هونەر دێنێتەکایەوە، تیۆرییەك کە جۆیس لـە زاری ئیسـتێفێن لـە وێـنەی هونەرمەند لـە تافـی لاویدابە چەشنێکی گشـتی دەریدەبـڕێو ( لـە گەلاڵەی یەکەمی ئەم چیرۆکە واتە ئێستێفێنی قارەمان بـە وردەکارییەکـی زیاتـر دێتە گۆڕێ). ئەم تیۆرە لە لایەن سێنت تۆماسەوە باس کـراوەو بـە واتـای موکاشفەی کەتوارو پێناسەی هەقیقەت بە یارمەتیی زمانە.[٢٥] ئیسـتێفێن دەڵـێ: "واتـای دەرکـەوت، موکاشـفەی کتوپـڕو مەعنەوییـیە، چ لـە گوتەیەکـی ساکار دابـێت، یـا لـە بزاوت، یا لە چرکەساتێك لە وەبیرهێنانەوەیەکی زەینـــی". [٢٦] ئـــەم "ســـەرهەڵدانی کلاو پـــڕی هەقـــیقەت"ە لـــە بـــنەڕەتدا



موکاشـفەیەکی گیانییـە، بەڵام بەهۆی زمانەوە بەیان دەکرێت. ئێکۆ پێی داگرتوە کـە جـیا لـە زۆربـەی وێکچوونەکان کـە لەنـێوان ئـەم تـیۆرەو رێساکانی تیۆریـی ئەدەبـی لـە یۆلیسێسدا بەدی دەکرێت، دیسانەکە کارێکی دروستو شیاو نابێت کە تیۆریـی ئیسـتیفێن بـە "راگەیەنراوێکـی ئیسـتاتیك"ی بـزانین، کـە یولیسێسـی لەسـەر بنـیات نـراوە. "دەرکـەوت" زیاتـر بەیانکـەری بیروڕاکانـی جۆیسـەو ئـەم بیروباوەڕانـە لـە یولیسێسـدا نـە بـە چەشـنێکی شـێلگیرانە، بەڵکـوو بـە شـێوەی "خالگـەلی گاڵتەیـیو هـەزەلی" دەردەکـەون. کـاری دژوار ئەمەیـە کـە بـزانین کـام بەشـە لە جواناسیی ئیستێفێن لە بەرهەمەکانی دواتری جۆیس دا بەکار هاتوەو کام بەشیش لە پیوار دایە.[٢٧]

بەشـی دووەمـی وتارەکـەی ئـێکۆ بـۆ یولیسـێس تـەرخان کـراوە. رۆمانـێك کـە پێدەچـێ "مـێژووی زەوی بـەر لـە مـرۆڤو لەوانەشـە لـە پـاش ئـەویش" بـێت. (ئەمـە) فەرهەنگۆکـێکە کـە چاوگەکەی نـەك هزری هونەرمەند، بەڵکوو کۆمەڵی مرۆیـی، مـێژوو و کولـتوورە. [٢٨] ئـێکۆ بـە وردی تیۆریـی ئەدەبیـی یۆلیسێسـی تاووتـوێ کـردوەو دەری خستوە کـە تێپەڕین لە یەکێتی وێنەیی ئاخێوی ئەدەبی (ئەمـە کـە پارەکانـی رۆمـان هـەر یەکـەو بـە شـێوەی گێڕانەوەیـی نووسـراون) هێـندەش ئازادانـە ئـەنجام نـەدراوە، بەڵکـوو پارەکـان لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هەمـوو فۆرمەکانـی خـوازە دەربـڕینییەکان لـە "تیۆریـی دەربـڕین" دا پـێك هاتـوون.[٢٩] لـە تیۆریـی ئەدەبیـی کلاسـیك رووداوەکانـی راپۆرتـێك (چیرۆکی یـا مێژوویـی) بـە وردی هەڵدەبژێـردرێن، هەموویان لە روانگەیەکەوە دەگێڕدرێنەوە (یـا لەسـەر بنچینەی پاساوی لۆژیکی، ئاشکرایی روانگە جیاوازیی تێدەکەوێو لە ئـەنجام دا دەگەڕێـتەوە بـۆ روانگـەی سـەرەکیی چـیرۆك گێـڕەوە)، چـیرۆك زیاتـر



PDF4Kurd

لەسەر ئاراستەی تاك هێڵی پێشڤە دەچیٚو وەك بڵێی "هەموو شتەكان لەجێی خۆیان دان".

بەڵام لە یولیسێس دا، سەرەتا وا دەردەكەویٚ كە لە بنەڕەت دا هەڵبژاردنێك لەگۆڕیٚ دا نیەو رووداوە گرنگەكانو (رووداوە) كەم بایەخەكان بە یەكسانی بەیان دەكرێن؛ نە تەنیا روانگەی چیرۆك گێڕەوە، بەڵكوو شێوازی نووسین لە هەموو پارێك دا جیاوازەو خوێنەر خۆی لە تەك جیهانێكی لێواولێو لە فرەییو شتی تازە بەرەوڕوو دەبینیٚ كە لێك پچڕاو و هەزار پارچە خۆی دەنوێنیٚ. هەرچەند ئەم "بەرتەك دانەوەی لۆژیكی گێڕانەوەیی یا لۆژیكی هەڵبژاردنی گەلاڵە" شتێكی تازە نیەو خاوەنی فۆرم گەلی پارێزكارانەیە لە بەرهەمەكانی هێنری جیمز دا [٣٠] بەڵام ئەم ئازادیٚیە بە ڕواڵەت ڕەهایە لە هەڵبژاردندا هێندە سەمەرە دەهاتە بەرچاو كە تەنانەت رەخنەی هەندیٚ لە رەخنەگرە مۆدێڕنیستەكانی لیٚ دەكەوتەوە. لە رێگەی یۆلیسێسەوە بۆ یەكەم جار لە كەوشەنەكانی تیۆریی ئەدەبی دەچینە دەرەوەو یەكسەر دەچینە نێو پانتایی تیۆریی دەربڕینەوە. لێرەوە نەك تەنیا گەلاڵە، پێوەندیی تاك هێڵیو كۆتو بەندی كاتی رووداوەكان، روانگەی جێگیری چیرۆك گێڕەوەو لۆژیكی گێڕانەوە بەلاوە دەنرێن، بەڵكوو بناغەی لۆژیكی ـ فەلسەفی رۆمانی ناوبراو واتە تێگەیشتنی ئاشناو ناسراو لە كاتیش لەنێو دەچیٚ. [٣١] بەم چەشنە پێگەی مرۆڤ گۆڕانی بەسەر دادیٚ. یادنووسێك كە ئیستێفێن لە پەراوێزی وانەی جوگرافیی قوتابخانەكەی خۆی نووسیبووی ـ كە ئەو لە ئیستێفێن ددالۆس بۆ پۆلی قوتابخانەی سەرەتایی كۆنلۆو ڤود، بە شار، ئیرلەندا، ئورووپا، گۆی زەویو جیهان دەگەیەنێت ـ لە یۆلیسێسدا بناغەی ئامادەیی مرۆڤە. جۆرێك ئاڵۆزی كە ئێمە بۆ سەدەكانی نێوەڕاست دەگەڕێنێتەوەو ئاشكرایی، حاشاهەڵنەگریو راشكاویی



بەجیٚماو لە رێنسانس پووچەڵ دەكاتەوەو ترسی پاسكال لەبیٚدەنگی بۆشایی بەتاڵی ئاسمانەكان پاساو دەداتەوە. دروست هەر بەم روانینە ترساوە بۆ ناسینی پێگەی مرۆڤ بوو، كە جۆیس باسی لە "رێبازخانەی ئاكویناسی پیر" دەكرد. لەو (رێبازخانە)یەدا، "تیۆریی دەربڕین" (بە پێچەوانەی رێبازخانەكانی سەردەمی نویٚ) بەهای هەبوو و هەموو گێڕانەوەیەك لەگەڵ "هاوڕێكی مۆسیقایی"دا دەگونجا. ئەم رێسا ناسراوەی سەدەكانی نێوەڕاست (پیٚبەپێی مۆسیقاو چیرۆك) بە تایبەتی لە پاری یازدەیەم دا، ناسراو بە "پەرییە دەرياييەكان" لە یۆلیسێس دا ئاشكرا دەبیٚ، پارێك كە لە كاتژمێر چواری ئێوارە لە مەیخانەیەك دا بەسەر دەچیٚو لەتەك رستەگەلی كورت دا دەست پیٚدەكا كە بیٚمانا دێنە بەرچاو و لانی كەم تا كۆتایی پارەكە ناتوانی هیچ واتایەكیان بۆ بدۆزیەوە. ئەم رستانە لە "دەستپێكی" كۆپلەیەك دەچن كە لەم پارەدا پێشكەش دەكرێت.﴿!!﴾ چەشنی ئۆڤۆرتۆرئۆپێرا كە بە زۆری چەند هەوێنێك لە كۆپلە سەرەكییەكانی ئۆپێرا بە شێوەیەكی كورت كراوە بەیان دەكا.(٣٢) زۆر لە وشەكان لەم پارەدا پیٚ بەپێی مۆسیقا (كە لە "هەمان چركە سات"دا لە مەیخانەكە دەیژەنن) نووسراون. بۆ نموونە بلۆم لە جوانی ماریۆن تیٚدەفكریٚو لەوە كە جوانیی ئەو بەسەر دەچیٚو "دڵبەران هەموو وازی لیٚ دێننو ماندوو دەبن"و لەپاش چاوە گەورە ئیسپانیاییو قژە wavyavyeavyheavyeavyevyevy ەكانی ئەو، ﴿...﴾ كە ئەم وشە سەیرو سەمەریە وەبیرهێنەری دەنگی مۆسیقایە لە مەیخانەدا. بەكارهێنانی مۆسیقا لە دەقداو (هەروەها بنەمای پشت بەستوو بە تیۆریی دەربڕین) ئێمە بۆ سەدەكانی نێوەڕاست دەگەڕێنێتەوە، پۆلێن بەندیی پارەكانی (یۆلیسێس)یش لەگەڵ تێگەیشتنە هونەرییەكانی ئەو ڕۆژگارەدا دەگونجیٚ. هەر یەكە لەهەژدە پارەكانی رۆمانەكە ئەندامێك لە ئەندامەكانی لەش دێنێتە كایەوەو دواجار



PDF4Kurd

جەستەیەك دروست دەكا، جەستەیەك كە سیمبۆلێك لە جیهانە. ئەمەش لە دیدی فەیلەسوفانی سەدەكانی نێوەڕاست بیرۆكەیەكی ناسراو بوو. وێنەی جیهان لە یۆلیسێسدا لەگەڵ گریمان كردنی جیهان لە سەدەكانی نێوەڕاستدا یەك دەگرێتەوە. ئێكۆ نووسیویەتی:

بەرهەمەكانی جیمز جۆیس تەنهاو تەنها بەهۆی چیەتی خۆیان كە پەیوەستن بە سەدەكانی نێوەڕاستەوە، كاریگەرییەكی سیمبۆلیكیان هەیەو دەتوانین واتایەكی ئەدەبی، واتایەكی رەوشتی (یا ئەلیگۆرییەك لەسەر بنەمای راڤەیەكی سۆفیانە) لەوان دا بدۆزینەوە. لەم بەرهەمانە دا "ئۆدیسە"یەك بەدی دەكەین (كە) مرۆڤێكی ئاسایییەو بۆ جیهانی رۆژانەو نەناسراو تەریك خراوەتەوە (مەبەست جیهانی دوور لە ئەفسانەیە) و ئەلیگۆریی كۆمەڵگەی نوێی جیهان بە یارمەتیی مێژووی شارێك و هەروەها هێمایەكیش بۆ شارێكی لاهوتیو پیرۆزمەند دەدۆزینەوە؛ واتایەك بەدی دەكەین لەسەر بنەمای راڤەیەكی سۆفیانە، دركەیەك بۆ هەبوونی تەسلیسی پیرۆز. [٣٣]

سێیەمین بەشی وتاری ئێكۆ لەمەڕ دوایین رۆمانی جیمز جۆیس Finnegans wake ە. هاوسەری جۆیس یەكەمین تانو پۆی رۆمانەكەی لەبیر بوو: تیم فینەگان لە پەیژە بەردەبێتەوەو هەمووان پێیان وایە مردوە. هەڤاڵەكانی لە كۆڕی پرسەكەی دا كۆ دەبنەوەو بە یادی ئەوەوە شەراب نۆش دەكەن. تیم فینەگان رادەچڵەكێو لە جێژنو خواردنەوەی ئەوان دا بەشداری دەكات. لەم گەڵاڵەیەی رۆمانی ناوبراو دا جگە لە هێمایەك ئاسەوارێك نەمایەوە، كە ئەویش ناوی سەمەرەی چیرۆكەكەیە. لێرەدا ناوی فینەگان بە كۆ هاتوەو بێگومان هێمایەكە بۆ گۆرانی كۆنی ئیرلەندی لەژێرناوی "هەڵسانەوەی فینەگانەكان" كە هەلگری تەنزێكی بریندارکەر بوو و لە پیاوێك دەدوێ كە لە كۆڕی ماتەمینی



خۆی دا بەشداری دەكا. بەڵام ئەم گۆرانییە تاكە سەرچاوەی ناوی ئەم كتێبە نیە. هەڵسانەوەی فینەگانەكان، واتە هەڵسانەوەی ئەو فینەگانە دیاری نەكراوەی كە تاك نیە، خاوەن كەسایەتی نیەو لە بنەڕەتەوە ناوی كەسێكیش نیە، یەكێك لە لایەنەكانی ناوی رۆمانەكەیە.

دەتوانین ناوی فینەگان Finngan بكەینە دوو كەرت: Fin هێما بۆ كۆتایی دەكا، رەچەڵەكەكەی بۆ "فینیس" Finis دەگەڕێتەوەو بە واتای سنوورو چوارچێوەیە لە زمانی لاتین دا، كە لە فەرەنسی كۆن دا واتاگەلی كۆتایی، مەرگ، بنەتا، چوارچێوە، كەوشەن، وێستگە (شوێنی راوەستان)ی دەدا بەدەستەوە؛ و egan كە وشەیەكی ئینگلیزیی كۆنە بۆ Ongean دەگەڕێتەوە؛ كە لەنێو ئاماژە واتاییەیە فرەچەشنەكان كە لە زمانی ئینگلیزیدا وەدەستی هێنا، یەكێك لەو (ئاماژە)انە دواجار گۆڕا بۆ وشەی Again كە واتای دووبارەو لە سەرەتاوە دەست پێكردن دەدا بە دەستەوە. یەكێكی دیكە لە ئاماژەكانی لە "ئینگیزی ناڤین"دا واتای پێچەوانەی ئاقارو گەڕانەوەی شەپۆلی دەدا بە دەستەوە. كەوابوو لە ناوونیشانی كتێبەكەدا هاتنە كۆتاییو مردن، لەگەڵ دووبارە دەستپێكردنەوەو هەستانەوە هاوكات پێكەوە هاتوون.

لەبیرمان نەچێ كە خودی رۆمانی جۆیس لە میانەی رستەیەك دا دەست پێدەكا كە بەشی یەكەمی ئەو رستەیە، دوایین رستەی رۆمانەكەیە. چاكتر وایە بڵێین كتێبەكە كۆتایی پێدێت، بەڵام دووبارە لە سەرەتاوە دەست پێدەكاتەوە، پێكهاتەیەكی بازنەیی هەیە، دووپاتە دەبێتەوە،[٣٤] چەشنی پێكهاتەی مێژوو لە دیدی وێكۆوە كە فەلسەفەی مێژووی ئەو كۆڵەكەی رۆمانەكەی جۆیسە.

فین ناوی هۆزگەلێك لە باكووری رۆژهەڵاتی ئورووپا لە هەزارەی یەكەمی زایینی بوو. لەم هۆزانە (كە هەر یەكەیان بە فینیش ناودێر دەكرا) ئاسەوارێك لە ناوی



PDF4Kurd

ولاتی  فێنلەند ماوەتەوە. گێڕانەوە گەلێك لە باوەڕە نەریتییەکانی ئەم هۆزانە لەمەڕ مەرگەوە، جۆیسیان شەیدای خۆیان کردبوو. نەریتی ئەوان لە شەونخوونییە سەرەتاییەکان دا، لەپاش مردنی وارسکەیی، لە بەشێکی دیکەی ناوی کتێبەکەی جۆیس دا هاتوە، چونکە Wake لە (زمانی) ئینگلیزی ناڤیندا واتای شەوارەشی دەدا بە دەستەوەو ئەم هۆزانە دەریاوان بوونو واتایەکی دیکەی وشەی Wake دەڤیکی کەشتییەو، (ئەو هۆزانە) مردوەکانی خۆیان دەسووتاندو Finnan لە ئینگلیزیی کۆن دا بە واتای دووکەڵیش بەکار دەهات. باسەکەمان تا ئێرە بە باشی ئاشکرا دەکات کە ناوی رۆمانەکەی جۆیس کە ئەم ئامرازە سیمانتیکییانەی لەخۆی دا شاردۆتەوە، لە وەرگێڕان نایەت، تەنانەت ئەگەر بێتو گرفتە فۆنۆلۆژیکییەکان لەبەرچاو نەگرین. بەڵام دەبێ بزانین گرفتەکان دەستیان پێکردوە: Finn دەتوانێ هێمایەکیش بێ بۆ فین مەك کۆمهیل (ناسراو بە فین مەك کۆڵ) کە قارەمانی نەتەوەیی ئیرلەندایەو یەکێك لە قۆناغە مێژووییەکان لە پڕۆژەی بازنەی مێژووی ویکۆ دا، سەردەمی پاڵەوانیەتییەو لە رێگەی ئەم نموونەیەوە دەچینە نێو راڤەکانی ناوی کتێبی جۆیسەوە کە لە ئەژمار نایەن. بەڵێ، تەنانەت ناوی رۆمانەکەی جۆیس ناوێکی کراوەیە لەبەردەم راڤەو وەرگێڕانە زۆرو زەوەندەکان دا. زمانی رۆمانەکەی جۆیس رۆنانێکە لە وشەکانی زمانە جۆراوجۆرەکان. زۆر لە پەیڤەکانی کتێبەکە لە کۆمەڵە رۆنانێکی پاژی دروست کراون کە هەر یەکەو بە زمانێکی تایبەتی واتایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم وشە کلیلیانە دەتوانین بەچەندین واتای جۆراوجۆر وەربگێڕین. هەندێ جار واتای ئاشنا دەدەن بە دەستەوە کە لە ڕستەدا بێمانانو ئەگەر هاتوو راڤەیەکی دیکەمان لەسەریان ئەنجام دا واتا بەرهەم دێنن. هەندێ جار دۆزینەوەی رەمزەکەیان زۆر دژوارەو تەنانەت نەلواوە. جۆیس (بە زمانی



فەرەنسی) گوتبووی: "گەیشتوومەتە بنی ئینگلیزی". رۆمانەکە باس لە مۆتەکە گەلێك دەکات کە پێنج ئەندامی خێزانێك لە شەوێك دا دەیان بینن.

کۆمەڵە مۆتەکەیەك کە تێك چرژاونو ناتوانی پەی بە نهێنییەکەیان ببەیت. یولیسێس باس لە رۆژێکی دابلین دەکاو ئەم رۆمانە Finneganswake لە شەوێکی ئەو دەدوێ. کتێبەکە جۆیس گوتەنی "بە زمانی شەو" نووسراوەو دەبێ بە "جوانناسیی خەو بینین" ناودێری بکەیت. ئاڵۆزیو راڤەگەلی هەمەچەشن نهێنیی ئەم "قارەمانێتی شەوانە"یەن. لە کۆتایی وتارەکە دا، ئێکۆ بۆ باسی پێوەندیی جوانناسیو هونەریی سەدەکانی نێوەڕاست گەڕایەوە. ئەو دەری خست کە چەمکی دەرکەوت لەدوایین رۆمانی جۆیس دا میتافۆرێکی ئەپستمۆلۆژیکەو هەر ئەم خاڵە هاوشێوەیی ئەم رۆمانەی لەگەڵ هونەری سەدەکانی نێوەڕاستی لێکەوتۆتەوە. لە هونەری ئەو بابلیسکانە داو هەروەها لە ڕۆمانەکەی جۆیس دا قەیرانەکانو دواکەوتنە فیکرییەکان، پێبەپێی کەڵەکە بوونی ئەزموونەکانو پێگەیشتوویی هزرەکان ئامادەییان هەیە. لە هەردووکیان دا زمان دەگاتە بنی خۆی.[٣٥] جۆیس لە وانەبێژانی سەدەکانی ناڤین فێری گەڕان بە دووی ڕەچەڵەکی وشەکان بووەو لەوەش زیاتر فێری گوێ نەدان بە هەستو نزیك بوونەوە لە ئاوەزی هەمووان بووە. ئێکۆ لەم یاسایانەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە Finneganswake یەکەمین نموونەی ئەدەبییە لە مێتۆدی دەربڕینی هونەری مۆدێرن دا؛ مێتۆدێك کە هونەرە بەرجەستەکارییەکان زووتر پێی گەیشتبوون. واتە دۆزینەوەی زمانێك کە روونکەرەوەی جیهان نیە، بەڵکوو رەنگدانەوەی جیهانە. لە رۆمانەکەی جۆیسدا وشە سەرناکەوێ. بە شێوەیەك نیە کە تەنیا یەکجارو بۆ هەمیشە وشەیەك پێناسە بکرێتو بزانرێتو لە ریتمی دەنگیو واتایی خۆی، لە یاساکانی خۆی کە دواجار



PDF4Kurd

دەناسرێن، جیهان و مێژووی ئایدیالی ئەو پێناسە بکاو روونی بکاتەوە. جیمز جۆیس، بەم پێیە پاڵەوانێکە، چونکە شەڕ لەگەڵ گەوهەری زمان دا دەکا، جۆیس شەڕەکەی بەربڵاو کردوە، ئەو نەك تەنیا ئاماژە ناسراوە زمانییەکان، بەڵکوو لە بنەڕەتەوە خودی ئاماژەی پەسند نەکردوە. ئیدی ناتوانی بڵێیت کە لە سەرەتاوە وشە هەبوو.رۆمانەکەی جۆیس دەڵێ لە سەرەتاوە ئاژاوە هەبوو.(٣٦) ئاژاوە درێژەی هەیە.

٣

بەرهەمی کراوە لە دەیەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٠ چەشنی بەرهەمێك کە "هێشتا رێگەی خۆی نەدۆزیوەتەوەو پێش نیشانەناسانە Presemiologiece یە" هەڵدەسەنگێنرا. بەلام لە دوایین ساڵانی دەیەی ١٩٧٠ کە ئاخێوی پێکهاتەگەرایی، رێڕەوی تازەی پەیدا کردو پێشڕەوەکانی مەسەلەی راڤەی دەقیان هێنایە ئاراوە، واتە دروست لەو شوێنەوە کە نیشانەناسی لە هێرمێنۆتیکی ئەدەبی نزیك بوویەوە، گرنگی کتێبی بەرهەمی کراوە دەرکەوت. وا دەردەکەوێ کە ئەم کتێبە بیست ساڵ زووتر نووسرابوو و وتەکانی لەگەڵ تیۆریی ئەدەبی دەیەی ١٩٨٠دا یەك دەگرێتەوە. ئێکۆ خۆی لە چڵەپۆپەی باڵادەستی باسەکانی "پێکهاتەگەرایی ئۆرتۆدۆکس"دا چەندین جار پێی داگرت کە هەوێنی سەرەکی بەرهەمی کراوەی لە بەرهەمەکانی دواتری خۆی درێژە پێداوە. ئەم هەوێنە، بە تایبەتی لە جوانناسیی سێنت تۆماس و تێگەیشتنی پۆست رۆمانتیکی جیمز جۆیسدا شایەتیەکە "بۆ ئەو هەوێنە سەرەکیە". بەرهەمە تیۆرییەکانی ئێکۆ، بە تایبەتی "تێزێك لەبارەی نیشانەناسی گشتی و نیشانەناسی و فەلسەفەی زمان" لەم دەستمایە سەرەکییە جیا نین، زمانی هونەری و شێوازناسی تایبەتیی ئەم کتێبانە بوونە لەمپەرێك لەبەردەم زۆربەی توێژەران و نەیانتوانی ئەم هەوێنە بدۆزنەوە. لە لایەکی دیکەوە سەرنجدانی ئێکۆ بە فەلسەفەی شیکاری و هزری پیرێس ـ کە لەم کتێبانەدا ئاراستەی سەرەکیی باسەکان پێك دێنێ ـ تا ڕادەیەك لەگەڵ چەشەی "پێکهاتەگەرا فەرەنسییەکان" ناکۆك بوو.(٣٧) هەر لە بەرهەمە سیمیۆلۆژیکییە بەراییەکانی ئێکۆ کە لەوان دا تیۆرەکەی لەمەڕ رەمزەکان، پێکهاتەو سیستم هاتە گۆڕێ، دەقە ئەدەبییەکان چەشنی تاقیگەی تیۆرەکەی بەکار هاتن. لە هەنگاوی یەکەم دا ئێکۆ تیۆرەکانی یاکۆبسێن، مۆکارۆفسکی و هزرڤانانی رێبازی پراگی پەسند کرد کە لەو باوەڕە دابوون دەبێ لەنێوان ئاخێوی ئەدەبی و زمانی سروشتی و زمانی رۆژانە جیاوازییەك دابنرێ. ئێکۆ خاڵی دیکەش لەوان فێربوو کە بریتیبوو لەوە کە دەبێ شوێن دەستپێکی کارەکە "نیشانەناسی" بێ، نەك فەلسەفەی زمان. لە "تێزێك لەبارەی نیشانەناسی گشتییەوە" جەختی کرد کە "زمانی ئیستاتیکی ئاماژە بە دەق دەکا نەك پەیام. دەتوانین پەیامی زۆر کە هەر یەکەو بە سیستمێکی تایبەتیەوە پەیوەستن، بۆ دەقێك بدۆزینەوە" (٣٨) خاڵێکی تازە کە ئێکۆ خستیە سەر رێسای پێشڕەوە پێکهاتەگەراکانی خۆیەوە، جەختی لەسەر ئاراستەی پراگماتیکیی هەموو دەقێك دەکرد. واتە دەقی ئەدەبی لەگەڵ هەموو فۆرمەکانی دیکەی دەقەکان لە یەك خاڵی بونیادی دا هاوبەشن و ئەم خاڵەش سروشتی پێوەندیی دەقە. راستە کە دەق ئازادانە پەسندو راڤە دەکرێ، واتە ئاراستە پراگماتیکییەکەی لە دەرەوەی ویستی دانەرو خوڵقێنەرەکەی کار دەکات، بەلام خاڵی گرنگ لێرەدایە کە دەقی پێشکەش کراو (یا دەقی چاپکراو) بە مەبەستی دروستکردنی پێوەندی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. تەنانەت نووسەرێك کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بۆخۆی دەنووسێ، بە بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکەی، دەق دەخاتە نێو پرۆسەی پێوەندییەوەو لەوانەیە بە نیشاندانی جۆرە دڵەڕاوکێیەك لەمەڕ چارەنووسی

PDF4Kurd

دەق، خۆی لە بەرپرسیارێتی بدزێتەوە. دەق ئامادەی جێگیر بوون لە سیستمێکی تازەی ڕەمزەکان دەبێت. بەڵام دەبێ بڵێین کە سیستم گەلی ڕەمزە فرەچەشنەکان لە سیستمێکی کۆتایی پۆلێن بەندی دا جیٚیان نابێتەوە.[٣٩] لە کاتێك دا ئاخێوی جوانناسانە خۆی لقێکە لە تیۆریی بەرهەم هێنانی سیمیۆلۆژیك، ڕاڤەی دەقی ئەدەبیو هونەری، ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم تیۆرەوە. ئێکۆ لە "پێکهاتەیەکی بێ پێکهاتە" دەدوێ (کە وەبیرهێنەری دوایین نووسینەکانی ژیل دلۆز بە تایبەتی گەلاڵەی ئەو لەمەڕ "ریزۆم" یا ڕووەکێکی بێ بنچە) [٤٠] ناوونیشانی ئیتالیایی، کتێبێك کە من بە پێکهاتەی پیوار وەرم گێڕاوە دوو واتای هەیە: anssente Lastrutture لە لایەکەوە دەتوانین بە "پێکهاتەی پیوار" ناودێری بکەینو لە لایەکی دیکەوە بەسەرنج دان بەم خاڵە کە وشەی assente لە زمانی ئیتالیایی دا کەسی سێیەمی تاك لە کرداری assentireدا بە واتای دان پیانانو قبووڵکردنە، دەتوانین ناوونیشانی کتێبەکە بە "پێکهاتەی پەسندکەر"و تەنانەت "پێکهاتەیەك کە دەڵێ بەڵێ"ش لە قەڵەمی بدەینو بۆ پاساودانی ئەم دوو ناوونیشانە لە کتێبەکە دا نموونەش بهێنینەوە. ئێکۆ دواتر لە کتێبی خوێنەر لە چیرۆکدا نووسی کە پرسیاری دێرین لەبارەی نیشانەوە (چۆن ئاماژەپێکەرێك لە ئاماژە پێکراو دەدوێ؟) بەهۆی بەرهەمەکانی پیرێسەوە بۆتە پرسیارێکی تازە: بە چ جۆرێ جێگۆڕکێی نیشانەکان ڕوو دەدا؟ [٤١]

ئێکۆ پێی داگرتوە کە پێکهاتەگەرایی دیاردەیەکی تازە نیەو وەکوو مێتۆدێك لە زانستە سروشتیو فیزیکییەکان دا ڕابردوویەکی دوورو درێژی هەیە، جگە لەوەش لە فەلسەفەو لۆژیکیش دا ناسیاو و هاوڕێیەکی دێرینە. [٤٢] هەر لە بەرهەمی سۆفیستەکانەوە تا دەگاتە ئەمڕۆکە دەتوانی شوێن پێی ئەم هاوڕێیە هەڵگری: "دەبێ بڵێین کە شێوەو جۆرەکانی نیشانەناسی لە جۆرەکانی فەلسەفە



زیاترە".[٤٣] جگە لە سۆفیستەکان سێنت ئۆگۆستین زۆر لە پرۆبلماتیکە سەرەکیو (مۆدێڕنەکانی) نیشانەناسی لەبەرهەمەکانی خۆیدا بەکار هێناوە، چونکە ناچار بوو بابەتی بەرەوڕوو بوونەوەی مەسیحیەت لەگەڵ نووسینو خوێندنەوە بهێنێتە گۆڕێو لە ئەنجام دا گەیشتە ئەم پرسیارە سەرەکییە کە: "ڕاڤەی دەق چیە؟" ئێکۆ نووسیویەتی کە تیۆریی ڕاڤەی دەقی ئۆگۆستین بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مۆدێرنەو تا ڕادەیەك هاوشێوەی تیۆرەکانی ویتگنشتاینە.[٤٤] لە سەردەمێکی نزیکتر لە سەردەمی ئێمەوە لەگەڵ کتێبی جان لاك (واتە) "تێزێك لەمەڕ تێگەیشتنی مرۆڤەوە" بەرەو ڕوو دەبین. تێزەکە بەم خاڵە کۆتایی پێدێت کە لە زانستدا سێ بابەتی سەرەکی هەیە: ڕەوشت، فیزیكو نیشانەناسی. لاك وشەی یۆنانی "سیمیۆتیکە"ی بەکار هێناوە: تاکوو بتوانێ هێما بۆ ڕەچەڵەکی کۆنی ئەم "بابەتە زانستیە" بکات. بێگومان پێداگری لاك لەسەر گرینگی نیشانەناسی بوو بە ڕێخۆشکەری نووسەرانی "فەرهەنگنامە" لە سەردەمی ڕۆشنگەری داو کۆندیاك تیۆرێکی لەمەڕ فۆرمە جیاوازەکانی نیشانە لە ژیانی فکری دا هێنایە ئاراوە کە لە ڕاستی دا بوو بە بناغەی باسە سیمیۆلۆژیکییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (بۆ نموونە لە باسەکانی دوستوت دوتراسی). لە سەردەمی نوێش دا هۆسرێل بەدی دەکەین کە تیۆرەوانی "نیشانەناسی"یەو پاشان لەگەڵ ئەم کەتوارە دا بەرەوڕوو دەبین کە بەشی سەرەکی ئاخێوی فەلسەفی لە دەوری بابەتی زمان دا چڕ بۆتەوە.[٤٥] بە دەربڕینێتر لە ڕەوتی دوو هەزار ساڵی ڕابردوو دا، پرسیار یەك شت بووەو وڵامەکان جیاوازو فرەچەشن. گرنگ ئەوەیە کە بزانین جاروبار (نەك هەمیشە) فەلسەفە بەهۆی زاراوەکانی نیشانەناسییەوە ڕێسای بۆ دانراوە. لە دوایین بەشی پێکهاتەی پیوار دا ئێکۆ پشتگیری لە پێکهاتەگەرایی نوێ ("مێتۆدێك کە لە



PDF4Kurd

فەڕەنسا دا بەرەوی پەیدا کردوە") کردو رای گەیاند کە بەرتەکدانەوەی ئەم میتۆدە بە مانای رەتکردنەوەی فەلسەفەیە. کەوابوو بە ناچاری گەڕایەوە بۆ مێژووی نیشانەناسیو باسی لە ئەرەستۆ کرد کە بە باسکردن لە گەوهەر، ئەم میتۆدەی راژە کردبوو. باسی ئەرەستۆ لەم بارەوە کە ئایدیا لە دەرەوەی ئارایی فیزیکیی شتەکانی دیکە دا دەناسرێتەوە، بە بناغەی میتۆدی پێکهاتەگەرا ئەژمار دەکرێ.[٤٦] بەم پێیە پێکهاتە "فۆرمی دیاریکراوی پێوەندییە ناوەکییەکانەو سیمبۆلێکە بۆ توێژینەوە. بەم چەشنە تیۆریی ئێکۆ کە پێکهاتە لە چوارچێوەی پێوەندییە ناوەکییەکانی رەمزەکان دەهێڵێتەوەو فۆرم بە واتای تایبەتیی وشە لەبەرچاو ناگرێ، باسێکی ئەرەستۆییە. پێکهاتەگەرایی نوێ کە لە بەرهەمەکانی سۆسۆرەوە دەستی پێکردوەو، نیشانەناسە فەرەنسییەکان کامڵیان کردوە، وەکوو فۆرمی وشیارانەی تاووتوێی پێوەندییە ناوەکییەکانی فۆرمێکە. بەهۆی ئەم باسانەوە ئیدی روون بۆتەوە کە دەتوانین ئەم سیمبۆلە وێنەییە بدەینە پاڵ هەموو دیاردەیەك.[٤٧] بە بۆچوونی ئێکۆ لە باسە فەلسەفیو ئەدەبییەکانیش دا چەمکی ئوستوورەیی "پێوەندییە ناوەکییەکانی توخمەکان کە دروستکەری گۆڕانکارییەکانی گشت (کل)ە" شتێکی تازە نیە. هێندە بەسە پێکهاتەگەرایی پشت بەستوو بە تاووتوێی گۆڕانکارییەکانی فۆرم کە لوسیەن گۆڵدمەن پشتگیریی لێ دەکرد وەبیرخۆمان بێنینەوە.[٤٨] گۆڵدمەن گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی لە "سروشتی زەمەنمەندو مێژوویی" خۆی دا خستبوویە ژێر لێکۆڵینەوەو پەی بە گرینگیی تاووتوێی هاوکاتی نەبردبوو.

باسی سەرەکی پێکهاتەگەرایی مۆدێرن، تێپەڕین لەم زەمەنمەندییەیە، بەڵام بە هەرحاڵ لەبیرمان نەچێ کە خاڵی سەرەکی، واتە سەرنج دان بە پێوەندییە ناوەکییەکانی توخمەکان لە بەرهەمەکانی گۆڵدمەن دا هاتۆتە گۆڕێ.[٤٩] لە ڕێگەی گەلاڵەی "پێویستیی تێپەڕین لە زەمەنمەندی"یەوە لە مەیلی ئێکۆ بۆ فەلسەفەی شیکاری تێ دەگەین. ئێکۆ بە پێچەوانەی زۆر لە رەخنەگرانی پێکهاتەگەرا گوێ ناداتە نەریتی دیاردەناسیو بنچینەی زۆر لە باسە تیۆرییە سەرەکییەکانی ئەو دەبێ لە فەلسەفەی شیکاریدا بەدی بکەیت. بە ڕای ئێکۆ بنەمای شیکردنەوەی سیمیۆلۆژیك تێگەیشتنە لە پێوەندیە ناوەکییەکانی توخمەکان، لەم رووەوە لەگەڵ شیکردنەوەی فێنۆمێنۆلۆژیك، کە پێی وایە ئەم ڕێژانە لەبەرچاو ناگرێ، تەبانیەو بانگەشەی ئەوە دەکا، کەپێکهاتەگەرایی پێوەندییە ناوەکیەکانی توخمەکان دەهێنێتە ئاراوە، لە کاتێکدا دیاردەناسی بەدووی "ئارایی"شتەکان دەگەڕێ. دیاردە ناسان لەو باوەڕەدان کە بەر لە هەرچەشنە دیاریکاریەك شتەکان لە ڕێگەی پۆلێن کردنی بابەتو ڕێساو گشتگیرییە تیۆرییەکانەوە دەناسنو بە دووی بابەتگەلی دیاریکراو دەگەڕێن، لە کاتێکدا نیشانەناسان سیمبۆلێکی ئەبستراکت وەکوو بنەمای میتۆدی تاووتوێکردنی خۆیان لەبەرچاو دەگرنو بەردەوام خەریکی گشتگیریی تیۆریكو بەراوردو بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی (استقراو)... هتدن.[٥٠] لەم رووەوە ئێکۆ بەردەوام لەگەڵ هەرچەشنە فۆرمێکی دەرکەوتی "تیۆریی ئەنتۆلۆژیك" دژایەتی کردوەو لەم ڕێڕەوەش دا خۆی لە نەریتێکەوە نزیك دەخاتەوە کە تێگەیشتنی ئەزموونی بە ڕێسای سەرەکیی توێژینەوەی هەقیقەت دەزانێ. گەر بمانەوێ نیشانەناسی ئێکۆ بە هۆی تایبەتمەندییەکەوە لە فۆرمەکانی دیکەی باسە سیمیۆلۆژیکییەکان جیابکەینەوە، دەبێ باس لە "نیشانەناسی پێوەندی" بکەین، مەبەست ئەوەیە کە ئێکۆ جەختی لەسەر ئاراستەی پراگماتیكو پێوەندیکارانەی نیشانە کردوە. ئەو لە پێکهاتەی پیوار دا بە ڕاشکاوی نووسیویەتی کە هەموو شێوە هێمایەك تەنیا ئەو کاتە لە پانتایی ئاماژەی واتاییدا جێدەگرێ کە بە

PDF4Kurd

کەڵکی پێوەندی بێت. بە ڕای ئێکۆ نەك تەنیا زمان، بەڵکوو تەواوی گریمانەو وێنەکان، دەنگەکان و شتەکان، جووڵەو گۆکردنەکان، بە کورتی هەموو ئەو دیاردانەی کە لەنێو سیستمی نیشانەکان دا ئامادەن، تەنیا لە ئاستی پێوەندیدا گرنگن و تەنیا لەبەر ئەوە کە بابەتی پێوەندین، لە سیستمی نیشانەکان دا پولێن بەندی دەکرێن. ئەم بڕیارە وەبیرهێنەری باسەکانی پیرێس و مۆریس لەبواری نیشانەناسی دایە. ئەم وێکچوونە کاتێك کە ئێکۆ باس لە ڕەمزەکان دەکا زیاتر ئاشکرا دەبێ. هەموو کردە پێوەندیکارییەکان بە ئامادەبوونی ڕەمزەکان واتا پەیدا دەکەن "کە ئەو ڕەمزانە" لە دیدێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە پێك هاتوون. بەم چەشنە نیشانەناسی دێتە نێو پانتایی پێوەندی سیستمی نیشانەکان و سیستمی ئایدیۆلۆژیکییەوە. یەکێك لە لایەنە پێشکەوتووەکانی هزری ئێکۆ ئەوەیە کە لە کۆتی چوارچێوەی ئاخێوی سیمیۆلۆژیکی دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا نەمایەوەو ترسیشی لە هێنانەگۆڕی شیکردنەوەی "نێوکاتی"و مێژوویی نەبوو. لە پێکهاتەی پیواردا ئێکۆ، لەپاش سەلماندنی ئەم بڕیارە کە هەموو سیستمێکی نیشانە، خاوەنی هەر فۆرمێك بێ، لە ئاستی پێوەندیدا هەیەو واتادارە، بە وەبیرهێنانەوەی ئەم بڕیارەی پێرێس کە ئاماژە پێکراو لە ڕاڤە بەدەر نیە، لە پەیامی جوانناسانەی کۆڵیەوە. ئەو لە بڕیاری یاکۆبسێنەوە دەستی پێکرد کە "بە پێی بڕیارەکە" پەیام خاوەنی ئاراستەیەکی ئاڵۆزەو سیستمی ڕەمزەکانی، هەربەهۆی ئەم ئاڵۆزیەوە ڕێسا هەڵگر نیە. ئێکۆ ئەم ئاراستە ئاڵۆزەی لە "لۆژیکی کراوەیی ئاماژەی واتای لە بەرهەمی هونەری دا" ئەنجامگیری کرد؛ لۆژیکێك کە دروستکەری ڕەمزگەلی نوێ و تایبەتییە. هەندێ جار بە ئاسانی دەتوانی بیناسیتەوە (بۆ نموونە هەمووان دەزانن کە لە پاش



کۆمێدیای یەزدانی دانتی، زمانی ئیتالیایی گۆڕانی بەسەردا هات و ڕەمزگەلی تازەی بەدەست هێنا) هەندێ جار تێگەیشتنی ئاستەمە.

بەرهەمی هونەری تا ئەو جێیەی کە چەشنی ئاخێوی جوانناسانە لە گۆڕێ دابێ کراوەیە، واتە ڕاڤەگەلی لە ڕادەبەدەر هەڵدەگرێ و لەم ڕووەوە خاونی واتایەکی کۆتایی نیە، قەڵەمڕەوە واتاییەکەی تەم و مژاویە، لە تەك قاڵبە سادەو ئاشناکانی پێوەندییە ڕۆژانەکان یەك ناگرێتەوە.[51] ئێکۆ لێرەدا لە چەمکی نامۆسازی و ناسیاوی سڕینەوەی فۆرمالیستەکان دوا کە گەوهەری بەرهەمی هونەری یان لە "بە نەناسراوی مانەوە"یدا دەبینینەوەو خۆی گەیشتە ئەو ئەنجامە کە تێگەیشتن لە پەیامی جوانناسانە لەسەر بنچینەی دیالکتیکی پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی ڕەمزەکانە. لە کۆتایی باسکردن لە پەیامی جوانناسانە، ئێکۆ خشتەیەکی کێشایەوە کە ڕای خۆی لەمەڕ پێوەندیی سیستمی نیشانەکان و سیستمی ئایدیۆلۆژیك دەردەبڕێ. نموونەکەی لەم خشتەیە دا شیعری بەناوبانگی شاعیری فەڕەنسی سەدەی شانزدەهەم واتە ڕۆنسارە: "نازدارەکەم، ببینە گوڵی سوور ئەم بەیانیە پشکوت..." ڕەوانەکاری پەیام پییەر دوڕۆنسارە. ئەو پەیامێکی شاعیرانەی ناردوەو بۆ ئەم کارە کەڵکی لە ڕەمزەکان (سیستمی ڕەمزەکانی زمانی فەرەنسی لە سەدەی شانزدەهەمی زایینی) وەرگرتوەو ئەم کارەی بە پێی ئایدیۆلۆژیەکی تایبەتی (بەستێنی پێوەندیە ناوەکییەکانی ڕەمزەکان و زۆر لە "ڕەمزە لاوەکیەکان") ئەنجام داوە. ئەم پەیامە بە یارمەتیی هێماگەلێکی تایبەتی (زمانی نڤیسیاری" و لە ڕێڕەوە تایبەتییەکان (کتێب، دەستنووس و هتد)ی دەربڕین، وەردەگیرێ و پەسند دەکرێ. مەبەست لە پەسند کردن یا وەرگرتنی پەیام، لە هەنگاوی یەکەم دا فۆرمی بینراو و هەستپێکراوی نڤیسیارییە کە دەگۆڕێت بۆ نیشانەگەلێك کە هەڵگری ئاماژەی



PDF4Kurd

زماننناسانەن. بەم چەشنە پەیام دەچێتە بواری ئاماژەی واتایی‌یەوە. شێعر ڕۆنسار دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەی زانیاری (چەشنی سیستمێك لە ئاماژەگەلی واتایی کە شایانی هەڵبژاردنن) و بە وەرگری پەیام دەگات. وەرگر، لە نموونەکانی ئێمە دا، خوێنەری شێعرە، کەسێك کە ئێستا دەژی. ئەو ئاماژەکانی پەیام دەگۆڕێت بۆ هێماگەلی جیاواز (کە هەندێ جار لەمەبەستو ویستی شاعیر، زۆر دوورن). وەرگر، پەیام لەگەڵ کۆمەڵە ڕەمزێك کەخۆی بەکاریان دێنێ دەگونجێنێ ( بۆنموونە واتای کۆمەڵە وشەیەکی شێعرێك دەخاتە جێی واتا ئەمرۆیی‌یەکانیانەوە، ﴿بۆنموونە﴾ وێنایەك کە ئەمڕۆکە لە ئەوین هەمانە بە شێوەیەکی جیاواز لە وێنای سەدەی شانزدەهەمو لە وشەی mignonne یا نازدار دا دەردەکەوێ. ئەم خاڵە بە تایبەتی لەمەڕ زۆر لە ڕەمزە لاوەکی‌یەکان بە شێوەیەکی واتاناسانە گرنگی پەیدا دەکات).

تێگەیشتنی وەرگر پەیوەستە بە زۆربەی ڕەمزە لاوەکی‌یەکانەوە: بۆنموونە لە هەمبەر ڕەمزە زمانی‌و ڕەمزە گوتەیی‌یەکانی وەرگر، چەمکە سۆزداری‌یەکان بە پاژەکانی پەیام (نازدارەکەم، گوڵی سوور، بەرەبەیان...) بەستراونەتەوە. دەبێ بزانین ئایا هەر یەکە لەم پاژانە بەوردی هەمان واتای سەدەی شانزدەهەمیان پاراستوە یان نا. خاڵگەلی وردتریش هەن، بۆ نموونە مێیینە بوون یا نێرینە بوونی خوێنەری شێعر، خاڵێکی دیکەش هەیە: ئایا زمانی فەڕەنسی "زمانی زگماك"یەتی یان نا (ئەگەریش نەبێت دەبێ کاریگەری‌یە سۆزداری - دەروونی‌یەکانی فۆنیمی وشەکانی شێعر لەبۆ ئەو خوێنەرە ڕەچاو بکرێ: بۆ نموونە دەبێ بزانین کە ئایا وشەی rose لە "زمانی زگماك"ی وەرگری پەیام واتای هەیە، یان نا، لە روانگەی فۆنۆتیکی‌یەوە ئەم "موسیقای ئاخاوتە"یە چ کاریگەری‌یەکی لەسەر دادەنێو...) دواجار دەبێ دیاریکاری‌یە فەرهەنگی‌یەکان



کە لەگەڵ ئەم پەیامە کەوتوون، بناسینەوە. بۆ نموونە گوڵی سوور ئەمڕۆکە وەکوو سیمبۆلی چ شتێك بەکار دێ. ئێکۆ کۆی ئەم ڕەمزانەو ڕەمزە لاوەکی‌یەکانی وەرگری لەژێرناوی "دەزگای تیۆریی دەربڕین" دیاریکردوەو لەو باوەڕە دایە کە ئایدیۆلۆژیای پەیامنێری پەیام هەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کاتی وەرگرتنی پەیامو هەم بە شێوەیەکی مێژوویی کار دەکاتە سەر ئەم دەزگایە. وەگر یا خوێنەری شێعر بە وەرگرتنی پەیام، ئەو پەیامە دەکات بە پەیامێکی ڕاڤەکراو، واتە پەیام وەکوو هێماگەلێك دێتە گۆڕێ. ئەم سیستمی ئاماژە واتایی‌یە تازەیە، بە نۆرەی خۆی، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانیاری نوێ بۆ وەرگرەکانی تری پەیام، (بۆ نموونە بە مەرجێ ڕاڤەی خوێنەری ئەمڕۆیی شێعری ڕۆنسار بنووسرێتەوە) و بەستێنی ئایدیۆلۆژیکی سەردەم دەوڵەمەندتر بکرێ. بەڵام ئەم ئایدیۆلۆژی‌یە، دەستبژێر کردنی ڕەمزەکانو ڕەمزە لاوەکی‌یەکان بەسەر وەرگر دا دەسەپێنێ. وەرگر بێگومان جۆرە چاوەدێری‌یەکی مۆرفۆلۆژیکیش دەخاتە سەر دروستی‌و وردی پەیام، کە بەر لەهەموو شتێك بە ڕێڕەوەکانی دەربڕینی پەیام (کتێب، دەستنووس‌و...) بەستراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە وەرگر دەتوانێ لە سیستمی ڕەمزەکانی پەیامنێر لە روانگەی زماننناسی‌و مۆرفۆلۆژیی مێژوویی‌یەوە، ئاگادار بکرێتو هەروەها زاڵ بێت بەسەر سیستمی ڕەمزە لاوەکی‌یەکانی پەیامنێر لەرێگەی وشەناسی مێژوویی یا ناسینی مێتۆدی دەربڕین، یا تیۆریی دەربڕینو... هتدو لە ئەنجام دا لە ڕێگەی تاووتوێی کولتوور یا مێژووی باوەڕە ئایدیۆلۆژیەکان نێرەری پەیامیش بناسێتەوە.[٥٢]

دوایین کاری ئێکۆ لەبواری نیشانەناسی دا، هەرچەند خاڵێکی تازە ناخاتە سەر لایەنە تیۆرییەکانی باسەکانی پێشووی ئەو، بەڵام دەرخەری نزیکبوونەوەی ئەوە لە هێرمێنۆتیکی ئەدەبی کە لە کتێبی خوێنەر لە چیرۆکدا بەم لاوە، بە



PDF4Kurd

شێوەیەکی وشیارانە درێژەی پێدراوە. کتێبی نیشانەناسیو فەلسەفەی زمان جۆرە مێژوویەکی نیشانەناسییەو لە هەمان کات دا پێنج چەمکی سەرەکی کە بابەتی زۆر لە لێکۆڵینەوەکان لە دوو دەیەی رابردوو دا بوون، روون دەکاتەوە. ئەم چەمکانە بریتین لە: نیشانە، ئاماژە پێکراو، مێتافۆر، سیمبۆڵو رەمز (کۆد). هەموو ئەمانە لەروانگەیەکی مێژوویی‌یەوە هاتوونەتە بەرباسو هەروەها دەخزێنە نێو تیۆریی ئێکۆ لەمەڕ نیشانەناسی‌یەوە. بە بۆچوونی ئێکۆ ئەم چەمکانە، لە هەمان کات دا، لە چەقی باسەکانی فەلسەفەی زمانیش دان. [٥٣]

ئێکۆ لە پێشگوتارێکی کورت دا ئەم ڕایەی جارێکی دیکە هێنایە گۆڕێ کە بریتی‌یە لەوە کە نیشانەناسی دیاردەیەکی تازە نیە. ئەو نیشانەناسی گشتی بە جۆرێك ئاخێوی فەلسەفی دەداتە قەڵەم (لە وتووێژێك دا ئێکۆ تەنانەت نیشانەناسی گشتی بە تاکە ئاخێوێکی فەلسەفی پێناس کرد.[٥٤] ئەو پاشان نیشانەناسی‌یە تایبەتی‌یەکانی چەشنی زانستەکان پێناس کرد: نیشانەناسی هێماکانو فۆنۆلۆژی، نیشانەناسی هێماکانی هاتووچۆ، کەشناسیو هتد. دواجار نیشانەناسی بەکاربەری لە نیشانەناسی تایبەتی جیاکردەوە. بۆ نموونە باس لە بەکارهێنانی نیشانەناسی لە رەخنەی ئەدەبی، یا ڕەخنەی سینەمایی کرد. نیشانەناسی تایبەتی وەکوو جۆرە ڕێزمانێکی نیشانەکانە. واتە زنجیرەیەك لە ڕێسا پراکتیکی یا پراگماتیکی‌یەکان ڕووندەکاتەوە. هەرچەند هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی زانستێك، بەڵام دەتوانێ بگات. [٥٥] ئێکۆ لەکتێبی نیشانەناسیو فەلسەفەی زمان لەمەسەلەی دێرینی ئاماژەپێکراوی کۆڵیەوە. بە پێچەوانەی باسەکانی سۆسۆر و پەیڕەوانی لە ڕێبازی ژنێڤ، بابەتی سەرەکی نیشانەناسی، نیشانە نیە، بەڵکوو راڤەی نیشانەکانە؛ کتومەت٢٠٩ بەو واتایەی کە پیریس باسی لێوە دەکرد. تەنیا نابێ بڵێین "نیشانە خودی بابەت نیە" بەڵکوو دەبێ بڵێین: "ئەگەر ئەم شتە چەشنی نیشانەیەك لە قەڵەم بدرێ، ئەوکات ..." ئێکۆ هێمای بۆ وتەی پیرێس کردوە کە "نیشانە ئەو شتەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام ئێمە زیاتر بزانین". [٥٦] خاڵێك کە لەم کتێبەی ئێکۆدا سەرنجڕاکێشو تازەیە، جیاکاری دووچەشن واتاناسی لە پاری "فەرهەنگنامە دژی زانیاری نامە"یە. [٥٧] لێرەدا مەبەست بەرامبەرێتی دوو چەشنە کتێبی ژێدەرە؛ لە فەرهەنگنامەدا وشە لە بەرامبەر وشەیەك دا دێتەوە، یا چەند وشەیەکی روونکەرەوەیی لەگەڵ کەمترین روونکردنەوەو باسکردن؛ لە زانیاری نامەدا روونکردنەوە بە شێوەیەکی رێژەیی چڕترو وردترە. واتاناسیی فەرهەنگنامەیی لەبەرامبەر هەر ئاماژە پێکەرێك، ئاماژە پێکراوێك بەدەر لە هەموو پەیوەستبوونەکانی دەخاتە ریزی نیشانەکانی گشت (کل)ێکەوە.

پێناسەی فەرهەنگنامەیی لە راڤەکردن نایەتو لەسەر بناغەی ئاراستەی رێککەوتەیی نیشانەکان دامەزراوە. بەڵام واتاناسی زانیاری نامەیی هەر ئاماژە پێکراوێك لەپەیوەندی لەگەڵ کۆی نیشانەکان دەهێنێتە گۆڕێ. لە راستیدا فەرهەنگنامە زانیاریی نامەیەکە کە پێوەندییەکان دەشارێتەوە یان بەرتەکیان دەداتەوە.[٥٨] بەڵام هەموو نیشانەیەك لە بەکارهێناندا دەبێتە چەند خاڵێکی راڤەهەڵگرو هەروەك پیرێس سەلماندوویەتی، تەنیا بەهۆی پێوەندی‌یەکانی ئەم خاڵە راڤەهەڵگرانە لەگەڵ یەکدی دا دەتوانین بیانناسین. ئەگەر ئەم پێوەندییانە نەناسین ناتوانین واتاش بناسین. ئەگەر نەزانین کە پێوەندی هێما بۆکردن، گوتنو شاردنەوە لە سەردەمی هێراکلیت دا چ بوە، ئەو کات نازانین کە بۆچی هێراکلیت گوتوویەتی خواوەندی دۆلف بە هێمایەك رەزامەند دەبێت. گرنگترین بەشی کتێبی نیشانەناسیو فەلسەفەی زمان٣ باسی ئێکۆیە لەمەڕ سیمبۆلەوە. پاری چوارەمی کتێبەکە لەژێرناوی "جیهانی سیمبۆلیك" باسێکی ورد بەڵام

PDF4Kurd

کورتە لەبارەی کۆمەڵە تیۆریەکی گرنگ کە لە فەلسەفەی زمانو جوانناسیدا بۆ سیمبۆل تەرخان کراون. سەرەتا ئێکۆ پیشانی دا کە هەتا ئێستا پێناسەگەلی هێندە جیاواز لەمەڕ سیمبۆلەوە هاتۆتە کایەوە کە زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین ئیدی باس باسی تاکە دیاردەیەك نیە. بۆ نموونە سوزان لانگر سیمبۆلی بە ڕێگەیەك بۆ ئەبستراکت زانیوە؛ نۆرترۆپ فرئای (سیمبۆلی) بە هاو واتای هەوێنەکانی بەرهەم لە قەڵەم داوە (بەڕای ئێکۆ، فرئای پێناسەیەکی وردی لەسەر چەمکە سەرەکییەکانی تیۆرەکەی خۆی لە شیتەڵکردنەوەی ڕەخنەگرانە نەکردوەو تەنیا پێناسەی "سەرچەشن" Archetypeی یونگی دووپات کردۆتەوە) لە پانتایی مرۆڤناسی دا مێری دوگلاس لە "سیمبۆلە سروشتیەکان" (١٩٧٣) دا، نەیتوانیوە پێناسەیەك بۆ سیمبۆل پەیدا بکاتو ج.ل.وێستۆن لە کتێبی کلاسیکی خۆی بەناوی "لە نەریت تا ڕۆمانس" (١٩٢٠) سیمبۆلی لەتەك لە ئارادابوونی نهێنیو ڕەمز بە یەك شت زانیوە.

ئێکۆ لە کتێبی سیمبۆلە گشتیو تایبەتیەکان (١٩٧٣) لەنووسینی ریمۆند فێرت دەگێڕێتەوە کە دواجار ناتوانین پێناسەیەکی ورد لە سیمبۆل بدەین بەدەستەوە. تەنیا لە پانتایی پراگماتیكو بواری بەکارهێنانی زمان دەتوانین جیاوازیەکانی نێوان نیشانەو سیمبۆل بناسینەوە. بەڵام وا دێتە بەرچاو کە ئێکۆ، لانی کەم لە هەندێ خاڵ دا، سیمبۆلو نیشانەی بە یەك شت زانیوە [٥٩] و دەڵێ کە لێئوشتراوسیش کاتێك لە مرۆڤناسیدا کەڵك لە مێتۆدە زمانناسانەکان وەردەگرێ، لە ڕاستیدا سیمبۆلە فەرهەنگیەکان بە واتای نیشانە دێنێتە گۆڕێ. [٦٠] ژاك لاکانیش لە باسە دەروون شیکاریەکان دا، نیشانەناسیو شیکردنەوەی سیمبۆلیکیی بە یەك واتا بەکار هێناوە؛ هەروەها ناسینی فۆرمە سیمبۆلیکیەکان لە بەرهەمەکانی ئێرنێست کاسیرەر، بە تایبەتی لە کتێبی ناوداری فەلسەفەی فۆرمە سیمبۆلیکیەکان (١٩٢٣) کتومت بە واتای نیشانەناسیە. [٦١] ئێکۆ پشتگیری لەم خاڵە کردوە کە واتا سیمبۆلیکیەکانی دوو گوزارە کە کەتوارێکی تاکانە بەیان دەکەن، دەشێ لەگەڵ یەکدی دا جیاوازیشیان هەبێ. [٦٢] هەر بەم جۆرە راڤە گوزارەییە تاکانەکانیش لە ڕوانگەی سیمبۆلیکەوە لەتەك یەکتر دا جیاوازن. کاتێك کە هۆڵدرلین لەنانو شەراب (کۆپلەی حەوتەم) دا دەڵێ: "درەنگ گەیشتم، بەڵام ئەی هاوڕێ / یەزدانان زیندوون، بەڵێ / بەڵام لە سەرەوەن، لە سەرووی ئێمەوەن / لە دڵیدنیایەکی دی دا" واتای ئەم شێعرە لەروانگەی سیمبۆلیکیەوە بۆ باوەڕدارو بێباوەڕ جیاوازە. واتاگەلی ناڕاستەوخۆی گوزارەو پێناسەیەك لەنێو زۆربەی تیۆرەکان دا هاوبەشە، واتە ئەم خاڵە کە "سیمبۆل دانانی شتێکە لە جێی شتێکی دیکە" ئێمە لە باسە نوێیەکانی هێرمێنۆتیکی ئەدەبی (بە تایبەتی باسی گادامێر لە واتا فرەلایەنەکانی دەق) نزیك دەخاتەوەو ئێکۆ ڕەگو ریشەی ئەم باسانەی لە تێگەیشتنی ڕۆمانتیك خوازەکان لە سیمبۆل، دۆزیوەتەوە. ئەو وتوویەتی کەسەرتاسەری جوانناسیی ڕۆمانتیك لەم یاسایەدا کورت دەبێتەوە کە بەرهەمی هونەری لە ڕێگەی بیرۆکەی "گونجانی ناوەکی"یەوە دەناسرێت. [٦٣] واتە بەرهەمی هونەری خاوەنی هاوئاهەنگیو هاوڕێکی ناوەکیو ئۆرگانیکی تایبەت بەخۆیەتی. بەم پێیە هیچ زمانێکی دیکە ناتوانێ دەری ببڕێت. ئەو ڕاڤە هەمە جۆرانەی کە لەسەر بەرهەمێك ئەنجام دەدرێت، وەکوو ژمارەیەك ڕێگەی ناکۆتان بۆ دۆزینەوەی ئەم هاوڕێکیو گونجانە ناوەکیە. شلینگ وێنەیەکی بە سیمبۆلیك دەزانی کە بابەتەکەی نەك گەڕانەوە بۆ بیرۆکەیەك، بەڵکوو خودی بیرۆکە بێت؛ واتە سیمبۆلی بە "گەوهەری بەرهەمی هونەری" ناودێر دەکرد. گۆتە لە ساڵی ١٧٩٧ دا ئەلیگۆریو سیمبۆلی لێك جیاکردەوەو نووسی ئەلیگۆری

PDF4Kurd

هانا بۆ وزەی هزرو سیمبۆل پەنا بۆ وزەی هەست دەبات. ئەلیگۆری دڵخوازانەو ڕێککەوتەیی‌یە، بەڵام سیمبۆل پشتی بە جۆرە هاوشێوەیی‌یەك بەستوە. وێنە یا گریمانێك سروشتی‌یە کە هەمووان بتوانن لێی تێبگەن.[٦٤] "ئەلیگۆری دیاردە دەکات بە چەمكو چەمك دەگۆڕێت بۆ وێنە، بەڵام بە جۆرێك کە چەمك لە وێنەدا بشاردرێتەوە. سیمبۆل دیاردە دەکات بە بیرۆکەو بیرۆکە دەگۆڕێت بۆ وێنە، بە جۆرێك کە بیرۆکە بە شێوەیەکی چالاك لە وێنە دا بمێنێتەوە". بە بۆچوونی ئێکۆ جوانناسیی ڕۆمانتیك "ڕاڤەی واتاناسانە"و "ڕاڤەی جوانناسانە"ی لێك جیاکردۆتەوە، واتە ئەم بڕیارەی پەسند کردوە کە دەتوانین دیاردەیەك بە شێوەیەکی جوانناسانە ڕاڤە بکەین بە هیچ شێوەیەك نەچینە نێو ڕەهەندی واتایی ئەو ﴿دیاردەیە﴾. ڕەنگە بتوانین بە یارمەتیی زاراوەی هیگلمسێلف بڵێین کە ڕاڤەی واتاناسانە (یا ڕاڤەی سیمیۆلۆژیك) پەیوەندی بە فۆرمو ڕاڤەی جوانناسانە پەیوەندی بە گەوهەرەوە هەیە. ئێکۆ کۆمەڵەی ڕەمزەکانو ڕەمزە لاوەکی‌یەکان کە وەرگری پەیام بە هۆیانەوە پەیام دەکاتە "ئەمرۆیی"، لەژێرناوی "سیستم یا دەزگای تیۆریی دەربڕین" دیاری کردوەو لە پێکهاتەی پیواردا مێتۆدی قەناعەت پێکەریی پەیامی بەهاوئاستی تیۆریی دەربڕین زانیوە: "ئاخێوی قەناعەت پێکەر بەردەوام بە درێژایی سەدەکان، بەهۆی فۆرمە هەمەجۆرەکانی تیۆریی دەربڕین کۆدی بۆ دانراوە". [٦٥] گرنگیی ئەم باسانەی "تیۆریی دەربڕین" لەو شوێنەدا کە ئێکۆ جیاکاریی نێوان سیمبۆلو میتافۆر ڕوون دەکاتەوە، دەزانرێت. ئەو دەڵێ کە میتافۆر ناتوانرێ ڕاڤە بکرێت. هەگیزاوهەرگیز شتێ نالێ کە وەرگری پەیام هەوڵ بدا ڕاڤەی بکات. درۆ لە میتافۆر دا ئەوەند ئاشکرایە کە ڕاڤە نەلواو دەکا. ئەگەر بڕوا بە میتافۆر بکەین لۆژیکی ئاخێو هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام ئەگەر بڕوا بە واتای سیمبۆل بکەین، هاوئاهەنگی واتاناسانە تێك دەشکێ [٦٦] میتافۆر دەتوانین چەشنی خوازە بناسین، ﴿بەڵام﴾ سیمبۆل چرکەساتێك لە "ژیانی بابەت"ە.

٤

بنەمای باسی ئێکۆ لە کتێبی خوێنەر لە چیرۆکدا لێکچوونێکی زۆری لە تەك باسەکانی هێرمێنۆتیکی ئەدەبیو باوەڕەکانی پێشڕەوانی جوانناسیی تێگەیشتن هەیە. بنچینەی سەرەکی باسەکە لەهەر دووکیان دا خوێندنەوەی دەقو ڕاڤەکردنیەتی. ئێکۆ لە پێشینەی باسەکە واتە "خاڵی ڕاڤەیی" لە بەرهەمەکانی پیرێس دەستی پێکردوە، بەڵام شوێن دەستپێکی هێرمێنۆتیکی ئەدەبی لەدوو نەریتی دیارەناسیو ئایدیالیزمی ئەڵمانیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئێکۆ چەشنی نوسەرانی هێرمۆنیتکی ئەدەبی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە کە بەهۆی دوایین توانای هەموو دەقێکی ئەدەبی (هونەری)یەوە ڕاڤەکانی دروستکەری واتای زۆرن بنەمای باسەکەی ئێکۆ "شوێنگەی خوێنەر"ە. خوێنەر کاتێ بەرەوڕووی دەقێك دەبێتەوە، خۆی لە بەرامبەر دۆخێك دەبینێتەوە کە خۆی دروستی نەکردوە، بەڵام دەتوانێ فۆرمێکی تازە بەو دۆخە ببەخشێ. لەم ڕووەوە دانەر لە ڕەوتی نووسین دا، بەردەوام خوێنەرێکی گریمانەیی بۆخۆی پەیدا دەکات. بە ڕای ئێکۆ دانەر دەنووسێو خوێنەرێکیش لەزەینی خۆیدا بەرجەستە دەکات، چەشنی نیگارکێشێك کە بینەری تابلۆکەی خۆی لە زەین دا بەرجەستە دەکاتو بەردەوام دوو هەنگاو دەکشێتەوە، بۆ ئەوەی کە دەرەنجامی کاری خۆی لە دیدی بینەرێکی گریمانەیی‌یەوە ببینێ. چاوی نیگارکێش بەردەوام دوو شوێنگەی جیاوازی خوڵقێنەر / بینەر دەئافرێنێ. گەلاڵەی بەرهەمی ئەدەبی لە زەینی دانەریش دا چیرۆکێکە.[٦٧] بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هەر ئەم گەلاڵەیە لە لای هەر خوێنەرێك، دروستکەری چیرۆکێکی تازەیە. نووسەر هیچ ڕێگەیەکی نیە بۆ ئەوەی کە هەموو

PDF4Kurd

خوێنەرانی بەرهەمەکەی لەگەڵ چیرۆکێکی گریمانەیی‌و زەینی خۆی ئاشنا بکات. لەپاش کۆتایی هاتنی نووسین، دانەر گفت‌و گۆ لە تەك خوێنەری گریمانەیی بە لاوە دەنێ. واتە زۆر بە ئاسانی، ئەو لە قوژبنێکی ئەم گفتوگۆیەوە فڕێ دەدرێتە دەرەوە. لێرەوە وتووێژی خوێنەرو دەق دەست پێدەکا (و پێ بە پێی ئەوە وتووێژی نێوان دەق‌و دەقەکانی دیکەش).[٦٨] بە بۆچوونی ئێکۆ دوو جۆر دەق هەیە: یەکێکیان خوێنەری "ئاسایی" دەخوازێ، لەم دۆخەدا چارەنووسی دەق لە لایەن خوێنەری ئاسایی‌یەوە دیاری دەکرێ. بەڵام دەقێکی دی هەیە کە خوازیاری خوێنەری تازەیە لێرەدا دانەر دەق دروست دەکاو چوارچێوەی وتووێژی دەق‌و خوێنەر دیاری دەکاو خۆی لە گۆڕەپانەکە دەدزێتەوە. ڕۆمانێکی ئاگاتا کریستی نموونەیەکە لە یەکەمین دەق، و یولیسێس نموونەیەکە لە دووەمین دەق. ئەمە هێشتا بە واتای هەڵسەنگاندن یا بە شێوەیەکی وردتر پۆلێن کردنی بایەخی دوو دەق نیە. دواجار، "دۆن کیشۆت"و "شەڕو ئاشتی" دەکەونە دەستەی یەکەمەوە. خاڵێك کە ئێکۆ جەختی لەسەر دەکا تێگەیشتنی شوێنگەی دانەر لە لایەك‌و خوێنەر لە لایەکی دیکەوەیە.

جیاکاری‌یەك کە ئێکۆ لەنێوان دوو چەشنە دەق دا ئەنجامی دەدات، لە سەرووی "ئێستراتیژی نووسین" بەجیاکاری ئاخێوی ئەدەبی لەگەڵ "ئاخێوی زانستی" پەیوەست دەبێ. ئێکۆ دەڵێ کە دوو جۆر نووسین هەیە: داهێنەرو ناداهێنەر. بەرهەمەکانی سۆفۆکلێس یا شکسپێر سەر بە دەستەی یەکەمن‌و بەرهەمەکانی ئەرەستۆو گالیلۆ لە دەستەی دووەم دان.[٦٩] ئێکۆ خۆی وەکوو نووسەری ناوی گوڵی سوور لە دەستەی یەکەم دایەو وەکوو نووسەری خوێنەر لە چیرۆکدا لە دەستەی دووەم دایە. دەقگەلی داهێنەو،ئەنجامگیری بە خوێنەر دەسپێرن. ئەگەر شکسپێر ویستبای تیۆرێکی ڕەوشتی لەبارەی پێوەندی‌یەکانی باوك‌و کوڕ بێنێتە گۆڕێ، ئیدی هاملێتی نەدەنووسی، بەڵکوو تێزێکی فەلسەفی ـ ڕەوشتی دەنووسی. هاملێت ڕاڤەگەلی لە رادەبەدەر هەڵدەگرێ‌و بەرهەمێکی کراوەیەو ئامێز بۆ

هەموو گۆڕانکاری‌یەکی واتایی دەکاتەوە. بەڵام لە دەقگەلی ناداهێنەر دا دانەر دەتوانێ لەتەك هەر ڕاڤەیەکی نووسینەکەی خۆی کە پێی وابێ هەڵەیە، دژایەتی بکا. ئەم چەشنە دەقانە خاوەنی دوایین واتان، واتایەك کە دانەر خۆی مەبەستی بووە؛ ئەگەر بێت‌و لەو واتایە تێ نەگەین، بێگومان هەڵسەنگاندنێکی هەڵە لەبارەی دەقەوە ئەنجام دەدەین. لە بەرهەمەکانی کانت، مارکس‌و ئاینشتاین وشەکان بۆ شاردنەوەی باوەڕەکان‌و دروستکردنی تەم‌و مژی واتایی نەنووسراون، ئەو وشانە بەکار هاتوون بۆ ئەوەی بیرۆکەیەك (بیرۆکەی دانەر) روون بکەنەوەو دەری ببڕن. بەڵام لە ڕۆمانی مارسێل پروست دا، وشەکان بە هیچ شێوەیەك بەمەبەستی هێنانە ئارای بیرۆکەیەکی تایبەتی نەنووسراون. هەرکاتێك بیرۆکەیەك بدەنە پاڵ نووسەری دەقێکی ئەدەبی، وڵامی لۆژیکیی ئەو جگە لەمە شتێکی دی نابێت: "ڕەنگە ڕاست بێت". سیمبۆلی دەقی ناداهێنەر تێزی لۆژیکی ـ فەلسەفی ویتگنشتاینە، کە لەو دا هاوڕێکی لۆژیکی‌و ماتماتیکی زاڵە؛ بەڵام سیمبۆلی نووسەری ڕۆمان بەدەستخستنی لۆژیکیی بیرۆکەکان نیە، بەڵکوو دروست کردنی تەم‌و مژە، چونکە بە لای هونەرمەندەوە هیچ شتێك حاشاهەڵنەگر نیە. سێنت تۆماس، ئەهریمەنی بە شەڕەنگێز دەزانی، بەڵام بە لای جۆن میلتۆنەوە ئەهریمەن ڕەنگە بەدکار بێت‌و لەوانەشە بەدکار نەبێت.

ئێکۆ ڕاڤەکردنی جیاواز لەسەر بەرهەمە ئەدەبی‌و هونەری‌یەکانی پەسند کردووەو دەڵێ کە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی (وهونەری) لە بنەڕەت دا بە واتای ئەگەرو توانای ڕاڤەیە. ئێکۆ پشت بە گوتەی پۆل ڤالێری دەبەستێ کە "دەڵێ": "شێعر پێناسە ناکرێ‌و پێناسە هەڵگر نیە". ئێکۆ ئەم بڕیارەی فراوان کردۆتەوەو لەو باوەڕە دایە کە هەموو بەرهەمێکی هونەری لەنێو کۆمەڵەیەك لە ڕاڤەکان دا پێك دێ‌و پێناسەیەکی ئەو بەرهەمە هونەرییە کە پشتی بە تاکە ڕاڤەیەك بەستبێ، هەڵەی تێ دەکەوێ. بە ڕای ئێکۆ بنەمای بەرهەمی هونەری تەم‌و مژە. دەقی ئەدەبی بیرۆکەیەکی تایبەتی ناهێنێتە گۆڕێ، بەڵکوو ئاسۆیەك لە بیرۆکەی لە رادەبەدەرو هەندێ جار دژ یەك دەخولقێنێ. تەم‌و مژ دروستکەری یاسا گێڕانەوەیی‌یەکانە. ئێکۆ لە وەسفی پاندۆلێکی شکاوە لە

PDF4Kurd

چیرۆکی سلیوی ژێرار دونێروال نموونەی هێناوەتەوە. لەم چیرۆکەدا چیرۆك گێڕەوە بڕیار دەدا بۆ لوییسی کە گوندێکەو زێدی خۆیەتیو سەردەمی منداڵیی خۆی لەوێ دا بەسەر بردوە، بگەڕێتەوە. چیرۆك گێڕەوە لە دژایەتی نێوان ژیانی رۆژانە کە پێی وایە هەرزەیەو ژیانی ئایدیالی (کە لە شێوەی ژنێکی ئایدیالی دا خۆ دەنوێنێ، لەتەك جوانیەکی کارتێکەرانە، ژنێك کە لە پاری سێیەم بە ناوی ئادرین دێتە خەوی چیرۆك گێڕەوەوە)، دەژی.[٧٠] چیرۆك گێڕەوە دەچێتە لوییسی، نەك بە مەبەستی دۆزینەوەی ئادرین، بەڵکوو بە مەبەستی دۆزینەوەی سیلوی، ژنێك کە لە پاری دووەمی چیرۆکەکە چەشنی "دەرکەوتی کتو پڕی هەقیقەت" سەبارەت بەو چرکە ساتێك ئاشکرا ببوو.

لە سەروبەندی سەفەر دا سێ لاپەڕە لە چیرۆکەکە بۆ وەسفی وردی کاتژمێرێك کە پاندۆلەکەی شکاوە، تەرخان کراوە. لە روانینی یەکەم دا لەم سێلاپەڕەیەدا بنەمای کورتبڕی لە گێڕانەوە دا ڕەچاو نەکراوە. خوێنەر پێی وایە ئەم وەسفە درێژەی پاندۆلە شکاوەکە پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ گەلاڵەی چیرۆکەکە نیەو بە زێدەگۆیی دەزانێ. بەڵام بە بۆچوونی ئێکۆ ئەم وەسف کردنە پێویستە. وەسفی کاتژمێرێك کە ئیدی لە ئیش کەوتوە، لە چیرۆکێك دا کە لە بنەڕەت دا لەبارەی پێوەندیی کاتو بیرەوەرییە، لە چرکەساتێکی چیرۆکەکە، کە چیرۆك گێڕەوە بۆ سەردەمی منداڵیی خۆی گەڕاوەتەوە زێدەگۆیی نیەو پێویستە:

خوێنەر پێشتر زانیویەتی کە چیرۆك گێڕەوە لە سەروبەندی ئەم سەفەرەدا کاتژمێرێکی نیە، بەڵام ئەم وەسفکردنە وردەی کاتژمێر، شتێك ناخاتە سەر زانیاریی خوێنەر لە بارەی خوو و خدەی چیرۆك گێڕەوە یا تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ئەو "چیرۆك گێڕەوەیە". ئامادە بوونی ئەم پاندۆلە شکاوە سەیرو سەمەرە دێتە بەرچاو، چونکە کردەکان دوا دەخا. خوێنەر دەبێ بزانێ ئەگەر نووسەر ئەم روونکردنەوە چڕوپڕە دێنێتە گۆڕێ، کەوابوو مەبەستێکی تری هەیە.[٧١]

تەنیا لە پاری دواتر دا ئەم "مەبەست"ە دەتوانی بزانیت، چونکە لەم پارەوە رێسای کاتداری چیرۆك تێك دەشکێو سەفەری چیرۆك گێڕەوە بۆ رابردوو دەست پێدەکا. خولیاکانی چیرۆك گێڕەوە وەسف دەکرێنو دەسەڵاتی گومان دروست دەبێ. ئیدی نازانین کە ئایا ئەو بەڕاستی ئادریانی دیوە یان نا. وا دێتە بەرچاو کە هەوڵدانی ئەو بۆ دۆزینەوەی کاتی بزربوو بێسوودە. چیرۆك گێڕەوەی سیلوی، چیرۆك گێڕەوەی رۆمانەکەی پروست نیە (هەرچەند پروست شەیدای نێروال بوو)و ناتوانێ رابردوو بە دەست بێنێتەوە. سیلوی باس کردنی پڕژانی نوشوستییەکە. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ولام بێ ئاکام دەبێتو لێرەدایە کە کاتژمێر برەوێکی سیمبۆلۆژیك وەدەست دێنێو چەشنی سیمبۆل دەبێتە چرکە ساتێك لەشوێنگەو تەمو مژی ژیان.

بە دەربڕینی تر کاتژمێر "شوێنگەیەکی کراوە" پەیدا دەکات. ئاشکرایە سیمبۆل شتێکە، بەڵام چ شتێ؟ ئەم خاڵە چارەسەر نەکراو و ولام نەدراو دەمێنێتەوە، کە وابوو بۆچی دەبێ وەسفکردنی لە دەق دا، یا بە دەربڕینی باشتر هۆی سەرهەڵدانەکەی لە دەق دا بەدەر لە تەمو مژ گریمان بکەین؟

روونکردنەوەی پاندۆل لە چیرۆك دا دۆخێکی سیمبۆلیکی هەیە. چونکە دەتوانێ بە شێوەی ناکۆتا راڤە بکرێت. نێوەڕۆکەکەی لە کاکەشانێکی تەماوی دەچێ کە راڤەگەلی زۆر هەڵدەگرێو لەبەردەم جێگۆڕکێی بەردەوامی راڤەکان کراوەیەو راستو دروستی هیچکام لەم راڤانە دواجار لەگەڵ دەق نازانرێت. سیمبۆل نیشان دەدا کە شتێك هەیە دەتوانرێت بوترێ، بەڵام ئەم شتە هەرگیز ناتوانرێ یەك جارو بۆ هەمیشە بوترێت.[٧٢]

تێبینی وەرگێڕ:

(⋆) پاندۆل: کاتژمێری کارەبایی، ئامرازێکە پێکهاتوو لە گۆیەکی سووك کە بە بەنێکی هاوریشمییەوە هەڵواسرا بێ، پاندۆل ئێلێکتریك بە فارسی (ێونگ)

د. محمد معین، فرهنگ معین، مؤسسەو انتشارات امیرکبیر، تهران ١٣٦٣، ص ١٠٢



PDF4Kurd

## پەراوێزەکانی پاری یازدەهەم

١ـ ئەم تێزە بـ ە شێوەیەکی وردترو هەمە لایەنەتر بڵاو کراوەتەوە:

U.Eco. The Aesthetics of Thomas Aquinas, tran, H. Berdin, Harward u.p., 1988.

2. U.Eco. L, oeuvre ouverte, tran. C.Roux de Bezeux, Paris, 1979.

3. U.Eco. The Aesthetics of chaos, Tulsa u.p., 1982.

بەشێك لەم باسانەی ئەم تێزە بە زمانی فەڕانسی لەم بڵاڤۆکە دا بەدی دەکرێت:

Tel Quel, 2, Automne 1962.

4. U.Eco. La guerre du fux, trans, M.Tanant, Paris, 1987.

٥ ـ ئەم کتێبە لەژێرناوی تیۆرییەك لەمەڕ نیشانە ناسی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە:

U.Eco. A Theory, of Semiotics Indiana u.p. 1976.

6. U.Eco. La stracture absente introdoction a la recherche sémiotique, tran, U. Esposito – Torrigiani. Pars. 1988.

7. U.Eco. Lector in fabula tran. M.Bouzaher, Paris, 1989.

Fabula (لە ڕەگی Fari بە واتای گوتن) لە زمانی لاتین دا بە واتای گفتوگۆو چیرۆك بەکار دەهات. ئەم وشەیە ڕەچەڵەکی وشەی کۆنی فەڕانسی Fableیە. کە ئێستاش بە واتای حیکایەك بەکار دێت. ئەو واتایەی کە ئێکۆ مەبەستیەتی هەمان واتایەکە فۆرمالیستە ڕووسیەکان بەکاریان دەهێنا، واتە چیرۆك کە لە بەرامبەر "گەڵاڵە"دا پۆلێن دەکرێ.

8. U.Eco. Sémiotique et philosophie du langage, tran. M.Bouzaher, Paris, 1988.

٩ـ وتووێژی ئێکۆ لەگەڵ بڵاڤۆکی:

Magazine lattéraire, février, 1989, P.18.

10./ U.Eco. Apostidde, au Nom de la rose trans. M.Bouzaher, Paris. 1987/.

11. Ibid., p.14.

12. Ibid., pp. 31 – 33.

13. Ibid., p. 36.

14. Ibid., p.62.

15. Magazine lattéraire, février, 1989, p.23.



16. U.Eco.De bibliotheca, Cae an, 1960.

17. J.Le Goff, "forcement médiévat et terriblement modern". Magazine lattéraire, février, 1989,

18. G.Genette. "Une théorie de l'oeuvre d'art", Magazine lattéraire, février, 1989, pp. 46 – 47.

مێتۆدەکانی (ئارایی)م لە بەرامبەر mode دا هێناوەتەوە. مەبەستی ژێنێت فراوانترین واتای ئەم وشەیەیە.

19. U.Eco, L'oeuvre ouverte, p. 22.

20. Ibid., pp.18 – 19.

بۆ سەرچاوەی هەمدیس وێژی بڕوانین دیالۆگی سۆفیت لە:

افلاگون دوره ىٔپار، ترجمه م.ح.لگفی، تهران، ١٣٦٧، ج ٣، ص ١٥٠١.

21. U.Eco. op.cit., p.19.

ڕاڤەی سۆفیانەم لەبەرامبەر anagogique بەکارهێناوە.

22. Ibid., p.25

23. Ibid., pp.31 – 33.

پێم وایە ئێکۆ، هێما بۆ دوو خاڵ لە کتێبی دیاردەناسیی تێگەیشتن لە نووسینی مێرلۆ پۆنتیَ دەکا؛ یەکێکیان لەسەرەتای باسی "جەستە" کە میرلۆ پۆنتی لە "دیتن" دەدویَو ئاسۆ لە تەك "پرسپکتیو" بە یەك شت دەزانیَ:

M.Merleau – ponty, phénoménologie de la perception, Paris, 1976. p. 82.

هەروەها ئەوی دیکەیان باس لە ئامادەیی‌و توانای کۆکردنەوەی شوێن لە لایەن جەستەوە کە لەو دا ئاسۆی بە واتای پاش بەستێن زانیوە، دەکا:

بەهۆی وشیاریی من لە هەمبەر ئەوە کە دەزانم بە شێوەیەکی جەستەیی هەم، (هەم، واتە لەشی من هەیە) کە وابوو فەزاو ئاسۆ هەن:

Ibid., pp. 118 – 119.



24. U.Eco. op.cit., p.60.

25. Ibid., p.197.

26. J.Joyce, Stephen Hero, London, 1977, p.188.

27. U.Eco. op.cit., p. 205.

PDF4Kurd

28. Ibid., p.216.

29. Ibid., pp.219 – 220.

ئـەم خاڵـە بـە تايبەتـى لـە بـارەى پـارى ناسـراو بـە "ئائەئۆلـۆس" دەگـونجىَ كـە گەوهەرەكـەى "تيۆريـى دەربـڕين" ەو زۆر لـە خـوازە دەربـڕينىيەكان كـە ماركۆس فابيۆس كۆويين تيليان تيۆرەوان ئەدەبيـى رۆمـى كـە لـە سەدەى يەكەمى زايينى دا دەژيا، باسى لێوەكردوون‌و هەروەها ئەو خوازانەش كـە لـە "تيۆريـى دەربـڕين" ى ئەرەسـتۆ دا هاتـوون، لـەم پـارەى يۆليسێس دا بە چەشنێكى وشيارانەو شارەزايانە بەكار هاتوون. بڕواننە پەيوەستى كتێبى:

D.Gifford, "Ulysses" Annotated, California u.p., 1988, PP. 635 -643.

30. U.Eco.op.cit., p.225.

31. Ibid., p.227.

٣٢ ـ زۆر جـاران دوو لاپەڕەى يەكەمى ئەم پارەيان لەگەڵ مێتۆدى واگنەر لە دروستكردنى دۆخى مۆسيقايى لە ئۆپێراكانى دا، واتە بەكارهێنانى لايتمۆتيف يا "هەوێنى سەرەكى" بەراورد كردوە.

33. U.Eco. op.cit., pp. 235 – 236.

٣٤ ـ لەبارەى گرينگيى بازنە لە ئاخێوى ئەدەبى بڕواننە:

G.poulet, Les métamorphoses du cercle, Parsi, 1979.

35. U.Eco. op.cit., pp.281 – 282.

36. Ibid., p.293.

٣٧ ـ ئـێكۆ كـە تـوێژەرى فەلسـەفەى ئەسكۆلاسـتيكى سـەدەكانى نێوەڕاسـتە لە پارادۆكس ناترسىَ. تەنانـەت ناوونيشـانى ژمارەيـەك لـە بەرهەمەكانـى وەبيرهێـنـەرى جـۆرێك پـارادۆكس‌و نەگـونجانن: پـێكهاتەى پـيوار، بەرهەمىَكـراوەو لـەم دوواييىَيانە دا وتارێكى بڵاو كردۆتەوە لەژێرناوى: هەقيقەت، يەك چيرۆك.

38. U.Eco. A Theory of Semiotics, p.76.

٣٩ـ بڕواننە وتارى ئێكۆ:

U.Eco. "Notes Surla sémiotique de la reception". Actes Sémiotiques, 9/81, 1987.

40. P.fabbri, "Ledédale, dans, let taxte" Magazine lattéraire, février. 1989. pp. 48 – 83.

بڕواننە لێدوان لەبارەى باوەڕەكانى دێلۆز لە پارى ١٥، كتێبى سىَيەم.



41. U.Eco. Lector in fabula, pp.31 – 33.

42. U.Eco. La Stracture absente, pp. 321- 322.

٤٣ ـ گێڕانەوە لە گفت‌و گۆيەكى لە تەك ئێكۆ لە:

Magazine lattéraire, février, 1989, p.18.

44. Ibid., p.19.

45. Ibid., p.20.

46. U.Eco.La stracture absente, p 322.

47. Ibid., p.324.

48. Stracturalism, genetique.

49. U.Eco.op.cit. 326.

50. Ibid., pp.329 – 330.

51. Ibid., pp. 139 – 140.

٥٢ ـ بـە ئاسـانى بـۆمان دەردەكـەوىَ كـە رەهەنـدى پـێوەندى كـە ئـێكۆ هێـناويەتە گـۆڕىَ، لەسـەر بنەماى تيۆرى‌و رە هەندى رۆمەن ياكۆبسێن دامەزراوە.

U.Eco. op.cit., pp. 142 – 143.

53. U.Eco. Sémiotique et la philosophie du langage, p.9.

54. Magazine lattéraire, février, 1989, p.20.

٥٥ـ لـە سـاڵى ١٩٧٨ ئـێكۆ لە لێدوانێك لەگەڵ ئيميليۆ گارۆنى نيشانى دا كە نيشانە ناسى تايبەتى " گـرنگترين مەسـەلەكانى ئەپسـتمۆلۆژيك" لـە بياڤى كارەكـەى دا بـە چارەسەر نەكراوى هێشتۆتەوە. بڕواننە:

U.Eco. Sémiotique et la philosophie du langage, p.11

56. Ibid., p.14.

57. Dictionnaire vercus Ensyslopédie.



58. U.Eco. Sémiotique et la philosophie du langage, p.107.

59. Ibid., p.196.

60. Ibid., p.197.

61. Ibid., pp. 198 – 199.

62. Ibid., p.203.

PDF4Kurd

63. Ibid., p. 209.

64. Ibid., p. 209 – 210.

65. U.Eco. La structure absente, p.154.

66. U.Eco. Sémiotique et la philosophie du langage, p. 233.

67. U.Eco. Lector in fabula, pp. 130 – 141.

٦٨ ـ ئێكۆ بۆ تێگەیشتن لە پێداویستییەكانی گۆڕینی گەلاڵە بۆ چیرۆك، نموونەی لە كورتە چیرۆكێك هێناوەتەوە: "درامایەكی تەواو پاریسی" نووسینی ئالفۆنس ئالایی (١٩٠٥ ـ ١٨٦٤)؛ ئالایی ئەم چیرۆكەی لە ساڵی ١٨٩٠ بڵاو كردبوویەوە.

69. Magazine lattéraire, février, 1989, pp.20 – 21.

٧٠ ـ وشەیەك كە نێروال بەكاری هێناوە "beatué éthere" یە. ﴿سادق﴾ هیدایەتیش باس لەم جوانیە اپیری ﴿كارتێكەر = ئەفسوونكەر﴾ە كردوە.

71. U.Eco. Sémiotique et la philosophie du langage, p. 231 – 232.

72. Ibid., p.233.

| فەرەنسی | ئینگلیزی | كوردی | |
|---|---|---|---|
| Actant | actant | كردە | ١ |
| allégorie | allegory | ئەلیگۆری | ٢ |
| ambiguité | ambiguity | تەم و مژ-لێڵی | ٣ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| anachronism | anachronism | هەڕەت پشێوی | ٤ |
| analepse | retrospection | گەڕانەوە | ٥ |
| anthropomorphisme | anthropomorphism | مرۆڤ ئاسا گریمانكاری | ٦ |
| antinomie | antinomy | نەهات | ٧ |
| aphorisme | aphorism | بژێروێژی-پەند | ٨ |
| archaique | archaic | كۆن- دێرین | ٩ |
| archaisme | archaism | كۆنخوازی یا چاخیكۆنخوازی | ١٠ |
| archêologie | archaeology | دێرینەناسی– شوێنەوارناسی | ١١ |
| archetype | archetype | سەرچەشن | ١٢ |
| architexte | architexte | پاشكۆی دق | ١٣ |
| arch-trace | arch-trace | سەرزناك | ١٤ |
| aura | aura | دەركەوت | ١٥ |
| bricolage | bricolage | بڕگەبەندی | ١٦ |
| cas | case | پەند | ١٧ |
| catharsis | catharsis | پاكبونەوە | ١٨ |
| code | code | ڕەمز – كۆد | ١٩ |
| cognitive | cognitive | ناسینەیی – لەناسین هاتوو | ٢٠ |
| combinaison | combination | ڕۆنان | ٢١ |
| commentaire | commentary | ڕاڤە | ٢٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| communication | communication | پێوەندی | ٢٣ |
| conative | conative | هەوڵدەری – کۆششی | ٢٤ |
| configuration | configuration | پەیکەربەندی – شیرازەبەندی | ٢٥ |
| contact | contact | پێوەندی- پێوەندی گرتن | ٢٦ |
| conte | tale | چیرۆك – راز – حیکایەت | ٢٧ |
| conte de fees | fairy tale | چیرۆکی منالآن | ٢٨ |
| Contexte | context | بوار | ٢٩ |
| contiguité | contiguity | دراوسێیەتی – هاوسایەتی | ٣٠ |
| d codage | decodag - decode | رەمزشکێنی | ٣١ |
| déconstruction | deconstruction | هەڵوەشاندنەوە | ٣٢ |
| défamiliarité | defamilarization | ناسیاوی سڕینەوە | ٣٣ |
| deformation | deformation | شێوەشکێنی – فۆرم شکێنی | ٣٤ |
| description | description | وەسف – وەسف کردن | ٣٥ |
| destinataire | receiver- address | وەرگر | ٣٦ |
| destinateur | sender-addresser | نێردەر | ٣٧ |
| destruction | destruction | وێرانگەری – | ٣٨ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کاولگەری | |
| devinette | riddle | مەتەڵ | ٣٩ |
| diachronique | diachronic | نێوکاتی | ٤٠ |
| dialogique | dialogique | لۆژیکی وتوێژ | ٤١ |
| diégétique | dialogue | وتووێژ | ٤٢ |
| discours | diction | دەبرین | ٤٣ |
| écriture | diegetict | جیرۆکی- هۆنەی جیرۆك | ٤٤ |
| discours | discourse | ئاخێو | ٤٥ |
| écrivain | writing | نقیسیار | ٤٦ |
| writer | writer | نوسەر | ٤٧ |
| ecrivants | ecrivants | بنووس | ٤٨ |
| ellipse | ellipsis | کورتبڕی-بەلاوەنان | ٤٩ |
| emotive | emotive | سۆزاوی | ٥٠ |
| encodage | encodage | رەمزدانان | ٥١ |
| énoncé | utterance | گوزارە-گوتە | ٥٢ |
| énonciation | enonciation | پێوەندییئاخاوتەیی | ٥٣ |
| épistémologie | epistemology | ناسینەناسی | ٥٤ |
| ésthétique | aesthetic | جوانیناسی | ٥٥ |
| étymologie | etymology | رەچەڵەکناسیوشە کان | ٥٦ |
| fantastique | fantastic | فەنتازیك | ٥٧ |
| figuration | figuration | شیرازەبەندی | ٥٨ |



PDF4Kurd

| | | | |
|---|---|---|---|
| **figure** | **figure** | خوازەیدەربڕینی | **٥٩** |
| **fonction** | **function** | ئەرك-ڕۆڵیتایبەتی | **٦٠** |
| **fragment** | **fragment** | کۆپلە-<br>بڕگەیشیعر.. | **٦١** |
| **frequence** | **frequency** | بەرودوایی | **٦٢** |
| **gaspillage** | **gaspillage** | زێدەگۆیی-<br>درێژدادڕی | **٦٣** |
| **genre** | **genre** | ژانر-چەشنیئەدەبی | **٦٤** |
| **geste** | **saga** | ئەفسانەیقارەمانێ<br>تی | **٦٥** |
| **grammatologie** | **grammatology** | گراماتۆلۆژی | **٦٦** |
| **graphocentrisme** | **graphocentrism** | نووسینەتەوەری | **٦٧** |
| **hédonisme** | **hedonism** | رابواردن | **٦٨** |
| **hermencutiqué** | **hcimcneutcs** | هێرمێنۆتیك | **٦٩** |
| **heterologie** | **heterology** | لۆژیکیفرەچەشنی | **٧٠** |
| **hierarchic** | **hierarchy** | زنجیرەپلە-هیرارکی | **٧١** |
| **horizon** | **horizon** | ئاسۆ | **٧٢** |
| **hyper texte** | **hypertext** | پێش دەق | **٧٣** |
| **hypotexte** | **hypotext** | پاش دەق | **٧٤** |
| **icone** | **icon** | روخسارەکان=ئیکۆ | **٧٥** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ن | |
| **image** | **image** | وێنە-وێنەیخەیاڵی | **٧٦** |
| **imitation** | **imitation** | لاسایی گەری | **٧٧** |
| **indice** | **index** | نوێنە-ئیندێکس | **٧٨** |
| **intention** | **intention** | نیاز | **٧٩** |
| **intralinguale** | **intralinguale** | نێواخنزمانی | **٨٠** |
| **interlinguale** | **interlinguale** | نێوان زمانی | **٨١** |
| **interpretant** | **interpretant** | خاڵیراڤەیی،واتیرا<br>ڤەیی | **٨٢** |
| **interpretation** | **interpretation** | راڤە | **٨٣** |
| **inters miotique** | **intersemiotics** | نێوان نیشانەیی | **٨٤** |
| **intertexte** | **intertext** | نێواخندەق-<br>ژووردەق | **٨٥** |
| **intertextualité** | **intertextuality** | نێوان دەقی | **٨٦** |
| **intrigue** | **plot** | گەڵاڵە-تان وپۆ | **٨٧** |
| **intuition** | **intuition** | نێواخندۆزی | **٨٨** |
| **ironic** | **irony** | تەوس | **٨٩** |
| **jouissance** | **bliss** | خۆشی | **٩٠** |
| **langage** | **language** | زمان<br>(رەهایزمان) | **٩١** |
| **langage** | **language** | • زمان(و.زمانی<br>کوردی) | **٩٢** |
| **légende** | **legend** | ئەفسانەی پیرۆز | **٩٣** |



PDF4Kurd

| | | | |
|---|---|---|---|
| lineaire | linear | هێڵی | ٩٤ |
| litterarit | literariness | ئەدەبیبوون- ئاراستەیئەدەبی | ٩٥ |
| locution | proverb | قسەی نەستەق | ٩٦ |
| logocentrisme | logocentrism | زمانساز- ئاخاوتەخوڵقێن | ٩٧ |
| logothéte | logothete | بیرەوەری(فۆرمیسا دەیئەدەبی) | ٩٨ |
| message | message | پەیام | ٩٩ |
| m talinguale | metalinguale | بان زمانی | ١٠٠ |
| metaphore | metaphor | خواستن-میتافۆر | ١٠١ |
| metatextualite | metatextuality | بان دەقی – باندەقێتی | ١٠٢ |
| métonymie | metonymy | خوازەی رەها | ١٠٣ |
| mimesis | mimesis | لاسایی کردنەوە | ١٠٤ |
| monologue | monologue | تاکبێژی – مۆنۆلۆگ | ١٠٥ |
| morphologic | morphology | وشەناسی – مۆرفۆلۆژی | ١٠٦ |
| multiphonie | multiphony | فرەدەنگی | ١٠٧ |
| mythe | myth | ئوستورە | ١٠٨ |
| mythem | mythem | یەکەیئوستوورەیی | ١٠٩ |
| mythologie | mythology | ئوستوورەناسی | ١١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| mythologique | mythologic | لۆژیکی ئوستوورە | ١١١ |
| narration | narration | گێڕانەوە | ١١٢ |
| narratologie | narratology | گێڕانەوەناسی | ١١٣ |
| néologisme | neologism | تازەگەریی‌وشەیی- داهێنانی‌وشەیی | ١١٤ |
| objet | object | بەرناس | ١١٥ |
| ontologie | ontology | بوونناسی | ١١٦ |
| orthodoxie | orthodoxy | راستنوێنی- بناژۆخوازیی‌ئایینی | ١١٧ |
| parabole | parabole | حیکایەتی رەوشتی | ١١٨ |
| paradigme | paradigm | پارادایم | ١١٩ |
| paradigmatique | paradigmatic | جێنشینی | ١٢٠ |
| paradoxe | paradox | پێکناکۆک | ١٢١ |
| paralinguistique | paralinguistic | ئەوپەڕ زماننناسی | ١٢٢ |
| paratexte | paratext | ئەوپەڕدەقی | ١٢٣ |
| parodie | parody | تەوس | ١٢٤ |
| parole | speech | ئاخاوتن | ١٢٥ |
| pastiche | pastiche | لاساییکردنەوەلەبە رهەمی‌هونەری | ١٢٦ |

PDF4Kurd

| | | | |
|---|---|---|---|
| phatique | phatic | ئاخاوتەیی | ١٢٧ |
| phénoménologie | phenomenology | دیاردە ناسی | ١٢٨ |
| phonetiques | phonetics | دەنگ تەوەری— فۆن تەوەری | ١٢٩ |
| phonocentrisme | phonocentrism | فۆنیم تەوەری | ١٣٠ |
| phonologic | phonology | فۆنۆلۆژی | ١٣١ |
| plaisir | pleasure | چێژ- چەشە | ١٣٢ |
| poetique | poetics | تیوری ئەدەبی | ١٣٣ |
| polysemie | polysemy | فرەدەنگی | ١٣٤ |
| post | post | پاش | ١٣٥ |
| pragmatique | pragmatic | پراگماتیك | ١٣٦ |
| pre | pre | پێش | ١٣٧ |
| prefiguratio | prefiguration | پێش شیرازەبەندی | ١٣٨ |
| presupposition | presupposition | پێش گریمان | ١٣٩ |
| prolepse | prolepsis | پێشبینی | ١٤٠ |
| reception | reception | پەسەند کردن | ١٤١ |
| r cit | story | راپۆرت- چیرۆك | ١٤٢ |
| reference | reference | گەراندنەوە | ١٤٣ |
| r f rent | referent | واتادار | ١٤٤ |
| r figuration | refigutation | هەمدیس شیرازەبەندی | ١٤٥ |
| ressemblance | similarity | لێكچوون | ١٤٦ |
| rhetorique | rhetoric | تیۆری دەربرین | ١٤٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| rime | rhyme | سەروا | ١٤٨ |
| rythme | rhytm | كێشی شێعری | ١٤٩ |
| selection | selection | هەڵبژاردن | ١٥٠ |
| s mantique | semantic | واتاناسی - سیمانتیك | ١٥١ |
| s me | seme | یەكەی واتایی | ١٥٢ |
| s miologie | semiology | نیشانەزانی | ١٥٣ |
| semiotique | semiotics | نیشانەناسی | ١٥٤ |
| sense | meaning | واتا | ١٥٥ |
| sequence | sequence | بەروودوایی | ١٥٦ |
| signe | sign | نیشانە | ١٥٧ |
| signitiCation | signification | ئاماژە | ١٥٨ |
| signifi | signified | ئاماژەپێكراو | ١٥٩ |
| signifiant | significant- signifier | ئاماژەپێكەر | ١٦٠ |
| sphere | sphere | پانتایی | ١٦١ |
| structure | structure | پێكهاتە | ١٦٢ |
| structuralism s | tructuralism | پێكهاتەگەرایی | ١٦٣ |
| style | style | مێتۆدی دەربرین | ١٦٤ |
| subcode | subcode | ژێر رەمز | ١٦٧ |
| sujet | subject | ناسكار | ١٦٨ |
| symbole | symbol | سیمبۆل | ١٦٩ |
| synchronique | synchronic | هاوكاتی | ١٧٠ |
| synecdoque | synecdoche | خوازەی رەها | ١٧١ |
| syntagmatique | sntagmatic | هاونشینی | ١٧٢ |

PDF4Kurd

| | | | |
|---|---|---|---|
| **syntaxe** | **syntax** | سینتاکس | ١٧٣ |
| **system** | **system** | سیستم | ١٧٤ |
| **taxoflomie** | **taxaonomy** | زانستی دابەشکاری- پۆلێن بەندی | ١٧٥ |
| **teleologie** | **teleology** | ئەنجام ناسی | ١٧٦ |
| **texte** | **text** | دەق | ١٧٧ |
| **theniatique** | **thematic** | هەوێنی | ١٧٨ |
| **trace** | **trace** | هێما- زناك | ١٧٩ |
| **trait d  s  sprit** | **joke** | نوکتە- قسەی خۆش | ١٨٠ |
| **transcendance** | **transcendence** | بالآیی – ترانسێندێنس | ١٨١ |
| **trope** | **trope** | خوازە | ١٨٢ |
| Voix | **Voice** | دەنگ | ١٨٣ |
| **vraisemblance** | **verisimilitude** | راست نوێنی | ١٨٤ |





PDF4Kurd